# بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی

د.حەمید عەزیز

# بنەڕەتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی

## د.حەمید عەزیز

هةولير - 2009

01

زنجیرەی کتێبە کۆمەڵایەتییەکان
پرۆژەی هاوبەشی دەزگای موکریانی و کۆمەڵەی کۆمەڵناسان

بنةرِةتةكانى فةلسةفةى كؤمةلآيةتى

نووسينى: حةميد عةزيز

نةخشةسازي ناوةوة: هةردي

بةرط: ئاسؤ مامزادة

ذمارةي سثاردن: ( 526 )

تيراذ: ( 1000 ) دانة

ضاثي يةكةم: ( 2009 )

نرخ: ( 4000 ) دينار

ضاثخانة: ضاثخانةى خانى ( دهؤك )

# ناوەڕۆک


پێشەکی ..... 9
هزری کۆمەڵایەتی ..... 13
قۆناغی یۆنان ..... 25
هزری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی سیستمێکی سەرتاپاگیردا ..... 37
هزری کۆمەڵایەتی لە نێوان بابەتی و ئاکار و سیاسەتدا ..... 59
ئەرستۆ ..... 60
بابەتەکانی هزری کۆمەڵایەتی لە قۆناغی هیلنستیدا ..... 83
1- قۆناغی هیلنیزم: ..... 85
2- تایبەتمەندییەکانی قۆناغی هیلنستی ..... 86
3- ڕێبازی ستۆوا (رواقی): ..... 89
4- ڕێبازی ئەپیکۆر ..... 98
تایبەتمەندی هزری کۆمەڵایەتی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ..... 101
هزری کۆمەڵایەتی لە سەدەمی ڕێنێسانسدا ..... 115
هزر و دیاردەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ..... 121
هەرەسهێنانی دەسەڵاتی تیۆکراتی سەدەکانی ناوەڕاست ..... 131
سۆسیۆلۆژی زانین ..... 145
تیۆری زانین لە زانستی کۆمەڵایەتیدا ..... 147
پرۆسەی زانین ..... 148
زانین و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ..... 153
زانین و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ..... 157
کارڵ مانهایم ..... 159
رابەری سۆسیۆلۆژی زانین ..... 159
کولتوور و ڕۆشنبیری لە جیهاندیدی کۆمەڵایەتیدا ..... 164
ئایدیۆلۆژی و یۆتۆپی ..... 171
تیۆری زانین ..... 175





لە ماتریالیزمی مێژوویی کارڵ مارکسدا ..... 175
1- تیۆری زانین ..... 177
2- پرۆسەی دیالێکتیکی زانین: ..... 178
3- سروشتی کۆمەڵایەتی زانین: ..... 181
4- زانین و چینە کۆمەڵایەتییەکان: ..... 183
ماکس شیلەر ..... 187
فینۆمینۆلۆژی زانین و بەهاکان ..... 187
پێشەکی ..... 189
فینۆمینۆلۆژی زانین ..... 195
جۆرەکانی زانین ..... 196
مرۆڤ و بەها و کۆمەڵگە ..... 203
ئەمیل دۆرکهایم ..... 209
لێکدانەوەی کۆمەڵایەتیی زانین و ئاکار ..... 209
- دیاردە کۆمەڵایەتییەکان: ..... 212
- ئایین و ئاکار و زانین: ..... 217
تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان ..... 223
بنەما فرەڕەنگییەکانی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان ..... 225
1- هۆکارەکانی پەیدابوونی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان ..... 226
دارندۆرف ..... 239
تیۆری کۆمەڵگای دوای قۆناغی سەرمایەداری ..... 239
1- شۆڕشی زانستی پیشەسازی ..... 241
2- جۆرەکانی تیۆری ململانێ ..... 244
3- تیۆری ململانێ و خەباتی چینایەتی: ..... 246
4- ململانێ لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا: ..... 255
بنەماکانی تیۆری بنیادی ئەرک و فەرمان ..... 269
پێشەکی: ..... 271
تیۆری بنیادی و ئەرک و فەرمان ..... 279

پێکهاتەی تیۆری بنیادی ئەرك و فەرمان ........................................ 282
پوختەی ناوەڕۆکی تیۆرییەکە........................................................ 284
سۆنگەکانی ڕێبازی قوتابخانەی فرانکفۆرت ((تیۆری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی)) ....... 295
سەرەتا ....................................................................................... 297
پێکهاتنی قوتابخانەی فرانکفۆرت ................................................. 298
میتۆدەی چالاکی قوتابخانە............................................................. 307
پرۆگرام و بابەتەکانی تیۆری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی............................. 312
ئەنجام........................................................................................ 320
بنەماکانی تیۆری کارلێککردنی سیمبۆڵی............................................ 327
1- بنج و بناوانی تیۆرییەکە: ........................................................ 329
2- پێکهاتەی تیۆرییەکە: ............................................................. 330
3- ژیر و خۆ و سیمبۆل: ............................................................ 333
4- سروشتی سیمبۆل لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا: .................................... 335
فاکتەرە بنەڕەتییەکانی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی: ............................ 340
تاکەکەسان و کۆمەڵگا ............................................................... 342
فینۆمینۆلۆژی ئیدمۆند هۆسەرل .................................................. 345
سەرەتا ....................................................................................... 347
پەیڕەوی ئامانجەکی .................................................................... 351
قەیرانی زانستەکان ...................................................................... 353
هاتنەوە سەر شت خۆی............................................................... 358
فینۆمینۆلۆژی و کۆمەڵگە ........................................................... 365
ئەنجام....................................................................................... 373

## پێشەکی

### 1

راستییەکی گومان هەڵنەگرە، کە زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆژی) وەك بابەتێك لە باوەشی فەلسەفە و مێژوودا پێگەیشتووە، دوای پێگەیشتنەکەشی هەمیشە لەو بابەتانەی فەلسەفە و مێژوو، کە بۆ توێژینەوەی تایبەتی خۆی بەکاریهێناون سوودمەند بوون. بەڵام ئەو پەرەسەندن و بەرەو پێشچوونە گەورە و سەرنجڕاکێشانەی زانستییە سروشتییەکان لە دوای سەدەی نۆزدەیەمەوە بە دەستیان هێناوە زانستی کۆمەڵایەتیان بەو مەرەیە برد، کە دووچاری کێشەی گەورە ببێ کە لە کۆڕ و کۆمەڵە و ئەکادیمییەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا بەقەیران و تەنگژەی سۆسیۆلۆجی ناوی دەبەن.

ئەو تەنگژەیە ئەگەرچی دەریخستووە کە ئەو میتۆد و ڕێبازەی زانستی کۆمەڵایەتی بۆ تاوتوێکردن و لێکدانەوەی بابەتەکانی بەکاری دەهێنێ سەرکەوتوو نەبووە، ئەوا لە هەمانکاتدا روونی کردۆتەوە تا چ رادەیەك ئەو زانستە لەوە دوور کەوتۆتەوە کە جیهاندیدێکی ڕێکوپێکی وێنە ئاسای کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بداتە دەست! بگرە سروشتی ئەو تیۆرییانەی رەنگی رشتوون بە تەواوەتی لەگەڵ هەلومەرج و رەوشی هەڵکەوت (واقیع)دا بە تەواوەتی نایەتەوە.

سەرەڕای ئەم رەهەندە سەرنجڕاکێشە ئەو رەوشەی، کە بە تەنگژە ناوبراوە دەکرێ لەم چەند خاڵانەدا بەرجەستە ببێ:

**یەکەم:** بابەتەکانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگای مرۆڤ خۆی بە هیچ جۆرێك ناکرێ لەگەڵ سروشت و مادەی بێ گیان بەراورد بکرێت. بەکارهێنانی میتۆدی بابەتی سروشت بە هیچ جۆرێك بۆ بابەتی کۆمەڵایەتی سوودبەخش نابێت.



**دووەم:** بە یەکجارەکی رووکردنە ڕێبازی فۆرمی راپرسیی سەرژمێری و هاوکێشە وشك و بێگیانەکانی بیرکاری و ماتماتیك وەك ئامرازێك بۆ توێژینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەندەی تر سۆسیۆلۆژی لە ژیان و هەڵکەوتی کۆمەڵگا دوور خستۆتەوە، بگرە ئەو زانستە بەرەو ئەوە دەچێ بە تەواوەتی لە چالاکییەکانیدا لە کۆمەڵگا و ژیانی کۆمەڵایەتی دابڕدرێ.

**سێیەم:** کۆمەڵگا و تاکەکەس دوو شتی لە یەکتری جیاوازن و ناکرێ هەردووکیان بخرێنە نێو دوو تای یەك تەرازووەوە. کۆمەڵگا بابەتێکی رووت و وشکی ئەبستراکتە و بە ئاوازی دیاریکراو نەبێ هەست بە بوونی ناکرێت. تاکەکەسان، بە پێچەوانەوە، بوونەوەری راستەقینەن.

**چوارەم:** زانستی کۆمەڵایەتی بە هۆی ئەو یارمەتییەی لەلایەن دەزگاکانی دەوڵەتەوە پێشکەشی دەکرێ لە دوو بەرە و پاواندا گیری خواردووە:

- هەتا بڵێی بووە بە بابەتێکی وشکی ئەکادیمی و لە چوارچێوەی بەش سۆسیۆلۆژی زانکۆکاندا گیری خواردووە.
- لە لایەکی تریدا ئەو ئەنجامانەی پێیدەگات پتر بە سوود و قازانجی سیاسی و ئابووری دەزگاکانی دەوڵەت دەکەونەوە و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ نەبێ پەیوەندییان بە سوود و قازانجی مرۆڤ و کۆمەڵگاوە نەماوە.

### 2

لە ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمەماندا هەوڵمانداوە، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەو لایەنە پتر روون بکەینەوە و ویستومانە ساغی بکەینەوە، کە لەم سەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆجی و زانستدا بە هیچ جۆرێك ئەم دوو خاڵە گومان هەڵناگرن:

یەکەم: سۆسیۆلۆجی بەبێ هاوکاری و کۆمەکی فەلسەفە لە توانایدا نییە وەك زانستێکی ڕێکوپێك سەرکەوتوو بێ. ئەوی ئەم راستییە پتر پشت راست دەکاتەوە هەموو سۆسیۆلۆژیستەکان زەمینەیەکی فەلسەفەییان هەبووە-ئەمە لە

چوارچێوەی باسەکاندا روون دەبێتەوە. هاوکاری نێوان فەلسەفە و زانستی کۆمەڵایەتی دەستەبەری سەرکەوتنی ئەرك و فەرمانی هەردوو بابەتەکە دەبێ.

دووەم: سۆسیۆلۆژی وەك بابەتێکی سەربەخۆ لە سەردەمی سەرهەڵدان و جێگیربوونی سەرمایەداریدا خەت و خاڵی داوە. سەرمایەداریش دوا قۆناغی پەرەسەندنی زانستی و ژیرانەی مرۆڤە. هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەوە رەوشەی بەسەرمایەداری ناو دەبرێ هەوڵدانێکە بە پێچەوانەی ژیر و زانستەوەیە. لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە من بە پێچەوانەی ماکس ڤیبەرەوە لەوە باوەڕەدام کە سەرمایەداری خۆی مەزهەبی پرۆتستانتی دروست کردووە.

3

ئەم بەرهەمە بە تێکڕایی لە سێ بەش پێکهاتووە، کە سێ بەشی تیۆرییانەی زانستی کۆمەڵایەتی لێ پێك دێت:

- هزری کۆمەڵایەتی.
- سۆسیۆلۆژی زانین.
- تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان.

دەمەوێ لێرەدا پڕ بە دڵ سوپاسی گەرمی برای خۆشەویستم خوێندکاری ماجستێر لە بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین، کاك جەلال ئەحمەد بکەم، ئەگەر کۆششی ئەو برایە نەبایە بەتایبەتی تایپ و هەڵەچنی ئەو بەرهەمە بە ئاسانی رووناکی نەدەدیت.

خۆ ئەگەر ئەم بەرهەمە جێگای شیاوی خۆی لە کتێبخانەی کوردیدا پێ ببڕێ، ئەوا ئاواتی نووسەرەکەی هێناوەتە دی.

**قەلادزێ**

# هزری کۆمەڵایەتی

## بنەماکانی هزری کۆمەڵایەتی

مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردن و پەرەسەندنی بیری کۆمەڵایەتی بە سەرەتایەکی گرنگی پەیدابوونی سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی) دادەنرێ، ئەگەر ئۆگۆست کۆنت (1798-1857ز) لە فەرەنسای سەدەی نۆزدەیەم، ماوەیەك دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی سەرتاپاگیری فەرەنسا، ساڵی لە دایکبوونی ئەم فەیلەسووفە، بەرامبەر بە زانستی فیزیك کە لە سروشت دەکۆڵێتەوە، سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی)پشت ئەستوور بە ڕێبازی ئەزموونەکی بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگا دانابێت، ئەوە بێ سێ و دوو لێکردن بیری کۆمەڵایەتی ئەو بابەتەی بیروبۆچوون و راو تێگەیشتنەبووە، کە لە سەرەتای پەیدابوونی شارستانێتی مرۆڤەوە، ئەگەر بە شێوەیەکی کاڵ و کرچ و ناکامڵ و دەوڵەمەندییش نەبووبێ، لە ئارادا بووە و بۆ ئەو هەوڵ و کۆششە کە کۆنت دوای شۆڕشی فەرەنسا کردوویەتی، ڕێگای خۆشکردووە.

بیری (هزری) کۆمەڵایەتی وەك بابەتێکی سەرەتایی سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی) لە نزیکەی سەدەی پێنجەمی پێش زایین لە یۆنان، وەك سەرچاوەکان باسی دەکەن، بەڵام بەر لەو قۆناغە، وەك شوێنەوارناسان هەوڵیان داوە ساغی بکەنەوە لە کۆمەڵگا کۆنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دۆڵی نیل و رۆژهەڵاتی ئاسیادا بەگشتی و لە هەردوو کۆمەڵگا و وڵاتی کۆنی میسر و بابل بەتایبەتی، چەند خاڵ و لایەن و بیربۆچوون و پێکهاتەی جیاجیا بەدی کراوە و دەکرێ بە پشکێکی سەرەتایی نزیك لە بیری کۆمەڵایەتی دابنرێت، ئەگەرچی پەیڕەوی زانستیان تێدا بەدی ناکرێ و خاوەنێکی دیار و ناسراویان نییە، بۆیە دەکرێ بە تێکرایی بوترێ، کە ئەم پشکەی بیرو هزرە کۆمەڵایەتییەی سەرجەمی مرۆڤایەتی بە توێژ و چین و کۆڕ و کۆمەڵە جیاجیا و جۆربەجۆرەکانییەوە هەمە چەشنە بەشداری لەم ئەرکە کۆمەڵایەتییەدا کردووە.



راستییەکی گومان هەڵنەگرە، کە بوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بەبوونی تاکەکەسانەوە بەندە کە سەرەتای خێزان و بنەماڵەی لێ پێکهاتووە و خێزانیش لە خۆیدا ئەو ئۆرگان و یەکەیەیە، ئەو کاکڵە و پوختەیە بووە، کە دامەزراوی کۆمەڵی مرۆڤی دروست کردووە و لێوەی پەیدابووە.

گەر پەیوەندییەکی دەستیاوی کاریگەرانە لە نێوان مرۆڤدا و، کە بوونەوەرێکی تایبەتمەندی ژیرەکییە، لە ناو خێزان و کۆمەڵدا هەبێت ئەوە لە لایەکەی تریەوە ئەو مرۆڤ و خێزان و  کۆمەڵە بە چەند بەند و پێوەندێکی هەمە چەشنەبە ژینگە و دەوروبەر و کەش و هەوا و زەمینەی جوگرافی ناوچەکەیانەوە بەندن و بەشێوەیەکی بەرامبەر کار لە یەکتری دەکەن و کاریان تێکراوە. بۆیە دوور ناڕۆین ئەگەر بڵێین هەردوو کۆمەڵی کۆنی دۆڵی نیل و بابل نموونەیەکن تاڕادەیەکی فرە و بە رچاو رەوشی ئایینی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی سەردەمی خۆیان دەردەخەن. بێگومان ژینگە و دەوروبەر بە کەش و هەوای جوگرافییەوە لەلای خۆیانەوەو لە چوارچێوەیەکی تایبەتی دیاریکراو و سنووردااردا دەگۆڕێن و ئەم گۆڕانە تا رادەیەکی هەستپێکراو لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بیرو ئەندێشە و هزر و داب و دەستوور و ڕێوشوێنی ژیان ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە هەڵسوکەوتی رۆژانەی مرۆڤیشدا رەنگ دەداتەوە و سەرنج بۆ لای خۆی رادەکێشێ. هەر بۆیە تا رادەیەکی بەرچاو جیاوازیی فرە رەنگی هەستپێکراو و ورووژێنەر لە نێوان ئۆرگان و پێکهاتە و بیر و هزر و رەوشی کۆمەڵایەتی هەردوو کۆمەڵی کۆنی میسر و بابل بەرچاو دەکەوێ و دەبینرێ.

ڕێژێم و سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رەوشی ئایینی وڵاتی نێوان هەردوو ئاوی دیجلە و فورات (Mesopotamian) لە زۆر لایەن و بابەتدا لە ڕێژێم و سیستەمی فرە رەنگی کۆمەڵ و ناوچەی دۆڵی نیل (میسری ئێستا) جیاواز بووە.

راستە بواری ئەگەر و گومان نادرێ، کە هەردوو شارستانییەتی ئەم دوو دەڤەرە لە چوارچێوە و باوەشی ئاییندا پێگەیشتوون و گەشەیان کردووەو

هاتوونەتە بەر، بەڵام ئایینەکە ئەوەندە سەرتاپاگیربووە و بەجۆرێك رەنگ و روخساری کۆمەڵی رشتووە و رەگی داکوتاوە بە هیچ شێوەیەك بزووتنەوەی بیر، ئیتر هەر ناوەڕۆکێکی هەبووبێ - لە ئایین بەدەرە - نەیتوانیوە سنووری ئەو پێکهاتە سەختە و سەرتاپاگیرەی ئایینەکە ببەزێنێ و ئەو پەرەیە بستێنێ، کە لە کەش و هەوای سەربەستی و ئازادیدا روو دەدات، ئەم راستییە لەوە کەم ناکاتەوە هەر شارستانییە تایبەتمەندی خۆی هەبووە و لەوی تر جیاواز بووە.

لە کاتێکدا شای میسر (ئەگەر بشێ ئەو ناوە بۆ فیرعەون بەکاربهێنین) خۆی بە خواوەند داناوە و بە کردەوە هەوڵی داوە- ئیتر بە رێگا و شێوازی ماددی یاخود هزری بووبێ- ئەم بیروبۆچوونەی خۆی جێبەجێ و جێگیر بکات و بڕوای خەڵك بۆ لای خۆی رابکێشێ، ئەوا شای بابل و دۆڵی دیجلە و فورات وەك ناوەند و ناوبژیکارێکی نێوان زەوی و ئاسمان، نیمچە مرۆڤ خۆی نیشانداوە و نواندووە. ئەم دوو هەڵوێستە کە دەکرێ وەك دوو دیاردەی ئایینی دابنرێن بە روون و ئاشکرایی لە ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدارەنگیانداوەتەوە و کارێکی مەزنیان لە چۆنێتی و سروشتی حوکمڕانی کۆمەڵ و ژیان و هزری کۆمەڵایەتیدا کردووە. ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی کۆمەڵگای میسر (دۆڵی نیل) لە کار و بڕیار و فرمانەکانیدا خەسڵەتێکی تاکڕەوی، توندڕەوی[1]، سەرتاپاگیرانەی هەبێت.کەچی ئەم جۆرە گۆڕانە لە پلە و پایەی شایە نیمچە خواوەندەکەی بابلدا بە جۆرێکی تر رەنگیداوەتەوە، کۆمەڵی بابلی ئەوسا لە بڕیار و نەریت و هزر و بەها کۆمەڵایەتییەکانیدا، لە چاو دۆڵی نیل، جۆرە فرە رەنگیی و کراوەیی کۆمەڵایەتییەك نیشان دەدات، نیشاندانێك ئەگەر لە روانگەی و جیهانبینی رەوشی ئایینی و بگرە کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەوە سەرنج بدرێت.

ئەگەر مرۆڤ بیەوێ، بەچاوی رەخنەگرانە بابەتی بیر و هزری کۆمەڵایەتیی ئەو دوو شارستانییەتە سەرنج بدات، سەرەڕای لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندی هەردوو

(1) عمر، د. معن خليل، تأريخ الفكر الآجتماعي، منشورات جامعة بغداد-بلا. ص9 فما بعد.



لایەن و کاڵۆکرچی بابەتەکە، ئەوە دەکرێ بوترێ کۆمەڵی بابل لە سنوورێکی دیاریکراودا — نەك بە واتا و مانای ئەم سەردەمە_ کراوەتر و جۆرە فرە رەنگییەکی هەستپێکراوی دەرخستووە، بەڵام لە کۆمەڵگاکەی تردا، لە دۆڵی نیل مەڵبەندی هەڕەمە نەمرەکان، یەك رەنگی و داخراوییەکی سەرنجڕاکێش هەست پێدەکرێت.

بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان و لێکدانەوەی شوێنوارناسان لە دۆڵی نیلی میسری کۆندا، لە چوارچێوە و سایەی ئاییندا جۆرە شارستانییەتێك، رێژێمی فەرمانڕەوا و سیستەم و دەزگای حوکم و بەڕێوەبردنی کۆمەڵ هەبووە و پەرەیان سەندووە. حوکمڕانی کردنەکە وەك بەڵگە و قەواڵەکان دەریانخستووە، پێداویستییەك بووە لە بارودۆخ و لە باوەشی هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆیەوە کەوتۆتەوە و وردە وردە لە چوارچێوە و جوغز و سنوورێکی دیاریکراودا بووە بە دیاردەیەکی بەرچاوی کۆمەڵایەتی، کە تایبەتمەندی ئەوسای میللەتی فرەڕەنگی میسری کۆنی دەرخستووە و تۆمارکردووە.

لە سایە و سێبەری ئەم رەوش و بارودۆخە ئایینی و سیاسی کۆمەڵایەتییەتدا خێزانیش لە لای خۆیەوە وەك سیستەم و ئۆرگانێکی رێکوپێکی کۆمەڵایەتی پەیدا بووە و خەت و خاڵی داوە، تا رادەیەکیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە پەرەی سەندووە و گەشەی کردووە.

پشت ئەستوور بەو دەق و تێکست و سواڵەتانەی دۆزراونەتەوە و شوێنەوارناسان گرێ کوێرەکانیان کردوونەتەوە و بە شێوازی زانستیانە لێکیان داونەتەوە، لە لایەنی بیروبۆچوون و هزری کۆمەڵایەتییەوە بایەخ بە ژنهێنانی پێشوەخت و پێکهێنانی خێزان دراوە[1]. هەر لەم بارەیەوە لە دەقێکدا هاتووە کە مرۆڤی دانا ئەو کەسەیەکە هەر زوو خێرا لە سەردەمی لاوێتیدا ژن بهێنی، بۆ ئەوەی دەست بەجێ، بۆ ئەوەی هەر زوو کوڕی ببێ و ببێ بە باوك، باشترین

(1) عبدالباقي، دكتور زيدان: التفكير الآجتماعي نشأتة و تطورة، ط3، قاهرة، مكتبة غريب، 1981، ص12.

شتێك، كە لە ژیان و بووندا وەك تێكستەكە وتوویەتی، ئەوەیە كە مرۆڤ ماڵ و حاڵی تایبەتی خۆی و خانەوادە و خێزانی هەبێت.

ئەم قسەیە كە پتر لەسەر شێوەی پەند و ئامۆژگارییە لە تاقیكردنەوەی ژیانی رۆژانەوە كەوتۆتەوە هیچ جۆرە شیكردنەوەیەكی ژیرەكی و تیۆریانەی تێدا هەست پێ ناكرێت، بایەخی كۆمەڵایەتی خێزان كە ئۆرگان و رێكخراوێكی كۆمەڵایەتییە و رۆڵی گرنگی پەروەردە و پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی منداڵ و ساوا و زارۆ بەئاشكرا دەردەبڕێت. هەروەها دەریدەخات كە باوك و نێرینە لە ژیانی رۆژانەی خێزاندا رۆڵی سەرەكیان هەبووە و بە چاوێكی جیاواز لە چاو ژن و كچ سەیركراون. جگە لە خێزان، پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی لە لای خۆیەوە وەك ئەركی سەرشانی خێزان و پرۆسەیەكی پەروەردەكردن تا رادەیەك لە لای خۆیەوە پەرەسندووە و پێشكەوتوو بووە. بە پێی تێكستێك كە لە زمانی دانا و ژیری ئەو سەردەمە پتاح حوتب گێڕدراوەتەوە وتوویەتی:

((ئەگەر مرۆڤێكی ژیر بیت، دەبێ كوڕێكت هەبێت و پەروەردەی بكەیت و پێی بگەینی، چونكە ئەمە كارێكە خواوەند پێی خۆشە و دڵی پێی خۆش دەبێت، خۆ ئەگەر رۆڵەكەت، كوڕەكەت، رێگای تۆی گرتە بەر هەرچی چاكە هەیە و لە دەستت دێت بۆی بكە، چونكە ئەو جگەرگۆشەی تۆیە، لە خوێن و گۆشتی تۆ دروست بووە، بەشێكە لە نەفس و گیانت. بەڵام ئەگەر لاساری كرد و لە رێگای تۆ لایدا بە لێدان جارێكی تر بیهێنەوە سەر رێگای راست، لە هەڤاڵ و هاوڕێی خراپ و چەوت دووری بخەرەوە بۆ ئەوەی بەدكار دەرنەچێت، ئەوەی پەیڕەوی ئامۆژگاری رێگا نیشاندەرێك بكات سەرگەردان نابێت.[1]

ناوەڕۆكی ئەم تێكستە، لە قەبالە و بەڵگەنامەیەك دەچێ، دەكرێ لە چوارچێوەی بابەتی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی و بیر و سۆسیۆلۆژیدا بە دەستوور و رێ نیشاندەرێكی كردار و رەفتاری كۆمەڵایەتی مرۆڤی سەردەمی خۆی دابنرێت، چونكە بەڕاشكاوییەكی ئەگەر هەڵنەگرتوو ئامۆژگاریی كەسایەتی و رێنمایی

[1] عبدالباقي، دكتور زيدان، نفس المصدر السابق، ص17.



كردار و چۆنێتی رێكخستنی ژیانی خێزان و پێوەندی ئەندامانی ئەم رێكخراوە بەیەكەوە لە چوارچێوەی كاروباری كۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی تۆمار دەكات.

وەك دیار و ئاشكرایە پێداویستی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ ئەگەر بە چاوی تاكەكەس سەرنجی بدرێت سنووردارە و بەتەنیا خۆی یارمەتی و كۆمەكی كەسانی تری كۆمەڵگا كە هەموویان پێكەوە بنەما و پێكهاتەی رێكخراوی كۆمەڵگا (Society) پێك دەهێنن. هیچ كاتێك مرۆڤی توانا لە سنووربەدەر، مرۆڤی كامڵ و تەواو و بەبێ كەموكوڕی نەبووە و لەمەولاش نابێ، توانای لە لای خۆیەوە تاڕادەیەك بڕ دەكات و سنووردارە، بۆیە هیچ كەسێك نییە بتوانێ خۆی بەتەنیا هەموو پێداویستییە جۆربەجۆرەكانی ژیانی رۆژانەی دابین بكات، كەوابوو بنەما و بنەڕەتی پەیدابوونی كۆمەڵ ئەو پێداویستییە ئابووری و كۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییانەی نێوان ئەندامانی كۆمەڵگا و تاكەكەسان بووە، كە هیچ كاتێك و هیچ كەسێك نەیتوانیوە لێیان بێ خەم و بێ نیاز و دەستبەرداریان بێت.

وەك ئەم هۆكارە هاندەری پەیدابوونی تاقم و كۆمەڵە و كۆمەڵگا بووە، ئەوە دیسانەوە، لە لایەكی ترەوە هۆیەكی بنەڕەتی ئەو دەزگا و دامەزراوە رێكخەرە بووە، كە بە دەوڵەت ناونراوە و ناودەبرێت. ئەركی سەرشانی تاكەكەسان، دوای پەیدابوونی كۆمەڵگا، جێبەجێ كردن و راپەڕاندنی ئەو فرمان و ئیش و كاروبارانە بووە كە مەڵبەند و ناوەندی كۆمەڵایەتی خۆیان بەسەریدا سەپاندوون، جا چ بۆ خودی خۆیان یاخود بەرامبەر بە كەسانی تر كە ئەندام و هاوبەشی كۆمەڵەكەی ئەوون.

هەر لێرەوە و لەم بۆچوون و هەڵسەنگاندنەوە، بایەخ و پلە و پایە و مەڵبەندی كۆمەڵایەتی تاكەكەسان بەو كار و پیشە و ئەركەوە كە مرۆڤ لە كۆمەڵدا رایدەپەڕێنێ و جێبەجێی دەكات، بەندە و بگرە وەك بایەخێكی كار و كاركردن پێشكەش بە كۆمەڵگا و ئەندامانی دەكات. ئەم رەوش و هەلومەرجە رێگایان بۆ پەیدابوونی رێكخراوی ئاڵۆز و فرە ئەرك و فرمان خۆشكردووە بۆ ئەوەی بەجۆر و شێوازی هێز و ئۆرگان و رێكخراوێك كە ئەوپەڕی فرەڕەنگ و ئاڵۆزە پارێزگاری نەزم

و دیسپلین و ڕێکوپێکی کۆمەڵەکە بکات و باشترین ڕێگا بۆ ئاسانکردنی پرۆسە و کاری هاوکاری و کۆمەکی نێوان ئەندامانی کۆمەڵ کە پاشتر بە هاولاتی ناوبراون دەستەبەر ببێ و بۆ ئەوەی گۆڕینەوە و دەستیاویی و ئالوگۆڕکردنی خزمەتگوزاری نێوان تاکەکەسانی ئەندامانی نێو کۆمەڵ و دابینکردنی پێداویستییە گرنگەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بە چاکترین ڕێگا و شێواز سووك و ئاسان ببێت.[1]

ئەگەر مرۆڤ بە وردی ئەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی شوێنەوارناسان و مێژووی کۆن، کە دەربارەی کۆمەڵی کۆنی دۆڵی نیل (میسر) لەبەردەستدان، بدات، جۆرە تایبەتمەندییەکی کۆمەلایەتی و ئایینی و سیاسی سەرنجی ڕادەکێشێ، کە لە پێکهاتەی خێزان و بنەماڵە و تاقم و توێژ و کۆمەڵ دەوڵەت و ڕێژێمی فەرمانڕەوا (واتە حوکمڕانی کردن)دا ڕەنگی داوەتەوە و خۆی نواندووە و جێبەجێ کردووە. ئەو تایبەتمەندییە، کە بریتی بووە لەوەی بڕوا و باوەڕی (عەقیدەو ئیمان)ی ئایینی بنەما و بنچینە و هەروەها بنج و بناوانی دامەزراوی کۆمەلایەتی دەوڵەتی ئەوسای میسریان پێکهێناوە، هەر ئەم لایەن و دیاردەیە لە ڕەنگڕشتنی دوا نەخشە و خشت و چوارچێوەی ڕێژێمی فەرمانڕەوا دا ڕۆڵی بنەڕەتیی گێڕاوە. بەڵگەیەك کە ئەم بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە ئەوەیە، کە فیرعەونی میسر ئایینی کردووە بە بنەمای حوکمڕانییەکەی و دەوڵەتەکەشی بە هەموو پێکهاتە و ئۆرگان و ڕێکخراوەکانییەوە کالایەکی ئایین وەك بەرگ و سیپاڵ بەبەردا کراوە. بڕوای ئایینی ئەوەندە پتەو و جێگیر بووە و ئەوەندە ڕەگ و ڕیشەی لە ژیانی کۆمەلایەتی تاکەکەسان و مرۆڤی ئەوسادا داکوتاوە ئەو قەناعەتە لە دڵ و ناخ و دەروونداجێگیر بووە، کە ڕازی کردنی خواوەند و قوربانیدان یەکەم هەنگاو بوون بۆ دەستەبەربوونی بەختەوەریی مرۆڤ.

[1] سید احمد، دکتور غریب احمد، تاریخ الفكر الاجتماعي . اسكندرية، دار المعرفة الجامعية، 1989، ص21 فما بعد.



کۆمەڵی ئەوسای دەڤەری دۆڵی نیل (میسر) لە چەند پلەیەك پێکهاتووە، کە وەك ئاست (لێڤل) ڕۆڵی کۆمەلایەتی چین وگروپ و تاقم و توێژەکانی دیار و دەستنیشان کردووە. بە پێی سەرچاوەکان — کە لە ژماردن نایەن- کار و پیشەی تاکەکەسان ئەو هۆکار و فاکتەرە بووە کە پلەوپایە و مەڵبەندی کۆمەلایەتی تاکەکەسانی لە کۆمەڵدا دیار و دەستنیشان کردووە.

بۆ نموونە کۆمەڵی ئەوسای دۆڵی نیل وەك هەڕەمێك لە سەرەوە شا بووە، کە خۆی بە خواوەند داناوە، ئینجا دوای ئەو پیاوانی ئایینی (کاهین) و میرزا و کاربەدەستانی کۆشك و سەرا و لەژێر ئەمانەوە جەنگاوەر، جووتیار و کرێکار و کۆیلەکان هاتوون[1]. بەم پێودانگە ئیتر دەکرێ لێرەدا، کە لە بابلیش تاڕادەیەك وابووە، دوو یەکە، دوو ئۆرگان یاخود دامەزراو و ڕێکخراو ناو بهێنرێن:

– ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەلایەتی کە بریتی بووە لە شار.
– ڕێکخراو و یەکەی ئابووری و ئایینی کە بریتی بووە لە دامودەزگا و دامەزراوەکانی پەرستگا[2] و زەوی و زار و موڵك و ماڵی شا کە خۆی بە خواوەند داناوە.

پشت ئەستوور بەوەی تا ئێستا وترا، دەکرێ مرۆڤ بڵێ، کە سەرچاوەی بیری کۆمەلایەتی وەك سەرەتایەکی ڕێگا خۆشکەر بۆ سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەلایەتی) هەر لە سەرەتاوە هەر سێك بابەتی ئایین و سیاسەت و ئاکار (ئەخلاق) بوون، کە بابەتی ناوبراو لێی هەڵێنجاون.

ئەگەر مرۆڤ وەك گەیشتنە ئەنجامێك بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانی بە وردی و شێوازێکی بابەتییانە سەرنج لەو کەرەسەیە بدات کە شارستانییەتی کۆنی ڕۆژهەلات لێیان پێکهاتووە و پشتاوپشت ماونەتەوە، شوێنەوارناسانی ئەوروپایی خاوەرزەمین گرێ کوێرەکانیان کردوونەتەوە، ئیتر لە بابل و دۆڵی نیل

[1] عمر، د.معن خليل، نفس المصدر السابق، ص10 فما بعد.
[2] المصدر نفسه، ص25.

بووبێ یاخود لە فارس و هیند و چین، هەر لە کتێبی مردوانی میسری کۆنەوە تاوەکو قانوون و شەریعەتەکانی حامۆرابی بابل بەرەو کتێب و ڕێوشوێنەکانی زەردەشتی کورد و فارس و کۆنفۆشیۆس و بوودا... تاد، دەردەکەوێ کە بە تێکڕایی لە چوارچێوەیەکدا کۆدەبنەوە، دەکرێ پێیان بوترێ ئایینی بە قانوون و داب و دەستووره ئاکارییە سەرەتاییەکانەوو. بەگشت گیروگرفت و کێشەی مرۆڤ لە کۆمەڵدا کە بابەتی بیری کۆمەڵایەتین دەگونجێ بە کەرەسەیەك دابنرێت، کە دەخرێتە خانەی برِوا و باوەڕی ئایینەوە و بەشێك بووە لە ئیمان و (عەقیدە) و توند و تۆڵ بە ژیانێکی تری دوای مردنەوە بەستراوەتەوە.

مرۆڤی کۆمەڵەکانی کۆنی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی — ئەمەش گرێکوێرەیەکە ناکرێتەوە و نازانرێ بۆ — خەمی ژیانی تری دوای مردنی هەبووە، بە پەرۆشەوە هەوڵی داوە بزانێ دوای ئەم دنیایە، دوای مردنی چی بەسەر دێت و دەچێ بۆ کوێ و چۆن خواوەندەکان ڕازی بکات. ئەمانە بەلایەوە، نەك کێشە ڕاستەقینەکانی ڕۆژانە، ئەو کێشە و بابەتە سەرەکییانە بوون، کە ژیانی ڕۆژانەی خۆی بۆ داناون.

ئەگەر جاروباریش جۆرە پێشکەوتنێك لەکایە و بابەتی ئەستێرەناسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، لە فەلەکدا، بەدەست هاتبێ و هەستی پێ بکرێت، ئەمەش دەگمەن نەبووە، ئەو پێشکەوتنە هەر لە چوارچێوەی ئایینەکەدا گیری خواردووە و سەرگەردان بووە، بگرە بۆ هەمان مەبەست کە ئایینی بووە سوودی لێوەرگیراوە.

ئەو پەیڕەو ڕێبازە (میتۆدە)ش کە بۆ گەیشتنە جۆرە پێشکەوتنە پراکتیکییە دوور لە تیۆرییە دەگمەنانە گیراونەتە بەر و بەکارهێنراون و سوودیان لێ وەرگیراوە، زۆر لە ڕێبازی زانستی کە دواتر لە یۆنان سەری هەڵداوە، دووربوون، تێیاندا سەرنجدان و ڕامان و بیری خەیاڵ و داستان و ئەندێشە و هەست و سۆزی ئایینی بەجۆرێك ئاوێتە و تێکەڵاو یەکتری کراون سەروبنیان دیار نەبووە.

مرۆڤی ڕۆژهەڵات لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتیدا، وەك نیمچە چارەنووسێك، بە پێچەوانەی مرۆڤی شارستانییەتی پڕ شکۆی ئەوسای یۆنان، بەلایەوە مەبەست



بووە هێزە ئاسمانییەکان ڕازی بکات بۆ ئەوەی ئەو بەختەوەرییەی لە ژیانیدا لێی بێبەش بووە دوای مردن پێی بگات و بەدەستی بهێنێ!. ئێستا لەم دنیایەدا و لەم ژیانەدا چ دەقەومێ و مرۆڤ چۆن دەژی و چۆن ژیاون و ئەم دنیایە دەباتە سەر، وا دەردەکەوێ، بەلایەوە گرنگ نەبووبێ، یاخود ناچار کرابێ بەگرنگی دانەنێ!! چونکە هەر نەبێ وای داناوە، یاخود وا براوەتە مێشك و دڵ و دەروونییەوە کە ئەم ژیانە، ئەم دنیایە خەون و هەنگاوێك لە نێوان دوو قۆناغدا ڕابردوویەك کە باری سەرشانی مرۆڤی قورس کردووە و دوارۆژێك کە نەهاتووە و تاریك و نادیارە و هیچ کەس و هێزێك دەستەبەری لە باری و چالاکییەکەی نابێ.

ئەگەر جۆرە پێشکەوتنێکی دەڵەمەیی و زانستی و بیر و هزری کۆمەڵایەتی هەبووبێ، ئەو پێشکەوتنە پاشکۆی ئایینی و لاهووت بووە، ئەنجامی پەرەسەندنەکانی زانست و دەستکەوتەکانیشی هەر تەنیا لە نێو چینی کاهین و لە ڕیزی پیاوە ئایینی و ئەستێرەناسەکاندا گیریان خواردووە.

هیرۆدۆتس لەم بارەیەوە وتوویەتی: میسرییەکان لە خەڵکی زیاتر پابەند و گوێڕایەڵی ڕێوشوێن و ناوەڕۆکی ئایین بوون، ئەو وێنە جۆراوجۆرانەی دروستیان کردوون، هەر وێنەی کەسانێکی لەبەردەم خواوەنددا دەستەوەستاون وەستاون و نوێژ دەکەن و دەپاڕێنەوە...کتێبەکانیان لەمە بەدەر نین، بگرە بریتین لە چەند ئایەت و سفرێکی پەرەستن و زوهد ..[1]

ئەم دەقە بەڵگەیەکی ترە ساخی دەکاتەوە کە ئەگەرچی جۆرە لایەنێکی بیر و هزری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتدا هەبووبێ و هەستی پێ بکرێت، دەبێ دان بەو ڕاستییە دابنرێت کە بیری کۆمەڵایەتی(600) ساڵ بەر لە دایکبوونی عیسای کوڕی مریەم لە چوارچێوەی فەلسەفەی یۆنانیدا پەیدا بووە و بووە بە سەرچاوەیەك کە هزری کۆمەڵایەتی نوێ لێوەی هەڵێنجاوە.

---

[1] الفوال، دكتور صلاح مصطفى، سوسيولوجيا الحضارات القديمة، القاهرة، 1982، ص142 وفي اماكن اخرى.

## قۆناغی یۆنان

بیری کۆمەڵایەتی هەر لە بیروڕاو بۆچوونەوە دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی کۆمەڵێکی دیاریکراو بەکات و قۆناغ و شوێندا تاوەکو هەڵوێست نواندن بەرامبەر داب و دەستوور و نەریت و ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی و بنەماکانی ئاکار (ئەخلاق) و ئایین و کردار و ڕەفتار، بە پێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەست دان، دەکرێ سۆفستاییەکان کە سەدەی پێنجەمی پێش لە دایکبوونی عیسا لە یۆناندا دەستبەکار بوون بەو بیرمەندانە دابنرێن کە لە چوارچێوەی فەلسەفەکەیاندا، دوای سەدان ساڵ پەنابردنە بەر ئەفسانە و داستان، ژیرانە و پشت ئەستوور بە عەقڵ و مەنتیق لە چوارچێوەی چەند بیروبۆچوون و تیۆرییەکدا شتیان لە پاش بەجێماوە کە فەیلەسووفەکان دوای خۆیان بەتایبەتی ئەفلاتوون و ئەرستۆ و سەرچاوە مێژووییەکانی تر پاراستوویانن، بە سەرەتایەکی نیمچە ڕێکوپێکی ئەم بابەتە، بابەتی بیر- هزری کۆمەڵایەتی دابنرێت. هیچ ئەگەرێك هەڵناگرێ ئەو ڕاو بیروبۆچوونانە لە کەشوهەوایەکی تایبەتیدا چوزەرەیان کردووە و گەشە و پەرەسەندنیان بەخۆوە بینیوە و مۆرك و خەسڵەتی سەردەمی خۆیان بە ژینگەکەوە نیشان دەدەن، بۆیە وا ئاسان نییە و ناکرێ بە پێوانەی مۆدێرن لە ڕوانگەی ئەمڕۆوە سەرنج بدرێن و هەڵبسەنگێنرێن.

سۆفستاییەکان وەك بیرمەند کۆششیان کردووە چەند بابەتێك دوور لە دەسەڵاتی هەست و سۆز و داستان و ئەفسانەوە بهێننە سەر خوانی باسکردن و لێکۆڵینەوەوە، چەند بابەتێك و پەیڕەوێك، کە تاوەکو سەردەمی ئەمڕۆ بە گەرموگوڕی ماونەتەوە و بایەخی خۆیانیان هەر لە دەست نەداوە، لە چوارچێوەی ئەم بابەتانەدا بە ڕوونی ئەم لایەنانە بەرچاو دەکەون و سەرنج بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن:

((بزووتنەوە، گۆڕان، چارەنووس، پێکهاتەی کۆمەڵی مرۆڤ، ژیان و مردن، ڕۆڵی مرۆڤ لە کۆمەڵ و ژیانی کۆمەڵایەتیدا، ژینگە و دەوروبەر، کردارو ڕەفتار و



ئاکار، دادو زوڵم و جەور، چاکەو بەدکاری و دیالیکتیك، ئایین و هونەرە جوانەکان[1] ..تاد)).

لە کاتێکدا ئەو بیروبۆچوونانە لە دۆڵی نیل و بابلدا کە بەتایبەتی لەلایەن شوێنەوارناسانەوە گرێیەکانیان کراونەتەوە، دەربارەی ژیان و مردن و کۆمەڵگا و سروشت و خواوەندەکان پتر لە بازنە و چوارچێوە و کاڵا و بەرگی لاهووت و ئایین و داستان و ئەفسانەدا داڕێژراون و خاوەنی تایبەتیان نەبووە، کە بەناوییەوە تۆمار بکرێن وەك ئەوەی بڵێیت ئەم ڕاوبۆچوونە هی فلانە کەسە و ئەوی تریان یەکێکی تر وتوویەتی، سەرەڕای ئەوەی لە شیکردنەوە و لێکدانەوە و لەگەیشتنە ئەنجامدا کە دەبوو لێیان بکەوێتەوە، بێ هێز و لاواز و دوور لە ساخکردنەوەی ژیر و مەنتیق بوون، کەموکوڕی و کەلەبەر تێیاندا بە ئاشکرا هەست پێ دەکرێت. ئەو شت و بابەتانەش کە باسیان کردوون و لێوەیان کۆڵیونەتەوە هیچ جۆرە پەیڕەو و ڕێباز میتۆدییەکی زانستییان تێدا نەبووە و پەیڕەو نەکراوە. جگە لەوەی لە توێ توێ کردنی ئەم بابەتانەدا هیچ سەرنجدانێکی قووڵ و سەرتاپاگیرانە هەست پێناکرێت، بگرە هەوڵ نەدراوە هۆکار و ئەنجام بە ڕێکوپێکی پشت ئەستوور بە وردبوونەوەی زانستی دیاری بکرێن، بۆیە لە ڕاستی دوورناکەوینەوە ئەگەر بڵێین ئەو بابەتانەی، کە ڕۆژهەڵاتی کۆن بە کۆشش و تەقەللایەکی درێژخایەن و لە ئەندازە بەدەر کات و ماوەیەکی دوورودرێژ پێیان گەیشتووە و کۆی کردوونەتەوە لەگەڵ ئەو بەرهەمەی فەلسەفە و زانست و بیری کۆمەڵایەتی یۆنان بەراورد بکرێت زانست و فەلسەفە و بابەتە کۆمەڵایەتییەکەی یۆنان بە موعجیزە دابنرێت. لێرەدا مرۆڤ بۆ یەکەم جار پشت ئەستوور بەهێز و توانا و دەسەڵاتی تیژبینی ژیر و ئەقڵ و مەنتیق توانیویەتی چەند بنەما و قانوونێك گریمانە بکات و کۆمەڵە ڕاستییەکیان لێوە بخاتەوە، ئەو ڕاستیانە کە لە بنەماکان

[1] متی، دکتور کریم، الفلسفة الیونانیة، مطبعة الارشاد، بغداد، ص6.

کەوتوونەتەوە بە پرۆسەیەکی ڕێکوپێکی مەنتیق پشت ئەستوور بوون، بۆیە گومان لە ئەنجامەکانیان ناکرێت[1] .

سەردەمی سۆفستاییەکان لە یۆنانی پێش زایینەدا، ئەو ڕێبازەی داکۆکییان لێکردووە، دەکرێ بە هەندێك چاوپۆشین لە لایەنی کەموکورتییان، بە سەردەمی ڕووناکبیری کۆن دابنرێت. ڕاستە سەردەمی ڕووناکبیری کە دوای شۆڕشی سەرتاپاگیری فەرەنسای ساڵی(1798ز) دەست بەکار بووە لە ناوەڕۆك و ڕوخساردا لە بزووتنەوەی سۆفستایی جیاواز بووە، بەڵام ئەگەر بێتو بە وردی سەرنجی بۆچوون و ڕاو تیۆرییەکانی ئەم یۆنانییانە بدرێ، بەتایبەتی ئەو هەوڵە هۆشیارانەی داویانە و ئەو کۆششە نیمچە زانستییانەی کردوویانە و دووچاری سەریەشە و کێشە و بەرەی کردوون بۆ پارێزگارکردنی بیری مرۆڤ لە دەسەڵاتی ستەمی دابونەریت و هەڵویست و جیهانبینی کۆنی بە میرات ماوە، ئینجا بە ئاشکرا نواندن و دیاریکردنی هەڵویست بەرامبەر بە نەریتی- Tradition ڕەگ و ریشەی لە کۆمەڵ و ناخی مرۆڤدا داکوتاوە کە تارادەیەك ببووە کۆسپ لەبەردەم بزووتنەوەی چوست و چالاك و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵ و گۆڕانی نەپساوەی پرۆسەی ژیان و گوزەران و هەڵسوکەوتی ئەندامانی کۆمەڵەکەی خۆی، بەتایبەتی وردبوونەوە لە ئایین و دۆگم و پێکهاتە و دەزگا و دامەزراوەکانی بە چاوێکی ئەگەر و ڕەخنەگرانە، لە کاتێکدا ئایینەکە لە یۆناندا خۆی بە ئایین سەربەستی و ئازادی ناوبردووە، ئەگەرچی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییەی وڵاتی ئەوسای یۆنان تارادە و سنوورێکی زەبەندە و فراوان ڕەگ و ریشەی لە ناخی جیهانبینی میللی یۆناندا داکوتا بوو و ببوو بە پشکێکی لە جیابوونەوە نەهاتووی ئاکار و قانوونەکانی کردار و خووڕەوشت و بیری کۆمەڵایەتی، ئەم هەوڵە جوامێرانەی سۆفستاییەکان کە دەکرێ بە پرۆسەی ڕزگارکردنی ژێر دابنرێت، لە بزووتنەوەی

[1] فارنتین، بنیامین، العلم الاغریقی، ت: احمد شکری سالم، القاهرة، مكتبة النهضة المصرية، 1958، ج1، ص17.



ڕووناکبیری سەردەمی خۆی بەو لاوە نەبووە[1]. خۆ ئەگەر مرۆڤ ئەو لایەنەش بهێنێتەوە بەرچاوی خۆی کە سەرەتای بیری فەلسەفە هەر لە یۆناندا بە لێکدانەوەی سروشت و توێژینەوەی دەوروبەری ماددی دەستی پێکردووە، کەچی سۆفستاییەکان لە جیاتی ئەوەی ئەم کەرەسە سڕو بێگیانە کە سروشتە بکەن بە بابەتی سەرنجدان و وردبوونەوە، بۆ یەکەم جار لە مێژووی شارستانیدا مرۆڤیان هێناوەتەکایە و مەیدان و کردوویانە بەکەرەسەی لێکۆڵینەوە و هەر مرۆڤەکە خۆی کراوە بە پێوانە و سەرمەشقی هەموو شتێك. ئیتر بەم پێیە دەشێ بێ سێ و دوو لێکردن بگوترێ، لە چارەی ڕابەرانی زانست و سیاسی و فەلسەفەی گەلێکی بچووکی وەك یۆنان نووسراوە بنەما و بنچینە و سەرەتاکانی زانستی نوێ، بە واتای ئەو سەردەمە، دابنێ .. خۆ ئەگەر هێزە هەڕەمەکییە کوێرەکانی سروشت بخرێنە لاوە، ئەوە شتێك لەم جیهانە پان و بەرینەدا نامێنێ کە بجوولێتەوە و لە بنج و بناوان و بنەڕەتدا یۆنانی نەبێت[2].

بۆ ئەوەی بتوانین ڕۆڵی سۆفستاییەکان لە چوارچێوەی گۆڕینی کۆمەڵ و هەلومەرجەکانی پێشکەوتن و دانانی بەردی بناخەی ئەو کەرەسەیەی بە بیر و هزری کۆمەڵایەتی ناودەبرێ ڕوون بکەینەوە، پێویستە سەرنجێك لەو بارودۆخ و ڕەوشە بدەین کە تێیاندا پەیدابوون و سەریان هەڵداوە.

دۆخی سیاسی ئەوسای یۆنان، بەتایبەتی لە کۆتایی سەدەی پێنجەمی پێش لە دایك بوونی عیسای مریەم، دوای ئەوەی لەشکری فارس شکاوە و یۆنانییەکان بەسەریاندا زاڵبوون، ئەم سەرکەوتنە گوڕ و تەوژمێکی گەورە و بە تینی بەبەر کەلەپووری شارستانییەتی ئەوسای کۆمەڵی یۆناندا کردووە، جگە لە چاکبوونی ڕەوشی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی پتر لە جاران بە چاوی ڕێزەوە سەیری

[1] Capelle, prof.Dr. W.Wilhelm., Di egriechische philosophie. P.I. Auflage. 2. Berlin 1971 .s.147-148.

[2] ڤرنر، شارل، الفلسفة اليونانية، ت: تيسير شيخ الارض، بيروت، 1986، ص17.

ڕۆڵی زانست و خوێندن کراوه، بەتایبەتی وتار خوێندنەوه لە نێو خەڵکدا کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کاروباری دادگا و قانوون و سیاسەت مایەی سەرکەوتن بووه و ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوه[1]. هاندەری ئەم گۆڕانە لە کایەی سیاسەت و فەلسەفە و ژیانی کۆمەڵایەتی و پێوەندییە جۆربەجۆرەکانی ژیاندا تاقمە مامۆستا فێرکەرێك بوون لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر و لە مەڵبەند و دەڤەرێکەوە بۆ دەڤەرێکی تر چوون، پێیان وتراوه سۆفستایی Sophist.

ناکرێ بوترێ سۆفستاییەکان وەك ئەفلاتوون قوتابخانەی تایبەتی و سەربەخۆی خۆیان هەبووه، چونکە هیچ سەرچاوەیەك تا ئێستا ئەم بوونەی ساغ و پشت ڕاست نەکردۆتەوە، بەڵام مامۆستابوون و لەوانە و دەرس و وتارەکانیاندا، لە بۆچوون و تیۆری و هزریاندا بایەخیان بە مرۆڤ داوه، بە چاوێك سەیریان کردووه، کە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، هەڵوێستی دیار و کردار و ڕەفتاری تاکەکەسی خۆی هەیە و دەینوێنێ، سەرەڕای ئەوەی خۆی لە خۆیدا گەوهەرێکی کۆمەڵایەتییە. هەر ئەم لایەنە وا لە مرۆڤی لێکۆڵەرەوە دەکات کە ئەم بزووتنەوەیە، ئەگەر بشێ ئەم ناوەی لێ بنرێت، لە پەیڕەو و ڕێباز و چالاکی و ئەنجامدا لە ڕێبازەکانی تر جیاواز بوون، تایبەتمەندی خۆیانیان هەبووه[2].

پەروەردە، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی خێزان و خانەوادە و بنەماڵەدا بابەتێك بووه لەو بابەتانەی بایەخیان پێدراوه بە شێوازی وانە و دەرس لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا بڵاویان کردۆتەوە، لەمەشدا پشتیان بە وتار و وتووێژی ڕاستەوخۆ بەستووه. ئەم وتار و وتووێژانەی پەیڕەوی ڕێبازێکیان پێ کراوه، کە پتر لە هونەر و تەکنیکی ساغکردنەوە و پێ سەلماندن چووه، هەر بۆیە سۆفستاییەکان و بگرە ناحەز و ڕقەبەرەکانیان لەو باوەڕە دابوون، کە ئەو ڕۆڵەی

[1] سارتون،جورج، تطور الفكر السياسي، ت: حسن جلال العروسي، القاهرة، دار المعارف بمصر، 1971، ص31، ج1، ط4.

[2] capelle, prof.Dr. W., Ebenda.s 153.



وتوێژ و وتار خوێندنەوه لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەیگێڕن دەکرێ لە دوو ڕوانگەوە سەرنج بدرێت:

- بیروبۆچوونێك کە لە ناخ و دەروون و مێشکدایە، دەکرێ جێگیر و پتر پشت ڕاست بکرێتەوە ئینجا بە تەواوەتی جێگیر بکرێت، یاخود لاوازی و کەموکوڕییەکەی دەربخرێ و ساخ بکرێتەوە و هەوڵ بدرێت لە جێگاکەیدا بیروبۆچوونێکی تر دابنرێ و جێگیربکرێت. یاخود لایەنی دووەم:
- وەك گۆرگیاسی ڕابەری دووەمی سۆفستاییەکان وتوویەتی وتار و قسەکردن ڕۆڵ و دەوری بێ هۆشکردن و تەفرەدان دەگێڕێ [1]. مرۆڤ لە توانایدا هەیە ئەو کەسەی بەرامبەری کە لەگەڵیدا وتوێژ دەکات بە قسە سەری لێ بشێوێنی و ئەوەی لەگەڵدا بکات کە مەبەستییەتی و لە جیاتی قەناعەت کردن ڕازی بکات Uberreden. بێگومان قەناعەت کردن ڕازی بوون لە یەکتری دوور نین، بەڵام هەریەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە و لەوی تری جیا دەکاتەوە.

ئاشکرایە ئەم بۆچوونە سەرەتایەکی جۆرە وتاری سیاسییە کە پتر لە چوارچێوەی تەفرەدان و چاوبەستەکیی و دیماگۆکی-سیاسی نوێدا ڕیز دەکرێت و دادەنرێت و دەکرێ هەردوو ناوی پڕوپاگەندە — پڕوپاڵانتەی لێ بنرێت. هەر ئەم بۆچوونە بووه مایەی ئەوەی بیرمەند و سیاسی و فەیلەسووفانی سەردەمی سۆفستاییەکان لە یۆنانی ئەوسادا بە چاوێك سەرنجی ئەم تەوژمە بدەن، کە جۆرە بە کەم زانینێك و سووکییەکی تێدا بێ چ خۆیان چ بەرامبەر بە بیروبۆچوون و چالاکییەکانیان. ئیتر هەر لەم چوارچێوەیەدا ئەفلاتوون بە کەسانێکی داناون بازرگانی بە زانستەوە دەکەن و... لەو بیروبۆچوونانە کە خەڵکی سادە و ساکار لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیاندا باسیان دەکەن و بەو لاوە هیچی تر ناڵێنەوە.[2] لە سەردەمی نوێدا هەندێك شارەزای فەلسەفەی یۆنان بەتایبەتی پرۆفیسۆر بارکر بە

[1] Hirschberger, johannes., Geschichte der Philosophie. Bd. Komet … s.53

[2] افلاطون، الجمهورية، ت: د. فؤاد زكريا، القاهرة، ك، ص405.

نیمچه پڕوپاڵانتەکار ناوی بردوون گوایە شتی سەیر و ناساز و ناکۆك کە گوێی گوێگر پڕ بکات و بیچەسپێنێ دەڵێنەوە.[1] بە باوەڕی من هەردوو بیرمەند ئەفلاتوون و بارکر لە سەنگەرێکی ترەوە سێرەیان گرتووە و لە روانگەیەکی جیاوازەوە سەرنجی بیروبۆچوونی ڕێژەیی سۆفستاییەکانیان داوە و ئەو هەلومەرجانەیان پشتگوێ خستووە، کە وەك زەمینە نەمامی ئەم ڕێبازە تێیدا چەکەرەی کردووە و هاتۆتە بەر.

لە نێو ئەو بۆچوون و تیۆرییانەدا کە سۆفستاییەکان هەوڵی پیادەکردنیان داون، هەڵوێستیان بەرامبەر بە هێز و دەسەڵات، بەرامبەر قانوونەکانی ئاکاری مرۆڤ و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵدا جێگای وردبوونەوە و بایەخ پێدانن.

- بە واتایەکی تری تیۆری هێز و دەسەڵات Macht، ڕێژەی کۆمەڵایەتی و گومانکاری — Skeptische Relativismus، تیۆری خۆیەتی ئەو بابەتانە بوون، کە جیهانبینی سۆفستاییەکان بەگشتی لێیان پێکهاتووە.

بیرۆکەی هێز— دەسەڵات کە دەکرێ تاڕادەیەك بە تیۆری دابنرێت، لە لایەنی فرەدریك (نیتشێ ی) ئەڵمان لە سەدەی نۆزدەهەمدا جارێکی تر تۆمارکراوە و گیانی بەبەردا کراوەتەوە و پەرەی پێدراوە.

بابەتەکە لەلای سۆفستاییەکانەوە توندوتۆڵ بە داد و دادپەروەرییەوە بەندە، داد و دادپەروەریی مەبەست و ئامانجێکی پیرۆز هەموو گروپ و تاقم و کۆمەڵێك سەرگەرمی جێبەجێ کردنیەتی، کەچی ئەنجامەکە پتر بەلایەکی تردا شکاوەتەوە بۆ؟ داد و دادپەروەری کە ئامانجی هەموو کۆڕ و کۆمەڵ و ئایینەکانیش بووە لە سروشتدا، وەك سۆفستاییەکان وتوویانە، هەمیشە بەم شێوەیە بووە: دەسەڵاتدار و بەهێز و بە تواناکان هەمیشە سروشت ئاسا پتر لە لاواز و بێ تواناکان دەست ڕۆیشتووتر بوون و هەیان بووە. ئەمەش مافێکی سروشتییە و مافی ڕەوای خۆیانە، چونکە ئەو دەسەڵات و هێزەیە کە خۆی وای کردووە شایستە و شایانی

(1) بارکر، ارنست، النظرية السياسية عند اليونان، ت: لويس اسكندر، القاهرة، 1966، ج1، ص112.



ئەم پلەوپایە و بوونە بن! هەر بۆیە لاواز و بێ دەسەڵات و هیچ لە دەست نەهاتووە بەندە و کۆیلەکان، بێ پسانەوە کۆششیان کردووە، هەوڵیان داوە ئەم هەلومەرج و ڕەوشە بگۆڕن، ئیتر پەنایان بردۆتە بەر ڕێوشوێنەکانی ئاکار (ئەخلاق) و سەرگەرمی ئەوەبوون قانوون دابهێنن بۆ ئەوەی خۆیانی پێ بپارێزن[1] و دەسەڵات و توانا و هێز و شایستەیی لێهاتووان کەم بکەنەوە و سنوورێکیان بۆ دابنێن. پەروەردە و کولتوور و دابونەریت پاڵپشتی ئەم بۆچوونە دەکەن و وەك ئامرازێکی یارمەتیدەر ڕێ بۆ ئەو مەبەستەیان خۆش دەکات، بەڵام ڕۆژێك لە ڕۆژان بەهێزەکان رادەبن، هەڵدەستنە سەر پێ و ڕادەپەڕن و هێز و دەسەڵات دەگرنە دەست ئەم بنەما و دەستوور و ڕێوشوێن و دابو قانوونانە هەڵدەوەشێننەوە ... وەك ئەنجامێك لەو بۆچوونە دەکەوێتەوە، کە لە چوارچێوەی بەهرەی سروشتی مرۆڤدا دوو جۆرە هەست و توانا و ئارەزوو هەیە:

**یەکەم: حەز و تەماع و چاو تێرنەبوون و ئارەزوو-** Begierden.

**دووەم: هۆکاری پاڵنەری سروشتی زگماك (غەریزە)** Instinkt ئەم دوو هێزە هەمیشە ئاژاوە و گۆتار و ڕۆیی و سەرگەردانی و ناڕێکوپێکیان لێ دەکەوێتەوە و دەبنە مایەی وروژاندنی گومان و ئەگەر لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی، لە هەمانکاتدا هەر بەم پێودانگە ئەگەر بابەتەکە شەن و کەو بکرێت، لەلایەکی ترەوە، بەها و Werte قانوونەکانی ئاکار لە چەند ڕستە و بنەما و دەستەواژەیەکی دەسکردی کەسانێکی دیار بەولاوە نین، کە بۆ مەبەستی تایبەتی دانراون و ڕەنگیان ڕێژراوە. هەروەها ئەگەر بە چاوی سۆفستاییەکان سەرنج بدرێت، بڕیارە بەهاکانی ئاکار بەهەمان پێوانە لە بایەخی ڕێژەیی بەولاوە کە بە پێی کات و شوێن و کۆمەڵگا دەگۆڕێن، پتریان نییە.

دەربارەی ڕێژەیی Relativismus بیروبۆچوون و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و گومان و ڕادەی بڕکردنیان و ئەو سنوورەی کە ناکرێ بیبەزێنن، سۆفستاییەکان

(1) Hirschberger,J.,Ebende.s.57.

بەتایبەتی رابەرەکەیان (پرۆتاگۆراس) وتوویەتی: مرۆڤ تاکە پێودانگی پێوانە و هەڵەسنگاندن و بڕیاردانی هەموو شتێکە، ئەوەی هەیە و ئەوەی نییە[1].

کەوابوو بایەخ و بە نرخ و دەستبەکاری هەموو شتێك بەدەست مرۆڤ خۆیەتی، چونکە تەنیا خۆی سەرپشکە و مافی بڕیاردان و هەڵسەنگاندن و نرخاندنی هەیە، بیر و مێشك و ژیر و داب و دەستوور و نەریت و رێوشوێنەکانی ئاکار و کۆمەڵ بەرگی پێشوویان لەبەر دادەماڵرێ و دەخرێنە ناو بازنە و کەوانەی ئەگەر و گومانەوە، چونکە هیچی تر بەچاوی جاران تەماشا ناکرێن، ئەمەیە ئەو رێژەییەی ئەم رێبازە جێبەجێی دەکات.

ئەگەر مرۆڤ خۆی سەرپشك بێت، دەبێ پێودانگەکەش خۆی دایبهێنێ. بۆ مرۆڤ، تاکەکەس، نەك هەر بەهاو قانوون و نەریت پیرۆز نابێ، بە پێی کۆمەڵ و سەردەم و شوێن و بگرە لەلای مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی تر بنەمای رێژەیی هەموو شتێك دەگرێتەوە تەنیا بنەمایەکە خۆی نەبێ.

خەڵك چ کۆمەڵ و چ تاکەکەس، بیروبۆچوون و رای جیاوازییان هەیە و لە بەرامبەر رووداو و قەوماوی جۆربەجۆردا هەڵوێستی جیاواز تۆمار دەکەن و دەنوێنن، بۆیە دیسانەوە وەك ئەنجامێکی رێژەیی سۆفستاییەکان دەبێ هیچ جۆرە راستی و راستەقینەیەکی بێ سنوور و بابەتییانە لە ئارادا نەمێنێ و رێبازی خۆیەتییەکی رووت بێتە کایەوە. ئیتر بۆ دەبێ هەڵوێست و بۆچوونی مرۆڤێك لە هی یەکێکی تر رەواتر و دروستتر بێت، لە کاتێکدا هەردووکیان وەك یەك مرۆڤن و بیروبۆچوون و هەڵوێست و سوود و قازانجی جیاوازیان هەیە، بۆ دەبێ ئەم لایەنە وەك پێوانە و پێودانگی هەڵسەنگاندن لە بچووکترین شتەوە تاوەکو گەورەترین رێکخراوەکانی ژیان و کۆمەڵ دانەنرێت؟! بۆ دەبێ بوترێ مرۆڤێك راستە و ئەوی تریان ناهەقییە؟ بە چ پێودانگێك ئەم بڕیارە دراوە؟

پەرەسەندنی زنجیرە ئاڵقە توند و تۆڵ بەیەکەوە بەستراوکانی قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی کۆمەڵی مرۆڤایەتی هەر لەو رۆژەوە کۆمەڵ پەیدا بووە و

[1] Russell,B.,philosophie des Abend Landes. Wien 200.s.99.



خەت و خاڵی داوە، چەند نموونەیەك دەخاتە بەردەست کە تاڕادەیەك جۆرە رەوایییەکی ئەم بنەمای رێژەیی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەیەکی تایبەتیدا ساخ و پشت راست دەکەنەوە. بۆ نموونە ئەگەر لە کۆمەڵی قۆناغی دەرەبەگایەتیدا Feudal system کە مەڵبەندە سەرەکییەکەی لادێ و گوندە وەك سیستەم و رێژێمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خاوەن دەسەڵات لە دەرەوەی شار و بازێڕدا بووە، دزی و تۆڵەسەندنەوە، تاڕادەیەك لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا پەسەند بووبن و بگرە بەجۆرە چاونەترسی و ئازایەتییەك دانرابن لە قۆناغێکی دواتری پێشکەووتری کۆمەڵدا کە مەڵبەندی دەسەڵات بەرەو شار گوێزراوەتەوە، ئەم دوو کردار و رەفتارە خراونەتە نێو خانە و چوارچێوەی کردارێك کە قانوون بە تاوان ناویان دەبات و دەبێ لە دادگا بە پێی چەند بنەمایەکی رەنگ بۆ دارێژراو - هەر لەلایەن مرۆڤەوە - لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت و بکەرەکەش تەواوی ئۆباڵی کارەکەی بگرێتە ئەستۆ!.

سۆفستاییەکان لە مێژووی بیروهزری کۆمەڵایەتیدا بەتایبەتی و لە هزر و بیری شارستانێتی مرۆڤدا بەگشتی سێ خاڵیان هێناوەتە سەر خوانی باسکردن کە تاڕادەیەکی هەستپێکراو گۆڕانێکی گەورەیان لە بنەما و بنەڕەتەکانی بیروبۆچوون و دابونەریتی ئەوسای کۆمەڵی یۆناندا بەرپا کردووە:

**یەکەم:** سروشت وەك بابەتێکی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە پشتگوێ خراوە. جارێکی تر سەرنج بۆ لای مرۆڤ و کێشە و بەرەو خۆشی و ناخۆشی ژیانی رۆژانەی راکێشراوە. مرۆڤ، تاکەکەس، کراوە بە سەرپشك و مافی رەوای ئاغایەتی کردنی لە ژیانی خۆی و رێوشوێن و ئۆرگان و دامەزراو و رێکخراوە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵدا وەك بڕیاردەرێك پێی رەوا بینراوە.

**دووەم:** بیری مرۆڤ و ژیرخۆشی و ئەو ئەنجامانەی لە بڕیار و بۆچوون و چالاکییەکانیان کەوتوونەتەوە و دەکەونەوە کراون بە کەرەسەی توێژینەوە و رەخنەیەکی بابەتیانە بە پێی پێودانگی سەردەمی خۆی لە مەرج و بنەما و توانا

و قانوون و سەرەتاکانی ئاکار و سنوورەکانی بیر گیراوە[1]. بۆچوونەکانی گۆرگیاسی سۆفستایی بەڵگەی گومان هەڵنەگری ئەم رایەن.

**سێیەم:** ئەوی پێوەندی بە کۆمەڵ و کردار و رەفتار و ژیانی رۆژانەی هاوڵاتیان و تاکەکەسانەوە هەیە، بەتایبەتی سەبارەت بە مرۆڤی ئاسایی، بۆ یەکەم جار سۆفستاییەکان لە کەشوهەوای ئازادی ئەوسای یۆناندا لە روانگەیەکی ژیر و مەنتیقەوە بە پێودانگی ئەقڵ بەها و قانوون و رێوشوێنی ئاکاریان شەن و کەو کردووە و هەڵسەنگاندووە و هەوڵیان داوە بە پێی هەلومەرجی ئەوسای پەرەسەندنی زانست و فەلسەفە و بیری کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆیان و ئەو گۆڕانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی بەسەر ژێرخان و سەرخانی کرمەڵەکەیاندا هاتووە، دیار و دەستنیشان بکەن.

شتێکی گومان هەڵنەگرە لە هەموو کات و شوێن و قۆناغ و کۆمەڵێکدا جیاوازی و تایبەتمەندی و خەسڵەتی جیاکەرەوەی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی هەبووە و هەیەو هەر دەشمێنێ، بەڵام ئەو جیاوازییە، کە کەسایەتی و تایبەتمەندی و کارەکتەری هەر نەتەوەیەك لە قۆناغ و کات و شوێنی دیاریکراودا دیار و دەستنیشان دەکات، ئەوە ئەمانەش لە لای خۆیانەوە هەر لە نەسەب و رەچەڵەك و بنەما و دابونەریتەوە پەیدابوون و کەوتوونەتەوە، بەهیچ جۆرێك بوونی کەسانی خانەدان و بۆرەپیاو و .. تاد لە سروشتدا وەك راستی و راستەقینەیەك نە هەیە و نە بەهیچ بەڵگە و نیشان و قەواڵەیەك ئەم بوون و جیاوازییە پشت راست و ساغ دەکرێتەوە.

هەموو مرۆڤێك لە سروشتەوە و سروشت ئاسا ئازاد و سەربەستە، گۆڕانی بارودۆخ و هەلومەرج و رەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەم جیاوازییە و پێچەوانەی ئەم بۆچوونە پیادە و

[1] Storig, Hans- Joachim., Kleine Weltgeschichte der philosophie. Sttutgart 1961.s167.



جێبەجێ دەکەن. مرۆڤ لە سروشتەوە هەموو وەك یەکن، یەك جۆر پێداویستیان هەیە و بەهەمان رێگا و شێواز دەتوانن پێداویستییەکانیان بەدی بهێنن و جێبەجێی بکەن و بگەنە ئامانج، بۆیە سۆفستاییەکان وتوویانە:

هەمووومان بە لووت و دەم هەمان هەوا هەڵدەمژین و پێویستیمان بە هەمان خۆراك هەیە.

هەلومەرجی جیا، شتی جیا دەهێنێتە کایەوە تەنیا کەشوهەوای ئازادی و سەربەستی بەهای راستەقینەی مرۆڤ دەردەخەن.

## هزری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی سیستمێکی سەرتاپاگیردا

بابەتی هزر و بیری کۆمەڵایەتی دوای پشت کردنە ستایل و شێوازی ئەفسانە و ئایینە کۆنەکانی دۆڵی نیل (فیرعەون) و بابل کە سەرتاپاگیرانە ببوون بەو دەفرەی کە سیستەم و رژێمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بگرە هەموو لایەنەکانی ژیان و کۆمەڵ و رێکخراوەکانی دەوڵەت، نەك هەر ئایینەکە رەنگی رشتبوون و سنووری بۆ دانابوون، بەڵکو رژێم و سیستەمە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکە لە خۆیدا، بە کوڵکو پێستەوە لە بنەڕەتەوە ئایینی بووە، مەبەست و ئامانج و سیاسەتە دوور و درێژخایەنەکانیش لە ئاکارییەکی نموونەیی - ئایدیالیستی بەولاوە نەبوون[1].

رژێمە سەرتاپاگیرەکە کە لە کۆمەڵدا دەستبەکاربووە لە باوەشی سارد و سڕی ئایینەکەدا — میسر، بابل، هیندستان، چین، فارس — سیاسەت و قانوون و بابەتەکانی ئاکار و پەروەردە و ئابووری و لاهووت و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیشی کۆکردۆتەوە و لە سایە و سێبەرەکەیدا چڕۆیان کردووە، لە سنوور و بازنەیەکی دیاریکراوی تەنگەبەردا گەشەیەکی بێنازیان کردووە.

دوای ئەم قۆناغە، قۆناغی هاتنەکایەوەی کەش و هەوایەکی تر کە تێیدا بیر و هزری کۆمەڵایەتی خەت و خاڵی داوە، چ لە لای سۆفستاییەکان و سوکرات و لە لای ئەفلاتوون Platon، وڵاتی یۆنانی پێش قۆناغی لە دایکبوونی حەزرەتی عیسای مریەم بووە بەو مەڵبەندەی تیایدا ئەم بابەتە لە ناوەڕۆك و روخساردا گۆڕانی مەزنی بەسەردا هێنراوە. ئەم ژینگە و کەش و هەوایەی جاران، ئەو دەفر و چوارچێوەی کە تێیدا دادەڕێژراو ئەو زەمینەیەی چەکەرەی تێدا دەکرد تاڕادە و سنوورێکی سەرنج راکێش ئاڵوگۆڕکراوە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

(1) محمد، دکتور محمد علي، تأريخ علم الآجتماع، الرواد والآتجاهات المعاصرة، دار المعرف الجامعية، الاسكندرية، 1983، ص19.



ئەفسانە و داستان و ئەدەب و ئایینی جاران لە یۆنانی کۆندا مەیدانیان بۆ بابەتی فەلسەفە بە گشتی و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی چۆڵ کردووە، فەلسەفە بووە بەو دایەنەی لە باوەشە گەرم و گوڕەکەیدا بیر و هزری کۆمەڵایەتی گۆش کراوە و پێگەیشتووە. لێرەوە دەکرێ شان بە شانی فەلسەفەی یۆنانی باسی بابەتی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی بکرێت کە تێکڕای بریتی بووە لە بیرو هزری کۆمەڵایەتی بە هەموو لایەنە فرەڕەنگ و بە پیت و پێزەکانییەوە لە ناو گەنجینەی پڕبایەخی ئەو فەلسەفەی کۆمەڵایەتییەدا تێیدا کەرەسەی زانست و سیاسەت و ئابووری و پەروەردە و لاهووتی سەردەمی خۆی و بابەتی و بیر هزری کۆمەڵایەتی گرتۆتە خۆی، مرۆڤ توانیویەتی، پشت ئەستوور بە ژیر و بیرکردنەوەی ئازاد و دوور لە دەسەڵاتی ستەمی ئایینەکانی یۆنان، بگاتە ئەو رادەیەی لە نێوان دوو بابەتدا کە دەکرێ، لە هەمانکاتدا، بە دوو دیاردەی لە یەکتری جیاواز و سەربەخۆی و توندوتۆڵ بەیەکەوە بەستراو دابنرێن، جیاوازی بکات:

**یەکەم:** دیاردە سروشتییەکان.

**دووەم:** دیاردە کۆمەڵایەتییەکان.[1]

لە بارەی دیاردەی یەکەمەوە، کە بە پێی ناوەکەی لە سروشتەوە کەوتۆتەوە و بابەتێکە رۆژانە سەرنجڕادەکێشێ و هەست بە بوونی دەکرێت، بەهۆی ئەوەوە کە راستەوخۆ لە ژیان و دەوروبەردا رووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، بە شێوازی جیاواز، بە پێی سەردەم قۆناغ و پێشکەوتنی رەوشی شارستانییەت و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە هەڵوێست لە بارەیەوە نوێنراوە و دیاریکراوە.

لە کاتێکدا دیاردە سروشتییەکان تاڕادەیەك ساکار و دیار و سنووردار دێنە بەرچاو و دەرکەوتوون، بۆیە ئاسانتر مرۆڤ توانیویەتی لێوەیان بکۆڵێتەوە و خێراتر بە هۆی ئەم لێکۆڵینەوەیە بگاتە ئەنجامی هەستپێکراو. خۆ ئەوەش نابێ لە بیر بکرێت کە لایەنێکی زەبەندی ئەفسانە و داستان و ئایینە سەرەتاییەکان جۆرە

(1) المصدر نفسة، ص16.

دەستنیشانکردنێکی هەڵوێستی لە بارەی سروشتەوە تێدایە. هەروەها فەلسەفەی یۆنانی سەردەی شەشەمی پێش زایین پتر، بەڵام بە شێوازێکی پێشکەوتووی پشت ئەستوور بە ژیر و مەنتیق، جۆرە شرۆڤە و لێکۆڵینەوەیەکی سروشتی دەوروبەر بووە کە مرۆڤی بیرمەندی ئەو سەردەمە سەرگەردانی گەڕان بووە بە دوای ئەو کەرەسە و هەوێنە سروشتییەی کە بوون بە گشتی و گەردوون و سروشت بەتایبەتی لێوەی پەیدا بوون.

تالیس (624- 546 پ.ز) نموونەیەکی بەرچاوی ئەم بابەتەیە. بە پێی پێشکەوتنی بیری زانستی ئەو سەردەمە و پەرەسەندنی ئامرازەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و بە پێی گەوهەر و پێکهاتەی فیزیکی، سروشت خۆی نەکراوە و لە تواناداا نەبووە لە پەیڕەو و ڕێبازی دیاریکراو بۆ توێژینەوەی دیاردەکانی سروشت بەولاوە بگیرێنە بەر. ئەو پەیڕەو ڕێبازانە بریتی بوون لە سەرنجدانی ژیرەکیی و لێکدانەوە و توێ توێ کردن و ئینجا ئەنجامگیریی کە لە هەموو بارێکەوە دیاردە سروشتییەکان لە دەرەوەیانەوە سەرنجدراون و لە تێگەیشتن بەولاوە، وەك ئەنجامێك بە دەگمەن شتێکی تر کەوتۆتەوە و بە دەست هاتووە.

بە پێچەوانەوە، دیاردەکەی تر، کە وەك لە ناوەکەیەوە تێیدەگەیشترێ، دیاردەی کۆمەڵگا و کۆمەڵایەتیین بە تێکڕایی تیشکدانەوە و نیشانی پێکهاتە و پرۆسەی بزووتنەوە و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن، بەسەرخان و ژێرخانی کۆمەڵەوە، بە بیر و هزر و  بۆچوون و دامودەزگاکانییەوە، لەچاو دیاردە فیزیکییە- سروشتییەکان پتر بە پیت و پێز و فرەڕەنگ و ئاڵۆز و چڕوپڕ وا بە ئاسانی بە ڕێباز و پەیڕەوی سروشتییانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا ناکرێت، هەروەها ئەگەر لە دەرەوەیان سەرنج بدرێن و لێوەیان بکۆڵرێتەوە ئەنجامێکی ئەوتۆ بە دەست نایەن، بۆیە دەبێ کۆمەڵگا بە ناوەڕۆك و رخسارەوە کە پێکهاتەیەکی زیندوو و کاریگەرە، فرەڕەنگ و بە پێز و هەمەجۆر لە ناوەوەیدا لێوەی بکۆڵرێتەوە. دیاردەی سروشت و دیاردەی کۆمەڵایەتی دوو بابەت و کەرەسەی ناوەڕۆك و روخسار لە یەکتری جیاوازن، ئەو ڕێباز و پەیڕەوەی بۆ



لێکۆڵینەوەی دیاردەی سروشت بگونجێت بۆ توێژینەوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی دەست نادات. یەکەمیان دەکرێ لە دەرەوە سەرنج بدرێت و دووەمیان دەبێ لە ناوەوە، لە ناخیدا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت.

ئەم رەوشە نوێیە کە لە یۆناندا هاتۆتە پێشەوە ئەنجامێك بووە لەو گۆڕان و پەرەسەندنە سەرتاپاگیرانەی کەوتۆتەوە، کە بەسەر ئەم وڵاتەدا هاتووە و بابەتەکانی هزر و بیری کۆمەڵایەتی و ئامرازی لێکۆڵینەوە بەلایەکی تردا بردووە و بۆتە مایەی ئەوەی لە ناوەڕۆك و روخساردا لە قۆناغی پێشتر جیاواز و پێشکەوتوو تر بن.

شان بە شانی دیاردە بێگیانەکانی سروشتی و فەلەك و ئەستێرەناسی لە یۆنانی کۆندا، بیرمەندان لە دیاردە فرەڕەنگییەکانی کۆمەڵیان کۆڵیوەتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لەگەڵ پەیدابوون و دەرکەوتنی فەلسەفە لە چوارچێوەی جیهانبینی فەیلەسووف و بیرمەندەکاندا چ بیروڕاو بۆچوون بووبێ یاخود هزر و بیر، رەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنێك بووە لە کەشوهەوا و هەلومەرجی ئازادی و دیموکراتی و دادپەروەریدا پیادە کراوە. ئەم رەوش و دۆخە دەکرێ لە دوو خاڵدا کۆبکرێتەوە و نیشان بدرێت:

**یەکەم:** بریتی بووە لە تەتەڵەکردن و رەخنەگرتن لە دابونەریت و ڕێوشوێن و دەستوورەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و بنەماکانی ئاکار و دۆگم و دامەزراوە و بۆچوون و دەزگاکانی ئایین.

**دووەم:** لە لایەنی دووەمدا ئەم پرۆسەیە بریتی بووە لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئازادانەی پشت ئەستوور بە ژیر و تاقیکردنەوەی ژیانی رۆژانەی قانوون و ڕێوشوێنەکانی دەستووری بەڕێوەبردن و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەم رەوش و پرۆسەیە کە لە کەش و هەوایەکی ئازاددا دەستبەکار بووە پەنای بردۆتە بەر ئامرازی رەخنەگرتنی بابەتییانە و بە هەمان سەنگ و رەنگ کۆششی ئازادانەی کردووە لە جیاتی ئەو دۆخەی لە ئارادا بووە، ئەم سیستەم و دامودەزگا و ڕێژێمانە کە تەتەڵە و شەن و کەوی کردوون و کەم و کوڕی و کەلێن و

کەلەبەرەکانی خستوونەتە بەرچاو، هەر نەبێ بە بۆچوون و لە بیردا بە تیۆری جۆربەجۆری رەنگرێژراو پێشنیازی دامودەزگا و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کردووە، کە لە جێگاو لە جیاتی ئایین و داب و نەریتی کۆنی بە ساڵداچوو لە لایەن ژیر و مەنتیق و بیری زانستییەوە کۆنترۆڵ بکرێن و بە یاسا و قانوون بەڕێوە بچن.[1]

ئەمە ئەو گۆڕانە فرە لایەنە قووڵ و بە هێزە بووە، کە لە ژیانی رۆژانە و چۆنێتی پرۆسەی هەڵوێست کردن لە بارەی کێشە و بابەتە گرنگەکانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە پیادەکراوە، کە دەکرێ بەبێ سڵ و پارێز بە جۆرە شۆڕشێك دابنرێت، ئەو شۆڕشەی بریتی بووە لە وەرچەرخانێك خۆی لە رەوش و هەڵوێستێکدا نواندووە پوختەکەی بەم جۆرە بووە:

- پاشەکشێ کردنی دەور و رۆڵ و دەسەڵاتی لە سنوور بەدەری ئایین لە ژیاندا.
- رێکخستنی کاروباری رۆژانەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری دەوڵەت و کۆمەڵ و شرۆڤەکردنی رێوشوێنەکانی ئاکار بەبێ پەنابردنە بەر ئایین و پشت بەستن بە دۆگم و بنەماکانی.
- ژیر و مەنتیق و بۆچوونی مرۆڤی بیرمەند بوون بە سەرپشك و ئامرازی چالاکی هزریی و پەیڕەوکراون.

رێکوپێکترین کۆششێك کە لەم کایەیەدا کراوە لە لایەن بیرمەند و فەیلەسووفی یۆنان ئەفلاتوونەوە بووە. ئەفلاتوون (428-347پ.ز) لە سێ شاکاردا: کۆمار Der Staat سیاسی، قانوون، بۆ یەکەم جار لە مێژووی شارستانێتی مرۆڤدا لە چاوچێوەی سیستەم و رژێمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفەدا لە بارەی دەوڵەت و کۆمەڵگا و تاکەکەسان، لە قەوارەیەکی رێکوپێکی فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتیدا بۆچوونێکی فرەڕەنگی بە پێزی تۆمار کردووە.

[1] المصدر السابق نفسه، ص21.



کتێبی کۆمار کە ناوەڕۆکەکەی پێوەندی بە بابەتی هزر و بیری کۆمەڵایەتییەوە هەیە، ناوەکەی لە بنەڕەتدا لە وشەی یۆنانی پۆلیتییا Politia، واتە سیاسی کەوتۆتەوە و لە دواییدا وشەی کۆمار — دەوڵەتی بۆ براوەتەوە.

شاکاری ((کۆمار)) لە دە بەش پێکهاتووە، کاتی خۆی هەر بەشە بە کتێبێك دانراوە. لە حەوت بەشدا بە تێروتەسەلی باسی داد و دادپەروەری (عەدالەت) و لایەنە جۆربەجۆرەکانی دەکات و چەندین پێناسەی دادپەروەری توێتوێ دەکات. لە ئەنجامدا دان بە چاکەکارییەکی نەفسی مرۆڤ و سیستەم و رژێمی دەوڵەت دادەنێ، ئیتر هەر بۆیە لە سەرەتاوە مرۆڤ (تاکەکەس) لەگەڵ دەزگای دەوڵەت بەراورد دەکات و لە مرۆڤ دەکۆڵێتەوە هەوڵ دەدا چۆنێتی پەیدابوون و پێکهاتنی دەوڵەت روون بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو هەلومەرجانەی، کە پێویستن بۆ پیادەکردنی دادپەروەری لە مرۆڤ و دەوڵەتدا دەستەبەر دەبن، دیار و دەستنیشان بکات.[1]

هەر لەم بەشەدا بە رێکوپێکی بۆ لایەنی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، رێکخستنی کاروباری کۆمەڵگا، پێگەیاندنی پاسەوان و کاربەدەستانی دەوڵەت و دەوڵەتی خۆیشی سەرنجی راکێشراوە. لەم ئەرکە مەزنەدا کە دانای یۆنانی گرتوویەتییە ئەستۆی خۆی بێوچان هەوڵی داوە پشت ئەستوور بە شیکردنەوە و توێژینەوە و پێناسەکردن و بە کەڵك و سوودوەرگرتن لە تاقیکردنەوە و ئەزموونی ژیانی رۆژانەی خۆی ئەو ئەنجامانەی دوای سەرکەوتنی ئەتینا بەسەر لەشکری فارسدا، لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین کەوتوونەتەوە، هێز و توانا و ژیر و زانست لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی توندوتۆڵ پێکەوە ببەستێ و بگرە، هەردووك لایانی خستوونەتە نێو دوو تای یەك تەرازووەوە بۆ ئەوەی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و دەسەڵات و کۆمەڵ و چاککردنی حوکمڕانی کردن و بۆ رێکخستنی کاروباری بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت لە چوارچێوەی نەخشەیەکی فراوانی رەنگ بۆ داڕێژراودا سوودیان لێوەربگیرێت و پیادەیان بکات.

[1] platon.Der Staat. Philosophische Bibliothek.Hamburg 1980. Felix meiner verlag.

سەرەڕای ئەم لایەنە گرنگە، بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەوڵەتی شار Stadtstaat پتر لە بەرەو و پێشکەوتندا بووە. ئەم دۆخە جۆرە پێشبڕکێ و ڕقە بەربیەکی لە نێوان ئەو دەوڵەتە شارانەی کە لە سەرانسەی دوورگەکانی هێلینا (یۆنان)دا دەستبەکاربوون، هەڵگیرساندووە. هەر بۆیە وەك ئەنجامێکی ئەم بارودۆخە، پتر بیر لەوە کراوەتەوە کە گیانی پێشکەوتن و شارستانییەت لە چاو جاران، بەسەر چالاکی و پرۆسە و گیانی میلیتاریزە و سەربازی و لەشکری و پەیداکردنی کەرەسی جەنگ و تفاقی شەڕدا زاڵ بکرێت.

گۆڕانی قۆناغی ژیانی کۆمەڵایەتی، لە قۆناغی ژیانی تیرەگەری و خێڵەکی و شوانکارەوە بەرەو شێوازی ژیانی لادێ-کشتوکاڵ کە لە لای خۆیەوە هۆشیارییەکی مەدەنییەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاوڵاتییانی وروژاندووە و ڕوخسار و ناوەڕۆکێکی نوێی بە پەیڕەو و ستایلی ژیانی سیاسی بەخشیوە، پلەوپایەی دەوڵەتی شاری چاکتر جێگیر و چەسپاندووە، وردە وردە و لەسەرخۆ کار و پیشە و سنعاتی گونجاو لەگەڵ قۆناغەکەدا بڵاوبوونەتەوە و دەرکەوتوون.

لە بارەی مرۆڤ خۆیەوە کە بنەما و گەوهەرێکی سەرەکی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییە، نابێ و ناکرێ ئەو ڕەوشە لە بیر بکرێت، کە بە هۆی چالاکی کاریگەری سۆفستاییەکانەوە کەوتبۆوە، بەتایبەتی کە ئەو بیروبۆچوون و وێنەیان لە مێشکدا چەسپاندبوو: مرۆڤ بوونەوەرێکی سەربەخۆی کۆمەڵایەتییە، پێودانگ و پێوەر و سەرپشکی هەموو شتێکە بە بوون و نەبوونەوە، شت فێر دەبێ و دەزانێ، توانای کار و کارکردنی هەیە و شتی لە دەست دێت و دەتوانێ شت بکات.

ئەوەی لێرەدا پێوەندی بە بابەتی هزری کۆمەڵایەتییەوە هەیە لە ناو شیرازەی توندوتۆڵی فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا Sozial Philosophie ئەفلاتوون بە چەند بنەمایەك پشت قایم بووە، کردوونی بە بناخە و جیهانبینییە فراوانەکەی لەسەر دامەزراندووە. ئەم بنەمایانە دەکرێ لەم خاڵانەدا پوختە بکرێنەوە:



**یەکەم: دوو ڕەنگی** Dualismus لە هەموو شتێکدا سەر مەشق و دەستبەکار بووە [1]هەر لە زانینەوە تاوەکو جیهانی فیزیکیی دەوروبەر.

بۆ ساخکردنەوەی ئەم بۆچوونەی بەتایبەتی لە بارەی زانین و پرۆسەی فێربوون و شت زانین و پەروەردەوە بە دوور و درێژی نموونەی ئەشکەوت — Hoehlengleichnis لە بەشی حەوتەمدا (پەرەگرافی 514) لە کتێبی کۆماردا دەخاتە بەرچاو. ئەم نموونەیە لە قاڵبێك دەچێ تیۆری بە پیت و پێزی زانینی ئایدیالیستی تێدا داڕێژراوە[2] جیهانی ئێمە، بەپێی ئەم تیۆرییە، سێبەر و لاساییکردنەوەی جیهانی ژیرەکییە. ئەو زانینەی ئێستاکە مرۆڤ لەم جیهانەدا هەیەتی بەشێکی بچووك و هەندەکییە لە زانینێکی ڕاستەقینە، کە نەفسی مرۆڤ پێش ئەوەی بێتە ناو لەشەوە هەیبووە.

**دووەم: داد و دادپەروەری** گەوهەری ژیانە و مەبەستی سەرەکی پرۆسەی سیاسییە و ئەو پەیوەست و شیرازەیەیە، کە ساخی و توندوتۆڵی کۆمەڵگا ڕاگیر دەکات، دەبێتە مایەی ئەوەی وەك ئۆرگان و پێکهاتەیەك ڕۆڵ و دەوری سەرەکی خۆی لە ژیانی ئەندامانیدا بگێڕێ.

ئەوی لەم کایەدا سەرنجی ئەفلاتوونی ڕاکێشاوە، بەچاوی خۆی دیویەتی و لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەستی پێکردووە، هەموو ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی سەردەمی خۆی کە لە سەرکاربوون چەوت و بەدکاربوون دەستوور و قانوونەکانیشیان ئەوەندە ناڕەوا و بێکەڵك بوون بەبێ موعجیزەی خواوەند نەکراوە بە هیچ جۆرێك بیر لە چاککردنیان بکرێتەوە.[3]

ئەم دۆخ و ڕەوشە وای لە ئەفلاتوون کردووە، کە بێتە سەر ئەو باوەڕەی لە دوو ڕێگا بەولاوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە سەختە شتێکی تر شك نەبات:

(1) Platon. Der Staat. Par. 511.Buch.6.

(2) Platon.Ebenda. ar.514. Buch.7.

(3) سارتون، جورج: تطور الفكر السياسي، ت: حسن جلال العروسي، القاهرة، دارالمعرف بمصر 1971، ج1، ص44، فما بعد.

((دەبێ ئەو فەیلەسووفانە دەسەڵاتی حوکمڕانی کردنیان بدرێت دەست کە بەڕاستیی پەیڕەوی فەلسەفە دەکەن، یاخود: چینی فەرمانڕەوا کە کاروباری سیاسییان بەدەستەوەیە بە موعجیزەی خواوەند ببن بە فەیلەسووفی ڕاستەقینە))[1] ئەگەر مرۆڤ لە ڕوانگەیەکی مێژووییانەوە نەك بە پێودانگی مودێرنی سەردەم، سەرنجی ئەو قسەیەی ئەفلاتوون بدات دەکرێ لە دوو خاڵدا، لە دوو لایەنەوە نەك هەر پاکانەی بۆ بکرێت، بەڵکو بە شتێکی ڕاستەقینەی سەردەمی خۆی وەربگیرێت:

1- لەبەرئەوەی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی چ لە ژیان و لە زانیندا ڕۆڵێکی گرنگ و چارەنووس ساز دەگێڕن، پێویستە ئەم پرۆسەیە بەبێ جیاوازی و بە یەکسانی هەموو کەسێك بگرێتەوە. ئەم بۆچوونە لە خۆیدا پشت ڕاستکردنەوەی تیۆرییەکەی سوکراتە کە وتوویەتی: زانین چاکەکارییە و نەزانین بەدکارییە.

ئەگەر مرۆڤ، بە پێی ئەم تیۆرییە، زانا و شارەزا بوو، زانین و شارەزاییەکەی کار لە بیروبۆچوون و کردارەکانی دەکەن ئەو کاتە بێ سڵ و پارێز، بە ئازادی و زانینی تەواوەوە چاکە دەکات و خۆی لە بەدکاری و خراپە دوور دەخاتەوە!

2- فەلسەفە چ وشە و چ ناوەڕۆك کە ئەفلاتوون بەکاری هێناوە بریتی بووە لە ئینسکلۆپیدییەك چوارچێوە ئاسا هەموو بابەتەکانی تری ژێر و بەرهەمی بیری مرۆڤی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە هەر لە پەروەردە و زانین و ڕەوانناسی و هزر و بیری کۆمەڵایەتی و سیاسەت و ... تاوەکو دەگاتە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی ... تاد.

**سێیەم:** ئەفلاتوون، وەك خۆی وتوویەتی، سەرگەرمی پیادەکردنی داد و چاکەکاری Tugend بووە، بە دوای ڕاستی و ڕاستەقینەدا گەڕاوە. بە لایەوە چاکەکاری و ڕاستی و ڕاستەقینە بێ سنوور و ڕەهان و بە هیچ جۆرێك پابەندی قۆناغ و کات و شوێن و ژینگەی تایبەتی نین، بۆیە ئەو دەوڵەتی شارەی کە

(1) Platon. Der Staat. Par.473.



دەخوازرێ دابمەزرێت پێویستە ئەوەندەی لە توانادا هەیە و دەکرێ سەقامگیر، ئارام و لە هەموو جۆرە گۆڕانێکەوە دوور بێت. بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەت و ڕێژیمە لەو نموونەیەوە نزیك بێتەو کە لە ئاسماندا هەیە، واتە لە سەروو سروشتەوە، دەبێ و بە تەواوەتی لە گۆڕان، لە ماددەوە دوور بێت و پابەندی هیچ جۆرە کات و شوێنێك نەبێت.

ئەگەرچی ئەفلاتوون لەگەڵ فیتاگۆرسییەکان لەو باوەڕە دابووە کە باوەڕ، دڵنیایی بوون، دوور بوون لە گومان و دڵکرمێبوون بابەتێکی ناخی دەروونی مرۆڤن و ناکرێ ئەم ڕەوشە دەروونییە بە کەسانی تر بگەیەنرێ و بخرێتە ناخیانەوە، چونکە بابەتەکە لە خۆیدا بەشێکی گرنگی شێواز و ڕێگا و چۆنێتی ژیان و بەسەربردنی ژین پێك دەهێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، وای داناوەکە دەبێ مرۆڤ ئەگەر سیاسەتمەدار بێت و کاری بەڕێوەبردنی دەوڵەتی بدرێتە دەست بە ڕێگای دیسپلینی گیانی و ڕێوشوێنی ئاکارییانەوە وا ڕابێت، کە چاکە خواز بێت و بتوانێ چاکەکاری لە بەدکاریی جیا بکاتەوە یەکەمیان هەڵبژێرێ و سڵ و پارێز لە دووەمیان بکاتەوە بگرە بیخاتە لاوە، چونکە ئەو کەسانەی ئەو پەروەردە و پێگەیاندنە کۆمەڵایەتییەیان نەدیبێ و پێیدا تێنەپەڕیبن، یاخود بەشدارییان تێیدا نەکردبێ و کاروباری بەڕێوەبردن و سەرکردایەتی کردنی دەوڵەتیان پێ بسپێردرێ دەبنە مایەی شێواندن و چەواشەکردن و تێکدانی دەوڵەت خۆی و لەوانەیە ڕێژێمە دامەزراوەکەش لەناوبەرن.

ئەنجامێك کە لەم بۆچوونەی ئەفلاتوون دەکەوێتە، کە گوایە پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کارێکی پێویست و ناچارەکین، ئەوەی مرۆڤی شارەزا و دانا و ئەرك و چالاکی داناییان وا پێویست دەکات کە ئەو کەسەی داناییە خەریکی هیچ جۆرە کار و پیشەیەك نەبێت، بەڵکو دەبێ هەمیشە کات و چالاکی و بیرکردنەوە و دەرفەتی تەواوی خۆی بۆ هەڵسوڕاندنی ئەو کار و ئەرکە گیانییە بێت، کە پێی سپێردراوە [1] دەوڵەتیش مووچە و پێویستی ژیانی بۆ دابین

(1) Russell, Bertrand,Philosophie des Abend Landes, Munchen 2000.s.135.

دەکات. کار و پیشە و کاسبی بۆ پەیداکردنی پێداویستی ژیانی رۆژانە کۆسپ و تەگەرە دەبن لە بەردەم دانایی و زانین و شارەزایی و کارمەندیی و دەستبەکاریی مرۆڤی دانا و بیرمەند و سیاسەتمەداری کاری پێ سپێردراو، بۆیە دەبێ ئەو جۆرە مرۆڤانە خەمی پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانە و و خێزانیان نەبێت و ئەوە پێداویستییانەیان بۆ دابین بکرێت، بۆ ئەوەی بێ پسانەوە دەرفەتیان هەبێ لە جیهانی بێگەردی بیرکردنەوە و رەوشی هزری و گیانییدا بە ئارامی سەرگەرمی کۆشش و هەوڵدان و کارکردن بن و هیچ شتێك نارەحەت و سەخڵەتیان نەکات و بەلای شتی تر لاوەکیدا نەیانبات و خەریك نەبن.

ئەم جۆرە دەرفەتە کە کاتی خۆی ئەفلاتوون بۆ سەرۆك و شا و کاربەدەستە پایەبەرز و سیاسەتمەدارانی دەوڵەت پێشنیازی کردووە لە لایەن پەرەسەندنی شارستانییەوە، بە هەموو لایەنەکانییەوە، ساخ و پشتڕاست کراوەتەوە.

لەگەڵ پرۆسەی ئاڵۆز و درێژخایەنی پەرەسەندن، کە کۆمەڵی لێ پەیدا بووە ئینجا دەوڵەت کەوتۆتەوە، دەوڵەت وەك ئۆرگان و رێکخراو و پێکهاتەیەك، کە بە جۆری جیاواز بە پێی کات و شوێن و قۆناغ پێناسەکراوەو لێکدراوەتەوە، ئەو پرسیارە لە مێشکدا ورووژاوە، ئایا پەیدابوونی کۆمەڵگا پێویستییەکی سروشتی بووە ژیان و گوزەران سەپاندوویەتی، یاخود جۆرە چالاکییەکی هەرەمەکی بووە و لە خۆیەوە کەوتۆتەوە، یان جۆرە گرێبەست و بەند و رێکەوتنێك بووە لە نێوان تاکەکەسانی کۆمەڵدا کە خواست و ئیرادەیانی دەربڕیوەو پیادە کردووە؟!

بە پێچەوانەی سۆفستاییەکانەوە ئەفلاتوون لەم کایەیەدا هەموو جۆرە کاریگەری و ئاسەوارێکی خواست و ئیرادەی مرۆڤی بردۆتە دەرەوە و لەو باوەڕەدا بووە، کە پەیدابوونی کۆمەڵی مرۆڤ — دەوڵەت لەسەر بنەمایەکی سروشتییانە پەیدابووە و کەوتۆتەوە و جۆرە هۆکارێکی پاڵنەری زگماکی (غەریزە)-Instinkt لەم گۆڕەپانەدا رۆڵی سەرەکی گێڕاوە.

ئەفلاتوون لەو بۆچوونەیدا بەوە پشت ئەستوور بووە، کە مرۆڤ لە سروشتەوە گەوهەر و بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە ناتوانێ بەبێ خێزان و کۆمەڵگا و شار و



دەوڵەت ژیانی بەسەربەرێت. ناچاریی پێداویستی کۆمەڵایەتی دەبنە مایەی ئەوەی شار – دەوڵەت – یەکەم رێکخراو و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بێت، ئەمەش لە سروشتی مرۆڤ خۆیەوە دەکەوێتەوە و پەیدا دەبێت.[1] دەوڵەت لە خۆیدا لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی، لە کۆیەکی رێکوپێکی خەڵك و مرۆڤ بەولاوە نییە. داهاتی دارایی و دەرامەتی رێژێم و سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژینگە و خاکی دیاریکراو ئەو بنەما و بنەڕەتانەن، کە بوونی دەوڵەت پێیانەوە بەندە. بۆیە پەیدابوونی دەوڵەت شتێکی سروشتییە و لە هەموو هەڕەمەکییەکەوە دوورە، بەڵکو ئەنجامێکە لە هۆکار و فاکتەر و قانوونەکانی سروشت خۆی دەکەوێتەوە و پەیدا دەبێت.

بەلای ئەفلاتوونەوە دادپەروەری، کە بابەتی سەرەکی ژیانی سیاسی و کەرەسەی سیاسەتە خۆی ناوەکەی لە وشەی ساخ و راستییەوە Richitgkeit وەرگیراوە. لە کاروباری دەوڵەتدا، لە بیرو کردار و رەفتاری مرۆڤ خۆیدا، لە قانوون و دامودەزگا و دامەزراوەکاندا پێویستە لەگەڵ نمونەی راستیی دیسپلین و رێکوپێکی بەرێوەبردندا، گونجاو و تەبا بێت،[2] ئەمەش وا پێویست دەکات کە ئەم لایەنە بە گرنگ دابنرێت:

مەبەست و ئامانج لێرەدا ئەو شتە نییە کە دڵی مرۆڤ دەیخوازێ و بە هیوایەتی پێی بگات، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە پێویستە مرۆڤ وەك ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێی بکات و رایبپەڕێنێ.

مرۆڤ دەبێ ئەو کارە بکات، کە سروشت بۆی داناوە و بۆی بڕیوەتەوە، بێگومان مرۆڤ شایستەی ئەوەیە، کە سروشت بۆی دادەنێ، بۆیە ئەفلاتوون وتەنی: راستی و ژیری و دانایی و دەستپاکی و ئاکارجوانی، دەبێ بنەمای

[1] عبدالباقي، دكتور زيدان، التفكير الآجتماعي نشأتة و تطورة، القاهرة، مطبعة السعادة، 1974 ط2، ص43 وفي طبعة الثالثة مكتبة غريب، 1981، ص51.

[2] Hirschberger, Johannes, Geschichte der philosophie, Bd.I.Komet. Köln. 1980. S.134.

راستەقینەی سیاسەت بن ... ئەگەر ئەو قسەیەی ئەفلاتوون بایەخێکی مێژوویی هەبێ، ئەوا لەگەڵ بارودۆخی مۆدێرن و شارستانییەتی سەردەمدا بڕ ناکات.

کەسێك لاری لەوە نییە، کە سیاسەت ئەو هونەر و هێز و توانایەیە Kunst des moglichen کە ئەو شتانە وەدی دێنێ و پیادەیان دەکات کە شیاوەکین و لە تواناداں، ئیتر ئەم شیاوەکی و دەستپاکییە لە سیاسەتدا بەیەکەوە دەگونجێن یان نا؟ بابەتەکە ناکرێ لەگەڵ بۆچوونی ئەفلاتووندا بخرێتە دوو تای تەرازووە.

ئەفلاتوون، بۆ گەیشتنە ئەو ئامانجەی بۆ سیاسەت داینـاوە، پشت بە دوو بنەما دەبەستێ:

یەکەم: بەراوردکردنی مرۆڤ — تاکەکەس لەگەڵ دەزگا و پێکهاتەی دەوڵەتدا.

ئەفلاتوون دەڵێ: ((دادپەروەری بابەتی لێکۆڵینەوەکەمانە، ئەگەر ئەم دادە وەك چاکەکاری لە تاکەکەساندا هەبێت، ئەوا لە دەوڵەتیشدا دەبێت هەبێ، بەڵام دەوڵەت لە مرۆڤ مەزنترە ... کەوابوو لە وێنەی گەورەی دادپەروەریدا باشتر بابەتەکە دەرکی پێدەکرێت، بۆیە پێشنیاز دەکەم یەکەم جار لە سەرەتاوە لە سروشتی دادپەروەری لە دەوڵەتدا بکۆڵینەوە لە دواییدا لە تاکەکەسان، دەبا لە گەورەوە بەرەو بچووك بچین و هەردووکیان پێکەوە بەراورد بکەین.))[1]

دووەم: ڕۆڵی گرنگی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە. چاککردنی کۆمەڵ بە تێکڕایی، ئیتر هەر کۆمەڵێك بێت، کە بویسترێ چاك بکرێت، بە گۆڕینی جۆری بیرکردنەوە و دابونەریت و ڕێوشوێنەکاری ئاکار و شێوازی پەروەردەی ئەندام و تاکەکەسانییەوە بەندە، پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بگیرێتەوە بەر و پیادە بکرێت، دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بێت، کە چاکەکاری زانینە و بەدکاری لە نەزانینەوە پەیدا دەبێ.

هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام و بەروبوومی نەفسی مرۆڤن، ڕێژێم و قانوون و دادیش لە لای خۆیانەوە لە چالاکی ژیر و بیری مرۆڤ بەولاوە نین.[2]

(1) Platon.Der staat.par.336.

(2) بارکر، ارنست، النظرية السياسية عند الاغريق: ت: لويس اسكندر، القاهرة، 1966، ج1، ص281-282.



کۆمەڵی نوێ کە دەخوازرێ ڕەنگی دامەزراندنەکەی بڕێژدرێ پێویستی بەوە هەیە نەوەیەکی نوێ دەستەبەر ببێ و بە جۆرێك پەروەردەیان بکات مانەوە و پاراستنی دەوڵەتی نوێی نموونەیی خوازراو دەستەبەر ببێ، چونکە، ئەفلاتوون وتوویەتی:

ناکرێ بۆ ئەم مەبەستە نوێیە پشت بە نەوەی پێشوو ببەسترێ، چونکە خووڕەوشت و ڕەوشی کۆنی کۆمەڵایەتی مێشکی تێك داون و داد و دیموکراتی و ئازادی لە بیر بردوونەتەوە.!

ئەگەر مرۆڤ لەگەڵ دەوڵەتدا بەراورد بکرێت دەبێ هەر لە سەرەتاوە سروشت و دەروونی مرۆڤ، کە بوونەوەر و گەوهەرێکی کۆمەڵایەتییە شرۆڤە و توێ توێ بکرێت، مرۆڤ وەك ئەفلاتوون بۆی چووە لە سێ بەش، لە سێ هێز و توانا پێکهاتووە، بەرامبەر بە هەر بەش و هێزێکی دەروون و سروشتی مرۆڤ لە دەوڵەتەکە و کۆمەڵدا تاقمێك، دەستەیەك توێژێك هەیە. ئەو خەسڵەت و نیشان و تایبەتمەندییانە لە دەوڵەتدا هەن، لە ئەندامان و تاکەکەسانیشدا هەن، چونکە دەوڵەت ئەم خەسڵەتانەی لە تاکەکەسانەوە پێبڕاوە بۆیە:

((ناکرێ مرۆڤ وای بۆ بچێ کە خەسڵەتی هەڵچوون و تووڕەیی و توندوتیژی کە لە دەوڵەتی تراکییەکان و سکودییەکان و گەلانی باکووردا بە گشتی هەیە، یاخود خەسڵەتی مەیل بوون بۆ زانست لە لای ئێمە، یان حەزکردن لە ماڵی دنیا کە یەکەم خەسڵەتی فینیقییەکان و دانیشتووانی میسر[1])) لە تاکەکەسانەوە بۆ دەوڵەتکەیان نەچووە!

ئەگەر بویسترێ دەوڵەتێکی نموونەیی دوور لە مەترسی تێکچوون دابمەزرێنرێ، پێویستە هەر لە سەرەتاوە پشت بە سیستەمێکی تایبەتی پەروەردە ببەسترێ و ئەو خەسڵەت و دابونەریت و پێوەندییە کۆمەڵایەتییانە لابردرێن کە لەم بوارەدا وەك کۆسپ و تەگەرە دێنە بەردەم و لەسەر ڕێگا قووت دەبنەوە.

(1) Platon.Der staat.par.436.

**مرۆڤ، بە باوەڕی ئەفلاتوون لە سێ هێز و توانا پێك هاتووە:**

-ژیر

-تووڕەبوون

-زاوزێ.[1]

بەرامبەر بەو سێ توانایە دەبێ دەوڵەت لە سێ تاقم پێك بێت، چونکە دەوڵەت بەم پێیە سێ جۆرە ئەرکی کەوتۆتە ئەستۆ:

- بەڕێوەبردنی کاروبرای کۆمەڵگا و دەوڵەت، ئەمە بەرامبەر بە فاکتەر و هێزی ژیرە لە لەشی مرۆڤدا.
- داکۆکی کردن و بەرگریی، پاراستنی دەوڵەت و کۆمەڵگا بە پێکهاتە جۆربەجۆرەکانییەوە. ئەم لایەنە بەرامبەر بە هێزی تووڕەبوونە لە مرۆڤدا.
- بەرهەمهێنان. ئەگەر زاوزێ سەرچاوەی بەرهەمهێنانی مرۆڤ بێ، ئەوا دەوڵەت بە هۆی چین وتوێژی دیاریکراوەوە، واتە چینی سێیەم، بەند و کۆیلە و بۆرە پیاوان پێداویستی ژیانی رۆژانەی ئەندامانی کۆمەڵگا و کاربەدەستانی دەوڵەت دابین دەکات. دادپەروەری مرۆڤ ئەگەر کاتێك دەستەبەر ببێ، کە سێ هێزە سەرەکییەکەی دەرروون و لەشی، لە ناوخۆیاندا جۆرە پێکەوە هەڵکردن و گونجانێك لە خوارەوە بۆ سەرەوە بنوێنن، ئەوا دادپەروەری لە دەوڵەتدا ئەوەیە، کە هەر چین و توێژە ئەو ئەرکە رابپەڕێنێ کە پێی سپێردراوە و سەرگەرمی بەدەستهێنانی پلەوپایەکی تر نەبێت!!

سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و ئەرکی دامەزراندنی دەوڵەتی نموونەیی، دەستەبەربوونی مانەوە و پاراستنی رێکوپێکی و رێگاگرتن لە ئاژاوە و سەرگەردانی بەلای ئەفلاتوون بە جێبەجێگردنی ئەم خاڵ و و لایەنانە دەبێت:

**یەکەم:** هەڵوەشاندنەوە و تێکدانی شیرازەی خێزان بە جۆرێك هیچ پیاوێك ژنەکەی خۆی و هیچ زارۆ و کۆرپەیەك دایك و باوکی خۆی نەناسێت.[2]

(1) Plato, Ebenda. Gleiche paragraph.

(2) Platon.Der staat.par.461.



**دووەم:** لابردن و نەهێشتن و بە یەکجارەکی پەکخستنی موڵکداریێتی تایبەتی.[1]

**سێیەم:** کار و پلەی سەرۆکایەتی دەوڵەت دەبێ بدرێتە دەست فەیلەسووف یاخود بەو کەسە بسپێردرێ کە بە پرۆسەیەکی بەرنامە بۆ دانراو و درێژخایەنی پەروەردەدا تێپەڕ ببێ و لە فەلسەفەدا شارەزایی پێویستی هەبێ.

ئەفلاتوون وتوویەتی:

((فەیلەسووف دەبێ شای ولاتەکەی بێت یاخود ئەوانەی بە شا و فەرمانڕوایان ناودەبەین فەیلەسووفی راستەقینە بن، ئەگەر بێتو دەسەلات و کاروباری دەوڵەت بە دەست کەسێکەوە نەبێ، کە هەردوو هێز و توانای دەسەلاتی سیاسی و فەلسەفەی هەبێ .. دەوڵەت و مرۆڤایەتی دووچاری دەستی بەدکاری و شەڕ و نەهامەت و خراپە دەبن))[2]

**چوارەم:** پێویستە حوکمڕانی کردن جۆرە هونەر و دەستڕەنگینی و تەکنیك و لێهاتوویی و شارەزاییەك بێت، کە بە زانینی راست و دروستەوە بەند بێت، هەروەها یارمەتی و کۆمەك وەك ئەرك و چالاکی ئالوگۆڕکردنی شمەك (شت و مەك) و دابینکردنی پێداویستی نێوان تاکە کەسانێك کە بەهرە و زانین و شارەزاییەکەیان لەم ئەرکەدا پشتگیرییان دەکەن، بەو لاوە نییە.[3]

ئەفلاتوون سێ هێز و توانایەکەی مرۆڤ و سێ چین و توێژەکەی کۆمەڵگا بەرامبەر بەیەکتری دادەنێ و خەسڵەتی جۆرە کانزایەکیان پێدەبەخشێ بۆ نموونە:

- توانای زاوزێ لە مرۆڤدا بەرامبەر بە چینی بەرهەم هێنەرە لە دەوڵەتدا و ئەمانە ئاسنن.
- لایەنی هەڵچوون و تووڕە بوون، کە لە سنگدایە بەرامبەر پاسەوان و سەربازانی پارێزگاریکردنی کۆمەڵگا و دەوڵەتە ئەمانە زیون.

(1) Platon.Ebenda.par.462.

(2) Platon.Der staat.par.473.

(3) سارتون، جورج، نفس المصدر السابق، ك1،ص51.

– ژیر کە لە سەردایە بەرامبەرەکەی ئەو چینی سیاسەتمەدار و فەیلەسووفانەن کە کاروباری سەرکردایەتیان بە دەستە،[1] خۆیان زێڕن.

بابەتێکی گرنگ کە لە کتێبی کۆمارد — لە چوارچێوەی هزری کۆمەڵایەتیدا — سەرنجڕادەکێشێ، هەردوو خاڵی:

**یەکەم:** بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی .[2]

**دووەم:** کێشەی بەندە و کۆیلەیە.

لە خاڵی یەکەمدا دانای یۆنانی بەوپەڕی سووربوونەوە هەموو جۆرە بزووتنەوە و گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵی ڕەتکردۆتەوە و پێی لەسەر ئارامی و نەگۆڕان داگرتووە.

چین و توێژەکانی کۆمەڵ لە یەکتری جیاوازن، هەر لایەنە ئەو ئەرکە و ئەو فرمانەیان پێدەسپێردرێ، کە سروشت ئاسا تێیدا شارەزا و و پسپۆڕن. ئەندامی هەر توێژێك سروشتی تایبەتی خۆیان و توانا و لێهاتوویی لە یەکتری جیایان هەیە و ناتوانن هەموو ئیش و کارێك کە شیاو و لێهاتوو نەبن رابپەڕێنن. بۆ ئەوەی چاوچنۆکی و چاوتێرنەبوون و تەماعی دنیا و ئارەزووی دەوڵەمەندبوون و کۆکردنەوەی ماڵ و پارە و سامان و دراو دایاننەگرێت و بۆ ئەوەی ئەندامی هیچ چینێك ئەو هەست و ئارەزووە نەکەوێتە کەللە و ناخ و دەروونییەوە، بیر لە چوونە ریزی چینێکی تر بکاتەوە، ئەوی جەنگاوەرە بیر لەوە نەکاتەوە ببێ بە کاربەدەستێکی تر لە پلەوپایەکی تردا، دەبێ هەر کەس لە شوێن و جێگای خۆیدا بمێنێ، ڕێگای هیچ جۆرە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی نادرێت و ئەو هۆکارانە تەخت دەکرێن، کە دەرفەتی پێچەوانەی ئەم مەبەست و ئامانجانە دێننەکایەوە.

کێشەی بەند و کۆیلایەتی، کە خاڵی دووەم بوو، بەلای ئەفلاتوونەوە نە کێشەیە و نە دیاردەیەکی نائاسایی و ناڕەوایە، بەڵکو شتێکی ئاسایی و

[1] Plato. Der staat. Par. 440-441.

[2] قرني، دكتور عزت، الحكمة الافلاطونية، القاهرة، 1974، ص51.



سروشتییە، ئەوی نائاسایی بووە ئەوەیە یۆنانی رەگەزێك یۆنانییەکی تر بکات بە کۆیلە و بەندی خۆی.[1] ئەفلاتوون بەم جۆرە بوونی کۆیلە روا دەکات:

((من بەشبەحاڵی خۆم لەو باوەڕەدام، کە تاقم و دەستە و کەسانێکی تر هەن، کە لە دەوڵەتدا کاردەکەن، تاقمێك کە ئاستی ژیرەکییان (ئەقڵیان) ڕێگایان نادات تێکەڵاوی کۆڕ و کۆمەڵ بن، بەڵام بە هۆی هێزی زۆر و زەبەندی لەشیانەوە دەتوانن قورسترین و سەختترین کار بکەن و کرێی ئەم ئیش و کۆششەیان وەردەگرن، لێرەوە من وای بۆ دەچم، کە ئەوان بە کرێکاری رۆژانە ناو دەبرێن)).[2]

کەوابوو بە پێی ئەم دەقە هەبوونی بەند و کۆیلە شتێکی سروشتی و ئاساییە و ئۆباڵەکەشی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسە خۆی، کە لە زگماکەوە سروشت توانای ژیر و ئەقڵی ئاسایی پێ نەبەخشیوە، بەڵام لە بەرامبەر ئەم کەم و ناتەواوییەی سروشت لەشێکی بەهێزی کارکردنی داوەتێ.

هەر لە کتێبی کۆماردا بەتایبەتی لە سەرەتاوە تاوکو کۆتایی بەشی پێنجەم سیستەمێکی ڕێکوپێکی پەروەردەکردنی پاسەوان و جەنگاوەر و سەربازان رەنگڕێژراوە، لە تێکرای پرۆگرامەکەدا ئەفلاتوون لە خەمی ئەوە دابووە، کە دەبێ پاسەوانان بەوپەڕی دڵسۆزییەوە گوێڕایەڵی قانووندانەران و[3]سەرۆکی دەوڵەت بن و لە جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانیان بەولاوە بیر لە شتێکی تر نەکەنەوە.

ئەفلاتوون بەم جۆرە باسی پرۆگرامی پەروەردەکردنەکەی کردووە:

((لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا دەست بە جێبەجێکردنی ئەم پرۆگرامە دەکرێت))، ئەم دەستنیشانکردنەی کات و شوێن دەری دەخات، کە سەرەتای دەستپێکردن گرنگ و بایەخدارە، بەتایبەتی ئەگەر بابەتەکە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی زارۆو و منداڵەوە هەبوو بۆ دابینکردنی

[1] Plato., Der staat. Par. 469.

[2] Plato., Ebenda. Par. 371.

[3] Russell,. B, Ebenda. S.130.

نەوەیەکی نوێ. پەروەردەکرن لە خۆیدا بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی ئەو هەلومەرجانە کەلە دەوروبەر و نزیکەوە کار لە کۆرپە و ساوا و زارۆوەکان دەکەن، ئیتر مەبەست لە لایەنی ئاکار و رەوشت بێت یاخود لە پێگەیاندنی لەش و تەندروستی. ئەفلاتوون پتر وتوویەتی:

((چەند ئاهەنگێك دەگێڕین تیایاندا لەوێ کوڕ و کچ بۆ ئاهەنگ و شایی و زەماوەندی بووك و زاوایی کۆدەکەینەوە و ... داوا لە شاعیرەکان دەکەین هەڵبەست ئەوتۆ دابنێن لەگەڵ ئاهەنگی جووت بوونی ئەم کوڕ و کچانە، ئەم بووك و زاوایانە بگونجێ)).[1]

دوای کۆتایی هاتنی ئەو ئاهەنگە کوڕ و کچەکان بۆ دوا جار لە یەکتری جیا دەکرێنەوە، نابێ یەکتری بناسن و بیر لەوە بکەنەوە ببن بە ژن و مێردی بەردەوام. دەبێ لە کاتی دیاریکراودا زاروو و منداڵەکان لە دایك ببن. ئەو منداڵ و زارۆو و ساوایانەی لە رۆژی دیاریکراودا لە دایك دەبن کۆدەکرێنەو، ساخ و هەڵکەوتەکان هەڵدەبژێردرێن و ناساخ و سەقەت و ئەوانەی پێش یاخود دوای رۆژی دیاریکراو لە دایکبوون دوور دەخرێنەوە.. دەست بە پەروەردەکردنی هەڵبژێردراوەکان دەکرێت. بۆ ئەم ئەرکە پەروەردەییە دایەنی تایبەتی هەڵدەبژێردرێن نابێ هیچ پیاوێك ژنەکەی خۆی بناسێتەوە و هیچ باوك و دایکێك کۆرپەکەیان بناسن و هیچ کوڕ و کچێك دایك و باوکی خۆیان بناسن. پەروەردەکە بە گشتی دەکرێ بە سێ قۆناغەوە.

**یەکەم:** لەم قۆناغە سەرەتاییەدا، کە زۆر لە باخچەی ساوایان و قۆناغی خوێندنی سەرەتایی دەچێ، منداڵەکان لەم تەمەنەدا فێری نووسین و خوێندن دەبن و وەرزش و پەروەردەی لەش و موزیك دەخوێنن سەرەڕای چەند بابەتێکی بنەڕەتی پەروەردە. وەرزش و پەروەردەی لەش لەشیان ساخ و بە هێز دەکات و فێری ئازایی و پشوو درێژیی و خۆڕاگرییان دەکات. موزیك دەروون و نەفس مشتوماڵ دەکات و جۆرە نەرم و نیانی و لەسەرخۆییان پێدەبەخشێ. خۆ ئەگەر

[1] Plato., Der staat. Par. 460.



ئەمانەش بەیەکەوە بگونجێنرێن ئەوا دەبنە مایەی هەماهەنگی و رێکوپێکی و لە یەکتری وەشاوەیی Ebenmass کەسایەتی مرۆڤن.[1]

ئەفلاتوون لەم قۆناغەدا بابەتی ئەدەب (شیعر) و هونەری خستۆتە چوارچێوەی موزیکەوە. لە سەرەتادا داوای دورخستنەوەی شیعرەکانی هومیرۆس و هیزیۆدی کردووە، چونکە ئەم دوو کەڵە شاعیرە وشەی وایان بەکارهێناوە و بۆچوون و وێنەی ئەوتۆیان داوەتە دەست، گوایە مێشکی کۆرپەکان تێك دەدات و هونەرمەندانیش ناڕاستن. چونکە بە بەرهەمەکانیان لاسایی شتی لاساییکراوە دەکەنەوە، ئەمەش دوو جار لە راستی و نموونەی بەرز دووریان دەخاتەوە.

**دووەم:** ئەم قۆناغە لە تەمەنی بیستساڵییەوە تاوەکو سیساڵی دەخایەنێ تێیدا پاسەوانانی پاشەڕۆژ بیرکاریی و ئەندازە و زانستە جۆربەجۆرەکان دەخوێنن.

هەر لەم بارەیەوە، ئەفلاتوون وای داناوە، کە رێگە دەدرێ ژن لە 20ساڵییەوە تاوەکو تەمەنی 40 ساڵی زاوزێ بکات و منداڵی ببێ، بەڵام بۆ پیاو ئەو ماوەیەی لە نێوان 25 ساڵی تاوەکو 55 ساڵی تەمەنی ژیانی دەستنیشانکردووە.

**سێیەم:** دوای تەمەنی سی ساڵی بۆ ماوەی پێنج ساڵ بابەتی دیالێکتیك دەخوێنن. ئینجا بەسەر پۆستەکانی دەوڵەتدا دابەش دەکرێن و وەك تاقیکردنەوە و راهێنان ئیش و کاری سەختیان پێ دەسپێردرێ. ئەوی سەرکەوتوو بوو، دەکرێ بە سەرۆکی دەوڵەت. ئەو کەسەی تاقیکردنەوەکەی سەرکەوتووانە دەبڕی و دەبێ بە سەرۆك، نابێ تەمەنی لە پەنجا ساڵ کەمتر بێت. بە وتایەکی تر، دوای پێنج ساڵ خوێندنی دیالێکتیك – فەلسەفە، دەبێ 15 ساڵ ئیش و کارێك بکەن بە هۆیەوە شارەزاییەکی تەواو لە هەموو کاروباری ژیان بە دەست بهێنن.

[1] Storig, Hans Joachim., Kleine Weltgeschichte der philosophie. Stuttgart. 1961. s. 192.

لەو پرۆگرامە سەرتاپاگیرەی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەفلاتووندا سیاسەت و ئاکار و میتافیزیك ئاوێتەی یەکتر کراون و وەك سێ بابەت و لایەن توندوتۆڵ زنجیر ئاسا سێ ئەڵقەی بەیەکەوە بەستراون.

- له لایەکەوە پرۆگرامەکە لەوەدا پشتی بە ئاکار بەستووە، کە سەرگەرمی ئەوەبوو بیر و ئایدیای دادپەروەری پیادە بکات و مرۆڤی دادپەروەر و دەوڵەتی لە دوو تای یەك تەرازوودا داناوە و بەراورد کردووە سەرەڕای ئەوەی هەر چینێك لەو سێ چینەی دەستنیشانیکردوون ئەو چاکەکاری و ئەرکە کە ئەو پێی سپاردوون پیادە دەکەن[1] چونکە وەك خۆی وتەنی دادپەروەری لەوەدایە هەر کەس ئەو ئەرك و کارە بکات و رابپەڕێنێ کە لە سروشتەوە پێی سپێردراوە.
- لایەنی میتافیزیکەکە لەوەدا دیارە، کە نموونە و ئایدیا و بیر و بنەما و جەوهەری هەموو شتێکن. سەقامگیری و ئارامی و نەگۆڕان بەتایبەتی نەگۆڕانی جەوهەرەکان بنەما و بنج و بنچینەن هەر لە بوونەوە تاوەکو زانین .. تاد. بیر و ئایدیا نموونەن دەبێ لە هەموو شتێکدا پەیڕەو بکرێن و پشتیان پێ ببەسترێت. ئەم بۆچوونە چەسپاندنی هەڵوێستێکی میتافیزیکییە، کە خەسڵەتی نەگۆڕان و یەکڕەنگی و ئارامی دەداتە پاڵ نموونەی بەرز و ئایدیا. بۆیە لە پەڕەگرافی (608)ی کۆماردا وتوویەتی بەدکاری جۆرە گۆڕانێکە شت دەشێوێنێ و تێکی دەدات، کەچی چاکەکاری ئەوەیە شت دەپارێزێ و وەك خۆی دەیهێڵێتەوە.
- ڕاستە ئەفلاتوون کۆششی کردووە دەوڵەتێکی نموونەیی دابمەزرێنێ، بەڵام ئەوی لەم شاکارەی — کۆماردا دەردەکەوێ ئەوەیە هەوڵی داوە سیاسەت لە سوود و قازانج دوور بخاتەوە و لەسەر بنەمای قانوون و بنچینەکانی ئاکار

[1] Capelle, prof. Dr. Wilhelm: Die griechische philosophie. Berlin. 1971. Bd.I. S.263 ff.



دایبمەزرێنێ. ئیتر ئەو لەو باوەڕەدابووە، کە چاکسازی لەوەوە دەست پێدەکات خەڵك فێر بکرێن — پەروەردە بکرێن — پێبگەیەنرێن چۆن رەفتار و کردار دەکەن، چونکە ئەو وای بۆچووە، کە بنەماکانی سیاسەت و کردار کە رێنمایی دەوڵەت و کۆمەڵگا دەکەن هەرهەمان بنەما لە کرداری چاکەکاری و ئاکاردا رێنمایی تاکەکەسانیش دەکات، بۆیە دەکرێ بوترێ کە نەخشەکەی ئەفلاتوون دوولایەنە بووە، چاککردن و بنیاتنانی دەوڵەتێکی نموونەیی ئایدیالیستی و پەروەردەکردن و پەرەپێدانی کەسایەتی مرۆڤ بە پێی چەند بنەمایەك، کە کۆمەڵگا خۆیشی دەگرێتەوە و تێیدا هەموو جۆرە کاروبار و سوود و قازانجێك پابەندی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی ئاکارەکی و ژیرەکی مرۆڤ بن.

ئەم دەوڵەت و پرۆگرامە، کە دادپەروەری پیادە دەکەن لە هەمانکاتدا ئەو مەڵبەند و ژینگەیەن، کە بەختەوەری هاوڵاتیان دابین دەکەن. باوەڕی پتەوی ئەفلاتوون بەهێز و توانای بیر و نموونەی بەرز و ئایدیا ساخ دەکاتەوە.[1] دەریدەخات، کە تۆوی چاککەکاری Tugend دەکرێ بە هۆی سیستەم و پرۆگرامی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە لە ناخی مرۆڤدا بچێنرێ و مرۆڤ سروشت ئاسا و لە زگماکەوە چاك و چاکەخوازە.

[1] Capelle, Ebenda.s.261.

# هزری کۆمەڵایەتی

# لە نێوان بابەتی و ئاکار و سیاسەتدا

**1- ئەرستۆ**

له بەرهەمەکانی ئەرستۆی یۆنانیدا (384-322 پ.ز) بە تایبەتی لە هەردوو کتێبی ئاکار و سیاسەتدا بە لق و بەشە جۆربەجۆرەکانیانەوە، بابەتی بیر و هزری کۆمەڵایەتی بە ناوەڕۆك و روخسارەوە، سەرەڕای بە پێز بوون، گۆڕانی تێروتەسەلی بەسەردا هاتووە.

ئەم گۆڕانە کۆمەڵایەتی، کە دەکرێ بە جۆرە پەرەسەندنێك ناوبرێت ئەگەر لەگەڵ هەمان بابەت لەلای ئەفلاتوون، لە کتێبی کۆمار، سیاسی و قانووندا بەراورد بکرێت، ئەرستۆ لە بیروبۆچوون و جیهاندیدەکەیدا لە چاو ئەفلاتوونی مامۆستایدا بە پێی پێوانەی ئەو سەردەمەی خۆی ریالیستیانە دێتە بەرچاو، بەتایبەتی دەربارەی هەردوو بابەت و کێشەی ((خێزان و موڵکداریێتی تایبەتی))، کە لە لای ئەفلاتوون هەوڵی تێکدرانی شیرازەی هەردووکیان درابوو.

ئەم جۆرە گۆڕانەی هەڵوێست لەلای ئەرستۆ، کە بە ریالیستی ناوبراوە چەند پرسیارێك لە چوارچێوەی دوو کێشەدا دەورووژێنێ:

**یەکەم:** پێوەندی نێوان هزر و بیر لەگەڵ رەگوریشە کۆمەڵایەتییەکانی و ئەو هەلومەرجانە کامانەنە، کە بوونەتە مایەی پەیدابوونی ئەو بابەتە بەو جۆرەی، کە لە چوارچێوەی بابەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی ئەم بیرمەندەدا رەنگی داوەتەوە و کە بە کەرەسەی بیرو هزری کۆمەڵایەتی ناودەبرێت؟!

**دووەم:** کام پەیڕەو رێبازە، پێویستە، بۆ لێکۆڵینەوەی بیر و هزری کۆمەڵایەتی بگیرێتەبەر، پەیڕەو و میتۆدێکی ناوەکی، یان پەیڕەوێکی دەرەکی وەك رابەرانی سۆسیۆلۆژی دەڵێن؟! بە واتایەکی تر ئایا بایەخ بە ناوەڕۆکی بابەتەکە بدرێت، یان لە دەرەوەیدا سەرنج بدرێت و وا دابنرێت، کە



بیروبۆچوون و هزر بە گشتی پێکهاتەیەکی گیانین و لە ئۆرگانێکی ماددییەوە کەوتوونەتەوە کە بە مێشك ناو دەبرێت؟! ئایا مەبەستێکی دیار و ئاشکرای کۆمەڵایەتی و دەروونی هەست پێدەکرێت، کە دەگونجێ تاڕادەیەك، سۆسیۆلۆژی ناسراو کارڵ مانهایم وتەنی: ((بە ئایدیۆلۆژی پێناسە بکرێت))[1]. ئەگەرچی ئایدیۆلۆژی بابەتەکە تاڕادەیەك بەلای سیاسەتدا دەبات و دوور نییە لە مەبەستەکە دوور بکەوێتەوە. هەروەها دوور نییە وا دابنرێت، کە ئەم پرسیارانە لە چوارچێوە گشتییەکەیاندا پتر شیرازە و روخسارێکی تیۆرییانەیان هەبێت و لە هەندێك کایە و لایەندا وا بێنە بەرچاو، کە بیر و هزری کۆمەڵایەتی ئەنجامی راستەوخۆی چەند هۆکار و فاکتەرێکی دەرەکی بن !!، بۆ نموونە بابەتەکە پتر بۆ لای دیاردەی سیاسی و ئابووری و فەلسەفە دەکێشێ و فاکتەری ئایین لەبەرچاو دەگرێ.!

2- بۆ ئەوەی ئەو هزر و بیروبۆچوونانە بە گیانی زانستی و ریالیستیانە هەڵبسەنگێنرێن و ناوەڕۆك و روخساریان لە چوارچێوە و شیرازەی مێژووی خۆیاندا لێك بدرێنەوە و شرۆڤە بکرێن و ئینجا دانەبڕێن، دەبێ وەك چەند پێکهاتەیەکی گیانی بیری شوێن و سەردەم و قۆناغی تایبەتی خۆیان، لە چوارچێوەی پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵدا، کە تێیدا سەریان هەڵداوە، سەرنج بدرێن و لێوەیان جیانەکرێنەوە، چونکە بە پێی بۆچوونی شارەزایانی فەلسەفەی ئەرستۆ ئەم بابەتە بە گشتی ئەگەرچی جۆرە سەربەخۆییەکی بەرچاو نیشان بدات، ناکرێ لە مەیدانی ئاکار و سیاسەت و لە چوارچێوەی فەلسەفە کۆمەڵایەتییەکە جیابکرێتەوە و سنوورێکی دیاریکراوی بۆ بکێشرێ.

[1] مانهایم، کارل، الآیدیولوجیة و الطوبائیة، مقدمة في علم الآجتماع المعرفة، ت: الدکتور عبدالجلیل الطاهر، مطبعة الآرشاد، بغداد، 1968، ص126 فما بعد و فی اماکن مختلفة.

**پشت ئەستوور بەم پێوانەیە دەکرێ هەڵوێستی ئەرستۆ و بۆچوونەکانی دەربارەی:**

- پەیدابوونی کۆمەڵگا و دەوڵەت .
- جۆرەکانی دەستوور و رێژێمە سیاسییە فەرمانڕەواکان.
- هەبوونی چین و توێژی جیاواز و رەواکردنی کۆیلایەتی.
- پێوەندی نێوان ئەندامانی خێزان و پەروەردەکردنی زارۆو (منداڵ) و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ... کە لە زۆر لاوە لەهی ئەفلاتوونی مامۆستای جیاوازن، پاکانەیان بۆ بکرێت و پاسا و بدرێن.

کۆمەڵ چییە و چۆن پەیدا بووە؟ دەوڵەت چۆن پێك هاتووە؟ مەرجەکانی مانەوەی و بەردەوام بوونی کامانەن؟ پێوەندی بە کۆمەڵ و تاکەکەسانەوە چییە و چۆنە؟ کامیان هەبوونی ئەوی تریان دەستەبەر و پێویست دەکات؟ ئایا دەکرێ بڕیارەکەی ئەرستۆ پەسەند بکرێت کە وتوویەتی، دەوڵەت وەك هەمەکییەکی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و قانوونی و دەستوور و سیاسی لە روانگەی مەنتیقەوە دەکەوێتە پێش هاوڵاتیان و کۆمەڵگا و لە پێشیانەوە دێت[1] ؟! ئایا ئەگەر وەك گریمانەیەك، وا دابنرێت کە هاوڵاتی و خێزان و کۆمەڵ لە ئارادا نەبن، دەکرێ بوونی دەوڵەت بە هزرو بۆچووندا بێت؟!

ئەم پرسیارە پتر بەلای کێشەی پێوەندی نێوان هەندەکی و هەمەکی و بابەتی مەنتیقدا دەچێ و وەڵامەکەی بۆ بابەتی هزری کۆمەڵایەتی سوودێکی راستەوخۆی نابێت.

ئەرستۆ نیشانی داوە، کە مرۆڤ لە سروشتەوە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە و زمان ئامرازێکی گرنگی پێوەندی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییە، هزر و هەست و سۆزی ئەو کەسە دەردەبڕێ، کە پێی دەئاخڤێ، بەشێکی سەرەکییە ئەو بوون و خەسڵەتە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسییە پشت راست دەکاتەوە و

(1) Hirschberger, Johannes. Geschichte der philosophie Bd .i.12. Auflage Frankfurt am Main. 1980. s.237.



بگرە یەکەم هەنگاو بە هۆی زمانەوە نراوە بۆ دانانی بەردی بناغەی پێوەندی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵ. دەوڵەتیش لە خۆیدا ئەوکۆ ئۆرگان و پێکهاتەیەیە، کە لە هاوڵاتیان پێك هاتووە، کەوابوو زمان لە پێوەندی کۆمەڵایەتیدا لە ئامراز و دیاردەکانی تر کەمتر نییە.

ئەوی پێوەندی بە پەیدابوونی دەوڵەتەوە هەیە، لە کات و شوێن و قۆناغی دیاریکراودا، ئەم ئۆرگانە دوا ئەڵقەی زنجیرەیەکی ئاڵقەی توندوتۆڵ بەیەکەوە بەستراوی پەرەسەندووە، نەك سەرەتای دەست پێ کردنی ئەم پرۆسەیە، بە واتایەکی تر گومان لەوەدا نییە، کە ئەرستۆ وتوویەتی، لە سەرەتادا خێزان لە پیاو و ژن (ژن و مێرد) و زارووی کوڕ و کچ پەیدابووە، پتر بوونی ژمارەی ئەم خێزانانە گوند و ئاوایی و دێی لێکەوتۆتەوە. لەم گوند و لادێیانەش، شار و باژێر و لەمیانیش کۆمەڵ و ئینجا دەوڵەت پەیدابووە.

ئەم پێکهاتە رێکوپێکە، کە ناوی دەوڵەتی لێنراوە، شتێکی ئاسایی و سروشتییە هۆکارەکەی فرەڕەنگ بووە بریتی بووە لە رێکخستنی ژیان و گوزەرانی تاکەکەس و هاوڵاتیان و کۆمەڵ، دابینکردنی پێداویستییە گرنگەکانی لایەنی ئابووری و بازرگانی و پاراستن و بەرگری کردن دژی داگیرکەر  و بیانی و دوژمنان..تاد. مرۆڤ ئیتر هەر کەسێك بێت و هەر پلەوپایەیەکی زانستی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەبێت لە توانایدا نییە بە تاك و تەنیا خۆی پێداویستییەکانی خۆی، هەر لە بنەماڵەوە تاوەکو خێزان و خانەوادە و بژێویەوە تاوەکو لایەنەکانی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و مانەوە و پاراستن و ئاسایش و لەشساغی و پێشکەوتن..تاد بەبێ کۆمەك و یارمەتی کۆمەڵ و پێکەوە ژیان لەگەڵ ئەندامانی تر و بەبێ یارمەتی دەوڵەت و دامەزراو و دەزگا و ئۆرگانەکانی دەستەبەر و دابین بکات.

3- ئەگەر شارستانییەت خۆی جۆرە پەرەسەندن و بەرەوپێشچوون و پێشکەوتن بێت کە بە چەندین قۆناغ تێپەڕیوە و چەندین کاتی بڕیبێ، ئەوا لە لای خۆیەوە، وەك ئەنجامێکی نالەبار (نێگاتیڤ) کێشەی ژیانی سەخت و

لایەنەکانی ئاڵۆزتر کردووە، راستە ژیـان خـۆی لـە خۆیـدا دیاردەیـەکی ئـاڵۆز و سەرسوڕهێنەرە، کەوتۆتە نێوان دوو قۆناغـەوە، سـەرەتایەکی نـەزانراو، کـە لـە دایکبوونە کۆتاییەکی ئەوپەڕی نادیار و دەرك پێ نـەکراو، کـە مردنـە، پـتر لـە گێژاوێك دەچێ، کە سەر دەرکردنی مرۆڤ لێـی وا سـووك و ئاسـان نییـە ئەگـەر سەخت و دژوار نەبێت. هەر ئەم سەخت و ئاڵۆزییانە و کێشە و بەرە نەپساوەکانی کە وەك تایبەتمەندییەك هەستیان پێکراوە و هاتوونەتە بەرچاو و بوونەتە مایـەی ئەوەی هۆش و بیر و هزری مرۆڤ ناچار بێت سەرگەرمی بایەخدان بێت بە ناوەڕۆك و پوختەی ئامانجەکانی ژیان و بپرسێ: ئایا دەکرێ مرۆڤ وای دابنێ کە پـەیڕەو و میتۆدە و ڕێبازێکی دیاریکراو هەیە، کە ژیان لە پرۆسەی نەسرەوتیدا پابەندێتی؟ ئایا لە توانادا هەیە مرۆڤ پەی بەو پەیڕەوە بەرێت؟!

ژیان بە هەر جۆرێك لێك بدرێتەوە و پێناسە بکرێـت، ئامـانجی تایبـەتی خۆی هەیە، مرۆڤ بە تێکڕایی بەو کار و کردارانەی دەیانکات ئەگەرچی سـادە و ساکار، یان ئاڵۆز و تەم و مژاویش بن، بەمەبەستی دیاریکراوی هەیـە، کـە بریتییە لە ئاوات و ئامانج و دەیەوێ بەدەستیان بهێنێ و پێیان بگـات، ئـەو ئاوات و ئامانجانە، کە مرۆڤ بە کردەوە و لە کردارەکانیدا هەوڵیان بـۆ دەدات لە دوو لا بە دەر نین:

**یەکەم:** ئەو مەبەستە لە خۆیدا دوا ئامانجە و هیچ ئامانجێکی تـری لـە دواوە نییە، کە مرۆڤ هەوڵی بۆ بدات یاخود!

**دووەم:** ئەو ئامانجە ئامراز و ڕێگایەکە بەرەو ئامانجێکی تر و زنجیرەکە هـەتا هەتایە بەم جۆرە بەردەوام نابێت، بەڵکو لە قۆناغێکدا دەگاتە دوا ئامانج کـە هیچی تری لە دواوە نەبێت.[1] مرۆڤ لە ژیانیدا وەنـەبی هەمیـشە سـەرگەرمی ئەوەبێت، کە هەموو شتێك بە ئامراز و ڕێگا دابنێ بەرەو گەیشتن بە شتێکی تر. بۆیە دەبێ مەبەستێك، یان ئامانجێك لە ژیانیدا هەبێ، کە کاری بۆ دەکات

---

[1] الدکتورهـ.سدچویك: المجمل في تأريخ علم الاخلاق، ت: الدکتور توفيق الطويل، عبدالحميد حمدی، ج1، ط1 الأسکندرية، 1949، ص136 فما بعد.



و هەوڵی بۆ دەدات و خۆی لە خۆیـدا مەبەسـت و دوا ئامانجـە و هیـچی تـری بەدوادا نەیەت.

لە ناوجەرگەی کۆمەڵـدا ئـەم دوا ئامانجـە بەگـشتی ناسـراوە، لـە هـەموو زەمانێکدا و هـەموو کـات و سـەردەم و جێگـا و شـوێنێکدا نـاوی چـاکەکاری لێنراوە، ئەو چاکەکارییە ئامـانجی سـەرەکی و دوا مەبەسـتی کـردار و چـالاکی مرۆڤە دوور نییە، لێرەدا ئەگەرێك بکەوێتە دڵەوە و پرسیارێك بە مێشکدا بێـت کە لە ژیاندا بنەمای ڕێژەیی (نسبيەت) دەسـت بـەکارە، مـرۆڤ بەگـشتی لـەناو خۆیاندا، بە پێی توێژ وچین و تایەفە رەگەز و پێوەندی ئابووری و کۆمەڵایـەتی و بە پێی ئەو ئەرکەی کەوتۆتە ئەستۆیان، لە یەکتری جیاوازن، تەنانەت بە دەگمەن دوو کەس، دوو بوونەوەر بەدی دەکرێن، کە لە هەموو لایەن و شتێکدا، هـەر لـە بیرکردنـەوە و روخـسارەوە تـاوەکو کـردار بـە تـەواوەتی وەك یـەك بـن، بگـرە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤێك لەناوخۆیاندا لە یەکتری جیـاوازن هەریەکـە ئـەرك و فرمانی تایبەتی خۆیان هەیە، کە رایدەپەڕێنن، بۆیە دەبێ ئەو کـارەی دەکـرێ چ چاکەکاری بێت، یان بەدکاری بە پێی هەلومەرج و بەپێی ئەو ئەرکەی جێبـەجێی دەکات، بایەخی پێبدرێت و هەڵبسەنگێنرێت.

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییـە ئـەرك و فرمـانی دیـاریکراوی کەوتۆتـە سەرشان و ئەستۆ، ئۆباڵی چالاکی دەستنیشانکراو دەکێشێ، ژیانیـشی ئامـانجی تایبەتی هەیەکە بریتییە لە ((بەختەوەری))، دوور نارۆین، کە بڵێین سـەرکەوتن، لەشساغی، مـاڵ و ژن و پـارە و پـوول و دراو و دارایـی و سـامان و چـاکەکاری خۆشی لەخۆیدا چەند ناوێکن هەمان مەبەست و ناوەڕۆکیان تێدا نیشان دەدرێت، کە دەکرێ بـە دەسـتهێنان و پێگەیـشتنیان بـە وشـەیەك پێناسـە بکرێـت، کـە ئەمەیە: بەختەوەری.

ئەو بەختەوەرییە، کە لە لای هەموو کەسێك و لە هەموو کۆمەڵ و قۆناغ و شوێنێکدا ئەگەرچی ناوی جیاجیای بەسەردا بڕدرابێ سـەر مەشـقی مەبەسـت و ئامانجەکانی ژیانە، باشتر روون دەبێتەوە و تێی دەگەیشترێ، ئەرستۆ وتەنی، کـە

سەرنجی بەشەکانی ژیانی مرۆڤ بدرێت. بەلای ئەرستۆ ئەگەر تێکڕایی سەرنجی ژیانی مرۆڤ بدرێت و کردارەکانی وەك ئەنجام و بابەت لێیانبکۆڵرێتەوە دەردەکەوێ لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

**یەکەم:** ژیانی هەستەکی، ئەمە نزمترین پلەی ژیان و گوزەران بەسەربردنە، چونکە چێژوەرگرتن و خۆشی (لەزەت) بەمەبەست و ئامانج دادەنێ.

**دووەم:** ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، مەبەستی ئەم لایەنە پلەوپایە و هێز و دەسەڵاتە.

**سێیەم:** ژیانی ژیر و ژیرەکی، ژیانی چاکەکاری و بیرکردنەوەو سەرنجدانە بەبێ ئەوەی مەبەستێکی دیار و ئاشکرای دارایی، یان سیاسی، یان دنیایی هەبێت. ئەم کەسانە دانا و ژیر و بەختەوەرن.

بە پێی ئەم دابەشبوونە سێ جۆر بەختەوەری هەیە بە هەر سێ مانای هەستەکی و سیاسی و ژیرەکی،[1] کە هەریەکەیان دوا ئامانجی کردار و هەست و نەست و بۆچوون و جیهاندیدی ئەو لایەنەن کە باسکران.

4- بە بۆچوونی ئەرستۆ، ژیان و گوزەران بە هەرسێك بەش و جۆری دوا ئامانجەکانییەوە لە هەڵسوکەوت و گوزەراندا پابەندی چەند ڕێوشوێن و دابونەریت و دەستوورێکە کە لە چوارچێوە گشتییەکەیاندا لە بۆتەیەکدا داڕێژراون، کە بە ئاکار (ئەخلاق) ناو دەبرێن، بەڵام ئەو ئاکارەی لێرە ئەرستۆ مەبەستی بووە ئاکاری بەختەوەری بووە. ئەم ئاکارە بەجوانترین شێوە لە کتێبی ((ئاکاری نیکۆماخوس)) داهێنراوەتە سەر خوانی باسکردن و شرۆڤە کراوە. ئەم بابەتە جۆرە بنەما و ڕێوشوێنیك ڕەنگ دەڕێژێ و داوا لە مرۆڤ دەکات پابەندیان بێت و پەیڕەویان بکات ئەگەر بیەوێ بەختەوەر بێت، لەبەر ئەم هۆیە ناوی ئاکاری بەختەوەری لەم ئاکارە نراوە.

---

[1] بدوي، عبدالرحمن، ارسطو، خلاصة الفكر الاوروبي، منشورات وكالة المطبوعات الكويت، دار القلم، بيروت، 1980، ص255.



ئاکاری بەختەوەری، کە بەشێکی سەرەکی بابەتی هزری کۆمەڵایەتی یۆنانی کۆن بووە لە پوختە و جەوهەردا لەو ئاکارە جیاوازە، کە لە سەردەمی کانت (1724-1804ز) بەناوی ئاکاری ئەرك و فرمان ناسراوە ((Kategorische Imperativ)) ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بە ئاکاری بەختەوەری ئەرستۆوە هەیە، باوەڕ و بنەمایەکی دەربڕیوە لە ناخی کۆمەڵی ئەوسای یۆناندا ڕەگ و ریشەیان داکوتاوە کە لەم سێ خاڵەدا خەت و خاڵیان داوە:

**یەکەم:** مرۆڤ بەدەست خۆیەتی بەختەوەر بێت، یان نا. هەر خۆی بەخواست و ویستی خۆی بڕیار دەدا و هەڵدەبژێرێ چاکە، یان بەدکاری بکات کۆششی چاکەکاری بکات، یان نا.

**دووەم:** بابەتی ئاکار بەوەدا خۆی لە بابەتەکانی تر جیا دەکاتەوە، کە تەنیا زانینی چاکەکار بەس نییە بۆ ئەوەی مرۆڤ چاك و چاکەکار و باش و چاك خواز بێت.

**سێیەم:** دوا ئامانج و مەبەستی ژیان و کرداری و ئاکارییانە ئەوەیە: مرۆڤ خۆی چاك و چاکخواز و چاکەکار و کار ڕاست بێت.[1]

ئەم هەڵوێستەی ئەرستۆ بەتایبەتی و هی یۆنانییەکانی سەردەمی خۆی دەکرێ بەجۆرە لادانێك لە تیۆرییەکەی سوکرات دابنرێت کە وتوویەتی: ((زانین چاکەکارییە و نەزانین بەدکارییە)).[2]

ئەم بڕیارەی سوکرات لە گەشبینی و بڕوادا جۆرە پەرگیرییەك نیشان دەدا و پتر بەرەو خانەی بیروبۆچوون و تیۆری ناو مێشکی بیرمەند تەکان دەدات. سەختی و ئاڵۆزی هەلومەرجەکانی ژیان و گوزەران و پێوەندییە چڕوپڕەکانی کۆمەڵایەتی و گشتگیری شارستانییەت و ئایدیۆلۆژی جۆراوجۆری دامودەزگا و دامەزراو و ئۆرگانەکان بە ڕوخسار و ناوەڕۆکە فرە ڕەنگییەکانیانەوە، زۆر جار

---

[1] Capelle, Prof. Dr. Wilhelm., Die grichische Philosophie. Bd. 2. Sammluung Goeschen. Berlin. 1971. S.74.

[2] Storrig, Hans Joachim., Kleine Weltgeschichte der philosophie. Stuttgart. 1961. S.173.

وەك هێزێكی تۆبزی و ناچارییانە دەبنە مایەی ئەوەی مرۆڤ وای لێ بێت، ئەگەر ناچار نەبێت!، بەوپەڕی هۆشیاری و ئاگاو زانینەوە، بەوپەڕی هەڵبژاردن و جۆرە خواستێکەوە پەنا بەرێتە بەر شتێك، كارێك بكات كە لەگەڵ بنەما و ڕێوشوێنەكانی ئاكاردا تەباو گونجاو نەبن، لەلایەكی تر و لە ڕوانگەیەكی جیاترەوە دەكرێ سوكرات لەوە بڕیارەیدا ناهەقی نەبێت، چونكە فێركردن و پەروەردە و پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی بێ سێ و دوو كردن لە زۆربەی هەرە زۆری لایەن و بابەتەكانی ژیانی مرۆڤدا چ وەك تاكەكەس و چ وەك هاووڵاتی و لە كۆمەڵدا ڕۆڵی سەرەكی و بەرچاو دەگێڕن. ئاكار و ئەرك و فەرمان كە كانت kant داهێنەرەكەیەتی بە تەواوەتی لە ڕوانگەیەكی ترەوە سەرنجی بنەماكانی ئاكار و دوا ئامانجی كرداری مرۆڤی داوە. بەلای ئەو ڕێبازەوە پێوەندییەكی ناچاری لە نێوان پەیڕەوكردنی بنەما و ڕێوشوێنەكانی ئاكار و بەختەوەریدا نییە! چونكە بنەما و چەمكەكانی ئاكار لە ژێرەوە (لە ئەقڵەوە) سەرچاوە دەگرن و ئینجا بابەتی بەختەوەریی بابەتێكە لە دەرەوە بەسەر ئاكاردا سەپێنراوە. كاتێك بنەماكانی ئاكار پڕ بە پێستی خۆیان و بە پێی پێویست نرخ و بایەخی خۆیانیان پێبدرێ ئەگەر هاتوو بكرێن بە دەستوور و ڕێوشوێنی كاركردن بەبێ ئەوەی لە كاتی پەیڕەوكردنیاندا ، یان لە پشتگوێ خستن و دەستبەردار بوون لێیان پاداشت، یان سزا چاوەڕێ بكرێت.

مرۆڤ كاتێك دەتوانێ خەسڵەتی چاكەكاری (فەزیلەت) و ئاكارییانە بداتە پاڵ كارێك كە ئەو كارە، یان ئەو كردارە لەلایەن مرۆڤەوە بەو پێیە جێبەجێ كرابێ، كە وەك ئەرك و فرمانی سەرشانی خۆی بەبێ تۆبزی لێكردن كردوویەتی، بەبێ ئەوەی چاوەڕێ بكات بە هۆی ئەو كارەیەوە لە ئەنجامی ئەم كردارەیەوە چ پاداشت، یان چ سزایەكی بۆ دەبڕدرێتەوە.

لە جیهانی ئەمڕۆماندا، كە بە شارستانییەتی شكۆمەندی شۆڕشی زانست و تەكنەلۆجی و جیهانگیری پشت ئەستوورە، مرۆڤی هاوچەرخ و پێشكەوتنخواز بەولایەدا دەشكێنێ كە دەڵێ:



ڕاستە هەموو شتێك لە چوارچێوە تایبەتییەكەیدا ڕێژەییە و پابەندی سەردەم و دەوروبەر و ژینگە و كات و شوێنە و بە هیچ جۆرێك نە لە ڕوخسار و نە لە ناوەڕۆكدا لە بنەماكانی نەسرەوتی گۆڕان و پەرەسەندن قوتاری نابێت، لەگەڵ شان بەشانی ئەمە مرۆڤ خۆی بۆ خۆی و لە خۆیدا بوونەوەرێكی دەست ڕۆیشتوو و كاریگەر و ئەكتیڤی كۆمەڵایەتی و ژیرەكییە بە پێی ئەو وێنە و بۆچوون و هزرەی لە بارەی قانوون و لە بارەی بنەما و ڕێوشوێنەكانی ئاكار و خواستەوە هەیەتی دەجووڵێتەوە و كردار و كار دەكات[1]. واشی دادەنێ كە دەبێ بە جۆرێك لە جۆرەكان گەوهەر و پوختەی كرداری ئاكارەكی لە چەمك و بۆچوونی قانوون و بنەماكانەوە بكەوێتەوە. ئاشكراشە كە خواست بەهیچ جۆرێك لە چوارچێوەی ئامۆژگارییەكانی ژێر ناچێتە دەرەوە و سنوورەكانی نابەزێنێ لە هەمانكاتدا شێواز و شێوەی داڕشتنی ئەم ئامۆژگارییەش بە چاوی ئەرك و فرمان، لە چوارچێوە و بە شێوازێكی فرمانی هەمەكی گشتی دەردەكەوێت، كە دەكەوێتە سەرشان و ئەستۆی مرۆڤ، بەتایبەتی لە پرۆسەی بەرەوپێش چوونی ژیان و كرداری ڕۆژانەیدا هەر وەك ئەوەی فرمانی پێبكرێت، ئەمە بكات و ئەوە نەكات، بەڵام ئەوی فرمانی پێدەكات هێزێكی دەرەكی نییە! بەڵكو ویژدانی خۆیەتی كە پێیدەڵێت و داوای لێدەكات، ئەمە بكە، چونكە تۆ وەك مرۆڤێك ئەمە ئەركێكە ئۆباڵەكەی دەكەوێتە ئەستۆت. فرمانەكەش دەكرێ بەم شێوەیە دابڕێژدرێ:

((باكردارت بە جۆرێك بێت، هەروەك ئەوەی بنەمای كارەكەت بەهۆی خواستتەوە ببێ بە قانوونێكی سروشتی گشتی.))[2]

خاڵێكی گرنگ لە ئاكاری بەختەوەری ئەرستۆدا چەمكی (ناوەڕاستی زێڕینە) Golden Middle . ئەم چەمكە چارەسەری كێشەیەكە و وەڵامی ئەم

(1) Russell, Bertrand,Philosophie des Abend Landes Munchen. Wien. 2000. s 718.ff.

(2) Kant, Immanuel., Grundlegung Zur Metaphysik der Sitten para. 421.s.215-216 Zweiter Abschnitt.

ئەم شاكارەی (كانت ) كراوە بە كوردی و لەلایەن دەزگای (ڕامان)ەوە چاپ و بڵاوكراوەتەوە.

پرسیارەی داوەتەوە، چۆن مرۆڤ بە بەختەوەری دەگات؟! ئەم ناوەندە زێڕینە چییە و چۆن مرۆڤ دەستگیری دەبێت؟!

هەموو کردارێك ئامانجێکی تایبەتی خۆی هەیە و کۆششی بۆ دەکات و هەوڵی پێگەیشتنی دەدات، هەندێك ئامانج سەرەکی نین، چونکە دەبنە ئامراز بۆ بەدیهێنانی ئامانجی تر، بەڵام دوا ئامانج هەیە، کە ئامانجی تری لە دواوە نایەت و خۆی لە خۆیدا ئامانجە. ئەمەش ئەو ڕەوشەیە کە لەلای ئەرستۆ بە ((بەختەوەری))[1] ناوبراوە و کە دوا ئامانجە مرۆڤ بەکار و کردار کۆششی پێگەیشتنی دەکات. بەختەوەری لە چوارچێوە گشتییەکەیدا ئەو ڕەوش و دۆخەیە کە لەگەڵ چاکەکاریدا تەباو گونجاوە وەك ئەنجامێك بە پێی ئەو چاکە کارییە ئەنجام دراوە و هاتۆتە دی. بەلای ئەرستۆوە دوو جۆر چاکە و Gut چاکەکاری Tugend هەیە:

- چاکەکاری ژیر — (ئەقڵ) .
- چاکەکاری ئاکار [2]

هەموو مرۆڤێك وەك هاووڵاتی و وەك ئەندامێکی کۆمەڵگا ئەرك و فەرمانی تایبەتی لەسەرشانە و جێبەجێکردنی ئەم ئەرك و فەرمانانە بە چاکەکاری دادەنرێن چاکەکاریش بەختەوەری لێدەکەوێتەوە. ئایا ئەم چاکەکارییەی ئەرك ڕاپەڕاندن دەخرێتە چ خانەیەکەیەوە؟

ژیر و هێز و توانای بڕیار و حوکم دانە، لە دوو بەرەدا چالاك و دەست بەکارە، تیۆری و کردەکی (پڕاکتیکی). گەڕان بە دوای ڕاستی (حەقیقەت)دا ئەرکێکە کەوتۆتە ئەستۆی ژیر، بەڵام هەر لایەی ژیر لە کایە و مەیدانی تایبەتی خۆیدا بە دوای ڕاستیدا وێڵە. زانست و زانین سەرنجدان و ڕامانی زەینی و تێگەیشتن، ڕاوێژی ڕێکوپێك چاکەکاری (فەزیلەتی) ژیرن. ئەگەر

(1) Aristoteles, Nikomachische Ethik. 15, 1097 b 20-21

(2) Aristoteles, Ebenda,II,I,1130 a, 15ff.



چاکەکارییەکانی ژیر بە هۆی خوێندن و فێربوون و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتییەوە و بە پەروەردە دەستگیر بن، چاکەکارییەکانی ئاکار وەك داوێن پاکی و دەست و دەروون پاکی، ڕاستگۆیی، ئازایەتی، سەخاوەت و بەدەست و دڵی بوون بە هۆی خووپێوەگرتن (عادەت) و ڕاهاتن لەگەڵیاندا و بە هۆی ڕێوشوێن و دابو دەستووری ئاکارەوە دەستگیر دەبن. بۆ نموونە ئەگەر زاروو (منداڵ) لە سەرەتای تەمەنی بیکردنەوەیدا فێر بکرێ چاکەکاری بکات و لە بەدکاری (شەڕ و خراپە) دووربکەوێتەوە وردە وردە لە لای دەبێ بەخوو و ڕەوشت و نەریت و خووی پێوە دەگرێ بە ئاسانی لە ژیانی ڕۆژانەدا چاکەکاری هەڵدەبژێرێ و لەبەدکاری دووردەکەوێتەوە، لە کاتی ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی ئەم چاکەکارییەدا وەك ئەنجامێك هەست بە دڵخۆش بوون و چێژ وەرگرتن دەکات، بۆیە دەبێ پەروەردە هەر لە سەرەتاوە بایەخی خۆی پێبدرێت و بە لایەنێك بسپێردرێ کە بە ڕاستی خەمخۆری دوارۆژی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا بێت.

چاکەکاری ئاکاری توانا و ئامادەبوونە بۆ ئەوەی بە هۆی ڕاهاتن و خوو پێوەگرتنەوە ببێ بەهێزێکی ڕاستەقینەی کردەکی و هاندەری کردار و ڕەفتار و کردەوە. مرۆڤی لاو و توانای ئەوەی هەیە ببێ بە پزیشك، یان ببێ بە جەنگاوەر، بە هۆی خوێندنی بابەتی تایبەتی مەشقەوە لە مەڵبەندەکانی ڕاهێنان و پێگەیاندنی سەربازییەوە لەڕیزی سوپادا پێیدەکرێ. جەنگاوەر دەبێتە سروشت و خەسڵەتی دووەمی ئەو مرۆڤە لاوە و وەك ئەرك و فرمانی سەرشانی خۆی جێبەجێ دەکات. لەلایەکی ترەوە هەمان شت دەکرێ دەربارەی چاکەکارییەکانی تری ئاکاری وەکو ئازایەتی و دەست پاکی و ڕاستگۆیی بوترێ.

5- ئەم خووپێوەگرتنە، ئیتر مەبەست لەچاکەکاری بێت، یان جۆری بیرکردنەوە بگرێتەوە، یان مەبەست کرداری ژیانی ڕۆژانە بێت، بەلای ئەرستۆوە، کاتێك ئامانج دەپێکێ ئەگەر هاتوو مرۆڤ پەیڕەوی ڕێوشوێنی بنەمای ناوبراو بە ((ناوەستی زێڕین)) بکات.

هەموو چاکەکارییەك، هەموو کردەوەیەکی چاك و باش پلە و رادەیەکی ناوەڕاستە لە نێوان دوو بەدکاریدا کە یەکێکیان پەرگیرییە (زیادەڕۆییە) و ئەوی تریان کورت هێنانە لە کتێبی ئاکاری نیکۆماخوسدا هاتووە:

((چاکەکاری — فەزیلەت — خووپێوەگرتن و نەریتە، چۆنیەتییەکە بە ویست و خواستەوە بەندە ... ناوەڕاستی دوو بەدکارییە، یەکێکیان زیادە رۆیشتن و ئەوی تریان کورت هێنانە[1])).

چاکەکاری توانایە، ئەم توانایە وەك کەرەسەیەکی خاو بە هۆی راهاتن و خووپێوەگرتنەوە مشت و ماڵ دەکرێت و دادەڕێژرێ و پێیەوە جێگیر دەبێ هەتا وەك کردەوەیەکی خووپێوەگرتووی لێ دێت، توانایەکی هەڵبژاردنی ناوەڕاستێکە لە نێوان دوو شتدا، هەڵبژاردنی پلەو رادە و مەڵبەندێکی مام ناوەندییە لە نێوان دوو لایەندا کە هەردووکیان پەسەندنین، بەڵام ناوەندەکەی نێوانیان، کە بریتییە لە نەرم رەویی خۆی لە خۆیدا پەسەند و چاکەکارییە. بۆ نموونە:

ئازایەتی پلە و رادەیەکی ناوەڕاستی نێوان دوو بەدکارییە کە یەکێکیان تووڕەیی و هەڵەشەیی و هەڵچوونە و ئەوی تریان ترسنۆکییە، ئازایەتی خۆی لە خۆیدا چ وەك کردار لە سنوور و چوارچێوەیەکی دیاریکراودا شتێکی پەسەندە، باش و رەوایە، هەردوو جەمسەرەکەی کە یەکێکیان تووڕەیی و هەڵچوونە و ئەوی تریان ترسنۆکییە بەدکارین، بەڵام خۆی لە ناوەڕاستیاندایە و چاکەکارییە. لە لایەکی ترەوە، سەرەڕای هەڵبژاردنی ئەو ناوەڕاستە زێڕینە دەبێ چاکەکاری دوو مەرجی تێدابێ بۆ ئەوەی رەواو پەسەند بێت.

- توانای هەڵبژاردن (ئیختیار).
- ویست و خواست (ئیرادە).

مەبەست لەم دوو مەرجە گرنگە ئەوەیە، ئەو چاکەکارییە دەبێ لە لایەن مرۆڤەوە بە مەبەستی دیار و ئاشکرا لە پێناوی خۆیدا[1] و بۆ خۆی هەڵبژاردرابێ

(1) ارسطو طاليس: علم الاخلاق الى نيقوما خوس، ت: احمد لطفي السيد، مطبعة دارالكتب المصرية، القاهرة، 1924، ص248، ك2،ب6.



نەك پێشەکی و ئامرازێك بێت بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی تر. هەروەها پێویستە ئەم چاکەکارییە لە لایەن مرۆڤەوە بە خواست و ویستی خۆی کرابێ و هێزێکی دەرەکی بەسەریدا نەسەپاندبێ، یان بە تۆبزی ناچاری نەکردبێ بیکات.

بێگومان، جیاوازی لە نێوان هەردوو مەرج و بابەتی خواست و هەڵبژاردندا هەیە، بە تایبەتی ئەوەندەی بابەتەکە بریتی بێ لەوەی چاکەکارییەکە لە ژێر رێنمایی خواستدا بۆ هەڵبژاردنی ناوەڕاستی زێڕین جێبەجێ بکرێت، هەڵبژاردنەکە بەوەدا لە ویست جیا دەکرێتەوە، کە بریتییە لە هەڵبژاردنی رێگا و ئامراز بۆ گەیشتنە ئامانجەکە. بەڵام خواست خۆی پێوەندی راستەوخۆی بە مەبەستەکەوە هەیە[2] کە دوا ئامانجە و دەبێتە مایەی کەوتنەوەی رەوشی بەختەوەری.

راپەڕاندن و جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە پێوەندی بە مرۆڤ خۆیەوە هەیە، تا چەندە توانای بیرکردنەوەی راست و ژیرەکی هەیە، تا چ رادەیەك بۆی دەکرێ لە کات وشوێنی راستی خۆیدا بڕیاری دروست و شیاو بدات. زیرەکی و ژیرەیی بریتین لە چەند خەسڵەتێك، کە پێوەندییان بە پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و شارەزایی و ئەزموونی ژیانی رۆژانە و بە سروشت و کەسایەتی مرۆڤەوە هەیە. مرۆڤی ژیر ئەو کەسە شارەزایەیە، کە بۆ گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە وەك ئامانجێك سەرگەرمی پێگەیشتنییەتی و کۆششی بۆ دەکات و رێگا و ئامرازی راست و دروست بدۆزێتەوە و هەڵبژێرێ و لە شوێن و کاتی خۆیدا بڕیارەکە بدات. ئەم هەڵبژاردنەی رێگا و ئامرازی دروست و شیاو دەستەبەری گەیشتنە ئەنجام دەکات. هەڵە و سەرنەکەوتن کە مرۆڤ تێیان دەکەوێ نەتوانایی مرۆڤە لە بەرامبەر هەڵبژاردنی رێگا و بڕیاردانی دروست. جیاکردنەوەی چاکەکاری لە بەدکاری لە مەیدانی کرداری ئاکارەکیدا پێوەندی راستەوخۆی بە شارەزایی تاقیکردنەوە و ئەزموونی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ خۆیەوە هەیە. دیاریکردنی ئامانجی تایبەتی، کە کردارەکە مەبەستی بێت لەگەڵ هەڵبژاردنی

(1) متي، دكتور كريم، الفلسفة اليونانية، بغداد، 1971، ص230.

(2) مطر، دكتور اميرة حلمي، الفلسفة عند اليونان، القاهرة، 1968، ص338، فما بعد.

کردارەکە خۆی، سەرەڕای پێوەندی نێوانیان دوو بابەتن هەریەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئەوی مرۆڤی ژیر لە کایە و مەیدانی کرداری ئاکاریدا لە مرۆڤی تر جیا دەکاتەوە تەنیا ئەوە نییە، کە یەکێکیان جڵەوی خۆی و دەروونی خۆی بەدەست خۆیەتی و دەستی بەسەریاندا دەڕوات و ڕێگا نادات هەست و سۆزی بەسەریدا زاڵ بن و ببنە مایەی جووڵاندنەوەی و هاندەری کردارەکانی بن، ئەو کەسەش نییە، کە هەر تەنیا ئەو توانایەی هەیە چاکەکاری راست و راستەقینە لە چاکەکاری زڕ و روخسارەکی و ڕواڵەتیانە جیادەکاتەوە. ئەو شتەی کرداری یەکەمیان لە هی تریان جیادەکاتەوە، یەکەمیان بابەتەکە لە لای روون و ئاشکرایە و لە پێناوی مەبەستەکە خۆیدا پشت ئەستوور بە ئەزموونی ژیان و تاقیکردنەوە و شارەزاییی Erfahrung بڕیاری دروست و ئاشکرا دەدات و لەم بڕیارەدا پەنا بە رەوشێکی ناچارەکی [1] کە کردارەکەی لێکەوتۆتەوە.

6- دەربارەی پێوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگا و پێوەندی هەردووکیان بە دەوڵەتەوە، ئەرستۆ لە هەندێك لایەندا لە ئەفلاتوونی مامۆستای دووركەوتۆتەوە. بەلای ئەرستۆوە ئاکار کە زانستێکی کردەکییە بەشێکە لە زانستی سیاسەت، چونکە دەوڵەت خۆی چاکتر لە تاکەکەسان دەتوانێ یارمەتی دەری بەدیهێنانی چاکەکاری بێت و هانی چاکە بدات و بەربەستی بەدکاری بێت، لەبەرئەوەی لەم مەیدانەدا مەبەست و ئامانجی دەوڵەت و هاووڵاتیان لەیەکەوە نزیکن، کە هانی چاکە و ئاکاری چاکەکارییە و جێگیرکردنی دادپەروەرییە، بۆیە دەشێ و دەکرێ سیاسەت لایەنەکانی تریش بگرێتەوە.

ژیانی ئاکارییانە، کردەوەی باش و پەروەردە و پێگەیاندنی زاروو نەوەی نوێ پێویستیان بە پێکهاتە و ڕێکخراو و دامەزراوی کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە ئەم ئەرکە لە توانی تاکەکەسدا نییە، ئەو ڕێکخراوەش بە کۆمەڵگا Society ناودەبرێ لە هەمانکاتدا دەوڵەت بە هۆی پشت ئەستوور بە سیاسەت و ئەو

[1] متي، د.كريم، الفلسفة اليونانية، بغداد، 1971،ص230.



دەزگا و ڕێکخراو و چوارچێوەیەیە، کە بەجۆرێکی ڕێکوپێك دامەزراوە خەسڵەتێکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە بە پێی ئەو توانا و ئامراز و دەزگایانەی لەبەردەستدان و بۆی دابین کراون دەستەبەری بەدیهێنانی ئەو ژیانە خۆشییە و چاکەکاری و پێگەیاندنە کۆمەڵایەتییەی ڕۆڵە و ئەندامانی خێزان و تێکڕای کۆمەڵ و هاووڵاتیان دەکات، وەك ئەرستۆ بۆی چووە[1]. راستە مرۆڤ دوو رەوش و پایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە، یەکێکیان وك تاکەکەس و ئەوی تریان وەك هاووڵاتی ئەندامی کۆمەڵێك و لە سایەی ڕێژێمی دەوڵەتێکدا، لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا جۆرە کێشەیەك بەرپا دەبێت، چونکە هەمیشە مرۆڤ خۆی لە بەرامبەر پرسیارێکدا دەبینێتەوە، ئایا دەکرێ مرۆڤ لە یەك کاتدا تاکەکەسێکی چاکەخواز و هاولاتییەکی دڵسۆز و سوودبەخش بێت؟ ئەم کێشەیەی مرۆڤ کە لە لایەکەوە سەر بە جیهانی تایبەتی خودی خۆیەتی و لە لایەکی ترەوە پابەندی کۆمەڵگا و ڕێوشوێنەکانی دەوڵەتە هەردووك لا بەدەیان ئەرکی جیاوازی دەخەنە ئەستۆ، بابەتێکە لە چوارچێوەی ئەم نووسینەدا دەچێتە دەرەوە. ئەوەندەی لێرەدا دەکرێ بوترێ ئەوەیە، کە ئەگەر بنەماکانی ئاکار بە مەبەستی پێگەیاندنی مرۆڤ چاك و سوود بەخش و چاکەخواز لە کۆمەڵگادا دانرابن، دەوڵەت لە لای خۆیەوە چاوەڕێی لێدەکرێت دەستەبەری پێگەیاندنی کەسایەتی تاکەکەسانی سەرکەوتوو و هاووڵاتیانی دڵسۆز و سوودبەخش بێت، خۆ ئەگەر مرۆڤ کەوتبێتە ژێر باری کۆمەڵ و دەوڵەتەوە بە هەموو سەرخان و ژێرخانیانەوە و لە ژیانی تایبەتی خۆیشیدا باری سەرشانی سووك و ئاسان نەبێت، ئەوا هەر نەبێ هەردووك لا بەڵێنی ئەوەی دەدەنێ کە جۆرە بەختەوەرییەکی بۆ دابین بکەن کە بە تەنیا خۆی لە توانایدا نەبێ بەدەستی بهێنێ و بیگاتێ. ئەم بەختەوەرییەش لەگەڵ بنەماکانی دادپەروەریدا لە نێو کۆمەڵدا تەباو و گونجاو و بەرانبەرە. بێگومان دەوڵەت، هەر نەبێ لافی ئەو لێدەدات کە ڕێکخراوێکی

[1] مطر، دكتورة اميرة حلمي، الفلسفة عند اليونان، القاهرة، 1968، ص338 فما بعد.

ڕەوایە و دەستەبەری دادپەروەری و بەختەوەری ئەندامانی کۆمەڵەکەی دەبێت، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە دەبێ پەنا بەرێتە بەر چەند بنەما و ڕێوشوێن و ئامرازێك، کە گرنگترینیان بە قانوون ناودەبرێت.[1]

7- مرۆڤ، ئەرستۆ وتەنی، بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە ئەگەرچی خۆی دەیەوێ، بەڵام ناچاریشە لەگەڵ کەسانێکی تر کە لە جۆر و ڕەگەزی خۆی بن، بژی، چونکە بە تەنیا و تاکەسوارە لە توانایدا نییە پێداویستییە فرەرەنگو هەمەچەشنەکانی ژیانی خۆی و کەس و کاری دابین بکات. لە کۆمەڵدا دەحەوێتەوە، لە سایەی قانوون و دەستوور و داددا ژیان و گوزەرانی ئاسوودە و دوور لە ترس و دڵە ڕاوکێ بەسەر دەبات، خۆی و زارووکانی پێدەگەیەنرێ، پێداویستی پەروەردە و خوێندن و پێگەیاندنیان بۆ دەستەبەر دەبێ. دەوڵەت لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا ئەو ڕێکخراوە سەرتاپاگیرەیە کە ئەرکی پاراستنی سوود و قازانجی چین و توێژەکانی کۆمەڵە فرە ڕەنگییەکەی کەوتۆتە ئەستۆ، کاروباری ژیانی هاووڵاتیان ڕێکدەخات، سنوور دەپارێزێ و بەربەستی هێرش و دەستدرێژی ناحەز و بیانی دوژمنان دەکات.[2]

بە لای ئەرستۆوە خێزان کە لە ژن و مێرد (دایك و باوك) و کوڕ و کچ و کۆیلە پێکهاتووە کاکڵەی پێکهاتەی کۆمەڵ و دەوڵەتە، جگە لەمە ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە کە دەبێ کۆیلە هەبێت و بەشێك بێت لە پێکهاتەی خێزان و ئەرکی دیاریکراوی پێ بسپێردرێ. ئینجا بوونی کۆیلە ڕەوا دەکات و بەو ئامرازەی دادەنێ کە لە چوارچێوەی خێزاندا ئەو کەسە بێت کاروکاسبی بکات، پێداویستی ژیانی ڕۆژانە بۆ ئەندامانی خێزانەکە پەیدا بکات.

وا پێدەچی ئەم بیرمەندە، لە لایەکی ترەوە — نەیویستبێ ڕێوشوێنی ژیانی کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی پێشێل بکات، بۆیە بە لایەوە ڕەوا بووە کە ژن

---

[1] Graeser, von Anderas., Die philosophie der Antike 2. In: Geschichte der philosophie. Bd. 2. Munchen. 1993. s. 247.

[2] Aristoteles, politic, III, a. 1280b. Darmstadt 1991.



پابەند و گوێڕایەڵی پیاو (مێردەکەی) بێت و ڕێگای پێ نەدرێت لە کاروباری ژیانی سیاسی و سەربازی و دەرەوەی ماڵ بەشدار ببێت، بەڵکو ئیش و کاری ناوماڵ و پەروەردەکردنی ساوایانی پێ بسپێردرێ. هەروەها پێشنیازی کردووە کچ لە تەمەنی (20) ساڵ مێرد بکات و کوڕ لە تەمەنی (27)ساڵی ژن بهێنێ.[1]

لەوەدەچێ ئەرستۆ جاروبار چاوی بە بیروبۆچوونەکانیدا خشاندبێتەوە، چونکە لە شوێنی تر باسی ئەوەی کردووە کە دایك و باوك زۆرجار ناتوانن بە ڕێکوپێکی کۆرپەکانیان پەروەردە بکەن، بۆیە وای بە باش داناوە کە ئەم ئەرکەی پێگەیاندنە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیە بە دەزگاکانی دەوڵەت بسپێردرێ.

8- ئەرکێکی سەرەکی دەوڵەت، سەرەڕای ئەرکەکانی تر، دابینکردنی داد و دادپەروەرییە، بەڵام ئەم دادپەروەرییە دوو جۆری جیاوازی هەیە.

**یەکەم: دادپەروەریی گشتی:**

ئەم جۆرە دادپەروەرییە، کە دەکرێ بە هەمەکی ناوببرێت پتر لە بابەتێکی تیۆرییانە و چەمکێك دەچێ کە هەر لە ناو مێشکی سیاسەتمدار و کاربەدەستاندا بێ و بە گشتی و تێکڕای وەك چاکەکاری دێتە بەرچاو. ئەمە ئەو دادپەروەرییەیە، کە هانی هاووڵاتیان دەدات ڕێز لە قانوونەکان بنێن و پابەندی ڕێوشوێنەکانی ئاکار و ڕەوشت و سیاسەت و دەزگاکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت بن.

**دووەم: دادپەروەری تایبەتی:**

ئەم دادپەروەرییە بە پشت ئەستوور بە قانوون و دەستوور و دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەت دەرفەتی یەکسان لەبەردەم هاووڵاتیاندا دابین دەکات، ئیتر بە هەردوو لای دابەشکردن و داکۆکیکردن و بەلایەکدا خستنی ناکۆکی و ژماردنەوەی زیانێك بێت لە کەسانێك بکەوێت، ئەم دادپەروەرییە لە یەکسانی ئاکاری دەچێت[2] .

---

[1] Russell, B. Ebenda. S. 206.

[2] Allan, von D.J., Individuum und Staat in der Ethik under Politik des Aristoteles. In: Hager, F-P.,(Hrsg)., Ethik und Politik des Aristoteles.Darmstadt WB. 1972. S. 410ff.

9- ئەگەر بوونی دەوڵەت گرنگ بێت، ئەگەر پێداویستییەکی سروشتی بێت، کە بوونی هاووڵاتیان و کۆمەڵ و شار و پێداویستی ژیان و پێشکەوتنیان دای هێنابێ، هەروەها سەبارەت بەو رۆڵە گرنگەی ئەم دەزگا سیاسییە دەیگێڕێ، دەبێ بە دانانی هەلومەرج و رێوشوێنی دیاریکراو مشووری پاراستنی دەوڵەتەکە بخورێ و هەوڵی دوورخستنەوەی لە مەترسی تێکچوون و شێواندن و نەمانی بدرێ. بەلای ئەرستۆوە بۆ ئەم مەبەستە دەبێ و پێویستە سێ مەرجی سەرەکی لەبەرچاو بگیرێن:

**یەکەم:** ژمارەی هاووڵاتیان - دانیشتووان بەرادەیەك بێت، کە نە کەم و نە زۆر بێت. نابێ ژمارەی هاووڵاتیان بە رادەیەك بێت کەم و دەوڵەتیش ئەوەندە بچووك بێت نەتوانێ کاروبار و ئەرکی سەرشانی خۆی پێ بەرێوە بچێ. هەروەها نابێ ژمارەیان ئەوەندە زۆر بێت و دەوڵەتەکە ئەوەندە گەورە بێت بە پێی دەستوور و قانوون بەرێوە نەچێ و حوکمڕانی پێ نەکرێت. هەموو شتێك دەبێ رادەیەکی مام ناوەندی هەبێت. لە رادە بەدەر گەورە و بچووك نائاساییە. خۆ ئەگەر ژمارەی دانیشتووان لە رادە تێپەڕی، دەبێ سنوورێك بۆ منداڵ بوون دابنرێ[1] منداڵ لە باری ژنی سکپڕ بچێ و منداڵە ناتەواوەکان لەناو ببردرێن!!

**دووەم:** دەبێ خاك و زەوی و زاری ناوچەی دەوڵەتەکە بە جۆرێك بێت بتوانرێ پێداویستی ژیان دابین بکات و دژی هێرشی دوژمنان داکۆکی لێبکرێت و بپارێزدرێ. دەبێ ناوچەکە بە جۆرێك بێت دوژمن نەتوانێ بە ئاسانیی بچێتە ناوییەوە و داگیری بکات، بەڵام دانیشتوانی بتوانن بە ئاسانی بچنە ناوییەوە[2] هەروەها دەبێ ناوچەکە لەسەر دەریا بێت بۆ ئەوەی کێشەی هاموشۆ و ئازووقە و بازرگانی و رۆژانەی نەبێت.

**سێیەم:** دەبێ و پێویستە هاووڵاتی و دانیشتووانی ئەم دەوڵەتە ئازایەتی و چاونەترسی گەلانی باکووری ئەورووپا و زیرەکی گەلانی ئاسیایان تێدا بێت، واتە

[1] ابوريان، د. محمد علي، تأريخ الفكر الفلسفي، ج1، ارسطو، اسكندرية، 1974، ص232.

[2] مطر، دكتور اميرة حلمي، نفس المصدر السابق، ص352، فما بعد.



پلەیەکی ناوەڕاستی نێوان گەلانی ئەورووپا و ئاسیایان هەبێ[1] دانیشتووان دەبێ لە چینی مرۆڤانی ئازاد و چینی ئیش کەران کە جووتیار و وەرزێر و سنعاتکار و بازرگان و سەربازن..تاد پێکهاتبن.

هەر لە چوارچێوەی ئەم سێ مەرجەدا ئەرستۆ پێی لەسەر ئەوە داگرتووە، کە ئیشوکار بە چینی دووەم بسپێردرێ و چینی ئازادەکان نابێ لە بیرکردنەوە بەولاوە کارێکی تر بکەن ئەمانە گوایە بە سروشت مرۆڤی باش و چاکەکارن و دەوڵەتیش کاتی پێویست و پێداویستییەکانی ژیانیان بۆ دابین دەکات و لە هەموو کێشە و سەرقاڵی ژیانی رۆژانە و مەترسییەك دەیانپارێزێ!

10- راستە ئەم بۆچوونانەی ئەرستۆ پتر خەسڵەتێکی تیۆرییان هەیە و لە چەند بنەما و هزرێك دەچن کە لە مێشکی مرۆڤدا هەن و شێوەی پێشنیازیان هەیە نەك ئەوەی بابەتی راستەقینە بن و تواناو شیاوەکی پیادەکردنیان هەبێت. بەڵام بە هیچ جۆرێك رەوا نییە لە روانگەی ئەمڕۆوە تەماشای بابەتێکی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵە بکرێت بە پێودانگی سەردەم هەڵبسەنگێنرێ ئەم بیروبۆچوونانە پتر بایەخێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسییان هەیە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا، لەگەڵ ئەم راستییەدا دەکرێ ئەم خاڵە گرنگانەی کە ئەرستۆ باسی کردوون لە بەرچاو بگیرێن:

**یەکەم:** دەوڵەت ئەو دەزگا دامەزراوەیە کە مرۆڤ و خێزان و گوند و لادێ و شار و باژێڕ یەك دەخات و دەستەبەری ژیانی ئاسوودە و سەرفراز و دادپەروەری و بەختەوەری دەبێت.

**دووەم:** شۆڕش و یاخیبوون و ئاژاوە، ئەگەر بویستری رێگایان لێ بگیرێ و ئاسوودەیی و رێژێم و نەزم و ئاشتی بەرقەرار بکرێن پێویستە ئەم لایەنانە کاریان بۆ بکرێت و لەبەرچاو بگیرێت:

- دەوڵەت بە رێکوپێکی ئەرکی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بگرێتە ئەسۆ.

[1] متي، د.كريم، المصدر السابق نفسه، ص237.

– ڕێز لە قانوون و دەستوور و ڕێوشوێنەکانی ئاکار بگیرێ.

– لە دادگا و بەڕێوەبردندا دادپەروەری بگیرێتە بەر[1]

**سێیەم:** بوونی کۆیلە شتێکی سروشتییە و بەڕێوەچوونی ژیانی کۆمەڵایەتی، قانوونی سروشتی پاساوی دەدەن و ڕەوای دەکەن.

**چوارەم:** ژن دەبێ گوێڕایەڵی پیاو (مێرد) بێت و لە کاروباری سیاسەت و بەڕێوەبردن و سەربازی دوور بێت.

**پێنجەم:** ئازادی دەبێ لە لایەن قانوونەوە سەرپەرشتی بکرێت و ئەدەب و هونەریش جۆرە چاودێرییەکی (سانسۆر شێوەی) بخرێتە سەر، بۆئەوەی لاوان و نەوەی نوێ لە لادان و مێشك تێکدان بپارێزرێن.

**شەشەم:** مرۆڤ وەك تاکەکەسی سەربەخۆ، کە تایبەتمەندی کەسایەتی خۆی هەیە دەکرێ لە هەمانکاتدا هاوڵاتییەکی چاك و سوودبەخشی کۆمەڵگا و دەوڵەت بێت و لە نێوان هەردووکیاندا هیچ جۆرە ناتەبایی و ناکۆکییەك نابینرێت.

**حەوتەم:** هاوڵاتی چاك، کرداری باش و دادپەروەرانە، ئەوەیە، کە ئامانجەکەی بەختەوەری دابینکردن بێت بۆ ڕێکخراوە سیاسییەکەی تێکڕای کۆمەڵ[2].

---

[1] Russell. B. Ebenda. S. 212

[2] Allan, von D.J., Ebenda. S. 405 ff.

# بابەتەکانی هزری کۆمەڵایەتی

# لە قۆناغی هیلنستیدا

## 1- قۆناغی هیلنیزم:

قۆناغی هیلنیزم ئەو سەردەمە دەگرێتەوە، ئەوەندەی پێوەندی بە بابەتی بیر و هزری کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کە دوای مردنی ئەرستۆ و کۆتایی هاتنی هێرشەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنی بەرەو رۆژهەڵات، دەستی پێکردووە، تێیدا شارستانییەتی ئەوسا روخسار و ناوەڕۆکێکی تری پێبڕاوە. گرنگترین ئەو رێبازانەی لەم سەردەمەدا چالاك و دەست بەکار بوون ئەمانە بوون:

- ستۆوا Stoa کە لە سەردەمی عەباسییەوەکانە بە ریواقی ناسراوە.
- ئەپیکۆریزم Epikureismus .
- رێبازی گومانکاران Skeptizismus.

لە ئەنجامی ئەم هێرشانەی ئەسکەندەر بەرەو رۆژهەڵات کردنی، گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەر جیهانی شارستانییەتی ئەو سەردەمە و جیهاندیدی سیاسی و فەلسەفە و کۆمەڵ و ژیانی کۆمەڵایەتی و پێوەندییە جۆربەجۆرەکانی نێو کۆمەڵ و نەتەوەکانی وڵاتانی یۆنانی ئەوسا و وڵاتانی رۆژهەڵات بەتایبەتی کە ئەسکەندەر هێرشی بردبوونە سەر و داگیری کردبوون، هاتووە.

کولتووری هەردوو لا، یۆنان و رۆژهەڵات تێکەڵاو و ئاوێتەی یەکتری بوون، بۆیە ئەم قۆناغە ناوی هیلنستی Hellenistismus لێنراوە و هەردوو لا، یۆنان و وڵاتانی ئاسیای ئەوسا، ئەگەر لایەنی جەنگ و ئەنجامە کاولکارییەکانی پشتگوێ بخرێن، لە دانانی بەردی بناغەی سەردەم و شارستانییەتێکی تر کە تایبەتمەندیی سیاسی و ئایینی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی هەبووە و تاڕادەیەکی بەرچاو لە قۆناغی پێشتر جیاواز بووە، بەشدارییان کردووە. بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان وەك چۆن لە رۆژهەڵاتدا، بەتایبەتی لە دەزگا و دامەزراوەکانی وڵاتی دۆڵی نێوان دیجلە و فورات (میسۆپۆتامیا) و سوریا و میسر.. تاد، زمانی یۆنان کراوە بە زمانی بەڕێوەبردنی کاروباری دەزگاکانی



لەشکر و دەوڵەت و زانست و فەلسەفە و کولتوور... یۆنانیش بە ئاتینی پایتەختی میترۆپۆلەوە لە لای خۆیانەوە گۆڕانی مەزنی سەرتاپاگیرییان بەسەردا هاتووە.

سەربەخۆیی سیاسی جاران لە ناوەڕۆك و روخساردا گۆڕاوە، کولتووره بە پیت و پێزەکەی کەسایەتی نەتەوەیی خۆی لە دەستداوەو ئەو تایبەتمەندییەی پێشتر، لە قۆناغێکی پێشووتردا پێوەی دیاربووە، دۆڕاندووە. بابەتەکانی ئاکار، هەڵوێست بەرامبەر بە سیاسەت و ژیان و کۆمەڵ وەك جاران نەماوە. پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاڵۆز و هەمەچەشنەتر بوون لە جیاتی چوست و چالاکی دانایی و ژیری و بیرکردنەوە و سەرنجدانی رووت Spekulation کە جاران لە ئەکادیمی و کۆڕ و کۆمەڵە زانستییەکان و فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا باو بوون، پراکتیك و کاروکردەوە، بەڵام بە شێوە و ناوەڕۆکی جیاواز کەوتوونەتەوە، بوون بە باو.

ئەگەر جاران بیرمەندان سەرگەرمی توێژینەوەی تیۆرییانەی بابەتە بێگانەکانی سروشت و دەوروبەر بووبن. لەم قۆناغەدا بابەت و رێوشوێنەکانی ئاکار و کاروباری ژیانی رۆژانە و چێژ و لەزەت وەرگرتن لە خۆشییەکانی ئەمڕۆی ژیان، بەو پێیەی چۆن ئەو کاتە مرۆڤ لە ژیان گەیشتووە، تاکڕەویی و گۆشەگیریی لە لایەك و هەستکردن بەوەی مرۆڤ ئەندامی جیهانێکی بێسنوور و ئەوپەڕی فراوانە لە لایەکی ترەوە، لە چوارچێوەی هەردوو رێبازی لە یەکتر جیاوازی ستۆوا و ئەپیکۆریزمدا، دیاردەی سەرنجڕاکێشی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کولتووری و ئاڵۆز جەنجاڵی ئەم قۆناغە بوون، کە لە لای هەردوو رێبازی ناوبراو لە چوارچێوەی جیهاندیدەکەیاندا خەت و خاڵیان داوە و بەرچاو دەکەون.

## 2- تایبەتمەندییەکانی قۆناغی هیلنستی:

وەك سەرچاوە مێژووییەکان باسیان کردووە، هێرشەکانی ئەسکەندەر نزیکەی دە ساڵی خایاندوو، ئەم ناوچە و دەڤەرانەی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و حوکمڕانی کردوون و بوون بە پارچەیەك لە دەسەڵاتی یۆنان:

ئاسیایی بچووك (تورکیای ئێستا) سوریا و میسۆپۆتامیا (بە عێراق و کوردستانەوە)، ئێران، ئەفغانستان، پاکستان، سەمەرقەند و تاجیکستان و بەشێك لە هیندستان و میسر، کە تێیدا شاری بەناوبانگی ئەسکەندەرییەی دروست کردووە و بەناوی خۆیەوە ناوی ناوە.

ئەگەر مرۆڤ سەرنجی ئەو سەرچاوانە بدات، کە لە بارەی ئەو سەردەمەوە نووسراون، دەکرێ تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە لە بوارە جۆربەجۆرەکانی هزری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییدا بەم جۆرە پوخت بکاتەوە:

**یەکەم:** بارودۆخسی سیاسی ئەوسای یۆنان و رەوشی دەڤەرەکانی کە داگیرکراون، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، کولتووری هەردووك لا تێکەڵاو و ئاوێتەی یەکتری بوون. مرۆڤی یۆنانی وەك جاران خەمی سەربەخۆیی جیهانی دەوروبەری نەماوە.

**دووەم:** لە بەرانبەر لە دەستدانی سەربەستی لە جیهانی دەوروبەریدا گۆشەگیر بووە و بە ناخی خۆیدا قووڵ بۆتەوە بۆ ئەوەی هەر نەبێ لە دەروون و ناخی خۆیدا هەست بە جۆرە سەربەستییەکی ناوەکی بکات[1].

**سێیەم:** بە پێچەوانەی قۆناغی پێشترەوە، سیاسەت نرخ و بایەخی خۆی، کە جاران هەیبوو، لە دەستداوە، بۆیە پەنابردراوەتە بەر بابەتی ئاکار و رێوشوێنەکانییەوە.

**چوارەم:** لە جیاتی ئەرك و فرمانی سەرشانی هاوولاتی بەرانبەر بە نەتەوە و کۆمەڵ و نیشتیمان و مافی مرۆڤ، بیر لەوە کراوەتەوە، مرۆڤ چۆن و چی بکات بۆ ئەوەی پرەنسیپ و بنەما و رێوشوێنی دابودەستوورێك دابنرێت، کە بنە مایە و هۆکاری بەختیار بوونی مرۆڤ، بەڵام مرۆڤی تاك رەو و گۆشەگیر کە سەرگەرم و شەیدای دڵنیایی و ئارامی دەروونییە.

[1] بدوي، عبدالرحمن، خريف الفكر اليوناني، ط4، القاهرة، 1970، ص6، فما بعد.



**پێنجەم:** ئەو جیاوازییەی جاران لە نێوان مرۆڤی ((خانەدان و رەسەنی)) یۆنانی و میللەتانی تردا کە بە بەربەر و دواکەوتوو Barber دانراون، کراوە، نەماوە و هەردووك لا بەبێ سڵ و پارێز تێکەڵاو و ئاوێتەی یەکتری بوون [1] .

**شەشەم:** هێرشەکان لە رۆژهەڵاتدا وەك ئەنجامێکی دوور و ناڕاستەخۆ کە لێیان کەوتۆتەوە بە هیچ جۆرێك بە هزر و بیری ئەسکەندەردا نەهاتووە، بگرە شتێك نەبووە ئەو بیریان لێ بکاتەوە وەك ئەوەی ئایینەکانی ئەوسای ناوچەکە بەتایبەتی ((زەردەشتی)) لاواز ببن و لە پاشەرۆژی دووردا رێگایان بۆ مەسیحییەت خۆشکردووە تا ئاسانتر لە ناوچەکە بڵاوبێتەوە و پەلوپۆ بهاوێژێ!

ئەگەر هاتبایە و زەردەشتی دووچاری دەستی ئەم هێرشە وێرانکارانە نەبوایە، دەبوو بارودۆخ و رەوشی ناوچەکە ئێستا چۆن بایە؟

**حەوتەم:** لە جێگای هەست و تەوژمی نەتەوەپەرستی رەوشی مرۆڤی (گەردوونی — جیهانی) دەستبەکار بووە، کە ئەو کاتە وشەی یۆنانی (Kosmopolit) بەرانبەر بەو دۆخە بەکارهاتووە. مرۆڤ، کە جاروبار هەر نەبێ هەستی بەوە کردووە رۆڵەی نەتەوە و نیشتیمانێکی دیاریکراوە و کولتوور و مێژووی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم هەستە لاواز بووە ئەو بووە بە هاوولاتی جیهانێکی مەزنی سنوور لە رادەبەدەری گەردوون ئاسا، ئەو رەوشەی ئەوسا لە رەوشی جیهانگیری دەچێ، کە لە میدیاکاندا بانگەشەی بۆ دەکرێت.

**هەشتەم:** جیهاندید و رەوش و بڕوای ئایینی و سۆفیگەرێتی رۆژهەڵات لە یۆناندا بڵاوبوونەتەوە و پەلیان هاویشتۆتە نێو هەموو کەلەبەرە جۆربەجۆرەکانی ژیان و کۆمەڵەوە و رەشبینی جێگای گەشبینی جارانی گرتۆتەوە.

**نۆیەم:** ئەگەرچی کولتووری یۆنان بابەتێك بووە لە شار و باژێردا سەریهەڵداوە پێگەیشتووە، بە ئاو و هەوای ئازادیی و دیموکراتی گۆش کراوە و کەمتر کاریگەری و جێ دەستی گوند و لادێی پێوە دیار بووە، کەچی نەیتوانیوە خۆی

[1] Russell, B., philosophie des Abendalandes. Europaverlag – Wien 2000 s.240ff.

لەبەردەم تەوژمی جیهاندیدی رۆژهەڵات بگرێ و کاری تێنەکرێ، رۆژهەڵاتێك، کە بەلایەوە ئازادی و دیموکراتی دوو وشەی نامۆ و بیانی بوون!

**دەیەم:** ئەگەرچی زمانی یۆنانی، زمانی ئەوسای فەلسەفە و زانست و سیاسەت و ئاکار لە زۆرترینی ولاتانی رۆژهەڵات بووە بە زمانی رەسمی کەچی بەشدارییەکی ئەوتۆی لە پەرەسەندنی شارستانیەتدا نەکردووە، ئەگەرچی چەند نموونەیەکی هەندەکی پشتگوێ بخرێن و بگرە نەیتوانیوە گۆمی مەند و نەبزووتووی بیر و هزری رۆژهەڵات بشڵەقێنێ.

### 3- **رێبازی ستۆوا** (**رواقی**):

ئەگەر پەیدابوونی ئەم رێبازە چەن هۆکارێکی هەبووبێ، ئەوا هێرشەکانی ئەسکەندەری گەورە بەرەو رۆژهەڵات هۆکاری سەرەکی رشتنی رەنگی تەلاری جیهانبینی ئەم رێبازە بووە.

ستۆوا کە وشەیەکی یۆنانییە بەرانبەر بە وشەی عەرەبی ریواق — ریواقی و وشەی کوردی بێلا و بێلایی لە ناوی ئەو جێگایەوە کەوتۆتەوە کە رابەرەکەی زینۆ (342-270 پ.ز) وانەی تێدا وتۆتەوە.

لە جیهاندیدی گشتی و فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا دەکرێ ئەو رێبازە بە مەتریالیستی (ماددی) دابنرێت. لە فەلسەفەی یۆنانیدا، تاوەکو کۆچی دوایی ئەرستۆ، ئەو بنەمایە باو بووە، کە بوونەوەر ئەوەیە کە کاردەکات، یان توانای کارکردن و کارتێکردنی هەیە. تەنانەت لە لای ئەرستۆ فۆرم — وێنەش توانای کارکردنی راستەقینەی هەبووە. ریواقییەکان ئەگەرچی بڕوایان بەم بنەمایە هەبووە، بەڵام لەو باوەڕەدا بوون کە بوونەوەر دەبێ لە کەرەسە و ماددە پێکهاتبێ و ماددە خۆی تاکە شتە کە کارکردن و شوێنەواری هەیە و ئەوی ماددە نەبێت بوونی راستەقینەی نییە، ئەوەی بەڕاستی هەبووە و هەیە لەش[1] و ماددەیە.

(1) البدوی، المصدر نفسه، ص23-24.



ئەم بۆچوونە ماددییەیان کاری لە تێکڕای هەڵوێست و جیهاندیدییەکان کردووە و لە مەیدانی هزری کۆمەڵایەتی و کردار و رەوشت و بنەماکانی ئاکاردا ئەنجامی گەورە و سەرتاپاگیری لێکەوتۆتەوە. لە کایەی ئاییندا بۆتە مایەی لاوازبوونی بڕوا و باوەڕیان بۆیە هەندێك سەرچاوە ئەم رێبازە و راپەڕەکانیان بە بێ بڕوا و بێ ئیمان لە قەڵەم داناوە.

تیۆری زانین و مەنتیق و میتافیزیك و بابەتی سیاسەت و سروشت بایەخی جارانیان نەماوە و پرسیار و کێشەی پراکتیکی — کردەکی ئاکار لە بارەی بنەماکانی بەختەوەری مرۆڤ و ئارامی و ئاسوودەیی دەروون و سەر رەحەتی و سەرگەرمی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ناخ و ناوەکی[1] لە پێشەوەی ئەم بابەتە فرەڕەنگ و بە پێزانەبوون، کە لێوەیان کۆڵراوەتەوە. ئەوەی لەم بوارەدا وەك داهێنانێکی ریواقی و ئەپیکۆر دادەنرێت ئەو بۆچوونانەیە کە بەختەوەریی شتێکە پێوەندی بە مرۆڤ و رەوشی دەروونی خۆیەوە هەیەو بەختەوەری و بەختەوەر بوون لەسەر مرۆڤ خۆی وەستاوە، ئایا ئەمەی دەیەوێ و هەوڵی بۆ دەدات یان نا نەك پابەندی دەوروبەر و هۆکاری دەرەکی بێت.

بابەتێکی تری ئەم رێبازە ئەوەیە کە مرۆڤ بە جیهانێکی بچووك Mikrokomos بەرانبەر بە جیهانی مەزن، جیهانی دەوروبەر، بەرانبەر بە گەردوون Makro دادەنێن.

بەختەوەری کە لە بابەتی ئاکاری رێواقیدا دوا ئامانجە، دوا ئامانجی Telos هەموو کردارێکی مرۆڤە و خۆشی لە خۆیدا دوا ئامانجە، بەڵام ئەم رێبازە بەجۆرێکی تایبەتی لە بەختەوەری گەیشتووە، بۆیە ئەو رێگا و ئامرازانەکە بۆ گەیشتنە ئەم دوا ئامانجە دەستنیشانی کردوون لە هی پێش خۆی جیاوازە.

(1) Capelle, Prof. Dr. Wilhelm., Die grichische Philosophie. Bd. 2. Sammluung Goeschen.3. Auflage. Berlin 1971.s.100f..

دروشمی ریواقی بۆ گەیشتنە بەختەوەری و بۆ ئەوەی مرۆڤ بەختەوەر بێت ئەوەیە کە مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا تەبا بێت[1] و بە پێی سروشت بگونجێت بژیەت، ئیتر ئەم سروشتە سروشتی دەوروبەر و گەردوون و قانوون و ڕێوشوێنەکانی بێت، یان سروشتی ناوەکی مرۆڤ خۆی بێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا سەرپشك و بڕیاردەرە و پشتی پێدەبەسترێ و پەیڕەوی دەکرێ ژیرە (ئەقڵ) Logos چونکە ژیر خۆی بنەما و هۆکار و فاکتەری هەموو چاکەکارییەکە و چاکەکاریش لە خۆیدا لە بەختەوەری کەلێی دەکەوێتەوە بەولاوە نییە. مرۆڤ دەبێ و بگرە ناچارە هەوڵ بدات یەکەم لەگەڵ بنەماکانی سروشت و دەوروبەر و دووەم لەگەڵ خود و ناخی خۆیدا بگونجێ و تەبابێت ئەگەر بیەوێ بەو ئامانجە شاد بێت کە ژیانی دوور لە ئێش و ئازار و پڕ لە خێر وخۆشییە کە بەختەوەریی پێدەگوترێت. ئەو تەبایی و گونجانە دوولایی و دوو ڕەنگییە هەردوو لایەنی سروشتی مرۆڤ ساغ دەکاتەوە، کە مرۆڤ لە خۆیدا لە لایەك بوونەوەر و جەوهەرێکی زیندووە و لە لایەکی ترەوە جەوهەر و بوونەوەرێکی ژیر و ئاقڵە کە ئەم لایەنە لە ئاژەڵ و جۆرەکانی تری زیندەوەر جیای دەکاتەوە.

ئەگەر مرۆڤ بوونەوەرێکی ژیر و هۆشمەند بێت و ئەگەر چاکەکاری لە خۆیدا بەختەوەرییەکی تەواو و ڕێکوپێك بێت، ئەم گریمانەیە جارێکی تر زانین و کردار دەخاتە ناو دوو تای تەرازووەوە بەیەکەوە بەندیان دەکات. لەم ڕەوشەدا زانین ئیتر زانینی ئامانج و مەبەست بێت یان زانین بەگشتی بێت دەبێ ڕێخۆشکەر و مەرجی کرداری چاکەکاری بێت و نەزانینیش هۆکاری بەدکاری بێت. کرداری چاکەکاری هەمیشە بە زانینی ڕاست و ڕەوانەوە پشت ئەستوورە، چونکە چاکەکارییەکە یان لە خۆیدا مەبەست و ئامانجە یان ئامرازە بەرەو مەبەست و ئامانجێکی تر، کە ئەویش لە خۆیدا لە دوا ئامانج بەولاوە نییە.

(1) Storrig, Hans Joachim., Kleine Weltgeschichte der philosophie. Stuttgart. 1961. s.222ff..



ئەم جۆرە ئاکارە کە خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر لەگەڵ بابەتی ئاکاری پێشتردا بەراورد بکرێت، ڕۆڵی ریواقییەکان لەم مەیدانەدا بە ئاشکرا دێنێتە بەرچاو کە هەست و نەستی هاووڵاتیانی سەردەمی خۆیانیان دەربڕیوە و بەرجەستە کردووە لەوەدا هەوڵیان داوە کێشەی نێوان ڕێوشوێن و بنەماکانی ئاکار و ئەو بنچینە و قانوونانەی بە گشتی بیرکردنەوەی کردەکییان ڕێك دەخەن، بە شێوەیەك کە لەگەڵ بنەماکانی ژیردا تەبا و گونجاو بێت، بەلایەکدا بخەن.

پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە لە سنوور بەدەرن، هەست و سۆز و ئاواتی مرۆڤیش هیچ ڕادەیەکیان بۆ نییە، بەڵام ئەو دۆخ و ڕەوش و هەڵکەوتانەی مرۆڤ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە دێنە پێشەوە لەگەڵ ئەوەی لە ناخی مرۆڤدا هەیە و ئاواتی بەدیهێنانیان دەخوازێ، بەیەکەوە ناگونجێن و تەبانین. بۆیە سەیر نییە، کە بە هۆی شارەزابوون لە زوهد و پشتگوێ خستنی دنیا و ژیانی ڕۆژانە و خەمساردی بەرانبەر بە هەڵکەوتەکان کە لە ڕۆژهەڵاتدا باو بوون و یۆنانییەکان بە گشتی و ریواقییەکان بەتایبەتی سوودیان لێوە وەرگرتووە، هاتنە سەر ئەو بیربۆچوونە بەختەوەری و چێژ وەرگرتن لە خۆشی و خێروبێری ژیان و دنیا بە بارێکی نالەباردا (سلبی) لێك بدەنەوە ئەم لێکدانەوەیە بە دوو جۆر ڕەنگی بۆ ڕێژراوە:

**یەکەم:** چاکەکاری بەوەدا دەردەکەوێ خاوەنەکەی بە چ نیازێك کردوویەتی. ئەگەر مرۆڤ ویستی کارێکی چاکە بکات و بەنیازی چاکە کارەکەی کرد و هەوڵی بۆ دا، بەڵام نەیتوانی بگاتە ئەنجام ئەو مەبەستەی کۆششی بۆ کردووە ئەوا کارەکەی بە پێی نیاز باشییەکە بە چاکەکاری دادەنرێ و دەژمێردرێ.

**دووەم:** ئەوەندەی مرۆڤ بۆی بکرێت و بتوانێ دەسەڵاتی بەسەر دەروون و نەفسی خۆیدا بشکێ و چێژ وەرگرتن لە خۆشییەکانی ژیان کەم بکاتەوە و ڕێگای دەمارگیران و گرژبوون و هەڵچوون نەدات. خۆ ئەگەر نەتوانێ دەوڵەمەند ببێ، با هەوڵ بدات نەهێڵێ دەست کورت و هەژار بێت و ئەگەر چاکەشی لە دەست نەیەت با بەدکار نەبێت و بەم پێیە ... تاد. ئینجا با هەوڵ بدات ئێش و ئازارەکانی ژیان کەم بکاتەوە. ئەمە جۆرە سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی نەفس و

دەروونی مرۆڤ وەك تاكەكەس ساغ و پشت ڕاست دەكاتەوە. سەربەخۆیی و ئازادییەكی ناخ نیشان دەدات. ئازاد ئەو كەسەیە كە لە ناخ و دەروونیدا ئازادە و ئەو كارە دەكات كە ژیر و لۆگۆس ڕێی پێ نیشان دەدەن[1] .

بابەتێكی تر دەستپێشخەری ڕیواقییەكانی تێدا دەردەكەوێ، كێشەی چارەنووس و ئازادی خواست و قەدەرە.

ڕابەرانی ئەم ڕێبازە بڕوایان بەوە هەبووە، كە هەموو شتێك چارەنووس (قیسمەت و قەدەرە)، بەڵام لە چوارچێوەی ئەم قەدەر و قیسمەتەدا هەوڵیان داوە جۆرە ئازادییەكی هەندەكی ئەگەرچی هەر بە قسە و ڕوخسارەكیش بێت، دووپات و ساغ بكەنەوە. وەنەبێ كێشەی پێوەندی نێوان ئازادی و ناچاری ئازادی و چارەنووس وا ئاسان بێت و بەلایەكدا بخرێت، بۆیە ئەو هەوڵانەی لەم بوارەدا دراوان لە چارەسەری قسە و تیۆریانە بەو لاوە نین. ئەگەر شت لە چارەنووسرابێ و ئەوەی ببێ و ڕووبدات پێشەكی بڕیاری ڕوودانی درابێ هیچ جۆرە ئۆباڵ كێشان و بەرپرسیاری نامێنێ. ئەگەر مرۆڤ ناچار بێ كارێك بكات ناكرێ لێپرسینەوەی لەگەڵدا بكرێت، چونكە خۆی بە ویست و ئارەزوو هەڵبژاردنی خۆی ئەم كارەی نەكردووە، خۆ ئەگەر بە پێچەوانەشەوە ئەگەر هەموو شتێك ئازاد بێت و هیچ سنوور و قەید و مەرجێك لە ئارادا نەبێت، خۆم دەشێوێ و ئاژاوە و سەرگەردانی دەكەوێتەوە. ڕیواقییەكان كۆششیان كردووە سەرێك لەم گێژاوە دەربكەن و هەڵوێستەیەك بكەن كە لە ناوەڕاستدا بێت و بە هیچ لایەكدا نەشكێنن و هیچ لایەك بێبەش نەبێ و مافی خۆیان پێ ببڕدرێ.

ڕیواقییەكان قەدەرین، لەو باوەڕەدان و بگرە داكۆكیشیان لەو باوەڕەیان كردووەكە گوایە:

((چارەنوس قانوونی گەردوونە Kosmos، بە پێی ئەم قانوونە هەموو ڕووداوێك ڕووی داوە و قەوماوە، لەمەولا ڕوودەدات و دەقەومێ و ئەوی لەمەودوا دەبێ بێت، دێت[1])).

(1) pohlenz, Max., Stoa und Stoiker. Zurich 1950s.140ff.



ئەم جۆرە ناچارییە (جەبر و قەدەرە) بۆ ئەوەی ئۆباڵی ئەستۆ و ئەرك و بەرپرسیاری سەرشان لا نەدات، ئەم ڕێبازە هەوڵی داوە لە هەمانكاتدا لە بەرانبەر ئەم چارەنووسە ناچارییە سەرتاپاگیرییە جۆرە ئازادییەكی هەندەكی پشت ڕاست بكاتەوە بۆ ئەوەی گرێی ئۆباڵی ئەستۆ بكاتەوە. چارەسەرەكە بەم جۆرە بووە: ناچاری و چارەنووس و قەدەر تەنیا لە جیهانی لەش و ماددەدا ڕوودەدات و بەرانبەر بەم ڕوودانە، كە بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنرێ، مرۆڤ لە ناخی خۆیدا خواست (ئیرادە)ی هەیە و بڕیاردان و پیادەكردنەكە لە لایەن ئەو خواستەوە دەبێت، كە لە ناخی مرۆڤدا هەڵدەقوڵێ!

كەوابوو ئەگەرچی ئەوی ڕوویداوە، دەبوو ڕووبدات، بەڵام مرۆڤ لە ناخی خۆشیدا بە خواست و بڕیارێكی ناوەكی ناخی دەروونی خۆی لەو ڕوودانەدا بەشداری دەكات ئەگەر بشێ لێرەدا نموونەیەك بهێنینەوە دەڵێین، مرۆڤ تیرێك دەهاوێژێ، هاویشتنەكە بە دەست تیرەكە نەبووە، بەڵام دوای هاویشتنەكە تیرەكە دەتوانێ و بۆی هەیە چۆن و بە چ لایەكدا بڕوات. ئەم بۆچوونەی ڕیواقییەكان تیۆری (كەسب)ی ئەشعەری[2] دێنێتەوە یاد. ئەگەر مرۆڤ لە هەر دوو بابەتەكە وردبێتەوە، ئەگەرچی لە دوو سەردەم و شوێن و لە دوو ڕەوشی جیاوازدا وتراون و بە دوو زمانی جیاواز دەربڕاون، بەڵام هەردووكیان لە دوو ڕووی یەك پارچە پارە (دراو) دەچن و وەڵامی هەمان پرسیار دەدەنەوە و هەمان كێشە بەلایەكدا دەخەن، ئەگەرچی بەلایەكدا خستنەكە ڕواڵەتی و ڕووخسارەكییە.

بەلای ئەشعەرییەوە ئەوی دەقەومێ چارەنووسە و لە چارەی مرۆڤ نووسراوە، بەڵام لە كاتی ڕوودان و جێبەجێكردنەكەدا مرۆڤ جۆرە (جزئی ئیختیاری) هەیە،

(1) Hirchberger, Johnnes. Geschichte der philosophie.Bd.I. Komet, 12 Auflage. Frankfurt am Main. 1980. S.271.ff.

(2) ئەوی ڕاستی بێت من خۆم هەستم بەم لەیەك چوونەی هەڵوێستی ستۆوا (ریواقی) و تیۆری كەسبی (كسب)ی ئەشعەری كردبوو، دوایی بۆم دەركەوت، كە پێش من ( عبدالرحمن بدوی) (لە سەرچاوەی ژمارەیەكی ئەم بابەتەدا) ئاماژەی بەم لایەنە كردووە ئەگەرچی بە تێروتەسەلی ئەم لایەنەی ڕوون نەكردۆتەوە ... ل24 سەرچاوەی ناوبراو ..

که ئەو بە ((کەسبی سیفەتی کردار))ی ناوبردووە. ئەو نموونەیەی لەم مەیدانەدا دەهێنرێتەوە، نموونەی ئاگر و سووتانە. بە بۆچوونی ئەشعەری فرمان بە ئاگر دەکرێ شت بسووتێنێ، چونکە خۆی لە خۆیدا توانای شت سووتاندنی نییە، کاتێك ئاگرەکە بەر ئەو شتە دەکەوێ کە دەبێ بسووتێ، شتە سووتاوەکە ((کەسبی سیفەتی کرداری سووتاندن و سووتان)) بە دەست دەهێنێ و ئاگرەکە دەسووتێنێ و شتەکەش دەسووتێ ... نابێ ئەوە لەیاد بچێ، کە ئەم دوو هەڵوێستە ئەگەر وەك یەکیش بن ئەوا پاکانە بۆ بۆچوونی جیاواز دەکەن و بڕوای جیاواز پاساو دەدەنەوە.

خاڵێکی تر کە لەم بۆچوونە دەکەوێتەوە ئەوەیە، کە مرۆڤ دەبێ بە بەشی خۆی رازی بێت لە جیاتی ئەوەی هەوڵ بدات ئەو بەش و حاڵ و رەوشەی بگۆڕێ دەبێ کۆشش بکات خۆی لەگەڵ بارودۆخەکەدا بگونجێنێ و بە پێی قانوونەکانی سروشت کە لە هەمانکاتدا قانوونی ژیرن بژیا و کاروکردار بکات. هەر چۆنێك بێت ، گومان لەوەدا نییە کە ئەم بۆچوونە وەك چارەسەر و وەڵام لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی ئازاد و تیۆریدا ئەوپەڕی زیرەکی و دەست رەنگینی تێدا بەدی دەکرێ، بەڵام تۆزقاڵێك لە چارەنووسی مرۆڤ خۆی ناگۆڕێ و باری سەختی سەرشانی سووك ناکات، بەڵکو بابەتەکە لە چوارچێوەیەکدا داڕێژراوە، کە پتر خەسڵەت و تایبەتمەندی کێشەیەکی تایبەت بە کەسانێکە کە لە رەوشی دیاریکراودا وەکو ئەرکی سەرشانیان هاتۆتە بەرچاو یان کە دەبێ! هەڵوێستێك، بۆچوونێك، بڕوایەك رەوا بکەن، کە بە هیچ تیۆرێ و توێ توێ کردن و رامان و سەرنجدانێك نە پشت راست دەکرێتەوە نە پاساو دەدرێ، چونکە کێشەکە ئەگەر زرەکێشەیەکی رووخسارەکی نەبێ، ئەوا داڕشتنەکەی لەسەر شێوەی پرسیارێکی داڕێژراو سنووری بنەماکانی مەنتیقی بیر و رێوشوێنی زمان و رێزمانی بەزاندووە. بابەتێکی تر کە ریواقییەکان رەوایان کردووە و سەرنج بۆ لای خۆی رادەکێشێ بابەتی ((درۆکردنە)). ستۆوا (ریواقی) لە بارورەوشی دیاریکراودا



رێگا دەدات مرۆڤ درۆ بکات[1] و درۆکە رەوا بکات، ئەو درۆیەی لە ئاییندا بە (درۆی سپی) ناوبراوە و لە لای شیعەکان (مەزهەبی جەعفەری) دوانزە ئیمام بووە بە (ئەل تەقییە). راستە ژیان لە خۆیدا ئاڵۆزە و پێداویستییەکانی سنوور و رادە دەبەزێنن و دەوروبەر و رەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی سەخت و نالەبارن و وا بە ئاسانی مرۆڤ ناتوانێ بچێتە ژێر بارییانەوە، بەڵام ئەمانە هیچیان، لە بۆچوونی ئاکارەوە بەهەر دوو بەشی تیۆری و پراکتیکی — کردەکییەوە پاکانە بۆ درۆ و ناڕاستی ناکەن. ئەوەی وای لە شیعە کردووە ئەو تیۆرییەی ریواقییەکان پەسەند بکات و رەوای بکات بە هیچ جۆرێك پاساو نادرێت و بە هیچ مرۆڤێکی ژیر و دانا پاکانەی بۆ ناکرێت. ئەگەر پاراستن و رزگارکردنی ژیان و نەفس ئەرکی سەرشانی مرۆڤی ئیماندار (شیعە) بێت ئەوا درۆکردنیش لە لای خۆیەوە بە هیچ جۆرێك لە ئەرکی پاراستنی ژیان و خۆپاراستن لەو مەترسییانەی هەڕەشە لە مرۆڤ دەکەن، کەمتر نییە. ژیانێك بە درۆی (تەقییە) رزگار بکرێت دەبێ چۆن ژیانێك بێت و بخرێتە خانەی چ کردارێکی ئاکارەوە!!؟

پێوەندی نێوان مرۆڤ وەك تاکەکەس و کۆمەڵ وەك پێکهاتە و ئۆرگانێکی هەمەکی بابەتێکی تری هزری کۆمەڵایەتی ئەم رێبازە سەرنجراکێشە بووە. مرۆڤ گیانلەبەر و بوونەوەرێکی ژیر و خاوەن خواستە ئەم سروشتەی دەبێتە مایەی ئەوەی کە ژیانی لە چوارچێوەی کۆمەڵ و پێوەندی لەگەڵ سروشت و گوزەرانیدا بەسەر بەرێت. بۆیە دەکرێ بوترێ هۆکار و پاڵنەری Trieb ژیان لە نێو کۆمەڵێکدا (Gemeinschaft) بەشێکە لە پێکهاتەی ژیر (ئەقڵ) و هەر ئەو توانایەیە، کە بە مرۆڤ بەخشراوە هانی دەدات خۆی بە پشکێك و ئەندامێك کۆمەڵ دابنێ و چاکە و خێروبێر و خۆشی خۆی لە هی تێکڕای کۆمەڵدا ببینێ. لەبەر ئەوەی نەفس و جەوهەری ژیر لە هەموو بوونەوەرێکدا (مرۆڤێکدا) یەکە و هەمانشتە

(1) Zeller, Eduard. Die philosophie der Griechen in ihrer geschichtlichen Entwicklung, 3. Teil.1. Absch. Hildesheim 1963.s.286 ff.

ئیتر بە هۆی هۆشیاری و هەستکردن بەم یەکە و یەکڕەنگییەی ژیر، هاندەری پێکەوە ژیان لە نێو کۆمەڵدا لە لای هەموو بوونەوەرەوە ژیرە تاکەکان سەرهەڵدەدات[1] و، بەم پێیە کۆمەڵ پەیدا بووە و هەر لەم هەڵوێستەی مرۆڤەوە دوو چاکەکاری (فەزیلەت) جێگیر دەبن: دادپەروەری و خۆشویستنی مرۆڤ و ڕێزلێنانی.

ئەگەر لە لایەکی ترەوە چاکەکاری بابەتێك بێت نەك بە سەرنجدان و بیرکردنەوە و رامان بە دەست دێت، بەڵکو لە کاروکردەوە پێك بێت و بکەوێتەوە ئەوا بوونی دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەت و بەشداربوون تێیاندا دەبێتە مایەی کارکردن بۆ چاکەکاری و ڕێگاگرتن لە بەدکاری، ئەمەش لە خۆیدا گرنگی و پێویستی بوونی دەوڵەت پشت ڕاست دەکاتەوە. هەروەها لە ئەنجامی هێرشەکانی ئەسکەندەر بەرەو ڕۆژهەڵات و فراوانبوونی سنوور و دەسەڵات، بۆچوونی مرۆڤ لە بارەی ئاکاری کۆمەڵایەتییەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەلایەکەوە دەوڵەتی شاری جاران بووە بە دەوڵەتی سنوور فراوانی جیهانی و خەسڵەتێکی گەردوونی فراوانی پێبڕاوە لە لایەکی ترەوە چەمکی مرۆڤایەتی Humanism و برایەتی بووە بە چەمکی بنەڕەتی و شاچەمکی ئاکاری کۆمەڵایەتی. لەبەر ئەوەی هەموو مرۆڤ بەبێ جیاوازی ڕەگەز و نەتەوە و بڕوا، بە بۆچوونی ڕیواقییەکان — لەگەڵ یەکتریدا ژیری زیندوو، لۆگۆس بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە هەموویان خوشك و بران و زارووی ئەو ژیر و و لۆگۆسە گەردوونییەن کە حوکمڕانی سەرتاپای جیهان دەکات. ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی، کە مرۆڤ وا هەست بکات تەنیا هاووڵاتی وڵاتێك و ڕۆڵەی تاکە نەتەوەیەك نییە، بەڵکو هاووڵاتی سەرانسەری جیهانە ئەمەیە مانای چەمکی Kosmopolit کە ئەو سەردەمە بڵاوبۆتەوە. بەم پێیە دەبێ مرۆڤایەتی یەك دەوڵەت و یەك ماف و یەك قانوونیان هەبێت.

(1) Zellere, Eduard., Ebenda.s.293.



## 4- ڕێبازی ئەپیکۆر

ناوی ئەم ڕێبازە لە ناوی دامەزرێنەرەکەیەوە (ئەپیکۆر 341– 270 پ.ز) کەوتۆتەوە، بە ڕێبازی ئارامی و هێمنی و دڵنیایی ناخ و دەروون ناسراوە.

لە جیهاندیدی ئەم ڕێبازەدا هزری کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی بابەتی ئاکاردا چەکەرەی کردووە و پێگەیشتووە، بە واتایەکی تر ئەم هزرە لە چوارچێوەی فەلسەفەی ئەم ڕێبازەدا بە گشتی و لە باوەشی ئاکاری کۆمەڵایەتیدا ئاوێتە بوو. بە هەڵوێست بەرانبەر بە ئایین و بوونی خواوەندەکانی ئەوسای یۆنان خەت و خاڵی داوە.

لە لای ئەم ڕێبازەش بەختەوەری دوا ئامانجی ژیانە، لە لایەکەوە چاکەکاری ڕێگا بۆ ئەم بەختەوەرییە خۆش دەکات و لە لایەکە ترەوە ترس و نیگەرانی ئەم بەختەوەرییە دەشێوێنێ، بۆیە ئەپیکۆر، ڕابەری ئەم ڕێبازە بە ئەرکی سەرشانی خۆی داناوە، کە هانی یەکەمیان بدات و پێی لەسەر داگرێ و دووەمیان بڕەوێنێتەوە و دووری بخاتەوە. بە لای ئەپیکۆرەوە ئایین و ترسان لە (مەرگ و مردن) دوو سەرچاوەی سەرەکی [1] ئەم نیگەرانییەن کە بەختەوەری تێکدەدەن و دەشێوێنن. لە بارەی یەکەمیانەوە هەوڵی داوە لە دوو لاوە بەرەنگاری بڕوا و ئایینەکەی سەردەمی خۆی ببێتەوە:

**یەکەم:** کۆشاوە ساغی بکاتەوە کە خواوەندەکان بە هیچ جۆرێك خەمی مرۆڤ و دنیایان نییە و هیچ هەوڵێك نادەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ژیان و گوزەران و چارەنووسی خەڵك. خۆ ئەگەر بابەتەکە وەها نەبووایە، نەدەبوو ئەم هەموو نەخۆشی و سەریەشە و هەژاری و زۆر جەور و زوڵم و نادادپەروەرییە لە دنیا هەبایە.[2]

**دووەم:** کۆشاوە بە وتار و نووسین، ئەگەرچی لەم نووسینانە چەند قسە و دێڕێك بەولاوە نەماونەتەوە، بە پێی سەرچاوەکان ئەفسانە و بڕوای پووچ و پووچەڵ

(1) Russell, Bertrand. Ebenda. S. 265.ff.

(2) Zeller,E., EBENDA .S.442.ff.

بکاتەوە و ساغی بکاتەوە، کە هیچ جۆرە هێزێکی سەرو سروشت ناتوانێ کار لە جیهان و چارەنووسی مرۆڤ بکات[1].

وەك ئەنجامێکی ئەم هەڵوێستەی هەوڵیداوە سەرنج بۆ ئەو راستییە رابکێشێ کە مرۆڤ لە ناخی خۆیدا، بەبێ ئەوەی پێویستی بە هۆکار و یارمەتی دەرەکی هەبێت توانای هەیە بەختەوەر بژیەت بەختەوەریش بە واتا سەرەکییەکەی لە ئازادی ناوەکی ناخ و هێمنی و ئارامی و ئاسوودەیی دەروون و نەفس بەو لاوە نییە. ئایا دەکرێ لەم هەڵوێستە خەمساردی بەرانبەر بە کاروباری سیاسەت و گوێ نەدانە خۆشەویستی و حەزلێکردن و ژیانی رەبەنی و نەویستنی خێزان [2]و ژن نەهێنانی لێ بکەوێتەوە؟!

بە باوەڕی ئەپیکۆر لایەنگرەکانی ترس لە مردن و نیگەرانی بەرانبەر بە ژیانی ئەو دنیا دوای مردن بەهیچ جۆرێك رەوا نییە و پاساو نادرێت، چونکە ئەگەر مرۆڤ زیندوو بێت، مردن نەهاتووە و ئەگەر مرۆڤیش مردبێت ئەوا ژیان نامێنێ[3] و لە هەموو شتێك بێ ئاگا دەبێ ئیتر ترس بۆچی و لەچی؟!

ئەگەرچی ئەو پاکانە و شرۆڤەیەی ئەپیکۆر پێشکەشی کردووە ئەوپەڕی زیرەکی تێدا دەردەکەوێ و ساغی کردۆتەوە، کە سەر بە جیهاندیدی مەتریالیستی (مادییە) و بڕوای بە چارەنووس و ناچاری (Determanism) هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا قسەکەی تەنیا بە لای ئەو کەسانەوە پەسەند دەبێت و کاری خۆی دەکات کە وەك ئەو بڕوایان بە هەمان بنەمای جیهاندیدی مەتریالیستیانە هەبێت. مەسەلەی مردن و نیگەرانی و ترس لە دوا رۆژی نەزانراو و تەم و مژاوی و، کۆنترۆڵ نەکردنی پاشەڕۆژ، کە لە توانادا نییە، پێداویستی و کێشەکانی ژیانی رۆژانە لە کۆمەڵ و دەوروبەردا ئەگەر نەبنە

[1] Capelle, Prof. Dr., Ebenda .s.13 ff.8

[2] د. هـ. سدجويك، المجمل في تأريخ علم الآخلاق، ت: د. توفيق الطويل، عبدالحميد صبري، ج1، ط1، اسكندرية، 1949، ص171 فما بعد.

[3] د. هـ.سدجويك، المصدر نفسه، ص176.



مایەی ترس و نیگەرانی لەبەردەم مردندا، ئەوا چەندین جۆر و شێوەی نیگەرانی تریان لێدەکەوێتەوەکە هیچ لە ترسی مردن کەمتر نەبن. ژیانێك سەرەڕای ئەم هەموو فرەڕەنگی و بە پێزی و خۆشی و سەرکەوتن و چێژولەزەتەی هەیەتی و تیایدان نە سەرەتا و نەکۆتایی دیارە، لەوەش ئاڵۆزتر و ئازار بەخشتر ئەوەیە کە بە تاقیکردنەوەیەك کۆتایی دێت، مرۆڤ تەنیا جارێك پێیدا تێدەپەرێ و نە هیچی لێدەزانێ و نەدەتوانێ هیچ شتێك لە بارەیەوە بگێڕێتەوە. ئیتر چۆن لە بەرانبەریدا ترس داینەگرێ و نیگەران نەبێ؟!

# تاییەتمەندی هزری

# کۆمەڵایەتی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

## 1

سەدەکانی ناوەڕاست، بە مێژوو و کولتوورەوە، ئەو سەردەمە دەگرێتەوە، کە نزیکەی هەزار ساڵی خایاندووە، کەوتۆتە نێوان ئاوابوونی ڕۆژی ئیمپراتۆری ڕۆژئاوای ڕۆم لە ساڵی (476ز) و داگیرکردنی شاری کۆستەنتینۆپلی یۆنانی لە لایەن عوسمانییەکانەوە لە ساڵی (1453ز)دا. لەم قۆناغەدا کە بە دوورودرێژترین قۆناغی مێژوو دەژمێردرێ و کێشە و بەرەیەکی زۆر و زەبەندەی لە سەرە، شارستانییەت و کولتوورێك لە ئەوروپا و دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاستدا، لە ژێر باڵ و کۆنترۆڵی توندتۆڵی ئایینی مەسیحی خەت و خاڵی داوە.

لە چوارچێوەی ئەم کولتوور و شارستانییەتەدا، بەتایبەتی لایەنە گیانییەکەی، بابەتی هەمەڕەنگی سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵ و دەزگاکانی دەوڵەت ڕێوشوێنی بنەماکانی ئاکار، بۆچوون لە بارەی مرۆڤ، کۆمەڵ، خێزان، ژیانی ئێستا و دوای مردن، بەختەوەریی، چاکەکاری و بەدکاری، پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، دادپەروەریی، ئازادی، چارەنووس و ئۆباڵ ئازادی خواست و قەزاو قەدەر، خۆشەویستی و هیوا، پێوەندی نێوان ژیر وەحی، زانین و باوەڕ بە تێروتەسەلی، بەڵام لە سێبەری ئایینی سەرتاپاگیر و گەردوونی مەسیحیدا، ڕەنگی ڕێژراوە. مۆرکی سەرەکی و تایبەتمەندی بەرچاوی ئەم بابەتە، کە تێیدا جۆرە بیر و هزرێکی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی کێشە و بەرەی نێوان فەلسەفە و لاهووتدا سەریهەڵداوە و گەشەی کردووە، گومان کردن بووە لە هێز و توانای مرۆڤ و ژیری مرۆڤ، پشتگوێ خستنی دنیا و ژیانی ئێستا، چاو نوقاندن لە بەرامبەر هەڵکەوت و واقیعیدا، پشت بەستن بە هێزی بوونەوەرێکی سەروو سروشتی ترانسندێنتی کە پتر خۆی لە چوارچێوەی ئەفسانە و داستاندا دیوەتەوە، پاکانەکردن بۆ کۆیلایەتی و ڕەواکردنی هەژاری و نەخۆشی و بەدکاری میتافیزیکی لە پێناوی شادبوون بە بەختەوەرییەکی ئەفسووناوی جیهانێکی تر کە دوای مردن دەستپێدەکات تانوپۆی کارەکتەر و تایبەتمەندی ئەم سەدەی ناوەڕاستیان پێك هێناوە.



ئەم تایبەتمەندی و کارەکتەری ئەم شارستانی و کولتوورە بێگومان، بە هەر جۆرێك هەڵبسەنگێنرێن و هەڵوێست لە بەرامبەریاندا بنوێنرێت، یان بخرێنە چ خانەیەکی پەرەسەندنی مێژووی شارستانییەتی مرۆڤەوە، ئەنجام و بەروبوومی ئایینێکن دوای دەرکەوتنی لە ناوەڕۆك و ڕوخساردا گۆڕانی مەزن و سەرتاپاگیری بەسەردا هاتووە، گۆڕانێك دەکرێ مافی ئەوە بە لێکۆڵەرەوە بدات، کە بە پێی قۆناغی پەرەسەندن و گۆڕانەکەی بە دوو ئایین ناوی بەرێ، مەسیحییەتێك کە لە ئۆرشەلیم لە لایەن یەسوعی مەسیحییەوە (عیسای کوڕی مریەم) بانگەشەی بۆ کراوە و مەسیحییەتێك دوای کارەساتی چوار مێخە کێشانی (یەسوع) چۆن باری کردووە و هەوارەکەی خۆی، ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست، بەجێ هێشتووە و لە دەڤەرێکی تر کە ئێستا (ئەوروپا و ئەمەریکا و باشووری ئەمەریکای) پێدەگوترێ باری خستووە و کردوویەتی بە مەڵبەند وەك سەرچاوەکان باسیان کردووە، دوای ون بوونی مەسیح چەندین ئینجیل نووسراوەتەوە و ئینجا لە کۆبوونەوەی (نیکیا) لە نێوان هەموو ئینجیلەکاندا ئەم چوار ئینجیلەی ئێستا لە لایەن (ماتیوس، مارکۆس، لوکاس، یۆهانسەوە نووسراونەتەوە) پەسەندکراون و بە فەرمی بڕیاری بەکارهێنانیان دراوە.[1]

ئەوی لەم بوارەدا سەرنجڕادەکێشێ پێوەندی ئایینی مەسیحییە بە ئایینی تایەفەی موسا (جوولەکە) و کەلەپوور و کولتووری یۆنان و ناوچەکەوە. پێوەندی نێوان ئینجیل و تەورات (کتێبی ئایینی جوولەکە) دەکرێ لە ڕوانگەیەکی دوو لایەنییەوە سەرنج بدرێت:

**یەکەم:** هەردووکیان یەکەیەکی تەواوکەری یەکتری پێك دێنن. ئینجیل بە هیچ جۆرێك ناتوانێ دەستبەرداری ناوەڕۆکی تەورات بێ، نوێژی یەکشەممانی کڵێسە ئەم ڕاستییە ساخ دەکاتەوە. ئەگەر تەوراتیش نەبووبایە نەدەبوو باس لە هەبوونی ئەم ئینجیلەی ئێستا بکرێت.

---
[1] Die Bible., Elberfelder Ubersetzung. R.brockhaus Verlag Wuppertal. 9. Auflage 2003.

**دووەم:** هەریەکەیان ئینجیل و تەورات یەك فرەڕەنگی سەربەخۆ پێك دەهێنن و تایبەتمەندی سنوورداری خۆیانیان هەیە ئەگەرچی جوولەکەکان بە هیچ جۆرێك دانی بەخێر بە ئینجیل و عیساییەکاندا ناهێنن.

– ئەگەر مرۆڤ بە چاوێکی وردبینانە هەردوو کتێبی ئایینی ئینجیل و تەورات بخوێنێیتەوە چەند راستییەکی بۆ دەردەکەوێ کە جێگای گومان نەبن.
– هەردوو کتێب بە ناوەڕۆك و روخسارەوە ئەو هەلومەرجە خودی و بابەتی و ئەو رەوش و دۆخە فرەڕەنگییانەیان پێوە دیارە کە شایەدی پەیدابوونیان بوون. تەورات کە ناوەکەی بە زمانی عیبری واتای قانوون و رێ و شوێن دەبەخشێ لە ئینسکلۆپێدییەك دەچێت کە کولتووری گیانی و داستان و ئەفسانە و فۆلکلۆری پێش خۆی و سەردەمی خۆی کۆکردبێتەوە، بە تایبەتی فۆلکلۆر و کەلەپووری بابل و دۆڵی نیل (میسر) و ناوچەی رۆژهەڵات و دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاست، بە شێوەیەکی رێکوپێك لە چوارچێوەی رێوشوێنی ئاییندا داڕشتبنەوە. بەڵگەیەکی راستی ئەم قسەیە، لە لایەکەوە فۆلکلۆر و کولتووری ناوچەکە، چونکە تەورات هەمووی کۆکردۆتەوە، لە لایەکی ترەوە لەیەکچوونی لەگەڵ ئەو بابەتانەی لە بابل و دۆڵی نیل و نێوان هەردوو ئاوی فورات و دیجلە ساخ کراونەتەوە.
– فیلو کە بیرمەندێکی سەردەمی عیسا بووە لەو نووسینانەی لە دوای بەجێ ماون، ئەو سوودە دەردەخات کە جوولەکەکان لە کولتووری کۆنی یۆنان وەریان گرتووە.[1]
– ئینجیل بە ئاشکرا دەری دەخات، کە نووسەرەکانی تا چ رادەیەك لە کەلەپوری ئایینی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جوولەکە و فەلسەفەی یۆنانی بە

(1) Russell, B., philosophie des Abendalande,. Europaverlag – Wien 2000. s.336.ff.



تایبەتی قۆناغی هیلنستی سوودیان وەرگرتووە. تەنانەت کلێسەی مەسیحی، بە تایبەتی لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە بابەتە تۆمارکراوەکانیدا، دەردەکەوێ کە تا چ رادەیەك سوودی لە جیهاندیدی فەلسەفە وەرگرتووە و توندوتۆڵ بە رەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی دەوروبەری خۆیەوە بەستوویەتییەوە[1] و تێکەڵاوی کردووە و جیهاندیدی مەسیحی خۆی لێدا رشتووە.

## 2

**بنەماکانی بڕوا و ئاکار:** ئایینی مەسیحی لە خۆیدا و ئەو گۆڕان و پەرەسەندنەی، دوای بڵاوبوونەوەی لە هەواری نوێی کە ئەورووپا بووە، بەسەریدا هاتووە چەندین دیاردە و راستی گومان هەڵنەگر لە چوارچێوەی بیروهزری کۆمەڵایەتییەکەدا ساخ دەکاتەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

**یەکەم:** دابەشبوونی ئەم ئایینە بە دوو مەزهەبی سەرەکی، پرۆتستانت و کاتۆلیك، نەرم و نیانی ئایینەکە لە بەرامبەر رەوشی کۆمەڵدا نیشان دەدات و ساخی دەکاتەوە کە مەسیحییەت خۆی گۆڕیوە بۆ ئەوەی بە جۆرێك بێت لەگەڵ رەوش و دۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵدا بگونجێ.

**دووەم:** ئەم گۆڕان و دابەشبوونەی ئایینی مەسیحی ساخی دەکاتەوە، کە کۆمەڵ ئۆرگان و پێکهاتەیەکی زیندوو و کاریگەرە، هەموو شتێك وەك خۆی وەرناگرێ و پەسەند ناکات. کۆمەڵ هەموو شتێك وەك خۆی چۆنە، تۆمار ناکات. ئەم گۆڕانەی ئایین بۆ ئەوە هاتووە کۆمەڵەکە زیندووە و چۆن لەسەرەوە ئایینەکەی بەسەریدا سەپێنراوە، بە هەمان شێوە کۆمەڵ لە بنەماو ژێرخانەوە کەسایەتی خۆی سەپاندووە و ئایینەکەی ناچار کردووە لەگەڵ سروشتی کۆمەڵایەتی مرۆڤ و کۆمەڵدا بگونجێ ئینجا وردە وردە پەسەند کراوە.

(1) Russell, B., Ebenda. 317.ff.

**سێیەم:** جیهاندیدی دامودەزگاو دامەزراوەکانی کڵێسەی مەسیحییەت ڕەنگی تایبەتمەندی تێکڕای ئەو قۆناغەی ڕشتووە کە بە سەدەکانی ناوەڕاست نـاودەبرێ. ئەم جیهاندیدییە کار و کارلێکدرانی دەستیاوی نێوان ئایینەکە وەك دیاردەیـەکی کۆمەڵایەتی سەرخان و کۆمەڵ وەك پێکهاتەیەکی فرەڕەنگـی ژێرخـان پـشتڕاست دەکاتەوە. ئەم جیهاندیدییە کە یەکەیەکی یـەکڕەنگی ئایـدیۆلۆجی و[1] دۆگـم و هزری گیانی پێکهاتووی نیشانداوە بریتی بـووە لـە دیـاریکردنی هەڵوێـست لـە چوارچێوەی دۆگمەکانی لاهووتدا بەرامبەر بە کێشەکانی ئەوسای مرۆڤ و ژیـان و ئاکار و جیهان و ئینجا پێوەندی ئەم لایەنانە بـە تێکڕایـی بەسـەر و سروشـت و ڕەبەوە بەرجەستە دەکات. بۆ ئەم مەبەستە پشت بـە ئـایین و سەرچـاوەکەی کـە وەحی پێگوتراوە، بەستراوە و سوود لە هێز و توانای ژێریش وەرگیراوە.

لە چوارچێوەی بەیەکەوە بەستنەوەی توندوتۆڵی بڕواو و زانیندا، کـە بابـەتی سەرەکی هزری سەدەکانی ناوەڕاست بووە، ڕەنگـی سـنوور و چوارچـێوەی ژیـانی مرۆڤ و کۆمەڵ و خێزان و دەزگاکـانی بـەڕێوەبردن ڕێـژراوە. ئەگەرچـی بـۆ ئـەم مەبەستە سەخت و ئاڵۆزە پەنابراوەتە بەر نموونەیەك کـە نـاوی ((ئاسمـانی)) لـێ نراوە، بەڵام ئەم نموونەیە پتر مۆرکی ئایدیالیستی و دۆگـم و دیـسپلینێکی پێـوە دیـاربووە، کـە وەڵامـی پرسـیارەکانی نـاخی مرۆڤێـك بێـت، کـە لـە جیـاتی چارەسـەرکردنی ڕاسـتەقینەی سـەختی ژیـان و کێـشەکان، هەڵکـەوت و واقیعـی پشتگوێ خستبێ، یاخود لێیان بێ هیوا بووبێ و پەنای بردبێتە بەر هەست و سـۆز و هێزی لە سنوور بەدەری دڵ و چاوی ناخ و دەروون و ئەوەنـدەی دڵ حـەزی کردبـێ سواری ئەسپی خەیاڵ و ئەندێشە بووە و هەموو سنوورێکی بەزاندووە. ئەوی لێـرەدا لێی بێبەش بووە و هیوای بە دەستهێنانی نەماوە و لە گۆڕانی بـەرەو باشترەکەشـی کەوتۆتە دەریای بێ بنی گومان و ڕەشبینی و بێ هیواییەوە، هەموو ئـەو ئـاوات و

[1] Hirschberger, Johannes. Geschichte der philosophie Bd.I. Komet 12. Auflage. Frankfurt am Main 1980. s. 317-318.



ڕاز و مراز نیـاز و ئامانجانـەی لـە دەفرێکـی نموونـەیی ناڕیالیـسیدا، لـەم نموونـە ئەندێشەییە ئاسمانییەدا بەدی کردووە، کە ژیانێکی دوای مردن پێی دەگات یـاخود بەڵێنی پێگەیشتنی بە پێی هەلومەرج و قەیدی دیاریکراو پێدراوە.

لە جیهاندیـدی ئـایینی مەسـیحیدا بـڕوا (ئیمـان) کـراوە بـە پێـودانگ و سەرمەشق لە ڕوانگەی باوەڕەوە هەوڵدراوە کێشەکانی مرۆڤ و ژیـان و کۆمـەڵ و پاشەڕۆژ و چارەنووس و بەدکاری و زۆر و جەور و زوڵـم و نـادادی (ناعەدالـەتی) بابەتی کێشەی خواست و ویست، ئایا مرۆڤ لەو کار و کردارانەی ژیانی ڕۆژانەیدا دەیانکات و ئەو شتانەی دووچاریان دەبێت و بەسەری دێن ئازادە و ئۆباڵـەکانیان وەك  بەرپرسی دەکەونە ئەستۆی، یان ئەمانە قـەدەر و چارەنووسـن و بەسـەریدا سەپاون و لەناوچەوانی نووسراون هەردەبوو ڕوویدەن و بن و مـرۆڤ لـە ئاقاریانـدا هیچی لە دەست نایەت؟ دەبـوو ئـەم کێـشەیە لـەم دیـدەوە چارەسـەر بکرێـت، ئەگەرچی ئەم چارەسەرانە لە دوو لایەن بە دەرنین:

1- لە کولتوور و تەوراتی جوولەکەوە سەرچاوەیان گرتـووە و خوازراونـەوە و بە پێی هەلومەرجی سەردەم دەسکارییەکی هەندەکی کراون و لە ڕوخساردا جۆرە گۆڕانێکیان بەسەردا هێنراوە. کێشەی بەدکاری کە لە ئادەمەوە دەستی پێکـراوە بـە تـەواوەتی لـە تـەوراتی موسـاییەکانەوە خوازراوەتـووە و شـتێکی ئـەوتۆی نەخراوەتە سەر. بۆ نموونە لە لای ڕابەرانی لاهووتی مەسیحی زۆرجار بە جۆرێـك پێناسەی خواستی ئازاد کراوە کە لە خۆیدا بەدکاری وەك هەلومەرج و بەشێك لە بوونی مرۆڤ دانراوە، بۆیە ئۆگۆستین بەلایەوە وابووە کە خواستی ئازاد و ((ئازادی ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی لە گوناه کـردن و کەوتنـە بـەدکاری بپارێزێـت[1])). لـەم پێناسەیەدا ئەگەرچی لە چوارچێوەی بڕواکەدا گیری خواردووە، نە بابەتەکـەی بـە تەواوەتی پێناسە کردووە و نە مرۆڤی لە ئۆباڵی بەدکاری گەردن ئـازاد کـردووە.

[1] د. هـ. سد چویك، المجمل في تأريخ علم الآخلاق، ت: د. توفيق الطويل و عبدالحميد حمدي،ج1، ط1، اسكندرية، 1940، ص240 فما بعد.

ئادەم بە خواستی ئازادی خۆی بەدکاری هەڵبژاردووە، جیاکردنەوەی ئازادی لە ناچاری ئینجا ئازادی رزگاربوون بێ لە کۆیلەتی و بەندایەتی مرۆڤ لە بەردەست گوناه و بەدکاریدا، بە هیچ بنەمایەکی ژێر پشتڕاست ناکرێتەوە.

یان کێشەکە هەر لە زۆر جەور و زوڵمەوە تاوەکو بەدکاری پتر پاکانەی بۆ کراوە و پاساو دراوە. ئەو چارەسەرانەش ئەگەرچی دەڵەمەیی بوون و پێشکەش کرابن لە چوارچێوەی قسەی گەرم و گوڕی دڵخۆشکەر و ئارام بەخش کە بەوپەڕی وەستایانە داڕێژراون بەولاوە نەبوون. لێکۆڵینەوەی ئەنجام و پاساودانی شتێکە و دۆزینەوەی هۆکاری راستەقینەی بەدکاری و بەلایەکدا خستنی، بەوەی هەلومەرجی پەیدابوونەکەی بنەبڕ بکرێن، شتێکی ترە. ئەمە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە دەگمەن نەبێ هەستی پێ نەکراوە.

2- دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ژیان: ــ بۆچوونی مەسیحییەکان لە بارەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانەوە بەگشتی، لە بارەی بنەماکانی ئاکارەوە تاوەکو خێزان و کۆمەڵ و دەوڵەت بریتییە لە سێ رەنگییەك کە لە تەورات و ئینجیل و کولتووری یۆنانەوە وەرگیراوە و لە نێو بازنەیەکی کلۆمدا داڕێژراوە، کە دەکرێ بە هزری کۆمەڵایەتی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست ناوببردرێ. لەم هزرەدا ژێرکراوە بە ئامرازێك بۆ یارمەتی دانی باوەڕ و ئیمان و پشتڕاستکردنەوەی جیهاندید و دۆگمەکانی.

**یەکەم:** مرۆڤ ئەگەرچی لە نێوان بوونەوەراندا پلەوپایەکی بەرچاوی هەیە، بەڵام بە هۆی گوناهەکەی ئادەمی تەوراتی جوولەکەوە باری سەرشانی سەخت بووە دەبێ بە کردەوە کۆششی دەربازبوون (رزگاربوون لە بەدکاری و ماددە) بکات. مرۆڤ لە لایەن رەب داهێنراوە (خەلق کراوە) ئازادە لە نێوان دوو شیاوەکیدا یەکێکیان هەڵبژێرێ:

– جیهانی بەرهەستی ئێستا کە مرۆڤ تیایدا دەژیا، یان–جیهانی سەروو سروشت–گیانی بەوەی پەیڕەوی رێوشوێنی یەسوعی مەسیح بکات و بەم



هەڵبژاردنەی، یان دێتەوە سەر زەوی و هەموو شتێك لە دەست دەدات یان دەبێتە مرۆڤێکی ئاسمانی[1] بەهەشتی.

**دووەم:** جیهاندیدی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست لەوە دەچێ کۆششی نەکردبێ رێژێمی کۆیلە و بەند (عەبدایەتی) سەردەمی یۆنان و رۆم بگۆڕێ، بۆیە بەجۆرێکی پڕ لە سڵ و پارێز لە بەرگی مرۆڤ پەروەری و خۆشەویستی و هیوادا بابەتەکە دەخاتە بەرچاو. یەسوعی مەسیح بە ئاشکرا داوای لە بەند و کۆیلە کردووە کۆششی ئازادکردنی خۆیان لە کۆت و پێوەندی لەش نەکەن و کۆیلایەتی پاساو داوە و بە رەوای زانیوە:

مەسیح وتوویەتی:

((ئەگەر زللەیەکیان لە روومەتی راستتدا، روومەتی چەپتیان بۆ راگرە))[2]

هەروەها لە شوێنێکی تردا بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆی دیار و دەستنیشان کردووە و گوتوویەتی:

((ئێوە بیستوتانە کە دەوترێ: خزمی خۆتانتان خۆش بوێ و قینتان لە دوژمن بێتەوە، بەڵام من بە ئێوە دەڵێم: (دوژمنەکانی خۆتانتان خۆش بوێ)[3])). بێدەنگ بوون لە بەرامبەر دەستدرێژیدا و خۆشویستنی نەیار و دوژمن، نە خۆشەویستییە و نە بڕوا و ئیمان قایمییە و نە هیوا و ئاوات بەخشە، بەڵکو بێدەنگ بوونە لە بەرامبەر زۆر و جەور و نادادیدا کە خۆی لە خۆیدا هەڵوێستێکە بەشداربوون لەو بەدکارییە دەردەخات. خۆشویستنی دوژمن کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات و هۆکار و هەلومەرجە راستەقینەکانی پەیدابوونی و ئینجا چارەسەرە راستەقینەکەی پشتگوێ دەخات.

**سێیەم:** لە بارەی پێکهێنانی خێزان و ژن هێنان و مێردکردن دەکرێ هەڵوێستی مەسیحییەت بە نالەبار ناوببردرێ. گوایە عیسا خۆی ژنی نەهێناوە و

---

(1) Hirschberger, Johannes., Ebenda.s.374.
(2) Die Bible, Matthaeus: 5-39. Das Neue Testament.
(3) Die Bible, Matthaeus: 5-43. Das Neue Testament.

هانی ژن هێنان و مێرکردنی نەداوە و خێزانیشی نەبووە، بۆیە مەسیحییەکان سەرگەرمی ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزان نین، بەڵام ئەم دیاردەی رەبەنییە بە پێچەوانەی قانوونی سروشت و کۆمەڵ و ژیانەوەیە، بۆیە مەسیحییەکان هەڵیان داوە ئەم دیاردەیە تەنیا لە چوارچێوەی کڵێسەی کاتۆلیك و لە نێوان کارمەندانیدا پیادە و جێبەجێ بکەن، ئیتر پیاو و ژنی ئایینی کڵێسەی کاتۆلیك بە درێژایی ژیان بە رەبەنی دەمێننەوە. لەمەوە لە ئەکلیرۆسدا چینێکی رەبەن پەیدا بووە.

## 3

کۆمەڵ و دەوڵەت، ئەگەر بابەتی ئاکار بە قانوون و رێوشوێنەکانییەوە لە مەسیحییەتدا سوودێکی زۆری لە کولتووری یۆنان بەتایبەتی کولتووری سەردەمی هیلینستی وەرگرتووە و لە دەفری جیهاندید و دۆگمە جۆربەجۆرەکانی کڵێسەدا دایڕشتۆتەوە، ئەوا مرۆڤ لە بارەی دەوڵەت و کۆمەڵەوە جۆرە تایبەتمەندییەکی کڵێسە و لاهووتی مەسیحی هەست پێدەکات. ئەو تایبەتمەندییە لە نێو رێبازی دوو رەنگی لەش و گیان، چاکەکاری و بەدکاری، ژیان و مردن، جیهان و مەملەکەتی ئاسمان، ژیر و وەحییدا رەنگ رێژراوە.

بیرمەندە مەسیحییەکان لەو باوەڕە دابوون، کە ژیانی ئەم دنیایە شتێکی کاتییە و بەسەردەچێ و ئەوێ دێت جاویدانی و هەمیشەییە و لە ناو ناچێت. پشت ئەستوور بە ئینجیل و رێوشوێنەکانی ئەم ئایینە دەبێ مرۆڤی چاکەکار لە مەملەکەتی رەبدا بە ژیان و بەختەوەری جاویدانی کە هەرگیز نابڕێتەوە و کۆتایی نایەت شاد بێ، چونکە بەرجەستەبوونی رەب لە لەش و کڵێسەی یەسوعی مەسیحدا مەبەست دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەیە[1] بووە لە مەملەکەتی رەبدا لە ئاسمان. لەگەڵ بڕوابوون بەم بنەمایە نەگۆڕاوە کە لە لاهووت و دۆگمەکانی

[1] جلسون، إتين، روح الفلسفة المسيحية في عصر الوسيط، ت: أ.د. أمام عبدالفتاح أمام، ط3، مكتبة مدبولي، 1996. ص439 فما بعد.



کڵێسەدا گومان هەڵنەگر بووە، بیروڕای تایبەتی لە چوارچێوەی ئەو سنوورەدا، کە ئایینەکە کێشاویەتی جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی ئازاد لە بارەی کۆمەڵ و دەوڵەت لەم سەرزەمینەدا بەرچاو دەکەوێت: مەسیحییەکان پشت ئەستوور بە سفری یەکەمی تەورات وایان داناوە، کە لەو رۆژەوە ئادەم لە فرمانی رەب دەرچووە و لە بەری داری زانینی خواردووە بەدکاریی لە جیهان و لەسەر زەویدا بڵاوبۆتەوە، بۆیە میللەت بووە بە تیرە و هۆز و خێڵ و نەتەوەی جیاواز و هەریەکە بە پێی بۆچوونی خۆی هەوڵی دوورکەوتنەوە لە بەدکاری و بە دەستهێنانی بەختەوەری دەدات. کەوابوو مێژووی کۆمەڵ و مرۆڤایەتی لەو رۆژەوە، کە رەب دنیای داهێناوە لە مێژووی جەنگی نێوان بڕوا و بێ بڕوا ئیمان و بێ ئیمان، دیندار و بێ دین بەولاوە نەبووە[1]، بەڵام ململانێیە بووە بە بەزەیی و رەحم لە کەسایەتی یەسوعی مەسیحدا بەرجەستە بووە و ئینجا مەسیح چوار مێخەکێشراوە بۆ ئەوەی گوناه و خەتای مرۆڤ پاك بکاتەوە.

ئیتر لەو کاتەوە کۆمەڵی مرۆڤایەتی لە کەسانێك پێکهاتووە کە بیر و هەست و سۆزیان بەرامبەر یەکتری کۆی کردوونەتەوە، شار و بارژێڕ و کۆمەڵ و دەوڵەت لە کەسانێك کەوتۆتەوە کە خۆشەویستی و هیوا و بڕوا، یەکی خستوون.

لە مرۆڤدا دوو جۆرە خۆشەویستی هەیە:

- خۆ خۆشویستن.
- ڕەب خۆشویستن[2]

بەم پێودانگە دوو جۆر کۆمەڵ و دوو جۆر شار و دوو جۆر دەوڵەت هەیە:

- شاری سەر زەوی کە شاری کەم و کوڕی و بەدکارییە.

[1] Stroige, Hans Joachim., kleine Weltgeschichte der philosophie. Stuttgart, 1967. s. 264.

[2] كرم، يوسف، تأريخ الفلسفة الآوروبية في العصر الوسيط، دار المعارف بمصر، 1957، ص45 فما بعد.

- شاری ڕەب کە ئاسمانە و جێگای دیندار و پیاو چاك و ڕەب پەرستانە و تێیدا بە بەختەوەری هەمیشەیی و هەتا هەتایی شاد دەبن.

قانوونی سروشتی بنەمای ژیانی کۆمەڵایەتییە. لەم قانوونەدا ڕێوشوێن دەستنیشان کراوە:

**یەکەم:** نابێ مرۆڤ شتێك لەگەڵ کەسانی تردا بکات، کە خۆی حەز نەکات کەسانی تر لەگەڵیدا بیکەن، یان وەك لە ئینجیلدا هاتووە و وتراوە:

((دەبێ تۆ چۆن بۆ خۆتت دەوێ و حەزدەکەی، ئاوەها بە هەمان شێوە بۆ کەسانی ترت بوێ.))[1].

**دووەم:** لەوە دەچێ ئەم لایەنەی دووەمە لە تەورات و تەوراتیش لە بابلەوە خواستبییەتەوە. ڕێوشوێنە دووەمەکە بەم جۆرەیە: ((دادپەروەر بیت، هەر کەسە چی دەکەوێ و چ مافی خۆیەتی بیدەیتێ))[2].

کڵێسە مەسیحی کە سوودێکی زۆری لە کەنیشەی جوولەکە Synagoge وەرگرتووە خۆی بە نموونەیەکی دنیایی مەملەکەتی ئاسمانی ڕەب داناوە. بۆیە وا تەماشای دامودەزگاکانی دەوڵەتی کردووە، کە لەو پایە نزمترن و پێویستە دەوڵەت ملکەچ و گوێڕایەڵی کڵێسە بێت. خۆ ئەگەر دەوڵەت پەیڕەوی ئەو بنەما ئاکارییانە بکات کە کڵێسە پەسەندی کردوون، ئەوا دەبێتە ئامراز و ئۆرگانێکی ئارامی و ئاشتی و ڕێکوپێکی سیستەم چەسپاندن.

دەوڵەتی سەرزەمین دەبێ ڕەب و دوگماکانی کڵێسە و مەسیحییەت بە سەرچاوەی دەسەڵاتی خۆی دابنێ، پارێزەری ئایین بێ و هەوڵبدات بەختەوەری هەردووك دنیا بۆ هاووڵاتییان دابین بکات. ئەوەندەی دەوڵەت پابەندی ئامۆژگاری و ڕێوشوێنەکانی کڵێسە بێت ئاشتی جێگیر دەبێت و مرۆڤ بە ئاسوودەیی ژیانی ئەم دنیایە بەسەر دەبات.

---

[1] Die Bible. Das Neue Testament. Markus: 12:31.

[2] کرم، یوسف، المصدر السابق نفسه، ص47.



ئەگەر مرۆڤ بە وردی ئەم قسانە هەڵسەنگێنێ، هیچ جۆرە فەلسەفەیەکی ڕێکوپێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیان تێیدا نابینێ ئەو ئەرکەی بە دەوڵەت سپێردراوە لەوە بەولاوە نییە، کە دەوڵەت هیچی تر دەوڵەت نەمێنێ و بەرەنگاری بەدکاری نەبێ و ژیان و گوزەرانی ئێستای مرۆڤ بە لایەوە گرنگ نەبێ، نابێ ئەوەش لە یاد بچێ کە یەسوعی مەسیح بیری لە دامەزراندنی کۆمەڵ و خێزان و دەوڵەت نەکردۆتەوە و بە ئاشکرا هەردوو جیهان و دەوڵەت و مەملەکەتی ڕەب و قەیسەری لە یەکتری جیاکردۆتەوە، ڕووی لە یەکەم کردووە و داوای دەستبەرداربوونی کردووە لە دووەمیان.

# هزری کۆمەڵایەتی

# لە سەدەمی ڕێنێسانسدا

# 1

لە مێژووی شارستانییەتی مرۆڤدا رووداوی وا هەیە، کە ئەوپەڕی سەرنج بۆ لای خۆی رادەکێشێ، جۆرە پرسیارێك دەورووژێنێ وەڵامدانەوەی وا سووك و ئاسان نییە. ئەو جۆرە رووداوانە ئەگەر لە خۆیاندا شتێکی نالەباربووبن، کەچی ئەنجامی وایان لێکەوتۆتەوە دەکرێ بە شۆڕش ئاسا ناوببرێن.

ئەو رووداوەی گوڵی خوێناوی بەهاری رێنێسانسی هێنا داگیرکردنی شاری پڕ لە شکۆی شارستانی کوستونتەنۆپڵی یۆنان بوو لە لایەن داگیرکەرانی تورکی عوسمانییەوە لە ساڵی (1453ز)دا. ئەم رووداوە ئەگەرچی لە خۆیدا جەور و زوڵم و ناعەدالەتی لە سنوور بەدەری عوسمانی نیشان دەدات کە بە رۆژی رووناك شارێکیان داگیرکرد و بە دەستەو کۆمەڵ سەری خەڵکی بێ گوناهی یۆنانییان بڕیو و بە زەبری کوتەك بڕوایەکی تریان بەسەردا سەپاندوون و هەموو لایەن و شوێنەوارێکی شارستانی ئەم میللەتەی یۆنانیان سڕیوەتەوە و بگرە ناوی شارەکەشیان گۆڕیوە، لە سەرەتادا ناویان نا ئیسلام بوولی، لە دواییدا کە هەلومەرج و بارودۆخەکەیان هێور و هێمن کردەوە و بە تەواوەتی کۆنترۆڵی شار و ناوچەکەیان کرد، ناوەکەیان گۆڕی بۆ ئیستەمبوڵ. ئەم زوڵم و زەوتکردنە ئاشکرایە ئەگەرچی ئەمڕۆ خەریکە لە بیر دەچێتەوەو بگرە ئەگەر یۆنانییەك بۆی بلوێ و شارە کۆنەکەی خۆیان ببینێ بڕوا ناکات ئەمە کوستەنتەنۆپلی – یۆنانی بووبێ، بەڵکو ئیستەمبوڵی تورکە! ئەو جەورە لە لایەکەوە ئاگری لە دەشت و پاوانی ئیمپراتۆرێتی بێزەنتی بەرداوە و ئاوی کردۆتە ژێر دەسەڵاتدارانی ئەم رێژێمە کۆنە بەساڵاچووە و کۆتایی بە دەسەڵاتە سیاسییەکەی هێناوە. هەرەسهێنانی ئیمپراتۆرییەتی بیزەنتی لەگەڵ خۆیدا کۆتایی بەسەدە سارد و سڕە دوور و درێژەکانی قۆناغی ناوەڕاستی ئەوروپا هێناوە و بانگی دەستپێکردنی سەدەی نوێی بە گوێی مرۆڤایەتیدا داوە.

لە لایەکی ترەوە داگیرکردنی ئەو شارە، کە مەڵبەندێکی کولتووری و شارستانی بووە بە هەموو لایەنە جۆر بەجۆرەکانەوە، فەیلەسووف و زانا



یۆنانییەکانی ناچار کردووە ناوچەکە بەجێ بهێڵن و روو بکەنە باشووری ئیتاڵی و لەوێ لە چەندین دامەزراو و رێکخراوی شێوە قوتابخانەدا کۆڕ وکۆمەڵەی کولتووری و رۆشنبیرییان پێکهێناوە، ئەو بزووتنەوەیەی لێکەوتۆتەوە کە پتر بە بزووتنەوەی (ئەدەبی و هونەری) ناسراوە و بە رێنێسانس ناودەبرێ.

رێنێسانس وەك وشە و ناو واتای (جارێکی تر لە دایکبوونەوە) دەگەیەنێ، یان واتای جارێکی تر دۆزینەوە و پەردە لەسەر لادانی ون بوو و لە بیرچووەوەی کولتووری ئەنتیك دەگەیەنێ کە لە سەدەی چواردەم لە باشووری ئیتاڵیا و ئینجا لە سەرانسەری ئەورووپای سەریهەڵداوە[1] وشەکە خۆی لە خۆیدا فەڕەنساییە. ئەم بزووتنەوەیە بە درێژایی سەدەی پانزە و شازدەیەمی زایین بەردەام بووە، لە فەلسەفە و ئەدەب و هونەر و سیاسەت و زانستدا گۆڕانی بەچاوی بەدیهێناوە. جگە لەوەی تیشکی خستۆتە سەر لایەنی نالەباری ئایین و دەسەڵاتی کڵێسەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست، جۆرە جیابوونەوەیەکی دیاری فەلسەفە و ئایینی لە یەکتری دەستپێکردووە و هانی جۆرە بیروڕاییەکی لە چوارچێوەی ئایین و بنەماکانی ئاکاردا داوە.

ئەم بزووتنەوە سەرتاپاگیرە رێگای بۆ بڵاوبوونەوەی رێبازی مرۆڤدۆستی، مرۆڤپەروەریی خۆش کردووە و هەستی نەتەوەیی تاڕادەیەکی بەرچاو وروژاندووە. جگە لەمە، بە پێچەوانەی سەدەکانی ناوەڕاستەوە کە ئایینێکی سەرتاپاگیر دەستی بەسەر هەموو شتێکدا گرتبوو، کۆنترۆڵی هەموو لایەنێکی ژیان و کۆمەڵ و کولتوور و شارستانییەتی کردبوو، جیهاندیدێکی لە چوارچێوەیەکی تەنگەبەردا رەنگ رشتبوو کە تەنیا هەر لەگەڵ بیروبۆچوون و دۆگمەکانی خۆیدا بگونجێ، بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە شۆڕشی رێنێسانس بە گشتی، جگە لەوە، گەڕانەوەی بووە بۆ کولتوورێك پێش بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی، راپەڕین بووە دژی ئەو سەرخانەی کۆمەڵی مەسیحییەت، ئەدەب،

---

[1] Wahrig, Gerhard. Deutsches Wortebuch. Mossaik Verlag GMBH. Munchen 1980 .s. 3054.

فەلسەفە، لاهووت، هونەر، زانست، هزری کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسەتدا جیهاندیدێکی نوێی دایهێناوە، لە دوو لاوە تایبەتمەندی خۆی بەدەرخستووە:-

**یەکەم:** تاکڕەوییەکی توند و بەرچاو لە ئەدەب و ئایین و سیاسەتدا.

**دووەم:** بایەخدان بە زانستی میکانیکی و بە هەند وەرگرتنی ئەنجامی پیادەکردنەکەی لە ژیاندا بۆ مەبەستی پتر دەست و دەسەڵات ڕۆیشتنێکی مرۆڤ بەسەر سروشت و دەوروبەریدا ئینجا بۆ خۆشکردنی ژیان و گوزەران[1] لەم دنیایەدا.

لە ئەدەبدا و بگرە لە هونەریش تا ئەوکاتەی جۆرە نووسینێك باو بووە دەکرێ بە ئەدەبی مەسیحی ناوبرێت و دوو جۆری سەرەکی بابەتی ئەدەبی هانداوە و پشتگیری کردووە :

**یەکەم:** ئەو ئەدەبەی ڕەنگی وێنەیەکی جیهانی کێشاوە کە لە کۆتاییەکەیەوە دەستی پێکردووە و بە هەموو جۆرێك ژیانی سەر دنیای بە کەم داناوە و لەبەرچاوی خەڵکی خستووە و بایەخێکی زۆری بە ڕۆژی قیامەت داوە.

**دووەم:** ئەو ئەدەبەی، کە بە هەموو شێوەیەك مێژووی ژیانی یەسوعی مەسیح و دادگایی کردنەکەی و چوار مێخەکێشانی و ئینجا جارێکی تر هەستانەوەی نیشان داوە[2]. ئەگەرچی لەم جۆرە ئەدەبە جۆرێکی ڕومانی نوێ لە دایك بووە، بەڵام بە هەموو جۆرێك ئەو شێوە ئایدیۆلۆژییەی لە ئایینی مەسیحی و دامودەزگاکانی پەیدا ببوون، ئەوەندە سەرتاپاگیر بووە بە دەگمەن نەبێ دەرفەتی ئەوەی نەداوە، کە پەرەسەندن شێوازە ئاساییەکەی پێ ببڕێت، چونکە مرۆڤ لە دوو لاوە کۆت و پێوەند کرا بوو. لە لایەك ئایینی عیسایی دەستی بەسەر هۆش و بیر و گیاندا گرتبوو، بە تەواوەتی کۆنترۆڵی کردبوو، لە لایەکی ترەوە سیستەمە ستەمکارەکەی کۆیلایەتی و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان لە لای

[1] کرم، یوسف، تأریخ الفلسفة الحديثة، مكتبة الردراسات الفلسفية، دار المعارف بمصر، القاهرة، 1986، ص7 فما بعد.

[2] غاتشف، غيورغى، الوعي والفن، ت: د. نوفل نيون. م: د.سعد مصلوح، عالم المعرفة 146، الكويت، 1990، ص145 و في اماكن اخرى.



خۆیانەوە لەشیان بۆ بێگار و بەرهەم هێنان وکارکردن بەپێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوسا بەجۆرێك بەکاردەهێنا هیچ جۆرە تایبەتمەندییەکی بوونەوەری کۆمەڵایەتی، بە واتا فراوانەکەی، لە مرۆڤی ئەو سەردەمەدا بەدینەکراوە.

سەرەتای دەستپێکردنی ڕێنێسانس ئەگەرچی گەڕانەوە بووە بۆ سەر کولتووری یۆنان و هاتنەوە بووە بۆ سەر بنجوبناوانی ئەو کولتوورە، ئەوا هەوڵدراوە وێنەی ژیان و هۆشیایی مرۆڤ — کۆمەڵایەتی ئاوێتەی یەکتری بکرێن و ناوەڕۆکێکی ڕیالیستی —واقیعی — سەرزەوی بەو بیرۆکە رووتە ئەبستراکتە بێکۆتاییە ببەخشرێ، کە مەسیحییەت هەزار ساڵ بانگی بۆ داوە و داکۆکی لێکردووە. ئەم لایەنە تاڕادەیەك لە کۆمیدی خواوەندیی دانتێ و نووسین و شانۆیە تراژیدییەکانی شکسپیری ئینگلیزدا هەست پێدەکرێن. مرۆڤی ڕێنێسانس ئەو مرۆڤە بووە لە ناخیدا خاوەن گیانێکی کۆمەڵایەتی بووە، جەوهەر و سروشتی بێ کۆتایی و بێ سنوور ڕاستەوخۆ لە ناخ و دەروون و کرداریدا بەدەرکەوتوون. هاملێتی شکسپیر ئەو مرۆڤە بووە، کە ئەم لایەنەی بەرجەستە کردووە. مرۆڤ بووە بە گەردوونێکی بچووك لە بەرابەر گەردوونی گەورەدا (سروشت) ئەو خۆی کۆتایی و بێکوتاییە[1]، سنووردار و بێ سنوورە. مرۆڤ سنووردارە لەوەدا لە لەش و گۆشت و خوێن پێکهاتووە و هێز و توانا و بەرهەمێکی سنOORداری هەیە، بەڵام لەلایەکەی ترەوە بێ سنوور و لە ڕادە بەدەر مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و هێز و توانای داهێنانی هەیە، خودی مرۆڤ لە خۆیدا، هەر لە ئەندێشەوە تاوەکو هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە هەموو سنوورێك دەپەڕێتەوە و هەموو ڕادەیەك دەبەزێنێ و هیچ جۆرە کۆتاییەکی بۆ نییە، لە کاتێکدا ئەو ئەندامێکی کۆمەڵە، بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، مرۆڤێکی تاکی سەربەخۆیە، هەموو کاتێك دەتوانێ دابڕانی خودی خۆی لەو کۆمەڵە، وەك داهێنانێکی تایبەتی خۆی، بەوە ساغ و پشتڕاست بکاتەوە کە هەست و هۆش و گیانێکی هەیە، کە ئەگەرچی کۆمەڵایەتییە، بەڵام وەك تاکەکەسیش داهێنەرە!. مرۆڤ کە

[1] غاتشف، غيورغى، المصدر نفسه، ص144 و في اماكن اخرى ايضاً.

لە خۆیدا کەسایەتییەکی ئازاد و سەربەستە و هەموو کاتێك توانای دەربازبوونی لەو کۆت و پێوەندانە هەیە کەکراونەتە دەست و قاچی، لە توانایدا هەیە پشت بە خودی خۆی ببەستێ و لەم پشت پێ بەستن بە خۆیەی، جەوهەر و پوختە و سروشتی سەرتاپاگیری و بێ وێنە و بێ کۆتایی و لە سنووربەدەری مرۆڤایەتی خۆی ساخ دەکاتەوە و دەردەبڕێ. زانینی بە پێزی مرۆڤ و شارەزاییەکەی ئینجا هێز و توانای ژیریی و تێگەیشتن و بڕیاردانی لە هەڵوێستی بەلایەکداخەرانەدا بەڵگەیەکن راستی ئەم قسەیە پشتڕاست دەکەنەوە.

## هزر و دیاردەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان
2

ڕێنێسانس چ وەك ناوەڕۆك و چ وەك شێوە و روخسارێکی بزووتنەوەیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەلسەفەیی ئەگەرچی کێشە و بەرەیەکی بەرچاوی لەسەر هەیە، مرۆڤ لەبارەیەوە لەلای مێژووناسانی شارستانییەتی مرۆڤایەتی بیروبۆچوون و هەڵسەنگاندنی جیاواز بەدی دەکات، لە چوارچێوە گشتییەکەیدا، ئەگەر لە هەندێ لایەنی بچووکی هەندەکیی، کە بابەتی جیاوازیی نێوان شارەزایانن، مرۆڤ چاوپۆشی بکات، دەکرێ ئەو تایبەتمەندییانە چ وەك هۆکار و چ وەك ئەنجام کە کەسایەتی ئەم قۆناغە دیار و دەستنیشان دەکات تیشکیان بخرێتە سەر.

لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە سەرەتای کاروانی ڕێنێسانس سەرەتاتکەی دەرکەوتنی کردووە، هەوڵدراوە، سەرەڕای هەبوونی راستیی (هەقیقەتی) ئایینی، راستی ژیریش (ئەقڵانییەت) پشت ئەستوور بە بنەما و سەلمینەکانی مەنتیق وەك راستییەکی هەڵکەوت (واقیعیانە) ساخ بکرێتەوە. ئەمە لە خۆیدا هەنگاوێکی دلێرانە بووە، کە ئەنجامێکی گەورە و گرانی لێکەوتۆتەوە، دوو رەنگییەك، بریتی بووە لە دانان بە هەبوونی دوو راستیی، راستیی ئایینی و راستیی ژیر، جیاکردنەوەی زانین و سەرچاوەکانی لە بابەتی بڕوا و ئیمان. مرۆڤ لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا وا خرا بۆ مێشکییەوە کە



سەرچاوەی زانینی راستەقینە، ئەو زانینەی تەنیا بە هۆی دۆگم و دەزگاکانی کڵێسەوە دڵنیایی لێدەکرێت و هەموو ئەگەر و گومان و دڵ کرمێ بوونێك دەڕەوێنێتەوە، سەرچاوەیەکی ترانسندنتالی سەر و سروشتە کە لە مەسیحییەتدا بە سرووش (Eingebung) ناونراوە، کە دەکرێ بەرامبەر بە وشەی (وەحی) دابنرێت. ئەم سرووشە جۆرە خوورپەیەکی دڵ و ناخ و بۆهاتنێکی دەروونییە کە مرۆڤی تایبەتی کە بە نێردراوی ئاسمانیی ناوبراوە، لە بوونەوەرێکی ناماددەی سەرو سروشتی ترانسندنتالی هێز و توانا و زانین لە رادە بەدەرەوە، بە هۆی بوونەوەرێکی فریشتە ئاسا کە نەماددەیە و نە گیانە و نە نێرە و نەمێ، بۆی دێت و پێیدەگات.

جیاکردنەوەی بابەتی زانین لە بابەتی بڕوا و ئیمان و ئینجا پرسیارکردن دەربارەی سەرچاوەکانی زانین، جۆرە گومانێك بووە دەربارەی سرووش و ئەو زانین و بابەتانەی بە هۆیەوە بە مرۆڤ دەگات و ورژێنراوە.

نۆرمینالیست و مرۆڤپەروەران (هیومانیستەکان) Humanism کە بە ناحەزانی سەر سەختی کڵێسەی مەسیحییەتی[1] سەدەکانی ناوەڕاست ناسراون رابەرایەتی ئەم بزووتنەوە زانستییە گرنگەیان کردووە.

گەڕان بە دوای سەرچاوەیەکی تری زانست و پشت کردنە بیروئایدیۆلۆژی و دۆگمای کڵێسە یەکەم هەنگاو بووە، کە جارێکی تر بۆ بایەخدان بە مرۆڤ هاوێژراوە و هەوڵێکی جوامێرانە بووە بۆ تیشك خستنە سەر هێز و توانای ژیر و هزر و گیانیی مرۆڤ چ وەك تاکێکی داهێنەر و چ وەك ئەندامێکی کارامە و کاریگەری کۆمەڵ. پشت بەستنی بە هێزی ژیر و مەنتیقی مرۆڤ پشت بەستن بووە بەو رادەیەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و هزری کۆمەڵایەتی کە لەو سەردەمەدا مرۆڤ پێگەیشتووەو ئەنجامەکەشی دانان و رەنگڕشتنی و دامەزراندنەوەی پێوەندی نوێ بووە، دوای دەسەڵاتی ئایین، لە نێوان مرۆڤی تاکەکەس و کۆمەڵدا. مرۆڤ بە هۆی چەند بنەمایەکی گشتی قانوون و داب و نەریت و دەستوورەوە هەستی بەوە کردووە کە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. ئەم بنەمایانەش لە لایەن خودی مرۆڤ

[1] Jodl, Friedrich,. Geschechte der Ethik . Bd.1. Phaidon verlag. Essen. S. 167.

خۆیەوە رەنگرێژراون و دانراون و تۆبزی و دەسەڵاتێکی ئەوتۆی ئایینیان بەسەرەوە نەبووە. بۆ نموونە یۆنان، کە سەرچاوەی بزووتنەوەی رێنێسانس بووە، ژیانی دیموٚکراتی، واتە، حوکمڕانی گەل، لە رۆما ژیانی کۆماریی Respublica کە بابەتێکی کۆمەڵایەتی بووە[1]، ئەو چوارچێوە و دەفرە بوون کە پێوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵ تێیاندا دارێژراوە. بێگومان قانوونی ئەو سەردەمە ئەو جۆرە پێوەندییەی لەسەر شێوەی ئەرك و فەرمان رێکخستووە.

## 3

ئەو بیانووەی مرۆڤپەروەرانی (هیومانیستەکانی) رێنێسانس هێناویانەتەوە بۆ هێرش بردنە سەر ئایینی مەسیحی و هاندانی خەڵك بۆ دوورکەوتنەوە لێی هەویرەکەی ئاوێکی زۆر دەکێشێ و دەکرێ ببێتە مایەی کێشە و بەرەیەکی زەبەندە. ئایینی مەسیحی کە لافی لێداوە مرۆڤ لە نەزانی و کلۆڵی و بەدبەختی رزگار بکات و ئەمە تاڕادەیەکی سەبارەت بە زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵکەوە لە راستییەوە دوور بووە، ئەوان ئەو بەڵێنەی مەسیحییەتیان نەدیوە، نابێتە مایەی ئەوەی ئایین بەگشتی، کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بخرێتە لاوە و راست و چەپێکی بەسەردا بهێنرێت. راستە ئایینەکە لە لایەن تاقم و توێژێکی دیاریکراوەوە بۆ خزمەتکردنی سوود و قازانجی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە و سوودی لێوەرگیراوە، ئەوی لێرەدا دەپرسرێ، ئایا ئەم بەکارهێنانەی ئایین بەو شێوە ناڕەوایە، شتێکە لە سروشتی ئایینە خۆی دەکەوێتەوە؟

ئایا سروشت و پوختە و جەوهەری ئایینی مەسیحییەت خۆی ئەو تۆوەی تێدایە، کە دەبێ هەمیشە هەر ئایدیۆلۆژی توێژێکی دیاریکراو بێت و ببێت بە داردەست و بەکاربهێنرێ؟! بەلای رابەرانی رێنێسانسەوە میللەتی یۆنان پێش هاتنی ئایینی مەسیحی بەبێ ئایینی ئاسمانیی مرۆڤی دانای هەبووە و بەختەوەر ژیاوە سیاسەتێکی راستەقینەی پیادەکردووە کە بە دیموکراتی ناونراوە.

[1] غاتشف، غیورغی، المصدر السابق، ص114 فما بعد.



ئەو بۆچوونە، کەلە چوارچێوەی بڕیاردانێکدا درێژراوە، وەك پێشەکییەکی گریمانەکراو (Pramisse) لە جیگای خۆیدایە، بەڵام ئەو ئەنجامەی لێوەی خراوەتەوە، بەلای منەوە جێگای گومان و ئەگەرە!

لە یۆنانیشدا ئایین هەبووە، بەڵام ئایینێکی تر، کە ئاسمان و زەوی لە ئایینی مەسیحی جیا بووە. بەوە واتایە خۆی بە ئایینێکی ئاسمانی نەزانیوە کە پەیام و وەحی و کتێبی پیرۆزی هەبووبێ. ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لە هەر شوێنێك و لە هەر کات و سەردەمێکدا کۆمەڵگا Society هەبووبێ لە قۆناخێك لە قۆناخەکانی پەرەسەندندا ئایین هەبووە. بوونی ئایین وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کە توند و تۆڵ بە قۆناغ و شوێن و کاتی پەرەسەندنیدا کۆمەڵەوە توندوتۆڵ بەندە، پێویستییەکی ناچاریی مێژوویییە و هەردەبوو هەبێ و هەشبووە، بەڵام تەنیا بۆچی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن مێژووەوە بۆ مەڵبەندی پەیدابوونی هەرسێك ئایینە ئاسمانییەکە (جوولەکەو مەسیحی لە ئۆرشەلیم و ئیسلام لە حیجاز) دیار و دەستنیشانکراوە، بگرە هەڵبژێردراوە، ناوچەکانی تر وەك ئەورووپا لەمە بێبەشبوون (مەسیحییەت لە رۆژهەڵاتەوە براوە بۆ ئەورووپا)؟! ئەمە پرسیارێکە وەڵامەکەی لە چوارچێوەی بابەتی ئەم نووسینە دەچێتە دەرەوە.

شتێکی گومان هەڵنەگرە کە رەوش و دۆخی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی یۆنان کە سەرچاوەی سرووش بەخشی رابەرانی رێنێسانس بووە تایبەتمەندی دیار و بەرچاوی خۆی هەبووە، لە ناوەڕۆك و روخساردا، کە پێوەندی بە قۆناغ و دەوروبەرێکی دیار و دەستنشانکراوەوە هەبووە. ئەو ئایینەی لە یۆنان دەستبەکار بووە ئایینێکی سروشت نەتەوەیی و فرەڕەنگیی و فرە خواوەندیی بووە، هیچ شتێك لەگەڵ مەسیحییەتدا پێکەوە کۆیان ناکاتەوە سەرەڕای ئەوەی خاڵ و بابەتی لە یەکتری جیاکردنەوەیان لە ژماردن نایەت.

بەڵام هەندێ راستیی هەیە ناکرێ پشتگوێ بخرێن. هیگڵ وتوویەتی: گوایە ئایینی یۆنانییەکان ئایینی میللەتێکی ئازاد و سەربەست بووە[1] ! ئەم بڕیارە

[1] Lakacs, Georg., Der junge Hegel. Bd. I. Stw 33.Zurich 1973.s. 95 ff.

هیچ لەو راستییە لانادات کە لە یۆنانیشدا بەندە و کۆیلە هەبووە. ئەوی لێرەدا وەڵام نادرێتەوە، وەڵامێك دڵ ئاوی لێبخواتەوە، چۆن لەگەڵ سیستەم و نەزمی دیموکراتی و هەڵبژاردن و ئازادیدا بوونی سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆیلە لێکدەدرێتەوە و پاساو دەدرێت؟!

لە لایەکەوە، ئەم ئایینە خەسڵەتی ئازادی دراوەتێ، لەگەڵ ئایینی مەسیحی کە گوایە ئایینی بەندە و کۆیلەیە، دوو دیاردەی کۆمەڵایەتین و روخسار و ناوەڕۆکیان، یەکەم: لە یەلان هەلومەرجی سەردەم و دەوروبەر، دووەمیان: لە لایەنی سروشتی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەو کۆمەڵەی هەریەکەیان تێیدا دەستبەکار بوون دیار و دەستنیشانکراون. لە لایەکی ترەوە ئایینی بەناو ئازادیی یۆنان نەیتوانیوە تاکە تۆزێك لە رەوشی بەندە و کۆیلایەتی یۆنان بگۆڕێت. لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا سروشتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و کولتوویی ئەوسای ئەورووپا مەسیحییەتی ناچار کردووە، پابەندی چەندین گۆڕان بێت کە لەگەڵ رەوشی سەردەمی ئەوسای ئەورووپادا بگونجێ. مەسیحییەت لەو کۆمەڵە نوێیانەدا کە بڵاوبۆتەوە، پێش هاتنی، سیستەمی بەندە و کۆیلایەتی هەبووە، بۆ ئەوە ناچار کراوە هەر نەبێ لەگەڵ ئەم رەوشەدا خۆی بگونجێنێ بۆ ئەوەی جێگیر و دەست رۆیشتوو بێت جگە لەوەی ئایینەکە خۆی بە پێی سروشت و بنەماکانی ئامادەیی پەسەندکردنی کۆیلایەتی تێدا بووە. ئەمە هۆکاری مانەوەی رەوشی کۆیلایەتی بووە لە سەدەکانی ناوەڕاستی مەسیحی ئەورووپادا. راستە خۆی لە ئایینی مەسیحییەتدا بابەت و بۆچوون و جۆرە ئایدیۆلۆژییەك هەیە کۆیلایەتی رەوا دەکات، بەڵام ئەوی ئەم لایەنەی کردووە بە سروشتی سەرەکی و تایبەتمەندی دیار و بەرچاوی ئایینەکە رەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هێز و پێوەندییەکانی ئەوسای بەرهەمهێنان بوون لەو کۆمەڵانەی ئەورووپادا ئەگەر شێوازی بەرهەمهێنانی سەدەکانی ناوەڕاست لە سایەی دەستبەکاریی مەسیحیەتدا سروشتی کۆمەڵایەتی بووبێ، ئەوا لە هەمانکاتدا لە یۆناندا کۆیلە هەبووە و خەڵکی خانەدان بەچاوی



سووکەوە تەماشای کار و کارکردنیان کردووە و بەرهەمیش کشتوکاڵ بووە. مرۆڤی ئازاد لە یۆنان بە ئەرك و فەرمانی سەرشانی خۆی زانیوە لە پێناوی رزگارکردنی مرۆڤی کۆیلەدا کۆشش بکات. ئایا ئایینی مەسیحی بەبێ سوود وەرگرتن لە کولتووری یۆنان و رۆم دەیتوانی بەو جۆرە پەرە بە هەردوو لایەنی ماددی و ئایدیۆلۆژی دامودەزگاکانی و دۆگمە ئایینییەکانی خۆی بدات، کە لە لایەن کۆمەڵەوە پەسەند بکرێت؟ باشە ئەو بایەخەی مەسیحییەت بە دنیای دوای مردنی داوە، ئەو تایبەتمەندییانەی لە مرۆڤی ئەو دنیادا دیویەتی، ئەوە نییە رابەرانی رێنێسانس داوا دەکەن هەمان شبت لەم دنیایەدا بکرێت! ئایا سیاسەت جێگای ئایینەکەی نەگرتۆتەوە و مرۆڤی پابەند بە بیرۆکەی رێنێسانس جێگای مرۆڤی بڕوا بوو بە یەسوعی مەسیحی بۆ خۆی هەڵنەبژاردووە؟!

مەسیحییەت وەك ئایینێکی سەرتاپاگیری گەردوونیی، راستە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگای نەبۆتەوە و بەرەو ئەورووپا کۆچی کردووە، بەڵام لەوێ سەرەڕای هەموو لایەنێکی نالەبار، لە ژیانی مرۆڤ و لە چوارچێوەی شارستانێتی سەردەمی خۆیدا جۆرە رۆڵێکی لە باری بەرچاوی گێڕاوە:

**یەکەم:** کڵێسەی مەسیحی جۆرە یەکێتییەکی ئەورووپایی پاراستووە، پێش هاتنی مەسیحییەت بۆ ئەورووپا، ئەم دەڤەرە لە خێڵ و تیرە و میللەتی جیاجیای هەمیشە لە نێو یەکتریدا تێکچوو پێکهاتبوو، بمەسیحییەت وەك بڕوا و باوەڕ تارادەیەك لە سێبەری پێکهاتەیەکی ئایینی سەرتاپاگیر پێکەوە کۆی کردوونەتەوە و ماوەیەکی زۆر ئەگەر بە تۆبزیش بووبێ وای کردووە پێکەوە هەڵبکەن.

**دووەم:** مەسیحییەت زمانێکی یەکگرتووی بۆ ئەورووپا زیندووکردۆتەوە ئەو زمانەساڵەهای ساڵ زمانی لە یەکتری گەیشتن و پەروەردە و خوێندن و نووسین بووە لە سەرانسەری ئەورووپادا هەر لە ئیتالیاوە تاوەك فەرەنسا و بەریتانیا و سکەندێناڤیا و هۆڵەندە و ئەڵمانیا و وڵاتانی بەڵکان. هەروەها ئەو زمانە پێش سەدەی سیانزەیەم زمانی کاروباری دیپلۆماتی و قانوون و

بازرگانی و دارایی و تۆمار و زانست و فەلسەفە و ئەدەب[1] بووە، جگە لەوەی زمانی ئینجیل خۆی بووە.

ئەم زمانە، زمانی لاتینی بووە، کە وەك زمانی عەرەبی (زمانی لاتینی میللەتانی موسڵمان) چۆن لە رۆژهەڵاتدا زمانی ئایین و لە یەکتری گەیشتن و نووسین بووە، هەمان رۆڵی گێڕاوە.

**سێیەم:** ئەو چاکسازییانەی پەیوەندییان بە سیاسەت (دیموکراتی.....) و ئابووری (سەرمایەداری ..) و کۆمەڵایەتییەو هەیە وەك نەمامێك کە لە سەردەمی رێنێسانس گوڵی کردبێ و دواتر هاتبێتە بەر، ئەوا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا تۆوەکەی شین بووە. بۆ نموونە، بە باوەڕی من ئەو بایەخەی ماکس ڤێبەر سۆسیۆلۆژیستی بەناوبانگی ئەڵمان بە مەزهەبی پرۆتستانت و کار و ئاکار و سیستەمی سەرمایەداری داوە کاتی خۆی لەلای مارتن لۆتەری ئەڵمان (1483-1546ز) بە شێوەیەکی سەرەتایی و دەڵەمەیی باسکراون و تیشکیان خراوەتە سەر. هەر لە بزووتنەوەی سیاسی مەزهەبی (رێبازی) پرۆتستانتییەوە بووە کە مارتن لۆتەر دایهێناوە ((دیموکراتییەتی نوێ کەوتۆتەوە)) [2] کە لەم سەردەمانەدا سەرەڕای ئەورووپا سەرانسەری جیهانی گرتۆتەوە و بووە بەو هێزەی وەك  جادوو تەلیسم دڵ و مێشکی خەڵك بۆ لای خۆی رادەکێشێ.

## 4

ئەگەرچی لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبی و مێژووییەکاندا وا باوە کە رێنێسانس بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەرییە، ئەوا ئەم قۆناغە دەکرێ بە قۆناغی داهێنانی زانست و دۆزینەوە و گەشتی زانستیی جوگرافیایی و سیاسی و ئابووری و فەلسەفەیی و کۆمەڵایەتیش دابنرێت، سەرەڕای ئەو گۆڕانە سەرتاپاگیرانەی بەسەر رەوشی پیشە و کاری پیشەسازی و بازرگانی و فابریکی سەردەمی خۆیدا هاتووە.

---

[1] دیورانت، ول، قصة الحضارة، المجلد التاسع (17-18)، ت: محمد بدرا، مصر، 1987، ص87 فما بعد.

[2] ستیس، وولتر، تأريخ الفلسفة اليونانية، ت: مجاهد عبدالمنعم مجاهد،ط1، بیروت، 1987، ص87، فما بعد.



ئەم داهێنان و گۆڕانانە ئەگەر پێشەنگی کاروانی پڕ شکۆی رێنێسانسیان گەیاندبێتە جێ ئەوا هۆکاری تریش هەبووە کە لە ناوەوە هەرەسیان بە کۆشك و تەلار و قەڵای سەدەکانی ناوەڕاست هێناوە و رێگایان بۆ بزووتنەوە کولتوورییەکە خۆش کردووە.

دەسەڵاتی ئایینی مەسیحی بە هۆی دامودەزگاو دامەزراوەکانییەوە لە ئەورووپا وەك هەموو شتێکی سەر ئەم دنیایە سەرەتایەکی دیاریکراوی هەیە. بێگومان ئەوی سەرەتای هەبێ، بەناچاریی دەبێ کۆتاییشی هەبێت، کۆتایی دەسەڵاتەکەی کە لە هەمانکاتدا کۆتایی ئەو دیاردەیە بووە، کە ((بەشارستانییەتی مەسیحییەت)) ناوبراوە بە زەوتکردنی شاری ئیستەمبوڵی یۆنانی و دەستپێکردنی قۆناغی رێنێسانس دەستی پێکردووە. ئەم پێچڕانەوەی درێژترین دەسەڵاتی مێژوو کە نزیکەی هەزار ساڵێکی خایاندووە، وەك دەستپێکردنەکەی هۆکاری دەرەکی هەبووە هۆکار و کارکردەی ناوەکیشی هەبووە، کە لە ناوەوە تەلارەکەیان بن کۆڵ کردووە و هەرەسیان بە دەسەڵاتەکەی هێناوە. ئەم هۆکارانە هەندێکیان لەناو ئایین و دەزگاکانی خۆیانەوە و هەندێکیان بە هۆی توندوتیژبوونی ناکۆکی نێوان دەزگاکان خۆیان لە لایەکەوە و ئینجا لە نێو دەزگا و دامەزراوەکانی کڵێسە و رەوش و هەلومەرجی دەوروبەرەوە لە لایەکی ترەوە دەستبەکار بوون و دامودەزگاکانیان پێچاوەتەوە و رێگای هاتن و دەرکەوتنی بەهاری قۆناغی نوێیان خۆش کردووە. ئەم گۆڕانە لە خۆیدا بە جۆرە بنەمایەك پشت ئەستوور بووە، کە لە ناخ و ناوەوەدا مەسیحییەت و دەزگاکانی بە ناچاریی ئامادەیی خۆیان بۆ جۆرە گۆڕانێك نیشانداوە. بەرهەمەکانی دانتی و پیتراركا[1] Petrarca راستی ئەم بۆچوونە ساغ دەکەنەوە. ئەگەر ئەم گۆڕانە و بنەماکەی مەسیحییەتی ناچارکردبێ بە چارەنووسی خۆی رازی بێت، خۆ هەروەها ئەگەر سەبارەت بزووتنەوەکە بە تەمەنی هەزار ساڵەی دەسەڵاتی

---

[1] Hirshberger, Johannes. Geschichte der Philosophie. Bd. 2. Komet. Koln 1980. s. 9ff.

مەسیحییەت نالەبار و تێکدەر و هەڵوەشێنەر بووبێ، ئەوا بۆ بنیاتنانی شارستانییەتی نوێ لە بار و دامەزرێنەر بووە. لەم پرۆسە چڕ و ئاڵۆزەدا دوو بەرە دەبینرێ کە بەرامبەر بە یەکتری دەست بەکار بوون، بەرەیەکیان قوڵنگی هەڵوەشاندنەوەی ماڵی مەسیحییەت بەدەستەوە بووە و بەرەی دووەمیان ڕێگا خۆشکردنی دەرکەوتنی ڕێنێسانسی وەك ئەرك گرتۆتە ئەستۆ و بەتەواوەتی لەم کارەدا سەرکەوتوو بووە.

# هەرەسهێنانی دەسەڵاتی

# تیۆکراتی سەدەکانی ناوەڕاست

مەسیحییەت کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە دوای ئەوی ناچارکرا ئۆرشەلیم و ناوچەکە (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) بەجێ بهێڵێ و کۆچ و کۆچبار لێ بنێ و بەرەو دەڤەرێکی تر، ئەوروپا، بکەوێتە ڕێ، لەوێ، لە هەواری نوێ کۆڵێک بەڵێن و مژدە و گفتی بە دانیشتووانی ئەوێ داوە [1] لە سەرەتادا وەك دیاردەیەکی نوێ توانیویەتی تاڕادەیەك لایەنگیران بۆ خۆی پەیدا بکات و ئینجا وەك پرۆسەیەکی سەختی درێژخایەن دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی کردنی بە دەستهێناوە، لەم دۆخە نوێیەدا کە لە ئایینەوە بووە بە ئایینی دەوڵەت، یان ئایین و دەوڵەت، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی کێشە و بەرەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و کۆمەڵ بۆتەوە. لەم بە یەکتر گەیشتن و ڕووبەڕوونەوەیەدا جەوهەر و ڕاستیی ئایینی مەسیحی بۆ خەڵك و (خەڵکی ڕووناکبیر ئەگەرچی ئەوپەڕی کەمیش بووبن)، ڕوون و ئاشکرا بووە. پیادەکردنی ئایدیۆلۆژی سیاسی و دۆگمی ئایینی مەسیحییەت لە ژیانی ڕۆژانەدا بووە بە پێوانە و سەنگی محەك لایەنی ڕاستی و ناڕاستی دەسەڵاتی ئایینەکەی دەرخستووە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە سەرەڕای لایەنگیرانی کە ژیانی خۆیانیان لە پێناودا بەخشیوە، کەمایەتییەکی ڕقەبەریش هەبووە، کە دژی تەوژمە ڕامالکارەکە کاریان کردووە. ئەگەر شتی نوێ لە سەرەتا دڵگیر بێ، ئەوا هیچ شتێك هەر بە نوێیی نامێنێتەوە و دەستی ڕۆژگار ئیتر بە پەرەپێدان بێ یان بە گۆڕان، یان بە هەردووکیان بێت دەیگاتێ و کاری خۆی دەکات. ئەم ئایینەش لەم پرۆسەیە بەدەرنەبووە. وەك لە کوردەواریدا باوە، شت ئەگەر کۆن بوو فڕوفێڵ و ئەگەری لێ پەیدا دەبێت!.

---

[1] ئەم بەڵێن و گفت و مژدانە لەو پەیام و نامانەدا دەردەکەون، کە ئاراستەی خەڵکی ڕۆم و کورنتوس و گلاتییە و ئەفسس و و تسالونیکی... تاد کراون، بەڵام تایبەتی لە لایەن پۆلس و پورتسەوە .
بڕوانە ئینجیل بە ئەڵمانی:
- Die Bibel. Elber feder Ubersetzung. Brockhaus, Wuppertal 9. Auflage 2003. s. 200 ff.



وردە وردە گومان و ئەگەر و دڵکرمێ بوون لە نێو خوێندەوار و ڕووناکبیران لە بارەی ئایین و دۆگمەکانی مەسیحییەت پەیدا بووە. گوایە بابەتی سێ ڕەنگی ڕەب ((ڕەب و ڕۆڵەی ڕەب و گیانی پاك)) بابەتێك بووە بە ئاسانی پەسەند نەکراوە، سەدان کەس لەسەری چوارمێخەکێشراون یان سووتێنراون.

ئەو بابەتانەی کە لە تەوراتدا هاتوون، کە خۆی بەشێکی سەرەکی و تەواوکاری ئینجیلە، وای لە شارەزایان کردبوو، دوای ئەو گۆڕانانەی بەسەر ژیاندا هاتبوون، هەوڵ بدەین بزان تا چەند قسەکانی تەورات ڕاستن. زۆربەی زۆری ئەو بابەتانە، دوای پەرەسەندنی جۆرە زانستێکی ئەم سەردەمە، لە تواناداا نەبووە بە سەلمێنە و بەڵگەی ژیر و مەنتیق ساغ و پست ڕاست بکرێنەوە، لێرەوە کێشەی نێوان ژیر و سرووش، ژیر و دۆگمەکانی ئایین کەوتوونەتەوە کە بە هەنگاوێکی گرنگ بابەتی دڵکرمێ بوونی خەڵك لە ئایینی مەسیحی بەرەو پێش بردووە. بۆ نموونە لە کتێبە ئایینەکەدا وا باس کراوە کە ڕۆژ و مانگ تیشکن و بەدەوری زەویدا دەخولێنەوە[1]، کەچی هەر چوارچێوەی کڵێسەدا کەسانێك پەیدابوون پێچەوانەی ئەمەیان ساغ کردۆتەوە.

بە هۆی کرانەوەی چاوی خەڵك و ناڕاستی ئەو بەڵێنانەی بە خەڵکی سادە دراوە و ئەو شانۆیە ناڕەوایەی ناوی ((چەکی لێبووردن))ی لێنرا بوو کە گوایە بە پارە جێگایان لە بەهەشت بە خەڵك فرۆشتووە و پسوولەی تاپۆی ئەو جێگایەیان داونەتێ، گەندەڵ بوونی کلێرۆس و بوونی بە بابەتێکی دنیایی و لە دەستدانی لایەنە ئایینییەکە و ڕزگارکردنی (ساختەیی) خەڵك و تەفرەدانیان، گوایە بە پارە و سەدەقە و زەکات لە ئاگری دۆزەخ دوور دەبن، دامەزراندنی دادگای پشکنین، ئینجا سەرنەکەوتنی هێرشی خاچپەرستان لە ڕزگاکردنی ئۆرشەلیم و دابەشبوونی کڵێسە بە دوو ڕێباز (مەزهەب)ی پرۆتستانت و کاتۆلیك[2] بوونەتە مایەی گومان و

---

[1] Bloch, Ernst. Vorlesungen zur Philosophie der Renaissance. Surkamp 1977. s. 10.

[2] Durant, Will, Kulturgeschichte der Menschheit. Ulsein. Bd. BERLIN, 1981.S. 311 FF.

لاوازبوونی بڕوا و ئیمان، خەڵکی سادەش پرسیویانە، ئەگەر مەسیحییەت لەسەر هەقە بۆ سەرنەکەوتن و ئۆرشەلیمی پێ رزگار نەکراوە؟، بوونی کڵێسە بە پاڵپشتی چینی دەرەبەگ (فیۆدال) و پاشگەزبوونەوەی مارتن لۆتەر لە رۆژهەڵاتی ئەڵمانیا لەو بەڵێنانەی بە جووتیار و وەرزێرە هەژارەکانی دابوو، دەرەبەگ و خاوەن زەوییەکان وێنەی ئایینی لە مێشکی چینی دەست کورت و رەش و رووت و هەژارانی ئەوسای زۆرینەی دانیشتووانی ئەوروپا تەڵخ و ناحەز کردووە.

لە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا مەسیحییەت ببوو بە لایەنگیری چینی فیۆدال (دەرەبەگایەتی) و بە هەموو شێوەیەك بەندە و کۆیلایەتی رەوا کردووە. لەم هەڵوێستەدا کڵێسە پشت بە قسەیەك دەبەستێ کە ماتیوس (38:5) لەسەر زاری عیسا (یەسوعی مەسیحەوە) گێڕاویەتییەوە. یەسوع وتوویەتی: ((ئێوە بیستووتانە کە وتراوە، هەق بە هەق، ئەوی چاوی کوێرکردی چاوی کوێر دەکرێتەوە ... بەڵام من بە ئێوە دەڵێم: ئەوی زللەیەکی لە روومەتی راستت دا، لایەکەی تریشی بۆ رابگرە .. ئەوی دەیەوێ بتباتە بەر دادگا و کراس و پۆشاکەکەت لێ بستێنێ، بێ سێ و دوو کردن بیدەرێ ...)) هەروەها وتوویەتی: ((دوژمنەکانی خۆتان خۆش بوێ و چاکە لەگەڵ ئەوانەدا بکەن کە قینیان لێتانە و دوعا بۆ ئەوانە بکەن کە دەتانچەوسێننەوە...تاد))[1]

ئەم تێکستە ئەگەرچی بایەخێکی کۆمەڵایەتی مێژوویی هەیەو پوختە و جەوهەری ئایینەکە دەستنیشان دەکات، دەکرێ بە لایەکی تریشدا لێك بدرێتەوە کە پتر کاردانەوەی رابەری ئایینی نوێ بووە بەرامبەر بە ئایینی جوولەکە، بەڵام لە ئەوروپادا ئەو زەمینە خۆشەیەی دۆزیوەتەوە کە دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتی رۆمان ساڵی(476 ز) و بڵاوبوونەوەی خێڵە جەرمانییەکان لە ئەوروپادا هاتۆنە کایەوە و لە ئەنجامدا چینی فیودال سەریهەڵداوە[2]، ئیتر وردە وردە ئەم چینە خۆی سەپاندووە، تاوەکو لە سەدەی نۆزدەیەمی زاییندا بووە بە چینی سەرەکی

[1] ئینجیل بە ئەڵمانی، ماتیوس: 5:38-39-40 هەروەها 43.

[2] د. الادهمي، محمد مظفر، تأريخ اوروبا الحديث، بغداد، 1989، ص5 فما بعد.



کۆمەڵ و پێوەندییەکی گیانی دەستیاوی لەگەڵ کڵێسەی مەسیحی و دامودەزگاکانیدا هەبووە و بگرە زۆر لە پیاوانی ئایینی و کاربەدەستانی کڵێسە بوون بە فیودال و دەرەبەگی گەورە و دەسترۆیشتوو.

بە پێی سەرچاوەکان کۆمەڵی پێش قۆناغی رێنێسانس، لە سایەی رێژێمی پشت ئەستوور بە ئایین، لە سێ چین پێکهاتووە:

- چینی ئاغا و فیودال و میر و شازادەکان.
- چینی سوارچاکان (شۆڤالێ).
- چینی بەندە و کۆیلە و جووتیاران[1]. ئەم دابەشبوونەی کۆمەڵ ئەگەرچی جۆرە نەگۆڕاویی و ستاتیك و بەرقەرارییەکی تێدا بەدی دەکرێت، ئەوا رەنگدانەوەی ئایدیۆلۆژی و دۆگمی ئایینی مەسیحی و دامەزراوەکانی کڵێسە بووە، کە لە رەوشی ئاسایی کۆمەڵدا بە کوتەك پیادە کراوە. پاراستنی ئەم رەوشەش پێویستییەکی ناچاریی بووە کڵێسە سەپاندوویەتی. هەموو هەوڵ و کۆششێك بۆ گۆڕینی ئەم دۆخە بە کوفر و بێ ئیمانی و دژایەتی کردنی ئایین دانراوە و بە توندی لێپرسینەوەی لەسەر کراوە. ئەمە بە جۆرە قانوون و نەزمێکی رەببانی لەسەر زەوی دانراوە[2]. مەڵبەندی کۆمەڵ لێرەدا لە لادێ بووە، سەرچاوەی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی زەوی و زار و کشتوکاڵ و زەراعەت بووە. ئەگەر هیچ جۆرە گۆڕانێکی سەرنجڕاکێش لە گوند و لادێ و کشتوکاڵدا بەدی نەکرێت، بە پێچەوانەوە لە قۆناغی رێنێسانس دامودەزگا ئەم رەوشە گۆڕاوە. لە جێگای لادێ، شار، باژێر بووە بە مەڵبەند، کار و پیشەی دەستی بوون بە سەرچاوەی ژیان، بێگومان سەرەڕای بەرهەمی کشتوکاڵ و جووڵانەوە و بزاڤ و گۆڕانیش رەوتی ئاسایی خۆیانیان پێ بڕاوە.

[1] هەمان سەرچاوە، ل7.

[2] Martin, Alfred von., Soziologie der Renaissance. Munchen 1974.

# 1

سەدەی چواردەیەمی زایین بە سەرەتای تێکچوونی سیستەمی دەرەبەگایەتی و دەسەڵاتی سیاسی دنیای پاپا و کڵێسەی مەسیحی لە ئەوروپا دادەنرێت. ئەم رووداوە لە دوو لاوە رەنگی داوەتەوە:

**یەکەم:** رەوشی بازرگانی و جۆرە ئابوورییەك بە پێی سەردەمی خۆی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەتایبەتی ئەم گۆڕانە لە باشووری ئیتاڵیا بەدی کراوە. وەك روون و ئاشکرایە ئیتاڵیا مەڵبەند و شوێنێکی جوگرافیایی گرنگی هەیە، جا چ سەبارەت بە ئەوروپا یان سەبارەت بە دەریای سپی ناوەڕاست. هەر لە بەندەرەکانیدا بزووتنەوەیەکی فراوانی بازاڕ و بازرگانی و کەشتی و کەشتیەوانی دەستی پێکردووە. جگە لەمەش هێرشی خاچپەرستان بە هۆی سوود وەرگرتن لە هێرشەکانیاندا لە بەندەرە گرنگەکانی ئیتاڵیا جۆرە پرۆسەیەکی بازرگانی پێوەکردنی بەرپاکرووە. لەم چوارچێوەیەدا ئابوورییەکی تر جیاواز لە هی فیودالیزم دەرکەوتووە کە سەرچاوەکان ناوی ئابووری پێشوەختی سەرمایەدارییان لێناوە.[1] schaftsweise (Wir Die frukapitaListische) بە پێی ئەم سەرچاوانە سەرمایەی بازرگانی وردە وردە گەشەی کردووە و یەکەم بانك بۆ بازرگانی و کڕین و فرۆشتن و پارە گۆڕینەوە لە شاری فلۆرەنسی ئیتاڵیا دامەزراوە. ئەم رەوشە کە بە سەرمایە و پارە پشت ئەستوور بووە سوودی لە توانای بزووتنەوە و گۆڕانی سەرمایە و پارەی نەختینە وەرگرتووە و لە بنەڕەتەوە بنەمای رێژێم و سیستەمی فیودال و کۆمەڵی هێناوەتە لەرزین و گۆڕین.[2] بگرە فۆڕم و روخساری ژیانیش لە چوارچێوەی کۆمەڵ و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا لەم گۆڕانە بەدەرنەبووە. خێزان و جۆری ژیان و پێوەندی پێکهاتەکانی بەرەو رەوشێکی تر هەنگاویان ناوە. هەڵوێست بەرامبەر بە ژن و مەڵبەند و رەوشی ژن

[1] Bloch, Ernst. Vorlesungen zur Philosophie der Renaissance. Surkamp 1977. s. 8.ff.

[2] Martin, Alfreed von. Ebenda .s. 26.ff.



بەرەو باشتر رۆیشتووە و جۆرە سەربەستییەکی بە دەستهێناوە و بە چاوێکی پێشکەوتووتر تەماشای ژن کراوە.[1]

**دووەم:** لایەنی هزری و ئایدیۆلۆژی و کولتووری و ئایینی: سەرەڕای ئەو گەشتە جوگرافیاییانەی بە دەوری گۆی زەویدا کراوە، هەر لە کۆلەمبۆسەوە تاوەکو ماگیلان Magalhaes کە سنووری تەسکی دەڤەر و کیشوەرەکانی بەزاندووە و جیهانی تەسکی مەسیحییەتی گۆڕیوە بە جیهانێکی بێ سنووری فراوان، داهێنانە زانستییەکانیش لە لای خۆیانەوە جۆری بیرکردنەوەیان بەلایەکی تردا بردووە. هیچی تر زەوی ئەو مەڵبەندە پیرۆز و پاکە نەبووە، کە پیرو پیاو چاکانی پێداهاتوونەتە خوارێ، بەڵکو بووە بە پاشکۆیەك کە بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە. تەلەسکۆب، داهێنانی مەکینەی چاپ و چاپەمەنی ئەوەندەی تر باری جیهاندیدی ئایینیان سەخت کردووە و رێگای بەرەو ئازادی و سەربەستی و پێشکەوتنیان خۆش کردووە. ناکرێ ئەوەش پشتگوێ بخرێت کە هێرشی خاچپەرستان وەك هەڵمەتی لەشکر سەرنەکەوتووە، بەڵام لە لایەکی تریدا بۆتە مایەی تێکەڵاوبوونی کولتووری هەمە چەشنەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا. ئەمە هۆکارێك بووە هانی وەرگێڕانی بابەتە رۆژهەڵاتییەکانی داوە کە بە زمانی عەرەبی بوون بۆ سەر زمانی لاتینی و بڵاوبوونەوەی هەستی سوودوەرگرتن لە کولتووری یۆنان و هی میللەتانی تر. بەم پێیە سوود لە سەرچاوەی هەمەچەشنە و فرە رەنگی کولتووری جیهانی وەرگیراوە و رێگای هاتنەوە سەر کولتووری کلاسیکی یۆنانی ئاسانتر کردووە. ئەگەرچی لەو سەردەمەدا تاقمێکی کەم خوێندەوار بوون، بەڵام ئەم گۆڕانانە وێنە و جیهاندیدی ئایینی مەسیحی لە لای خەڵك تەڵخ کردووە لاوازبوونی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی کڵێسە و ئایین، پتەوبوونی پایەی زانست و دۆزینەوە و داهێنانە زانستییەکان[2] و رقەبەریی کردن و بەگژداچوونی بوێرانەتر لە جارانی بیروبۆچوون و دۆگمەکانی ئایین بووە بە

[1] Durant, Will, ebenda. S.347.ff.

[2] Russell, Bertrand, philosophie des Abendalandes. Europaverlag. Q. Auflage. Munchen 2000.s.499.ff.

خەسڵەتی دیاری ئەم سەردەمە. ئەگەرچی زانکۆی پاریس بەتایبەتی و خوێندنگا و دامەزراوە کولتوورییەکانی تر لە لایەن کڵێسەوە دامەزرابوون، بەڵام ڕۆڵێکی لەباریان دژی کڵێسە خۆی گێڕاوە. ژمارەی خوێندەوار و دەرچووانی ئەم زانکۆ و دامەزراوانە و ژمارەی ڕووناکبیر و خوێندەواران، بەتایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی، بە هۆی دۆزینەوەی چاپخانەوە، پتر و ڕوو لە زیادی بووە. خوێندنەوەی چوار ئینجیلەکە لەسەر ڕاسپاردەی لۆتەر لە لایەن تاکەکەسانەوە پتر چاوی خەڵکی کردۆتەوە و بواری توێژینەوەی ئازادی فراوانتر کردووە.

## 2

بەرانبەر بە ئایین و دامودەزگاکانی و بەرامبەر بە چینی دەرەبەگ و خانەدان و خاوەن زەوی و زاران، لە شارەکاندا خاوەن پارەکان، سەرمایەداران بە هۆی ئەو توانا داراییەی هەیان بووەو ئەو ڕەوشە ئابوورییەی بۆیان ڕەخساووە لە مەیدانی سیاسەتیشدا گرەویان لە چینی پێشوو بردۆتەوە. سەروەت و سامان و دارایی و هێز و توانا و دەسەڵاتی بەسەرمادارە نوێیەکان بەخشیوە لە سیاسەتیشدا، وەك ئامرازێکی نوێ کە ڕقەبەری ئایینی پێکراوە، لە چاو چینی پێشوو دەست ڕۆیشتوو تر بوو[1]. ئەوی لێرەدا نوێ بووە ئابووری و پارە ئەو ئامرازە بوون، کە سەرمایە پشتی پێ بەستوون و ڕەوشی نوێ وەك کولتوورێکی نوێ بۆتە مایەی ئەوەی کە لە چاو سەردەمی پێشتر سیاسەت و ئابووری توندوتۆڵ بە پێوەندییەکی دەستیاویی بەیەکەوە گرێ بدرێن. ئابووری و سیاسەت ئەو ئامرازە بوون، کە دەسەڵات و هێزیان بە سەرمایە نوێیەکان بەخشیوە. وەك ئەنجامێکیش کە لەم دۆخە کەوتۆتەوە، هزر و هەڵوێست و بڕیارە سیاسیەکان پتر لە لایەن دەسەڵات و دامەزراو و دەزگا ئابوورییەکانەوە دیار و دەستنیشانکراون و ڕەنگی سنوور و ئامانجیان بۆ ڕێژراوە. ئەمە دەکرێ چ وەك ئامراز و چ وەك مەبەست لە چاو سەردەمی پێشتر بە تایبەتمەندییەك دابنرێت کە ڕوخساری ڕێنێسانسی نیشان داوە.

[1] Martin, Al.Von. Ebenda. S. 30ff.



داهێنانە زانستییەکان ئاسۆی پاشەڕۆژی لەبەردەم چینی نوێ فراوانتر و لەبەردەم چینی کۆن تەنگەبەرتر کردووە. دۆزینەوەی باروت ئەو کارە بووە، کە بارودۆخی نوێی مسۆگەر تر کردووە. ئەگەر جاران جووتیارات بە داس و جووت و گا نەیانتوانیبێ کۆشك و تەلاری بارۆن و خانەدان و ئاغاو فیودالەکان بڕووخێنن، ئەو چەکەی باڕووتی تێدا بەکارهاتووە لە وێرانکردنی دۆخی کۆندا لە داسی جووتیاران بەکار تر بووە.

پەیدابوونی چینی خاوەن پارە و چینی ناسراو بە سێیەم کە زۆربەیان لە زانکۆکان خوێندبوویان، جۆرە بزووتنەوەیەکی بەرپا کرد، کە لە پوختەدا بریتی بووە لە بایەخدان بە مرۆڤ و ژیانی ئەم دنیا و سەرزەوییە و بەهەند زانینی کاروبار و کێشەکانی لە کۆمەڵدا، ئەم بزووتنەوەیە لە دوو خاڵدا خەست بۆتەوەکە پتر هەڵوێستی ئایین و چینی فیودالی کاڵ کردۆتەوە:

**یەکەم:** بەهێزبوونی هەست و هۆشیاری تاکەکەسان لەسەر بنەمای ڕەوتی شێوازی ئابووری کەپیتالی تاکەکەسان بەرامبەر بە بازاڕی بێ گیانی چینی پێشوو.

**دووەم:** هۆشیاری فراوان و بەربڵاوی کۆمەڵایەتی خەڵك دژ بەو جیهاندیدە تەسك و تەنگەبەر و بێ جووڵەیەی کۆمەڵی فیودالی — لاهووتی ڕەنگی ڕشتبوو[1].

تەنانەت لە ئەدەبی نووسراویشدا، بەتایبەت چیرۆك و داستان و لە شانۆکاندا بە ئاشکرا دەوری پاڵەوان بە مرۆڤێکی تاکی دیار و دەستنیشانکراو دراوە و بە ئاشکرا لە برەو دابووە و هاتۆتە پێشەوە. مرۆڤی ڕەب پەرست و کۆیلەی فیودالی گوند، بوون بە مرۆڤی کارکەر و بەرهەم هێنەر، بەڵام بە پێی شێواز و ئامراز و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی ئەو سەردەمە. لە کاتێکدا کڵێسەی مەسیحی ڕەب پەرستی و زوهد و خۆ برسی کردن و دوورکەوتنەوە لە چێژ و خێر و خۆشی ژیانی هانداوە و ڕۆژوگرتن و ڕەبەنی (ژن نەهێنان) و ژیانی دوای مردنی پەسەند کردووە، کار و پیشەی لەبەرچاو خەڵك خستووە و بە هەموو شێوەیەك هەژاری و دەست کورتیی و بەند و کۆیلایەتی پاسو داوە، سەرەتای ڕێنێسانس پشت ئەستوور بە چاکسازییەکانی مارتن لۆتەر هانی

[1] Bloch , Ernst., Ebenda.a.o.

ئیش و کاری داوە و ئەو کارەی مرۆڤ کردوویەتی و ئەو بەرهەمەی هەیبووە و ئەو چالاکییەی نواندوویەتی، کراون بە پێودانگی هەڵسەنگاندن و بایەخدان. مرۆڤ بڕواو ئیمانەکەی چۆن و چەند بووە پشتگوێ خراوە. چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، کە رەوشی نوێ پتر درووژاندبوونی، پێویستیان بەوە کردووە کە چەند بنەمایەکی نوێ پشت ئەستوور بە فەلسەفەیەکی ژیرەکی دوور لە دەست تێوەردانی لاهووت دابنرێن. جگە لەوەش سەرهەڵدانی هەست و سۆزی نەتەوەیی و جێگیربوونی زمانی نەتەوەیی لە جێگای زمانی لاتینی لاهووت، پتر رێگای بۆ چینی نوێ خۆشکردووە، دەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزرێنێ، یان هەوڵی دامەزراندنی بدات.

رێنێسانس ئەگەرچی ژانگرتن و ئازار چێشتنێکی ئەوپەڕی سەختی لە پێشەو بووە وەك کۆرپەلەیەك کە هیوای دوارۆژێکی پڕشنگداری لێکراوە، ئەو سەرەتایە بووە، ئەو پڕشکە بووە، کە ئاگری لە پاوانی پێش هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا ساڵی (1789 ز) بەرداوە. شۆڕشی فەرەنسا و تاڵ و ترشییەکانی، سەرکەوتن و ساتمەکانی، دەسکەوتەکانی بەگشتی، ئەنجامێکی ئەو قۆناغە بوون کە بابەتی ئەم باسەیە.

دروستبوونی هەست و سۆزی نەتەوەیی، زمانی نەتەوەیی، دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، خەت و خاڵدانی کۆمەڵ و ئابووری و سیاسەت و دەسەڵاتی چینی خاوەن پارە (سەرمایەدار)، جیاکردنەوە یان هەوڵدان و کۆشش کردن بۆ لە یەکتری ترازاندن زانست جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت، پەرەسەندنی ئازاد و بێ قەیدو مەرجی زانست، دەرکەوتنی فەلسەفەی نوێ، هەر لە دیکارتەوە تاوەکو کانت و هیگڵ بەروبوومی ئەو کۆشش و تەقەللایە بووە، کە رابەرانی رێنێسانس چاونەترسانە کردوویانە و لە لای ئەمان گوڵ و بەری داوە.

کزبوونی ئەستێرەی کۆمەڵی Society دەرەبەگی گوند و لادێ و ئاوایی و درەخشانی خۆری کۆمەڵی شار و باژێڕ دەستکەوتێکی تری رەنگینی بزووتنەوەی رێنێسانس بووە، ئەم گۆڕانە بنەڕەتییە لە لادێوە بۆ شار و تەنیا هەر جێگا گۆڕکێ نەبووە، بەڵکو لەگەڵ خۆیدا بیر و هزر و زانست و ئایدیۆلۆژی و



فەلسەفەی خۆی جێگیر و سەپاندووە. جیهاندیدێکی تری رەنگ رشتووە، کە لە جیاتی ئایین پشت بە سیاسەت و لە جیاتی سرووش (وەحی) پشتی بە ژیر بەستووە، فەلسەفە و زانست و هونەریش وەك سێ دیاردەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ لایەنی ئابووری وەك مرواری لە چوارچێوەی ئەم جیهاندیدیەدا درەوشاونەتەوە. فەلسەفەی نوێ لە لای تۆماس هۆبز و دیکارت ... تاد، گەیشتۆتە چڵەپۆپەی گەشەکردن. لە زانستدا کە دەکرێ ئەم سەردەمە بە سەدەی دەستپێکردنی زانستی نوێ دابنرێت، ئەو سەرەتا و دەستپێکردنە لەو رۆژەوە دانراوە، کە زانای فەلەکی نیکۆلاس کۆپەرنیکۆس (1473-1543 ز) کتێبی (دەربارەی بزووتنەوەی ئاسمانییەکان) داناوە و لە ساڵی مردنیدا (1543ز) دا بڵاوکراوەتەوە. لەم کتێبەدا نووسەر رەنگی سیستەمێکی نوێی فەلەکی رشتووە کە دژ و پێچەوانەی بیر و بۆچوونە باوەکانی فیزیك و فەلەك بووە[1]. بەلای کۆپەرنیکۆسەوە خۆر (رۆژ) جێگیر و نەجووڵاوەیە و زەوی بەدەوریدا دەخولێتەوە. ئەمەیە ئەو رووداوەی کە لە زانستدا بە شۆڕشی کۆپەرنیك ناوبراوە. ئەو جیهاندیدە زانستییەی کۆپەرنیکۆس کە بە سیستەمێکی نوێ جیهانی پشت ئەستوور بووە، شان بە شانی دۆزینەوەی قیبلەنوما Compass ئەو شۆڕەشە بووە کە بەڕاستی بەرەی لەژێر جیهاندیدی ئایینی سەدەکانی ناوەڕاست هێناوەتەوە دەرەوە و ئاوی کردۆتە ژێر رابەرانی لاهووتی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست.

شان بە شانی شۆڕشی زانستی کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ، فەلسەفەی دیکارت لە لای خۆیەو بەردی بناغەی تەلاری فەلسەفەی نوێی داناوە. بەرامبەر بە زانست و فەلسەفە کە ئەو سەردەمە لە یەکتری جیاکراونەتەوە، لە کایە و گۆڕەپانی سیاسەتدا شۆڕەسواری ئیتاڵیایی ماکیاڤیلی Macchiavelli بە کتێبی شازادە (Vom Fursten) شۆڕشێکی سەرتاپاگیری لە جیهاندیدی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا بەرپاکردووە. نووسەری شازادە تیۆرییەکی سیاسی رەنگ رشتووەکە تێیدا مانەوە و بەهێزبوونی دەوڵەت و حوکمڕانی بە تاکە بنەمای کردار و ئەرکی

[1] یفوت، سالم، الفلسفة و العلم في العصر الكلاسيكى، بيروت، 1989، ص9 فما بعد.

سیاسەت داناوە[1]. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە هەموو ئامرازێکی بە ڕەوا داناوە. بۆ نموونە ماکیاڤیلی وای بۆ چووە کە ئەم ئامرازانە بریتین لە تەفرەدان، چاو بەستەکێ، هەڵخەڵەتاندن، خیانەت، درۆ و دەلەسە، بە درۆ سوێند خواردن، پەشیمان بوونەوە لە گوفت و بەڵێن، هێز و توندوتیژی و ریشوەت و بەرتیل، قۆزینەوەی هەل و دەرفەت، مسۆگەرترین ریگان مرۆڤ سەردەخەن و دەیگەیەننە ئامانج و مەبەست!.

دوورنییە بۆچوونەکانی ماکیاڤیلی لەو بەرهەمەیدا بە شێوەیەکی سەیر بێنە بەرچاو خوێنەری ئەم سەردەمان، ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە هەموو بابەتێك کۆرپەی سەردەمی خۆیەتی و لە باوەشی ژینگە و هەلومەرجی دەوروبەریدا گۆش دەبێ و پەروەردە دەکرێت. ماکیاڤیلی بە تەواوەتی لە مەبەست و ئامانج و ئینجا لە لایەنی لاوازیی مرۆڤ و سروشتی ئادەمیزاد تێگەیشتووە، جا ئەگەر مرۆڤ ئەو رەوشە کە ئەم نووسەرە تێیدا پێگەیشتووە بهێنێتە بەرچاو تارادەیەك بۆچوونەکانی ئەم نووسەرە لەو تەمومژە کە دەورەیان داوە روون دەبنەوە و تەپ و تۆزی رۆژگاریان لێدەتەکێنرێت.

هەر چۆنێك جیهاندیدی سیاسی ماکیاڤیلی لێکبدرێتەوە، ناکرێ ئەو راستییە پشتگوێ بخرێت، کە هیچ شتێك نییە لەم دنیا و بوونەدا بەبێ بنەما و بەبێ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەلسەفەیی سەریهەڵدابێ و سەرهەڵبدات. ئەگەر ئەو شتەی ئەمرۆ بە پێچەوانەی دوێنێ بووبێ، ئەوا بە هیچ جۆرێك ئەم پێچەوانەییە بوونی دوێنێ و رەوایی سەردەمی خۆی لەق و شلۆق و بێ بنەما ناکات. رەتکردنەوەی شت، تەنیا هەر ناکردنییەتی، بەهیچ جۆرێك نابوونەکەی نە ساغ دەکاتەوە و نەڕەوا. ئەو شتانەی روودەدن و دەردەکەون، کاتێك رەوایی بەردەوامیان دەبێت، کە لەگەڵ ژیاندا گونجاو کۆك بن و هەلومەرج و سروشتی ئەم بەردەوامی و مانەوەیان هەبێت، ئەمەش بەو واتایەی کە بوونەکەیان بە بنەمایەکی دیار و ئاشکرا پشت ئەستوور بووە و مانەوەکەشیان

(1) Storig, Hans Joachim., Kleine Weltgeschichte der Philosophie. Stuttgart, 1961.s.334.



ژیان پێویستی کردووە، ئیتر ئەم پێویستییە بە چ جۆر و شێوەیەك بێت، هەروك چۆن دڕی بە ئەوەی پێش خۆی داوە ئەوا رێگاش بۆ ئەوەی دوای خۆی خۆش دەکات. مارکس نەك هەر ناهەقی نەبووە، بەڵکو لەو سەرەوە هاتۆتەوە کە وتوویەتی: مرۆڤ باری سەرشانی خۆی بە کێشە و بابەتێك قورس ناکات ئەگەر نەتوانێ چارەسەری بکات..کێشەیەك دەورووژێنرێ و دەخرێتە سەر خوانی باسکردن کە هەلومەرجی ماددیی چارەسەرکردنەکەی لە ئارادابن.[1]

(1) مارکس ئەو قسەیەی لە کتێبی: پێشەکییەکی رەخنەگرتنی ئابووری سیاسی، چاپی بەرلینی رۆژهەڵات 1969، لەبەرئەوەی لە کوردستان – هەولێر ئەم بەرهەمانە بە زمانی ئەڵمانی لەبەردەستدا نین، ناچارم بڵێم بڕوانە: نوارای، اندرية و اخرون، مدخل الفلسفة المعاصرة، ت: خليل احمد خليل (تأريخ فكرة الفلسفة منذ هيجل) دار الطيعة، بيروت، 1988، ص19 فما بعد.

# سۆسیۆلۆژی زانین

## تیۆری زانین لە زانستی کۆمەڵایەتیدا

1

ئەگەرچی سۆسیۆلۆژی زانین تارادەیەك بابەتێکی نوێیە، بەڵام گومـان لـەوەدا نییە کە شان بە شانی بابەتی هـزری کۆمەڵایـەتی و تیۆرییـە کۆمەڵایەتییـەکان لقێکی گرنگی زانستی کۆمەڵایەتییە Sociology.

پێوەندی نێوان زانین و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵ لەو رۆژەوە کـە کۆمەڵ وەك پێکهاتەیەکی رێکوپێك پەیدا بووە، هەست بە بوونی دەکرێت و ئـەو پێوەندییـەش شـێوەو نـاوەرۆکێکی دەسـتیاویی کاریگـەری هـەبووە. نەکۆمـەڵ توانیویەتی دەستبەرداری پرۆسەی زانین ببێ و نەزانینیش بـەبێ بـوونی ئۆرگـانی کۆمەڵ بەلایـەن و رێکخـراوە جـۆر بەجۆرەکانییـەوە لـە توانایـدا هـەبووە وەك بابەتێکی رێکوپێك پشت ئەستوور بە رێوشوێنی روون و رەوانـی زانـستی پەیـدا ببێ و خەت و خاڵ بدات.

راستە سۆسیۆلۆژی زانین لـە سـەرەتای سـەدەی بیـستەمەوە وەك چـەمك و بابەت لە لایەن بیرمەندی جوولەکەی نەمسایی ڤلهیلم جیروزالیم[1]بەکارهێنراوە و لەم سەردەماندا شانبەشانی لقەکانی دیکـەی ئـەو زانـستە سـەربەخۆیە خـەت و خاڵی داوە، بەڵام خۆی لـە خۆیـدا بابەتێکـە فەلـسەفە و زانـستی کۆمەڵایـەتی (سۆسیۆلۆژی) توندوتۆڵ بەیەکەوە دەبەستێتەوە و لە لایەکی ترەو چ وەك کۆیەکی چەندین بریار (حوکم) و بیروبۆچوون، کە دەبێتـە مایـەی هەڵوێـست نوانـدن وەك هۆکار و هاندەر لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی رێکـوپێکی ئـابووری و سیاسـی و کۆمەڵایەتی لـە ژیـانی رۆژانـەدا و چ وەك لقێکـی بابـەتێك کـە بـەجۆرێك لـە

(1) معتوق، د. فردريك، تطور علم الأجتماع المعرفة من خلال تسعة مؤلفات اساسية، دار الطليعة، بيروت، 1982، ص5 (تمهيد).



جۆرەکانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دادەنرێت بوونەتە مایەی ورووژانـدنی چـەندین کێشە لە چوارچێوەی پرسیاردا لە بارەی:

- سەرچاوەی زانین.
- سروشتی زانین .
- رۆڵی زانین لە ژیانی رۆژانەی مرۆڤ و کۆمەڵدا ؟
- چۆن ئەو شتانەمان زانیوە کە ئێستا دەیانزانین؟

دەکرێت ئەم چوار خاڵە بە پوختە و جەوهەری بابەتی زانـین وەك تیۆرییـەکی سەربەخۆ دابنرێن، بێگومان مرۆڤ لە سەرچاوەی جیاوازەوە شت فێـر دەبـێ و لـە رێگای ئەزموون و تاقیکردنەوەی ژیانی رۆژانە لە چوارچێوەی ئـەو کۆمەڵگایـەی تێیدا دەژی شارەزایی و زانین بە دەست دەهێنێت. هەر پێنج هەست کە بە مرۆڤ بەخشراون، دیتن، بیستن، بۆنکردن، چێژتن و دەست لێدان، لەگەڵ ئەو هێزەی کـە بە ژیر دادەنرێت بەرامبەر بە وشەی بیانی (ئەقڵ) ئەو دوو رێگایەن کە مرۆڤ بـە هۆیانەوە شت دەزانێت.

## پرۆسەی زانین

2

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە بـە لقـە جـۆر بەجۆرەکانییەوە لەبەردەستدان، زانین وەك پرۆسەیەك لە سێ لایەن پێکهاتووە:

**یەکەم:** ئەو خودە، ئەو کەسە کە شت دەزانێت – Subjekt

**دووەم:** ئەو شتەی دەزانرێت و پەی پێدەبرێت. Objekt

**سێیەم:** کردەوە، چالاکی، پرۆسەی زانینەکە خۆی Erkenntnis .

بێگومان جگە لە لایەنی کۆمەڵایەتی و فەلـسەفە چـەند لایـەنێکی تـر لـەم پرۆسەی زانینەدا بەشداری دەکەن. خۆ ئەگەر مەبەست لێرەدا ئەوە بێـت ، چـۆن ئەم پرۆسەی زانینە بەدی دێت و چۆن زانین دەستگیر دەبێت، ئـەوا بابەتەکـە پـتر بەلای دەروونناسیی (سایکۆلۆژی) و بوونی گشتی (ئۆنتۆلۆژی)دا دەچـێت، بـەڵام

ئەگەر مەبەست لە بابەتەکە سروشت و چۆنێتی و جۆری زانینەکە بێت ئەوا پتر پەنا دەبردرێتە بەر بابەتی مەنتیق (لۆژیك).[1]

ئەوی پێوەندی بە بابەتی سۆسیۆلۆژی زانینەوە هەیە، تیشك دەخرێتە سەر ئەو کارەی زانین لە دیاردە و پێوەندی و دامەزراوە هەمە چەشنە کۆمەڵایەتییەکاندا دەیکات و ئەو کارەش ئەم پێکهاتە جۆربەجۆرە ئاڵۆز و فرەڕەنگانە لەلای خۆیانەوە لە پرۆسەی زانیندا دەیکەن لەبەرچاو دەگیرێت، بەڵام لە هەر دوو لایەندا نابێ ئەوەمان لە یاد بچێت، کە مرۆڤ وەك گیانلەبەرێکی کۆمەڵایەتی کە ناچارە لە چوارچێوەی کۆمەڵێکی دیاریکراودا بژی وەك بوونەوەرێك بە پشتیوانی ئەو ئەندام و ئۆرگان و توانایانەی سروشت ئاسا پێی بەخشراون لەم پرۆسەی زانینەنەدا دەست پێشخەر و کاریگەرە.

راستە لە بوارێکی شت زانیندا ژیری (ئەقڵی) مرۆڤ دووچاری چارەنووسێکی سەخت بووە، دەبێ باری سەرشانی خۆی بە چەندین پرسیار قورس بکات، بەڵام بە پێی سروشتی تایبەتی خۆی ناتوانێت وەڵامی پڕ بە پێستی ئەو پرسیارانە بداتەوە، بۆیە ناچارە سنووری هەموو توانایەکی خۆی، سنووری توانای ژیری مرۆڤ ببەزێنێ[2] لێرەوە دەچێتە ناو باوەشی بابەتی تاریك و تەم مژاوی سەرلێشێوانی میتافیزیکەوە.

ئەم بەزاندنی سنوورە ئەگەرچی خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی سەختی بابەتی زانینە، بەڵام هیچ کاتێك نابێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ دەستبەرداری پرۆسەی شت زانین ببێ، ئەگەرچی لەم رەوش و دۆخە چارەنووسسازەدا دوو ئەنجام دەکەوێتەوە کە لە گۆڕین نایەن:

**یەکەم:** جیاوازییەکی لە رادە بە دەر لە نێوان هیوا و ئاواتی مرۆڤ و هەڵکەوت و واقع و چارەنووسدا هەیە. ئەوەی مرۆڤ دەیخوازێ و بە ئاواتیەوەتی لە

[1] Wolf, Kurt H., K. Mannheim in seinen AbhandLungen bis 1933. In: Manheim, Wissenssoziologie Auswahl aus dem werk. Luchterband... s. 26.

[2] Kant, Immanuel. Kritik der reinen Vernunft. Felix Meiner Verlag Hamburg. Vorrede (A VII). S. 5.



سنوور بەدەرە، بەڵام توانای بەدیهێنانی ئەم ئاوات و ئامانجانەی مرۆڤ سنووردارن و لە رادەیەکی دیاری کراو بەولاوە تێناپەڕن.

**دووەم:** هەر بەم پێوەدانگە توانای زانینی مرۆڤ سنووردارە و لەو سنوورە تێناپەڕێ، ئەوی مرۆڤ دەیزانێ و دەرکی پێدەکات روخسار و رواڵەت و دیاردەی شتە چۆن دێنە بەرچاو و دەبیسترێن و هەستیان پێدەکرێت، بەڵام شت لە خۆیدا چی و چۆنە، پوختە و جەوهەر و هەقیقەت و راستی شتەکان چۆنن هیچ کاتێك لە توانای مرۆڤدا نییە بە تەواوەتی دەرکیان پێ بکات و بیانزانێت. ئەم پرۆسەیەش بەم جۆرە دەکەوێتەوە:

- ڕاستییەکی گومانهەڵنەگرە کە زانین وەك پرۆسە و وەك ناوەڕۆك بە شارەزایی و ئەزموون و تاقیکردنەوە(Erfahrung) دەستپێدەکات، ... ئەگەر کات لەبەرچاو بگیرێ ناکرێ زانین لە پێش ئەزموونەوە بێت، چونکە ئەو بەم دەستپێدەکات ...، بەڵام ئەگەرچی زانین بە شارەزایی دەستپێدەکات شارەزایی تاکە رێگای پەیدابوون و کەوتنەوەی زانین نییە[1].
- مێشك و دەروونی مرۆڤ وەك تابلۆ و لاپەڕەیەکی سپی وان، تاقیکردنەوەی ژیانی رۆژانە و بیر شتی لەسەر دەنووسن و شارەزایی و زانینی پێدەبەخشن. ئەو زانین پێبەخشینە بە دوو قۆناغ دەبێ کە لە چوارچێوەی دوو پرۆسە لە یەکتری جیاواز و یەکتری تەواوکاردا روودەدات:

**یەکەم:** بە هۆی هەستەکانەوە وەك کەرەسەیەکی خاو کە خۆش نەکرابی بابەتمان پێدەگات، بەڵام ئەو بابەتانە تەنیا روخسار و رواڵەتی خاوی مشتومالّ نەکراوی ئەو شتانەن کە لە دەرەوەی ئێمەن، کە لە دەرەوەی مرۆڤن.

**دووەم:** مێشك یان ژیر ئەو کەرەسە خاوەی لە لایەن هەستەکانەوە هاتووە رێکوپێك دەکات و مشت و ماڵی دەکات ئەویش بە هۆی ئەوەی لە نێو چەند چوارچێوەیەکدا کە بە چەمك Kategorie ناو دەبرێن دایاندەرێژێ. گرنگترینی ئەم چەمکانە (کات و شوێن)ە.

[1] Kant, I., Ebenda . BI. 10.S. 38..

بەم پێیە شت زانین بەندە بە دوو مەرجی بنەڕەتییەوە، کە یەکێکیان سەرنجدانە Anschauung کە ئەمە ئەو ڕێگایەیە ڕوخسار و ڕواڵەتی شتەکانی دەوروبەرمان دەداتە دەست ئینجا ڕۆڵی چەمکەکان دەستپێدەکات بۆ ڕێکوپێک کردنی ئەم بابەتانە لە چەند چوارچێوەیەکدا و بەندکرنیان بە چەند بنەما و ڕێوشوێن و قانوونێك. هەر ئەمە بووە مەبەستی کانت کە گوتوویەتی:

بیروبۆچوون Gedanken بەبێ ناوەڕۆك بۆش و بەتاڵن و سەرنجدان بەبێ چەمك کوێر و نابینایە[1] ئەمەش جارێکی تر ئەو دوو لایەنەی پڕۆسەی کەوتنەوەی زانینی مرۆڤ پشتڕاست دەکاتەوە کە هیچ کاتێك فام و مێشك و ژێر سەرنج نادەن، بەڵکو پتر ئامرازی بڕیاردان و ڕێکخستنن و هەستەکانیش بە هیچ جۆرێك بیرناکەنەوە، بەڵکو هەڵگر و هێنەری ناوەڕۆکی هەستەکین و بە هەر دوو لا، کە چالاکییان یەکدەخەن دەستەبەری پەیدابوونی زانینی مرۆڤ دەبن. بێگومان ئەو دوو ڕەنگییەی زانین و ئامرازەکانی بەدەستهێنانی زانین تیشکدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی ئەو دەوروبەرەن کە مرۆڤ تێیاندا لە دایك بووە و پێگەیشتووە و ژیاوە.

ئەو بابەت و کەرەستە و شتانەی لە دەوروبەری مرۆڤ هەن ئیتر کۆمەڵ بێت، یان سروشت لە دوو لایەن پێکهاتوون:

- ئەو لایەنەی کە پوختە و ناوەڕۆکی شتەکانیان لێ پێکهاتووە و لە ئێمە شادراوەن و ئامرازێکی ئەوتۆمان نییە و ئەو توانایەشمان لەبەر دەستدا نییە کە بە هۆیەوە بتوانین ئەو لایەن بزانین، چونکە ئێمە هەر هەستمان هەیە بۆ ئەم مەبەستە پەنای بەرینەبەر ئەویش تەنیا هەر دیاردە و ڕوخساری شتمان پێدەگەیەنێ. ئەمە لایەنی ناوەوەی شتەکەیە دەکرێ بە جەوهەر، یان شت لە خۆیدا ناوبردرێت.
- لایەنەکەی تر لایەنی دەرەوەیە کە مرۆڤ بە هەستەکان دەرکی پێدەکات، لێرەوە ڕۆڵی ژێر لە پڕۆسەی زانیندا دەردەکەوێ کە بە درێژایی قۆناغە جۆربەجۆرەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵ و شارستانییەت مایەی کێشە و بەرەو

[1] Kant, I., Ebenda. B76. 10A51-10.



لێکۆڵینەوەی بیرمەند و شارەزا و پسپۆڕان بووە. تەنانەت لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا وا سەرنجی ژێر دراوە کە یەکەیەکی لە گۆڕان نەهاتووە و لە توانایدا هەیە وەڵامی هەموو پرسیارێك بداتەوە و ئەو زانین و زانستە لە چالاکی شیکردنەوە و لێکدانی ژێر دەکەوێتەوە دەتوانێت جێگای بڕواو باوەڕ بگرێتەوە و ئەرکەکەشیان بگرێتە ئەستۆی خۆی کە بریتییە لە دڵنیاکردنی مرۆڤ و ڕەواندنەوەی ترس و نائومێدیی. هەندێك لە ڕابەر و لایەنگرانی ئەم بزووتنەوەیە بەو جۆرە سەرنجی ڕۆڵی ژێرییان داوە و گەیشتونەتە ئەو ڕایەی بڕوا لابەرن لە جێگاکەیدا ژێر (ئەقڵ) دابنێن[1].

کەوابوو زانین جۆرە هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتییە، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و لە کات و شوێنی دیاریکراودا لە کۆمەڵێکی تایبەتی بە خۆی و ڕەگەز و نەتەوەکەی دەژیا هەر ئەو کۆمەڵ و دەوروبەرەیە کە دەکرێ بە جیهانی بابەتییانە ناوببرێت، سەرچاوەی ئەو شارەزاییەی مرۆڤن و ئەو شتانەش کە بە تاقیکردنەوە فێریان بووە و دەیانزانێ تیشکدانەوەی کاریگەرانەی ئەو جیهان و دەوروبەرەن لە مێشك و ناخ و دەروونیدا. جیهانی دەوروبەر و کۆمەڵ کار لە مرۆڤ دەکەن و هەست و هۆش و سۆز لە ناخیدا، لەبیریدا، لە مێشکیدا دەورووژێنن، بەڵام ئەو زانینە وەنەبێ هەر لایەنێکی نالەباری هەبێ و مرۆڤیش وەنەبێ وەك ئامرازی تۆمارکردن ئەم شتانە وەربگرێت، ڕاستە ئەم زانینانە لە دەرەوە هاتوون، بەڵام مرۆڤ بە هۆی ئەو توانایەی کە هەیەتی و ئەو ئامرازانەی شت زانین لە بەردەستیدان ئەو کەرەسە خاوەن زانین مشتوماڵ و پوخت دەکات و جارێکی تر دایدەڕێژیتەوە تاوەکو وەك تیۆرییەکی ڕێکوپێکی لێدێت ئینجا جارێکی تر ئەم زانینە .. تیۆرییە بۆ کارکردن لە دەوروبەرەکەیدا بەکاردەهێنێتەوە. بەم پێیە پڕۆسەی زانین پڕۆسەیەکی دوو ڕەنگی و دوو لایەنییە. زانین لە سروشت و دەوروبەرەوە هەڵدەقوڵێ و بە مرۆڤ دەگات، مرۆڤ جارێکی تر بۆ گۆڕین و کارکردن لە سروشت و دەوروبەر ئەم زانینە بەکاردەهێنێتەوە.

[1] رايتنباخ، هانز، نشأة الفلسفة العلمية، ت: د. فؤاد زكريا، القاهرة، 1968، ص 50 فما بعد.

## زانین و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان

3

زانین وەك جۆرێکی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و فاکتەرێکی گرنگی پێگەیاندن و پەروەردەی کۆمەڵایەتی، لە نێو دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا بە جۆرێکی تایبەتی بۆتە مایەی رامان و سەرنجدان هەڵسەنگێنراوە و هەڵوێست لە بارەیەوە دیاریکراوە. لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری ئایینەکان بە نووسین، لە نووسراوەکانیاندا بە جۆرێك لە جۆرەکان نەك هەر هانی فێربوون و زانین دەدەن، بەڵکو پشتگیری دەکەن کەچی لە یەکەم کتێبی ریکوپێك و سەرتاپاگیر و فرەڕەنگی ئایینیدا کە تەوراتی تایەفەی مووسایە بە تەواوەتی هەڵوێستێکی نالەبار و نێگەتیڤ و پێچەوانە بەرانبەر بە زانین تۆمارکراوە. ئەم هەڵوێستە دوو رەنگییە لە ناوخۆیدا بە یەکتری ناکۆك چی دەگەیەنێ و چی لێدەکەوێتەوەو چۆن لێکدەدرێتەوە؟ ئایا دەبێ بۆ پاساودانی ئەم دوو رەنگییە پەنا ببرێتە بەر چ جۆرە شرۆڤە و رەواکردنێك؟!

مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی ژیر لەو رۆژەوە هەستی بە بوونی خۆی کردووە هەوڵیداوە جیهانی دەرەوەی خۆی و دەوروبەر و رووداوە جۆربەجۆرە سەرنجراکێشەکان و دیاردە سروشتی و بوونەوەرە هەمەچەشنەکان و خۆی بناسێ و لە بارەیانەوە شارەزایی پەیدا بکات. بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە ئامرازی تایبەتی داهێناوە کە بە ((زانین)) ناودەبرێت. لە سەرەتادا، وەك سەرچاوەکان باسیان کردووە، وای داناوە کە تێبینی بەردەوامی هەستەکی ئەو شتانەی لە دەوروبەری روودەدەن چاکترین ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییە دەربارەی روودانی دیاردە سروشتییەکان و تێگەیشتنی دەوروبەر، چونکە ئەم تێگەیشتنە و لێکدانەوەی دیاردە و رووداوەکان جۆرە دڵنیایی و ئاسوودەییەکی دەروونی بە مرۆڤ بەخشیوە و ترس و سڵ و پارێزەکەی تا رادەیەك رەواندوونەتەوە. لە قۆناغێکی پێشکەوتووتری واتردا، مرۆڤ توانیویەتی پەی بەو پێوەندییانە بەرێت



کە رووداو و قەوماو و بارودۆخ و رەوشەکە بە یەکترییەوە دەبەستنەوە، ئەمە ئەو قۆناغ و هەڵوێستە بووە، کە رێگای خۆشکردووە زانینی ساکار پەرەبستێنێ و بگاتە ئەو رادەیەی جۆرە یەکرەنگی و یەکێتی و پێوەندی بەیەکەوە بەسترانەوەی نێوان شت و رووداوە جۆربەجۆر و دیاردە هەمە چەشنەکان دەرك پێ بکات و ئینجا ئەو چوارچێوە گشتی و رێوشوێنانە بزانێ کە ئەم رووداوانە بە پێیان و بەگوێرەیان دەقەومێن و پێوەندی نێوانیان رەنگ دەرێژن، ئەم پرۆسەیەی زانینە و پەرەسەندنەکەشی بێگومان بۆ ئەوە بووە مرۆڤ دەستی بەسەر سروشت و دەوروبەردا بڕوات و کۆنترۆڵیان بکات بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگرێت و بۆ بەدیهێنانی مەبەست و ئامانجی خۆی بەکاریان بهێنێ و بۆ ئەوەی پتر کاروباری ژیانی خۆی پێیان ئاسانتر بکات.

ئەگەر قۆناغی یەکەمی ئەم پرۆسەی زانینە پێویستی بە سەرنجدان و تێبینی کردن و تاقیکردنەوە و ئەزموونی خودی مرۆڤ و شارەزایی رۆژانە هەبووبێ ئەوا قۆناغەکەی تر کە پتر پێشکەوتووتر بووە پێویستی بە توانایەکی تری بەدەستهێنانی زانین هەبووە کە رێکوپێکتر بووبێ، توانای بیرکردنەوەی ئەوتۆی هەبووبێ، کە لە پێشەکییەوە بگاتە ئەنجام ئەم توانایە ((ژیر-ئەقڵ))ی پێدەگوترێ (Intellekt).

زانین بە شێوە گشتییەکەی بریتییە لە بڕیاردان و دیاریکردنی هەڵوێست. چەمك و زاراوە و بڕیارەکان ئامرازی ئەم زانینە. مرۆڤ ئەگەر پەی بە بابەتێك ببات و بیزانێ، ئەوا ئەو پێوەندییانە دەردەخات، کە لە ناو ئەو شتەدا هەیە، ئەمەش جۆرە بڕیاردانێکە ناکردن، یان ئاکردن دەبێت، لە لایەکی ترەوە ئەم بڕیارانە دوو جۆرن، جۆرێکییان بریتییە لە پێناسەکردنی شت و ئەوی تریان بە هۆی چەند رستەیەکەوە هەواڵ و زانین دەگەیەنن و سوود بە شارەزایی مرۆڤ دەبەخشن.

زانین چ وەك بابەت و چ وەك ئامراز بۆ گەیشتنە ئامانجی دیار و دەستنیشانکراو کێشەیەك بووە لە کێشەکانی ژیانی مرۆڤ، ئەگەرچی بە پێی کات و سەردەم و شوێن و جۆر و شێواز و ئامرازی توێژینەوە و دەربڕینی هەمەچەشنە و

جیاواز بوون، ئەوا هیچ کاتێك وەك کێشە، لەم سەردەمەشدا گەرم و گوڕی خۆی لە دەست نەداوە و بەشێکە لە چوست و چالاکی گیانی و هزریی مرۆڤ.

سەرچاویەك لەو سەرچاوە گرنگ و مێژووییانەی بابەتی زانینی وەك کێشە تۆمار کردبێ تەوراتی تایەفەی مووسایە. لە یەکەم سفری تەوراتدا کە بە سفری پەیدابوون ناودەبرێت باسی دوو درەخت کراوە، درەختی ژیان و درەختی زانین، لە وێدا باس کراوە، چۆن رەب ئادەمی راسپاردووەکە بۆیان هەیە لەبەری هەموو درەختێکی بەهەشتی عەدەن بخۆن تەنیا لەبەری ((درەختی زانینی چاکە و بەدکاری نەبێت))[1]

Und Bosen. Baum der Erkenntnis des Guten

چونکە زانین لەخۆیدا وا لە مرۆڤ دەکات لە خواوەند بچێ و بەشداری لە خواوەندێتی بکات، رەب دەزانێ لەو رۆژەی ئەوان لە درەختی زانین دەخۆن ((چاویان دەکرێتەوە و وەك رەب-یان لێ دێ و چاکە و بەدکاری دەزانن)) (تەورات بە ئەڵمانی 3: 3-5).

حەوا بە ئاخاڤتنی ماری کردووە، سەرپێچی لە فرمانی رەب کردووە و لەبەری داری زانینی خواردووە و لەو بەرەی درەختەکەشی داوە بە مێردەکەی و ئیتر رەب غەزەبی لێگرتوون و لە بەهەشت دەری کردوونە دەرێ (تەورات سفری پەیدا بوون- بە ئەڵمانی 24:3).

خوێندنەوەی ورد و لەسەرخۆی ئەم بەسەرهاتە کە تەوراتی جوولەکە بەرێکوپێکی باسی کردووە چەند خاڵێکی گرنگ دەورووژێنێ، کە دەکرێت مایەی بایەخ پێدان بن:

**یەکەم:** تەورات وەك سەرچاوەیەکی رێکوپێکی ئایینی، زانین، کلۆڵی، نەزانین و بەختەوەری، توندوتۆڵ بەیەکەوە بەستووەتەوە و بەرانبەر بەیەکتری دایناون.

مرۆڤ بە ئاشکرا لە سفرەکەدا هەست بەو دەکات کە ئادەم و حەوا لە بەهەشتی عەدەندا بە خۆشی و بەختەوەری دەژیان، بەڵام بەختەوەرییەکەیان بەبێ

[1] Die Bible, Erster Teil. Das alte Testament (2:17).



زانین بوو، هەردووکیان نەزان بوون کاتێك بەری درەختی زانینیان خوارد چاویان کرایەوە بۆیە ئەو سزا سەختەیان بۆ بڕایەوە کە دەرکردنە لە بەهەشت. باشە بۆ دەبێ بەدبەختی و کلۆڵی لەگەڵ نەزانیندا بخرێنە دووتای تەرازوویەکەوە و بەرانبەر بەیەکتری دابنرێن؟! ئەمە بەڵگەیەکە ئەو دەورە ساغدەکاتەوە، کە زانین لە ژیانی مرۆڤدا دەیگێڕێت، ئەگەر مرۆڤ بیەوێ بەخۆشی بژی دەبێ دەستبەرداری زانین بێت و چاوکراوە نەبێت. زانین و چاوکرانەوە یەکەم هەنگاوی بەمرۆڤبوونی مرۆڤە، چونکە دەستبەرداری بەشداربوونی مرۆڤ دەبن لە لایەن و کایە گرنگەکانی ژیاندا گران لەسەر مرۆڤ دەکەون.

**دووەم:** ئەوی رێگای زانین نیشانی مرۆڤ دەدات لە تەوراتدا بە فێڵباز و نەفرەت لێکراو دانراوە و بە چاوێك تەماشای کراوە کە وەك مار تەفرەدەر و فێڵباز و دوژمنی کوشندەیە. ئەوی لێرەدا سەرنج رادەکێشێت، بۆچی دەبێ ئەو کەسە، ئەو لایەنە کە رێگای زانین بدات بە (دوژمن و مار) دابنرێت؟!

**سێیەم:** لایەنێکی تری کۆمەڵایەتی لەبەسەرهاتەکەدا هەست پێدەکرێت کە ژنە. بەلای ئەم بەسەرهاتەی کتێبی ئایینی جوولەکەکانەوە ئافرەت لایەنی لاوازە لە هاوکێشەکەدا بۆیە کاری تێکراوە و تەفرە دراوە لە بەری داری زانین بخوات، بەڵام لە لایەکەی ترەوە هەر ئەو ژنە کە لایەنی لاوازە دەتوانێ و توانیویەتی کار لە مرۆڤ لە پیاو، کار لە ئادەم بکات و تەفرەی بدات. ئەمە تا چ رادەیەك لێك دەدرێتەوە و پاکانەی بۆ دەکرێت، بەتایبەتی کە لە کتێبی ئایینی وەك تەوراتدا هاتبێ؟!

**چوارەم:** تەورات، پەرستنی رەب و گوێڕایەڵی کردنی فرمانەکانی رەب و ئیتاعەکردنەکەی لەگەڵ نەزانین بەیەکەوە گرێ دەدات و وەك هاوکێشە و بەرانبەر سەرنجیان دەدات. واتە بە پێی بەسەرهاتەکەی تەورات زانین، کە لە وێدا بریتی بووە لە خواردنی بەری درەختی زانین، سەرکێشییە لە فرمانی رەب!

**پێنجەم:** لەگەڵ پتر بوون و گەشەکردنی زانینی مرۆڤ و وردە وردە رێکوپێك بوونی جۆری بیرکردنەوەی و ئەو هەوڵەی داویەتی بۆ لێکدانەوەی ئەو دەوروبەرەی

تێیدا دەژیا و هەست کردنی بەوەی کە ویست و خواست (ئیرادە)ی هەیە و بە کردەوە لە رووداو و قەوماوەکانی ژیاندا بەشداری دەکات دوو جۆر، دوو قۆناغی پرۆسەی زانینی رێکوپێك لە چوارچێوەیەکی پێشکەوتووتردا پەیدبوون:

- زانینی هەستەکییانەـ ئەو ئامرازەی بۆ ئەم زانینە پشتی پێدەبەسترێ پێنج هەستەکانن و بە هۆیانەوە مرۆڤ هەست بەو گۆڕانانە دەکات کە لە دەوروبەریدا روودەدەن و چ ئەنجامێکیان لێدەکەوێتەوە و بە چ مەرەیەك دەچن.
- لایەنی دەرك پێکردنی زانینیانە لە ئەنجامی پەرەسەندنی مرۆڤ و کۆمەڵدا بوو بە زانینی ژیرییانە (ئەقڵ)ی و بۆ دۆزینەوەی پوختە و جەوهەری نەگۆڕاوی شت کە هۆکار و بنەمای ئەو گۆڕان و دیاردە رووخسارییانەن، کە دەرکییان پێدەبرێت پەنای بردۆتە بەر توانای مێشك. ئەم جۆرە زانینە قۆناغێکی پێشکەوتووە، کە بە هۆی تێبینی هەستەکییەوە دەستگیر نابێت.

## زانین و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی

4

زانین وەك تیۆرییەکی رێکوپێك ئەگەرچی لە سەدەی حەڤدەیەم لە لایەن جۆن لۆك (1632-1704ز) دوا روخسار و ناوەرۆکی پێ دراوە و خەتوخاڵی داوە، بەڵام لە سەردەمی رووناکبیرییەوە رابەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەرێباز و ئاراستە و بۆچوونە جیاجیاکانیانەوە لە پرۆسەی گۆڕان و بەرەپێشچوونی کۆمەڵایەتیدا بەتایبەتی و لە زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆژی)دا بەگشتی هەستیان بە گرنگی و بایەخی زانین کردووە. لەو روانگەیەوە کە کۆمەڵگە سەرچاوەی لەبن نەهاتووی بێگەردی زانینە، دەکرێ جارێکی تر بە گیانی کۆمەڵایەتییانە زانین شرۆڤە بکرێت و بۆ مەبەستی کۆمەڵایەتییانە هەر لە لێکدانەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ سوودی لێوەربگیرێت، بۆیە دەکرێ و بگوترێت سۆسیۆلۆژی زانین ئەو ئەڵقەی هۆشیاری کۆمەڵایەتییە کە لە



روانگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە لە لایەن زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆژی) لێوەی دەکۆڵرێتەوە بۆ ئەوەی بنەما کۆمەڵایەتییەکانی زانین دەربخرێن و روون بکرێنەوە چۆن ئەم زانینە بابەتێکە لە کۆمەڵگا و ژیانی کۆمەڵایەتییەوە لەکات و شوێنی دیاریکراودا سەرچاوە دەگرێت و جارێکی تر بە شێوەیەکی رێکوپێککراو لە چوارچێوەی تیۆریدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە هەمە چەشنەکانی کۆمەڵ بەکاردێت و پەنای دەبرێتەبەر. ئەو سۆسیۆلۆژیانەی لەم مەیدانەدا رۆڵی بەرچاویان گێڕاوە، لە ئەڵمانیا و فەرەنسا بوون، بەتایبەتی:

- کارل مارکس و کارل مانهایم و ماکس شیلەر لە ئەڵمانیا.
- ئەمیل دۆرکهایم لە فەرەنسا و چەندانی تر.

## کارڵ مانهایم

# رابەری سۆسیۆلۆژی زانین

# 1

له چوارچێوەی بابەتی سۆسیۆلۆژیدا (زانستی کۆمەڵایەتی) سۆسیۆلۆژی زانین (Wissenssozio Logie) دەکرێ بە لقێك لەو لقە نوێیانەی ئەم زانستە دابنرێت، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە لایەن فەیلەسووف و سۆسیۆلۆژ و سیاسەتمەداری ناسراو کارڵ مانهایم (1893-1947ز) دوا روخسار و ناوەڕۆکی پێ براوە.

راستییەکی گومان هەڵنەگرە، کە شۆڕشی چارەنووس سازی فەرەنسا (1789ز) هۆیەکی سەرەکی پەیدابوونی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی بەگشتی هۆی پەیدابوونی سۆسیۆلۆژی بەتایبەتی بووە. لەو سەردەمەدا هێز و دەسەڵات بەلای شار و بازێڕ و چینی سەرهەڵداو و سیاسەتدا لاسەنگ بوو، چینی نیشتەجێی گوند و لادێ و بیری ئایینی مەسیحی و دامودەزگاکانی کڵێسە ناچاربوون سەر لەبەردەم رەوشی نوێدا دابنەوێنن. لە لایەکی ترەوە کێشەکانی رەوش و دۆخی نوێ کە لە ئەنجامی شۆڕشەکەوە کەوتبوونەتەوە، ببوونە مایەی ئەوەی بیرمەندان سەرگەرمی توێژینەوەیان و دۆزینەوەی چارەسەریان بن. ئەگەرچی سان سیمۆن هەستی بە بایەخ و گرنگی هۆکاری ئابووری کردبوو، بۆی ساخ ببۆوە کە ((گۆڕانی مێشك و بیر و بۆچوون شان بە شانی پتر بوونی گەرموگوڕیی فاکتەری ئابووری و تەنگژە و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە بنەمایەکی ئابوورییان هەیە))[1] ماوە و کارکردنێکی زۆر و زەبەندی دەویست ئەو بۆچوونە کاڵ بکریتەوە، کە جیهانی بیروبۆچوون لە هەڵکەوت و جیهانی ریالیستییەوە دوورە و پابەندی جیهانێکی ئایدیالیست میتافیزیکییە. هەر بۆیە ئەو کاتە وا باو بووە کە دەبێ یەکەم جار بیروبۆچوونەکان لە بنەڕەتەوە بگۆڕدرێن ئینجا بنەماکانی ئاکار و رێوشوێنەکانی گۆڕانیان بەسەردا دێت و لەم گۆڕانەوە چارەسەرکردنی کێشە و تەنگژە و قەیرانەکانی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکات.

پێش جێگیربوونی پایە و بنەماکانی سەدەی رووناکبیری (Aufklarung) بیری ئایدیالیستی- میتافیزیکی بە کۆمەك و هاوکاری بیری ئایینی کڵێسەی

[1] معتوق، د. فردريك، تطور علم الاجتماع المعرفة. دار الطلعة، بيروت، 1982، ص150 فما بعد.



مەسیحی ئەوروپا وەك نموونەیەکی کەمکردنەوەی پلەوپایە و بایەخی مرۆڤ گومان لە توانای بیرو ژیری مرۆڤ کراوە، کە بتوانن بەبێ پشتیوانی ریوشیوێنەکانی کڵێسە بگەنە راستی و دەرك بە راستەقینە بەرن، بۆیە بە ئاشکرا هەوڵ دراوە ئەو باوەڕە پشت راست بکرێتەوە گوایە ژیر، رێبازی ژیرەکی لە توانایدا نییە پەی بە راستی و واقیع و هەڵکەوت بەرێت، بگرە ((توانای زانین و دەرك بەڕاستی کردنی ژیر-ئەقڵ- سنووردارە و لەو جێگایەی بابەتەکە پێوەندی بە ژیانی مرۆڤ و پێوەندی بەژیان لە کۆمەڵدا هەیە پەکی دەکەوێ و بڕ ناکات))[1]. بەم پێودانگە و هەر بە پێی ئەم بیروبۆچوونە پردی پێوەندی نێوان مرۆڤی تاك و کۆمەڵ کە پێکهاتەیەکی رێکوپێکی هەمەکی کۆمەڵایەتییە پچڕێنراوە و بە چاوی جیاواز سەرنجی هەردووکیان دراوە هەروەك ئەوەی گوایە کۆمەڵ کە رێکخراوێکی کۆمەڵایەتییە لە سروشتەوە و سروشت ئاسا لە سەروو ئەندامانییەوەیەتی کە بابەتی ئەون. ئەم جۆرە پێودانگە رێگای بۆ لە یەکتری دابڕینی بابەت زانستی کۆمەڵایەتی و ئاکار خۆش کردووە، چونکە لەو بۆچوونە ئەو بیروڕایە دەکەوێتەوە و بگرە کەوتۆتەوە کە ئەگەر بێتو مرۆڤی تاك وەك بوونەوەرێکی چالاك و سەربەخۆ خاوەن هەست و نەست و سوود و قازانج و ئامانجی رەنگ بۆ دارێژراو دابنرێ، ناکرێ چاوەڕێی نادیسپلینی و تێکچوون و لەبەریەکترازانی ئۆرگانەکانی کۆمەڵ نەکرێت، بۆیە وا دانراوە، کە جەوهەری رووداوەکانی کۆمەڵ، ئەگەر بە وردی لێیان بکۆڵرێتەوە، سروشتێکی کۆمەڵایەتی ئابوورییان نییە، بەڵکو سروشتێکی ئاکارییان هەیە، هەروەها لەم روانگەیەوە وا بڕیار دراوە، گوایە پەرەسەندنی کۆمەڵگا بە هیچ جۆرێك لە پەرەسەندن یان تێکچوون و لەناوچوونی هێزە بەرهەم هێنەرە ئابوورییەکانەو ناکەوێتەوە[2]، بەڵکو ئەم پەرەسەندنە یان پاشەکشەو پاشاگەردانییەکەی پێوەندی بە گەشەکردنی ئاکار یان پێوەندی بەپاشەکشەکەیەوە هەیە.

[1] Jonas, Fridrich. Geschichte der Soziologie. Bd. 2. Von der Jahrhundert Wendebiszur Gegeh Wart Mit Quellen, Rowwohlt. 1976.s.11ff.

[2] Jonas, Fridrich.,Ebenda . s.18 ff.

2

سەدەی نۆزدەیەم، کە بە راستی سەدەی شۆڕشی زانستی و پاشەکشەی بیری ئایدیالیستی و میتافیزیکی و ناڕیالیستی بووە کۆشش کراوە پشت بە ژێر و هێزوتوناکانی ببەسترێت و جارێکی تر هەوڵ دراوە تیشک بخرێتە سەر پێوەندی نێوان دەرکەوتن و سەرهەڵدانی بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژی و ئەو ئەرك و فرمانەی لە مەیدان و کایەی کۆمەڵایەتیدا کەوتۆتە ئەستۆی ئەم بیروبۆچوونانە. ئەنجامی ئەم کۆششەش ئەو تیۆرییە سۆسیۆلۆژیە زانستییە بووە کە ساخی کردۆتەوە:

هێز و توانای برکردنی تیۆری (سۆسیۆلۆژی) لەو بنەما ئابوورییانەوە سەرچاوە دەگرن کە چینی کۆمەڵایەتی دەست رۆیشتوو پشتیان پێدەبەستێ[1]. ئەم بەیەکەوە بەستنەوەی فاکتەر و بنەمای کۆمەڵایەتی و ئابووری بیربۆچوون و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، رێگای خەت و خاڵدان و بەرەوپێشچوونی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی خۆش کردووە و پەردەی لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی بیروباوەڕ لاداوە و ئەرکی سپێردراو بەو بیروبۆچوونانە لە چوارچێوەی جیهاندیدی هەمەکی کۆمەڵایەتیدا دەرخستووە.

لەو سەدە پڕ رووداو و بەرەو پێشچوون و ناوەڕۆك بە پێز و گۆڕانی فرەڕەنگی زانستی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەدا کەسایەتی ئەکادیمی و زانستی و سیاسی کارڵ مانهایم لە مەجەرستان و ئەڵمانیای دوای جەنگی یەکەمی جیهانی خەت و خاڵی داوە و پێگەیشتووە، بە پێزترین بەرهەمی دەربارەی سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی) بەگشتی و دەربارەی سۆسیۆلۆژی زانین بەتایبەتی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام دوای بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەورووپا، سیاسەتی دەسەڵاتدارە نازییەکان بوو بە کۆسپ لەبەردەم چالاکی ئەکادیمی و بەردەوام بوونی مانەوەی مانهایم لە ئەڵمانیا ئیتر ناچارکرا ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵێ و ساڵی (1933) رووی لە ئینگلتەرە کردووە، لەوێ قۆناغی سێیەمی چالاکی

[1] معتوق، د. فردريك، المصدر السابق نفسه، ص149 فما بعد.



ئەکادیمییەکەی دەست پێ کردووە. لە زانکۆی لەندەن کراوە بە مامۆستای سۆسیۆلۆژی. ئەگەر مرۆڤ سەرنجی ئەو بەرهەمانە بدات، کە مانهایم لە قۆناغی سێیەمی چالاکی زانستیانەیدا لە لەندەنە بڵاوی کردوونەتەوە، بەئاشکرا جێدەستی رێبازی ئەزموونی ئینگلیزییان تێدا دیارە و بە راشکاوی دوورخستنەوەی لە جیهاندیدییەکەی سەردەمی ئەڵمانیا هەست پێدەکرێت. مانهایم لە هەر سێك قۆناغی چالاکییەکانیدا مەجەرستان و ئەڵمانیاو بەریتانیا وەك لە دەوروبەر و ژینگەی رۆشنبیری و ئەکادیمی سەردەمی خۆی کاری تێکراوە، ئەو کارتێکرانەش لە بەرهەمەکانیدا ئەو رۆڵ و دەورە هەست پێدەکرێت کە وەك رابەرێکی چالاکی زانستی کۆمەڵایەتی بەگشتی و سۆسیۆلۆژی زانین بەتایبەتی لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا گێڕاویەتی.

## کولتوور و رۆشنبیری لە جیهاندیدی کۆمەڵایەتیدا

3

لە کۆڕ و کۆمەڵە ئەکادیمییەکاندا بە تایبەتی لە چوارچێوەی سۆسیۆلۆژیدا واباوە کە کولتوور و کۆمەڵ بە توندی لە یەکتری جیا دەکرێنەوە و سنووریان لە نێواندا دەکێشرێ و هەردووکیشیان پێوەندییان بەیەکترییەوە هەیەو ناتوانن دەستبەرداری یەکتر بن و لە یەکترییەوە جیا بکرێنەوە. کۆمەڵی بێ کولتوور، کولتووری بێ کۆمەڵ لە مێشکدا نەبێ بوونیان نییە. هەموو قۆناغێکی تایبەتی کۆمەڵ کولتووری تایبەتی خۆی هەیە کە جۆری پەرەسەندن و چۆنیەتییەکەی و سروشت و پێکهاتە هەمەڕەنگییەکەی دەردەبڕێت. لە جیهاندیدی کارڵ مانهایمدا، ئاسایی، مرۆڤ و کولتوور و شارستانییەت و کۆمەڵ ئەگەرچی چ وەك چەمك و چ وەك پێکهاتە بوونی سەربەخۆ و تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە، ئەوا توندتۆڵیش بە چەندین گرێ و پێوەندی پەیوەندێك بەیەکەوە بەستراونەتەوە، کە تێکڕایی ئەو چوارچێوە گشتییە هەمەکییەڕەنگدەڕێژن کە بە جیهاندید ناو دەبرێت و مۆڕك و

نیشانی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی شارستانییەت تۆمار دەکات. شیکردنەوەی بنیاد و بنەمای ئەم جیهاندیدە کە لە لایەکەوە بەیەکەوە گرێدرانی ئامراز و ئامانجەکان دەردەخات لە لایەکی ترەوە وەك ئەرکێکی سەرەکی سۆسیۆلۆژی زانینی کارڵ مانهایم پێوەندی دەستیاوی و دوو لایەنی نێوان بیر، هزر، بۆچوون و رەوش و مەلْبەندی کۆمەلاّیەتی مرۆڤ ساخ و پشتڕاست دەکاتەوە سەرەڕای ئەوەی نیشانی دەدات تا چ رادەیەك شێوەکانی ژیانی هزر و ژیری مرۆڤ لە قۆناخێکی دیاریکراوی مێژووییدا بۆچوون و ئیدیۆلۆژی هێزە سیاسی و کۆمەلاّیەتییەکانی کۆمەلْ بەدەردەخات. ئەم باوەڕەی مانهایم ئەو رۆڵە دەدەخات کە فاکتەری مێژوویی و قانوونەکانی پەرەسەندن لە رشتنی رەنگی پێکهاتە هزرییەکانی مرۆڤدا لە کۆمەلْ دەیگێڕن.

وەك ئاشکرایە کولتوور بەگشتی سەرجەمی بەهاو بایەخە بەرزە پەرەسەندووە گیانیەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە وەك، ماف، قانوون، هونەر، هزر، زمان، ئەدەب، دابودەستوور و نەریت، رێوشوێنەکانی ئاکار و کردار، خوو و رەوشت، هەلْوێستە هەمەڕەنگەکانی ژیان، زانست، هەر لەم روانگەیەوە دەکرێ کولتوور کە کایە و پاوانی بەرهەمە هزری و گیانییەکانی دەگرێتەوە لە شارستانییەت جیا بکرێتەوە. ئەم جیاکردنەوەیە دەشێ بەوە دەستنیشان بکرێت کە مرۆڤ جۆرە سنوورێك لە نێوان کولتووری گیانی ناماددی و ماددیدا دەکێشێ.[1]

زمان وەك ئامرازێکی دەربڕینی هەست و نەست و خواست و ناوەڕۆکی بیری مرۆڤ و پێوەندی کۆمەلاّیەتی لە رەوت و پرۆسەی خەت و خالْدانی ئەم کولتوورە گیانییە جیا ناکرێتەوە. بیر و زمان توندوتۆلْ بەیەکەوە بەندن ئەگەر بیر — هزر خواستی مرۆڤ و مەبەست و ئامانجەکانی لە چوارچێوەیەکی رێکوپێکدا گەلاّلە بکات و رەنگ برێژی، زمان لە لای خۆیەوە ئەو ئامرازەیە کە ناوەڕۆکی پرۆسەی

(1) Bellabaum, Alfred. Soziologische Grundberiffe. 7. Auflage, Kohlhammer. Berlin, 1978.s. 59-60.



چالاکی هزر دەردەبڕێ. هەر لەم روانگەیەوە دەکرێ مرۆڤ بلْێ، هزر ئەو دەفرەیە کە ناوەڕۆکی خواستی مرۆڤی تێدا دادەڕێژدرێ و زمانیش ئەو ئامرازەیە کە لە لایەکەوە ناوەڕۆکی بیر دەردەبڕێ و لە لایەکی ترەوە ئەندامان و چین و توێژە جیاکانی کۆمەلْ بەیەکەوە بەند دەکات، بۆیە شتێکی ئاساییە کە مانهایم لە چوارچێوەی سۆسیۆلۆژی زانینەکەیدا بایەخی بە پێوەندی فرەڕەنگی نێوان هزر و بوونی کۆمەلاّیەتی داوە. ئیتر گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە بیر و کولتوور بەو بارودۆخ و رەوشە کۆمەلاّیەتییەوە بەندن، کە تێیدا سەریان هەلْداوە. تێگەیشتنی سەرجەمی ئەم بیر و هزر و کولتوورە دەبێتە مایەی تێگەیشتنی ئەو کێشە و تەنگژە و قەیرانانەی کۆمەلْی نوێ دووچاریان بووە. بۆ نموونە کە مانهایم گازندەی کردووە، کە مرۆڤی سەردەمی خۆی بەرانبەر بە کولتووری بابەتی (ئایین، زانست، هونەر، دەولْەت و سیاسەت و فۆرمەکانی ژیان)[1] دوورە پەرێز وەستاوە، دیاردەیەکی سەخت و دژواری سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کۆمەلاّیەتی سەردەمی خۆی دەستنیشان کردووە کە بریتی بووە لە تێکچوونی کۆماری ڤایمەری ئەلْمانیا و ئەو ئەنجامە نالەبارانەی لێی کەوتوونەتەوە. وەك بلاّوبوونەوەی نەریتی گومانکاری کە لە چوارچێوەی رێبازی رێژەییدا هەموو لایەنەکانی کولتوور و رۆشنبیری و ئاکار و زانست و ژیانی گرتۆتەوە. ئەوی جاران بە پێودانگی هەلْسەنگاندنی راستی دانراوە، ئەو بیر و هزر و بۆچوونانەی باو بوون، ئەو رێوشوێنانەی پەیڕەوکراوبوون دووچاری ئەگەر و گومان لێکردن بوون، سەرەڕای ئەو کێشەیەی کاربەدەستان بۆ چینی رۆشنبیرانیان دروست کردووە و ئەو هەلْمەتانەی دژی بیرو بیرمەندان کراوەتە سەر چینی رۆشنبیران.

ئەو ئەنجامە نالەبارانەی بە هۆی رەوشی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابووری دوای رووخانی کۆماری ڤایمەر هاتنە ئاراوە و ئەو کاولکارییانەی نازییەکان لە ئەلْمانیا و تێکڕای ئەوروپا کردیان و ئەو تەنگژە و قەیرانانەی هزری مارکسی

(1) Mannheim, Karl. Wissenssoziologie eingeleite und (Harsg). Von Kurt H. Einleitung von (Hrsg) .s.14.

تێیان کەوتووە، کە بە تێکڕایی وایان لە بیرمەندان کردووە جارێکی تر بە پەرۆشەوە چاو بە بنەماکانی شارستانییەتی سەردەم و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ڕێژێمە سیاسی و سیستەم و ڕێبازە فەلسەفەیی و ئابووری و ئایدیۆلۆژییەکاندا بخشێننەوە و جارێکی تر سەرنجی هۆکار و ئەنجامەکان، پەیڕەو میتۆدەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بدەن. لەم ڕەوشەدا مانهایم کە فاکتەری کولتوور و ڕۆشنبری و چینی ڕۆشنبیرانی بەو هێز و فاکتەرە داناوە کە ئەرکی پێشکەوتن و بەرەوپێشچوون و چوونە دەرەوە لە قەیران و کێشە و تەنگژەی سەردەمەکەی داناوە، دەکرێ لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەلسەفەیی سەردەمی خۆی پاساو و پاکانەی بۆ بدۆزرێتەوە.

دانانی ڕۆشنبیران وەك چینێك، وەك توێژێك کە ئەم ئەرکەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی پێ بسپێردرێ، چەند خاڵێکی لێدەکەوێتەوە:

**یەکەم:** مانهایم بەوەی پەنای بردۆتە بەر ڕۆشنبیری و توێژی ڕۆشنبیران خۆی لە چینی پڕۆلیتاری مارکسی دوورخستۆتەوە، ئەو چینەی کە بەدیهێنانی پاشەڕۆژێکی ئەفسووناوی لێ چاوەڕێ دەکرا.

**دووەم:** ئەگەر ڕۆشنبیری هۆکار و فاکتەر بێت، ئەوا هۆکاری ئابووری پاشەکشە دەکات و پەروەردە و خوێندن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی زانکۆ دێنە پێشەوە.

**سێیەم:** ئەو هەڵبژاردنەی چینی ڕۆشنبیر و بابەتی ڕۆشنبیری لە لایەن مانهایمەوە ئەگەر کێشەیەکی بچووکی هەندەکی چارەسەر بکات، بابەتەکە پتر ئاڵۆز و تەمومژاوی دەکات و کێشەی تری تایبەت بە خۆی بەرپا دەکات.

پێناسەکردنی ڕۆشنبیران وەك چین و توێژێك وا سووك و ئاسان نییە. جگە لەوەی ئەندامانی ئەو توێژە ئایدیۆلۆژی و ئامانج و مەبەستی دیار و ئاشکارییەکی ئەوتۆیان نییە، کە ئەگەر وەك توێژ و چینێك بەیەکەوە کۆیان بکاتەوە. پلە و مەڵبەند و پایەی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەیان ئەوپەڕی جیاواز و فرەڕەنگە. ئەگەر جاران خوێندەوار و ڕۆشنبیر و ئەکادیمی و ئەندازیار و پزیشك و سیاسەتمەداران موڵکی تایبەتی چینی دەستڕۆیشتوو بانایە ئەوا لەم



سەردەمەماندا ژێرخانی کۆمەڵ بەچینی هەژار و نەدارەوە، بە هۆی بڵاوبوونەوەی خوێندن و زانکۆ بنەما و پێداویستییەکانی شارستانییەتەوە، سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی پێشکەشکردنی توێژ و دەستەی ڕۆشنبیرانە، کەوابوو لە نێو ئەو دەستەیەدا کە مانهایم بە ڕۆشنبیری داناوە و ئەرکی تایبەتی پێ سپاردووە مرۆڤی هەڵگری ئایدیۆلۆژی و باوەڕی جیاواز، خاوەن سوود و قازانجی لە یەکتری جیاواز دەبینرێت و لەمەوە ئامانج و سیاسەت و جیهاندیدی فرەڕەنگ و لە یەکتری جیاواز دێنە کایەوە. ئەگەر هۆکاری لە یەکتری نزیککردنەوەی ڕۆشنبیران هەبێ و پشتڕاست بکرێتەوە، ئەوا هۆکاری لە یەکتری جیاکردنەوەشیان ئەگەر پتر نەبێت کەمتر نییە. لە لایەکی ترەوە ئەو پەروەردە و خوێندن و پێگەیاندنە کۆمەڵایەتیانە تاوەکو دەگاتە زانکۆکان، هیچ کاتێك لەژێر دەستی کەسان و چین وتوێژی بێلایەندا نەبوون و نابن و ئەو کەسانەی تێیاندا دەردەچن و پێدەگەن و کاری گرنگی دەوڵەت و کۆمەڵیان پێدەسپێردرێ ئەو ڕۆشنبیرانە نابن کە مانهایم هیوای پێیان بێت.

ڕۆشنبیری وەك هێز و توانا و بەهرەیەك کە بە درێژایی ژیان بە تاقیکردنەوەکان و بە خوێندن و پەروەردە بەدەست هاتووە هیچ کاتێك ناکرێ لەگەڵ سوود و قازانجی تاکەکەسی و چینایەتیدا بە شێوەیەکی تەباییانە بخرێنە یەك خانەوە و ئەگەر بڵێین هەمیشە پێکەوە تەباو گونجاو نابن لە ڕاستی دوور ناکەوینەوە.

مانهایم لە شاکاری ئایدیۆلۆژی و یۆتۆپیداساڵی (1929ز) بە تێروتەسەلی تێزەیەك دەربارەی ڕۆڵ و مەڵبەند و ئەرکی ڕۆشنبیران توێ توێ دەکاتەوە، کە بریتییە لە سێ لایەن:

**یەکەم:** بێلایەنی ڕۆشنبیران.

**دووەم:** بەشداریکردنی ئارەزوومەندانەی ڕۆشنبیران لە چالاکی سیاسی وڵاتەکەیاندا و ئینجا بوون بە ئەندام لە پارتی ڕێکخراوە سیاسی و جۆربەجۆرەکاندا بۆ ئەوەی گەرموگوڕی و چالاکی کاریگەر و ئەکتیڤانە بە بەرشادەماری تێکۆشانی ئەو پارتی و ڕێکخراوە فرەڕەنگانەدا بکەن و لە بەرەوپێشچوونی پێشکەوتنخوازانە بەرەو ئامانجی گشتی ڕۆڵی سەرەکی خۆیان بگێڕن.

**سێیەم:** هەوڵ بدەن بەو هێز و توانایەی هەیانە لە کایە و بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیان و کۆمەڵدا داکۆکی لە سوود و قازانجی هزری تێکڕای کۆمەڵ بکەن و بەو پەیامەی پێیان سپێردراوە وەك هەڵگری خامە و مەشخەڵی ڕووناککردنەوە لەسەر هزری پێشکەوتنخوازی بکەنەوە.[1]

دەکرێ ئەو تێزەی مانهایم بە لەبار (پۆزیتیڤ) و سوودبەخش دابنرێت ئەگەرچی پتر مۆرکی تیۆری — ئەکادیمی دوور لە هەڵکەوت و کرداری پێوە دیارە.

پێوەندی توندوتۆڵی نێوان کار و چالاکی سیاسی و هەموو دیاردە فرەڕەنگەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی ڕاستییەکە بواری ئەگەر و دوو دڵی نادات.

مانهایم کۆششی کردووە، بە نووسینەکانی مرۆڤی ڕۆشنبیر هان بدات تەنیا هەر لە دوورەوە نەوەستێ، لە ڕووداوەکانی ژیان خۆی دوورە پەرێز نەگرێت و وەك سەرنجدەرێك نەمێنێ و بەشداری لە پرۆسەی کار و کارگوزاری و گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا بکات. خۆ ئەگەر بۆی نەکرێ ببێ بە ڕابەرێکی پێشکەوتنی پرۆسەی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتی، ئەوا لە ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵ و قۆناغ و سەردەمی خۆدا بەشداری بکات.

ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە، کە پێوەندی و بەندێکی پتەو لە نێوان چارەنووس و قەدەری مرۆڤ و بەندێکی پتەو لە نێوان ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەدا هەن، کە حوکم و کۆنترۆڵی دەکەن، هەروەها پێوەندییەکی گەرموگوڕ لە نێوان ڕەوش و دۆخە کۆمەڵایەتییەکان و نێوان جۆرەکانی ئەو بەرهەم و نووسینە هزری و ڕۆشنبیرییەدا هەیە کە لە کۆمەڵدا دەردەکەون، بەڵام ئەم پێوەندییانە شێوە و ناوەڕۆکێکی دەستیاویان هەیە هەر دووك لاشیان تایبەتمەندی و تاڕادەیەك سەربەخۆیی خۆیان لە بەرانبەر ئەوی تریاندا دەپارێزن.

وردبوونەوە لە هزر و بیر و بنەماکانی ئاکار و جیهاندیدی چین و توێژە جۆربەجۆرە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە داب و نەریت و خووڕەوشت و ئاکار و ئایین و لاهووت و فەلسەفەدا دەردەکەون ڕاستی ئەم قسەیە پشت ڕاست دەکەنەوە.

---

[1] مانهایم، کارل، الآیدیولوجیة والطوباویة، ت: د. عبدالجلیل الطاهر، مطبعة الآرشاد، بغداد، 1968، ص255 فما بعد وفي اماکن مختلفة من الکتاب. جارێکی تر ئەو کتێبە لە کوێت کراوە بە عەرەبی: کارل مانهایم، الأیدیولوجیا و الیوتوبیا، ت: د.محمد رجا الدیرینی، کویت، 1980.



ئیتر لەم ڕوانگەیەوە دانانی ڕۆشنبیران بە چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی و هەوڵ دان بۆ بێلایەنکردنیان تا ڕادەیەکی زۆر دووركەوتنەوە لە ڕاستی و ڕاستەقینە دەردەخات. لە سەردەمی مانهایم و لە سەردەمی ئەمڕۆماندا قەوارەی چەمك و توێژ و چینی ناوبراو بە ((ڕۆشنبیر)) لە سنووربەدەر فراوان بووە و وا بە ئاسانی پێناسە و دەستنیشان ناکرێت.

ئەگەر لە قۆناغێکی پێشووتردا ڕۆشنبیران ڕۆڵەی خێزان و چینە دەست ڕۆیشتوو و کاربەدەست و دەسەڵاتداران و خاوەن دەرامەتی ئابووری بووبن، لەم سەردەمەدا کە شۆڕشی زانستی و خوێندەواری و زانکۆکان، سەرانسەری جیهانیان گرتۆتەوە، چینە هەژار و کەم دەرامەتەکانی کۆمەڵ بە ڕادەی بەرچاو مرۆڤی ڕۆشنبیریان لێ هەڵدەکەوێ. ئیتر نە لە ڕوانگەی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە نە لە ئاستی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە لە تواناداهەیە، ئەم چینە پێناسە بکرێت و ئامانج و ئایدیۆلۆژی دوور و نزیکی دەستنیشان بکرێت. زانینی پێوەندی و پابەندبوونی ڕۆشنبیرێك بە بوونی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە هیچ کاتێك نابێتە مایەی ئەوەی بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژیاییەکەی بزانرێت و دەستنیشان بکرێت، ئەو جۆرە پێوەندییە هۆیەکییە لە نێوان زانینی هزر و بیروبۆچوونی مرۆڤی ڕۆشنبیر و بنەما و بنچینە کۆمەڵایەتی و ئەو مەڵبەندەی لە کۆمەڵدا هەیەتی و ئەو ڕۆڵەی دەیگێڕێ وا بە ئاسانی دەرناکەوێت.

جیاوازی بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژی هەمیشە توندوتۆڵ بەڕقەبەری و جەنگی دەستەویەخەی سوود و قازانجی ئابوورییەوە بەندە و بە هیچ جۆرێك سۆسیۆلۆژی زانین بە تەنیا ناکرێ، وەك مانهایم بۆی چووە[1] ئەو ڕێگایە بێت کە شێواندنی هزری سیاسی و ئایدیۆلۆژی ئاشکرا بکات و هۆیەکانی بدۆزێتەوە و بیروبۆچوونە دژبەیەك و ڕقەبەرەکان یەك بخات، چونکە سوود و قازانج هەمیشە لە دوارۆژیشدا ئەو هۆکارە، ئەوە فاکتەرە بووە و دەبێ کە ڕەنگی ڕوخسار و ناوەڕۆکی زانین دەڕێژێ.

---

[1] مانهایم، کارل، نفس المصدر السابق، ص411 فما بعد.

## ئایدیۆلۆژی و یۆتۆپی

# 4

ئایدیۆلۆژی وشەیەکی گریکی (یۆنان)یە لە دوو کەرتی (ئایدیۆ) واتە بیروبۆچوون، سەرنجدان و کەرتی (لۆژی) واتە زانست، پێکهاتووە کەوابوو وشەکە مانای کۆ و تێکڕای جیهاندید و سەرنجدان و هزروبیری چینێکی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێ کە پتر بە لای جیهاندیدی سیاسیدا دەچێ، بۆ نموونە دەوترێ ئایدیۆلۆژی بۆرجوازی، سەرمایەداری ...تاد.[1]

وشەی یۆتۆپی Utopia مانای ئەندێشە و خەیاڵ و دەڤەرێك دەبەخشێ کە مرۆڤ خەونی پێوە دەبینێ، بۆ یەکەم جار نووسەری ئینگلیزی توماس مۆر ساڵی (1518ز) وەك ناونیشانی رۆمانێك بەکاری هێناوە، تێیدا مۆر لە رۆمانی یۆتۆپیادا باسی دوورگەیەکی کردووە، کە لەسەر شێوەی کۆمەڵ و دەوڵەتە و هەموو شتێك تێیدا بەو جۆرە رێکوپێکە کە دڵی مرۆڤ و ئەندێشە بێ سنوورەکەی دەیخوازن[2]

ئایدیۆلۆژی و یۆتۆپی بابەتی سەرەکی ئەو بەرهەمەن کە مانهایم ساڵی (1929) لە ئەڵمانیا بڵاوی کردۆتەوە و تێیدا ئەم دوو بابەتە بە تێروتەسەلی و بە وردی شرۆڤە و توێ توێ کردووە.[3] مانهایم لە روانگەی سۆسیۆلۆژی زانینەوە دوو واتا و دوو ناوەڕۆك و ئەرکی تاڕادەیەك نوێی بەم دوو وشەیە بەخشیوە.

دوای دەستکەوتە چارەنووسسازە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەلسەفە و زانستی سەدەی نۆزدەیەم و ئەو گۆڕانە فرەڕەنگانەی دوای جەنگی یەکەمی جیهان بەسەر ئەوروپادا هاتووە دروشمی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری و هۆشیاری دیموکراتی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا بڵاوبۆتەوەو جێگیر

[1] Wahrig, Gerhard. Deutsches Worterbuch. Mosaik Verlag. GM BH 1980. s.1916.

[2] Russell, Bertrand. Philosophie des Abendlandes. Europea Verlag. Wien. 2000. . . 526 ff.

[3] Kurt h. Wolf. (HRSG). IN: k.m Wissenssoziologie. S.11.



بووە[1]. ئەگەر پێشتر تەنیا چینی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا هێز و دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کۆمەڵ و دەوڵەتی بەدەست بووبێ و سوودی لە ئازادی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی وەرگرتبێ، ئەوا بە هۆی دەرکەوتن و گەشەکردنی بزووتنەوە جەماوەری و رێکخراوە میللییەکان کە سەرگەرمی بە دەستهێنانی ئازادی و دیموکراتی و دادپەروەری و یەکسانی بوون کۆمەڵەکانی ئەوروپا هاتۆتە هەژان. ئەم گۆڕانە لە لایەکەوە گەف و هەڕەشەی تێکچوونی شیرازەی سیستەمی کۆمەڵانی خەڵك و دەستەی کاربەدەست و فرمانڕەوایانی بەرپاکردووە. تاقمی یەکەم کۆششی گۆڕانی کردووە و دووەمیان هەوڵی ئارام کردنەوە و پاراستنی رەوش و مەڵبەندی ئابووری و سیاسی خۆی داوە. بەم پێیە دوو جۆرە ئامانج و سیاسەت و جیهاندید دەرکەوتوون و سەرنجی مانهایمیان راکێشاوە. کە یەکێکیانی بە یۆتۆپی و ئەوی تریانی بە ئایدیۆلۆژی ناوبردووە.

بەم پێیە ئایدیۆلۆژی، سیاسەت و هزر و بۆچوون و جیهاندیدی چینی دەسەڵاتدار و کاربەدەست و خاوەن سامان و دەرامەتانە بە پێچەوانەوە یۆتۆپی هزر و بیروباوەڕ و بۆچوونی چینە هەژار و نەدار و ژێردەستە و کرێکار و جووتیارانە. مانهایم ئەو جۆرە پێناسەیەی ئەو دوو وشەیە بەوە پاساو دەدات، کە گوایە چینی دەسەڵاتدار خەریکی پاراستنی دەسەڵات و کورسییەکەیەتی، بیر لە ئەمڕۆ و ئێستا دەکاتەوە چۆن بە ئایدیۆلۆژییەکەی، بە بیروباوەڕ و سیستەمەکەی هەوڵی پاراستنی رێژێم و دەسەڵاتەکەی بدات و مەترسی چین و توێژەکانی تری کۆمەڵ کپ بکاتەوە. بەڵام چینی ژێر دەستە هەموو کۆششێکی هزری و بیروباوەڕی خۆی دەخاتە کار و کۆشش دەکات بۆ گۆڕینی رێژێمی کاربەدەست و ئەو رەوشەی لە ئارادایە و چاودەبڕێتە پاشەڕۆژێك کە هەوڵی هاتنی دەدات لێرەوە جیهاندیدەکەی یۆتۆپییایە. یۆتۆپی کە لە خۆیدا مانای ئەو هەست و نەست و نیاز و ئارەزوو و پێداویستییە کۆمەڵایەتی و هزرییانە دەردەبڕێت کە

[1] الحسن، د. احسان محمد، رواد الفکر الآجتماعي، بغداد، 1991، ص374.

به دی نەهاتوون و مـرۆڤ هـەوڵی پیـادەکردن و بـەدی هێنانیـان دەدات و بـە پێچەوانەی هەست و خواستی رێژێمی کۆمەڵایـەتی هەڵکـەوت و کاربەدەسـتن، سنووری رەوشی سەردەم و ئێستا دەبەزێنێ و روو لە دوا رۆژ دەکات بـەجۆرێك کە خزمەتی ئاوات و ئامانجەکانی دوا رۆژی کۆمەڵ بکات. مانهایم وتەنی، بە پێچەوانەی جیهاندیدی بارودۆخ و رەوشی سیاسی و کۆمەڵ لـە ئـارادا بـووە، بۆیە ئەم بزووتنەوە هزرییە سیاسییە پتر روخسار و ناوەڕۆکی سۆز و ئەندێـشە، واتە یۆتۆپی پێدەبڕێ.

# تیۆری زانین
# له‌ ماتریالیزمی مێژوویی کارڵ مارکسدا

### 1- تیۆری زانین:

بەتایبەتی ئەوەندەی پەیوەندی بە زانستی کۆمەڵایەتییەوە (سۆسیۆلۆژی) هەیە و ئەگەر ئەو رۆڵەی لە بەرچاو بگرێت کە لە ژیانی مرۆڤ و لە چوارچێوەی کۆمەڵ و جیهاندیدی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی کارڵ مارکدا دەیگێڕێ، کە لە جیهاندیدی ئەم بیرمەندەدا بە بابەتی مەتریالیزمی مێژوویی ناوبراوە گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەردا هاتووە. ئەم گۆڕانە دەکرێ لەم سێ لایەنەدا لەبەرچاو بیگرێت:

**یەکەم:** سەرچاوەی زانین و ئەو رۆڵەی لە پرۆسەی گۆڕان بەتایبەتی و لە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا بەگشتی دەیگێڕێ.

**دووەم:** بەدیالێکتیککردنی پرۆسەی زانین، بەکارهێنانی دیالێکتیك وەك میتۆدێکی رێکوپێکی لێکۆڵینەوە بۆ مشت و ماڵ کردن و پوختەکردنی زانین کە لە خۆیدا پرۆسەیەکی ژیریی – گیانییە و لە ئۆرگانێکی مادییەوە کەوتۆتەوە بەوەی لە چوارچێوە ئایدیالیستە نازانستییەکەی دوور بخرێتەوە.

**سێیەم:** پەیوەندی زانین، کە خۆی بەشێکە لە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، بە هۆکار و فاکتەری ئابوورییەوە، ئینجا پشتڕاستکردنەوەی پەیوەندی هەردووکیان بە گۆڕانی کۆمەڵایەتییەوە.

لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی کۆمەڵ و قانوون و بنەماکانی پەرەسەندنی و چونێتی پەیبردن و زانینی ئەم یاسایانە، جیاوازیی نێوان یاساکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و یاساکانی سروشت، لێکدانەوەیەکی مەتریالیستی دیالێکتیکانەی دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی نێوان بوونی کۆمەڵایەتی و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، کامیان لەوی تریان دەکەوێتەوە، بایەخ و رۆڵ و گرنگی بەرهەمهێنانی ماددی شمەك و پێداویستییەکانی ژیان لە ژیانی مرۆڤدا، بیر و هزرە کۆمەڵایەتییەکان لە چی و لە کوێوە دەکەونەوە و پەیدا دەبن و رۆڵی دامودەزگا و دامەزراوەکانی سەرخانی کۆمەڵ چییەو چۆنە؟ تا چ رادەیەك ئەم



دەزگا و دامەزراوە جیاوازانە پەیوەندییان بە ژێرخانی کۆمەڵەوە هەیە؟ مرۆڤ لە مێژووی پەرەسەندنی مێژوو کۆمەڵدا چ رۆڵێك دەگێڕێ؟! چۆن توێژ و دەستە و چین و تێکۆشانی چینایەتی و دەزگای دەوڵەت پەیدا بوون؟ ئەمانە بەگشتی بابەت مەتریالیزمی مێژوویی مارکس پێك دەهێنن، کە لەم سەردەمانەدا زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆژی) پێدەگوترێ.

### 2- پرۆسەی دیالێکتیکی زانین:

زانین وەك تیۆرییەکی رێکوپێك و سەربەخۆ لەسەدەی هەڤدە لە لایەن جۆن لۆك (1672- 1704ز) دوا روخسار و ناوەڕۆکی پێبڕاوە. بەلای لۆکەوە مێشك و دەروونی مرۆڤ لە لاپەڕەیەکی سپی دەچن هیچیان لەسەر نەنووسراوە[(1)]، بەڵام تاقیکردنەوەی ژیانی رۆژانە ئەم لاپەڕە سپییە پڕدەکاتەوە و شارەزایی و زانین بە مرۆڤ دەبەخشێ. بێگومان لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی سەرچاوەکانی زانین، گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی، کە هیچ جۆرە زانین و بۆچوون و چەمکێکی زگماکی لە مێشك و دەروون و ناخی مرۆڤدا نین. زانین بابەتێکە تاقیکردنەوە و شارەزایی، جا شارەزایی Erfahrung ناوەکیی و دەروونی بێت یاخود شارەزایی دەرەکی دەستبەری دەبێت و دابینی دەکات ئەم بۆچوونەی لۆك و بە پێچەوانەی بیرورای ئایدیالیست و لاهووتییەکانی دەزگا ئایینییەکانی مەسیحییەکان بووە، کە بەلایانەوە سەرچاوەی تر هەیە کە لە دەرەوەی سنووری مێشك و توانای مرۆڤە و سەرچاوەی زانینی راستەقینەیە.

دیالێکتیك چ وەك وشە چ وەك میتۆد و رێبازی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و پەرەسەندن، لە سەردەمی کۆنی یۆنانەوە، شەش سەد ساڵ بەر لە دایکبوونی عیسا، بەکارهاتووە و سوودی لێوەرگیراوە، بەڵام بەکارهێنان و سوودوەرگرتنەکە لە رادە و سنوورێك دابووە لەگەڵ بارودۆخ و هەلومەرجی پێشکەوتنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوسادا گونجاوە.

(1) Storig, Hans, Kleine Weltgeschiche der Philosophie. Stuttgart. 1961. S.396 ff.

هیگڵ (1770-1831ز) رابەری ڕێبازی ئایدیالیستی ڕەهای ئەڵمان لە چوارچێوەی فەلسەفە ئایدیالیستییە سەرتاپاگیرەکەیدا ئەوپەڕی سوودی لە دیالێکتیک وەرگرتووە و گەیاندوویەتییە چڵەپۆپەی بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنەکەی. دیالێکتیکی هیگڵ ئایدیالیستی بووە و میتۆد و ڕێبازی پەرەسندنی بیری ڕەها و گیان بووە.

ئەگەرچی لە لایەن هیگڵ دیالێکتیك پەیڕەو و میتۆدی پەرەسەندن بووە، بەڵام لە بەرگێکی نامادەیدابووە و وای بۆچووە کە بیربۆچوونی خەڵك هۆشیاریی و بیری ڕەها کە ئەو (بەگیانی ڕەها) ناوی بردووە هێزی سەرەکی ئەم پەرەسەندن و بەرەو پێشچوونەیە. بیر خۆیشی پەرە دەسێنێ و بەرەو پێش دەچێ، لە یەکەم جاردا لە ناوخۆدا گۆڕانی بەسەردادێت ئەمجار لە قۆناغێکی تری پەرەسەندنەکەیدا لە سروشتدا بەرجەستە دەبێت و بەم بەرجەستەبوونە وزەو توانا و گیان بە بەرکۆی شت و دیاردەکاندا دەکات و لە قۆناغێکی دواتردا بیر دەبێتە مایەی دەرکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی.[1]

کەوابوو مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، لە پرۆسەی زانین و پەی بردن بەو بیرە ڕەهایە بەولاوە نییە. یاساکانی دیالێکتیك، وەك هیگڵ بۆی چووە بنەما و هۆکاری پەرەسەندنی بیروگیانن و ڕاستەوخۆ کە بە مەتریالیزمی مێژوویی دادەنرێت و تیایدا بیروبۆچوونی مارکس وەك جیهاندیدێکی کۆمەڵایەتی دەربارەی بنیادی ئابووری کۆمەڵگا، شیکردنەوەی ئایدیۆلۆجییانەی سەرخانی کۆمەڵ، پەیوەندییەکەی بە بنەمای ڕاستەقینەی کۆمەڵەوە هەیە کە بریتییە لە شێوازی بەرهەمهێنانی شتومەك و پەیوەندییە جۆربەجۆرە کۆمەڵایەتییەکان، سەرەڕای شۆڕشی کۆمەڵایەتی و شیکردنەوی زانستییانەی دوارۆژی کۆمەڵی مرۆڤایەتی، بەتێروتەسەلیی شرۆڤە و باسکراون.[2]

ئەم پرۆسەی دیالێکتیکە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بابەتی زانینی گرتۆتەوە. بە پێچەوانەی هێگڵەوە لای مارکس زانین، بیروبۆچوون و تیشکدانەوەی ژێرخانی

[1] أفاناسييف، الفلسفة الماركسية، ت: عزيز سباهي، بغداد، ص35.

[2] Jonas, Edo. Von Husserl zu Sarter. List. Verlag Munchen 1972. s. 195.ff.



کۆمەڵگا و پەیوەندییە جۆربەجۆرەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتییە لە مێشکی مرۆڤدا ئەمەیە مەبەستی مارکس کە وتوویەتی (بوونی کۆمەڵایەتی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دیار و دەستنیشان دەکات)[1]. بەلای مارکسەوە مرۆڤ، مرۆڤی ڕاستەقینە، نەك گیانی ڕەهای هێگڵ داهێنەری بیربۆچوونەکانییەتی و ئەم داهێنانە تونودوتۆڵ بە چالاکی ماددی و ڕەوشی ئابووری و پەیوەندی بەرهەمهێنانی نێوان مرۆڤەوە بەندە، هۆشیاری کۆمەڵایەتیش بە هیچ جۆرێك لە بوونی کۆمەڵایەتی جیاناکرێتەوە و بوونی مرۆڤ بە گشتی لە پەرەسەندنی ژیانی ڕیالیستییەکەی بەولاوە نییە.

ئەگەر ئەم بیروبۆچوونانە پابەندی بنیاد و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری بن و بوونی مرۆڤ مەرجی ماددی ئەم بوونە بێت، ئەوا چۆن مرۆڤ لە هەلومەرجە ماددییەکانی ژیان و بەرهەمهێنان جیاناکرێتەوە، بە هەمان پێودانگ بیروبۆچوون و دەزگا و دامەزراوە هزریی و سیاسی و ئابووری و ئایدیۆلۆجی و هۆشیاریی لە ژێرخانی کۆمەڵ دانابڕدرێن، لێرەوە پرۆسەی دیالێکتیکی زانین دێتە کایەوە کە ئەو زانینە لە مێشکی مرۆڤدا ڕێکوپێك دەبێت و شێوە و ڕوخساری تیۆریی پێدەبڕێ و دەبێتە هێزێکی ماددی و جارێکی تر وەك گەڕانەوە بەرەو ئەو سەرچاوەی لێوەی هەڵقوڵاوە بەشداری دەکات لە گۆڕینی ئەو هەڵکەوت و واقیعەی لێوەی پەیدا بووە. زانین و هۆشیاریی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بنیادی ئابووری کۆمەڵگا دەکەوێتەوە، ئەو بنیادەی بنەمایەکی ڕاستەقینەیە و بنیادی ماف و سیاسی و قانوونی سەرخانی کۆمەڵی لێ پێکهاتووە، وەك وێنەیەکی ڕەوان و دروستی هۆشیاری کۆمەڵایەتییە. ئیتر هەر گۆڕانێك لە بوونی ئابووری و کۆمەڵایەتی مرۆڤدا ڕوودەدات گۆڕانیش لە هۆش و بیروبۆچوونیاندا دێتە کایەوە. بەپێی ڕەوش و بارودۆخی نوێ، بیر و هۆش و بۆچوونی کۆن لە ناو دەچێ و نامێنێ، بیر و هۆشی نوێ و گونجاو لەگەڵ بار و ڕەوشە نوێیەکە دەردەکەون، کە لە ئاستی پێداویستییە نوێیە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا دەبن. سەرچاوەی

[1] Pivcevic, Edo. Von Husserl zu Sartre. List. Verlag Munchen 1972. s. 195 ff.

هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و زانین، ژیانی ماددی-ئابووری کۆمەڵە. لێرەو بە باوەڕی مارکس هەموو کاتێك لە هەموو قۆناغێکدا هۆشیاریی و زانینی کۆمەڵایەتی روخسار و ناوەڕۆکێکی چینایەتی هەیە، تێکڕای بیر و هۆشیاریی و بۆچوونی چینێکی دیاریکراو ئایدیۆلۆجی ئەو چینە دیاریکراوەیان لێ پێکدێت.[1]

### 3- سروشتی کۆمەڵایەتی زانین:

لە جیهاندیدی مارکسدا کە رێبازی گشتگیری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی، تیایدا تیشکی داوەتەوە چەند خاڵێك سەرنج بۆ لای خۆیان رادەکێشن گرنگترینیان ئەمانەن:

**یەکەم:** هۆکاری ئابووری، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەرهەمهێنان و پەرەسەندنی مێژوو و کۆمەڵیش، لەو رۆژەوە کە پەیدا بووە تا ئەمڕۆش لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی نێو چینەکان بەولاوە شتێکی تر نییە.[2]

**دووەم:** زانین، هۆشیاریی کۆمەڵایەتی تیشك دانەوەی بارودۆخی بوونی کۆمەڵایەتییە. بەڵام ئەم زانینە بە پرۆسەیەکی دیالێکتیکی جارێکی تر بۆ گۆڕینی بوونە کۆمەڵایەتییەکە بەکاردەهێنرێت.

**سێیەم:** سۆسیۆلۆجی زانین لە لای مارکس کە توندوتۆڵ بە ژیانی کۆمەڵەوە بەندە بابەتێکە لە بابەتی مەتریالیزمی مێژوویی، ئەم مەتریالیزمی مێژووییەش لەو سەردەمەدا بە سۆسیۆلۆجی (زانستی کۆمەڵایەتی) دادەنرێت و بریتییە لەم بەشە سەرەکیانە:

- بۆچوون و هەڵوێست دەربارەی سروشتی مرۆڤ.
- بۆچوون و هەڵوێست دەربارەی سروشتی کۆمەڵگا.

(1) Theimer, Walter der Marxism's. Berlin. 1950. s. 10ff.

(2) Marx und Engelsm, Manifest der Kommunistischen partei. In: WREKE Bd …, Dietz Verlag Berlin (Ost) 1968.



- رەوت و پرۆسەی پەرەسەندن و ئەو بۆچوونەی دەربارەی پاشەڕۆژی کۆمەڵگا هەیە[1].
- پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ، ئینجا پەیوەندی مرۆڤ بە کۆمەڵگاوە.
- پرۆسەی رەوشی نامۆبوونی مرۆڤ لە کۆمەڵی فرە چیندا، واتە مرۆڤ لە قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی کۆمەڵدا و بە هۆی پەرەسەندنی پەیوەندی و شێوازی بەرهەمهێنانی ئابووری دەبێت بەخود و Subjekt بابەتی Objekt مێژوو.

هەر لە سەردەمی یۆنانی کۆنەوە بەگشتی و لە لای ئەرستۆ (322-384پ.ز) بەتایبەتی مرۆڤ وا پێناسەکراوە، کە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی خاوەن ژیر و ئاقڵە، توانای بیرکردنەوە و ئەنجامگیری هەیە و گیانی هەیە[2] ئەرستۆ بە جۆرێك پێناسەی مرۆڤی کردووە، کە لە ئاژەڵ و بوونەوەری تر و زیندەوەر — جیای بکاتەوە و وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی نیشانی بدات و لێکی بداتەوە بۆچی چۆن خێزان و کۆمەڵ و دەوڵەت پەیدا بوون و وای داناوە کە ژیریی مرۆڤ و هەبوونی زمانی بوونەتە مایەی پەیدابوون و دەرکەوتنی رێوشوێنی ژیانی ئاکارەکیی و پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی و یاسا و دیسپلینی کۆمەڵایەتی...

بەپێچەوانەوە مارکس تاڕادەیەك ئەم لایەنەی پشتگوێ خستووە بەجۆرێك سەرنجی مرۆڤی داوە و بە شێوەیەك پێناسەی کردووە کە پتر لایەنی سیاسی و ئایدیۆلۆجی و ئابووری پشتڕاست بکاتەوە. بە پێی ئەو پێناسەیەی مارکس دەربارەی مرۆڤ کردوویەتی و ئەو رۆڵ و دەورەی پێبەخشیوە، کە مرۆڤ ئەو کەسەیە بوونەوەرە، بەرهەمهێنەرە، شتومەك و بەرهەمی ماددی و کەرەسە بەرهەم دێنێ، ئیتر ئاساییە کە مرۆڤ لە شێوازی بەرهەمهێنانی کەلوپەلی ماددیدا وەك هۆکار و فاکتەری سەرەکی ببینرێ و دابنرێت، کە هەر بە هۆی ئەم

(1) Israel, Joachim. Der Begriff Entfremdung. Hamburg, 1985. s. 37 ff.

(2) Capelle, prof.Dr. W.Wilhelm. Die griechische philosophie.Bd.II. Berlin 1977.s.59 ff.

رۆڵە دەستنیشانکراوەشەوە تایبەتمەندی و خەسڵەت و کارەکتەری کۆمەڵایەتی دیار و دەستنیشان دەکرێت. ئەوی مارکس بەسەرخانی ئیدیۆلۆجی کۆمەڵێکی دیاریکراوی داناوە، شێواز و شێوەی حوکمڕانی و دەوڵەت، دامودەزگاکانی، سیاسەت، کولتوور، فەلسەفە، بە هۆی شێوازی بەرهەمهێنان و ناکۆکی نێوان چینەکانییەوە کە لە مەیدانی ئابوورییدا دەردەکەون، دیار و دەستنیشان دەکرێن و رەنگ و سنوور و ناوەڕۆك و روخساریان، دادەڕێژرێ. ئەم ناکۆکییانە هۆکاری پەرەسەندن و گۆڕانی مێژووی کۆمەڵی مرۆڤن. ئەو بۆچوونەی مارکس پرۆسەی دیالێکتیکی ئایدیالیستی هیگڵ دێنێتەوە یاد[1] کە بریتییە لە پرۆسەیەك، لە بیردا، دژەکان بەیەکتری هەڵدەپڕژێن و لە ئەنجامدا دۆخێکی نوێ کە هەردووکیان بەیەکەوە کۆکردۆتەوە دێتە کایەوە، ئەم ناکۆکییەی دژەکان کە شێوەیەکی دیالێکتیکی هەیە، بریتییە لە بەرەوپێشچوونی گیانی رەها. مارکس ئەم ناکۆکی و دژایەتییەی لە بیر و گیانی رەهاوە وەرگرتووە و خستیۆیەتە ناو پرۆسەی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵی مرۆڤ. ناکۆکییەکان بە بۆچوونی مارکس لە نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا روو دەدەن.

## 4- زانین و چینە کۆمەڵایەتییەکان:

لە جیهاندیدی مارکسدا لە نێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا (سیاسی و یاسایی و ئاکاریی ...) پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی شتومەکی ماددی، پەیوەندی سەرەکیی و بەلایەکداخەرن، سەرجەمی ئەم پەیوەندییانەی بەرهەمهێنان، بنیادی ئابووری کۆمەڵ و بنچینەکەی پێکدەهێنن[2] بە بۆچوونی ئەم بیرمەندە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، مێژوو کۆنترۆڵ دەکەن و بەرەو پێشی دەبەن. هەموو بیروبۆچوونێك، هەموو ئیدیۆلۆجییەك، ئایینەکان، جیهانبینی و

[1] Pivceic, E. Ebenda. s. 191 ff.

[2] اڤاناسییف، ڤ، المصدر السابق نفسة، ص229.



دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، دامەزراوو ئۆرگانە سیاسییەکان، رێکخراوەکانی یاسا و ماف، سەرخانی ئیدیۆلۆژی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانن کە بە ژێرخانی ماددی ناودەبرێن. لەم بۆچوونەوە ئەو ئەنجامە دەکەوێتەوە، کە بەرهەمهێنان وەك پرۆسەی گۆڕینەوە و فرۆشتن و ئاڵوگۆڕکردن، بنەمای هەموو رێژێمێکی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنێ، کۆمەڵ وەك ئۆرگانێکی رێکوپێکی کۆمەڵایەتی، بەرهەمی هاوکاریی و کۆمەکی ناوکۆیی مرۆڤە، لە قۆناغ و پلەیەکی دیاریکراوی بەرهەم و ئاڵوگۆڕکردنی و بەکارهێنانی دەبێتە هۆی کەوتنەوە و پەیدابوونی رێژێمی کۆمەڵایەتی و رێکخستنی خێزان و خانەوادە و تاقم و چینەکان کە ئەمانە هەموویان پێکەوە کۆمەڵی سیڤیل (مەدەنی)یان لێ پێکدێت. هەروەها هەبوونی ئەم کۆمەڵە ناوبراوە دەبێتە هۆی پەیدابوونی رێژێمی سیاسی و دەوڵەت. ئەم رێژێمە سیاسییە لە لای خۆیەوە دەربڕینێکی ئەم کۆمەڵەیە. کەوابوو هێزەکانی بەرهەمهێنان بنەمای سەرەکی مێژوو کۆمەڵ و مرۆڤن و پەیوەندییە مادییەکانی نێوانیان بنەمای هەموو پەیوەندییەکانی ژیانن.

ئەگەر مرۆڤ بە وردی سەرنجی بۆچوونەکانی مارکس بدات بە ئاشکرا بۆی دەردەکەوێ کە زانین، هۆشیاری کۆمەڵایەتی و بگرە سیاسەتیش خۆی کراون بە پاشکۆی ئابووری. هەر بۆیە لەم ئابوورییەدا کلیلی کردنەوەی هەموو دەزگاکان کە کلۆم بن دەدۆزرێنەوە. لە نامەکەیدا، کە 15ی مارت (1854ز) بۆ یۆزییێف ڤیدیمار ناردوویەتی بە جوانترین شێوە دەری بڕیوە کە فاکتەری ئابووری، بەرهەمهێنانی کەرەسەی ماددی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان ئەو هۆکار و فاکتەر کە چاوەڕوانی ئەو هیوا و ئاوات ئامانجەی لێدەکرێت کە بە درێژایی مێژوو، مرۆڤایەتی خەونی پێوە دیوە. ئاواتی کۆمەڵێکی بێ زوڵم و زۆر و جەور، کۆمەڵی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی. مارکس وتوویەتی: بوونی چین و توێژ لە کۆمەڵدا توند بە چەند قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوی پەرەسەندنی بەرهەمەوە بەندە. ئەم بوونی چینە جیاوازانە کە مەڵبەند و سوود و قازانجی جیاوازیان هەیە، دەبێتە مایەی بەرپابوونی خەباتی

چـینایەتی. ئـەم خـەباتی چـینایەتییە دوای پرۆسـەیەکی ئـاڵۆز و کێـشە و بەرەیەکی زۆر و زەبەندە کە پەنا دەبردرێتە بەر توندوتیژی بە شـێوەو شـێوازی جیاوازەوە بەناچارەکیی دیکتاتۆریی پرۆلیتاری لێدەکەوێتـەو ئـەم دیکتـاتۆری پرۆلیتارییە کە شتێکی ناچاریی و پێویستە[1]، بـارودۆخ و رەوشـی چـینایەتی کۆمەڵ خستوویەتییەوە و دەبێتە مایەی پێنانە قۆناغێکی ترەوە، قۆنـاغی لـە ناوبردنی هەموو چینەکان و دامەزراندنی کۆمەڵێك کـە چـین و توێـژی دژ بـە یەکتری تیادا نەبێت.

[1] مارکس- انجلس، مختارات في اربعة اجزاء. ج4، دار التقدم، موسکو، ص149.

ماكس شیلەر

# فینۆمینۆلۆژی زانین و بەهاكان

## پێشەکی:

چالاکییەکی زانستی و ئەکادیمییانە کە پێش بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەڵمانیادا سەرنجی راکێشاوە، جێگیربوونی رێبازی فینۆمینۆلۆژی ئیدمۆند هۆسەرل بووە لەگەڵ ئەو کۆششەی کە بۆ جێبەجێ کردنی میتۆدەکەی کراوە. رێبازی فینۆمینۆلۆژی لە بوار و کایە و مەیدانی سۆسیۆلۆژیدا. دەتوانین، پشت ئەستوور بە سەرچاوەکان، بڵێین فەیلەسووفی ناودار ماکس شیلەر بووە، کە بە پێی رێباز و پەیڕەوێکی ئەکادیمیانە، سەرکەوتنیشی تێیدا بەدەستهێناوە، ئەم ئەرکەی راپەڕاندووە.

ماکس شیلەر (1874-1928ز) لە ژیان و چالاکی ئەکادیمیانەیدا، دوای ئەوی خوێندنی لەلای رۆدۆڵف ئۆیکن تەواوکردووە، لە گۆڕەپانی فەلسەفە و ئەنترۆپۆلۆژی — سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی) و لە سۆسیۆلۆژی مەعریفە و تیۆری زانین و ئاکار و فەلسەفەی ئایین و کۆمەڵگەدا خامە رەنگینەکەی بەوپەڕی بڕشتی و پێزەوە چەندین بەرهەمی تۆمار کردووە. بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستدان هۆسەرل (1859-1938ز) یەکەم کەس بووە کە وەك رێبازێکی رێکوپێکی فەلسەفە فینۆمینۆلۆژی داهێناوە، ماکس شیلەریش یەکەم کەس بووە کە بە کردەوە ئەم رێبازەی جێبەجێ کردووە[1] و لە مەیدانی سۆسیۆلۆژیدا بەکاری هێناوە، شاکاری ((فۆرمالیزم لە ئاکاردا و ئاکاری مەتریالیستی بەهاکان)) و ((جەوهەر و فۆڕمەکانی هەست و سۆز)) و هەرسێك بەندی ((سۆسیۆلۆژی و تیۆری جیهاندید 1924ز)) و چەند بەرهەمێکی تر، راستی ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکەنەوە.

1- ناوی رێباز فینۆمینۆلۆژی Phanomenologie کە لە وشەی لاتینی فینۆمێن Phanomen لە دەسەکانی ناوەڕاست کەوتۆتەوەو ئینجا لەلای کانت

(1) Tegmuller, Wolfgang. Hauptsromungen der Gegenwarts Philosophie. Bd. I. sechste Auflage Stuttgart, 1978. s.96.



(1724- 1804ز) بە شێوە و بۆ مەبەستی جیاواز بەکارهێنراوە. وشەکە خۆی واتای دیاردە و ئەوەی بە دەردەکەوێ و دەکەوێتەوە بەرچاو دەدات.

کانت ئەم چەمکەی بۆ تیۆری دیاردەکان بەکارهێناوە بۆ جیاکردنەوەی راستی شت، شت لە خۆیدا لەو دیاردانەی کە دەربارەی شتەکە خۆی و بەرهەستێك لە هەستەکانی مرۆڤ دەکەوێ. بەم پێیە زانین وەك بابەت و پرۆسە دەکرێ بە سێ بەشەوە:

- کەرەسەکە کە بابەتی هەست پێ کردنەوە و بە دەوروبەرەوە بەرهەستێك لە هەستەکان دەکەوێ. ئەمە تەنیا دیاردە و کەرەسەی خاوە و لە بابەتەکان خۆیانەوە دێت و دەکەوێتەوە.
- وێنەی زانینەکە بریتییە لە رێکخستنی کەرەسە خاوە هاتووەکە و ئینجا دارشتنی بە شێوەیەکی رێکوپێك. ئەم چالاکییە بریتییە لەوەی وێنەیەك بە کەرەسە خاوە خۆشکراوەکە ببەخشرێ.
- لایەنی سێیەمی زانین چالاکی و پرۆسەی شت زانینەکە، کە وەڵامی پرسیارەکەی داوەتەوە چۆن ئەو شتانەمان زانیوە کە دەیانزانین.

ئەم تیۆری زانینەی کانت دوو لایەنی روون و ئاشکرای لێدەکەوێتەوە کە توندوتۆڵ بەیەکتریەوە بەستراونەتەوە و پێوەندییەکی دەستیاوی لە نێوانیاندا هەیە، جگە لەوەی دووەمیان ئەنجامێکە لە یەکەمیان کەوتۆتەوە تەواوکەریشیەتی:

**یەکەم:** توانای زانینی مرۆڤ رادە و سنووری هەیە و ناکرێ لەو رادە و سنوورە تێپەڕ بکات، خۆ ئەگەر تێپەڕی کرد، ئەوە دەکەوێتە نێو چاڵی هەڵە و سەر لێشێوان و ورێنە کردنەوە. سنوورداری زانینی مرۆڤ ئەو مەبەستە دەردەخات کە ئێمە تەنیا دیاردە و روخساری شت دەزانین، کە بە هۆی هەستەکانەوە پێمان گەیشتووە. راستێتی و هەقیقەتی شت، واتە شت لە خۆیدا Ding an sich چییە و چۆنە؟ هیچ کاتێك دەستمان پێی ناگات و نایزانین و بە نەزانراوی دەمێنێتەوە. لێرەوە دەکرێ بوترێ کە لە سروشتدا نە قانوون و یاسای

سروشتی هەیە و نە نەزم و سیستم و ڕێکوپێکی، بەڵکو قانوونەکانی سروشت و نەزم چەند چوارچێوەیەکی مێشکین مرۆڤ و مێشکی مرۆڤ خستوونیەتە نێو سروشتەوە، چونکە سروشتی مرۆڤ خۆی وایە، کە وای دادەنێ نەزم و قانوون نەك ئاژاوە و ناڕێکوپێکی بنەمای سروشتی ژیانن.

**دووەم:** ئەوەیە کە کانت ناوی شۆڕشەکەی کۆپەرنیکۆسی[1] لێناوە. بەلای کانتەوە تاوەکو سەردەمی خۆی وا باو بووە، کە دەبوو لە زانیندا مرۆڤ پابەندی ئەو دەوروبەرە بێت کە تێیدا دەژی و چالاکە. واتە وا دانراوە کە زانینی مرۆڤ و ئەو شتانەی دەیانزانێت پابەندی ئەو کەرەسە و بابەتانەی دەوروبەر بوون، کە مرۆڤ لێیانەوە شتی زانیوە، بەلاّم کانت کۆششی کردووە ئەم دەستەواژەیە بەراوەژوو بکاتەوە بەوەی هەوڵی داوە، هەرنەبێ جارێك بۆ ئەوەی لە بابەتی زانین و میتافیزیکدا باشتر بەرەو پێش بچێ، وای دابنێ کە لەمەولا بابەتەکانی دەوروبەر کە سەرچاوەی زانینن پابەندی زانینی مرۆڤ بن.

2- ئەم هەوڵەی کانت لە بواری تیۆری زانیندا ئەگەر شۆڕشیش نەبێ، ئەوە هەنگاوێکی بەرچاوە بەرەو پێش نراوە. هەنگاوەکەش بریتی بووە لە سوودوەرگرتن لە هەردوو ڕێبازی ئەزموونی و ژیرەکی پێکەوە. زانین ڕاستە بە وێنە و کەرەسە هەستەکییەکان دەستپێدەکات، بەلاّم ئەو کەرەسە خاوە نابێتە مایەی دروستبوونی پەی بردنی هەستەکییانە، بەڵکو دەبێ چەند بیرۆکەیەکی پێشییانەی Apriorie بخرێتە سەر، کە ئەو بە (چەمکەکان) ناوی بردوون وەك: بۆچوون، گەوهەر، هۆیەکی، شیاوەکی، ناچاری ئینجا کات و شوێن. ئەمانە بەشێکن لە پێکهاتەی ژیری مرۆڤ و کەرەسە و هاوردە هەستییەکان پێکەوە دەبەستنەوە و ڕێکوپێکیان دەکەن و ئینجا ڕێگا بۆ بڕیار (حوکم) خۆش دەکەن. هەر ئەم چەمکانەن کە ڕاستی بابەتیانە بە زانینی مرۆڤ دەبەخشن.

[1] Kant, Immanuel, Kritik der reinen Vernunft. Felix Meiner Verlag Hamburg. 1956. S.19-20. BXVI.



هەردووك لا هەست و ژیر بەیەکەوە ڕۆڵی ڕەنگ ڕشتنی ئەوو بابەتە دەگێڕن، کە بە زانین ناو دەبرێ و هەردووکیان بەبێ یەکتری نابن. جا بۆیە قسەکەی کانت دروستە کە وتوویەتی:

((بیرۆکەکان بەبێ ناوەڕۆك بۆش و بەتاڵن، سەرنجدانەکانیش بەبێ چەمکەکان کوێر و نابینان)).[1] کەوابوو پشت ئەستوور بەو هەڵوێستەی کانت:

**یەکەم:** زانین لە دوو ڕەگەز، لە دوو لایەن پێك دێت:

- کەرەسە (مادە).
- وێنە.

ئەم دابەشکردنە هەڵوێستی کانت دەردەخات کە پلەیەکی ناوەندی لە نێوان ڕابەرانی ڕێبازی ئەزموونی و ڕێبازی ژیرەکیدا گرتووە. بێگومان ژیری مرۆڤ بەبێ کەرەسە و هاوردەکانی هەستەکان، ژیرێکی بێ ناوەڕۆك و بەتاڵ دەبێت. ئینجا کەرەسە بەبێ بیر و ژیر نابێت و دەبێ وێنە چ بایەخێکی هەبێت ئەگەر کەرەسەیەك نەبێت ڕێکی بخات و دوا ڕوخساری پێ ببەخشێت. وێنە لە خۆیدا لەو پێوەندییانە بەولاوە نییە، کە لایەنەکانی بابەتەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە و دوا فۆڕمی پێدەبەخشێ. بۆ نموونە وێنەی مرۆڤێك ئەو پێوەندییەیە کە سەر و هەردوو دەست و مل و سینگ و قەد و بالاّ و قاچەکانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

**دووەم:** بابەتی بوون و هەبوونی ڕاستەقینەی جیهانی دەوروبەر و نەزم و ڕێکوپێکی و قانوونە سروشتییەکان.

کاتێك بەشتێك دەگوترێ ڕاستەقینەیە، یان واقیعییە، ئەگەر بوونی هەستپێکراوی لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا هەبوو، سروشت و کۆمەڵگە و دەوروبەری مرۆڤ ڕاستە لە شوێن و کاتی دیاریکراودا هەن، بەلاّم ئایا دەکرێ بە دڵنیاییەوە باسی شتێك بکرێ کە بوونی سەربەخۆی هەیە و بوونە بابەتی تر پشتڕاست دەکاتەوە: کات و شوێن. ساغکردنەوەی بوونی دەوروبەر تونددوتۆڵ بە

[1] Kant, Ebenda.s. A. 51-10.

پشتڕاستکردنەوەی بوونی کات شوێنەوە بەندە. لێرەوە کێشەیەکی گرنگی تیۆری زانین دێتەکایەوە. کات و شوێن چین؟!

بەپێی بۆچوونی کانت شوێن و کات لە دوو وێنە بەولاوە نین. یەکەمیان سەر بە هێزی هەستە دەرەکییەکانە، کە بریتیین لە پێنج هەستەکان. دووەمیشیان پێوەندی بە هێزی هەستی ناو ناخەوە هەیە، واتە بابەتێکی دەروونی (نەفسی)یە. ئەمەیە مەبەستی کانت کە وتوویەتی:

((کات و شوێن دوو سەرچاوەی شت زانینن... ئەوان هەردووکیان فۆڕم و روخساری بێگەرد و رووتی سەرنجدانە هەستەکییەکانن))[1]. لەم بۆچوونەوە هیچ جۆرە بوونێکی سەربەخۆی کات و شوێن ساغ نابێتەوە.

پێشتریش بارکلی (1685-1753ز) وتبووی بوونی شتێك بەوە بەندە بە هەستێك لە هەستەکان بزانرێ و پەی پێ ببردرێ. باشە ئەگەر ئێمە پەی بە شتێك نەبەین، ئەو شتە بوونی دەبێ، یان نابێ؟!

**سێیەم:** هیچ گومان لەوەدا نییە کە زانینی مرۆڤ بە دوو سەرچاوە و بە دوو ئامراز دەکەوێتەوە:

- هەستەکان.
- ژیر، یان تێگەیشتنی (فام) Verstand .

لەبەرانبەر ئەم دوو رەنگییەشدا دەکرێ دەوروبەر، جیهانی دەرەوە، یان جیهانی نامن nicht-ich بە پێی ئەم بۆچوونە بکرێت بە دوو بەشەوە:

- جیهانی دیاردەکان.
- جیهانی راستەقینەی شت لە خۆیدا.

پشت ئەستوور بەوەی پێشتر وترا کە تاکە ئامرازی پێوەندی نێوان ئێمە و دەوروبەر هەستەکان بن و هەردوو چەمکی کات و شوێنیش لە وێنەیەکی

(1) Kant, Ebenda.s.18. A.39-B .56.



هەستەکان (بەهەردوو جۆریانەوە) بەولاوە نەبن دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مرۆڤ بە راشکاوی بڵێت:

- جیهان و دەوروبەرێکی راستەقینەی سەربەخۆ هەیە و بوونەکەی لەسەر ئێمە پەکی نەکەوتووە کە دەکرێ پێی بوترێ جیهانی شت لە خۆیدا. هۆکاری ئەو دیاردە و بۆچوون و وێنانەیە ئێمە بە هۆی هەستەکانمانەوە دەیانزانین، بەڵام ئەم جیهانە لە خۆیدا چییە و چۆنە؟ هەرگیز لە توانای مرۆڤدا نییە شتێکی راستەقینەی لێ بزانێ. هەوڵدان بۆ زانینی ئەم جیهانە شتە لە خۆیدا سەرناکەوێ و هەر لە مێژەوە بۆتە هۆی پەیدابوونی ئەو سیستەمە جۆر بەجۆرە نازانستییانە کە میتافیزیکیان پێ وتراوە.
- ئێمە شتەکان چۆنن نایانزانین، بەڵکو ئەوەی لە توانامان‌دا هەیە بیزانین و دەیزانین تەنیا دەربارەی شتەکانە، واتە شتەکانن بەو شێوەیەی بۆمان بەدیاردەکەون، بەڵام شتەکان لە خۆیاندا بە نەزانراوی وەك گرێ کوێرەیەك دەمێننەوە.
- هەوڵدان بۆ ساغکردنەوەی بوونی شت لەخۆیدا کە دەکرێ بە جیهانی دەوروبەریش ناو ببرێ، یان کۆشش کردن بۆ ساغکردنەوەی نەبوونی ئەم جیهانە، هەردووکیان وەك یەك بایەخێکی زانستییان نییە، چونکە هەوڵ و کۆششەکە لە پەنابردنە بەر چالاکی هەستەکان و ئەزموون Erfahrung کە بە عەرەبی — خبرە —ی پێدەگوترێ) بەدەر نییە. ئەم ئەزموونەش خۆی بە چەند هەلومەرجێك پشت ئەستوورە[1] دەکرێ ئەو مەرج و تایبەتمەندییانەی بزانرێن و باس بکرێن، بە هیچ جۆرێك ناکرێ و لە توانادا نییە بە هۆی ئەزموونەکە خۆی ساغ و پشتڕاست بکرێنەوە، چونکە ئەوان مەرجی بوونی ئەزموونەکەن.

(1) جماعة من الفلاسفة الانكليز المعاصرين، نشر دى. اف. بيرز، طبيعة الميتافيزيا، ت: د. كريم متي، مطبعةالارشاد، بغداد، 1968، ص122.

## فینۆمینۆلۆژی زانین

هۆسەرل دامەزرێنەری ڕێبازی فینۆمینۆلۆژییە، ئەو بە واتاو شێوەیەکی تری جیاواز ئەم وشەیەی بۆ ناولێنانی ڕێبازەکەی هەڵبژاردووە و بەکاری هێناوە. بەلایەوە فینۆمینۆلۆژی ڕێباز و تیۆری جەوهەرە، ڕێباز و تیۆری واتا و دەلالەتی شتەکانە، بەو پێیە بوونە تاکییە ریالیستییەکەیان کە تەنیا فۆڕمێکی دیاردەییە، بخرێتە نێو دوو کەوانەوە و جیابکرێتەوە. لێرەدا پەنا دەبرێتە بەرهۆش و ئاگای مرۆڤ Bewusstsein ئەم پەنابردنە بەرهۆش و ئەزموونە راستەوخۆیە بۆ ئەوەیە مرۆڤ لە کاتی توێژینەوەدا دەستبەرداری هەڵکەوت و دەوروبەر و واقیع بێت، بەو نیازەی هاوردە راستەوخۆیەکی هۆش و ئاگا (شعور) شرۆڤە بکرێت بۆ ئەوەی واقیع بەوپەڕی بێگەرد و روونی و ئاشکرایی پەی پێ ببردرێ و ئینجا جەوهەر و چییەتی راستەقینە، بابەتی ئەم هۆش و ئەزموونە بەدەست بهێنرێ، بابەتی ئەم ئەزموونە (ئەم خبرەیە) پێی دەگوترێ دیاردە واتە فینۆمین و لێرەوە ناوەکە کەوتۆتەوە. بۆ نموونە ئەگەر لایەنگیرێکی ئەم ڕێبازە پەی بە بوونەوەرێك بەرێت بە پێی ڕێباز و میتۆدی ئەم تیۆرییە، دەبێ بایەخ و چالاکی و کاری پەی بردنەکە خۆی بدرێت، ئەوکاتە راستەوخۆ پەی بردن و تێبینی کردنی بابەتەکە کە پێشییانە بووە لەگەڵ چییەتی و پوختەی ناوەڕۆکی هۆش دەکرێت بە بابەتی توێژینەوە و لایەنەکانی تری پشتگوێ[1] دەخرێن. ئەگەر بێتو تیۆری ئامانجەکی Intention بخرێتە سەر ئەم لایەنە و لەبەرچاو بگیرێ، وێنەیەکی ڕێکوپێکی ئەم ڕێبازە دەستگیر دەبێت.

فرەنتس برێنتانو (1838-1917ز) کە هۆسەرل لە نەمسا گوێی لە وانەکانی گرتووە لە دوو بابەت سوودی لێ وەرگرتووە:

**یەکەم:** دیاردە دەروونییەکان لە دیاردە سروشتییە (فیزیکییەکان)[2] جیاوازن.

**دووەم:** ئامانجەکی هەست و هۆش و ئاگا. واتە پێوەندی دەستیاوی نێوان هۆش وناوەڕۆك و بابەتەکەی. کە مرۆڤ دەڵێ هەست، سۆز، هۆش، ئاگا هەر

(1) زیدان، دکتور محمود، نظریةالمعرفة، دار النهضة العربیة، بیروت، 1989، ص72 فما بعد.

(2) Pivcevic, Edo. Vom Hurssel Zu Sarttre. Auf den Spuren der Pänomenologie. List Verlay Munchen.2004 Bd .1643.s.59 ss.



یەکێك لەمانە بابەت و ناوەڕۆکی دیار و تایبەتی خۆی هەیە. هەست بەرانبەر بەچی؟! مرۆڤ لەچی هۆشیارە و ئاگای لە چییە؟ هیچ پرۆسەیەکی هۆش و ئاگا بەبێ بابەت و ناوەڕۆك نابێت. ئەو ناوەڕۆکەش ئەگەر جۆرە پەی بردنێکی ناخ و ناوەکی بوو، پێوەندی بە زانستی دەروونەوە دەبێ. دەبێ بە بابەتی رەوانشوناسی (سایکۆلۆژی) ... تاد. کە باسی هەست و هۆش و بۆچوون و بڕیاردان و حەزکردن و خۆشەویستی دەکرێت هیچ کامێك لەم چالاکییانە بەبێ بابەت و ناوەڕۆك نابن، لە بۆچووندا شتێك هەیە، کە وێنا کراوە. لە بڕیارداندا دەربارەی شتێك و بابەتێك بڕیار دەدرێت، حەزکردن و خۆشەویستیش بەبێ بابەتێك، شتێك، کەسێك نابێت کە ئەم چالاکییە دەیگرێتەوە. کەوابوو ئامانجەکی بریتییە لە جۆرە پێوەندییەك بە بابەتێکەوە، کە ناوەڕۆکی چالاکییەکەیە. لەم کەش و هەوا هزرییەدا ماکس شیلەر دەستبەکار بووە و پەیڕەوی فینۆمینۆلۆژی گرتووەتە بەر، باسکردن و شرۆڤەکردنی دیاردەکانی ژیان و زانین و کۆمەڵگە گرتووەتە ئەستۆ.

## جۆرەکانی زانین

ئەگەر بە وردی سەرنجی بەرهەمەکانی شیلەر بدرێت، دەردەکەوێ کە پشت ئەستوور بە میتۆد و ڕێبازی فینۆمینۆلۆژی، ئەم بابەتانەی بە تێروتەسەلی گرتووەتەوە: کێشە و بابەتی تیۆری زانین، ئاکار، سۆسیۆلۆژی زانین، ئەنترۆپۆلۆژی[1] ... تاد.

قسەکردن لە بابەتی زانین، ئەوەندەی پێوەندی بەم ڕێبازەوە هەیە، چەند خاڵێکی لێدەکەوێتەوە کە لە یەکتری جیاناکرێنەوە و ناشکرێ وەك بنەمایەك پشتیان پێ نەبەسترێ بۆ نموونە:

- جیاکردنەوەی کار و چالاکی زانین لەو بابەتەوە کەرەسەیەی کە دەیزانی.

(1) Rod. Wolfgan. Geschichle der Philosophie. Bd. 12 Munchen 2004.s.164 ff.

- ڕۆڵی خودی مرۆڤ لەو پرۆسەی زانینەدا[1].
- جگە لەوەی کە ژێر هێزێکی ڕێکخەر و پەیوەستی نێوان بابەتە هاوردەکانی پەی بردنی هەستەکییانەیە، هێزی زانین و پەی بردنی بە گەوهەر و چییەتی شتەکانیش هەیە.
- هۆش لێرەدا دەبێ بەخودی توێژەرەوە و بابەتی توێژینەوەکە، بۆیە دەکرێ ئەمە بە هەنگاوێك دابنرێت بەرەو وەلانانی جیاوازی نێوان ئەو ململانێیە مێژووییەی کە لە نێوان ڕێبازی ئایدیالیزم کە بە پلەی یەکەم بایەخی بەخودی مرۆڤ داوە لەگەڵ ڕێبازی ڕیئالیزم کە بایەخی بە زانینەکە داوە و لایەنی خودی مرۆڤ بەپلەی دووەم داناوە، دابنرێ، بەم پێیە خود و بابەت دەبن بە دوو لایەنی توندوتۆڵ و بەیەکەوە بەستراو[2] و یەکتری تەواوکار کە ئەویش هەست و هۆشی شت زان و بابەتی زانراوە.

زانین پرۆسەیەکی ورد و ئاڵۆزە، بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێ تاوەکو خەت و خاڵ دەدا و دوا روخسار و فۆڕمی پێدەبڕێ. هەروەها چەند جۆرێکی تری جیاوازی هەیە. ئەم جۆر و جیاوازییەش بە پێی ئەو بابەت و ئامراز و میتۆد و ڕێبازە کە بەکاردەهێنرێ و پەیڕەو دەکرێ دیار و دەستنیشان دەکرێت. بە تێکڕایی دەکرێ چوار جۆری زانین باس بکرێت:

**یەکەم: زانینی بڕوا و ئایین:** ئەمەش پەنا دەباتە بەر سرووش (وەحی) بۆ گەیشتنە ئەنجام. (ئەمە لێرەدا بابەتی ئێمە نییە، بۆیە پتر بایی لێوە ناکەین).

**دووەم: زانستی زانستییانە:** ئەم جۆرە پەنا دەباتە بەر میتۆد و ڕێبازی زانستییانە وەك ئیندکشن (زانستە ئەزموونییەکان) و دیدەکشن (زانستە بیرکارییەکان).

(1) بوخینیسکی، تأريخ الفلسفة االمعاصرة في اوروبا، ت: محمد عبدالكريم الوافي، طرابلس، ليبيا بلا، ص235.

(2) حسنين، د. حسن حنفي، قضايا معاصرة، ج2، دار الفكر العربي، مصر، بلا تأريخ، ص307.



لە یەکەمیاندا زانست وەك نموونەی بچووك و هەندەکییەوە دەستپێدەکات و پلە و بە پلە و هەنگاو دوای هەنگاو دەگاتە قانوون و بنەمایەکی گشتی کە دەشێ بەسەر نموونە تاك و هەندەکییەکاندا (الجزئي) بگونجێ و جێبەجێ بکرێت. لێرەدا رادەی زانینەکە ڕێ تێچوون دەبێ و بڕ دەکات تا ئەو کاتەی نموونەی تر راستییەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە.

لە دووەمیاندا دیدەکشن، بە پێچەوانەوە توێژەرەوە لە بنەما و یاسایەکی گشتی هەمەکییەوە (کلي) هەوڵدەدات بەرەو تاك و نموونە بچووکەکان بێتە خوارەوە. ئەمە پەیڕەوی هەردوو زانستی بیرکاری و ئەندازەییە و راستی و دروستییەکەی لە هەموو شوێن و سەردەمێکدا گومان هەڵناگرن. زانینی زانستییانە کارەکتەر و تایبەتمەندییەکی رووتی ئەبستراکتییانەی هەیە. ئەو بابەتانەی لێوەی دەکۆڵێتەوە پێی دەگوترێ راستەقینە زانستییەکان Die wissenschaftliche Tatsache ئەم بابەتە بە پێچەوانەی راستەقینە سروشتییەکانەوەیە، کە بابەتی زانینی هەست و هەستەکییە.

لە پرۆسەی زانینی زانستییانەدا میتۆدی تایبەتی بۆ توێژینەوە و توێ توێ کردنی بابەتی راستەقینەی زانستییەکە دەگیرێتەبەر. لە پێشەوە بابەتەکە لە کەرەسەی راستەقینەی سروشتی جیادەکرێتەوە بەوەی وردە وردە رووت و پەتی و ئەبستراکت دەکرێت. شت و بابەت و رووداوەکان لە بەرگی ماددە دادەماڵرێن و دەکرێن بە چەند چەمکێك کە پتر لە بوونەوەرێکی (کەرەسەیەکی) هزری دەچن و لێیانەوە چەند بنەمایەك دەکەوێنرێتەوە. بەم پێیە هزری زانستی لە پرۆسەی زانینی زانستییانەدا هەڵسوکەوت Operieren لەگەڵ چەندین سیمبوڵی رووتی رۆنراوی هزریدا[1] دەکات تا دەگاتە ئەو پلەیەی وێنەیەکی ڕێکوپێك لەسەر شێوەی تابلۆیەکی رەنگین دەربارەی جیهان دەداتە دەست، کە وێنەی جیهانی پێدەگوترێ Weltbild کۆششە زانستییەکەی ئاینشتاین کە بە تیۆری تایبەتی و گشتی ڕێژەیی دادەنرێت سەرکەوتووترین نموونەی ئەو وێنە زانستییانەیەی

(1) Stegmuller, W., Ebenda.s. 100.

جیهانی دەوروبەرە سەرەڕای تێبینی کردن، بریتییە لە چەندین تیۆری و قانوون و چەمکێکی تیۆریانە کە سیمبوڵ ئاسا لە چالاکی زانستیدا پشتیان پێدەبەسترێ.

**سێیەم: زانینی میتافیزیکیانە:** لەم بوارەدا بابەت و میتۆد و ئەنجام و دوا وێنەی کێشراوی چالاکییەکە لەهی زانست جیاوازن. کەرەسەی هاوردە لەلایەن هەستەکانەوە و راستەقینە سروشتییەکان کە لە جیهانی دەوروبەرەوە کەوتوونەتەوە، ئەو زانینەی لە رێگای هەستەکانەوە دەستگیربوون دوای ئەوەی بە هۆی ژیرەوە مشتومالْ دەکرێت و دەخرێتە نێو چوارچێوەی تایبەتی دیاریکراوەوە، پەیدا دەبێت. ئەم زانینە کە وەك تابلۆیەکی هونەرمەند لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا نەخشاوە، پێی دەگوترێ جیهاندید Weltanschauung. ئەم جیهاندیدەییە کە خەسڵەتێکی میتافیزیکی هەیە لە هی زانست جیاوازە بەوەی زانینی زانستیانە تەنیا دەربارەی دیاردەیەکە، دەربارەی بەشێکی بچووکی راستەقینە و دیاردە زانستییەکانە، بەڵام ئەم زانینە میتافیزیکییە هەمەکی و سەرتاپاگیرە، لە پرۆسەی زانینی میتافیزیکیدا کۆشش ناکرێت ئەم شتە تاکە، یان ئەوی تریان لێك بدرێتەوە و شرۆڤە بکرێت، بەڵکو هەوڵ دەدرێت لە چوارچێوەیەکی گشتی هەمەکیدا هەموو شتەکان لێك بدرێنەوە و شرۆڤە بکرێن، یان هەوڵ دەدرێت لێکدانەوەیەکی سەرتاپاگیر بۆ تێکڕای شتەکان بەگشتی رەنگ بڕێژدرێ. مەبەست ئەوە نییە سروشت و جەوهەر و چییەتی (ماهیە)ی هەندێك شت، بەڵکو ئەوەیە سروشتی هەموو شتەکان بەگشتی بزانرێت و لێك بدرێتەوە. لەم هەوڵ و کۆششەدا تەنیا بایەخ بە کات و شوێنی تایبەتی دیاریکراو نادرێت، بەڵکو هەموو شوێن بە گشتی و هەموو کات بە تێکڕایی، هۆکاری دوور و سەرەکی قەومانی شت بەگشتی نەك تاکە هۆکار و هۆی نزیك[1]، لەبەر چاو دەگیرێن. سروشتی بنەڕەتی راستەقینە و دوا هۆکاری قەومانی شتەکان بەگشتی ئەوەن کە بایەخیان پێدەدرێت. بۆ نموونە شیلەر هەوڵی نەداوە تایبەتمەندێتی

(1) جماعة من الفلاسفة الآنكليز المصدر، الامصدر نفسه، ص123.



تاکەکەسان بزانێت، بەڵکو ویستوویەتی و پرسیویەتی((مرۆڤ چییە؟)) بەمە مەبەستی مرۆڤ بەگشتی بووە نەك ئەم و ئەو.

**چوارەم: زانینی جەوهەری شتەکان:**[1] ئەم جۆرە زانینە بنەمای تیۆری زانینی ریبازی فینۆمینۆلۆژییە کە ئەوان وشەیDie Wesensschau بەرانبەر بە جۆرە سەرنجدان و وردبوونەوەیە لە بابەتی لێکۆڵینەوەکەیان بەکاردێنن کە بە راستەقینەی بێگەرد، یان بە راستەقینەی فینۆمینۆلۆژی ناوی دەبەن. لەم پرۆسەیەدا بایەخ بەو دەستەواژانە نادرێت، کە بابەت و کەرەسەکانی دەوروبەر دەردەبڕن و هەروەها سەرگەرمی توێژینەوەی گێڕاندنەوەی ئەم دەستەواژانە نین بۆ سەر چەند دەستەواژەیەك، کە ناوەڕۆکی هەستەکان دەربڕن و بیکەن بە بابەتی توێژینەوە، بەڵکو هەوڵدەدەن (فینۆمینۆلۆژیستەکان) جۆرە جیاوازەکانی ئەزموونە هزری و هۆشییەکان Erlebnisse شی بکەنەوە و لە دواییدا بنیادە ئامانجەکەی شرۆڤە بکەن. ئەم پرۆسەی زانینە لەلای ئەم رێبازە بە سێ قۆناغی جیاواز و سەربەخۆ، بەڵام توندوتۆڵ بەیەکەوە بەستراودا تێدەپەڕێ تاوەکو دەگاتە ئامانج.

**یەکەم:** بڕیارنەدان، یان هەڵپەساردنی بڕیار (حوکم نەدان) لەم قۆناغە وشەی لاتینی ئێپۆخێ[2] بەکاردەهێنرێ Epoche و هەموو بابەتەکان دەخرێنە نێو دوو کەوانەوە بەبێ ئەوەی بە ئەرێ، یان نەرێ هیچ بڕیار و حوکمێك لە بارەیانەوە بدرێت. ئەم بنەمایە لە خۆیدا دوو لایەنی هەیە:

– لایەنێکی ئەرێ و لە بار تێیدا داوا دەکرێ کە راستەوخۆ روو لە شتەکان خۆیان بکرێت[3] واتە بایەخدان تەنیا بەو بابەت و کەرەسەیەی کە بە ئاشکرا لە هۆش و ئاگای توێژەرەوەدا دەردەکەون، بەتایبەتی ئەو جەوهەر و سروشت و چییەتییە نەگۆڕانەی بە سەرنجدانێکی تایبەتی پەیان پێدەبردرێت.

(1) بوخینیسکی، المصدر نفسه باللغة العربية، ص224-225.

(2) Emerich Coreth, Peter Ehlen., Philosophie des 20.Jahrhunderts. Bd. 10. Berlin, 1986, s. 17. - Pivcevic, Edo. Ebenda. S.49. ff.

(3) كرم، يوسف، تأريخ الفلسفة الحديثة، مكتبة الدراسات الفلسفة، دار المعارف بمصر، 1986، ص460.

– لایەنێکی نەرێ و نالەبار. لەم پرۆسەیەدا داوا دەکرێ مرۆڤی توێژەرەوە خۆی لە هەموو بیربۆچوون و بڕیارێکی پێشتر رزگار بکات. ئینجا ژێر یەکسەر بوونی شتەکان بخاتە نێو دوو کەوانەوە بۆ ئەوەی سەرنجدان و تێفکرینی راستەوخۆ ئاراستەی تایبەتمەندی و خەسڵەتی جەوهەری شتەکان بکات، وەك چۆن لە هۆش و ئاگادا دەرکەوتوون. بۆ نموونە بوونی ئەو شتانەی لە دەوروبەری مرۆڤدا هەن بە خودی مرۆڤ خۆیەوە دەخرێنە ناو کەوانەوە هیچ بڕیارێك لە بارەیانەوە نادرێ، بەڵکو توێژەر بە هەموو توانایەکی ژیرییەوە بایەخ بە ناوەڕۆکی هۆش و ئەزموونەکەی دەدات، واتە ئەو چالاکییەی وەك دیاردەیەکی بێگەر[1] شتەکە و کەرەسەکەی وێنا کردووە.

**دووەم:** بەلایەکدا خستنی جیاوازی نێوان خۆ و بابەت[2]: وەك باوە لە تیۆری زانیندا بە پێی رێبازەکە لایەك لەم دوو لایەنە بایەخی پێدەدرێت و دەخرێتە سەر ئەوی تریان. هەندێك وەك بارکلی لە پرۆسەی شت زانیندا رۆڵی گرنگ و سەرەکییان داوەتە خۆ و خودی مرۆڤ، هەندێکی تر بە لایانەوە بابەت، دەوروبەر خۆی بنەمایە و خود لە ئامرازێکی وەرگر بەولاوە نییە. هۆسەرل و ماکس شیلەر بەم جۆرە پێوەندی نێوان بابەت و خودی مرۆڤیان چارەسەر کردووە: هۆش، ئاگا تەوژمێکی نەپساوەیە، لە ناوەڕۆك و روخساردا ئەو خۆیەیە کە شت دەزانێ، لە هەمانکاتیشدا ئەو بابەت و کەرەس و ناوەڕۆکەیە، کە دەزانرێ و دەبێتە بابەتی زانین، بۆیە هەردووکیان وەك دووتای تەرازوو بەرانبەرن و بەم پێیە جیاوازی لە نێوان خود و بابەتدا نامێنێ. هۆش، ئاگا لەڕوخسار و ناوەڕۆك پێکهاتووە، یەکەمیان بەنۆئیسێ Noese دووەمیان بە نۆئیما Noeme ناودەبرێت[3]. ئەم دوو وشە لاتینیە کە یەکەمیان واتای بیر و هزر و زانین و

[1] Lübcke, Poul. Edmund Husserl: Die Pholosophie ALS strenge Wissenschaft. In: Anton Hugli, (Hrsg).
Philosophie im 20. Jahrhundert. Rowohlt Taschenbuch Vrl. Hamburg 1992. s. 76-78.

[2] حسنین، الدکتور حسن حنفي، المصدر نفسه، ص 308

[3] Pivcevic, Edo. Ebenda s. 90.



هەستپێکردن دەدات و ئەوی تریان ئاماژەیە بۆ بابەتی ماددی کە جۆرە درێژبوونەوەیەکی هەیە و دەکرێ بوترێ ئەوەی لە هزردا وێنا کراوە و بە خەیاڵدا هاتووە، هەڵوێستی دیکارت دێنێتەوە یاد کە باسی: بیر و کەرەسەی کردبوو هەریەکەیان خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆشی پێبەخشی بوون. نۆئیسی روخسارێکی فەرمی ژێرە، کەرەسەیەکی بێگەردی ئامانجەکی ئەو ئەزموونەیە کە مرۆڤ بە هزر و هەست لە ژیانیدا پێیدا تێدەپەڕێ، کە بە ئەڵمانی ئەو ئەزموونە بە Erlebnis زانراوە. وشەی نۆئیما ناوەڕۆکێکی هزری ئایدیالی نۆئیسێیە. هەردووکیان پێکەوە دوو بابەتی توندوتۆڵ بەیەکەوە بەستراو و تەواوکەری تەوژمی هۆش و ئاگان و ئەو کەرەسەیەن کە فینۆمینۆلۆژی لێوەیان دەکۆڵێتەوە.

**سێیەم: شرۆڤەکردن:** ئەم لایەن بە گێڕاندنەوە، گەڕانەوە ((بۆ سەر شتەکان)) ناودەبرێت، بەڵام لێرەدا ((شت)) بە مەبەستێکی تر بەکارهاتووە. شت مەبەست لە ناوەڕۆکی هۆش و ئاگایە، یان مەبەست لەو بابەتەیە کە راستەوخۆ لە هۆشدایە، کە دەبێ وەك کەرەسەیەك بە شێوازی فینۆمینۆلۆژییانە شرۆڤە بکرێت. بۆ نموونە مرۆڤ چاوی دەکاتەوە دارسێوێك دەبینێ، بە هیچ جۆرێك بایەخ بە دار سێوەکە نادات و بیر لەوە ناکاتەوە کە خۆشی وەك بوونەوەر (گەوهەرێکی) فیزیکی - سایکۆلۆژی بوونی هەیە یان نا، بەڵکو شێواز و میتۆدی شرۆڤەکردنی فینۆمینۆلۆژییانە بەو جۆرەیە، کە دەبێ مرۆڤ بە تەواوەتی بایەخ بەو ئەزموونە هزری و هۆشییە بدات، کە دەربارەی دارسێوەکە هەیەتی[1]، واتە بەو پەڕی هزر و بیر و تۆکمەییەوە روو بکاتە چالاك و پرۆسەی وێناکردنی دارسێوەکە کە دیاردەیەکی (فینۆمێنی) بێگەردە و ئەرکی فینۆمینۆلۆژی ئەوەیە، کە پەردە لەسەر بنەما بنیادییەکانی ئەزموونە هزری و هۆشییەکە لا بدرێت.

[1] Lubcke, Poul und Hugli, Anton. Ebenda. s. 77.

## مرۆڤ و بەها و کۆمەڵگە

ماکس شیلەر لە بەرهەمەکانیدا بە شێوەیەکی تایبەتی بایەخی بە مرۆڤ و بەهاکان و کۆمەڵگە داوە و دەکرێ بە دامەزرێنەری ئەنترۆپۆلۆژی فینۆمینۆلۆژییانە دابنرێت- لە شاکاری ((مەڵبەندی مرۆڤ لە گەردووندا)) بە تێروتەسەلی شرۆڤەی ئەم پرسیارەی کردووە:

مرۆڤ چییە؟ ئەم پرسیارە لە بەرهەمەکانی رابەرانی ئەم رێبازەدا بە پرسیاری جەوهەری فینۆمینۆلۆژی دانراوە. بە باوەڕی ماکس شیلەر لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا ناکرێ مرۆڤ لەگەڵ زیندەوەر و رووەکدا بەراورد بکرێت، چونکە مرۆڤ:

- بوونەوەرێکی جیهانییە Weltoffenheit .
- زمانی هەیە کە پێی دەئاخڤێ.
- بیر دەکاتەوە[1] و رادەمێنێ و تێدەفکرێ Reflexivitat.
- جگە لە ژیر دڵیشی هەیە. ئەوی کەسایەتی مرۆڤ لە ژیاندا دەنوێنێ تەنیا هەر ئەوە نییە کە شت دەزانێ و تێدەگات، بەڵکو ئەوەیە کە ((خۆشی دەوێ)) و خۆشەویستی کەسایەتییەکەی دیاری دەکات.
- مرۆڤ چەند بەهای هەیە، کە لە ژیانیدا رێ نیشاندەرن.

لە چوارچێوەی وەڵامدانەوەی پرسیاری پێشوو ((مرۆڤ چییە)) بەلای شیلەرەوە سێ وەڵام لەبەردەستدان:

**یەکەم:** وەڵامی تەورات.

**دووەم:** ئەنترۆپۆلۆژی یۆنانی — ئەنتیك.

**سێیەم:** تیۆری پەرەسەندنی چارلس داروین[2].

ئەم سێ وەڵامە بەشی جۆر مرۆڤیان وێناکردووە، کە هەریەکە بە پێی قۆناغ و سەردەم و شوێن جیاوازە و بڕوا و ئایدیۆلۆژییەکی دیاریکراو دەردەبڕێ.

---

(1) Hozhey, Helmut, Philosophische Antropologie. In: Geschichte der philosophie.(Hrsg) Von Rod , Wolfgang Bd.12. Die philosophie des ausgeh .19.u. des 20. Jabhr. Munchen 2004.s.213.

(2) Holzhey, Helmut, Ebenda. S. 215.



لە تەوراتدا باسی ئەوە کراوە کە بوونەوەرێکی ترانسندنتالی کە ئەو بە (ڕەبی مووسا) ناوی بردووە یەکەم بوونەوەری بە ناوی ئادەمەوە داهێناوە (خەلق) کردووە. ئەم بوونەوەرە لە ژیانیدا هەڵەیەکی گەورەی کردووە بەوەی سەرپێچی لە فرمانی داهێنەرەکەی کردووە و لەبەری درەختی زانینی خواردووە، بۆیە خۆی و نەوەکانی دوای ئەو و تا ئەمڕۆش گوناهبارن، ئەرکی سەرشانی مرۆڤ ئەوەیە، کە هەمیشە ئەم هەڵەیەی لەبەرچاو بێت و هەوڵ بدات باجی هەڵەیەك بدات کە خۆی نەیکردووە! داهێنان(خەلق) و گوناه و ئۆباڵی سەرشان دیارترین خاڵی ئەم جیهاندیدەی تەوراتن دەربارەی مرۆڤ.

لە ئەنترۆپۆلۆژی یۆنان — ئەنتیکدا، بەتایبەتی لەلای ئەرستۆتالیس مرۆڤ بەوە پێناسەکراوە کە بوونەوەرێکی ژیرە. ئەم ژیرییە لە زیندەوەرانی تر جیای کردووەتەوە. لەو جیهاندیدەدا جۆرە بەراوردکردنێك هەیە، کە زیندەوەر و مرۆڤ دەگرێتەوە و خۆیشی بریتییە لە زنجیرەیەکی سێ ئاڵقەیی کە لە رووەك و زیندەوەر و مرۆڤ پێکهاتووە. لە جیهاندیدی تیۆری پەرەسەندندا مرۆڤ وەك بوونەوەر بە زنجیرەیەك قۆناغی پەرەسەندندا تێپەڕیوە تاوەکو ئەو دۆخ و وێنەیەی ئێستای پێ بڕاوە. بابەتەکە بریتییەلە زنجیرەیەکی ئاڵقە بەیەکەوە گرێدراوی پەرەسەندن و بەرەوپێشچوون تاوەکو لەلای مرۆڤ خۆی کۆتایی هاتووە. بەلای شیلەرەوە هیچ کامێك لەم سێ جیهاندیدییە نیشانەیان نەپێکاوە، وێنە و بۆچوونێکی پوخت و دروستی مرۆڤیان نەداوەتە دەست. مرۆڤ خۆی لە خۆیدا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەبێ کۆمەڵگەی بچووك (خێزان) و بەبێ کۆمەڵگەی گەورە ژیانی ئاسان نابێت، من بەبێ تۆ، خۆم بەبێ ئەوانی تر ناگونجێ و لە کردن نایەت، هزر و بیری مرۆڤیش ناتوانێ ((منی بۆ تۆ)) وێنا بکات کە مرۆڤ دەڵێ من، یەکسەر ئەوەش لەگەڵیا دێت کە ((هیچ منێك بەبێ ئێمە بوونی نییە))[1] هۆشیاری و ئاگای خۆیەتی بەهیچ جۆرێك ناکرێ و لە توانادا نییە لە هۆشیاری کۆ و بەکۆمەڵ و کۆمەڵایەتی دابڕدرێت، هەروەها ئاشکراشە کە مرۆڤ سەرنجی خۆی و

---

(1) Pivcevic, Edo., Ebenda.s.130.

ناخی دەدات، وەك ئەوە وایە سەرنجی کەس و شتێکی تر بدات، بۆیە بیرۆکەی ((ئەوانی تر)) وشەی ((تۆ)) هەمیشە بەشێکە لە بەشە جەوهەرییەکانی ئەو هۆش و ئاگایەی ئێمە دەربارەی خۆمان هەمانە. ((ئەوانی تر))بە هیچ جۆرێك کەرەسە و بابەت نییە بگرە وەك من جەوهەرە.

سەرەڕای ئەمانە هەمووی مرۆڤ راستە چەندین لایەن و پێداویستی بیۆلۆژی هەیە، کە لە خانەی زیندەوەرەکانی تر نزیکی دەکەنەوە، بەڵام ئەو لە خۆیدا ژیر و فام و هۆشی هەیە، بیردەکاتەوە و بگرە هەست و سۆز و خۆشەویستی و خواست و بەهاشی هەیە.

ئەوی کەسایەت مرۆڤ لەبەانبەر بوونەوەر و زیندەوەرەکانی تردا ساغ و پشتڕاست دەکاتەوە و ئەوەی کەسایەتی مرۆڤ لە چاو جەوهەرە زیندووەکانی تردا دیار و دەستنیشان دەکات ئەوەیە، کە مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە توانای هەیە زانینی میتافیزیکیانە لە بارەی خودی خۆی و لە بارەی پلەو پایە و مەڵبەندەکەی لە گەردووندا بە دەست بهێنێ، جگە لەوەی گیان و Geist چەندین بەهای هەیە. لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا:

بەهاکان چین و چۆن دەکرێ مرۆڤ تێیان بگات؟ هەوڵی داوە ساغی بکاتەوە کە پشت راستکردنەوەی روونی سیستەمێکی ئاکار کە رێوشوێن بۆ کردار و رەوشت دابنێ توندوتۆڵ بە بوونی کایەو دەڤەری بەهاکانەوە بەندە.

بەهاکان بەسەر دوو بوار و چوار جۆردا دابەش دەکرێن:

**یەکەم:** ئەو بەهایانەی بابەتی زانستی بەهاکانن بەگشتی کە بە لاتینی Axiologie پێدەگوترێ.

**دووەم:** بابەتەکانی تیۆری بەها (مەنتیق، ئاکار، جوانناسی ـ ئێستاتیکا). وەك چاکەکاری، بەدکاری، خانەدان، راستی، جوان، دزێو، پایەبەرز، شکۆ ... تاد.

بەهاکان چەند چەمکێکن بە هۆی وشەی: چاکە و چاکەکاری و بەدکاری، خانەدان، پایەبەرز، شکۆ: دیار و دەستنیشان دەکرێن. بەهاکان بە پێی ناوەڕۆك و بابەتەکەیان دەگۆڕێن و خۆیان لە خۆیاندا چەند دیاردەیەکی بنەڕەتین



Urphanomene لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگادا بە پێی هەلومەرج و دیاردە فەرهەنگییەکانی ژیان و کۆمەڵ بەهای جیاواز هەیە، کە بە پێی پلە و پایەیان دەکرێ بەم جۆرە دابەش بکرێن:

**یەکەم:** بەها ئایینییەکان: پیرۆز، تابۆ ...تاد.

**دووەم:** بەها گیانییەکان وەك داد، نادادی، جوان، دزێو.

**سێیەم:** بەها ئاکارییەکان (هەستەکییەکان) [1] وەك پەسەند و ناپەسەند و ...تاد.

**چوارەم:** بەها زیندووەکان Vital ، یان بەهاکانی ژیان، وەك پایە بەرز، شکۆمەند، ساکار، سووك و چروك، بەختەوەری، لەشساغی، بەهاکانی شت زانین و قانوون و هونەر ...تاد.

ئەم جۆرە بەهایانە هەندێك راستەوخۆ پێوەندییان بە خودی مرۆڤەوە هەیە، کە دەکرێ بەهای کەسایەتیان پێ بوترێ و هەندێکی تریان توندوتۆڵ بەشت و مەکی دەوروبەرەوە گرێدراون، ئەمانە چەند بەهایەکی شمەکین. بۆ نموونە بەهای خانەدان و شکۆمەند دەدرێتە پاڵ مرۆڤ، ئەوانەش کە پێوەندییان بەو شتانەوە هەیە، کە دەخوازرێن و دڵ دەیانگرێت بە چەند بەهایەکی شمەکی ناو دەبرێن. بایەخی بەهایەك کاتێك دەردەکەوێ تا چەندە درێژخایەن و بەردەوام دەبێت و ئایا خۆی لە خۆیدا وەك بەها سەربەخۆیە، یان پشتی بە بەهایەکی تر بەستووە بۆ ئەوەی بەها بێت.

لە سۆنگەی فینۆمینۆلۆژی بەهاکانەوە شیلەر سەرنجی کۆمەڵگە و دیاردەکانی داوە و هەوڵی داوە پێشییانە Apriorie جەوهەری پێکهاتە و بنیادە کۆمەڵایەتییەکان بزانێ و تێ بگات و شرۆڤە بکات.

شیلەر بەپێی ئەو رەوش و بارودۆخ و هەلومەرجەی سەردەمی خۆی بیروبۆچوونەکانی داڕشتووە. لە وباوەڕەدا بووە، کە جۆرە پێوەندییەکی دەستیاوی

---

[1] Rod. Wolfgan. Ebenda .s.170.

هەروەها بڕوانە:

- بوخنسکی، المصدر نفسه، ص228
- برهيية، أميل، تأريخ الفلسفة. الفلسفة الحديثة. بيروت.

لە نێوان فۆڕم و روخسارەکانی زانین و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەیە بۆیە وا ی بۆچووە کە هزر، بیروبۆچوون ئەو هێز و فاکتەرەیە کە بەشێوازێکی بنەڕەتییانە ناوەڕۆك و روخساری پێوەندییەکانی کۆمەڵگە دیار و دەستنیشان دەکات. پشت ئەستوور بەم بۆچوونە سێ جۆرە زانین لەناو کۆمەڵگەدا لە ئارادان:

**یەکەم:** زانینی دەسەڵاتدار HerSchaftswissen کە دەکرێ بە زانینی توانای بەرهەمهێنان ناوبرێت. ئەمە ئەو زانینەیە کە پشت ئەستوور بە فیزیك و زانستە سروشتییەکان، سروشت وا لێك دەداتەوە کە پابەندی بنەما و قانوونی هۆیەکییە و لە بنەڕەتدا دەکرێ بە یارمەتی خواستی دەست رۆیشتووی زیندووی مرۆڤ سروشت کۆنترۆڵ بکرێت.

**دووەم:** زانینی پەروەردەکردن، یان زانینی جەوهەر ئەم زانینە ئامراز و رێگە و شێوازێکی زانستییانەیە بۆ پێگەیاندن و پەروەردەکردنی مرۆڤ.

**سێیەم:** زانینی پاك (پیرۆز) Heilwisssen. ئەو زانینەیە کە پێوەندی بە بڕواو و باوەڕ و ئایینەوە هەیە[1].

ئەم دابەشکردنەی جۆری زانین بە روخسار و ناوەڕۆکەوە وا پێدەچێ پتر کاردانەوەی و رکەبەری کردنی بیربۆچوونەکانی مارکس بووبێ کە ئەو سەردەمە لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی ئەوروپا بابەتی قسە لەسەرکردن و توێژینەوەوە بووە. لە کاتێکدا مارکس زانینی بە بەشێك لەسەر خانی کۆمەڵگە داناوە و خستوویەتییە سەر بنەمای ئابووری-کۆمەڵایەتییەوە و زانینی ئیدیالیستی بە ئیدیۆلۆژی چین و توێژە دەست رۆیشتووەکانی کۆمەڵگە داناوە بەرانبەر بە مەتریالیزم کە ئایدیۆلۆژی چین و تاقم و توێژەکانی ژێرەوەی کۆمەڵگەیە. ئەم جۆرە شێوازانەی زانین و هزریش بە هۆی پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە خەت و خاڵ دەدەن و دەستنیشان دەکرێن. لێرەوە ئەرکی زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆژی) بووە روونی بکاتەوە بۆچی چین و توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە بیربۆچوون و ئایدیۆلۆژییەکی پەسەندکراووە.

---

(1) Rod. W., Ebenda .s.175-176.

ئەمیل دۆرکهایم

# لێکدانەوەی کۆمەڵایەتیی زانین و ئاکار

1- ئەمیل دۆرکهایم بەرابەری راستەقینەی زانستی کۆمەڵایەتی فەرەنسا دادەنرێت، دوای ئۆگۆست کۆنت (1797-1857ز) بەتایبەتی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بە چەندین بەرهەمی هەمەڕەنگی بەپێز برەوی بە بزووتنەوەی زانستی کۆمەڵایەتی فەرەنسا داوە.

ساڵی (1858ز) لە بنەماڵەیەکی جوولەکە (تایەفەی مووسا) لە ڕۆژهەڵاتی فەرەنسا لە دایك بووە بە پێچەوانەی خواستی دایك و باوکییەوە کە ویستوویانە ببێ بە رابینە (مرۆڤی ئایینی) سەرگەرمی خوێندن بووە بۆ ئەوەی ببێ بە مامۆستا. لە زانکۆی بوردو و سووربوونی فەرەنسا وانەی زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆجی) وتۆتەوە. ساڵی 1917 بە دڵ راوەستان کۆچی دوایی کردووە.

بە پێی سەرچاوەکان دۆرکهایم پێویست بوو، بۆ ساخکردنەوەی رەوایی هەبوونی سۆسیۆلۆجی وەك زانستێکی سەربەخۆ شانبەشانی زانستەکانی تر، بە نموونە و بەڵگە بوونی دیاردەی کۆمەڵایەتی کە بابەتی سەرەکیی زانستی کۆمەڵایەتییە (Sociology) ساخ و پشتڕاست بکاتەوە.[1]

لەو سەردەمەدا کە دۆرکهایم لە کایە و بواری ژیانی ئەکادیمییدا دەستبەکاربووە هەردوو زانستی بیۆلۆجی و سایکۆلۆجی (ڕەوان شوناسی) و ڕێبازی سوود و قازانجەکی Utilitarismus بینتام و جۆن ستیوارت مل، بەوە رقەبەری زانستی کۆمەڵایەتیان کردووە، کە هەلومەرجی زانستی لە دوو لاوە تێدا نییە:

**یەکەم:** بابەتی تایبەتی خۆی نییە.

**دووەم:** پەیڕەو و ڕێبازی نییە لە کاتی لێکۆڵینەوە و راپەڕاندنی ئەرکی زانستیدا پەیڕەوی بکات و بەکاریبهێنێ. لەم رەوش و هەلومەرجە سەخت و ئاڵۆزەدا دۆرکهایم لە دوو بەرەدا کۆششی زانستی خۆی کردووە و توانیویەتی لە

---
[1] Jonas, Friedrich. Geschichite der soziologie. Rowolt. 1976. s. 26.



لایەکەوە رەخنە و هێرشی ڕێباز و لایەنە ناوبراوەکانی پوچەڵ بکاتەوە لە لایەکی تریشەوە خەت و خاڵ بە زانستی کۆمەڵایەتی بدات لەوەدا کە:

**یەکەم:** بابەتی سەرەکی سۆسیۆلۆجی دیار و دەستنیشانکردووە.

**دووەم:** پەیڕەوی ئاماری بەراوردکاریی ئەزموونی بە ڕێبازی سەرەکیی ئەم زانستە داناوە. بەم پێیە دەکرێ کۆشش و هەوڵ و تەقەلا زانستییەکەی دۆرکهایم بە دوو بەش دابنێین بەشێکی نالەبار (نیگەتیڤ) کە بریتی بووە لە تێکدانی بنەمای بۆچوونی ئەوانەی گومانیان لە هەبوونی سۆسیۆلۆجی وەك زانستێکی سەربەخۆ کردووە و، بەشێکی (پۆزەتیڤ) کە بریتی بووە لە دانای بەردی بناغە و ڕێکوپێکردن و دامەزراندنی ئەو تەلار و کۆشکەی ئۆگۆست کۆنت دەستی بە دامەزراندنی کردووە و لەلای دۆرکهایم تەواو بووە، کە لەم سەردەماندا بە سۆسیۆلۆجی (زانستی کۆمەڵایەتی) ناودەبرێت هەر بۆیە دەکرێ ناوەڕۆکی کۆششەکەی بەم جۆرەی خوارەوە دابەشبکرێت:

**یەکەم:** دیاردەی کۆمەڵایەتی و جۆرەکانی کۆمەڵ.

**دووەم:** دابەشکردنی ئیش و کار.

**سێیەم:** ئایین و زانین و ئاکار.

**چوارەم:** دیاردەی خۆکوشتن Suicide کە پەیوەندی بە بابەتی ئێمەوە نییە بۆیە پشتگوێی دەخەین.

## 2- دیاردە کۆمەڵایەتییەکان:

ئەو کۆششە کە دۆرکهایم کردوویەتی بۆ دەستنیشانکردن و پێناسەی دیاردەی کۆمەڵایەتی، هەر لە سەرەتاوە سەرنج بۆ لای خۆی رادەکێشێ. چونکە هەوڵێکی بە پێزی زانستی و سەرکەوتنی تیادا دەبینرێ و بگرە وەك ئەنجامێك سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، کە دەکرێ لەم دوو لایەنەوە پوختە بکرێتەوە:

**یەکەم:** تارد (Tarde 1843-1904) سەرگەرمی ئەوە بووە ساخی بکاتەوە کە زانستێکی سەربەخۆ نییە بەناوی سۆسیۆلۆجی، هەروەها هەوڵیداوە ساخی

بكاتەوە كە كردار و تاوانى تاكەكەسان ئۆباڵێكى دەروونى سايكۆلۆجييان هەيە و هيچ پەيوەندييان بە رەوشى كۆمەڵايەتى و هۆكارى تاوانەكەش لە جۆرى كۆمەڵايەتى نييە[1] هەروەها پشت ئەستوور بە كۆنت واى بۆ چووە، كە پێويستە قانوونەكانى كۆمەڵ بە شێوازى ميكانيكى ساخ بكرێنەوە بۆيە لەو باوەڕە دابووە كە گونجانى كۆمەڵايەتى كێشەيەكى ئەوتۆيە لە چوارچێوەى كێشەى پرۆسەى دياريكراو و بەهاى هەمەكيدا خۆى دەبينێتەوە.

بە پێچەوانەوە دۆركهايم هەوڵى داوە ساخى بكاتەوە كە راستە كۆمەڵ كۆى تاكەكەسانى گرتۆتە خۆى، بەردى بناغەى كۆمەڵ ئەگەرچى خێزانە، دياردەى كۆمەڵايەتى هەيە و ئەمەش پەيوەندى بە رەوانشناسى (سايكۆلۆجييەوە) نييە، بەڵكو لەلايەن سۆسيۆلۆجييەوە لێوەى دەكۆڵرێتەوە. بابەت و ناوەڕۆكى زانستى كۆمەڵايەتى لە دياردەى كۆمەڵايەتى (Das Sociale) پێكدێت و ئەمانە پەيوەندييان بە دەروون و نەفسەوە هەيەو نادەكرێ بە هۆى قانوونەكانى سروشتى دەرەوە لێكبدرێنەوە، بەڵكو تەنيا بەهۆى فاكتەر و هۆكارى كۆمەڵايەتييەوە رووندەكرێنەوە.

هەموو كردارێكى كۆمەڵايەتى كە ببێ بە بابەتى سۆسيۆلۆجى جۆرێكە لە جۆرەكانى كردەوە و رەفتار و ئەو توانا ئاشكرايەى هەيە كە كار و گوشار لە تاكەكەسان بكات. كە ئەگەر سايكۆلۆجى لايەنێكى بوون و چالاكى نەفسى مرۆڤ تاوتوێ بكات، ئەم لايەنە كۆمەڵايەتييە كە كارى كۆمەڵايەتييە بابەتى زانستێكى ترە كە زانستى كۆمەڵايەتييە. بۆ پشتڕاستكردنەوەى پترى ئەم زانستە و جياكردنەوەى لە سايكۆلۆجى دۆركهايم هەوڵيداوە ساخى بكاتەوە كە:

- رەوشى هۆش وەك رەوشێكى تاكەكەسى كە بابەتى رەوان شوناسى بێت جياوازە لە رەوشى هۆشى تاكەكەسى كە ئەندامى كۆمەڵەيەك بێت ئەمانە دوو بابەتى سەربەخۆن.
- كردارى تاكەكەسێك وەك تاكە مرۆڤ لە كردارى مرۆڤێكى ئەندامى گروپ و تاقمە كەسێكى كۆمەڵايەتى جياوازە.

(1) Jonas, Friedrich., Ebenda. S. 39. ff.



- ڕووداوى تاك و تاكەكەسيى هەميشە خەسڵەتى تاكەكەسيى و تاك نيشان دەدەن، كەچى ئامارە كۆمەڵايەتييەكان هەميشە خەسڵەتى يەكڕەنگييان پێوە ديارە.
- بوونى سەرخان هيچ كاتێك لە بوونى تاكەكانى ژێرخانەوە ناكەوێتەوە و پەيدا نابێت. واتە ناكرێ كۆمەڵگا Society لە بوونى تاكەكەسانەوە كەوتبێتەوە. بۆيە هيچ كاتێك زانستى كۆمەڵايەتى پابەندى زانستێكى تر نييە و بابەتى تايبەتى خۆى و پەيڕەوى ديارى خۆى هەيە.

**دووەم:** لە سەردەمى دۆركهايمدا رێبازى فەلسەفەى سوود و قازانجەكى بينتام و جۆن ستيوارت مل بڵاوبۆتەوە و باوى بووە، بينتام لەو باوەڕە دابووە سوود قازانجى تاكەكەسان كە ئەندامانى كۆمەڵن هۆكار و فاكتەر سەرەكيى بزاڤ و گۆڕان و بزووتنەوەن، ژيانى كۆمەڵايەتيش لە كۆى يەككگرتووى سوود و قازانجى ئەندامان و ژيانى تاكەكەسان بەولاوە نييە. ئەم بۆچوونەش قانوونەكانى ئاكار دەگرێتەوە، كە بە پێى تاكەكەسان دەگۆڕێن. بينتام (Beantam) لەو باوەڕە دابووە كە تاكەكەسان، مرۆڤ هەميشە ئەوەى لەبەرچاوە سوود و قازانج و خێروخۆشى و بەختەوەريى خۆى بەدەست بهێنێ[1] بەبێ ئەوى سوود و قازانجى كۆمەڵ و كۆمەڵايەتى لەبەرچاو بێت.

دۆركهايم روونى كردۆتەوە كە سوود و قازانج، هەستى ئاكارەكى لە ئاوێتەبوونى تاكەكەسان و بەيەكەوە ژيان و كۆمەك بەيەكترى كردنيان پەيدا دەبێت، ئەمەش لە دواييدا گەشە دەكات و پەرەدەستێنێ و دەبێت بە چەند رێككەوتنێكى هاوبەش و ناوكۆيى نێوان ئەم تاكەكەسانە[2] كە كۆمەڵيان لێ پێكدێت. لەلايەكى ترەوە روونيكردۆتەوەكە سوود و قازانج شتێكە، مەبەستێكە

(1) Russell, Bertrand, Philosophie des Abendandes Europa Verlag Wien. 2000...787.ff.

(2) ا.د. خمش، مجدالدين عمر خيري، علم الآجتماع الموضوع و المنهج، عمان، 1999. ص39 فما بعد و في اماكن مختلفة.

که به پێی کات و شوێن دەگۆڕێ و بە پێچەوانەی پێودانگەکانی ئاکارەوەیە، دوور نییە سوود و قازانج لە سەردەمێکدا مرۆڤ یەکبخات و لە سەردەمێکی تردا ناکۆکییان بخاتە نێوانەوە، بۆیە سوود و قازانج هیچ کاتێك ناکرێ بگات ئەو ئاستەی دەستەبەری داهێنانی کۆمەڵێکی ئارام و جێگیر و تەباو یەك ڕەنگ ببێ.

**سێیەم:** تیۆری پەرەسەندنی داروین (Darwin 1809-1882) کە دەربارەی گۆڕان و پەرەسەندنی بوونەوەری زیندوو پشتی بە چەند ڕاستییەکی بیۆلۆجی بەستبوو ببوو بەو ڕێبازەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە مەیدانی زانستیدا دەست بەکار بوو، بگرە تانوپۆی هزریی چەند بیرمەندێکی وەك سپێنسەر (1820–1903ز)ی لێ پێکهاتووە. لە پەرەسەندنی سۆسیۆلۆجیدا دەکرێ هێربێرت سپێنسەر بەرامبەر بە ئۆگۆست کۆنت دابنرێت. بەلایەوە وابووە، کە کۆمەڵ وەك بوونەوەری زیندوو، بوونەوەرێکی بیۆلۆجییە و هەمان قانوونەکانی پەرەسەندنی بوونەوەرەکانی سروشت دەیگرێتەوە[1]. سپێنسەر دژی هزری میتافیزیکی کۆششی کردووە، پشتی بە پەرەسەندن و گۆڕان و بەرەوپێشچوون بەستبوو، لەو باوەڕە دابوو کە پەرەسەندنی ژیان و کۆمەڵگا دەستەبەری ئەوە دەبن کە زانست و هونەر و سۆسیۆلۆجی کەلەبەری دووركەوتنەوە ئایین لە کۆمەڵدا پڕ کەنەوە[2]دۆرکهایم لە بەرامبەر ئەم ڕێباز و جیهاندیدە سەرتاپاگیرەدا بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە کە ساخی بکاتەوە، مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش سروشتی کۆمەڵایەتی خۆیانیان هەیە و تەنیا بە هۆی زانست و پەیڕەوێك لێیان دەکۆڵرێتەوە کە کۆمەڵایەتی بن لە ناوجەرگەی کۆمەڵی مرۆڤ خۆیەوە هەڵقوڵا بن.

بەلای دۆرکهایمەوە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە چەند ڕاستیی و هەڵکەوتەیەکی کۆمەڵایەتی بەو لاوە نین و تایبەتمەندی و خەسڵەتی تایبەتی خۆیانیان هەیە، کە هەبوونی سۆسیۆلۆجی پاساو دەدەن و دەکرێ بەم جۆرە پوختە بکرێنەوە:

---

[1] Hirschberger, Johannes. Geschichte der philosophie, Bd.II.Komet. Auflage 1980 .s.535.ff.

[2] ا.د.خمش، المصدر السابق نفسه، ص42.



**یەکەم:** دیاردە کۆمەڵایەتییەکان شت نین[3]، بەڵام وەك شت وان و بابەتین، واتە بوونیان بە هیچ جۆرێك پابەندی بوونی تاکەکەسان نییە. دیاردەی کۆمەڵایەتی لە چاو ئەو تاکەکەسانەی دایانهێناون هەبوویەکی سەربەخۆن قانوونی تایبەتی خۆیانیان هەیە کە دەبنە مایەی گۆڕان و پەرەسەندنیان.

**دووەم:** دیاردەی کۆمەڵایەتی، وەك کۆمەڵ خۆی ناکرێ بە هۆی سوود و قازانج و پێداویستی تاکەکەسان شرۆڤە بکرێت و لێك بدرێتەوە، هەروەها بەهیچ جۆرێك پابەندی پرۆسەی مێژوو نییە.[4]

**سێیەم:** دیاردەی کۆمەڵایەتی، هەر لە ڕێژێم و سیستەم و تاقم و گروپەوە تاوەکو زمان و دابونەریت و خوو دەستوور و ئاکار و ئایین و ژن هێنان و مێردکردنەوە، ئەو تایبەتمەندییەی هەیە، کە مرۆڤ پابەند دەکات و دەبێ پەیڕەوی ڕێوشوێنەکانی بکرێت.

**چوارەم:** دیاردەی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی هەمەکی گشتییە، واتە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەیە ئەگەرچی کۆمەڵەکان فرەڕەنگ و لە یەکتری جیاوازن، هەروەها لە هەموو سەردەمێکی تاکە کۆمەڵێشدا هەر هەیە[1]. دیاردەی کۆمەڵایەتی ڕەوشێکە لە ڕەوشەکانی تاقم و گروپەکان کە لەلای تاکەکەسان پەیدا دەبێ و خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێ، لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵدا هەست بە بوونی دەکرێت.

**پێنجەم:** دیاردەی کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە و لە خۆیەوە پەیدا دەبێ، واتە تاکەکەسان دایاننەهێناوە، بەڵکو کۆمەڵ خۆی هێناویەتەدی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن ویژدان و ژیری و کۆ و کۆمەڵایەتییەوە دادەهێنرێ[2]و لە کۆمەڵدا دەردەکەوێ.

---

[1] Jonas, Friedrich, Ebenda. s. 40.

[2] د. احمد،غريب محمد سيد، تأريخ الفكر الآجتماعي، اسكندرية، 1989، ص295.

[3] ا.د.عبدالباقي، زيدان، التفكير الآجتماعي نشأتة و تطورة، مكتبة غريب، ط3، القاهرة، 1981، ص366 فما بعد.

[4] ا.د.الحسن، احسان محمد، رواد الفكر الآجتماعي، بغداد، 1991، ص229.

ئەگەر دیاردەی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندی خۆی هەبێ و بابەتی سەرەکی سۆسیۆلۆجی بێت ئەوا دەبێ، دۆرکهایم وتەنی تەنیا هەر بە هۆی دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی پێش خۆی پاساو بدرێت و لێکبدرێتەوە و شرۆڤە بکرێت.

**شەشەم:** دیاردە کۆمەڵایەتییەکان توندوتۆڵ بەیەکترییەوە بەستراونەتەوە ئەو بەیەکەوە بەسترانەوەیە شێوازێکی دەستیاوی هەیە، واتە لە یەکتری جیان و سەربەخۆیی خۆیانیان هەیە و لە هەمانکاتدا ناکرێ لە یەکتری جیا بن و دەسبەرداری یەکتری بن هەروەك چۆن دیاردە ئابوورییەکان بە دیاردە سەربازیی و سیاسییەکانەوە بەندن، ئەوانیش هەر ئاوەهان[1].

### 3- ئایین و ئاکار و زانین:

زانین چ وەك بابەت و چ وەك پرۆسەیەك شانبەشانی لایەن و بابەتەکانی تر لە جیهاندیدی سۆسیۆلۆجی دۆرکهایمدا لە روانگە و ئەو پەیڕەو و رێبازەدا سەرنجدراوە کە لە چوارچێوەی توێژینەوەی بابەتی گشتی سۆسیۆلۆجیدا گرتویەتە بەرو پەیڕەوی کردووە.

زانین تێکڕایی و ژیر و بنەماکانی هزر بنچینە و سەرچاوەیەکی کۆمەڵایەتیان هەیە کەلێیەوە دەکەونەوە و پەیدا دەبن و بەجۆرێك لە بەرهەم و داهێنانی ژیر و کۆو و دەستەجەمعی دادەنرێن.

هەروەك چۆن کۆمەڵ لە چوارچێوەیەکی گەورەتردا هەیە کە سروشت و گەردوونە، هەروەها چۆن ناکرێ ئەوەی لە کۆمەڵدا دەقەومێ و رووددەدات و دێتە پێشەوە لەوە جیابکرێتەوە کە لە سروشت و گەردووندا دەردەکەوێ و رووددەدات، بە هەمان شێوە و شێواز زانین وەك پرۆسە و بابەت لە کۆمەڵدا هەیە نە لە رەگەز و ناوەڕۆکی و نە لە پێوانەکەی کە بابەتییانە لە کۆمەڵ جیاناکرێتەوە. زانین لە خۆیدا شتێکی سەربەخۆ نییە، هەروەك مانهایم وتوویەتی، بەڵکو زانینێکی

[1] معتوق، د. فردريك، تطور علم الآجتماع المعرفة من خلال تسعة مؤلفات اساسية، دار الطليعة، بيروت، 1982.



مرۆڤی کۆمەڵایەتییە، هەروەها خەسڵەت و تایبەتمەندییە بابەتییەکەشی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییە[1].

کۆمەڵی مرۆڤ پێکهاتە و رێکخراوێکی رێکوپێکی بە پێز و فرەڕەنگە. ئەو بنەما و کۆ و تاقمانەی لێیانەوە پێکهاتووە جۆراوجۆر و لەیەکتری جیاوازن، ئەرك و فرمان و هزر و بیروبۆچوون و رۆڵ و سوود و قازانجی جیاوازیان هەیە و ئەرکی دیاریکراویان کەوتۆتە ئەستۆ. ئایین و ئاکار، دوو دیاردەی سەرەکی ژیان و کۆمەڵن و لەو رۆژەوە کۆمەڵی مرۆڤ هەبووە، ئەوانیش جیاوازن بە پێی کات و شوێن و ژینگە و پەرەسەندنی کۆمەڵ و جۆری پێکهاتەکەی هەبوون و رۆڵی خۆیانیان گێڕاوە و لە رەنگرێژی روخسار و ناوەڕۆکەکەیدا بەشدارییان کردووە.

ئەگەرچی دۆرکهایم کۆششی کردووە سنوورێك لە نێوان تاکەکەسان و کۆمەڵگادا بکێشێ و جۆرە سەربەخۆییەکی دووەمیانی لە بەرامبەر یەکەمدا دیوە، ئەوا هەوڵی داوە لە کاتی توێژینەوەی بابەتی ئایین و رێوشوێنەکانی ئاکاردا لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگادا بیانخاتە نێو دووتای تەرازووەوە و چەمکە گشتییە هەمەکییەکانی هۆشیاریی مرۆڤ بە کۆمەڵەوە بەند بکات. ئایین و ئاکار وا روونکراونەتەوە کە لە پوختە و جەوهەریاندا لە چەند هۆکارێکی کۆمەڵایەتی بەولاوە نین، بە واتایەکی تر ئایین و ئاکار وەك هەموو کۆ دیاردەکانی تر تەنیا هەر لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا دەکرێ روونبکرێنەوە. هەردووکیان لە کۆژیانی Kollektivleben کۆمەڵ پەیدا بوون و وەك هێزێکی تایبەتی دەستەبەری ژیانی بە کۆمەڵ و کۆمەڵایەتی دەبن.[2]

ئەگەر مرۆڤ ئەو راستییەی لەبەرچاو بێت کە دۆرکهایم جولەکەیە لەو قسەیەی تێدەگات کە ئایین و ئاکار دەبنە مایەی بەیەکەوە ژیان و تەبایی ئەندامانی کۆمەڵ و کۆمەڵگا خۆی، خۆ بە پێچەوانەشەوە نموونەی زۆر و زەبەند لە بەردەستدان کە ئایین بەگشتی و رێباز و مەزهەبی جۆربەجۆری

[1] Jonas, Fridrich. Ebenda. S. 56 ff.

[2] Jonas, F. ., Ebenda. S.59.

ئایین فره جار هۆکاری لە یەکدابڕانی دوو پارچە و بەشی نەتەوەیەك بوون. بۆ نموونە فارسی شیعەی ئێران و سوننەی ئەفغان هیچ ڕۆژێك بیریان لە یەکبوون و یەکگرتنەوە نەکردۆتەوە. ئایا کرماشانی ئێمەی شیعە مەزهەب پتر بەلای تارانی هەمان مەزهەبدایە یاخود بەلای شاری سنەی کوردی سوننە بە مەزهەبدا دەشکێنێ؟ دەبێ ڕۆژێك لە ڕۆژان بیر لە یەکگرتنەوەی تورکی شیعە مەزهەب و تورکی حەنەفی مەزهەب بکرێتەوە؟ خۆ ئەگەر مانهایم بمابایە و بەچاوی خۆی جەنگی کاولکاری نێوان کاتۆلیك و پڕۆتستانتی ئینگلیز و ئێرلەندی دیبایە، یاخود ببیستبایە دوور نەبوو ئەو بۆچوونەی خۆی دەستکاری بکردبایە. چونکە هەموو جیهان دەزانێ ئەو جیاوازییەی مەزهەبی ئایینی مەسیحی چی بەسەر بەریتانیای (مەزن)دامودەزگا هێناوە!؟. بۆیە دەکرێ بوترێ ئایین لە لایەك تەنیا هۆکاری تەبایی و هاوکاری نێوان ئەو کۆڕ و کۆمەڵەیە کە یەك مەزهەبیان هەیە، لەلایەکی ترەوە دەورێکی ئەوپەڕی کاریگەری لە ژیانی گیانی مرۆڤدا دەگێڕێ.

بەلای مانهایمەوە ئایین بریتییە لە جیاکردنەوەی پیرۆز(حەلاڵ) لە حەرام و هەروەها دەکرێ بە سیستەمێکی باوەڕ و بڕوا و ئیمان دابنرێت، کە دەبێتە مایەی دابینکردنی چاکەکاری و ژیانی ئاکارییانە.

گومان لەوەدا نییە کە ئایین دیاردە و بابەتێکی کۆمەڵایەتییە تا ژیان و کۆمەڵ بمێنن ئاینیش دەمێنێ نەك لەبەر ئەوەی ئایین مانەوە و بەردەوامی و یەکپارچەیی و یەکگرتوویی کۆمەڵ دابین، دەستەبەر دەکا، بەڵکو لەبەر ئەوەی بوونی مرۆڤ بەگشتی و ژیانی مرۆڤ بەتایبەتی وەك بوونەوەر و زیندەوەرێك دەستەبەری ئەم بوونەی ئایینی دەبێ. ئەگەر سەرنج لە مرۆڤ بدرێت و تێکڕای چالاکییە جۆربەجۆرەکانی لەبەرچاو بگیرێت دەردەکەوێ کە لە دوو بەش، لە دوو هێز و توانای لە یەکتری جیاواز و یەکتری تەواوکەر پێکهاتووە:

**یەکەم:** ژیر و خواست.

**دووەم:** هەست و سۆز و ناخ و دەروون.



ئەمە ئەو بابەتەیە کە ئامانجی تیری ئایینە و هەمیشە وەك ئەفسانە دەپێکێ و دەست و پەل بەستووی دەکا.

هیچ کاتێك نەکراوە و لە کردن نایەت ئەو لایەنە گرنگەی دووەم لە مرۆڤ بستێنندرێ، بۆیە ناکرێ لە ئایین دەسبەردار و بێنیاز بێت. هەر ئەمەیشە هۆکاری بایەخ دان بە ئایین و بێخەم بوون لە زانست ئەگەرچی زانست ئەم هەموو دەستکەوتانەی بۆ مرۆڤ دابین کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕوو لە ژیر و ئەقڵ دەکات و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هەست و سۆز و دەروونەوە نییە، ئەوەندەی ئایین گەرم و گوڕیی لە ژیانی مرۆڤدا نییە.

بەستنەوەی ئایین و ئاکار لە لایەن دۆرکهایم بەیەکترییەوە کەمتر مایەی کێشە و بەرە نییە. بە باوەڕی من هیچ جۆرە پەیوەندییەکی دەستیاوی ڕاستەوخۆ لە نێوان پەیڕەوکردنی ڕێوشوێنی ئایین و قانوونەکان و داب و دەستووری ژیان و کرداری ئاکارەکیدا نییە. مەرج نییە بەدکاریی لە شارستانییەتی هاوچەرخدا لە پشتکردنە ڕێوشوێنەکانی ئایین بکەوێتەوە.

چاکەکاریی بۆ قایلکردنی یەسوعی مەسیح و دەستبەرداربوون لە بەدکاری لە ترسی ڕەبی موسا هیچ جۆرە بەهاو بایەخێکی ئاکارییان نییە، چونکە هیچیان بەخواستی ئازاد و بەبێ ترس و بەبێ مەبەستی دیاریکراو نەکراون. مرۆڤ کاتێك بەدکار نابێت کە وەك مرۆڤ لە ترسی ویژدانی خۆی، وەك ئەرکی سەرشانی خۆی کە مرۆڤە، بەدکاریی نەکات. خۆ ئەگەر ئەو کەسە ئەو ترسەی لە دڵدا نەبوایە دوور نەبوو بەدکارییەکە بکات. چاکەکاریی و دووربوون لە بەدکاری دەبێ لە خواستی ئازادی دوور لە ترس و ئارەزووی سوود و قازانج و بە بڕیاری ژیرانە پشت ئەستوور بکرێن. بە واتایەکی تر چۆن دەکرێ مرۆڤ، کە بەبێ خواستی خۆی بەدکاری یا چاکەکاری کردبێ سزا بدرێ یان پاداشت بەدەست بهێنێ؟!

قانوونەکانی ئاکار و ڕێوشوێنی کردار و ڕەفتار کاتێك کاریگەر و دەستبەکار دەبن ئەگەر مرۆڤی ئازاد هەبن. کێشەی ئاکار بە پێچەوانەوە لەوەوە ناکەوێتەوە کە مرۆڤ ئەرکی پێسپێردراوی ڕانەپەڕاندووە، بەڵکو لەوە دەکەوێتەوە کە ئازادی بڕیاردان و هەڵبژاردنەکەی پڕ بە پێستی خواستی ئازادی خۆی نەبێت.

هەڵوێستی دۆرکهایم دەربارەی ئازادی بەگشتی لە بارەی خواستی ئازادەوە بەتایبەتی لەوە دەچێ لە چوارچێوەی جیهاندیدی ئایینەکەیەوە، ئایینی تایەفەی مووساییدا رەنگی داڕێژرابێ. دۆرکهایم لەو باوەڕەدا بووە کە پابەندبوون بە گروپ و کۆمەڵ و خواستی ئازاد بابەتی ئاکارن. ئاکارەکەیش لەوەدا دەبێت کە مرۆڤی تاکەکەس گوێڕایەڵی Gehorchen نرخ و بەها و نۆرمەکانی کۆو دەستە جەمعی بێت، بۆیە مرۆڤی تاك لە بەرامبەر گروپ لە کۆمەڵدا هیچ جۆرە مافێکی ئازادی و سەربەستی نییە. ئەو کاتە کە بۆمان رووندەبێتەوە کە ئێمە کوێرانە و بێ قەید و مەرج گوێڕایەڵین و وەك ئامرازێك لە ژێر دەستدا دەبین، بە خواست و ویستی خۆمان، ئەو کاتە بۆمان روونەبێتەوە و تێدەگەین کە ئازاد و سەربەستین[1] .

کەوابوو ئازادی ((تێگەیشتن و پەسەندکردنی ناچارییە))، بەڵام ناچارییەکی پابەندبوون و گوێڕایەڵی و ژێردەستەیی تایبەت بە خۆمان بمانەوێ و بیخوازین.

ئەو باوەڕە بێ سنوورەی دۆرکهایم بە چینی هەڵبژاردەی دەستڕۆیشتوو لە کۆمەڵدا لە لایەکەوە لەگەڵ ئۆگۆست کۆنت یەکدەگرێتەوە کە لەو باوەڕەدابووە ئازادی تاك لە کۆمەڵدا وەك چۆن لە سروشتدا وەهایە، شتێکی دەگمەنە، لە لایەکی ترەوە رێوشوێنەکانی ئایینی موسا و تەورات دێنێتەوە یاد و لەگەڵ ئازاری گەل و میللەتی هەڵبژاردەی رەب یەك ئاهەنگە.

ئەم جۆرە بۆچوونە کە لەو باوەڕەدایە: چینی دەستڕۆیشتوو وەك سەری مرۆڤ وایە وکردار و کاری کۆمەڵایەتیش بە هۆی سەرەوە ئاراستە دەکرێن و گوایە دەبێ کۆمەڵ لەلایەن خواپێداوە دەستڕۆیشتوو رۆشنبیرانەوە بەڕیوە بچێ و گونجان و ئاراستەکردن لە سەرەوەی کۆمەڵەوە بێت، باوی نەماوە و بە گوێی مرۆڤی هاوچەرخدا ناچێت.

---

[1] Störige, H-J., Kleine Weltgeschichte der philosophie. Stuttgart. 1961. s. 552.

# تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان

## بنەما فەرەنگییەکانی تیۆریە کۆمەڵایەتییەکان

### پێشەکی:

ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە ، پشت ئەستوور بـە سەرچـاوە زانـستییەکان، کە مێژووی زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆژی) هیچ کاتێك و لە هیچ شوێنێکدا بەشێك نەبووە لە سۆسیۆلۆژی، بەڵام بابەتێك نییە لە بابەتە فەرەنگییەکانی ئەو زانستە مرۆڤایەتییە کە مێژووییەکی دیاری نـەبێت و بەزنجیرەیـەك پەرەسـەندندا تێنەپەڕیبێ تاوەکو ئەو ڕوخسار و ناوەڕۆکەی ئەمڕۆی پێ براوە. ئەم پێودانگە بە تەواوەتی ئەو بابەتە دەگرێتەوە کـە کەرەسـتەی ئـەم نووسـینەیە، واتـە بابـەتی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان.

ئەم بڕیارە کە هیچ ئەگەرێك هەڵناگرێت لە سروشـتی ئـەم زانـستە خۆیـەوە کەوتۆتەوە. سۆسیۆلۆژی وەك زانستێکی کۆمەڵایەتی، هەر لەو ڕۆژەوە بەدەسـتی ئۆگۆسـت کۆنـت (1798-1857ز) دوای کۆشـشە زانـستییە ئابوورییـە سیاسییەکانی سان سیمۆن دامەزراو دواڕوخسار و نـاوەڕۆکی پـێ بـرا، مـرۆڤ و کۆمـەڵگا، پێوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان، خێـزان و بنەماڵـە، کـار و کـار لـە یەکدیکردنی کۆمەڵایەتی ئەرك و فەرمان لە چوارچێوەی ژیان و ڕێکخراوە هەمە چەشنە کۆمەڵایەتییەکاندا، سروشتی کۆمـەڵگا مرۆڤییـەکان، هۆکـاری ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان، دیاردە و کێشە و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، توێژینـەوەی ئـەو قانوون و یاسا گشتییانە کە دەبنە مایەی بزووتنەوە و گۆڕانی کۆمەڵگای مـرۆڤ، ئەمانە هەموویان ئەو بابەتانەن کە سۆسیۆلۆژی کردوونـی بـە موڵـك و پـاوان و کەرەسـتەی لێکۆڵینـەوە، سروشـتی ئـەم بابەتانـە بووەتـە مایـەی ئـەوەی کـە سۆسیۆلۆژی لە هەموو سەردەمێکدا گیانی سەردەم و مۆدێرنی تێدا دەربکەوێت، ئەم لایەن و ڕەهەندە ئاشکرا لە تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکاندا سەرنج ڕادەکێـشێت. پشت ئەستوور بەم ڕاستییە ئەوەندەی پێوەنـدی بـەم بابەتـەوە هەیـە دوو خـاڵی گرینگ هەیە ناکرێت لەبەرچاو نەگیرێن و پشت گوێ بخرێن:



**یەکەم:** هەموو بیر و بۆچوون و ئایدیۆلۆژی و تیۆرییەك ئەوەندەی پێوەنـدی بە مرۆڤ و کۆمەڵ و قانوونەکانی پەرەسەندن و بنیـادی کۆمەڵایـەتی و ئـابووری ژیانی کۆمەڵگاو هێز و هۆکـارە بزوێنـەر و فاکتـەرەکانی جـێگیری و ئـارامی و گۆڕانـەوە هەیـە، کۆرپـەی ئـەو ژینگـە و سـەردەم و کـۆڕ و کۆمەڵـە و ئـەو هەلومەرجانەن کە تێیاندا سەریان هەڵـداوە و لـەناو جەرگەکەیـدا دەسـتبەکار و کاریگەرن. هەر ئەم ڕەوشەش خۆی ئاراستەی ئەم بیر و بۆچوونانە لە چوارچـێوەی تیۆرییەکی کۆمەڵایەتییدا دیار و دەست نیشان دەکات. بە واتایەکی دیکـە ئـەو هەلومەرجانـەی بـیر و تیۆرییەکـەیان هێناوەتـە ئـاراوە مەبەسـت و ئامـانج و هەڵوێستەکەی دیاری دەکەن کە لە دوو لا بەدەر نابێت:

1- گۆڕانی سەرتاپاگیرانە.

2- پەرەسەندنی پلە بە پلە.

**دووەم:** هیچ تیۆرییەکی کۆمەڵایەتی نییە کەبە بنەمایەکی دیاریکراوی هزری و بیری ئایدیۆلۆژی پشت ئەستوور[1] نەبێت، هەر ئەم لایەنەیە کە هەڵوێـستەکەی دەربارەی ئەو کێشانەی دەستنیـشانکراون، دیـاری دەکـات و ئینجـا ڕوخـسار و ناوەڕۆك و ڕەوت و ئاراستەی بابەتی تیۆرییەکە بە ڕوونی سنووردار دەکات.

## 1- هۆکارەکانی پەیدابوونی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان

ئەگەرچـی سۆسـیۆلۆژی خـۆی وەك زانـستێك و تیۆرییـەکان وەك لقێکـی سەرەکی ئەم بابەتە تازەیەك نوێ و مۆدێرنە و لە سـەدەی هەژدەیـەم بـە دواوە سـەریهەڵداوە و تیۆرییـەکانیش کۆرپـەی سـەدەی نـۆزدەمین ئـەوا دەکرێـت هۆکارەکانی پەیدابوونیان بە هۆکاری دوور و نزیك بەم پێیە دەستنیشان بکرێن:

1- چاکسازی ئایینی ((هۆکاری ئایینی)).

2- هۆکاری ئابووری ((شۆڕشی پیشەسازی)).

---

[1] لیلة، د.علي، بناء النظرية الآجتماعية، جامعة عين شمس، مصر، بدون تأريخ، ص21 فما بعد.

3- هۆکاری سیاسی ((شۆڕشی فەرەنسا)).
4- هۆکاری فەلسەفەیی ((بزووتنەوەی رۆشنگەرایی)).

## یەکەم: چاکسازی و هۆکاری ئایینی

ئەگەرچی سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی) وەك بابەتەکانی دیکەی زانستییە مرۆڤایەتییەکان داهێنان و بەرهەمی شارستانییەتی ئەورووپا و رۆژئاوایە، ئایینیش، بابەتێکی رۆژهەڵاتییە، ئەوە راستییەکی گومان و ئەگەر هەڵنەگرە کە ئاین، بە تایبەتی ئەو چاکسازییەی لە چوارچێوەی ئایینی مەسیحی (عیساییدا) کراوە رۆڵێکی بەرچاو گێڕاوە، لەوەدا کە رێگای بۆ پەیدابوونی زانستی کۆمەڵایەتی و تیۆرییەکانی خۆش کردووە.

لەوە دەچێ بنەماکانی کولتوور و شارستانییەتی رۆژئاوا پێویستی بە فاکتەر و هۆکاری ئایینی کامڵ و تەواو هەبووبێ، بۆیە ئایینی رۆژهەڵاتی مەسیحییان لە ئۆرشەلیمەوە بۆ ئەورووپا برد. ئەوی لێرەدا مەبەستە دووبارەبوونەوە شتە:

- شارستانییەت هەر چۆنێك بێت بەبێ فاکتەر و هۆکاری ئایینی کامڵ و تەواو بێت. راستە ئایینی مەسیحی نزیکەی هەزار ساڵ لە ئەورووپا کۆسپ بووە لەبەردەم زانست و پەرەسەندندا، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر توانی دوای بڵاوبوونەوەی لە ئەورووپا و ئەمەریکا و ئەمەریکای لاتینیدا نەك هەر خۆی بگونجێنێ بگرە توانی شارستانی و کولتووره کۆنە رەسەنەکەی ئەم میللەتانە لاواز بکات و خۆی بسەپێنێ و سروشت و ناوەڕۆکێکی دیکە بە کولتووری ئەم گەلانە ببەخشێ. ئەو ئەورووپا و ئەمەریکای لاتینەی دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە کایەی شارستانی و کولتووردا خەت و خاڵیاندا بە تەواوی لەوی پێش بڵاوبوونەوەی ئایینەکە جیاوازن، بەڵام ئەو هەڵکەوتە راستەقینەیە لەو راستییە کەم ناکاتەوە کە ئاین راستییەکی مێژووییە و دیاردەیەکی سەرتاپاگیری کۆمەڵایەتییە، هیچ کۆمەڵگا و کولتوور و شاستانییەتێك ناکرێ و ناتوانن دەستبەرداری بن. جۆر و شێوەی ئایینەکە بەڕوخسار و ناوەڕۆکەوە جەوهەر و کەسایەتی و کارەکتەری



نەتەوەیی ئەو نەتەوە و شارستانییەتە دیار و دەستنیشان دەکەن کە باوەڕیان پێ هێناوە. بۆ نموونە ئیسلام بەسەدان ساڵ لە باشووری ئیسپانیا دەستبەکار بوو، بەڵام لە دواییدا بەجێی هێشت و جێگەی چۆڵ کرد جارێکی دیکە ئایینی مەسیحی تێیدا بڵاوببێتەوە. ئەم دیاردە توندوتۆڵ بە کەسایەتی نەتەوە و سروشت و پێکهاتە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگاوە بەستراوەتەوە.

- خاڵی دووەم بریتییە لە پشتڕاستکردنەوەی خاڵی یەکەم بەو واتایەی کە چۆن هەڵبژاردنی ئایینەکە تایبەتمەندی نەتەوەکە دیاری دەکات، بەهەمان شێوە کۆمەڵگا لەخۆیدا بە هەموو لایەنەکانییەوە، دامەزراو و ئۆرگان و رێکخراوێکی زیندووە، هەمیشە لە هەموو سەردەم و قۆناغ و کاتێکدا کەسایەتی زیندووی خۆی ساغ دەکاتەوە. بەڵگەش ئەو گۆڕانەیە کە بەسەر ئایینی سەرتاپاگیری مەسیحییدا کردی، گۆڕانێك کە لەگەڵ سروشت و پێکهاتەی کۆمەڵگاکاندا بگونجێ. بەم پێیە ئەگەرچی ئاین پێویستییەکی ناچارەکی و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و بڕوای ژیان و کۆمەڵگا و شارستانییەتە ئەوە کۆمەڵگا هەموو شتێك وەك خۆی تۆمار ناکات بگرە گۆڕانی ئەوتۆی بەسەردا دەهێنێ لەگەڵ سروشت و کەسایەتی خۆیدا بگونجێ. دەرکەوتنی مەزهەبەکان لە ئاییندا ئەم رەوشە چالاك و زیندووەی کۆمەڵگا پشت راست دەکاتەوە.

با بزانین ئەم گۆڕانە کەی و چۆن و لە چ رەهەند و لایەنێکەوە لە پێکهاتنی سۆسیۆلۆژی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکاندا رۆڵی گێڕاوە؟!

رابەری ئەم گۆڕانە پیاوێکی ئایینی بووە کە خۆی لە باوەشی کڵێسەی مەسیحیدا پێگەیشتووە. چاکسازییەکەش خۆی بەر لە کۆمەڵگا لە نێو ئایینەکەدا کراوە. ئەم هەنگاوە جوامێرانە لەلای خۆیەوە چەند خاڵێك روون و ساغ دەکاتەوە:

- پێکهاتە، رێکخراو، رژێم و سیستەم چەندە سەرتاپاگیر بێ ناتوانێ بە یەکجارەکی رێگەی بەردەم گۆڕان بگرێت. جا ئەم گۆڕانە سەرتاپاگیر بێت، یان لایەنێکی دیاریکراو بگرێتەوە و ببێ بە پەرەسەندنی پلە بە پلە. گۆڕانەکە هەر دەبێ با روخسار و ناوەڕۆکیشی جیاواز بێت.

- گۆڕان، پەرەسەندن، ئیدی هەرچۆنێك بێت، با هۆکاری دەرەکیشی هەبێ، هەردەبێ لە ناوە و لە ناخی شتەکەدا لەناوجەرگەی پێکهاتەکە خۆیدا یەکەم جار سەرهەڵبدات ئینجا لایەنەکانی دیکە بگرێتەوە.

رابەری ئایینی مەسیحی بە نەتەوە ئەڵمانی مارتن لۆتەر (1483-1546ز) راستە ویستی لە ناوەوە و لە چوارچێوەی کڵێسە و دەزگاو دامەزراو و ئایینی عیساییدا گۆڕانەکە بکات، بەڵام وردە وردە ئەم گۆڕانە فراوانتر بوو تا ئەو رادەیەی سەرانسەری کۆمەڵگاکانی ئەوروپا و بەریتانیاشی گرتەوە.

لۆتەر هەوڵی داوە رۆڵی سەرتاپاگیری دامودەزگاکانی کڵێسەی عیسایی لە ژیانی مرۆڤی ئاساییدا کەم بکاتەوە. بۆیە داوای کردووە کە کڵێسە هیچی تر ئەو لافە لێنەدات کە گوایە پەیامبەرێکە لە نێوان رەب[1] و مرۆڤدا. ئەمەش بوو بە مایەی ئەوەی مرۆڤی تاکەکەس ئەو پلە و پایە و رۆڵەی لە ژیاندا دەستگیربیبێتەوە کە کڵێسە لێی زەوت کردبوو. ئیدی بەرێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگا، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی پرۆتستانتن وەك جاران تەنیا هەر بۆ پیاوانی کڵێسە زەوت نەکراوە. مرۆڤی دیکە کە کەشیش و لە پیاوانی ئایینی نەبوایە دەکرا وەك سەرکردە و رابەر دانی پیادابنرێت[2]. ئەم هەنگاوە ئەگەر لە سەردەمی خۆیدا شتێکی ئاسایی بووبێ دواتر ئەنجامی گەورە و کاریگەری لێکەوتۆتەوە. مرۆڤ و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی ژیان جارێکی دیکە تەوژمیان بەبەردا کراوەتەوە و شوێن و پلە و پایەی راستەقینەی خۆیان پێ براوەتەوە. هەروەها بایەخ بە توانای ژیرەکی و چالاکی و کارکردنی مرۆڤ دراوە. هەر ئەمە بووە وای لە ماکس ڤیبەر کردووە وای دابنێ کە ئەم ئازادکردنەی تاکەکەسان و بایەخدان و پێداگرتن لەسەر کاری بەرهەمهێنەرانەی تاکەکەسان بۆتە مایەی سەرهەڵدانی ئەو پێکهاتەیەی کە دواتر بە سەرمایەداری ناوبراوە.

(1) Storig, Hans- Joachim., Kleine Weltgeschichte der philosophie. Sttutgart 1961.s328 ff.

(2) Russell, Bertrand, Philosophie des Abend Landes. Wien 2000. s 532.ff.



رزگارکردنی مرۆڤ لە سیستەمی سەرتاپاگیری کڵێسە هەنگاوێکی گەورە بووە لەسەر رێگەی بە گووڕکردنەوەی رەوتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا و شارستانیەت و بایەخدان بە کێشەکانی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا و تارادەیەك جیاکردنەوەی لە دۆگم و رێوشوێنەکانی کڵێسە کە سەرگەرمی ئەو دنیا و جیهان و ژیانێکی تر بووە.

## دووەم: هۆکاری ئابووری

لێرەدا مەبەست لە ئەو شۆڕشەیە کە لە بەریتانیا بەناوی شۆڕشی پێشەسازی و سنعات ناسراوە. ئەگەر چاکسازییە ئایینیەکەی لۆتەر پێی لەسەر ئازادی تاکەکەسی داگرتبێ و هەوڵی جێگیرکردنی چەمکی ئازادی مرۆڤ و هاووڵاتیدابێ[1]، کە لە ئەنجامدا بوو بە بنەمایەکی بنەڕەتی ئایدیۆلۆژی دەسەڵاتی مەدەنی و هاووڵاتی کۆمەڵگا، ئەوا شۆڕشە پیشەسازییەکەی بەریتانیا کە بە دۆزینەوەی ئامرازی هەڵم ناسرا، رۆڵ و بایەخی هۆکاری ئابووری و پیشەسازی و سنعاتی لە ژیانی کۆمەڵگا و شارستانییەتدا پشتڕاستکردووەتەوە. ئازادی تاکەکەسان و پارە و پووڵ و ماڵی دنیا و سەرمایە ئەو بابەتە نامۆ و ناحەزانە نەمان، کە کڵێسە و دەزگاکانی ئاین وایان دادەنا و بەو چاوە تەماشایان دەکردن و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکردن.

شۆڕشی پیشەسازی و سنعاتی بەریتانیا گۆڕانی گەورەی بەسەر ئەوروپاشدا هێناوە. زۆربەی هەر زۆری سیستەم و نەزمە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانی ریشەییان بەسەردا هاتووە. کۆمەڵگای ئەوروپا لە قۆناغی کشتوکاڵ و زەراعەتەوە بەرەو قۆناغی سنعات و پیشەسازی هەنگاوی ناوە[2]. ئەوی لێرەدا پێوەندی بە کۆمەڵگا و رەوشی کۆمەڵایەتییەوە هەیە ئەو کۆچ و بزاڤە

(1) Arcuse, Herbert. Ideen Zu einer Kritischen Theorie der Gesellschaft. Stv. 300. Frankfurt am Main. 7. Aufl. 1980. s. 54 ff.

(2) عمر، د. معن خليل، نظريات المعاصر في علم الآجتماع، اربد الآردن، دار الشروق، 1997، ص 29 فما بعد.

سەرتاپاگیرە بوو کە بەرپا بووە. بەهەزاران وەرزێر و جووتیار گوند و لادێیان بەجێ هێشتووە و روویان لە شار و باژێڕەکان کردووە بەو ئاواتەی لەوێ ژیانێکی خۆشتر و گوزەرانێکی باشتر بەسەربەن و دەرفەتی چاکتری کارکردن و داراییان دەستگیر ببێ. ئەو سنعات و دەزگا و فاریقە و کۆمپانیایانەی لە باژێرەکاندا دامەزرابوون ئەم دەرفەتەیان بۆ کرێکارانی لە گوندەکانەوە هاتوو بەرەو شارەکان دابینکردووە و خزمەت سیستەمی تازە سەرهەڵداوی ئابووری سەرمایەدارییان کردووە.

بێگومان شانبەشانی ئەم لایەنە لە بارە، ئەم رەوشە نوێیە و هاتنی جووتیاران لە لادێ و گوندەکانەوە و بەجێهێشتنی کێڵگە کشتوکاڵییەکان کێشەیەکی گەورەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆڤی دروست کردووە کە بووەتە مایەی ئەوەی بیرمەند و ریفۆرمیستەکان هان بدات بایەخ بەم رەوشە نوێیە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە بدن و رێگاچارەسەری لەسەر شێوەی پێشنیاز و تیۆری پێشکەش بکەن.

## سێیەم: هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ((شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا))

دەکرێ بگوترێت ئەم فاکتەرە کە مەبەست لە شۆڕی فەڕەنسایە ئەوەندە ریشەیی و سەرتاپاگیر بووە، سەرانسەری ئەورووپای ئەوسای هەژاندووە و لە خۆیدا هەموو هۆکارەکانی دیکەی کۆکردووەتەوە. ئەو شۆڕشە لە بواری سیاسەت و مرۆڤدا بەوە ناسراوە کە سێ دروشمی هەبووە:

1- ئازادی.

2- برایەتی.

3- یەکسانی.

لە لایەکی ترەوە دەستێکی کاریگەری لە رێژێمی فیۆدالی — دەرەبەگی و سیستەمە سیاسی و ئابووری و ئایدیۆلۆژییەکەی وەشاندووە. ئەو رۆڵەی جارانی



ئایینی مەسیحی لە ژیان و سیاسەت و کۆمەڵدا گێڕاویەتی لە دەست کلێسە و دامەزراوەکانی دەرهێناوە و داویەتە دەست سیاسی و سیاسەتمەدارەکان، واتە بڕوا گۆڕاوە و بووە بە ئایدیۆلۆژیا. تاکەکەسان تاڕادەیەك ئازادییان بۆ دابینکرا، رێژێم و سیستەم لە جۆرە کەشوهەوا و رەوشێکی تردا کەوتنە دەستبەکاربوون. هەستی نەتەوەیی لەبەرانبەر پابەندی ئایینیدا خۆی سەپاندووە. پرۆسەی گەشەکردنی ئابووری و پیشەسازی بە هەنگاوی گەورە بەرەوپێشچووە.

لە کایە و بواری زانستدا، ئەوەندەی پێوەندی بە کاروباری مرۆڤ و کۆمەڵ و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگاوە هەیە، ئەو بیر و رایە خەت و خاڵی داوە، کە لە کۆمەڵگادا چەندین یاسا و قانوونێکی کۆمەڵایەتی هەن وەك ئەو قانوون و یاسایانە وان کەلە زانستە سروشتییەکاندا هەن و جێگیرن[1]. قانوونی سەرەکی لە نێو ئەو قانوونانەدا یاسای پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونە، ئەم یاسایە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە دەبێ کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی بەناچاریی بەرەو قۆناغی پێشکەوتووتر و باڵاتر و باشتر پەرەبستێنن.

بە هۆی ئەو فاکتەرە سیاسییەی شۆڕشی فەڕەنساوە بیرمەندان گەیشتنە ئەو راستییەی کە چەندین قانوونی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی هەن و ئەم قانوونانە بریتین لە چەند قانوونێکی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی. ئەم یاسایانە بە تێکڕای بنەما و بنیادێکی گرنگی تیۆرییەکانی لێ پێکدێت، کە دەکرێت هزر و بیر و کردار و رەفتاری مرۆڤ [1] لە نێو کۆمەڵگادا ئاراستە و شرۆڤە بکات. ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بووە لەسەر رێگەی چوونە نێو جیهانی سۆسیۆلۆژی و تیۆرییەکانی.

[1] تيماشيف، نيقولا، نظرية علم الآجتماع، ترجمة و تعليق: د. محمود العودة و آخرون، ط2، دار المعارف بمصر، 1972، ص21 فما بعد.

[2] بوتومور، تمهيد في علم الآجتماع، ترجمة و تعليق: د. محمد الجوهري و آخرون، دارالمارف بمصر، ط3، 1978، ص45 فما بعد.

## چوارەم: هۆكاری فەلسەفەیی ((بزووتنەوەی رۆشنگەرایی))

ئـەوی لێـرەدا مەبەسـتە ئـەو بزووتنـەوە هـزری و فەلـسەفەیی و سیاسـی و كۆمەڵایەتییەیە كە لە سەدەی هەژدەیەم لە بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیادا بـڵاو و دەستبەكار بووە. ئەم بزووتنەوەیە هەڵوێستی دیاریكراوی دەربارەی دۆگم و بڕواكـانی ئایین و ئازادی Liberalismus و كێشە و دیـاردە كۆمەڵایەتییـەكان و بـێ بڕوایـی مەتریالیزم هەبووە. لە بواری سیاسەتدا بەتایبەتی لـەنێو بیرمەنـدانی فەرەنـسا ئـەم رێبازە تاڕادەیەك دەستبەرداری بیرۆكەی پەرەسـەندن بـووە و روویكردووەتـە گـۆڕانی سەتاپاگیر و شۆڕش[1]. ئەم شۆڕشەی بەشێوازێكی رەوای گۆڕان زانیوە.

ئەم چوار هۆكـارە پێكـەوە لـە وڵاتـە جیاوازەكـانی ئـەورووپادا بوونەتـە مایـەی هاتنەكایـەوەی رەوشـێكی نـوێی ئـابووری و سیاسـی و ئـایینی و كۆمەڵایـەتی و فەلسەفەیی، كاری لە بار و نالەباریان لە كۆمەڵگا و مرۆڤ كردووە. ئەگەر بارودۆخێكی كۆنیان بەیەكێكی دی مۆدێرن و نوێ گۆڕیبێ ئەوا لە لای خۆیانـەوە چـەندین كێـشەی كۆمەڵایەتی و ئابوورییان دروست كردووە كە هانی بیرمەند و نووسەر و زانایانیـان داوە سەر گەرمی لێكدانەوەی ئەم كێشە و چارەسەركردنیان بن. لێـرەوە دەكرێـت بگوترێـت ئەمە بوو بەردی بناغەی تیۆرییە كۆمەڵایەتییەكانی دانا.

### رەهەند و لایەن و ئاسۆیەكانی تیۆرییە كۆمەڵایەتییەكان

تیۆرییە كۆمەڵایەتییەكان وەك هۆكارە فرەڕەنگەكانیان ناوەڕۆك و روخسار و ئامراز و شێواز و ئامانجی جیاواز و جۆراوجۆریان هەیە. ئەم تیۆرییانـە ئەگـەر چاو لە جیاوازی نێوانیان بپۆشرێت بگوترێت:

تیۆری كۆمەڵایەتی نەزم و سیستەم و پێكهاتەیەكی تیۆرییە لە چالاكییەكی ژیرەكی كەوتووەتـەوە هـەوڵی لێكدانـەوە و توێژینـەوە و شـرۆڤەكردنی رووداو و دیاردە كۆمەڵایەتییەكان دەدات.

[1] Hirschberger, johannes., Geschichte der Philosophie. Bd.2. Komet. II Aufl. 1980 s.248.



بە پێی سەرچاوەكان تیۆرییـە كۆمەڵایەتییـەكانی چـوار رەهەنـد و لایـەنی كۆمەڵایەتی جۆر بەجۆریان هەیە:

**یەكەم:** رەهەندی مەعریفی (زانین).

**دووەم:** رەهەندی وردبوونەوە و سەرنجدان[1].

**سێیەم:** رەهەندی پێودانگییانە و گریمانەیی[2]

**چوارەم:** رەهەندی هەست و سۆز و خۆیەتی.

ئەگەر مرۆڤ لە تیۆرییە كۆمەڵایەتییەكان وردبێتەوە و سەرنجێكی قوڵیان بـدات دەردەكەوێت كە هەر تیۆرییە لە ئامراز و رێباز و رێگەیەك دەچێ كە زانایانی رشتەی كۆمەڵایەتی پەنای دەبەنە بەر بۆ زانین شرۆڤەكردنی جیهانی كۆمەڵایەتی كە ئەمەش لایەنە مەعریفییەكەی تیۆرییەكە نیشان دەدات، واتە رشتنی رەنگی جیهاندیـدێكی رێكوپێك دەربارەی ئەو بابەت و لایەنـە كۆمەڵایەتییـەی كۆمـەڵگا كـە دەخـوازرێ بخرێتە سەر خوانی باسكردن و تاوتوێكردن.

هەروەك تیۆرییە كۆمەڵایەتییـەكان ئاوێنـە ئاسـا لایـەن و رەهەنـدێكی كۆمەڵگا و كێشەكانی نیشان دەدەن ئەوە هەر خۆشیان ئامرازێكی سـەرنجدان و تێگەیشتنی ئەو جیهان و رەهەندە كۆمەڵایەتییەن، كـە كـراوە بـە بابـەتی تیۆرییەكان خۆیان. ئەمـە لایـەنی دەرەكـی بابەتەكـە دەستنیـشان دەكـات. مەبەسـت لـە رەهەنـدی سـێیەم كـە بـە دوور و درێـژی لـەلای ئـەلڤن گولدنەرەوە[3]باس كراوە ئەو لایەنە دەگرێتـەوە كـە پـشت بـە گریمانـە كـردن دەبەستێ بۆ وێناكردنی ئـەو هەڵكـەوت و رەوشـە كۆمەڵایەتییـەی شـرۆڤەی دەكات پێویستە چۆن بێت و چۆن رەنگی لە چوارچێوەی تیۆرییدا دابرێژرێت.

[1] كريب، آيان، النظرية الآجتماعية، ت: د. محمد حسين غلام، مراجعة: د. محمد عصفور، عالم المعرفة 244، الكويت، 1999، ص39 فما بعد.

[2] جولدنر، الفن، الآزمة القادمة لعلم الآجتماع الغربي، ت: علي ليلة، المجلس الاعلى للثقافة االمشروع القومي للترجمة 667، القاهرة، 2004، ص80 فما بعد.

[3] جولدنر، الفن، المصدر نفسه، ص85-87.

تیۆری کۆمەڵایەتی چالاکییەکی زانستی — ژیرەکی هزری بیرمەندانێکە کە لە بواری زانستی کۆمەڵایەتیدا پسپۆڕن. ئەو بیرمەندانە رۆڵەی سەردەم و دەوروبەر و ژینگەیەکی دیاریکراون و مرۆڤن و خاوەن هەست و سۆز و دەروونن بۆیە ناکرێ لە کاتی چالاکییاندا لەو لایەنی کارلێکردن و کارتێکردنی هەست و سۆز دەربازیان ببێت، هەروەها شارەزایی و ئەزموونی تاکەکەسیی بیرمەندێکە و وردبوونەوەیی و بەڵگەی ژیرەکیی کە پەنایان دەباتە بەر لەم بوارەدا رۆڵی بەرچاو دەگێڕن.

## پێنجەم: سروشتی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان

تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان کە سروشت و جەوهەری راستەقینەی سۆسیۆلۆژی وەك زانستێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ دیار و دەستنیشان دەکەن، بەگشتی دەکرێت لە دوو بەرەدا کۆبکرێنەوە:

**یەکەم:** بەرەی ئەو تیۆرییە کۆمەڵایەتییانەیە کە بایەخ بە ئارامیی و بەرقەراریی و سەقامگیریی کۆمەڵگا و پێکهاتە و نەزم و سیستەم و پێوەندییەکانی دەدەن. ئەم تیۆرییانە بابەتی گۆڕانی ریشەیی کۆمەڵگا پەسەند ناکەن، لەسەر پەرەسەندنی پلە بە پلە، بەڵام پەرەسەندنێك لە چوارچێوە و سنووری دیاریکراوی چەند دەزگا و دامەزراوێکدا پێدادەگرن.

**دووەم:** ئەو تیۆرییانە مەبەستە کە گۆڕان و ململانێ و وەرچەرخانی سەرتاپاگیرانەی کۆمەڵایەتی بە گرنگ و ناچارەکی دادەنێن و سوورن لەسەر ئەوەی کە خەبات و ململانێ بنەمای سەرەکی ئەو گۆڕانانەن کە بەسەر کۆمەڵگادا دێن.

بوونی ئەم دوو بەرە جیاوازە دژ بە یەکترییە ئەو راستییە ساغ دەکاتەوە کە زۆربەی هەرە زۆری تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان لە باوەشی رێژێم و سیستەمی ئابووری و سیاسی و فەلسەفیی و کۆمەڵایەتی سەرمایەداری سەدەی نۆزدەیەمدا پێگەیشتوون و گەشەیان کردووە، ئەو سەدەیەی قۆناغی چارەنووسسازی



شارستانییەتی ئەمرۆ و لەوەولای مرۆڤایەتی بووە، بەڵام دوو ناوەرۆك و دوو ئامانج و و ئایدیۆلۆژیا و رێبازی جیاوازیان هەیە کە بەم جۆرەن:

**یەکەم:** رێباز و تیۆرییەکیان دەیەوێ ئەو رێژێمە سەرمایەدارییە کە لە باوەشیدا گەشەی کردووە و پێگەیشتووە لە رەگ و ریشەوە بگۆڕێت و لە جێگەکەیدا رێژێمێکی دی و کۆمەڵگایەکی دی دابمەزرێنێ.

**دووەم:** ئەو تیۆرییانە دەگرێتەوە کە بوونی رێژێمی سەرمایەداری بە شتێکی سروشتی دادەنێن کە ئەنجامی پەسەندکردنێکی ژیرەکی مرۆڤ و کۆمەڵگا و شارستانییەتە و بیرکردنەوە لە گۆڕینی بە پێچەوانەی سروشتی ژیر و شارستانییەت و زانستەوەیە. لێرەوە ئەم تیۆرییانە سەرگەرمی پەرەپێدان و گونجاندنی سەرمایەدارین لەگەڵ کۆمەڵگا و ئەو پێشهاتانەی لە پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵگا و ژیاندا دێنە پێشەوە.

## شەشەم: پێکهاتەی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان

تیۆری وەك پێکهاتەیەکی هزری و ژیرەکیی لە چەند لایەن و دەستەواژەیەك پێکهاتووە لە بواری سۆسیۆلۆژیدا بایەخ بەم کێشە و لایەنانە دەدات:

1- کۆمەڵگا چییە و رۆشنبیری و کولتوور چین؟
2- ئەو یەکە بنەڕەتیانە کامانەن کە کۆمەڵگا و کولتووریان پێك هێناوە؟
3- سروشتی ئەو پێوەندییە چییە و چۆنە کە لە نێوان کۆمەڵگا و کولتوور و کەسایەتی مرۆڤدا هەیە؟!

## لایەنەکانی تیۆریش ئەمانەن:

1- چەمك، بە بنەمای تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێن. ئەمانە جۆرە نیشان و سیمبۆڵ و هێمایەکن دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان دەکەن.
2- گریمانە، ئەو رێتێچوونانە نیشان دەدەن کە دەکرێت پشتڕاست بکرێنەوە، یان بە پێچەوانەوە ناڕاستییەکەیان ساغ بکرێنەوە. بۆ نموونە گریمانە ئەو

ڕێتێــچوونانە نیــشان دەدات ئایــا پێوەندییــەکی هۆیــەکی لــە نێــوان ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەیە یان نا؟

3- پرۆپۆزیشن: دەســتەواژەکان، Proposition. ئــەم جــۆرە دەکــرێ بــە دوو بەشەوە: بەڵگە نەویست کە پێویستی بە پشتڕاستکردن نییە و سەلمێنە کە دەبێ ساغ بکرێتەوە. ئەم دەستەواژانە لــە بەیەکــەوە بەســترانەوەی چــەند چەمکێك کە بە شێوازێکی لۆژیکیانە بەیەکەوە گونجا بن[1] و بابەتێك لــە چوارچێوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکە وێنا بکەن، پێکدێن.

4- بابەتی توێژینەوەکە کە لە سەرچــاوەکاندا بــە بابــەتی گــۆڕاو Variable ناودەبرێت. ئەمەش لە کێشەیەك، یان لە دیاردەیەك کە دەبێ توێژینەوەی لەسەر بکرێت پێك دێت.

5- تێبینی کردن: ئەو پەیڕەویــە کــە بــۆ ســەرنجدان و تۆمــارکردنی ڕووداو و دیاردە کۆمەڵایەتییــەکان بــە شــێوەیەکی ڕێکوپێــك و بێلایەنانــە پــەنای دەبرێتە بەر.

تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان کە کارو چــالاکییەکی هــزری ژیــرەکین وەك ئــامرازی یاریدەدەر توێژەرەوە بۆ لێکدانــەوەی پێوەنــدی و ڕووداو و کێــشە کۆمەڵایەتییــەکان بەکاری دەهێنێ بەوەدا سروشتەکەیان دیاری دەکرێ تاکەکەس چەند لەگــەڵ گــۆڕانن، ئایا ئەو گۆڕانە دەبێ چــۆن بــێ و چ لایــەنێکی کۆمــەڵگا و مــرۆڤ بگرێتــەوە؟ یــان بابەتەکە پاراستنی ئارامیی و نەزم و هێمنی و بەرقەرارییە و هەوڵدانە بۆ گونجانــدنی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ ئەو نوێکارییانەی دێنە پێشەوە؟!

---
[1] عمر، د. معن خليل، المصدر ذاته، ص47.

# دارندۆرف

# تیۆری کۆمەڵگای دوای قۆناغی سەرمایەداری

## 1- شۆڕشی زانستی پیشەسازی

سەدەی نۆزدەیەم، ئەوەندەی پێوەندی بە پەرەسەندنی شارستانییەت و کۆمەڵگاوە هەیە بە گشتی و دەربارەی بەرەوپێشچوونی زانستەکان، بەتایبەتی زانستە مرۆڤایەتییەکان Geisteswissenschaften دەکرێ بە سەدەی چارەنووسساز دابنرێت.

لە کایە و بواری زانستدا داهێنانی ئەوتۆ بەرچاو دەکەون، کە وێنەی جیهانی زانستی کلاسیکییان، یان Weltild سەرتاپا گۆڕیوە. تیۆری پەرەسەندنی داروین کە لە هەندێ کۆڕ و کۆمەڵە بە داروینزمی کۆمەڵایەتی ناودەبرێت Sozialdarwinismus هەڵوێستی مرۆڤی بەرچاو روونی بەرانبەر بە بۆچوونی باوی ((پەیدابوون و پەرەسەندن و لەناوچوون)) گۆڕیوە. فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان و لایەنە میتافیزیکییەکەی دوای کۆچی دوایی هیگڵساڵی (1831ز) لە لایەن مەتریالیستەکانەوە بە رابەرێتی لودڤیك فۆیەرباخ دەستی جەرگ بڕانەی لێوەشێنرا.

سۆسیۆلۆژی لەلای خۆیەوە پشت ئەستوور بە بنەما و پەیڕەو و میتۆدەی زانستییە پۆزەتیڤیستەکان هەنگاوی بەرچاوی بەرەو پێش ناوە، لە ناوەڕۆك و روخساردا پەرەی سەندووە. رەوش و بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی کۆمەڵگا گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەرداهاتووە. ئەو بزووتنەوەیەی کە بە ناوی شۆڕشی پیشەسازی (سنعات) ناوبراوە ئەگەرچی لە دورگەکانی بەریتانیا رووی داوە، بەڵام پڕیشکەکەی ئاگری لە دەشت و پاوان و چیاکانی سەرانسەری ئەوروپای ئەوسا بەرداوە، گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەر ژیان و کۆمەڵگادا، بەتایبەتی بەسەر پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی و جۆری ژیان گوزەرانی خەڵکدا هێناوە.

کۆمەڵگا بەسەرخان و ژێرخانییەوە گۆڕانی بەسەر داهاتووە. بە جۆرێکی تر ئەوپەڕی جیا لە سەردەمی پێشوو خەت و خاڵی داوە. سنعات Industrie



پیشەسازی و فابریقە و کارگە لە سەرانسەری وڵاتانی ئەوروپا کەم تا زۆر بڵاوبۆتەوە، کۆمەڵگا پێی ناوەتە قۆناغێکی پێشکەوتووترەوە کە بە قۆناغی سەرمایەداری Kapitalism ناوبراوە.

پێکهاتە و ئۆرگانە کۆمەڵایەتییەکان بە دامەزراوە هەمەچەشنەکانیانەوە، پێشکەوتوو تر لە جاران مۆرك و سیما و سروشتی جیاوازییەکی بەرچاوی چینایەتیان پێبڕاوە. ئەو دوو چینەی وەك ئەنجامێکی ئەو گۆڕانانەی بەسەر کۆمەڵگادا هاتوون، پەیدابوون بریتی بوون لە:

1- چینی سەرمایەداران Kapitalisten.
2- چینی پڕۆلیتاریا Proletarier.

ئەم دابەشبوونە بەم شێوەیە بەرچاوە کە ئەنجامێکی هۆکاری دیاریکراو بێت لە لای خۆیەوە بۆتەوە بە هۆکار و سەرنجی بۆ لای پێوەندی فرەڕەنگی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵ لە لایەك و لە نێوان مرۆڤ و سروشت لە لایەکی ترەوە راکێشاوە، ئەمەش بێگومان دوو دیاردەی لە یەکتری جیاوازن، دیاردەی کۆمەڵایەتی و دیاردەی سروشتی وەك دوو بابەتی ناوەڕۆك و روخسار لە یەکتری جیاواز تۆمار دەکات. بۆچوونی ئەنترۆپۆلۆژی دەربارەی مرۆڤ، ئەگەر بشێ ئەو ناوە دەربارەی ئەو سەردەمە بەکاربهێنرێ، تا رادەیەك هاتۆتە نێو مەیدانی بە پێزی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەوە. بایەخ بە رۆڵی ئایین و زانستی تازە کۆرپەی دەروونناسی (سایکۆلۆژی) و کێشە و بەرە کۆمەڵایەتییەکان دراوە، جگە لەو کۆششەی بۆ توێژینەوەی کێشەی پێوەندی فرە لایەنەی نێوان بوون و Dasein هزر و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کراوە. بەم پێیە دەکرێ سروشتی سەرەکی ئەم قۆناغە لەم دوو خاڵ و رەوشانەدا پوختە بکرێتەوە.

**یەکەم:** کەمبوونەوەی رۆڵی ئایین لە کۆمەڵگا و کولتوور و ئایدیۆلۆژی و زانستی ئەوروپادا. هەوڵ دراوە بۆ چەسپاندن و پشتڕاستکردنەوەی ئەو بۆچووە کە گوایە ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لەگەڵ گۆڕانی رەوشی کۆمەڵگا ئەویش لە لای خۆیەوە بێ هەڵاواردن، پڕیشکی ئەو گۆڕانەی بەر دەکەوێ.

**دووەم:** پتربوونی رۆڵی ئایدیۆلۆژی و سیاسەت شانبەشانی درەوشانی ئەستێرەی بابەتی زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆژی). هەروەها بایەخ بە پێوەندی نێوان سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی دراوە.

**سێیەم:** کۆمەڵگا بە چین و توێژی ئەوتۆ دابەش بووە، کە بە ئاشکرا ململانێ و خەباتی چینایەتی لە نێوانیاندا هەستپێکراوە.

**چوارەم:** ئەگەر کۆمەڵگا لە چین و توێژی دژ بەیەکتری پێك هاتبێ، یاخود لە چەند چینێك پێك هاتبێ کە جیاوازی ئابووری و خەبات و ململانێی چینایەتی لە نێوانیاندا راستییەکی گومان هەڵنەگربێت، ئەوا پرۆسە و رەوتی بەرەوپێشچوونی مێژوو و هەموو لایەنە کولتووری و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزرییەوە لە پوختەکەیدا لە لایەن پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەم هێنانەوە دیار و دەستنیشان دەکرێت[1]. ئەمەش لەلای خۆیەوە دەبێتە مایەی ئەوەی دابەشکردنێکی نوێی ئیش و کار و خاوەندارێتی موڵك و ماڵ و دەسەڵاتی ئابووری بکەوێتەوە، ئینجا دەستەبەری گۆڕانی پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان دەبێت.

**پێنجەم:** ئەو بۆچوونە پاساو درایەوە کە ئایدیۆلۆژی و سیاسەت، هزری کۆمەڵایەتی و جیهاندیدی کۆمەڵایەتی و فەلسەفە وەك بەشێکی سەرخانی کۆمەڵگا Uberbau توندوتۆڵ بە ژێرخانی Basis کۆمەڵگاوە بەستراونەتەوە. پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لە لای خۆیانەوە سروشت و ناوەڕۆك و جەوهەرێکی چینایەتیان هەیە. ئەو خەبات و تێکۆشان و ململانێیەی Konflikt تێیاندا رەنگ دەداتەوە کە لە نێوان چینە رەقەبەر و دژ بە یەکترییەکاندا دەقەومێ، ئەم رەوشە راستی ئەم بۆچوونە پشتڕاست و ساخ دەکاتەوە.

---

[1] کورنو، أوغست، مارکس و انجلس حیاتهما و اعمالهما الفکریة، ج4، ت: الیاس مرقص، دار الحقیقة، بیروت، الطبعة الآولی، 1975، ص283 فما بعد.



**شەشەم:** سەرلەنوێ بایەخ بە بابەتی چۆنیەتی پەیدابوونی نەزم و سیستەم و رێژێمی کۆمەڵایەتی درایەوە و چەندین رێگاو پەیڕەو و میتۆدی توێژینەوە و چارەسەری کێشەکەیان پێشنیاز و پێشکەشکراون.

**حەوتەم:** ئەو پرسیارە بە گەرموگوڕی خراوەتە سەر خوانی باسکردن، کۆمەڵگا چۆن پەیدا بووە؟ چۆن کۆمەڵگا بە نەزم و ئارامییەکەیەوە بەرگەی گۆڕانی نەپساوە و بەردەوام دەگرێت و لە بووندا بەردەوام دەبێت و بەرەو پێش دەچێ؟ کامیان بەرلەوی تریان دێت، تاکەکەسان، یاخود کۆمەڵگا، پێوەندی نێوانیان چۆنە و چ سروشتێکی هەیە؟!

## 2- جۆرەکانی تیۆری ململانێ

تیۆری ململانێ کە بابەتی سەرەکی ئەم نووسینەیە[1]، ئەوەندەی پێوەندی بە سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەیە، بە چەندین جۆر رەنگی رێژراوە و خەت و خاڵی داوە، بەلای ئێمەوە گرنگترین جۆرەکانی ئەم تیۆرییە ئەم دووانەن:

**یەکەم:** تیۆری ململانێ و خەباتی چینایەتی لە لای کارڵ مارکس.

**دووەم:** تیۆری ململانێی دوای قۆناغی سەرمایەداری، بەتایبەتی دوای جەنگی یەکەمی جیهان کە گۆڕانی سەرتاپاگیر بەسەر پێکهاتە و پێوەندییە ئابووری و چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکاندا هاتووە، لە لای پرۆفیسۆر دارندۆف لە شاکاری Class and Class conflict in Industrial society.1959 واتە چین و ململانێی چینایەتی لە کۆمەڵگای پیشەسازی (سنعاتکار)دا ، خەتوخاڵی داوە.

سەدەی نۆزدەیەم کە بە سەدەی شۆڕشی سەرتاپاگیری زانست دادەنرێت لە کۆمەڵگا و وڵاتانی ئەورووپا گۆڕانی لەڕادەبەدەر بەرپاکردووە، رەوشی کۆمەڵگای ئەوسای بە هەموو لایەن و پێوەندییەکانییەوە بەرەو قۆناغێکی نوێ تەکان داوە.

---

[1] وشەی ململانێ لە جیاتی وشەی Conflict بەکارهاتووە. دوور نییە وشە کوردییەکە پڕ بە پێستی وشە ئەورووپاییەکە نەبێ، بەڵام لەم وشەیە باشترم بە بیردا نەهات. بەلای منەوە (بەیەکدادان و پێکهەڵپڕژان) تاڕادەیەك لەم وشە ئەورووپاییەوە دوورن.

کۆمەڵگای نوێ کە بە کۆمەڵگای سەرمایەداری ناوبراوە وەك ئەنجامێکی شۆڕشی پیشەسازی لە جێگای کۆمەڵگای پەککەوتووی فیوداڵی Feudalsystem جێگیربووە. سیاسەت و ئایدیۆلۆژی جێگای ئایینیان گرتۆتەوە، جووتیاری جاران ئامرازی تێکۆشان و ناوەندی خەباتی داوەتە دەست کرێکاری شار و چارەنووسی پاشەڕۆژی بەو چینە سپاردووە کە بە چینی پرۆلیتاریا ناوبراوە. بۆرژوازی Bourgeoisie، واتە هاوولاتی دەستڕۆیشتووی شار و بازێڕ جێگای میر و ئاغا و دەرەبەگی گرتۆتەوە.

لەو کەشوهەوایە نوێیەدا کە لە ژێر سێبەری رەوشی سەرمایەداریدا لە ئارادابووە چەندین رێبازی سیاسی و ئابووری و فەلسەفەیی و کۆمەڵایەتی کە چەندین جیهاندیدی هەمەجۆریان بەرجەستەکردووە، سەریان هەڵداوە و گەشەیان کردووە کە دەکرێ لە نێوانیاندا چەندین تیۆری کۆمەڵایەتی پشت ئەستوور بە بنەمای ئابووری و فەلسەفە و سیاسەت بەدی بکرێن. ئەو تیۆرییانە بە پێی ئەو ئامانجانەی رەنگیان رشتوون و ئەو رێبازانەی گرتوویانەتەبەر لە دوو جیهاندیدا، کە لە چوارچێوەی پەرەسەندنێکی ئابووری پشت ئەستوور بە چەمکی بەهای ئیشوکار بەدەرنەبوون، پۆلێن دەکرێن:

**یەکەم:** جیهاندیدێك کە بەندە بە هەڵوێستی رەخنەگرتنی رادیکاڵییانەی ئابووری سیاسی سەردەمی خۆی. بزووتنەوەی کۆمەڵگای بە پرۆسەیەك داناوە، کە بە قانوونەکانی پەرەسەندن و بنەماکانی ئابووری سەرمایەداری نوێ کە لە چوارچێوەی لێکدانەوە و تێگەیشتنی مەتریالیستییانەی مێژووە دەستبەکار بوون، لێك داوەتەوە. ئەم جیهاندیدە بە تێکڕایی ئەگەرچی لە باوەشی سەرمایەداریدا خەتو خاڵی داوە، بە کردەوە و بە هۆی ململانێ و خەباتی چینایەتییەوە کە بە هۆکاری پەرەسەندنی کۆمەڵگای داناوە، کۆششی لە ناوبردن و گۆڕینی سەرتاپای هەیکەلی رێژێمی سەرمایەداری کردووە. ئەم جیهاندیدە ئەگەرچی کۆرپەی رێژێم و کۆمەڵگای سەرمایەداری بووە ویستوویەتی رێژێمی سەرمایەداری لە ناوبەرێت و لە



جێگاکەیدا رێژێمێکی نوێی پشت ئەستوور بە پێوەندی نوێی کۆمەڵایەتی و بنەمای ئابووری و سیاسی فەلسەفەیی و سیاسی ... تاد، جێگیر بکات، کارڵ مارکس رابەرێکی بەرچاوی ئەم رێبازەیە، کە بە درێژایی ژیانی خۆی بۆ لە ناوبردنی رێژێمی ئابووری و سیاسی سەرمایەداری داناوە و کۆششی بۆ ئەم مەبەستە کردووە.

**دووەم:** جیهاندیدی دووەم ئەگەرچی وەك ئەوەی مارکس لە باوەشی جیهانی سەرمایەداریدا پێگەیشتووە و بگرە ئەنجامێك بووە لە تێگەیشتن و پەرەسەندنە فرە رەنگییەکەوە کەوتۆتەوە، بەهیچ جۆرێك هەوڵی گۆڕینی رەوشە هەڵکەوتەکەی نەداوە، ویستوویەتی رەوشەکە، سیستەمە سەرمایەدارییەکە — لە چوارچێوە گشتییەکەیدا وەك خۆی بمێنێتەوە، بەڵام کەلەبەرە بچووك و هەندەکییەکانی پڕ بکاتەوە، کەموکورییەکانی چارەسەر بکات. گۆڕانێك بکات تەنیا بریتی بێت لە چاکسازی، بەڵام رێژێمە ئابوورییە سیاسییەکە دەسکاری نەکرێت، ئەو کەموکورییانەی لە پرۆسەی پەرەسەندن و گۆڕاندا دەردەکەون بەجۆرێك چارەسەر بکرێن کە رێژێمەکە لەگەڵ پێکهاتە کۆمەڵایەتی و لەگەڵ کۆمەڵگادا بگونجێ و تەبابێت. بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراتییەکان لە سەرەتادا ئینجا لە دواییدا تیۆری ململانێ کە پتر بەناوی سۆسیۆلۆژیست و فەیلەسووفی بەناوبانگی ئەڵمان پرۆفیسۆر (رالف دارندۆرف)ەوە ناسراوە R.Dahrendorf رابەری ئەم لایەنە دەکەن.

### 3- تیۆری ململانێ و خەباتی چینایەتی:

1- ئەگەرچی رابەری ئەم تیۆرییە کارڵ مارکس (1818-1883ز) لە ژیانی نووسینی و لە بەرهەمەکانیدا نە وشەی سۆسیۆلۆژی بەکارهیناوە و نە بە ئاشکرا ناوی وشەی ململانێی هێناوە Konflikt ئەوا بە رابەری راستەقینەی ئەم تیۆرییە دادەنرێ، کە ئەو وشەی خەباتی چینایەتی پێ راستتر بووە. بەلای مارکس و لایەنگرانییەوە رستە و ناونیشانی مەتریالیزمی مێژوویی ئەو تیتر و ناونیشانەیە

که زانستیانه ئەم لایەن و بابەتە دەردەبڕێ. هەروەك لەو ناوەوە دەردەکەوێ، لێرەدا لەم تیۆرییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەلسەفەییەدا مێژوو توندوتۆڵ بە کۆمەڵگاوە بەندکراوە و بەجۆرێك لێك دەدرێتەوە کە لەلایەن پرۆسەیەك کە بە دیالێکتیك ناونراوە کۆنترۆڵ دەکرێت. پرۆسەی بەرەوپێشچوونی مێژوو هۆکاری ماددی هەیە، پرۆسەکەش کە جۆرە چالاکییەك بەرجەستە دەکات دیالێکتیکییانە هەنگاو دەنێ، بە پێی ئەم بۆچوون و جیهاندیدەوە لە هەموو قۆناغێکی پەرەسەندنی کۆمەڵگادا — شێوازێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنان و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان (Produktions verhaltnisse) باو و دەستبەکار دەبن. هەروەها تۆڕێکی پێکهاتەی پێوەندی لە نێوان خەڵکدا دەبێت بە جۆرێك لەگەڵ ئەو شێوازەی بەرهەمهێنانەدا شیاو و گونجاو بێت[1]. هەر وەك لە وشەی دیالێکتیکدا دەردەکەوێ، ئەوەندەی پێوەندی بە زانستی کۆمەڵایەتییەوە (سۆسیۆلۆژی) هەیە، بەردەوام و بێ پسانەوە بە پێی گۆڕانی پێداویستییە ناچارییەکانی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ گۆڕان بەسەر شێوازی بەرهەمهێناندا دێت، ئیتر بە هۆی پێداویستییەکانی ژیان و رەوتی نەسرەوتی کۆمەڵگا و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و داهێنان و دۆزینەوەی زانستی و تەکنەلۆژی شتی نوێ دێتە کایەوە، ئەم رەوشە نوێیە بە هۆی گۆڕان و پتر بوونی پێداویستییەکان و .... تاد، رەوشێکی نوێتری بەرهەمهێنان دێتە کایەوە. بەرانبەر ئەم رەوش و دۆخە نوێیەی بەرهەمهێنان پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نێوان چینەکانی خەڵك و مرۆڤ کە بە شێوەی کۆن ماوەتەوە جۆرە ناکۆکی و ناتەباییەك Widerspüche سەرهەڵدەدەن.

ناکۆکی نێوان پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و ئەو شێوازە نوێیەی بەرهەمهێنان، کە بە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و زانستی و تەکنەلۆژی و ئابوورییەوە کەوتۆتەوە، ململانێیەکی گەرموگوڕ لە نێوان چین و توێژە

[1] لیوشتراوس، جوزیف گروبسی، تأريخ الفلسفة السياسة،ج2، ت: محمود سيد احمد، مراجعة: إمام عبدالفتاح إمام، المجلس الأعلى للثقافة، مصر، 2005، سلسلة 810، ص 480 فما بعد.



سەرەکییەکانی کۆمەڵگادا، لە نێوان چینی زۆرینەی کۆمەڵگا کە بەرهەمهێنەری شتومەکی پێداویستی کۆمەڵگایە و لە نێوان چینی خاوەن دەسەڵاتی ئابووری دەستبەکار بەرپا دەبێ و هەڵدەگیرسێ، ئەمەیە سەرچاوەی هەموو جۆرە خەباتی چینایەتی و ململانێیەك لە مێژوودا.

ئەم پرۆسە و رەوتە کە مارکس وا سەرنجی[1]داوە کە بریتییە لە جۆرە ناچارییەکی ئابووری، لەوەوە هاتووە کە مێژووی کۆمەڵگا هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە لە مێژووی ململانێی و خەباتی نێوان چینی ژێردەستەی بەرهەمهێنەر و چینی دەست رۆیشتووی خاوەن دەسەڵاتی ئابووری چەوسێنەر بەولاوە شتێکی تر نەبووە، لەم خەبات و تێکۆشان و ململانێی و گۆڕانەشدا هۆکاری ئابووری ئەو فاکتەرە بووە، کە بنەڕەتیانە و لە بنج و بناوانەوە بنیاد و پەرەسەندنی کۆمەڵگای دیار و دەستنیشان کردووە.

2- ئەو جیهاندیدە ئابووری، فەلسەفەیی و سۆسیۆلۆژیەی مارکس بە دوو گریمانەوە بەندە، هەردووکیشیان بە شێوەیەکی دەستیاوی بەیەکەوە بەستراونەتەوە، وەك ئەنجامێکی مەنتیقییانە یەکێکیان لەوی تریان دەکەوێتەوە:

**یەکەم:** هۆکاری ئابووری ئەو هۆکارەیە کە بنیاد و پەرەسەندنی کۆمەڵگا و نەزم و دیسپلینی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنان دەستنیشان دەکات ... بەم پێیە پرۆسەی بەرهەمهێنان و رێکخستنەکەی، کە بریتییە لە بنیادی ئابووری کۆمەڵگا سەرخانی کۆمەڵگا و پێکهاتەی سیستەمی ئابووری و قانوونی و کۆمەڵایەتی و زانست و ئاکار و فەلسەفە و رێژێمی سیاسی دیاری دەکات. رێکخستنی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان پشت ئەستوور بە ئامرازە تەکنەلۆژییەکانی بەرهەمهێنان بەجۆرە پێوەندییەکی ناچاری (حەتمی) خەڵکەوە گرێدراوە، ئەو پێوەندییەی خەڵکیش کە بۆ بەرهەمهێنانی شتومەك و کەلوپەل

[1] Munch, Richard, Soziologische Theorie. Bd.I. Frankfurt – New York. 2002. S.117 ff.

پێویستە پرۆسەیەکە ئەندامانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەناچاری بەشداری تێدا دەکەن بەبێ پابەندبوون بە خواستی مرۆڤەو پەرە دەستێنێ.

دووەم: گریمانەکەی تر لە جیهاندیدی سۆسیۆلۆژی مارکسدا کە بە بۆچوونێکی فەلسەفەوە بەندە، توندوتۆڵ بە میکانیزمی گۆڕانەوە بەستراوە[1].

هەموو شتێك لە جیهاندا، لە کۆمەڵگادا بەشی لە گۆڕاندا هەیە و دەگۆڕێ تەنیا قانوونی گۆڕان خۆی لەم پرۆسەی گۆڕان بەدەرە. ئەم گۆڕانەش بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێ کە پرۆسە دیالێکتیکییەکە بەرجەستە دەکات و بەم پێیە بەرەو پێش دەچێ و پیادە دەبێت:

1- تێزە: These.

2- دژە تێزە: Antithese.

3- پێکهاتە لە هەردووکیان: سونتێزە: Synthese.

نەزم و سیستەمی بەرهەمهێنانی ئابووری بەڕەوشێکی ئارام دەستپێدەکات، کە لە سەردەمی خۆیدا وا هاتۆتە بەرچاو کە پێشکەوتووترین سیستەمی بەرهەمهێنانە، بەڵام بە هۆی گۆڕان و لە ئەنجامی داهێنانی زانست و توێژینەوە و تەکنەلۆژییەوە و لە ئاکامی سوودوەرگرتن لە بازاڕ و بازرگانی نوێ و کەرەسەی خاوەوە ئەم ڕەوشە- تێزەیە دەبێ بە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم پتر پەرەسەندنی پێشکەوتووانەی ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، بۆیە پێویست بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دەکات بۆ لەناوبردنی ئەو سیستەمە و داهێنانی سیستەمێکی نوێی بەرهەمهێنان کە هەردووکیان (تێزە- ئەنتی تێزە) بە کۆن و نوێوە بگرێتە خۆی.

بەم پێیە لە کۆمەڵگادا دوو چینی سەرەکی لەئارادا دەبن، کە یەکێکیان سەر بە سیستەم و نەزمی بەرهەمهێنانی کۆنی لەناوچوو، ئەوی تریان سەر بە سیستەمی نوێ دەبێ کە خەریکی خەت و خاڵدانە و پێکدێت، ململانێ و خەباتی چینایەتیش لەم کایەیەدا ئەو ئامرازەیە کە کۆمەڵگا لە قۆناغێکەوە بۆ

[1] تیماشیف، نیقولا، نظریة علم الآجتمع طبیعتها و تطورها، ت: د. محمود عودة و آخرون، مرجعة: د. محمد عاطف غیث، دار المعارف بمصر، الطبعة الثامنة، 1983، ص85 و في اماكن أخری.



قۆناغێکی تر دەبات. ئەو ململانێیە و ئەو خەباتە چینایەتییە لە نێوان چینی سەرمایەداری خاوەن ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و چینی کرێکار (پرۆلیتاری)دا دەبێ و ئەم ڕەوشەش شتێکی ناچارەکییە و دەبێتە مایەی گۆڕانی سەرتاپای پێوەندییە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا. ڕێژیمی کۆن لە ناودەچێ لە جێگای پێوەندییە ئابوورییە کۆمەڵایەتییە کۆنەکانی کۆمەڵگا پێوەندی نوێ، خاوەندارێتی بە کۆمەڵ و کۆی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان جێگیر دەبێت. Kollektiver Produkion.

ئەگەر فاکتەری ئابووری هۆکاری سەرەکی گۆڕان بێت، ئەوە ساغ دەکاتەوە کە ((گۆڕان)) دیاردەیەکی نائاسایی و نالەبار نییە و بەپەرچی ئەوەش ناداتەوە کە نەزم و ڕێکوپێکی و ئارامی لە هەموو کات و شوێنێکدا وەك ئامانج کۆششی بۆ کراوە، گۆڕان، بە باری نالەباریدا لەگەڵ ناڕێکوپێکیش ئەگەرچی وا هاتبنە بەرچاو کە گوایە دیاردەی ساتەکی بێت، ئەوا هەردووکلایان دوو رووی یەك پرۆسە و هەڵکەوت و ڕاستییەکن، ڕێکوپێکی و نەزم و دیسپلین ساخ دەکەنەوە. بوونی نەزم و ئارامی و ڕێکوپێکی هیچ کاتێك بوونی پێچەوانەکەیان ڕەتناکەنەوە، ئاژاوە و هەڕەمەکی و سەرگەردانی و گێرەشێوێنی هەموو کاتێك بوونی پێچەوانەکەیان ساخ و پشتڕاست دەکەنەوە. مرۆڤ کاتێك هەست بە بوونی ئاژاوە دەکات، کە پێشتر لەگەڵ نەزم و لەسایەی ڕێکوپێکیدا ژیابێ. کۆمەڵگا و ژیانی ئاسوودە و ئارام، ڕەوشی کۆمەڵایەتی بێ ململانێ و کێشە و بەرە، بەبێ گۆڕان و پەرەسەندن تەنیا لە مێشك و بۆچووندا هەن و لە هەڵکەوت و ڕاستەقینەدا بوونیان نییە. گۆڕان وەك لایەنی لە باری هەیە دەبێ ناچاری ئاسا لایەنێکی تریشی هەبێ، کە دەکرێ بە نالەبار ناوببردرێ. لە هەر جێگایەك خۆشی و بەختەوەری هەبێ، دەبێ بێ سێ و دوو کردن ناخۆشی و کلۆڵیش هەبێ. ئەمەیە قانوون و بنەماکانی ژیان.

3- ئەگەر مێژوو، وەك مارکس و ئینگڵز لە مانیفێستدا وتوویانە، لە مێژووی خەبات و تێکۆشان و ململانێی چینایەتی بەولاوە نەبێت، ئەوا

لەلایەکەوە گۆڕان و پەرەسەندن کە لەو ململانێیە دەکەونەوە دەبن بە بنەمای ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگا و شارستانییەت. لەلایەکی ترەوە ئەم خەباتی چینایەتییە ناوەڕۆك و بایەخی خۆی هەیە بریتییە لە بەرەوپێشچوونی بەردەوامی مرۆڤی پێشکەوتنخواز، ئینجا چینەکان کە خەبات دەکەن دەچنە ژێرباری ئەم پێشکەوتنەوە هەریەکە بە پێی ئەو ناوەند و مەڵبەندەی لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا هەیەتی، سوود و قازانجی ئابووری چینەکە خۆی دەستەبەری بەکارخستنی ئەم پرۆسەیە دەبێ.

چینی پێشوو کە لە سەردەمی پێشوودا پێشکەوتنخواز بووە، کۆتایی بە دار و دەستە و پێوەندییە چینایەتییەکانی پێش خۆی هێناوە، بۆ نموونە سەرمایەداری کۆتایی بە شێواز و پێوەندی چینایەتی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەت هێناوە، بەڵام دوای ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری بە دەست دەهێنێ و دەبێ بە چینی کاربەدەست ئەو پێکەوتنخوازەی جاران نامێنێ[1] و دەکرێ بگوترێ، دەبێ بە کۆنەپارێز (محافەزەکا: Konservativ). چینە نوێیەکە کە بەرانبەر بەو چینە دەسەڵاتدارە، کە پێشکەوتنخوازی جارانی کاڵ بۆتەوە ناچاری خەبات و تێکۆشان دەبێ و لە دواییدا بەسەریدا زاڵ دەبێت.[2]

چۆن بابەتەکانی فیزیك، دیاردە سروشتییەکان پابەندی ئەو بنەما و قانوونانەنە کە بە قانوونەکانی میکانیك ناودەبرێن، بە هەمان شێوە خەبات چینایەتی پابەندی چەند قانوونی دیاریکراون کە سروشتێکی ناچارییان هەیە، ئەنجامەکەشی دانانی بەردی بناخەی کۆمەڵگایەکی بێ چینە، یان کۆمەڵگایەکە هیچ جۆرە ناکۆکی و دژایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی و دەستبەسەرداگرتن لە نێوان چین و توێژ و پێکهاتەکانیدا نەبێت.

---

[1] Theimer, Walter. Der Marxismus Bern. 1950. s. 62.

[2] ڕەخنەیەك کە لێرەدا لە مارکس دەگیرێ ئەوەیە، کە چینی جووتیار ئەگەرچی دژی دەرەبەگایەتی تێکۆشابێ، ئەو تێکۆشانە فیودالیزمی لەناو نەبردووە، بەڵکو چینی بۆرجوازی بچووکی شار فیۆدالیزمی لاواز کردووە. ئەم ڕایە بە پێچەوانەی گریمانەکەی مارکسەوەیە، کە باسی خەباتی چینە دژ بەیەك و ڕقەبەرەکانی کردووە.



پەرەسەندن و گەشەکردن و بەرەوپێشچوون Der Fortschritt قانوونی چالاکی مێژوون، مێژووش لە مێژووی کۆمەڵگا و پێوەندییە فرەڕەنگییە کۆمەڵایەتییەکان بەولاوە نییە سوود و قازانجی ماددی — ئابووری مرۆڤ ئەو فاکتەر و هۆکارەیە، کە ئەم پەرەسەندن و پێشکەوتنەی کردووە بە قانوونی بزووتنەوە و پێشڤەچوونی نەپساوەی مێژوو.[2]

4- بیرۆکەی ململانێ و خەباتی کۆمەڵایەتی لە نێوان چین و توێژەکاندا گۆڕانی کۆمەڵایەتی و پەیدابوونی چینی پڕۆلیتار لە باوەشی چینی تازە پێگەیشتووی سەرمایەداری Kapitalism لەبەر یەك هەڵوەشاندنی سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕێژێمی سیاسی سەرمایەداری لە دوا ڕۆژدا[3]، ئینجا دیاردەی خاوەندارێتی تایبەتی موڵك و ماڵ و سامان، ئەو چوارچێوەیەیە، کە کارڵ مارکس دید و جیهانبینی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فەلسەفەیی خۆی تێدا داڕشتووە. لەم چوارچێوەیەدا ئەو گریمانەیە پشتڕاستکراوەتەوە کە دیسپلین و پێکهاتەی ئابووری بە تایبەتی سیستەمی موڵکدارێتی کار لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا دەکات، قانوونێك لە قانوونەکانی پرۆسەی کۆمەڵایەتی بەیەکەوە بەسترانەوەی دەستیاوی بەرهەمهێنان و ئاستی ئەو هێزە بەرهەمهێنەرانەی خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن. پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان بە ئاستی پەرەسەندنی هێزە بەرهەمهێنەرەکانەوە گرێدراون. مارکس بەم پێیە گریمانەی تێزەیەکی تری کردووە، کە بە بنەمایەکی ناچارەکی داناوە، Nötwendigkeit: ئەگەر ئەو هێزانەی خەبات و ململانێی چینایەتی هەڵدەگیرسێنن لە سروشتی سیسەتمی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاوە پەیدا بن ئەوا:

**یەکەم:** ئەو خەباتە، ئەو ململانێیە سروشتی دیالێکتیکی هەیە، ڕێکخراوە ئابوورییەکە خۆی ورووژێنەری هۆکار و ئامرازی لە ناوبردنی ڕێژێمی کۆن دەبێ.

---

[1] Theimer, W., Ebenda. S. 63.

[2] تیریز، جوناثان، بناء نظرية علم الآجتماع، ت: د. محمد سعيد فرح، دار المعارف، اسكندرية، مص، 2006، ص104، و في اماكن مختلفة.

**دووەم:** ئەو ململانێیە، ئەو تێکۆشانە چینایەتییە کە لە نەزمە Ordnung کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن لە دوو جەمسەری دژ بەیەکتری پێکهاتوون، چینی چەوساوە و دەستبەسەرداگیراوی پرۆلیتار و چینی دەستڕۆیشتووی خاوەن سەرمایە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان.

**سێیەم:** گۆڕانی کۆمەڵایەتی خۆی جارێکی تر دەبێتەوە بە هۆکاری ململانێ و خەبات چینایەتی بەرپا دەکات.[1]

**چوارەم:** پێوەندییەکی توندتۆڵی لە پسان نەهاتوو لە نێوان ململانێی سوود و قازانج و خەباتی چینایەتی و لە نێوان دەستبەسەرداگرتن و کۆنترۆڵکردن و چەوساندنەوەدا هەیە. هێز و توانا و دەسەڵات لە سامان و دارایی دەکەونەوە، هاوسەنگی پێوەندی دەستیاوی لە نێوان سامان و هێز و تواناو دەسەڵاتی سیاسیدا هەیە، ئەوی توانا و هێزی ئابووری هەبێ دەسەڵاتی سیاسیش بە دەست دەهێنێ.

**پێنجەم:** مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە(کار) لە بوونەوەرەکانی تر جیای دەکاتەوە. (کار) جەوهەری مرۆڤایەتی مرۆڤ ساغ دەکاتەوە. پێوەندی مرۆڤ بەخۆیەوە بە هۆی پێوەندی بە مرۆڤی ترەوە- دەبێت بە پێوەندییەکی بابەتی راست و راستەقینە. لێرەوە:

**شەشەم:** کۆمەڵگا قەوارە و پێکهاتەیەکی ماددی رووت و بێگیان نییە لە بەرانبەر تاکەکەساندا کە لێوەیان پێکهاتووە، بەڵکو ئەگەر مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی بێت ئەوا ژیانی مرۆڤ بە شێوە کۆ و بە کۆمەڵەکەیەوە لەگەڵ کەسانی تر دووپاتکردنەوە و دەربڕینی ژیانی کۆمەڵایەتییە[2].

[1] ئەم گریمانەیە هەویرەکەی ئاوێکی فرە دەکێشێ. لە مێژوودا نەدیتراوە لە ئەنجامی ململانێی دووبارەبوونەوە چینی دژ بەیەکتری ڕەوشێکی نوێ هاتبێتە ئاراوە. فیۆدالەکان چینی دەسەڵاتداری خاوەن کۆیلەیان لاواز کردووە نەك چینی کۆیلە خۆی. بۆرجوازی بچووکی شار نەك کرێکار، فیۆدالیزمیان لاواز کردووە. ئەم گریمانە کەپیتالیزمیش دەگرێتەوە.

[2] زایتلن، ارفنج، النظرية المعاصرة في علم الآجتماع، ت: د. محمد عودة و د.إبراهيم عثمان، دار السلاسل، الكويت، 1989، ص405 فما بعد.



**حەوتەم:** پراکسیس، کردار و رەفتاری مرۆڤ ئەو بابەتەیە کە گەرموگوڕی و گیان بەخودی مرۆڤ دەبەخشێ و پراکسیسی کۆمەڵایەتی لەلای خۆیەوە هێزی داهێنانی خودی خۆی مرۆڤ رەوا دەکات و دەبێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ بوونی کاریگەری خۆی وەك بوونەوەرێکی هۆشیار لە کۆمەڵدا پشتڕاست دەکاتەوە.[1]

**هەشتەم:** ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لە دڵخۆشکردن بەولاوە هیچ برینێك سارێژ ناکات و هیچ کێشەیەکی راستەقینە نە چارەسەر دەکات و نە بەلایەکی دادەخات بۆیە لە ئەفیونی میللەتان بەولاوە شتێکی تر نییە.

**نۆیەم:** بۆیە پشت ئەستوور بە تێزەی مارکس لەگەڵ لایەنگیرەکانی هیگڵ لەو باوەڕە دابووە، کە ئایین (لێرەدا ئایینی مەسیحی مەبەستە) ئەو هێزەیە، کە مرۆڤ لە خود و کەسایەتی خۆی و لە ئازادی بێبەشی دەکات. ژیانی ئێستای لەبەرچاو دەخات و دڵی بە جیهانێکی ئەفسووناوی خۆش دەکات.

**دەیەم:** لەناوبردنی موڵکداریێتی تایبەتی Privateigentum بریتییە لە لەناوبردنی بنەماکانی جیاوازی چینایەتی و تێکۆشان و ململانێ توێژ و چینەکان و دەبێتە مایەی هەڵتەکاندنی بنەمای کۆمەڵگای بۆرژوازی.

**یازدە:** ئەگەر چینی پرۆلیتار و موڵك و سامان یەکەیەکی دژ و ناکۆکی یەکتری بن ئەوا لەناوبردنی ئەم ناکۆکی و ناتەباییە دەبێتەمایەی لەناوچوونی دەزگای دەوڵەت و دەستەبەربوونی ژیانی دیموکراتیانە.

**دوازدە:** لە کاتی چەسپاندنی دیموکراتیەتدا بە شێوەیەکی سەرتاپاگیرانە دەوڵەتی سیاسی لە ناو دەچێت هیچی تر لە توانایدا نابێ خزمەتی سوود و قازانجی گشت چینەکانی کۆمەڵگا بکات و بگرە خۆی لە دەزگایەکی سیاسی کە خزمەتی سوود و قازانجی چینی دەستەڵاتدار دەکات بەو لاوە شتێکی تر نییە.

[1] Israel, Joachim. Der Begriff Entfremdung. Hamburg, 1985. s. 101.

**سێزده:** بەهەند دانانی ژێر ڕێزلێنانی ئازادییە، ئازادی ڕاستەقینەش بریتییە لە ڕزگار بـوون لـە کۆمـەڵگای بـۆرژوازی، ڕزگـاربوون لـە دەسـەڵاتی دەزگـا و دۆگمەکانی ئایینی عیسایی و دەوڵەت و موڵکداریێتی و سامانی تایبەتی.[1]

## 4- ململانێ لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا:

1- جۆری دووەمی تیۆری ململانێ، ئەو جیهاندیدە بەرجەستەی دەکـات کـە پرۆفیسۆر دکتۆر دارندۆرف لە شاکاری چین و ململانێی چینایەتی لە کۆمـەڵگای پیشەسازیدا ڕەنگی ڕشتووە:

Class and Class Conflict in industrial Society 1959 .

ئەم تیۆرییە وەك لەم بەرهەمەدا خراوەتەڕوو لە ڕقەبەری کـردن و تـوێ تـوێ کردنی تیۆری خەباتی چینایەتی مارکس بـەولاوە نییـە. دارنـدۆرف لەوێـدا وای نیـشان داوە گوایـە ئـەو هەوڵـەی بریتییـە لـە ((پوچـەڵکردنەوەی ئیمپریـی و ئەزموونیانە و لەبەر یەکبردنی تیۆری مارکسیزم))[2]. بەم هەوڵەی ویـستوویەتی تیۆری ململانێ و خەبات بەجۆرێك شەنوکەو بکات بکـرێ لـە پرۆسـەی سیاسـی هەردوو کۆمەڵگای سەرتاپاگیر و پیشەسازی ئەم سەردەمە، سەدەی بیستەم، کـە ئەو بە قۆناغی دوای سەرمایەداری ناوی بردووە پیادە بکرێ Poskapitalist.

**جیهاندیدی ئەو کۆمەڵناس و فەیلەسووفە ئەڵمانە پشت بە دوو گریمانە دەبەستێ:**

**یەکەم:** دوای قۆناغی مارکس، کە کۆمەڵگا لـە سـەردەمی ئـەودا بـە دوو چینی دژ بەیەکتری دابەش ببوو، ئەوروپا بە گشتی جـەنگی کاولکـار و گـۆڕانی

[1] ئەو گازندەیەی لێرەدا دەکرێ ئەوەیە، گۆڕینی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگا کارێك نییە هەر نەخشەی بۆ بڕێژدرێ. پرۆسەیەکی دوورخایەنە. هەوڵدان بۆ دابینکردنی ژیانی ئازادی لە کۆمەڵگایەکی ئازاددا مرۆڤی وای گەرەکە کە ئازاد بن و بڕوایان بە ئازادی بێت. نەخشەڕشتنی بێ بنەما خەیاڵ و یۆتۆپییە.

[2] زایتلن، إرفنج، المصدر السابق، ص158



سەرتاپاگیری ئەوتۆی بەسـەرداهات، پەرەسـەندنی کۆمـەڵگاکانی لـەو پرۆسـە و ڕەوتە لایانداوە کە مارکس لە سەردەمی خۆیدا و پشت ئەستوور بە ڕووداوەکـانی سەدەی نۆزدەیەم پێشبینی کردبوو. چینی سەرمایەداری لە ناوەڕۆك و ڕوخـساردا گۆڕاوە  هیچی تر کۆسپ نەبووە لەبەردەم بەرەوپێشچوونی پێشکەوتنخوازانەدا و هاندەری خەبات و ململانێیەك نەماوە کە ببێتە مایەی شۆڕشی چینی پڕۆلیتار و هەڵگەڕانەوە و گۆڕانی ڕیشەیی کۆمەڵگا. سـەرمایەداری قۆنـاغی پیـشەسازی، دوای ئەو گۆڕانەی بەخۆیەوە دیویەتی بووە بە سەرمایەدارییەك کە بـە تـەواوەتی لەگەڵ کۆمەڵگا و ژیاندا گونجاوە. چینی پڕۆلیتاریش لـەلای خۆیـەوە ئـەو چـینە یەکڕەنگە و تۆکمە و یەکپارچەی جاران نەماوە و گۆڕانی بەسـەرداهاتووە نـاکرێ ئەو ڕۆڵەی جارانی بگێڕێ کە مارکس پێی سپاردبوو. تەکنەلۆژی و دابەشـکردنی ئیشوکار و بڵاوبوونەوەی مرۆڤی پسپۆر و شارەزا بۆتە مایەی ئەوەی کـە نـەکرێ لە هـیچ ڕێکخراوێکـدا هێـزی کرێکـاران کۆبکرێتـەوە، خـۆ ئەگـەر ئـەو هێـزە شۆڕشگێڕەی کرێکـاران مابـێ، وەك گریمانەیـەك، نـەتوانای گـۆڕینی سیاسـەتی کۆمەڵی هەیە و نەدەتوانێ بەرەنگاری هێز و توانای لە ڕادەبـەدەری تەکنـەلۆژی ببێتەوە، جگە لەوەی بەڕێوەبردنی کاروبـاری سیاسـی دەوڵـەت و سـەرکردایەتی کردنی گۆڕان و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا ئەوندە ئاڵۆز و ورد و گرنگ بـوون لـە توانای چینێکدا نەماوە بەتوانا و پێکهاتە و ئامرازەکانی خـۆی بـە تـەنیا بـەبێ پشت بەسـتن بـە کەسـانی زانـا و سیاسـی و ئابووریـنـاس و تـەکنۆکرات تێیـدا سەربکەوێ. خۆ ئەگەر، دیسانەوە وەك گریمانەیەك، سوود لە هێزی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران وەربگیرێ، بەڕێوەبردنی دەوڵـەت لـەم سـەردەمەدا پێویـستی بـەجۆرە تەکنیکێك هەیە کادیری شیاو و لێهـاتووی خـۆی دەوێ. سـتەمە تـەکنۆکراتێك ئەگەر لە خێزان و خانەوادەیەکی کرێکاریشەوە پێگەیشتبێ وەك کرێکارێـك بـیر بکاتـەوە و ڕەفتـار بکـات. پێگەیانـدنی کۆمەڵایـەتی، پـەروەردە، خوێنـدن و زانکۆکان و زانست لە لایەن خۆیانەوە جۆرە بزووتنەوەیەکیان داهێناوە کە بـزاوت

و جێگۆڕکێی کۆمەڵایەتی پێدەگوترێ (Social mobility). بە هۆی خوێندنەوە کوڕە جووتیارێك، ڕۆڵەی خێزانی کرێکارێك دەبێ بە ئەندازیار، پزیشك، سەرکردە، بە پێچەوانەشەوە ڕۆڵەی خێزانی خانەدانان دەبێ بە دوکاندار و فەرمانبەرێکی سادە، بۆیە دیسان ستەمە باسی چینێکی تۆکمە و یەکگرتووی کرێکاران بکرێت. ئەگەر مرۆڤ سەرنجی کۆمپانیا و فابریك و کارگەکانی ئەورووپا بدات، لە نزیکەوە تەماشایان بکات، دەبینێ کرێکارەکانیش لە نێو خۆیاندا توێژ و پلەی جیاوازیان هەیە، ئیتر بە پێی پلە و ڕادەی خوێندن و شارەزاییان لە یەکتری جیا دەکرێنەوە بۆیە دەکرێ باسی چەند جۆرە مرۆڤێکی کارگەر بکرێت، شارەزا، نیمچە شارەزا، سادە و ساکار، ئەم پلە گۆڕی و جیاوازییەی مەڵبەند و نێوەند جیاوازی بۆچوون و ئامانج و هەڵوێستی لێدەکەوێتەوە، بۆیە ناکرێ گۆڕانی شۆڕشگێڕانە و سەرکردایەتی کردن و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و کۆمەڵگا لە چینی کرێکار چاوەڕوان بکرێت؟!

**دووەم:** مارکس لە بەشی سێیەمی کتێبی سەرمایەدا Das Kapital ویستوویەتی ئەو لایەنەی خاڵی یەکەم، کە خستمانە بەرچاو، توێ توێ بکات، بەڵام کۆچی دواییەکەی دەرفەتی ئەم کار گرنگەی نەداوە، بۆیە ئەرك و چالاکییەکەی لە تەواوکردنی جیهاندیدە سەرتاپاگیرەکەی بەشی سێیەمی ئەم شاکارەدا بە نیوەچڵی ماوەتەوە و باسی ئەو گۆڕانەی نەکردووە کە بەسەر شێوازی بەرهەم هێنان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییە — ئابوورییەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی دوای قۆناغی سەرمایەداری باو و کلاسیك داهاتووە. ئەم دوو گریمانەیە ئەنجامێکیان لێدەکەوێتەوە کە وەك بابەت و بڕیارێکی بەلایەکدا خەرانە دێنە بەرچاو و سیما و سروشتی سەردەم بە سەردەمی کۆمەڵگای پیشەسازی — تەکنەلۆژی قۆناغی دوای سەرمایەداری دیار و دەستنیشان دەکات.



**ئەنجامەکە بەم جۆرەیە:**

- ئەو ململانێ و کێبڕکێ و خەباتە چینایەتییەی مارکس کاتی خۆی پێی لەسەر داگرتووە لە نێوان چینی کرێکار و سەرمایەداراندا ئێستا وا نەماوە. ڕژێمی دەستبەکاری سەرمایەداری سوودی لە بۆچوونە زانستییەکانی مارکس وەرگرتووە و تارادەیەك پیادەی کردووە. کارگە و فابریکەکان ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرمایەدارانەوە بەڕێوە ناچن، ئەوان ئەنجوومەنێکی بەڕێوەبردنیان داناوە نوێنەری کرێکارانیشی تێدایە، بۆیە ئەگەر جۆرە ململانێیەکیش هەست پێ بکرێت، ئەوا ئەو ڕقەبەرییە لە نێوان کرێکاران و ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنەوە دەبێت. ئەو گۆڕانە بەرچاوە بابەتی بزاوت و جێگۆڕکێ کۆمەڵایەتی[1] و یەکسانی و ڕێکخستنی ژیرانەی خەباتی چینایەتی لێکەوتۆتەوە. ژیانی کرێکاران خۆش کراوە، بیمە و دەستەبەری کۆمەڵایەتی پاشەڕۆژ و خانەنشینی کارگەران دابین کراوە. کرێکاران ئەو هەست و هۆشەی جارانیان نەماوە کە دەچەوسێنرێنەوە. بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانیش لەلای خۆیەوە کێبڕکێ و خەباتەکەی بەلایەکی تردا بردووە. لە کۆمەڵگادا ئەوەی دڵ بیخوازێ بەدەست دەکەوێ، بۆیە مرۆڤ بەلایەکی تردا سەرنجی ڕکێشراوە و ڕادەکێشرێ.
- پێوەندییەکی ناچارەکیی و تۆبزییانە لە نێوان سامان و موڵك و مەڵبەند و ناوەندی ئابووری و کۆنتر و حوکم کردندا نەماوە. مەرج نییە سەرمایەدار ببێ بە سەرۆکی دەوڵەت. ئەگەر جاران سەرمایەدارێك بە تەنیا کۆمەڵێك فابریك و کارگەی هەبووبێ ئێستا لەو جێگایەدا کۆمەڵە کەسێك تاکە فابریکێکیان هەیە و ئەو هێز و توانایە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەی جارانی نەماوە. ناشتوانن ڕاستەوخۆ ڕەنگی سیاسەتی ڕۆژانەی دەوڵەت بڕێژن وکاری تێ بکەن. (سەرمایەی تێکەڵاو و بە کۆمەڵ لە ئارا دایە).

[1] زایتلن، إرفنج، نفس المصدر السابق، ص191-193 فما بعد.

- سەرمایەداری نوێ، دوای ئەو گۆڕانەی بەسەر چین و توێژەکانی کۆمەڵ و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هاتووە ناچاربووە ملکەچی هەبوونی بنەما و دامودەزگاکانی دیموکراتی و ئازادی بێت، وەك بوونی پەرلەمان و سەندیکا و ڕێکخراوە جۆربەجۆرە گەلییەکان، ئەمانە لە بڕیاردانىدا بەشداری دەکەن و بە تەنیا جڵەوی کار هەر بەدەست سەرمایەدارەکانەوە نەماوە.

- دەوڵەت وەك دەسەڵات و ئامرازی بەڕێوەبردن بە هەر سێك دەسەڵاتەکانییەوە توندوتۆڵ بە پرۆسەی هەڵبژاردنەوە بەندکراوە. دەستاودەست پێکردنی دەسەڵاتی سیاسی بۆتە شتێکی ئاسایی لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگادا و بووە بە بنەمایەکی ژیانی ئازادی و دیموکراتی. ئەو لایەنانەی سەر گەرمی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەتن، هەڵگرتنی هەنگاوی چاکسازی و گۆڕانی دیموکراتی و بەڵێنی چاککردنی ڕەوشی ژیانی هاووڵاتیان دەکەن بەو پەیژە و قاڵدرمەیە، کە دەیانگەیەنێتە ئامانج و مەبەست.

- دەوڵەت چەندین دەزگای بەناوی باج و باجگرییەوە داناوە، ئیش و کاریان گرتنی باجە لەو کەسانەی داهاتی ئابووری و داراییان هەیە. ئەم باجگریە لە دوو لاوە کاری خۆی دەکات. لەلایەکەوە بۆ سوود و قازانجی پەککەوتە و پیر و هەژار و بێکار وخانەنشین و هەتیوان خەرج دەکرێ و مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەتی پێدەدرێت. لە لایەکی تریەوە جۆرە سانسۆر و چاودێری دانانێکە لەسەر سەرمایەدارە خاوەن فاریك و کەرگەکان.

2- مارکس لە سەردەمێکدا ژیاوە، چینی سەرمایەداری لە ڕەوت و دۆخ و ڕەوشی گەشەکردندا بووە، سەرگەرمی جێگیرکردنی پلەوپایەکانی لە کۆمەڵگادا و خەریکی کۆنترۆڵکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت و پتەوکردنی دەسەڵاتە سیاسییەکەی بووە. بۆیە ئاسایی بووە، کە ئەم بیرمەندە وتبی خەبات و ململانێی چینایەتی Klassenkampf هۆکاری بنەڕەتی پەرەسەندنی کۆمەڵگایە، چونکە لە هەمانکاتدا چینی پڕۆلیتار وەك چینێکی پێگەیشتوو لە باوەشی کۆمەڵی سەرمایەداریدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی بازووی خەبات و



ململانێی چینایەتی لێ هەڵماڵیوە. لەو سەردەمەدا بازرگان و خاوەن کار و پیشە و فابریکە بچووکەکان وردە وردە مایەپووچ بوون و چوونەتە پاڵ چینی تازە پێگەیشتووی پڕۆلیتار، لە لایەکی ترەوە بە هۆی ڕقەبەرییەوە سەمایەدارە مەزنە خاوەن کۆمپانیا و فابریکە زەبەللاحەکان ئەوانی تریان هەڵلووشیوە.

لەگەڵ توندبوونی ڕادەی ئەم خەبات و ململانێیەی نێوان کرێکار و سەرمایەداران هەست و هۆشیاری کۆمەڵایەتی و چینایەتی کرێکاران پتر و یەککگرتوو تر بووە. بە مەبەستی چاککردنی ڕەوشی ژیانیان و بەدیهێنانی ئامانجی دوارۆژیان خۆیان لە ئۆرگانی دیاریکراودا ڕێك خستووە. ئەم خەباتە چینایەتییە، وەك مارکس کاتی خۆی پێشبینی کردووە، بە سوود و قازانجی کرێکاران و بە زیانی سەرمایەداران تەواو دەبێ. کرێکاران کاروباری دەسەڵاتی دەوڵەت دەگرنە دەست و هەنگاو بە هەنگاو کۆتایی بە کۆمەڵگای فرە چینی دەهێنن.

ڕێوشوێن، بنەما، قانوون، نەزم لە هەموو شوێن و سەردەمێکدا سەرپشك بوون، ئەو دەفر و چوارچێوەیە بوون، کە تێیاندا نەخشەی گۆڕان و پەرەسەندن داڕێژراوە، بەڵام لە هەموو ڕێوشوێنێك و قانوونێکدا لەڕێ لادان، لادان Ausnahme هەیە، کە زۆر جار ئەنجامی وا دەخاتەوە، وادێتە بەرچاو کە پەکی قانوونەکەی خستبێ و هیچی تر دەوری نەمابێ و کاری پێ نەکرێت. ئایا ئەم لادانە پشتڕاستکردنەوەی دەستبەکاری قانوونەکەیە، یان نا. ئەگەر ئەم قانوونە لە ئارادا نەبایە ئەم لادانە دەرنەدەکەوت؟! ئەگەر جەنگی کاولکاری یەکەمی جیهانی نەقەومابایە، ئەگەر ئەدۆلف هیتلەر لە ئەڵمانیادا جەنگی دووەمی جیهانی لە سەرانسەری ئەورووپا هەڵنەگیرساندبایە و ئەورووپای بەو مەرەیە نەبردبایە کە پێی چوو، دوور نەبوو ڕێژێمی دیکتاتۆری تۆتالیتاری ستالین بەو جۆرە دەستڕۆیشتوو نەبووایە و ئەو گۆڕانەش بەوجۆرەی روویدا بەسەر ئەورووپادا نەهاتبایە. بۆیە دەکرێ بوترێ گریمانەکانی پرۆفیسۆر دارندۆرف پشت بە هەڵکەوتێك دەبەستن کە دوای گۆڕانێك کە بە هۆی لادان لە بنەما و قانوونە سەرەکییەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دوای ئەم دوو جەنگەی جیهانی و ئینجا دوای شۆڕشی تەکنەلۆژی کە پڕشکی ئەم جەنگانەیان

بەرکەوتووە، هاتۆنەتە ئاراوە. دوور نییە لێرەدا ئەو پرسیارە بە بیردابێت، ئایا فاشیزم لە ئەڵمانیا بەرابەرایەتی هیتلەر وەك رێژێمێکی سیاسی و ئابووری ئەنجامێکی پەرەسەندنی سەرمایەداری مۆنۆپۆل و خەباتی چینایەتی نەبووە؟!. ئەگەر وەڵامەکەی بە سوود و قازانجی مارکس بێت ئەنجامەکەی لەم گۆڕانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی ئەوروپا کەوتەوە پێشبینی دارندۆرف پشتڕاست دەکاتەوە یان نا؟!

راستە مارکس هۆکاری ئابووری بەشا هۆکاری گۆڕان داناوە و هۆکار و دامەزراوەکانی تری شارستانییەتی مرۆڤی پشتگوێ خستووە و لە جیهاندید و بڕیارەکانیدا جۆرە تاك رەهەندییەك دێتە بەرچاو، بەڵام ئەو دۆخەی ئەو تێیدا ژیاوە و ئەو پەرەسەندن و گۆڕانەی بەچاوی خۆی دیویەتی دەکرێ هاندەری ئەو بۆچوون و جیهاندیدەی دابنرێن. دارندۆرف لە هەلومەرجێکدا ژیاوە لە بنەڕەتەوە لەوەی مارکس جیاواز بووە. بۆیە ئەو جیاوازییە لە جیهاندیدی هەردووکیان دەدیترێ.ـ ئایا ئەم قسەیە بۆچوونەکەی ئەم سۆسیۆلۆژیستەی ئەڵمان پشتڕاست ناکاتەوە، ئەگەر مارکس پێشوەخت نەمردبایە و بەشی سێیەمی سەرمایەداری تەواو کردبایە جۆرە گۆڕانێك بەسەر جیهاندید و بۆچوونەکانیدا دەهات؟!

3- تیۆری ململانێ ئەگەرچی لە لایەن چەندین فەیلەسووف و سۆسیۆلۆژیستی جیاواز و بیروبۆچوون و جیهاندیدی هەمەڕەنگەوە رەنگی رێژراوە و داکۆکی لێکراوە، ئەوا زۆربەی هەرە زۆریان لەو باوەڕەدابوون، بە پێچەوانەی تیۆری بنیادی ئەرك و فەرمانی پارسۆنزەوە، کۆمەڵگا لەسەر بنەمای گۆڕان و رقەبەری و ململانێ و دەسەڵات و کۆنترۆڵ و خەبات و تێکۆشان دامەزراوە. کۆمەڵگا نەزم و رێکخراو و پێکهاتەیەکە لە کۆمەڵە خەڵك و تاقم و کەسان و توێژ و چەن چینێك پێکهاتووە لە نێوانیاندا جۆرە رقەبەری و ململانێ و خەباتێك هەیە، کە لە پێناوی بەدیهێنانی پێداویستییە گرنگ و بنەڕەتییەکانی ژیانی رۆژانەدا بەرپادەبن، ئەو هۆکار و فاکتەرە کە هاندەر و دڵخۆشکەری ئەم ململانێیە ئەگەرچی لە روخساردا وەك چەند کێشەیەکی رێکخستنی کۆمەڵایەتی بێتە بەرچاو کە بریتییە لە گۆڕانی رەوشی



دانیشتوان و نەزم و دیسپلین[1] و دابەشکردنی ئیشوکار، یان کێشەی سروشتی مرۆڤ و سروشتی کەسایەتی و ...تاد.. ئەوا لە بنەڕەتدا ئایدیۆلۆژییەکی دیار و ئاشکرای لە پشتەوەیە کە کێشە کۆمەڵایەتییەکان کالآیەکی ئابوورییان بە بەردا دەبڕێ. ئەم کالآ و سروشتە ئابوورییە، زۆر جار بە پێی تێگەیشتن و بۆچوونی بیرمەندەکە و لە چوارچێوەی جیهاندیدەکەیدا لێکدەدرێتەوە و توێ توێ دەکرێ. بۆ نموونە ئەگەر ئەم بابەتە لەلای کارڵ مارکس بریتی بووبێ لە ناعەدالەتی دابەشکردنی داهاتەکانی بەرهەمهێنان لە نێوان کرێکار و خاوەن سەرمایە و سەرمادارەکان ئەوا لە لای پرۆفیسۆر دارندۆرف بەجۆرێکی تر سەرنج دراوە و توێ توێ کراوە.

هاوکێشەیی و تەبایی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا بەبێ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی نە خۆیان و نە بوونی نەزم و دیسپلین و ئارامی لێك دەدرێنەوە و نە پشت راست دەکرێنەوە. ئەگەر ململانێ و خەبات و تێکۆشان لە پێناوی ژیان و مانەوە و بەردەوام بوون لە ژیندا و لە پێناو دابینکردنی پێداویستییەکانی گوزەرا و گونجان لەگەڵ ژینگە و دەوروبەردا، بەو هەموو ئەو گۆڕانەی بەسەریاندا دێت، ئەوا ئامانجێکی دیار و ئاشکرا بەرجەستە دەکەن کە تایبەتمەندی کۆمەڵگای مرۆڤ لە چاو بوونەوەرانی تر دەردەخات. کۆمەڵگای مرۆڤ کە ئەمە مۆرك و سروشت و تایبەتمەندییەکەی بێت، یان بەم جۆرە لە سۆنگەی فەلسەفە و سۆسیۆلۆژییەو پێناسە بکرێت و رەنگی پێکهاتەکەی لە چوارچێوەی جیهاندیدێکی دیاریکراودا بڕێژرێ، ئەو گریمانەیە پشتڕاست دەبێتەوە کە دارندۆرف کردوویەتی:

بنیادە کۆمەڵایەتییەکان خۆیان توانای دروستکردنی بابەتی توندوتیژیی و گۆڕان و جیاوازی و دەست بەسەرداگرتن و سەرکوتکرنیان هەیە[2]. بگرە ئەم لایەنە وەك بنەما و کەرەسە و رەگەز پێکهاتەی کۆمەڵایەتیان لێوە پێك دێت.

---

[1] فؤاد حجازی، د. محمد، النظريات الآجتماعية، القاهرة، الطبعة الثانية، 1999، ص109 وفي اماكن اخرى.
[2] فؤاد حجازی، د. محمد، المصدر نفسه، ص143.

ئەوی لێرەدا جیهاندیدی دارندۆرف لە جیهاندیدی رابەرانی تری ئەم رێباز و تیۆرییە جیا دەکاتەوە، سروشتی ململانێ و هۆکاری ورووژێنەکەی و ئامرازی بەڕێوەبردنی و ئامانجەکانییەتی. پرۆفیسۆر دارندۆرف ئەگەرچی لەگەڵ مارکس لەوەدا کۆکە کە ململانێ و خەباتی چینایەتی سروشتێکی سەرەکی کۆمەڵ پێك دەهێنن، بەڵام لەو باوەڕەدا بووە کە کۆمەڵگا بە هەموو پێکهاتەکانییەوە هەر لە چینی کرێکارەوە تاوەکو چینی سەرمایەداران و ژیان و کۆی رێکخراوەکان و شارستانییەت و گۆڕان نەزم و دیسپلین و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دوای ئەو قۆناغەی مارکس تێیدا ژیاوە و لێوەی کۆڵیوەتەوە گۆڕانی ریشەییان بەسەرداهاتووە. ئەو گۆڕانە پشت ئەستوور بە شۆڕشی زانست و تەکنەلۆژی لە روخسار و ناوەڕۆکدا بۆتە مایەی ئەوەی ئەو تیۆرییەی مارکس دایناوە نەگونجێ و نەکرێ لە کۆمەڵگای سەردەمدا پیادە بکرێت.

ئەم سەردەمەمان دوای ئەو هەموو گۆڕانەی بەسەریدا هاتووە دەکرێ بە قۆناغی دوای سەرمایەداری Post Kapitalismus دابنرێ، سەرمایەداری ئەو چینەی جارانی سەردەمی مارکس نەماوە پرۆلیتاریش ئەو چینە تۆکمە و یەکگرتووە و یەکڕەنگییەی جاران نەماوە. ململانێ و کێبڕکێ و رقەبەری و خەباتی چینایەتی و بەگژداچوونی سەرمایەداران، وەك چینی دەسەڵاتدار، بەهیچ جۆرێك راستەوخۆ لە نێوان کرێکاران و خاوەندارانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و کۆمپانیا مۆنۆپۆلە زەبەللاحەکاندا نەماوە. سەرمایەداری هاوچەرخ سوودی لە هەموو گۆڕان و پەرەسەندن و تیۆری و ئایدیۆلۆژییە جیاجیاکان وەرگرتووە و ئەم سوودوەرگرتنەی بۆتە مایەی ئەوی کە بەڕادەیەکی زۆر لەگەڵ کۆمەڵگادا بگونجێ و توندوتیژیی و ململانێی چینایەتی کەم و خاو بکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی چینێکی نوێ فرەرەنگ و فرەتۆ و فرە بۆچوون کە دەکرێ بە (چینی سێیەم) ناوببردرێت پێگەیشتووە و لە مەیدانی ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگادا چالاك و دەستبەکارە. ژیان و گوزەرانی چین و توێژە مام ناوەندی و کارگەران تاڕادەیەك خۆش و چاك کراوە بەجۆرێك مرۆڤ بیر لە خەباتی توندوتیژی نەکاتەوە. ئەگەر لە



سەردەمی مارکسدا تاکە خانەدانێك بە تەنیا لە دەڤەرێکدا، لە شار و باژێڕیکدا دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو و دەرامەتی فرە و سەروەتمەند بووبێ ئێستا بەدەیان کەس نەك تاکە کەسێك جێگاکەیان گرتۆتەوەو بگرە بە هەموویان ئەوەندەی ئەو توانای دارایی و ماددی و سامان و دەسەڵاتیان نییە، بۆیە دەکرێ ئەم سەردەمە بە سەردەمی سەرمایەدرای تێکەڵاو و ناوکۆیی و بە کۆمەڵ دابنرێت. ئەوی جاران تاکە کەسێك هەیبوو ئێستاکە تاقمێك پێکەوە نییانە، ئینجا هیچ مەرج نییە رۆڵەی سەرمایەدارێك جێگای باوکی بگرێتەوە و وەك باوکی سەرکەوتوو دەست رۆیشتوو بێت. بۆیە قسەکەی دارندۆرف لە راستییەوە نزیکە کە وتوویەتی: هێز و توانای ئابووری و دەست رۆیشتنی دارایی و سامان و پارە بە هیچ جۆرێك دەستبەری بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی نابن. خۆ ئەگەر سەرمایەدارێك بتوانێ بە هۆی توانای دارایی و ئەو مەڵبەندەی لە پێوەندی و ئامرازەکانی بەرهەم هێناندا هەیەتی بگاتە سەر حوکم، ئەوا دەسەڵاتی بڕیاردانی پابەندی پەسەندکردنی چەند دامودەزگایەکی دیموکراتی وەك پەرلەمان دەبێتەوە. ئەم قسەیە هیچ لەو گریمانەیە کاڵ ناکاتەوە کە دەکرێ و بریتییە لەوەی کۆمەڵگا هەمیشە لە دوو توێژێك پێك هاتووە و پێك دێت لە رابردووشدا هەر وا بووە:

**یەکەم:** چینی دەسەڵاتدار کە حوکم دەکات و فەرمان دەدات و فەرمانڕەوایە.

**دووەم:** میللەت، یاخود چینی ژێر دەستە کە دەبێ ملکەچ بێ و فەرمانی دەزگاکانی دەوڵەت پەسەند و پیادە بکات.

بەڵام ئەو پێوەندییەی دەسەڵاتدار و میللەت لەم سەردەماندا سروشتی چەوساندنەوەی نەماوە و بەو جۆرە نییە کە مارکس دیویەتی. ئەگەر لە بوار و کایەی ئابووریدا رقەبەری و بەگژداچوون و چەوساندنەوە و ململانێ هەبێ ئەمە راستەوخۆ لە نێوان سەرمایەدارە خاوەن کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و کرێکارانی کارگە و کۆمپانیاکەدا نابێ و نییە، بەڵکو لە نێوان کرێکاران و ئەو کەسانەدا دەبێ کە وەك فەرمانبەر و بەڕێوەبەر کارگە و فابریك و دەزگاکانی بەرهەمهێنان

بەڕێوە دەبەن[1] دووریش نییە ئەم فەرمانبەر و بەڕێوەبەر و تەکنۆکراتانە لە خێزانێکی کرێکارییەوە بە هۆی خوێندنەوە بەم پلەیە گەیشتبن. بەرهەمهێنان و داهات و کار و پیشە بەو شێوە نەماون کە بەر لە جەنگی یەکەمی جیهاندا باو و لە ئارادا بوون.

دامودەزگاکانی دەوڵەت لەو وڵاتانەدا کە کولتوورێکی شارستانی و دیموکراتیان هەیە و ڕێز لە مافی مرۆڤ دەگیرێت، دەوڵەت لەلایەن خۆیەوە و مرۆڤی هاووڵاتیش جۆرە سروشت و تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێش نیشان دەدەن:

**یەکەم:** دەزگایەکی چەوساندنەوەی چینایەتی نەماوە و سوود و قازانجی تاقم و دەستەیەکی دیاریکراو لەسەر حیسابی تاقمێکی تر بەرجەست ناکات. دەوڵەت نموونەی سەروەری خەڵکە و ئەرکی پاراستنی وڵات و هاووڵاتی و سامان و موڵك وماڵیان و پاراستنی ((ئاسایشی نەتەوەیی)) لە ئەستۆ دایە. هەر دەوڵەت خۆی دەستەبەری پەروەردە و خوێندنی ڕۆڵەی هاووڵاتیان دەبێت. ئینجا جگە لەو باجەی کە هاووڵاتیان دەیدەنێ سەرچاوەیەکی تری داهاتی نییە. ئەوانەی ڕاپەڕاندنی ئیش و کارە گرنگەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەتیان پێدەسپێردرێ سەر بە چین و توێژی جیاوازن و بە دەگمەن نەبێ پابەندی سوود و قازانج و جیهاندیدی ئەو چین و توێژە نین، کە لێوەی هاتوون و لە چوارچێوەی دامودەزگاکانی دەوڵەت وەك فەرمانبەر بە پلە و پایەی جیاواز پێکەوە کار دەکەن. ئەو ڕۆڵەی دەوڵەت لە کۆمەڵگادا دەیگێڕێ دوورە لە سروشتی دەستبەرداگرتن و ململانێ و چەوساندنەوە. کاری پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی پێویستی بە مرۆڤی لێهاتوو هەیە، کە شیاوی ئەم مەڵەبەند و چالاکییە بێت. لەم سەردەمەماندا کێشەی بابەتی سیاسی بووە بە کێشە و بابەتێکی تەکنیکی و شارەزایی و لێهاتوویی و توانای تایبەتی پێویست دەکات. بە دەگمەن نەبێ چینی کرێکار و نوێنەرەکانی ئەم توانایەیان نییە.

[1] زایتلن، إرفنج، المصدر السابق، ص188 فما بعد.



**دووەم:** مرۆڤ کە هاووڵاتییە و ئەندامی ئەم کۆمەڵگایەیە کە تێیدا دەژی و کە دەوڵەت کار و بارەکەی بەڕێوە دەبات بە چاوێك تەماشای دەوڵەت دەکات کە سەروەرییە نەتەوەییەکەی بەرجەست دەکات. ئەو دەوڵەت و کۆمەڵگایەش کە ئەو خۆی بە ئەندام و ڕۆڵەکەیان دادەنێ ئەنجامێکی خواستی ئازادی ئەو و هاووڵاتیانی ترن. بەوپەڕی هۆشارییەوە هەست بەوە دەکات کە پابەندی ڕێوشوێن و قانوونەکانی کۆمەڵگا و دەوڵەتەکەیەتی و سەر بەو خاك و نیشتیمانەیە ئیتر لێرەوە وشەی هاووڵاتی بەرانبەر بە تاکە کەسان بەکاردەهێنرێ.

**سێیەم:** هیچ کەسێك لاری لەوە نییە کە ململانێی هەیە، بەڵام ئەم ململانێیە دەبێ لە چوارچێوەی دیسپلین و نەزمی دیاریکراوی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەدا تێی بگەیشترێ[1] و هەڵبسەنگێنرێ. دابەشکردنی ئیش و کار، جیاوازی ئەو ڕۆڵ و پلە و پایەی بە هاووڵاتیان دەدرێ، دابەشکردنی خێروبێری داهات و چاودێری و سانسۆرکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان تاڕادەیەکی زۆر جۆرە پەسەندی و ڕەزامەندییەکی لەنێو هاووڵاتیاندا دروست کردووە. کۆمەڵگای مرۆڤ و ژیانی بەکۆمەڵ و پێکەوە گونجان و کێشە و بەرەو ڕقەبەری و ململانێ شتی ئاساین، ئەوی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت ڕەوا دەکات ئەوەیە کە لەلایەن هاووڵاتیانەوە لە ڕێگای نوێنەرەکانیانەوە پێکهاتبێ و تا چەندە بە تەنگ بنەماکانی سروشتییەوەیە و بڕوای هاووڵاتیان بەدەست دەهێنێ و لە دەستی نادات. لەم سەردەمەماندا ناکۆکی و ململانێ و کێشە و ناتەبایی بە هۆی گۆڕینی دەسەڵات بەڕێگای هێزی چەکدار و توندوتیژییەوە نابێ. چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییانە دەکرێ بەڕێگای دیموکراتیانەی پشت ئەستوور بەو وتووێژی هزر و بیر و ژیر و مەنتیقەوە بێت کە پشت بە بنەماکانی ئاکار ببەستێت.

4- شۆڕشی زانست و تەکنەلۆژی و سیاسەت و خوێندن و پەروەردە و زانکۆ و مەڵبەند و پەیمانگاکانی پەروەردە و پێگەیاندن کۆمەڵایەتی و زانستی ...تاد،

[1] برو، فيليب، علم الآجتماع السياسي، ت: د. محمد عرب صاصيلا، المؤسسة العربية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت- لبنان، 1998، ص252 فما بعد.

سەرلەبەر گۆڕانیان بەسەر ژیان و پێکهاتەکانی کۆمەڵدا هێناوە، چـینی کرێکـار خۆیشی وەك جاران نەماوە و گۆڕانی بەسەرداهاتووە. دوور نییە رۆڵەی کرێکارێك بە هۆی خوێندنەوە ببێ بە ئەندازیار و سوود و قازانجی تایبەتی خۆی هیـچی تـر لەگەڵ هی چین و توێژەکەی کە لێوەی هاتووە تەبا و گونجاو نەبێ.

پەیدابوونی رێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە و دامودەزگای سیاسی و کۆمەڵایەتی، هەر لە هەڵبژاردن و سەندیکا و کۆمەڵە و کۆڕی هەمەچەشنەوە تاوەکو پەرلـەمان بوونەتـە مایەی ئەوەی هیچی تر تاکە چینێك بە تەنیا نەتوانێ کاروبـاری دەوڵـەت راپـەڕێنێ. دەستاو دەستی کردنـی دەسـەڵاتی سیاسـی دەوڵـەت بـووە بـە سروشـتێکی تایبـەتی سەردەمی دوای قۆناغی سەرمایەداری و بە هیچ جۆرێك ئەو دەستەواژەیە:

((ئەوی توانای ئابووری هەیە بەناچاری دەسـەڵاتی سیاسیـشی دەبـێ)). بـڕ ناکات و گەرم و گوڕی جارانی نەماوە. هیچ جـۆرە پێوەندییـەکی دەسـتیاوی لـە نێوان ئابووری و هێز و دەسەڵاتدا نەماوە.

ئایا لەم سەردەمەماندا سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی و تەکنەلۆژی و زانـست و پەروەردەی سەرتاپاگیر و رەوتی تەکنۆکراتی، وەك جـاران چـینی کرێکـار دەور و رۆڵە شۆڕشگێڕییەکەی ماوە؟! ئایـا دەکـرێ سەرپەرشـتی و سـەرکردایەتی کردنـی گۆڕان لە لایـەن پارتیەکـەی و نوێنەرەکانییـەوە، بکـات و کاروبـاری بـەڕێوەبردنی دەوڵـەت و حکوومـەت و دەسـەڵاتەکانی بگرێتـە ئەسـتۆ؟! ئەگـەر مرۆڤێکـی تەکنۆکرات لە بنەماڵەیەکی کرێکارییەوە پێ بگات هیچی تـر کرێکـار دەمێنـێ؟! بەلای پرۆفیسۆر دارندۆرفەوە ئەم پرسیارانە هەموویان بە ((نەء)) وەڵام دەدرێنەوە.

ئەگەر گۆڕان سەر مەشقی ژیان بێت، هەموو شتێك گـۆڕان بیگرێتـەوە بـۆ دەبـێ تیۆری و جیهانبیـدی مـارکس و دارنـدۆرفیش نـەگۆڕێن و ئـەم گـۆڕان و پەرەسـەندنە نەیانگرێتەوە؟! لاف لێدان گوایە تیۆرییەکی دیاریکراو سروشتێکی رەهای هەیـە و لـە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا دەگونجێ و پیادە دەکرێ، ئەم لافە بە پێچەوانەی بنـەمای تیۆرییەکەیەوەیە کە داوای گۆڕانی کردووە و پێی لەسەر داگرتووە. ئـەم سـەردەمەمان سەردەمی گۆڕانی تیشك ئاسایە و ماڵ نییە گۆڕان لە دەرگاکەی نەدات و نەدابێ.

# بنەماکانی
# تیۆری بنیادی ئەرك و فەرمان

**پێشەکی:**

## 1

پشت ئەستوور بەو سەرچاوە زانستییانەی بابەت و مێژووی پەرەسەندنی سۆسیۆلۆجی (زانستی کۆمەڵایەتی)یان تۆمارکردووە، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە لەلای ئۆگۆست کۆنت (1798-1857ز) تاوەکو ئەو سەردەمەی وەك زانستێکی سەربەخۆ چ لە بابەت و چ لە میتۆد و ڕێبازی لێکۆڵینەوەدا لە بەرانبەر زانستەکانی تردا خۆی سەپاندووە، دەردەکەوێ ئەم زانستە بە زنجیرەیەکی ئالقە نەپساو بەرەوە پێش چووە، ئەگەرچی لەم سەردەماندا سەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆجی و ئەلیکترۆن و کۆمپیوتەر و جیهانگیری و بوونی تاکە دەسەڵاتی یەك زلهێزە، دووچاری دەستی تەنگژە و قەیرانێکی Krise سەخت و گرانی لە ڕادەبەدەربووە کە کۆتاییەکەی لەوە ناچێ هیوای نزیکبوونەوەی بۆ بخوازرێ، ئەوا ئەم زانستە سەرەڕای ئەم ڕەوشە، بەپێی نەزم و ڕێکوپێکی فرە ڕەنگی بابەتەکەی کە کۆمەڵی مرۆڤە بە هەموو لق و ئۆرگان و ڕێکخراوەکانییەوە چوارچێوەی توێژینەوەی بۆ داڕشتووە و ئامرازی فرەڕەنگی لێپێچانەوە و توێژینەوەی داهێناوە کە پتر لە چوارچێوەی هزر و بیروبۆچووندا خۆیان نیشانداوە. ئەم ئامرازە فرەڕەنگە دەکرێ بەو تیۆرییە کۆمەڵایەتییانە ناوببرێت کە بۆ توێ توێ کردن و توێژینەوە و چارەسەرکردنی دیاردە، قەوماو، پەیوەندی و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگیان ڕێژراوە.

وەك هەموو بابەتێکی زانستی، دانان و دەرکەوتنی ئەم تیۆرییە کۆمەڵایەتییانە دەکرێ بە لێکەوتەی چەند هۆکارێك دابنرێن کە بوونەتە مایەی پەیدابوونیان ئەوی لێرەدا وەك بابەتی پرسیار بە هزر و بیر دابێت:- چ هۆکار و فاکتەرێك لەم بوار و کایەیەدا ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە، ئایین، زانست، سیاسەت، ئاکار و بەها و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان یاخود هۆکاری ئابووری؟!



لەو ڕۆژەوە کۆمەڵگا Society پەیدابووە و بە تەواوەتی وەك دامەزراوێکی سەربەخۆی کۆمەڵایەتی خەت و خاڵی داوە، ئەرك و فەرمانی (وەزیفە) دیار و دەستنیشانکراوی لە ئەستۆ دابووە چ بەرامبەر بەخۆی یاخود بەرامبەر بەو پێکهاتە فرەڕەنگییەی جەوهەر و کاکڵەکەیانی لێوە پێکهاتووە.

لە پرۆسەی مانەوە و بەردەوامیی و ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکەدا وەك هەموو ئۆرگانێکی بەکار و زیندوو دووچاری تەنگژە و قەیران و گرفت بووە کە هەندێکیان لە سروشتی خۆیەوە کەوتوونەتەوە و هەندێکی تریان هۆکاری جیا و دەرەکییان هەبووە. ئەم ڕەوشە بۆتە مایەی ئەوەی ڕێکوپێکی و نەزم و پەیوەندی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە سنووری ئاسایی و سروشتی خۆیان بچنە دەرەوە، چ لە ڕوخسار و چ لە ناوەڕۆکدا بن بە کێشەیەك و سەرنج بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و خوازیاری دۆزینەوەی ڕێگا چارەسەر بن. ئەم هەڵوێست دیاریکردنە خوازراوە و ئەو ڕێگەچارانە چ وەك تیۆر و چ وەك هەڵوێستێکی کردەیی بریتی بوون لە چەند تیۆرییەکی جۆربەجۆر کە بیروبۆچوون و ئیدیۆلۆجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و ئابووری خاوەنەکانیان دەربڕیوە.

## 2

سۆسیۆلۆجی وەك زانستێکی کۆمەڵایەتی لەم بوارەدا ئاسایی سوودی لە تاقیکردنەوە و ڕێباز و میتۆدی زانستەکانی تر وەرگرتووە. بابەتێك کە فیزیك (زانستی سروشت) لەگەڵ زانستە جۆربەجۆرە کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە دەبەستێتەوە و پێشتریش لە یەکتری نزیکی کردبوونەوە ئەوەیە هەردووك لایان کاتێك چالاك و دەستبەکار دەبن ئەگەر بێتو گرفتێك لە ئارا دابێ و سەرنج بۆ لای خۆی کێش بکات و خوازیاری چارەسەرکردن بێت. بەڵام ئەو بابەت و هەڵویست و پەیڕەو میتۆد و چارەسەرەی هەردووك لایان دەدەینە دەست جیاوازن و لە یەکتری جیایان دەکاتەوە. ئەمە لە خۆیدا شتێکی ئاساییە، چونکە ئەم دوو لایەنە دوو زانستی لە یەکتری جیان و بابەت و ناوەڕۆك و ڕوخسار و ئامرازی

لێك جیایان هەیە، کە سروشتی کێشە بابەتییەکانیان دیار و دەستنیشانیان کردووە، بۆ نموونە ئەگەر چاو لە هەندێ تیۆری کۆمەڵایەتی بپۆشین کە جێگا دەستی تیۆری پەرەسەندنی بوونەوەری ئۆرگانیان پێوە دیارە دیاردەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە دیاردە و بابەتی جیهانی سروشتی و زانستەکەی جیاوازترن و تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە، بە ڕێباز و ئامرازی چارەسەر و توێژینەوەی دیاردە و گرفتە سروشتییەکان، نە چارەسەر دەکرێن و نە بەلایەکدا دەخرێن.

خۆ ئەگەر بنەمای زانستیی (هۆکار و ئەنجام Kausalität) لە سروشتی بێگیاندا دەستبەکار بێت و پەیڕەو بکرێت. ئەوا لە کاتی توێژینەوە و چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەگەر مەبەست و ئامانجی پێشکەوتنی کۆمەڵی بە دوا دابێت، نەك هەر دووچاری سەرگەردانیی و تەنگژە و گرفت دەبێ، بەڵکو بە پێی پێویست بڕ ناکات. لەم ڕونگەیەوە گیان و سروشتی زانستییانەی توێژینەوەی بابەتی سۆسیۆلۆجی بە لایەنە جۆربەجۆرییەکانییەوە وا پێویست دەکات کە تایبەتمەندی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو بگیرێ، بە وردی دەستنیشان و پێناسە بکرێن، هۆکاری پەیدابوونیان، ئەو دەروبەرەی تیایدا سەریان هەڵداوە و پەیدابوون، تیشکی توێژینەوەیان بخرێتە سەر، ئەو ئەنجامانەی لێیان کەوتوونەتەوە یاخود پێشبینیی کەوتنەوەیان دەکرێت، بەهەند بگیرێن. ئەو هەوڵەی دەدرێت دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ دیاردە سروشتییەکاندا بخرێنە نێو دووتای تەرازوو، بە یەك چاو تەماشا بکرێن و هەمان میتۆد و ڕێباز بۆ چارەسەرکردنیان بگیرێتە بەر، چاو لەو ڕاستییە دەپۆشێ کە ئەم دوو بابەتە دوو کەرەستەی ئەوپەڕی لە یەکتری جیاوازن و هەریەکەیان کایە و بوار و مەیدانی سەربەخۆی خۆی هەیە.

ئەگەر لە جیهانی سروشتیدا دووبارەبوونەوەی ڕووداوە نامۆیەکان شتێکی ئاسایی بێت. لە هەموو کۆمەڵگای مرۆڤدا نە دووبارەبوونەوە، نە بابەت و ڕووداوی وەك یەکتری و لە یەکتری چوو بەدی دەکرێن. پشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕاستیی و هەڵکەوتە وا پێویست دەکات کە سەرجەمی ئەو ڕووداوانەی لە



کۆمەڵگادا دەقەومێن توندوتۆڵ بەو ڕەوش و دۆخەوە گرێ بدرێن کە وەك فاکتەر و هەلومەرج بوونەتە مایەی پەیدابوونیان، ئینجا ئەم ڕووداوە گرفت ئاساییانە لەگەڵ ئەو تیۆرییە کۆمەڵایەتییانەی وەك ڕێگا چارە داهێنراون بەرامبەر بە یەکتری دابنرێن، چونکە وەك ڕاستییەکی گومان هەڵنەگر هیچ کاتێك کۆ و تێکڕاو جۆری ئەو ڕووداو و قەوماوانە لە کۆمەڵگادا دێنە بەر چاو و قووت دەبنەوە، بە هەموو جۆر و پێکهاتەکانیانەوە، مایەی پەیدابوونی ئەم تیۆرییانە بوون و ناکرێ لە یەکتری دابڕدرێن، خۆشیان لە توانایاندا نییە دەستبەرداری یەکتری بن.

## 3

بە پێی سەرچاوە فرەڕەنگییەکانی پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی کولتوور و شارستانییەتی مرۆڤ و زانستە هەمەچەشنە کۆمەڵایەتییەکان هەرەسهێنانی قۆناغ و سیستەمی چینی فیۆدالیزم (دەرەبەگایەتی، خاوەن زەوی و زارانی گوند و لادێ نشینەکان) و سەرهەڵدانی چینی بۆرجوازی و سیستەم و ڕێژێمی ئابووری و سیاسییە سەرمایەدارییەکەی، گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەر ژیان و کۆمەڵگا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەوشی ژیانی ئابووری و سیاسی و دامودەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا هێناوە، سەرەڕای ئەوەی سەرنجی بیرمەندانی بۆ هەندێك لە دیاردە گرنگەکانی کۆمەڵایەتی ڕاکێشاوە وەك:

ئایین و دامودەزگاکانی، بنەماکانی ڕەوشت و ئاکار، بەها و نەریت و ئەرزش و داب و دەستووری فرەرەنگ و هەمەچەشنە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوە و پێکهاتە و دەسەڵاتە جۆربەجۆرەکانی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی...تاد.

- بزووتنەوەی ڕێنێسانس لە ئیتاڵیای سەدەی چواردەو پانزەی زایین و بزووتنەوەی کولتووری هیومانیزم (مرۆڤپەروەریی) و چاکسازی مەزهەبی و ئایینەکەی مارتن لۆتەری ئەڵمان (1483-1546ز) لە چوارچێوەی ئایینی سەرتاپاگیری عیسایی‌دا، شۆڕشی سەرتاپاگیری زانست و سنعاتی ئەوسا کە بە بیر

و هزری ئەزموونییانە Empirism پشت ئەستوور بووە[1] ئەو چوار بزاڤ و بزووتنەوە مەزنە بوون ئاوابوونی خۆری سەدەكانی ناوەڕاست و دەركەوتنی ڕۆژی ئومێد بەخشی سەدەكان و جیهانی نوێ و مۆدێرنیان تۆماركردووە ڕاگەیاندووە.

چاكسازییە وەرچەرخێنەرەكانی لۆتەر Luther ئایینی مەسیحی كردووە بە دوو مەزهەبی سەرەكیی تاڕادەیەك ناحەز یەكتری:

1- مەزهەبی كاتۆلیك Catholicim.

2- مەزهەبی پرۆتستانت Protestantism .

ئەم دوو پارچەكردنەی ئایینی گۆشەگیری عیسایی لە دوو لاوە كاردانەوە و ڕەنگدانەوەی خۆی پشتڕاستكردۆتەوە و ئەنجامی سەرنجڕاكێشی لێ كەوتۆتەوە:

1- جارێكی تر، دوای چەند سەدە پشتگوێ خستن، بایەخ بە تاكەكەسان دراوەتەوە.[1] دەرفەت بە مرۆڤی تاك دراوە دەربارەی ناوەڕۆكی ئینجیل (كتێبی ئایینی عیسایی) و دۆگمەكانی ئایینەكە و دامەزراوەكانی كڵێسە و ئۆرگان و ڕێكخراوەكان كۆمەڵگا و دەوڵەت بیربۆچوون و ڕای خۆی بە ئاشكرا و ڕاشكاویی بەبێ ترس و لەرزی سزادان دەرببڕێ.

2- سەر لە نوێ سەرنج بۆ ئەو لایەنە ڕاكێشرا كار و پیشە ئیش و كاركردن جەوهەر و سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ دەردەبڕن. پاك و پیرۆزیی مرۆڤ لەوەدایە كە ئیش و كار دەكات و بەرهەمی هەیە. ڕاستی و دروستی مرۆڤ لەوەدا نییە پشت بكاتە خێروبێر و خۆشییەكانی ژیان و دنیا و ملی ڕێگای سەخت و وشك و برینی ڕەبەنیی (رهبانییەت) بگرێتە بەر.

شۆڕی مەزنی فەڕەنسا ساڵی (1789ز) ڕۆڵی ئایینی كڵێسە و چینی دەرەبەگایەتی فیۆدال و بارۆنەكانی لە لایەنە ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی... ژیانی مرۆڤدا بێ تین و لاواز و بێهێز كردووە، سیاسەت و كولتوور و ئابووری و

(1) Russell, Bertrand, Denker des AbendLandes dtv Munchen. Wien. 1991. s 230.ff.

(2) Storig, Hans- Joachim., Kleine Weltgeschichte der philosophie. Sttutgart 1961.s328.



پارەدارانی باژێڕ و شار ((بۆرجوازی – سەرمایەداریی)) بەتینی جێگیر كردووە. ئەم گۆڕانە لەبار –نالەبار، پۆزەتیڤ – نێگەتیڤ كارێكی بەرچاوی لە كۆمەڵگا و دامودەزگا و دامەزراوە و پێكهاتەكانی كردووە و بەئاشكرا وەك ئەنجامیش لە دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی سەدەی هەژدەدا ڕەنگیداوەتەوە، ئەو سەدەیەی زانستی كۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆجی) تیایدا لە دایك بووە.

ئەگەر شۆڕشی پیشەسازی (سنعات) ئینگلیز و بزووتنەوەی سۆسیالیستی سەدەی نۆزدەهەمی ئەڵمانیای دوای كۆچی دوایی ڕابەری ڕێبازی ئایدیالیزم هیگڵ (1770-1831ز) وەبیر بهێنینەوە، وێنەی ئەو ڕەوش و كەش و هەواو زەمینەیە لەبەرچاو و هزر و مێشكدا بەرجەستە و ڕەنگڕێژ دەبێ كە تیۆرییە هەمەچەشنە كۆمەڵایەتییەكان تیایدا چوزەرەیان كردووە، شینبوون و هاتوونەتەبەر.

شتێكی ئەگەر هەڵنەگرە بە هۆی شۆڕشی فەڕەنساوە مرۆڤ وەك تاكەكەس و سیستەمی كۆمەڵایەتی و نەزمەكانی، ڕێژێمی كار بەدەستی سیاسی و فەرمانڕەوا لە چەندین ڕەهەند و لایەنەوە لە چنگ و دەسەڵاتی ستەمی كڵێسە و چینی فیۆدال و دۆگمە سەخت و خنكێنەرەكانی ئایینی مەسیحی ڕزگاركران. شۆڕی پیشەسازی ئینگلیزیش ناوەڕۆك و ڕوخساری پەیوەندییە ئابووری و گوزەرانییە كۆمەڵایەتییەكانی گۆڕیوە. بەڵام ئەم دووە، شۆڕش و گۆڕان جگە لە لایەنە لە بار و باشەكەیان، گرفت و كێشە و پرۆبلێمی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ... تاد .. یان لەگەڵ خۆیاندا هێناوەتە كایەوە.

شۆڕشی فەڕەنسا سەرەڕای گۆڕانە باشەكانی كە لە ژیان و كۆمەڵگادا پیادەی كردن، نەك هەر ڕۆڵەكانی خۆی كە هەڵگیرسێنەری بوون، سەربڕین، بەڵكو تیۆرییانە توندتیژیی و تێرۆری ڕەواكردووە و پاساوی داوە.

شۆڕی پیشەسازی ئینگلیز بە هۆی میكانیزەكردنی كار و پیشە و گۆڕینی كاری دەستبەكاری ئامێر و مەكینەو دامەزراوەكانی كۆمەڵگاوە ڕەوشێكی داهێناوە كە دواتر بە بیرۆكراتی ناوبراوە.[1]

(1) ليلة، د. علي، بناء النظرية الآجتماعية، الآسكندرية، لتصدير بقلم د. محمد الجوهرى، ص23.

ئەم رەوشە نوێیە کۆمەڵگای هەژاندووە، مرۆڤی سەرگەردان کردووە، لایەن و پەیوەندییە جۆربەجۆرەکانی سیستەم و نەزم و ڕێکوپێکی کۆمەڵایەتی شێواندووە.

ئەو گۆڕان و وەرچەرخانەی کە چاوەڕوانیی سووککردنی باری گرانی سەر شانی مرۆڤی لێدەکرا، سیستەمێکی سەرتاپاگیری ئەوتۆی کۆمەڵایەتی داهێناوە مرۆڤ لەناویدا نەك هەر کاریگەیی و ڕۆڵی نەماوە، بەڵکو تاوەکو بینەقاقەی تیایدا نقوم بووە و گێژاو ئاسا خەریکی هەڵلوشینی بووە، بۆیە بیرمەندو زانایانی زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆژیستەکان) هەوڵیان داوە و کۆشاون لە چوارچێوەی نەزمی کۆمەڵایەتی و لە سایەی سەروەریی و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری چینی سەرهەڵداوی سەرمایەداریدا ڕێگاچارییەك بۆ سەرلەنوێ هێنانەوە و دانان و سەقامگیرکردنەوەی ڕێکوپێکی و رەوشی ئاسایی کۆمەڵایەتی بەپێی هەلومەرجە جۆربەجۆرەکانی ئەو سەردەمە بدۆزنەوە، مرۆڤ لەو گرفتانەی بە هۆی گۆڕانی نەزم و رەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی تێی کەوتووە رزگار بکەن.

پاراستنی سروشتی کەسایەتی تاکەکەسان، جێگیر و سەقامگیرکردنی پلەوپایەو مەڵبەندی مرۆڤ وەك مرۆڤ لە بەرامبەر تەوژمی بەگوڕ و سەرتاپاگیری رژێمی دەستبەکار و دەسەڵاتدار، ئاژاوە و شێواوی نێو دەزگا و ئۆرگان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا، سەرەڕای ئەوەی مرۆڤ لە پەیوەندی و چالاکی و کرداریدا نەك هەر لە توانایدا نەمابوو کاریگەرانە لە پرۆسە هەمەڕەنگییە فرە لایەنە ئاڵۆزە کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداری بکات و بگرە خۆی لە چوارچێوەی کار و پرۆسەی کارلێکردن و کارتێکردنی کۆمەڵایەتیدا وا دیتەوە کە لە گەرداوێکدا سەرگەردان بووە، هەستی بەوە کردووە پێویستە هەوڵی جوامێر و کارمە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی و بەلایەکداخستنیان بدرێت. کەسایەتی راستەقینەی مرۆڤ جارێکی تر لە بەرامبەر سیستەمی سەرتاپاگیری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادا بەسەرخان و ژێرخانییەوە دووپات و پشتڕاست بکرێتەوە. ئەمە ئەو کەش و هەواو رەوشە بوو، کە وەك هۆکار پەیدابوونی تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکانی لێکەوتۆتەوە.

# تیۆری بنیادی و ئەرك و فەرمان

ئەگەرچی تیۆری ئەرك و فەرمان لە دوای جەنگی دووەمی جیهانەوە لە ئەمریکا دامەزراوە، کەچی لەم سەردەمەماندا بووە بە بابەتێك تەنیا هەر بایەخێکی مێژوویی و ئەکادیمی هەیە و پتر وەك بابەت و وانە لە زانکۆکاندا دەخوێنرێ.

ئەم تیۆرییە وەك بابەتێکی رێکوپێك لە لایەن پرۆفیسۆر تالکۆت پارسۆنز، مالینوفسکی، روبێرت میرتۆن و چەند پرۆفیسۆرێکی تری زانستی کۆمەڵایەتی لە چەند زانکۆیەکی ئەمەریکا بەتایبەتی لە زانکۆی هارڤار رەنگی رێژدراوە و پەرەی پێدراوە. ئەم بابەتە لە ناوەڕۆك و روخساردا لەو پەیڕەوەی گرتویەتییە بەر، لەو دیاردە و گرفت و کەرەسانەی بۆ چارەسەکردن هەڵیبژاردوون و دەستنیشانی کردوون، لەومیتۆد و رێبازەی پەیڕەویان دەکات رەوش و هەلومەرجی دوای جەنگی دووەمی جیهانی پێوە دیارە، ئەو رەوش و دۆخەی جیهانیی کە لە لایەن هەردوو زلهێزەوە بەڕێوەچووە یەکێتی سۆڤێتی — شورەویی جاران (ڕووسیای ئێستا) و ئەمەریکا.

ئەم رێبازە - تیۆرییە بە ئاشکرا، وەك لە چاپەمەنی و بڵاوکراوە و بەرهەمی رابەرەکانیدا دەردەکەوێ، شێواز و جۆری ژیان و زیندەگی ئەمەریکایی American Way of life دەردەبڕێ، ئیتر ئەم دەربڕین و پێوە دیاربوونە دەشێ دژایەتی و رقەبەری کردنی ئەو رێبازەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی مارکسیزم بووبێ کە لە مۆسکۆ ناوەڕۆك و روخسارێکی لینینزم — ستالینزمی بەبەرداکرابوو، یاخود لە پشتگیرکردنی سیاسەت و ئایدیۆلۆژی رێژێمی کاربەدەستی ئەمەریکا و دەزگا و کۆمپانیا مۆنۆپۆڵ و کارتێلەکانی دامودەزگا بووبێ، یاخود لەم هەڵوێستەدا رەنگی دابێتەوە کە بەرامبەر بە رابردوو دوا رۆژ و پێداویستی بایەخ و گرنگی ناچارەکیی ئەرك و فەرمانی کاربەدەست و سیستەمی کۆمەڵایەتیدا نوێنراوە، یاخود لە تاوتوێکردنی پێکهاتەی کۆمەڵگا و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دیاردەکان و خێزان و نەزم و ئایین و بەهاکانی ئاکاردا بووبێ، یان لەو بیروبۆچوونەدا کە لە دەورو رۆڵی کۆمەڵایەتی گۆڕان و پەرەسەندن و



پێشکەوتندا رەنگی دابێتەوە کە لە چاکسازیی و ریفۆرمی نیوەچڵ و دەڵەمەیی چووە، جەوهەر و ناوەڕۆکی راستەقینە و چارەسەری تەواوەتی ئەگەر پشتگوێ نەخرابن ئەوا رێبازە زانستییە بەلایەکداخەرانەکان نەگیراونەتە بەرو پەیڕە و نەکراون، راستیی و دروستی ئەم بڕیارە ساغ و پشتڕاست دەکەنەوە.

## پێکهاتەی تیۆری بنیادی ئەرك و فەرمان

ئەم تیۆرییە وەك لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێ لە دوو رێباز کە بە دوو وشە و چەمکی بەیەکەوە گرێدراو دەردەبڕدرێ، پێکهاتووە:

1- بنیاد Structur.

2- ئەرك و فەرمان(وەزیفە) Function.

تیۆری بنیاد کە پێشتر لە لایەن شتراوس و دۆرکهایمەوە داکۆکی لێکراوە کۆمەڵگا و پێکهاتەکانی، دیاردە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئۆرگان و دامەزراوەکانی بە پێی کەرت و بەش و لایەن و پێکهاتەی دامەزراو و دەزگاکانی بنیادی کۆمەڵایەتی لێکدراوەتەوە و شرۆڤە کردووە.

تیۆری ئەرك و فەرمان بۆ لێکدانەوە و توێژینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بە پەیوەندی و گرفتەکانیانەوە، پشتی بەو ئەرك و فەرمانە (بەو وەزیفەیە) بەستووە کە کەوتۆتە ئەستۆ و سەرشانی پێکهاتە فرەڕەنگەکانی کۆمەڵگا. ئەم تیۆرییە کە هەردوو لایەنەکە، بنیاد — ئەرك و فەرمان لێکدەدات و بەیەکەوەیانی گرێداوە بەجۆرێك هەڵسوکەوت لەگەڵ دیاردە و گرفت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا کردووە کە:

**یەکەم:** چەند ئەنجامێکن لە کەرت و بەش و لایەن و پێکهاتە و قەوارە بنیادییەکانی کۆمەڵگا دەکەونەوە و دەردەکەون..

**دووەم:** ئەم دەرکەوتنەیان ئەرك و فەرمان و وەزیفەیەکی دیار و ئاشکرای کۆمەڵایەتی هەیە، کە پەیوەندییەکی راستەوخۆ یاخود پەیوەندییەکی

ناڕاستەوخۆیان بە ئەرك و فەرمانی دیاردەكانی ترەوە هەیە، كە لە بەش و لایەن و كەرتەكانی تری بنیادی كۆمەڵایەتییەوە كەوتوونەتەوە.[1]

راستیەكی گومان هەڵنەگرە كە كۆمەڵگای مرۆڤ هەر لە سەرەتای پەیدابوونییەوە بەو جۆرە بەرەوپێشچووە كە شایستەی ناوی كۆمەڵگا Society بێت، جگە لە خێزان و بنەماڵە، لە چەند ئۆرگان و دامودەزگا و دامەزراو و رێكخراو و كەرت و بەش و پێكهاتەی هەمەچەشنە دروست بووە كە بە پێزیی و فرەڕەنگی ژیانی كۆمەڵایەتی مرۆڤ و كۆشش و چوست و چالاكییەكانی نیشانداوە بگرە ساخ و پشتڕاستیشی كردۆتەوە.

لە لایەكی ترەوە ئەم لایەن و ئۆرگان و كەرت و بەشانە بە مرۆڤەوە، ئەرك و فەرمانی دوو لایەنانەی بەرامبەر بەیەكترییان لە ئەستۆ دابوو كە لە هی تر جیای كردوونەتەوە، سیما و سروشت و تایبەتمەندی دەوروبەر و شارستانییەت و كولتووری پێبەخشیون و نواندوویانە.

هەروەك لە ناونیشانی ئەم رێبازەی تیۆرییەكەوە دەردەكەوێ جەخت لەسەر دوو لایەن كراوە و پێ لەسەر دوو بەش داگیراوە:

**یەكەم:** بنیاد و پێكهاتەكانی كۆمەڵگا بەفرەڕەنگییەكانیانەوە لێیان بكۆڵرێتەوە و بكرێن بە بابەتی توێژینەوە... ئینجا:

**دووەم:** ئەو ئەرك و فەرمان و وەزیفەیەی كەوتۆتە ئەستۆ و سەرشانی لایەنە جۆربەجۆرەكانی كۆمەڵگا هەر لە تاكەوە تا دەزگا و دامەزراوە هەمەچەشنەكان و رێكخراوە كۆمەڵایەتییەكان و دەوڵەت و خۆیشی بە هەرسێك دەسەڵاتییەوە (پیادەكردن و دادوەریی و قانوون دانان) سەرەڕای سیستەمە ئابووری و سیاسییەكەی لێیان بكۆڵرێتەوە و تاوتوێ بكرێن.

دوور ناڕۆین ئەگەر بڵێین هەڵبژاردنی ئەم ناوە بۆ تیۆرییەكە و ئەو میتۆدەی پەیڕەوی دەكات و ئەو ئەركە زانستییەی لە ئەنجامدا بەخۆی دەسپێرێ لە

(1) محمد الحسن، الآستاذ الدكتور احسان، النظريات الآجتماعية المتقدمة، دار وائل للنشر، ط1، عمان = الاردن، 2005، ص47 فما بعد.



چوارچێوەیەكی بە تیۆری پاساودان و رەواكردنی بنەماكانی سیستەمی كۆمەڵایەتی و ئابووری رێژێمی سەرمایەداری بەولاوە نییە.[1] ئەم تیۆرییە لە جیاتی بایەخدان بە پرۆسەی گۆڕانی سەرتاپاگیرانەی كۆمەڵ و دۆزینەوەی ئەو هۆكارە سەرەكییانە[2]ی تەكاندەری گۆڕانی كۆمەڵ و ژیان و دەوڵەتن، جەخت لەسەر بنیاد و ئەرك و فەرمان و وەزیفە دەكات و سەرگەرمی پاراستنی هەماهەنگیی و تەبایی و هاوكێشەیی و ئارامی نەزمی كۆمەڵ و بەرقەراركردنی مانەوەی پایەكانی رێژێم و بەردەوامییەكەیەتی. سەرەڕای ئەمە رابەرانی ئەم رێبازە بەجۆرێك پێناسەی ئەرك و فەرمانیان كردووە كە ناوەڕۆكە راستەقینەكەی پشتگوێ بخرێ و وایان داناوە گوایە (وەزیفە ئەنجامدانی كار و كاریگەرییەكە هەست پێدەكرێت و دەبێتە مایەی بەدیهێنانی پێكەوە گونجان و بەیەكەوە هەڵكردن و هەماهەنگی و تەبایی لە چوارچێوەی نەزمێكی دیاریكراودا)[3]. ئەم پێناسەیە، هەماهەنگیی و پێكەوە گونجان و هاوكاری نەك رقەبەریی و جیاوازی و ناتەبایی، هیمنی و ئارامی و بەردەوامی نەك گۆڕانی سەرتاپاگیرانە، لە جەوهەر و پوختەی ئەرك و فرمان و وەزیفەدا دەبینێ.

## پوختەی ناوەڕۆكی تیۆرییەكە

بە پێی سەرچاوەكان رابەرانی ئەم رێبازە، پارسۆنز و مالینۆفسكی و میرتون لەو باوەڕەدا بوون لە یەكچوونێكی لە رادە بەدەر لە نێوان نەزم و پێكهاتەی كۆمەڵایەتی و گیانلەبەری ئۆرگانیدا هەیە. ئەوان وایان داناوە كە ژیانی

(1) د. قيس نوری، د. عبدالمنعم الحسنی، النظريات الآجتماعية، بغداد، 1985، ص297.

(2) Jonas, Fridrich. Geschichte der Soziologie. Bd. 2. Rowohlt. Hamburg. 1976. S.308ff.

(3) تيماشيف، نيقولا، نظرية علم الآجتماع، طبعتها و تطورها، ترجمة جماعة من الدكاترة، م.د. محمد عاطف غيث، ط5، دار المعارف، مصر، 1983، ص133.

کۆمەڵایەتی، ژیان و گوزەرانی کۆمەڵایەتی[1] مرۆڤ لە کۆمەڵدا وەك بوونەوەرێکی زیندووە، ئەم بڕیارە بەش و بڕگەیەکی سەرەکیی پێکهاتەی ئەرکی شیکارییانەی ئەم تیۆرییە دەستنیشان دەکات، ئەو کارە دەردەخات کە بیروبۆچوونەکانی هێربرت سپنسەر Spencer لەم ڕێبازەدا کردوویەت.

سپنسەر وای بۆچووە، پشت ئەستوور بە تیۆری پەرەسەندنی چارلس داروین کە کۆمەڵگا Society لەسەر شێوەی بوونەوەری ئۆرگانیی زیندوو دایە. هەر دەزگایەك، هەر دامەزراوێك هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا لە ئەندامێکی لەشی مرۆڤ دەشێت و وەك هەر ئەندامێکی لەش ئەرك و فەرمان و وەزیفەی دیاریکراوی خۆی هەیە. بۆ نموونە دەوڵەت کە دامەزراوێکی سەرخانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کۆمەڵە لە (سەری) مرۆڤ دەچێت. ئەمە ئەو لایەنەیە کە ئەم تیۆرییە لە بەشی ئەرك و فرماندا لە سپنسەری خوازتۆتەوە و لە چالاکی زانستی و دەستبەکاری ئەکادیمییای خۆیدا سوودی لێ وەرگرتووە و پەیڕەوی کردووە، بەڵام ئەم لایەنە بە بابەتی ئەرك و فرمان ناودەبرێت چونکە، بایەخ بە ئەرك و فرمان و وەزیفە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا دەدات[2].

ئەگەرچی سوودوەرگرتن و کار لە یەکتری کردن دیاردەیەکی باو و ئاشکرایە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی زانستی و توێژینەوەدا و زیندوویی و کاریگەری هەردووك لا دەردەخات، چ ئەوەی کاری کردووە و چ ئەوەی کاریلێکراوە، بەڵام هەندێك جار ئەم وەرگرتن و کارلێکران و خواستنەوەیە ئەنجامی نالەباری لێدەکەوێتەوە کە رەنگی سنوورێکی دیاریکراو بۆ بابەتی کارلێکراوەکە دەڕێژێ. بۆ نموونە لە رەوشی تیۆری بنیادی ئەرك و فەرماندا ئەم خواستنەوەیە لە تیۆری

(1) کریب، آیان، النظریة الآجتماعیة من بارسونز الی هابرماس، ت: د. محمد حسین ندوم، م: د. محمد عصفور، سلسلة عالم المعرفة 244، الکویت، 1999، ص76.

(2) فوج، أجنر، الآنتخاب الثقافي، ت: شوقي جلال، المجلس الآعلی للثقافة 609، القاهرة، 2005، ص33. هەروەها بڕوانە:

Hirschberger, Johannes, Geschichte der Philosophie. Bd. Komet. 12. Auflage, 1980.s.523 ff.



پەرەسەندنی داروین بەگشتی و سپنسەر بەتایبەتی لە دوو لاوە کاری نالەبار (نێگەتیڤی) خۆی کردووە ئەگەر نەڵێین دەستێکی جەرگ بڕی لێوەشاندووە.

لەلایەکەوە، ئەم خواستنەوەیە زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆجی) ناچارکردووە پەیڕەوی میتۆدە و ڕێبازی زانستی سروشتی (فیزیك) بکات و بچێتە ڕیزی ئەو زانستانە کە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان دیاردەی سروشتی و دیاردەی کۆمەڵایەتیدا ناکەن و ناچار بێت پابەندی بنیاد و ئەرك و فەرمان بێ و لە جیاتی ئەوەی بیر لەلایەن و رەهەندی دینامیکی گۆڕان بکاتەوە خەریکی خۆ خەریك کردن بێت بەلایەنی نەگۆڕاو و ئارام و جێگیرکردنی نەزم و سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە.[1]

لە لایەکی ترەوە، وەك ئاشکرایە دیاردەی سروشتی پابەندی چەند قانوون و بنەمایەکی نەگۆڕاوی دووبارەبوونەوە ببێ شتێکی ئاساییە، بەڵام لە کۆمەڵدا ئەمە لە ناوەڕۆك و روخساردا جیایە. تەنانەت لە هیچ سەردەم و شوێنێکدا دوو پێکهاتە و دیاردەی کۆمەڵایەتی وەك یەك نایەنە بەرچاو و بەدی ناکرێن، لێرەوە بابەتی پەرەسەندنی پێشکەوتنخوازانە و نەزم و ئارامی کە کۆنت پێشنیازی کردبوون. یەکەمیان پشتگوێ دەخرێ و دووەمیان هەوڵی پیادەکردنی دەدرێت. پاراستنی نەزم و سیستەم ئیتر بە ناوەڕوك و روخسارە جیاکانییەوە، دەبێ بە بەشێکی پێویست و ناچاری. مرۆڤ سەرگەرمی زانینی ئەو هەلومەرج و دۆخە دەبێت کە مانەوە و ئارامیی و سەقامگیری بارودۆخی هەڵکەوت و سیستەمی دەسەلات و دەستبەکاری لێدەکەوێتەوە. بە واتایەکی تر ئەم ڕێبازە هەوڵدەدات بزانێ چ ئەرك و فرمانێك پێویستە جێبەجێ بکرێن بۆ ئەوەی ئەنجامێکی کۆمەڵایەتی دەستگیر ببێ، ببێتە مایەی بەرقەراریی و مانەوەی سیستەمەکە خۆی، نەزمی کۆمەڵایەتی پێویستە و[2] دەبێ بپارێزرێ و هەوڵی بۆ بدرێت.

(1) عبدالعطي، د. عبدالباسط، اتجاهات نظریة في علم الآجتماع، عالم المعرفة 44، الکویت، 1981، ص158 فما بعد.

(2) Jonas, F., Ebenda . s.306.

ئەم ڕێبازە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تاوەکو ئەو ڕۆژەی بە تەواوەتی خەت و خاڵی داوە ئەم خاڵانەی بە ئەرکی سەرشانی خۆی داناوە و بە ئامرازە تایبەتییەکەی خۆی هەوڵی جێبەجێکردنیانی داوە:

1- پرۆسەی گۆڕان و هێز و هۆکاری بەرەوپێشچوون، بنیاد و ئەرك و فرمان و جۆرەکانی.
2- کاری تاك و کۆ کار (کاری کۆمەڵایەتی).
3- ڕۆڵی بەها و نەریت و کولتوور و بنەماکانی ئایین و ئاکار لە پرۆسەی ئارامیی و جێگیربوونی سیستەم و پەیوندییە کۆمەڵایەتییەکان و نەزمی کۆمەڵایەتییدا و چۆن هەڵکەوت بەرقەرار و بەردەوام دەبێت؟.
4- چی بکرێت بۆ ئەوەی سیستەم جێگیر بێت و ئەرکی بنیادی تاکەکەس و گروپ و کۆمەڵگا لەم بارەیەوە چییە؟.
5- چۆن مرۆڤ وەك تاك دەبێتە ئەندامی کۆمەڵگا و چۆن پەیوەندی تاکەکەسان و Personal سیستەمی کۆمەڵایەتی ڕەنگ دەڕێژدرێ[1]؟ ئەم خاڵانە و چەند خاڵێکی تر تانوپۆی ئەو بابەتانەیان لێپێکدێت کە دەکرێت بە جیهاندیدی گشتی تیۆری بنیادی ئەرك و فەرمان ناوببرێت.

دەکرێ ئەرك و فرمان، لە چەند لایەکەوە و بە چەند جۆرێك تێیان بگەیشترێ و پێناسە بکرێن. پوختترین پێناسەیەك کە لەلای ڕابەرانی ئەم ڕێبازە دەبیسترێ و دەبینرێ ئەوەیە کە تیماشیف نووسیویەتی:

ئەو ئەرکەیە کە کەوتۆتە ئەستۆ، واتە ئەو بەشدارییانەیە کە تاك پێشکەش بە کۆمەڵگا و کۆمەڵگا لە لای خۆیەوە پێشکەش بەو تاقمە گروپە بچووکانەی دەکات کە تێیندان و لێیان پێکهاتووە.[2] لێرەوە دەکرێ وا دابنرێت کە ئەم جۆرە پێناسە کردنەی ئەرك و فەرمان کە ئەندامانی کۆمەڵ و دامودەزگا و دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە و جۆرە پەیوەندییەکی دەستییاوی لە نێوان

---

[1] Jonas, F. Ebenda. S. 314.

[2] تیماشیف، نیقولا، المصدر نفسه، ص123.



هەردووك لادا دادەنێ و هیچیان بەبێ ئەوی تریان نابێ، و ناکرێ دەستبەرداری یەکتری بن. بێگومان نەزمی کۆمەڵایەتی بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لە چەندین لایەن و بەش پێکهاتووە هەر لایەن و بەشەی ئەرك و فرمانی سەرەکی لەسەر شانە، بەم ڕاپەڕاندنی ئەرك و فرمانە، جۆرێك لە سەقامگیری و ئارامیی و بەردەوامی هەمەکییە گشتییەکە دەستەبەر و دابین دەبێ.

ئەگەر مرۆڤ وەك تاك لە کۆمەڵدا بژی و ئەرکی خزمەتکردنی کۆمەڵ و دەزگا و دامەزراوەکانی لە ئەستۆدا بێت لە هەمانکاتدا بەرامبەر بەو ڕەوشە فرەلایەنییەی چاوەڕێ ئەوە دەکات بەرامبەرەکەشی ئەرکی سەرشانی خۆی ڕاپەڕێنێ.

وەك چۆن مرۆڤ خزمەتی بنەماڵە و خێزان و خزمەکانی دەکات لە هەمانکاتدا خێزان خۆی ئەرکی خزمەتکردن و پەروەردەکردن و پێگەیاندنی بچووك و زارۆکەکانی هەیە، کە لە دوا ڕۆژدا دەبن بە ئەندام و کاربەدەستێکی ئەم کۆمەڵە خۆی. ئەم جۆرە دەستنیشانکردنە دەستەوایییەی ئەرك و فرمان لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵ و نەزم و پێکهاتە جۆربەجۆرەکانیدا جێدەستی بیروبۆچوونەکانی هێربەرت سپنسەر دێنێتەوە یاد کە هەوڵی داوە تیۆری پەرەسەندنی بوونەوەری ئۆرگانی بەسەر کۆمەڵدا پیادە بکات. لەم یەکچواندنی نەزم و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و مرۆڤ (بوونەوەری ئۆرگانیی)، ئەوە دەگەیەنێ کە ژیانی کۆمەڵایەتی وەك بوونەوەری ئۆرگانی سەرنج بدرێت و ئەو گۆڕان و پەرەسەندن و قانوونانەی دووەمیان دەگرێتەوە یەکەمیشیان بگرێتەوە و پابەندی بکات. هەروەك چۆن مرۆڤ پابەندی چەندین قانوون و ڕێوشوێنە و پێداویستی ژیانی ڕۆژانە جۆرە کاروکردار و بیرکردنەوە و هەڵوێستی داوا لێدەکات، بەهەمان شێوەش سیستەمی کۆمەڵایەتی پێداویستی هەمەچەشنەی هەیە و دەبێ دابین بکرێن. دابینکردنی ئەم پێداویستییانەی نەزم و سیستەمی کۆمەڵایەتی لە لایەن بەش و پێکهاتە جۆربەجۆرەکانییەوە دەبێتە مایەی مانەوەی و بەردەوام بوونی لە بووندا.

هەر لەم ڕوانگە و بۆچوونەوە ڕەنگی چوارچێوەیەك دەڕێژرێ کە تیایدا جۆرە گۆڕانێکی سنووردار لە چوارچێوەی ڕەنگڕێژراوی نەزم و Order پێکهاتە و

دامەزراوەکانی کۆمەڵ و دەوڵەتدا، ئیتر لە پێکهاتەی خێزانەوە بێت تا دەگاتە کولتوور و سیاسەت و ئابووری و سوپا و .... تاکەکەس..

ئەو گۆڕانانەی لەم کایەدا لەبەرچاو دەگیرێن بەم شێوەیەن:

1- ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر کۆمەڵدا دێن، وەك هەوڵ و کۆشش و چالاکییەك کە لەگەڵ ئەو هەلومەرجە گۆڕاوە دەرەکیانەدا بگونجێ کە هاتوونەتە پێشەوە.[1]
2- جۆرە گونجانێکی جۆرەکانی کۆمەڵ و پێکهاتەکانی لە نێو خۆیاندا و لەگەڵ یەکتریدا .[2]
3- پێگەیاندن و گۆڕینی تاکەکان و ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگا، بەجۆرێك کە لەگەڵ دامودەزگا دامەزراوەکانی کۆمەڵدا بگونجێ، و جۆرە تەبایی و هەماهەنگییەك دەستگیر ببێ تاوەکو بەرقەراریی و بەردەوامی نەزم و سیستەم دەستەبەر بێت.

هەر یەکێك لە سیستەم و پێکهاتە و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، دەوڵەت و دەسەڵاتە جۆربەجۆرەکان، کۆڕ و کۆمەڵە هەمەچەشنەکان، (خێزان و بنەماڵە و خانەوادە، دەگاکانی ئایین و کەنیشتە و کڵێسە و مزگەوت) و رێکخراو و پارتییە سیاسییەکان ئەرکی کۆمەڵایەتی دیار و گرنگی سەرشانیان هەیە و چۆنێتی راپەڕاندنی ئەم ئەرکە جگە لە بەرقەرارکردنی نەزم و تەبایی و ئارامیی و ئاسوودەیی کۆمەڵ، ئەو ئاوات و و ئامانجانە دێنێتەدی کە بە سیستەم و رێژێمی کۆمەڵ سپێردراون و کە چاوەڕێی پیادەکردنیان لێدەکرێ، جگە لەوەی بێگومان مرۆڤ، پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، هەر یەکە لە لای خۆیەوە وەك مافیان هەیە و داوا و چاوەڕێی بەدەستهێنانی دەکەن، بەهەمان شێوە ئەرك و فەرمانی دیاریکراویان لە ئەستۆ دایە و چاوەڕێی راپەڕاندن و پیادەکردنیان لێدەکرێت. لەم ئاستەوە شیکردنەوەی کەسایەتی مرۆڤ، کولتوور، بەها و نەریتەکانی ئاکار،

[1] فوج، أجنر، الآنتخاب الثقافي، ت: شوقي جلال، المجلس الآعلى للثقافة 609، القاهرة، 2005، ط، ص33 فما بعد.

[2] Jonas, F.,Ebenda . s.317.



رێوشوێن و دۆگم و دروشم و بنەماکانی ئایین و ئەرك و فرمان، بنیادی کۆمەڵایەتی خۆی و ئەو رۆڵەی دامودەزگاکان دەیگێڕن، دەبن بە ئەرکی سەرەکی ئەم رێبازە کە بە ئەرکی شیکردنەوەی بنیادی فرمانیانەی کۆمەڵ ناو دەبرێن. ئیتر بۆیە لە سێ بەرەدا ئەم رێبازە کۆششی کردووە:

**یەکەم:** ئەرك و فەرمانە گرنگەکانی نەزم و سیستەمی کۆمەڵایەتی، کە بریتییە لە گونجان و هەڵکردنی سیستەمەکە لەگەڵ سیستەمەکانی تر و ژینگەی سروشتی دەوروبەریدا ئینجا ئەو توانایەی کە هەیەتی بۆ سەقامگیرکردنی ئاسوودەیی و ئارامیی و بەرقەراری و هەماهەنگیی دەستنیشان بکرێت.

**دووەم:** پێداویستییەکانی سیستەمەکە کە ببێتە مایەی دابینکردنی هەلومەرجی پێشکەوتنی نەزمە کۆمەڵایەتییەکە هەر لە کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتییەوە بگرە تا پەروەردەکردن و پێگەیاندن زارۆك و نەوەی نوێ و زمانێکی هاوبەش، بۆ لەیەکتری گەیشتنی تاکەکەسان و تاقم و کۆڕ و کۆمەڵ بە پێکهاتە جۆربەجۆرەکانییەوە دیاری بکرێت.

**سێیەم:** پێکهاتەکانی کۆمەڵ بە پێی هەر سێ چەمکی، کولتوور، کەسایەتی و سیستەمی کۆمەڵایەتی شیبکرێتەوە[1].

بایەخدان بە کولتوور و بنەماکانی ئاکار و بەهاکانی ئایین کە بنەمایەکی گرنگی ئەم تیۆرییەی بنیادی ئەرك و فەرمانەیە، ئەوە دەردەخات کە بایەتی سۆسیۆلۆژی بەردەوام رووبەڕووی کێشەیەك بۆتەوە و دەبێتەوە کە خۆی لەم پرسیارەدا گەلاڵە دەکات: چۆن نەزم و رێکوپێکی و هەماهەنگی و تەبایی لە کۆمەڵ و جیهانێکدا جێگیر و بەرقەرار دەبێت کە رکابەریی و ململانێ و گۆڕان، سروشتە جەوهەرییەکەی پێك دەهێنن؟! ئایا لە تواناندا هەیە، کە هەڵکەوت و جۆر و تایپ و نموونە کۆمەڵایەتییەکان وەك خۆیان بهێڵرێنەوەو بپارێزرێن، لەگەڵ ئەمەشدا سەرچاوە و هۆکارەکانی گرژیی و ململانێی و گۆڕانی سەرتاپاگیرانە کۆنترۆڵ بکرێت کە:

[1] الحسن، د. احسان محمد، النظريات الآجتماعية المتقدمة، ص53-54.

پارسۆنز بایەخێکی لە رادەبەدەری بە بنەماکانی ئاکار و ئایین داوە و لەو باوەڕەدابووە کە بنەماکانی ئاکار دەتوانن و بگرە یارمەتی پێکەوە هەڵکردنی کۆمەڵ دەدەن، بەبێ ئەوەی گۆڕان لە سیستەمی ئابووریدا بکرێت و بەبێ ئەوەی جارێکی تر داهات و سەرچاوەکانی هێز و دەسەڵات دابەشبکرێنەوە.[1]

ئەگەرچی ئەم بۆچوونەی پاسۆنز لەم سەردەمەدا بایەخێکی زانستی ئەوتۆی نەماوە بەڵام پێ لەسەر دوو خاڵ دادەگرێ:

**یەکەم:** پارسۆنز سەرگەرمی دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی ترە کە ئابووری نەبێ و ببێتە مایەی گەشەکردن و کامڵ بوون و پتەوبوونی نەزمی کۆمەڵایەتی.

**دووەم:** رۆڵی تاکەکان و پابەندبوونیان بە ئەرك و فەرمانی سەرشانیان بەرامبەر بە کۆمەڵ کە گوایە ئەمە یەکگرتوویی و یەکڕەنگیی پتەوی کۆمەڵی لێدەکەوێتەوە.

گومان لەوەدا نییە، کە بەهاو نەریت و بنەماکانی ئاکار دەکرێ وەك هۆکار و هاندەرێکی سنوور بۆ داڕێژراوی کار و فەرمان سەرنجبدرێن و تاڕادەیەکیش بە سەرچاوەیەکی نەزم و رێکوپێکی کۆمەڵایەتی دابنرێن، بەڵام بەهیچ جۆرێك نابنە فاکتەر و هۆکاری سەرەکیی، چونکە خۆیان لە لای خۆیانەوە هۆکاری پەیدابوونیان هەیە و لەو هەلومەرج و بار و رەوشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە کەوتوونەتەوە کە هەڵگری ئەم بەها و نەریتانە تیایاندا پێگەیشتووە و پەروەردە بووە. هەروەها جۆر و رەگەزە کولتوورییەکان کە بەها و نەریت و بنەماکانی ئاکاریان لێ پێکدێت و بەشێکن لە ئەوان، وەك بە هۆکار و پاڵنەری چالاکی و کرداری مرۆڤ دانراون و کراون بەسەرچاوەیەکی ئاسوودەیی کۆمەڵ لە لای خۆیانەوە دەکرێ وەك ئەنجامی پەرەسەندن و هەڵوێست و رەوشی دیاریکراویش بژمێردرێن. دەبێ تا چەند پارسۆنز لەم بارەیەوە سوودی لە بۆچوونەکانی ماکس ڤیبەری ئەڵمانی دەربارەی رۆڵی کار و بەهاکانی ئایین لە ژیانی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی سیستەمی سەرمایەداری وەرگرتبێ؟!

---

[1] جولدنر، الفن، الآزمة القادمة لعلم الآجتماع الغربي، ت: علي ليلة، المجلس الاعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة 667، ط1، القاهرة، ط1، 2004، ص246.



دابونەریت و بەهاکانی ئاکار و کولتوور بەگشتی وەك بەشێك لە سەرخانی ژیانی کۆمەڵایەتی، بنەمایەکی گرنگی شارستانییەت و کۆمەڵیان لێ پێکهاتووە، بە هۆی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەمێننەوە و جۆرە سیستەم و نەزمێکی پەیوەندی لە نێوان پێکهاتە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵدا دادەمەزرێنن. لە هیچ سەردەم و شوێنێکدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ بەها و نەریت و داب و رێوشوێن و بڕواو باوەڕبوونی دیار و تایبەتمەندی خۆیانیان نەبووە و نابێت، هەر ئەم تایبەتمەندییەش میللەتێکی لە گەلێکی تر جیاکردۆتەوە، نەزم و سیستەمی کۆمەڵایەتی لە فرەڕەنگییەکی تۆڕ ئاسای کار و کارتێکردنی باوی کۆمەڵایەتی بەولاوە نەبووە، کە کولتوور دامەزراوە هەمەچەشنەکان Institution پێکهاتەکەی بوون و لە رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و رەفتار و کۆڕەفتاری مرۆڤ و ئەندامانی کۆمەڵدا رۆڵی بەرچاویان گێڕاوە.

مرۆڤ بەبێ گوێدانە مەڵبەند و رۆڵی خۆی لە پرۆسەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییدا، بوونەوەرێکی کاریگەرە، ئەو کارەی دەیکات جۆرە چالاکییەکی سێ لایەنەی لێدەردەکەوێ، ئەو کەسەی کارەکە دەکات (بکەر) ئەو و کار و پیشەی دەکرێ و ئەنجام دەدرێت (بابەت) ئینجا ئەو ئامانجەی کە کارەکەی بۆ کراوە. ئەم کارکردنەی تاك لە لای خۆیەوە دەبێتە مایەی پەیدابوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە دەکرێ بە کۆکار، بەکاری کۆمەڵایەتی ناوببرێت. بەڵام ئەم هەڵوێستە کە بەشێکی سەرەکییە لەم تیۆرییە، توێژینەوە بە بارێکی تردا دەبات کە پتر بەلای دوورکەوتنەوەیە لە لایەنێکی بنەڕەتی چارەسەرکردنی کێشە و گرفت و بابەتەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و کلیلی ئەم کێشانە لە کردار و رەفتاری تاکەکان بەدی ناکات!!. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەزگا و دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگا بەرامبەر بە کرداری تاکەکان کە کۆمەڵیان لێ

پێکهاتووه، دەخرێنە ناو دووتای تەرازووەوه. هــەروەها دەکــرێ وەك ئــەنجامێکی ناچارەکیی کە لەم هەڵوێستەوە دەکەوێتەوە، دەسەڵات و هێز و هەبوونی پێویست و ناچارەکیی دەوڵــەت بــە هــەموو بــەش و لایــەن و پێکهاتەکانییــەوە، لەگــەڵ دامودەزگا و دامــەزراوەکانی ئــایین و کڵێــسا، بەرامبــەر بــە کۆشــش و هــەوڵی رزگارکردنی کۆمەڵی مرۆڤ وەك راستییەك پشت ئەســتوور بــە بیــانووی ئــەرك و فەرمان (وەزیفە)، پاساو بدرێ و ساغ بکرێتەوە.[1]

[1] Jonas, Fridrich., Geschichte der Sozilogie. Bd. 2. Hamburg. 1976.s.307.

# سۆنگەکانی ڕێبازی قوتابخانەی فرانکفۆرت

## (( تیۆری رەخنەی کۆمەڵایەتی ))

## سەرەتا

ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە سەدەی نۆزدەیەم سەبارەت بە مێژووی پەرەسەندنی شارستانێتی ئەوروپا بەتایبەتی و تێکڕای جیهان بەگشتی سەدەیەکی چارەنووسساز بووە. لەم سەدەیەدا وەك ئەنجامێکی شۆڕشی سەرتاپاگیری فەڕەنسا و (1789ز) هەر سێ دروشمەکەی: ئازادی، برایەتی، یەکسانی، چینی دەسەڵاتداری دەرەبەگایەتی (فیۆدالیزم) و بنەما ئایدیۆلۆژییەکەی بە ئایین و جیهاندیدەکەیەوە کەوتنە پاشەکشێ، لە سایەی ڕێبازی مرۆڤپەروەری و بزاڤی چالاکی ئازادییەوە، بایەخ بە مرۆڤ و ئازادییەکەی درایەوە، چارەنووس لە ژیانی ئەم دنیایەدا کەوتەوە ژێر دەستی مرۆڤ، بۆچوونە لاهوتییەکانی کڵێسەی عیساسی دەربارەی ژیانێکی تری دوای مردن جێگایان بۆ بایەخدان بە ژیانی ئێستا چۆڵ کرد. جۆرێکی تری ژیان و ئاکار و بۆچوونێکی نوێ دەربارەی گوزەران و جیهاندیدی پشت ئەستوور بە گەشبینی جێگیربوون. لە چوارچێوەی چەندین تیۆری فەلسەفە و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هزری پێشکەوتنخوازانە دەربارەی گەردوون و مرۆڤ و کۆمەڵگە و دەوڵەت کەوتنەوە، تووێ تووێ کردنی پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، ڕەخنەگرتنی بوێرانەی ڕەوشی هەڵکەوت و لە ئارادابوونی کۆمەڵگە، هەوڵدان بۆ ڕشتنی ڕەنگی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی دواڕۆژ بوون بە ئامانجی سەرەکی توێژینەوەی زانستی و ئابووری و فەلسەفە و کۆمەڵایەتی و چالاکی سیاسیانەی بیرمەند و ڕۆشنبیرانی چین و توێژە پێشکەوتنخوازەکان کە بە هۆی شۆڕشی فەڕەنساوە لە چوارچێوەی چینی تازە خەتوخاڵ داو و پێگەیشتووە کە هەرەسی بە دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی هێناو دەسەڵاتی سیاسی و جڵەوی فەرمانڕەوایی گرتە دەست، چینی بۆرژوازی ئەم هەلومەرجانە هاتنە سەر شانۆی ژیان و جێبەجێ دەکران، لە چوارچێوەی ئەم چینە بۆرژوازییە تازە پێگەیشتووەدا کە کاری گرتە



دەست، گەورەترین دەسکەوتی پێشکەوتنخوازانە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگە لە دوو لاوە بە دەست هێنرا:

**یەکەم:** کۆتایی هێنان بە دەسەڵات و دامودەزگا و ئایدیۆلۆژی چینی بە ساڵاچووی دەرەبەگایەتی لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپادا.[1]

**دووەم:** ڕێگا خۆشکردن بۆ پەرەسەندنی پێشکەوتنخوازانەی لەمەولای کۆمەڵگە و میللەتان بەرەو پێشەوە و بەرەو دواڕۆژێکی باشتر کە بە پێی توانا زۆربەی هەرە زۆری هۆکار و ئەنجامەکانی بوون و دەسەڵاتی چینی پێشوو بخاتە لاوە، ئەو ئەنجامانەی بە درێژایی سەدە تاریکەکانی ناوەڕاستەوە گەلانی ئەوروپا بە دەستیانەوە ناڵاندوویانە. ئەم چینە نوێیە کە پشتی بە بنەمای سەرمایە بەستبوو، ئایدۆلۆژییەکی فرەرەنگ و هەمە چەشنەی داڕشتبوو لە پرۆسەی چالاکی لەناوبردنی چەوساندنەوە و دەستبەسەرداگرتنیدا و لە بەرانبەر دابونەریت و ریوشوێنەکانی ڕێژێم و چینی پێش خۆیدا ئەوپەڕی ئازا و بوێر و خاوەن بڕوا و بە بڕیار بووە ژیر و مەنتیق بنەڕەت و بنەمای کردار و بڕیارەکانی بووە، لە داڕشتنی نەخشە و پلانەکانیدا ورد[1] و ریشەیی بووە.

### پێکهاتنی قوتابخانەی فرانکفۆرت

پشت ئەستوور بە سەرچاوە ئەکادیمییەکان شۆڕشی فەڕەنسا ئەنجامی سێ پرۆسەی گۆڕان و پەرەسەندنی درێژخایەن بووە لە سێ کۆمەڵگەی ئەوروپادا:

**یەکەم:** چاکسازی ئایینی سەدەی شازدەیەم لە ئەڵمانیا لە لایەن مارتن لۆتەرەوە (دەرکەوتنی ڕەوشی تاکەکەسیی و ئازادی).

---

[1] بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی سیگالەوە، چینی دەرەبەگ لە لایەن چینی بورژوازی شارەوە پەکی خراوە و جوتیاران لەم بارەیەوە دەوری سەرەکیان نەبووە.

[2] فولغين، ف، فلسفة الآنوار، ت: هنرييت عبودي، مراجعة: جورج طرابيشي، دار الطليعة للطباعة و النشر، بيروت، 2006، ص10 فما بعد.

دووەم: شۆڕشی پیشەسازی سەدەی حەڤدەیەمی ئینگلیز بەو پێشکەوتن و گۆڕان و دەسکەوتە گرنگانەوە کە لە کایە و بواری زانستی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفەدا بەدەست هاتووە (هۆکاری ئابووری).

سێیەم: بزووتنەوەی ڕۆشنگەری و ژیرەکی لە فەرەنسادا کە لە بیربۆچوونی سۆسیالیستی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفەکەیاندا دەرکەوتووە (بزاڤی عیلمانییەت و دانانی سیاسەت لە جێگای ئایین).

ئەو ڕاستییە ئەو بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئەگەرچی پرۆسەی گۆڕان یەکەیەکی یەکڕەنگی ڕێکوپێکە لە روخسار و ناوەڕۆکدا، سەرچاوەی فرەڕەنگ و گۆڕانی ئامانج و یەکڕەنگی، بە پیت و پێزی پرۆسەکە ساغ دەکاتەوە کە لە دوو تای لە یەکتری جیاواز پێك هاتووە کە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام پێوەندییەکی دەستیاوی Mutual بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە، ئەم پێوەندییە لە دوو لاوە دەستبەکارە. لە لایەکیان لەسەر بنەمای هەمەڕەنگی چەکەرەی کردووەو لە لایەکەی دیکەی ئامانجی دیار و رەنگ بۆ ڕێژراوی هەیە. دەستییاوییەکەش ئەوەیە کە راستە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە و دەبیارێزێ و لە دەستی نادات، بەڵام لە هەمانکاتدا هیچیان ناکرێ و لە توانایاندا نییە دەستبەرداری ئەوی تریان بن، چونکە یەکتری تەواو دەکەن.

شۆڕشی فەرەنسا، ئەوەندەی پێوەندی بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە، ئەگەر ئەنجامی زنجیرەیەکی ئالقە بەیەکەوە بەستراوی گۆڕان بووبێ، ئەوە لە قۆناغێکی تردابووە بە هۆکاری بەرپاکردنی پرۆسەی تر. لە بواری سیاسەت و ئابووری و فەلسەفە و سۆسیۆلۆژیدا، بۆ نموونە (سان سیمۆن 1760-1825ز) لە باوەشی کەشوهەوای شۆڕشی فەرەنسادا گۆش بووە و دەستبەکار بووە. سان سیمۆن بەر لە دەرکەوتنی سۆسیۆلۆژی وەك زانستێکی سەربەخۆ کۆمەڵگەی کردووە بە بابەتی توێژینەوە، گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە ئابووری و پیشەسازی بە بنەمای کۆمەڵگە دابنێ و وای بۆ چووە کە تیۆری کۆمەڵایەتی لە بنەڕەتدا



تیۆرییەکی سیاسی ئابوورییە، یان ئەو زانستەیە کە بەرهەمهێنان[1] دەکات بە کەرەسە و بابەت.

ئەم شۆڕشە و سان سیمۆن سەرچاوەیەك بوون لەو سەرچاوانەی:

1- ئۆگۆست کۆنت (1798-1857ز)ی رابەری فەلسەفەی پۆستیفیزم و دامەزرێنەری سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی) هەروەها.
2- مارکس رابەری سۆسیالیزمی نوێ و مەتریالیزمی دیالێکتیك و مێژوویی لێوەیان هەڵێنجاوە.

ئەم دوو بیرمەندە کە لە باوەشی چینی بۆرژوازی و رژێمی سەرمایەداریدا پێگەیشتوون، دوو هەڵوێستی ئەوپەڕی لە یەکتری جیاوازیان هەبووە جا ئەم هەڵوێستە بەرانبەر بەو رەوشە بێ کە توێ توێیان کردووە و تێیدا ژیاون، یان دەربارەی ئەو جیهاندیدە بووبێ کە بەرانبەر دوا رۆژی مرۆڤ و کۆمەڵگە هەیانبووە.

کۆنت کە جیهاندیدەکەی خۆی بە پۆزەتیڤ POSITIVE ناوبردووە دامەزرێنەری ئەو سۆسیۆلۆژییەیە کە بە سۆسیۆلۆژی ئەکادیمی — تیۆری چینی ناوەڕاست ناودەبرێت. پۆزێتیڤ واتای: لەبار، ئەرێ (ئیجابی) دەبەخشێ، کۆنت وەك سان سیمۆن کۆمەڵگەی سەرمایەداری سەردەمی خۆی بە کۆمەڵگەی پیشەسازی ناوبردووەو هەوڵی داوە کە بە بۆچوونەکانی ساغی بکاتەوە گۆڕانی سەرتاپاگیر ئەنجامی نالەباری دەبێ و مرۆڤ پێویستە هەڵوێستێکی لەبار و ئەرێی و پەسەندکردن ئەو رەوش و کۆمەڵگە و رژێمە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی هەبێ کە لە سێبەریدا دەژی. لێرەوە وشەی پۆزێتیڤ بۆ ئەم جیهاندیدە بەکارهاتووە.

لە کاتێکدا ڕێبازی پۆزێتیڤیزم سەرچاوەیەك بووە تیۆری[1] نوێی کۆمەڵگە لێوەی هەڵێنجاوە و سوودی لێوەرگرتووە، سۆسیۆلۆژیش (زانستی کۆمەڵایەتی) لەلای خۆیەوە لە باوەشی گەرموگوڕی ئەم ڕێبازە پۆزێتیڤیزمەوە سەریهەڵداوە و پەرەی سەندووە بە هۆیەوە توانیویەتی لە بابەت و روخسار و میتۆددا سەربەخۆ

(1) Marcuse, Herbert. Vernunft und Revolution. Luchterhand. DarmStadt. 1972. s. 289 ff.
(2) Marcuse, Herbert. Ebenda. s.287.

بێ و بگرە ببێ بە زانستێکی ڕێکوپێکی ئەزموونی. دوای کۆنت لە فەڕەنسا دۆرکهایم و لە ئەمەریکا تالکوت پارسۆنز بە سوود وەرگرتن لە پۆزیتیڤیزم پەرەیان بە بابەتی تیۆری کۆمەڵایەتی داوە و پێیان لەسەر ڕاگیرکردنی ڕێژێمی کۆمەڵایەتی هەڵکەوتی لە ئارادا بوو، داگرتووە و خێزانیان کردووە بە بابەتێك لە بابەیتی توێژینەوە و چالاکی زانستییانە.

لایەنەکەی تر کە لە شۆڕشی فەڕەنسا کەتۆتەوە و سوودی لە بیروبۆچوونەکانی سان سیمۆن وەرگرتووە ڕێبازی مارکسیزم بووە. مارکس بە پێچەوانەی سان سیمۆن و کۆنتەوە کۆمەڵگە نوێیەکەی بە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ناوبردووە و سەرگەرمی هەوڵ و تێکۆشان بووە بۆ ئەوەی لە بنەڕەتەوە، لە ڕەگوڕیشەوە ئەم سیستەمەی کۆمەڵگا بگۆڕێ. زۆربەی هەر زۆری بڕیار و بۆچوون و هەڵوێستەکانی جۆرە سەربەخۆیی و بە ئاشکرا جیابوونەوە و دابڕانێکی یەکجارەکی لەگەڵ هەموو تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان و ئایدیۆلۆژی و فەلسەفە و سیاسی پێشووی و سەردەمی خۆی نیشان دەدەن. بۆ نموونە سۆسیۆلۆژیستەکان بایەخ و گرنگیان بە خێزان دەدا کە ئۆرگانێکی بچووکی سروشتییە و دەیانکرد بە بنەما بۆ پاراستنی ڕێژێمی کۆمەڵایەتی لە ئارادا بووی سەردەمی خۆیان، مارکس بە پێچەوانەوە بایەخی بە تاقم و چین و کۆمەڵەی گەورە داوە. لە کاتێکدا لە سەردەمی میکیاڤیلییەوە بایەخ بە میر و خانەدان و توێژە دەستڕۆیشتوو و چینە کۆمەڵایەتییە خاوەن سامان دراوە، مارکس ئەم ڕەچەیەی شکاندووە و چینێکی هەڵبژاردووە کە پێشتر لە هەموو شتێکدا پەراوێزکراوە[1] چینی هەژارو ڕەوش و ڕووت و نەدار کە ئەو بە چینی پڕۆلیتار (کرێکار) ناوی ناوە.

لەو ڕێبازەی مارکسەوە ساڵی (1923ز) لە زانکۆی فرانکفۆرتی ئەڵمانیا ((سۆسیۆلۆژی ڕەخنەگری لە فرانکفۆرت)) کە بە تیۆری ڕەخنەگرانەش ناودەبرێ

---

[1] جولدنر، الفن، الآزمة القادمة لعلم الآجتماع الغربي، المصدر السابق نفسه، ص202-204.



بە ڕابەرایەتی پرۆفیسۆر دکتۆر ماکس هۆرکهایمەر (1895-1973ز) دامەزراوە. دامەزراندنەکەش بەم جۆرە بووە:

**پێکهاتنی قوتابخانەی فرانکفۆرت هۆکاری دەرەکی و ناوەکی هەبووە، هۆکارە دەرەکییەکان بریتی بوون لە:**

1- جەنگی یەکەمی جیهان.

2- شۆڕشەکەی ساڵی (1917ز) ی ڕووس کە بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر ناوبراوە.

3- ئەو سەرکەوتنەی پارتی نازییەکان لە ئەڵمانیا بە سەرۆکایەتی ئەدۆلف هیتلەر بەدەستی هێناوە.

جەنگی یەکەمی جیهان ئەگەرچی وێرانی و کاولکارییەکی گەورەی خستەوە و بوو بە مایەی نەهامەتی و قڕانی و کێشەی لە ژماردن نەهاتوو، ئەوا ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕاوە بۆ ئەوەی کە مەڵبەندی تێکۆشانی توندڕەوی پشت ئەستوور بە شۆڕش و توندوتیژی سۆسیالیستییانە لە ناوەڕاستی ئەورووپاوە دوای شۆڕشی لینین بۆ وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، بۆ ڕووسیا بگوێزرێتەوە، لە ئەورووپاش بەتایبەتی لە ئەڵمانیادا چەپڕەوە سۆسیالیستییە میانڕەوەکان تاڕادەیەك سەرکەوتنیان بە دەستهێنا بوو، بەتایبەتی لە دامەزراندنی کۆماری ڤایمەر بە تەواوی بە پێچەوانەی سیاسەت و ئایدیۆلۆژی مارکس و شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیا بوون، کە لە دواتردا بە سۆسیال دیموکرات ناوبراون. ئەم ڕەوشە سیاسەتمەدار و بیرمەندانی ئەڵمانیای دووچاری کێشەیەکی گەورەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی کردووە. بە چ لایەکدا بشکێنن و لایەنگری کام لا بکەن؟! پشتگیری تاقیکردنەوەکەی لینین بکەن کە لە دواییدا بۆ ستالینیزم، یان لایەنگیری میانڕەوەکانی ئەڵمان بکەن، یان ڕێگای سێیەم بگرنەبەر؟! ئەوەبوو ڕێگای سێیەمیان گرتەبەر و لە زانکۆی فرانکفۆرت ((پەیمانگای توێژینەوەی کۆمەڵایەتی فرانکفۆرت)) لە ساڵی (1923ز) دامەزرا، لە دواییدا هۆرکهایمەر بووە بە سەرۆکی و بە هۆی گۆڤاری ناوەندی پەیمانگاکەوە ((گۆڤاری توێژینەوەی کۆمەڵایەتی)) کە چەند ژمارەیەکی لێ دەرچووە بیروبۆچوون و هەڵوێستی

فەلسەفەیی و کۆمەڵایەتی پەیمانگاکە بڵاو و پەخش کراونەتەوە. زانین و تێگەیشتنی تێکڕای ژیانی کۆمەڵایەتی بەگشتی، لە ژێرخانی ئابوورییەو تاوەکو سەرخانی دامودەزگا و دامەزراوەکان دروشمی گشتی پەیمانگاکە بووە.

بڕیاری هەڵبژاردنی ڕێگای سێیەم ئەگەرچی لەخۆیدا وا سووك و ئاسانە نەبووە، جگە لە هۆکاری دەرەکی پشت ئەستوور بووە بە چەند هۆکارێکی ناوەکی کە لەو بەسەرهات و گۆڕانە سەرتاپاگیرانە کە لە رووسیادا بەسەر مارکسییەت و لە ئەڵمانیا بەسەر بزووتنەوەی چەپ و دیموکراتیدا بەگشتی هاتوون، کەوتوونەتەوە.

– لە رووسیای سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهاندا لینین لە وڵاتێکی دواکەوتووی نیمچە دەرەبەگی شۆڕشێکی کرد، کە هیچ مەرجێك لەو مەرجانەی شۆڕشی پڕۆلیتاری تێدا نەبووە وەك مارکس گریمانەی کردووە. تەنانەت لە هەندێك نووسیندا کە رابەری شۆڕشەکە نووسیویەتی، جۆرە پەشیمانی و بێ ئومێدی لینین خۆی دەردەکەوێ کە نە هەلومەرج نە پاشەڕۆژی بزووتنەوەیەکی لە بار لە ئارادا نەبوون. هاتنی ستالین بۆ سەرکار و ئەو کارانەی کردوونی بە تەواوەتی ساغی کردۆتەوە کە ئایدیۆلۆژییەك نەبووە پێی بوترێ ((مارکسیزم–لینینیزم))، بەڵکو ئەوی هەبووە ((لینینیزم — ستالینیزم)) بووە، کە خۆی نامۆ بوونی ئەو چینەی داهێناوە کە بەهۆیەوە و بەناوییەوە و گوایە بۆ سوود و قازانجەکەی تاوەکو لە ژیاندا بووە جڵەوی پۆلایینی دەسەڵاتی قۆزتۆتەوە و قۆرخ کردووە. ئەوەی مارکس بەدوا قۆناغی شۆڕشی فەرەنسای وتووە، ئەو گازندەیەی کردوویەتی دواتر بە چاکترین شێوە شۆڕشەکەی لینین-ستالینی گرتۆتەوە. واتە: دیکتاتۆری تاکەکەسی لە ڕێگای دەستەیەکی دانراو لە سەرکردایەتی پارتە بەناو کۆمۆنیستەکەدا. ئەو گازندەیەی لە کرداری دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری کردوویانە، خۆیان بە شێوازی مۆدێرنتر بەوپەڕی ترسناکی و درەندەییتر کردوویانەتەوە. دیکتاتۆری پڕۆلیتار بووە بە دیکتاتۆری بیرۆکراتی تاکەکەسی و پارتییە دەسەڵاتدارەکە. دیموکراتی و ئازادی لە هیچ شوێنیکدا نەدیتراون و هەستیان پێ نەکراوە. ئەو ئاواز و شێوازانەی گوایە بۆ رزگارکردنی چینی کرێکار



و تێکڕای کۆمەڵگە پێویست بووە بگیرێنە بەر بوون بە ئامرازی کۆنترۆڵکردنی حزب و دەوڵەت لەلایەن سەرکردەکانەوە. ئەو بنیاد و بنەما ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاکارییانەی لە ئارادا بوون بەجۆرێك بوون زەمینەی دەسەڵاتی سیاسی کەمایەتییەکی زەبر بە دەستیان خۆش کردووە.

– لە ئەڵمانیادا کۆماری ڤایمەر هەرەسی هێناوە، بە پێچەوانەوەی بۆچوونەکانەوە، هەژاری و بێکاری نەبۆتە مایەی بەهێزبوونی تەوژمی سیاسی ئایدیۆلۆژی بزووتنەوە پێشکەوتنخواز و سۆسیالیست و چەپەکان راستییەکی چاوەڕوان نەکراو، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورتبین کە لە دواییدا بوو بە بزووتنەوەی سۆسیالیزمی نەتەوەیی (نازی) بەسەرکردایەتی ئەدۆلف هیتلەر بووە بە هێزی سەرەکی لە کۆمەڵگە ئەڵماندا[1]، ئەو کۆمەڵگەیەی بە پێی بۆچوونەکانی مارکس دەبوو شۆڕشی سۆسیالیستی بەسەرکردایەتی پارتی پڕۆلیتار تێیدا رووبدات. هەروەها چۆن بیکاری و هەژاری نەبوونە مایەی بەرپابوونی راپەرین و شۆڕش، بەهەمان شێوە ناکۆکییە ناوەکییە ئابوورییەکانی کۆمەڵگەش نەبوونە مایەی رووخانی رژێمی نازی. کەوابوو تیۆری و پراکتیك بە پێچەوانەی یەکتری بوون!.

– هەر لەو سەردەمەدا دوو کتێب بڵاوکراونەتەوە کە لە رشتنی رەنگی ستراتیژی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا رۆڵی سەرەکییان گێڕاوە. سیاسەتمەداری مەجەرستانی گیۆرگ لۆکاچ کتێبی ((مێژووی هۆشیاری چینایەتی 1923ز)) بڵاوکردۆتەوە[2] تێیدا بە تەواوەتی بیربۆچوون و ئایدیۆلۆژی لینینی بواردووە و بگرە پشتگوێی خستووە و گەڕاوەتەوە سەر هیگڵ بۆ شرۆڤەکردنی چەند لایەنێکی گرنگی جیهاندیدی کارل مارکس. بەلای لۆکاچەوە بنەڕەتی

[1] Jayim., Dialektische Phantasie. Fischer T.B. Verlage. 1985. s. 21.

[2] ئەم بەرهەمە ساڵی (1979ز) کراوە بە عەرەبی بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە:
-جورج لوکاش، التأريخ والوعی الطبقی، ت: الدكتور حنا الشاعر، دار الآندلس للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، 1979

جیهاندیدی مارکس بریتییه له ((پەیڕەو و میتۆدی دیالێکتیکی)) ئەم پەیڕەو و ئەو بنەما و بناخەیە بووە، کە کۆشکی ئەم ئایدیۆلۆژییەی لەسەر دامەزراوە. هەربۆیە: کاتێك مێژوو ڕێگای شۆڕشگێڕی راستەقینەی خۆی دەگرێتە بەر ئەگەر پەرە بە هۆشیاری چینایەتی بدرێت[1]، یان ئەم هۆشیارییە چینایەتییە راستە دەبێتە مایەی تێگەیشتنی راستی رەوشی کۆمەڵگە بەگشتی و ئەو کاتە تیۆری بەم پێیە لەگەڵ پراکتیك ئاوێتە و دەست لە ململانێی یەکتری دەبن و هەردووکیان بەیەکەوە لەگەڵ پرۆسەی شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا تەباو گونجاو دەبن. لۆکاچ بەم بڕیارەی ئەنجامەکانی هەلومەرج و رەوشی مەتریالی ئابووری بە هەند نازانێت. لێرەو لەلای قوتابخانەی فرانکفۆرت ئەم هەڵوێستەی لۆکاچ ئەم خاڵە گرنگەی لێکەوتووە کە ئەندامانی ئەم رێبازە وەك بنەمایەك پەیڕەویان کردووە: رێبازی رەخنەگرتنی ئابووری سیاسی کە مارکس دایهێناوە دەبێ لە بنەما جەوهەرییە کۆمەڵایەتییەکەی جیابکرێتەوە و دابڕدرێ، واتە رزگاربوونی کۆمەڵگە و رزگاربوون بە گشتی Emanzipation وەك ئەرك دەبێ لە ئەستۆی چینی کرێکار پرۆلیتار)دا نەمێنێ و نابێ چینی کرێکار هیچی تر وەك رزگار هێنەری تێکڕای مرۆڤ و کۆمەڵ دابنرێت.[2]

- کتێبی دووەم کە وەك سەرچاوەیەکی هاندەر و وروژێنەر کاری لە قوتابخانەی فرانکفۆرت کردووە بەرهەمەکەی کارل کورش بووە کە لە ژێر ناونیشانی ((مارکسیزم و فەلسەفە)) ساڵی (1923ز) چاپ و بڵاوکراوەتەوە. کورش تیشکی خستۆتە سەر ئەو هەوڵ و لایەنانەی سەرگەرمی گۆڕین و شێواندنی مارکسییەتی راستەقینە بوون.

- یەکەم جار، پێش دامەزراندنی پەیمانگای توێژینەوەی کۆمەڵایەتی فرانکفۆرت لە چوارچێوەی سیمینارێکی هەفتانەی شاری توورینگندا لە ژێر ناوونیشانی یەکەمین چالاکی و کاری حەفتانەی ((مارکسییەکان)) (Ema)

[1] لوکاش، جورج، المصدر نفسه، ص14 فما بعد و في امكن مختلفة.
[2] بوبنر، روديجر، الفلسفة المانية الحديثة، بغداد، 1987، 237.



هاوینی ساڵی (1923ز) دامەزراوە تێیدا بزووتنەوە مارکسییە جیاوازەکان کۆبوونەوە و ویستوویانە ئەم بۆنەیە بکەن بە دەرفەت بۆ ئەوی پتر لە یەکتری نزیك ببنەوە و جیهاندیدێکی یەکگرتوو دەربارەی ئایدیۆلۆژی راستەقینە و بێگەردی مارکسیزم گەڵاڵە و رەنگ بڕێژن[1] فیلیکس ڤایل F.Weill کە یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی پەیمانگای توێژینەوەی کۆمەڵایەتی فرانکفۆرت لەم حەوت کۆڕەدا بەشدار بووە. دوای ئەم بۆنەیە لە ئەیلوولی(1922 ز) ڤایل یاداشتێکی پێشکەش بە زانکۆی فرانکفۆرت کردووە و تێیدا داوای کردنەوەی پەیمانگاکەی کردووە و وەك ئامانج و مەبەست لە کردنەوەی پەیمانگەکە دوور لە ژیان و چالاکی سیاسی و پارتییانە بێ ((زانین و تێگەیشتنی ژیانی کۆمەڵایەتی بەگشتی، هەر لە ژێرخانی ئابوورییەوە تاوەکو سەرخانی دەزگا و دامەزراوەکان))[2] وەك دروشم پێشنیازی کردووە. لە (3)ی شوباتی (1924ز) بە فەرمی دامەزراوە و لە (22)ی حوزەیرانی ساڵ (1924ز) کراوەتەوە. پەیمانگەکە گۆڤارێکی دەرکردووە بە ناوی گۆڤاری توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، Zeitschrift furSozal for Schung لە پەیمانگەکەدا سەرەڕای هۆرکهایمەر کە سەرۆکی بووە، فرەدریش پۆلۆك، لیو لوڤنتال، ئۆگۆست ڤیتفۆگل، تیۆدۆر ئەدۆرنۆ(1903-1969ز)، ئیریش فرۆم، یۆرگن هابرماس، هربرت ماکوز (1898-1979ز) تێیدا چالاك بوون. لە نیسانی ساڵی (1933ز) پەیمانگەکە لەلایەن نازییەکانەوە داخراوە و بەناچاری یەکەم جار پەیمانگاکە رووی لە سویسرە کردووە، لەوێوە چووە بۆ ئەمەریکا و لەوێ ماوەتەوە تاوەکو کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان و ئینجا گەڕاوەتەوە بۆ ئەڵمانیا.

[1] Jay, matin, Ebenda. S.23ff.
[2] سليتر، فيل، مدرسة فرانكفورت نشأتها و مغزاها، وجهة نظر ماركسية، ت: خليل كلفت، المجلس الآعلى للثقافة المصرية،2000، ص17 فما بعد. وا پێدەچێ وەرگێڕ دەسکاری ناوونیشانی ئەم بەرهەمەی کردبێ، چونکە بە ئینگلیزییەکە ئەم جۆرە نووسراوە:
Phil Slater, origin and significance of Frankfurt School.
دەکرا بە عەرەبی بنووسرێ: نشوو (أصل) و مغزى مدرسە فرانكفورت.

# میتۆدەی چالاکی قوتابخانە

**وەك لە ناوی قوتابخانەکە و بابەتی بڵاوکراوەکانیدا دەردەکەوێ:**

1- هەوڵدان بۆ دارِشتنی تیۆرییەکی رەخنەگرانە کە دواتر بە تیۆری رەخنەی کۆمەڵایەتی ناوبراوە.

2- رەخنەگرتنی کۆمەڵگە.

3- سوودوەرگرتن لە شێوازی رەخنەگرتنی ئابووری سیاسی کە مارکس دایهێناوە، ئەو میتۆدە بوون کە رێبازەکە هەر لە سەرەتادا پشتی پێ بەستوون، بۆ ئەم مەبەستەش پێوەندی بابەتی ئابووری و میتۆدەی دیالێکتیك، پێوەندی نێوان تیۆری و چالاکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی لە بۆچوونێکی ترەوە کە لەگەڵ هەلومەرجی ئەو گۆڕانە سەرتاپاگیرانەدا بگونجێ کە دوای جەنگی یەکەمی جیهان و شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووس بەسەر ئەوروپادا هاتوون، شرۆڤە بکرێن و لێك بدرێنەوە.

4- رابەرانی ئەم رێبازە هەوڵیان داوە ساغی بکەنەوە کە هیچ لایەنێك لە لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هیچ دیاردەیەکی کۆمەڵگە بەبێ بەستنەوەی بە چوارچێوە گشتییە هەمەکییە مێژووییەکەی و بەبێ گرێدانی بە بنیاد و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکەی بەو پێیە یەکەیەکی یەکرەنگە لە تێگەیشتن[1] و شرۆڤەکردن نایەت.

تیۆری رەخنەی کۆمەڵایەتی کە لەم قوتابخانەیەدا پەیرەوکراوە چەند تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە لە جۆرەکانی تری رەخنەی جیا دەکاتەوە و پێوەندی دەستیاوی لەگەڵ لایەنی تردا بۆ دابین دەکان.

تیۆری رەخنەی کۆمەڵایەتی وەك هۆرکهایمەر و مارکوزە لە چەند نووسینێکدا دەستنیشانیان کردووە چەند تایبەتمەندییەك نیشان دەدات کە **سروشتی ئامانجەکانی رێبازی قوتابخانەی فرانکفۆرت دیاری دەکات:**

(1) محمد، د. محمد علي، تأريخ علم الآجتماع الرواد و الآتجاهات المعاصرة، دار المعرفة الجامعية، الآسكندرية، مصر، 1986، ص543 وفي اماكن أخرى.



**یەکەم:** رەخنەی کۆمەڵایەتی بەوەدا لە رەخنەی کلاسیکی جیایە، رەخنە لە بیروبۆچوون و هزر و مێشك و کتێب ناگرێ وەك لەلای کانت وابووە.

**دووەم:** هەوڵ دەدات بابەتەکانی فەلسەفە لە چوارچێوەی تیۆری کۆمەڵگە و مەتریالیزمی دیالێکتیك و تێگەیشتنی مێژوویی دیاردەکان شرۆڤە بکات.[1]

**سێیەم:** میتۆدەکەی بەسەر بە بابەتی تری وەك کولتوور، ئاکاری تاکەکەساندا جێبەجێ بکات.

**چوارەم:** جۆری بیرکردنەوە لە دۆگم و کولتووری ئایدیالی و میتافیزیکیانە رزگار بکرێ و بە پێی بنەماکانی مەتریالیزمی مێژوویی تیۆری ئابووری کۆمەڵگە پەرەپێبدرێ.

**پێنجەم:** پێداچوونەوە و توێژینەوەی سەرلەنوێی بابەتی پێوەندی نێوان بوون و هۆشیاری، ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگە، ئامانج و رەوتی پەرەسەندنی مێژوو، هەڵسەنگاندنەوەی رۆڵی چینی[2] کرێکار (پرۆلیتار) لە ژیانی سیاسی و ئابووری کۆمەڵگەدا، لەم ئەرکەدا ئەم قوتابخانەیە سوودی لەم گۆڕانە سەرتاپاگیرانە وەرگرتووە کە بە هۆی جەنگی یەکەمی جیهانی و شۆڕشی رووسەوە بەسەر چینی سەرمایەداری و کۆمەڵگەکانی ئەوروپادا هاتوون.

**شەشەم:** رووبەڕووبوونەوەی کولتووری دەسەڵاتی تاکەکەسی لە سیاسەت و کۆمەڵگە و دەسەڵات و دەوڵەتدا، کە بە هۆی نازییەکانی ئەڵمانیا و فاشیستەکانی ئیتاڵیاوە و بە هۆی دەسەڵاتی تۆتالیتار و زەبر و زەنگی ستالینەوە هەوڵی بڵاوکردنەوە و جێگیرکردنیان درابوو.

**حەوتەم:** پێداچوونەوە بەو رۆڵ و کارەی گوایە ناکۆکی و رکەبەری نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە هۆشیاری و هەستی سیاسی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی[3] چینی پرۆلیتاردا دەیکات.

(1) Bolte, Gerhard,. Von Maexbis Horkheimer. Aspekte Kritischer Theorie im 19. und 20. Jahr hundert.
WB.Darmstadt. 1995. s. XI.ff.

(2) Gmunder, Ulrich., Kritische Theorie. Stuttgart, 1985.s.26.

(3) Gmunder, Ulrich., Ebenda. S. 27.

**هەشتەم:** تیۆری رەخنەگرانەی کۆمەڵگەی ئەم قوتابخانەیە بەوە لە تیۆری کلاسیکی جیاوازە کە رەوشە راستەقینەکەی کۆمەڵگە[1] لە سۆنگەی هێز و توانای ئابووری و تەکنیکی و رۆشنگەری و کولتوورییەوە دەپێوێ و هەڵدەسەنگێنێ، ئەم تیۆرییە لەو روانگەیەوە هەنگاو دەنێ کە مرۆڤ خۆی بە داهێنەر و بەرهەمهێنەری تێکڕای فۆرمە مێژووییەکانی ژیانیەتی و ئەمەش دەکات بە بابەتی توێژینەوەکەی.

**نۆیەم:** تیۆری رەخنەگرانەی کۆمەڵگە لە لایەکەوە پابەندی هیچ جۆرە کاریزمێکی سیاسی و پارتییەتی نییە و لە چوست و چالاکییەکاندا دەست بەرداری سەربەخۆیی خۆی نابێ، لە دەستنیشانکردنی مەبەست و گەیشتن بە ئامانجیدا فرمان و رێنمایی هیچ هێزێکی دەسەڵاتدار پەسەند ناکات و وەرناگرێ، لە لایەکی ترەوە لەگەڵ رێبازی مەتریالیزمی دێتەوە بەوەی مارکوز وتەنی:

تیۆرییەکە لە خۆیدا بابەتێکی ئابووری و هیچ جۆرە سیستمێکی فەلسەفیی نییە .. لە دوو لایەنەوە مەتریالیزم بە تیۆری کۆمەڵگەوە بەندە و گرێدراوە: یەکەمیان بەوەی کە خەمی بەختەوەری و ئازادی مرۆڤییەتی و دووەمیشان لەوەدا کە قەناعەتی وایە، ئەم بەختەوەری و ئازادییەی مرۆڤ تەنیا هەر لە رێگەی گۆڕینی پێوەندییە مادییەکانی[2] بوونەوە Dasein دەستەبەر دەبن.

**دەیەم:** ئەم تیۆرییە وەك میتۆدەیەك ئەو رێبازە دیالێکتیکییە کە مارکس لە ((کتێبی رەخنەگرتنی ئابووری سیاسیدا)) پەیڕەوی کردووە، دەکات بە نموونەی پەیڕەوکردن لە چالاکییە زانستییەکەیدا. لەم شاکارەدا کارڵ مارکس وای بۆچووە کە تێکڕای پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان بنەمای ئابووری کۆمەڵگە پێك دێنن،

(1) Horkheimer, Max., philosophie und Kritische Theorie. In: Zeitschrift fur Soziale forSchung (Hrsg) von
Institut fur Soziale forschung Jg,VI. Hefte . 3. 625 ff.

(2) Marcuse, Herbert.,Philosophie und Kritische Theorie.s.632 ff.
ئەم نووسینەی مارکوزە لە ساڵی 1937 لە هەمان گۆڤاری ((پەیمانگەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی فرانکفورت)) کە لەگەڵ پەراوێزی ژمارە (15) باس کراوە، بڵاوکراوەتەوە.



بنەمایەکی راستەقینە کە لە سەریدا سەرخانی قانوونی و سیاسی دادەمەزرێن و لەگەڵ فۆڕمە دیاریکراوەکانی هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا دێنەوە. شێوازەکانی بەرهەمهێنانی ژیانی ماددی وەك هەلومەرج بە تێکڕای پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و گیانی، دەستنیشان و دیاری دەکەن. نەك هۆشیاری مرۆڤ، بوونەکەی، بەڵکو بە پێچەوانەوە بوونە کۆمەڵایەتییەکەی هۆشیارییەکەی دیار و دەستنیشان دەکات.[1]

## پرۆگرام و بابەتەکانی تیۆری رەخنەی کۆمەڵایەتی

ئەو ئاستەنگە سیاسیانە لە ئەڵمانیای سەردەمی نازیدا خرانە بەردەم قوتابخانەکە و ناچارکردنی بۆ ئەوەی ئەڵمانیا بەجێ بهێڵێ و روو لە چەند وڵاتێکی تر بکات تاوەکو لە ئەمەریکا گیرسایەوە، ئینجا دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهان گەڕایەوە بۆ مەڵبەندەکەی جارانی لە ئەڵمانیا. ئەو رەوشە دەکرێ بەهۆکارێك دابنرێت کە ئەرکی سەرشانی مرۆڤ گران دەکات، کە بیەوێ بە تێروتەسەلی باسی پرۆگرام و بابەتەکانی ئەم قوتابخانەیە بکات. ئەم گۆڕانی رەوش و جێگایە گۆڕانی فرەڕەنگی بەسەر رابەران و بابەتەکانی قوتابخانەکەدا هێناوە، جگە لەوەی لە دەرەوەی ئەڵمانیا هەندێك بابەت بە زمانی تر بڵاوکراونەتەوە کە سوود لێ وەرگرتنیان وا ئاسان نییە.

لە لایەکی ترەوە ئەو هێرشە بەردەوامەی لە بلۆکی رۆژهەڵاتی ئەوسا (بەناو بلۆکی سۆسیالیستی) دەکرایە سەر رابەرانی ئەم قوتابخانەیە تاڕادەیەکی زۆر بووە مایەی شێواندنی وێنەی راستەقینەی روخسار و بابەت و ئامانج و کۆششەکانی قوتابخانەکە. لە کاتێکدا نازییەکان کە مەڵبەند و سەرچاوەی تیرۆر و توندوتیژی بوون لە ئەوروپای ئەوسا و لەو سەردەمەدا تۆمەتی ((سامییەت)) یان دەدایە پاڵ رابەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و ناو و ناتۆرەی ناڕەوایان لێ نرا

(1) Marx ,K.,und Engels, F, Ausgewahlte Schriften in Zwei Banden. Bdi …, Dietz Verlag Berlin (Ost) 1955.s.338.

و شتی وا سەیر خراوەتە پارسەنگیانەوە لە کایەی سیاسەت بەولاوە هیچ بایەخێکیان نەبووە، کەچی بلۆکی رۆژهەلاتیش بەهەمان شێواز ئەمانی بەگومڕاو لە رێ لادەر و ریڤیزینست و ... تاد، داناوە.

سەرنجێکی ورد لە بەرهەمی هەمەجۆری ئەم قوتابخانەیە نادروستی هەلوێستی نازییەکان و هێرشە نارەوایەکانی بلۆکی بەناو سۆسیالیستی ئەوسا ساغ و پشتڕاست دەکاتەوە. راستە هەموو رابەرانی ئەم رێبازە جوولەکە بوون، بەلام جوولەکەی ئەلمان بوون و هیچ جۆرە هەست و نەستێکی ئایینی جوو سیاسەتێکی ((سامییەت)) لە بەرهەمەکانیاندا هەست پێ ناکرێت و ناکەوێتە بەرچاو.

ئەوان گومڕاو لە رێی جیهاندیدی مارکسیزم لایان نەداوە، بەلکو بەجۆرێك بۆچوونەکانی مارکسیان لێك داوەتەوە کە لەگەڵ گیانی سەردەمی خۆیان و لەگەڵ ئەو رەوش و هەلومەرجانەدا بێتەوە کە دوای جەنگی یەکەمی جیهان و شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەسەر کۆمەلگەی ئەوروپا بە گشتی بەسەر چینی سەرمایەداریدا بەتایبەتی هاتووە. هاتنی نازییەکان بۆ سەر کار و کۆنترۆڵ کردنی دامودەزگاکانی دەولەت، سەرکەوتنی شۆڕشی لینین لەگەڵ رووسیادا ئەو رووداوانەی بەدوایدا هاتوون و ئەو ئەنجامانەی لێی کەوتوونەتەوە، گۆڕانی رەوشی چینی کرێکار لە ئەلمانیا بەتایبەتی و لە ئەوروپادا بەگشتی ئەو کەشوهەوایەی بوون زەمینەی شینبوونی نەمامی جیهاندیدی قوتابخانەی فرانکفۆرتیان دابین کردووە.

پشت ئەستوور بەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان قوتابخانەی فرانکفۆرت— پەیمانگەی توێژینەوەی کۆمەلایەتی لەم بوارانەدا دەستبەکار بووە:

1- مێژووی رێبازە کۆمەلایەتییەکان و رۆڵی پارتییە سیاسییەکان.
2- سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەلایەتی).
3- مەتریالیزمی مێژوویی و بنەما فەلسەفەییەکانی مارکسیزم.
4- ئابووری سیاسی تیۆری و کێشەکانی ئابووری نەخشە بۆ رێژراو.
5- رەوشی پرۆلیتار و ئەو رۆڵەی لەگەڵ دانانی بەردی بناغەی کۆمەلگەی دوا رۆژدا دەیگێڕێ.



بۆ ئەوەی ئەم رێبازە رەوایەتی بە هەبوونی خۆی بدات هەولی داوە دوو خاڵ پشت راست بکاتەوە:

**یەکەم:** بەوەی کە کۆرپەیەکی راستەقینەی ئەو کەشوهەواو رەوشەیە کە کاتی سەرهەلدانی و دەستبەکار بوونی لە ئەلمانیا و ئەوروپادا لە ئارادا بوون.

شۆڕشی سالی (1927ز) لە رووسیا بە پێچەوانەوەی ئەوەوە چاوەڕێی لێ دەکرا هەنگاوی هاویشتووە، رژێمی قەیسەری گۆڕیوە بە رژێمێك لە جیاتی ئەوەی رێگاو ئامرازی رزگارکردنی چینی کرێکار و تێکڕای کۆمەلگە بێت، بووە بە ئامێری دەستگرتن بەسەر حزب و دەزگاکانی دەولەت و بلاوکردنەوەی کولتووری تاك پەرستی و دیکتاتۆری و بیرۆکراتی. دەسەلاتی لە سنوور بەدەر و پەرگیری (جۆزێف ستالین) راستی ئەم بۆچوونە ساغ دەکاتەوە. تەنانەت زۆربەی رابەرانی حزبی دەسەلاتدار (جگە لە ستالین خۆی) و هەموو ئەندامانی حزبەکەش لەو ئازادی و دیموکراتی و دادە بێ بەش بوون کە دامودەزگاکانی راگەیاندن و میدیاکان کردبوویان بە بنێشتە خۆشەی ژێر ددانیان. ناوەندێتی دەسەلات و تاکڕەوی سەرکردە و بیرۆکراتییەت سروشتی تایبەتی ئەو دەسەلاتە بووە، کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر هێنابوویە کایەوە.

**دووەم:** تیۆری رەخنەی کۆمەلایەتی هەولی داوە ساغی بکاتەوە کە بنەمایەکی مێژوویی هەیە و بگرە میراتگری ئەو فەلسەفە و ئابووری و رێبازە سیاسیانە بووە، کە پێش خۆی دەستبەکاربوون، بەتایبەتی رێبازی ئایدیالیزمی ئەلمانی. هۆرکهایمەر وتوویەتی:

((تیۆری رەخنەگری کۆمەلگە بە پێچەوانەوە، مرۆڤ وەك بەرهەمهێنەری تێکڕای روخسارە مێژووییەکانی ژیانی خۆی، دەکات بە بابەت .. پێوەندی و رەوشەکانی هەلکەوت (واقیع) کە زانست کردوونە بە بنەمای خۆی، بەلای ئەوەوە چەند هاوردەیەك نین، کە دەبێ ساغ بکرێنەوە و بە پێی قانوونەکانی رێتێچوون پێشبینە بژمێردرێن. ئەوی هاوردەیە و لەبەر دەستدایە تەنیا هەر پێوەندی بە سروشتەوە نییە، بەڵکو لەسەر ئەوە وەستاوە مرۆڤ تا چەند شتی لە دەست دێت.

بابەتەکان و جۆری پەی پێ بردنیان، پرسیارکردن و بایەخ و واتای وەڵامدانەوەکانیان چالاکی و هێز و توانای مرۆڤ پشتڕاست دەکەنەوە... پێوەندی نێوان ماددەی راستەقینەکان و Tatsachen بەرهەمی مرۆڤییانە، ئەو خاڵەیە کە تێیدا تیۆری رەخنەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئایدیالیزمی ئەڵماندا دێتەوە)) [1] :

1- کۆمەڵگە چ وەك چەمك و چ وەك بابەت کەرەسەیەك بووە لەو کەرەسانەی ئەم رێبازە لە چوارچێوەی سۆسیۆلۆژیدا بە نووسین و بڵاوکراوە قسەی لێوە کردووە. ئەگەرچی لەم ئەرکەدا پشتی بە رێبازی مەتریالیزمی دیالێکتیکی و مەتریالیزمی مێژوویی بەستووە، بەڵام هەمیشە ئەو هەلومەرجانەی کۆمەڵگەی ئەڵمانی سییەکانی سەدەی رابردوو کە قوتابخانەکە تێیاندا ژیاوە لەبەرچاو گرتوون، بۆیە دەکرێ بوترێ قوتابخانەی فرانکفۆرت پێش ئەوەی رێبازێکی فەلسەفە و سۆسیۆلۆژی و سیاسی بێت، بەشێکی گرنگە لە کولتوور و سەرخانی کۆمەڵگەی ئەڵمان.

سۆسیۆلۆژی بەلای هۆرکهایمەرەو بەشێکە بگرە بابەتێکە لە ((فەلسەفەی کۆمەڵایەتی کە لە چەند روخسار و جۆرێکی ژیانی بە کۆمەڵایەتی بوون Vergesellschaftung دەکۆڵێتەوە .. ئەم جۆرە دیسپلینە شێوازە کۆنکرێتە جۆربەجۆرەکانی پێکەوە ژیانی مرۆڤ لە کۆمەڵدا، هەموو جۆرەکانی پێوەندییەکان، هەر لە خێزان و بنەماڵەوە تاوەکو گروپە ئابووری و رێکخراوە سیاسی و دەوڵەت و مرۆڤایەتی [2] دەکات بە بابەتی توێژینەوە)) ئەم پێناسەیەی سۆسیۆلۆژی ئەرك و فرمانێك دەخاتە سەرشانی کە پتر تیشکدانەوەی ئەو چەمکەیە کە لە بەرهەمەکانی هۆرکهایمەردا دەردەکەوێ کە بریتییە لە ((کۆمەڵگەی ژیرەکی)). کۆمەڵگەیەکی ئەم جۆرەکە پتر هێز و دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی تێیدا دەستبەکارن، پێوەندی توندوتۆڵی نێوان ژیانی ئابووری و کۆمەڵگە و پەرەسەندنی دەروونییانەی تاکەکەسان

---

[1] Horkheimer, Max., philosophie und Kritische Theorie. s. 625.

[2] Horkheimer, Max.,DIE gegenwartige Lage der Sozial philosophische Aufsatze und Vortrage: 1930- 1972. (Hrsg) Von W.Brede. A. Fischer Taschenbuch Verlag 1972.s. 39-40



و ئەو گۆڕانانە کە بەسەر کایەکانی کولتوور و زانست و هونەر و ئایین و ماف و ئاکار و مۆدە و رای گشتی و وەرزش و شێوازەکانی ژیان بە گشتی بەرجەستە دەکات. بۆیە ئەرکی سۆسیۆلۆژی رەخنەگرتنی کۆمەڵگا و ئایدیۆلۆژییە.

2- بابەتێك لەو بابەتانەی کە توێژینەوەی لەسەر کراوە و خەسڵەتی بەرچاوی ئەم قوتابخانەیە نیشان دەدات و وەك بزاڤێکی مارکسیستی رۆژئاوای ئەوروپا لە بەرانبەر رەوشی سیاسی و ئابووری و فەلسەفەیی ئەوسای رووسیا (شۆرەوی) دەریدەخات، هەڵوێستی تیۆری رەخنەی کۆمەڵایەتی قوتابخانەی فرانکفۆرتە دەربارەی رۆڵی هۆکاری ئابووری و سیاسی و چینی کرێکار و پێوەندی زانست و کۆمەڵگە و دیموکراتییەت، ئازادی و دیکتاتۆری پرۆلیتار و کۆمەڵگەی پیشەسازی دوای قۆناغی سەرمایەداری کلاسیکی ... تاد.

جگە لە هۆکاری کەسێتی رابەرانی ئەم قوتابخانەیە، چەندین هۆکاری دەرەکی و ناوەکی و زانستی و ئەو دەوروبەرەی تێیدا ژیاون، رەنگی نەخشەی ئایدیۆلۆژی و هەڵوێستی زانستی ئەم تیۆرییە کۆمەڵایەتییەیان رشتووە.

پێش هەموو شتێك بێ ئومێد بوون لە تاقیکردنەوە تاڵ و تفتەکەی رووسیا (یەکێتی سۆڤییەت — شۆرەوی) جاران کە گوایە ئایدیۆلۆژی مارکس — لینین لە ژیانی رۆژانەدا پەیڕەو و جێبەجێ کراوە، کەچی لە کۆمەڵگەی نیمچە دەرەبەگی جووتیاری رووسیادا بە ناوی چینی کرێکاری فابریکە و کارگەکان و، بەناوی چینی پرۆلیتار کە بوونی لە رووسیا نەبووە، دیکتاتۆری تاقم و دەستەیەکی سەرکردە Elite جێبەجێ کراوە و بەناوی پاراستنی شۆڕشەکەوە لە دوژمنانی سیاسەت بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژی تاقمی کاربەدەست کراوە بە رێسا و بنەما و تیۆرییە راستەقینەکەی مارکس لە چەند دروشمێکی سەرزاری میدیا و ناو رۆژنامەکان بەولاوە رۆڵێکی تری نەماوە، بگرە مارکسییەتەکە لە روخسار بەولاوە نەماوە و پەیڕەو نەکراوە، ئیتر هەر شتێك لە سیاسەت و ئایدیۆلۆژییە دۆگما ئاساکانی کاربەدەستدان بەدەربووبێ بە گومڕایی و لەڕێ لادەر و پاشگەزبوونەوە ناوبراوە و بە قانوونی پۆلاین سزا دراوە. گیانی دیموکراتی و

ئازادی و داد زیندەبەچاڵ کراوە. فەیلەسووف و سۆسیۆلۆژ و توێژەرەوەکان کراون بە بەند و کۆیلەی دروشمە ئایدیۆلۆژییە دۆگمییەکان.

جگە لەمە ستالین کە خۆی بەرابەری جیهانی پێشکەوتنخوازی داناوە و یەکێتی سۆڤێتی بەو هێز و دەوڵەت و مەڵبەندە نیشانداوە کە بنەما پێشکەوتنخوازەکانی مێژووی جیهان بەرجەستە دەکات لە ساڵی ((1939زایینی پەیمانێکی لەگەڵ ئەدۆلف هیتلەری سەرۆکی رێژێمی نازی ئەڵمانیا مۆر کردووە))[1] بەم کارەی ئەوەندەی تر لە بەرەی پێشکەوتنخواز دوورکەوتۆتەوە و بووە بە بابەتێك رابەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت تیری رەخنەیان تێگرتووە و چاویان بە بنەماکانی ئایدیۆلۆژی مارکسدا خشاندۆتەوە، لە لایەکی ترەوە بە هۆی تەنگژە و قەیرانە گەورە ئابوورییەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهان بە هیچ جۆرێك سەرمایەداری لاواز نەبووە و تای تەرازوو بەلای بزاڤی سۆسیالیستیدا لاسەنگ نەبووە، چینی کرێکارییش دوای تێکشکانی شۆڕشی ساڵی (1918-1919ز) لە ئەڵمانیا نەبووە بە چینی رێکخراو و شۆڕشگێڕ، بگرە لە سەرەتادا بەلای سەرمایەدار و خاوەن فابریك و کۆمپانیاکاندا چووە و لە دواییشدا لە لایەن نازییەکانەوە چ وەك کرێکار و چ وەك سەرباز لەبەرەکانی جەنگدا بەکارهاتووە. خۆ ئەگەر گۆڕانیش بەسەر سەرمایەداریدا هاتبێ، ئەوا گۆڕانەکە بەو جۆرە بووە کە گەورەبوونی شار و بازێڕ و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستی پێویستی کردووە. لێرەوە قوتابخانەی فرانکفۆرت گەیشتۆتە ئەنجامێك دوو بڕیاری لێکەتۆتەوە:

**یەکەم:** دەکرێ مۆدیلەکەی مارکس کە لە بەرهەمی رەخنەگرتنی ئابووری سیاسیدا بەکاری هێناوە سوودی لێوەبگیرێ، بەڵام بەو مەرجەی لە ((جەوهەر و بنەما کۆمەڵایەتییەکەی کە ئەرکی رزگاربوونی کەوتۆتە سەرشان، لە چینی پرۆلیتار))[2] جیابکرێتەوە و دابڕدرێ.

---

(1) Gmunfer, Ulrich, Ebenda. S. 34 ff.

(2) Fetscher, Iring. Zur akruellen politischen Bedeutung der Frankfurter Schule In:Die Frankfurter Schule Und die folgen (Hrsg) von: Honneth, Axel. Und Wellmer, Albrecht. Berlin 1986.s.3ff.



دوور خستنەوەی چینی کرێکار لە مەیدان و کایەی چالاکی سیاسیدا و هیچی تر وەك هێزێکی کاریگەری گۆڕان پشتی پێ نابەسترێ، بەلای قوتابخانەی فرانکفۆرتەوە لەوەوە کەوتۆتەوە کە سەرمایەداری وەك رێژێمی دەستبەکار و دەسەڵاتدار توانیویەتی تەنگژە و قەیران و ناکۆکییەکانی تێپەڕێنێ و بەجۆرێك خۆی بگۆڕێ بتوانێ لەگەڵ کۆمەڵگەدا تەبا بێ و تارادەیەکیش لەگەڵ داواکارییەکانی بێتەوە و لەمەش پتر توانیویەتی چینی کرێکار بەلای خۆیدا بهێنێ و لە چوارچێوەی سیستم و نەزمەکەیدا بیگونجێنێ و بەکاری بهێنێ. لێرەوە ئەرکی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ رەخنەگرتنێکی بابەتیانەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە و رێژێم و رەوشە کۆمەڵایەتییە لە ئاکاراندا و ئایدیۆلۆژی دەستبەکار و شیکردنەوەی سیاسەت و شێوە کلاسیکییەکانی لێکدانەوەی مێژوو و ئابووری ... تاد بێت.

**دووەم:** زانست و تەکنەلۆژی، نەك پێوەندییە ئابووری و هێزەکانی بەرهەمهێنان، ئەو نەزم و بنەمایەن، کە پەرەسەندنی کۆمەڵگەی نوێی دوای پیشەسازی، کۆمەڵگەی سەرمایەداری دوای قۆناغی مارکس پشتی پێ دەبەستێ. پرۆسەی رووداوەکانی سەدەی بیستەم بە پێچەوانەی جیهاندیدەکەی مارکس بە رێگایەکی تردا هەنگاوی ناوە. وڵاتە سەرمایەدارەکان بە هیچ جۆرێك پتەوبوونی ناکۆکی نێوان هەردوو چینە سەرەکییەکە، کرێکار و خاوەن کارگەکان بەخۆیانەوە نەدیوە، بگرە رۆژ بە رۆژ هەلومەرجی بەرپابوونی یاخیبوون و شۆڕش دەڕەوێتەوە.

زانست بۆتە هێزێکی بەرهەمهێنەر[1] و بەکارهێنانی ئامێری ئەلیکترۆنی و پەرەسەندنی بەرهەمی ئامێرانە بەرەو بەرهەمی سیستەمی ئۆتۆماتیکی رۆڵی چینی کرێکاری پەراوێز کردووە و بگرە شۆڕشی سیاسی بۆتە شۆڕشی تەکنەلۆژی، ئەم شۆڕشەش سەرتاپاگیر سروشتی کۆمەڵگەی سەرمایەداری گۆڕیوە و کۆمەڵگەی پیشەسازی و سیستمی ئابووری نەخشەکێشراوی رەنگڕشتووە،

---

(1) زکریا، الدکتور خضر، نظریات سوسیولوجیة، دار الآهالي للطباعة والنشر و التوزیع، دمشق، 1998، ص228 فما بعد.

ئەوی لەم سەردەمەدا پرۆسە و کارگوزاری بەرهەمهێنان بەڕێوە دەبات سەرمایەدارەکان نین، بەڵکو تاقم و دەستە و کۆمەڵە بەڕێوەبەر و تەکنۆکراتن.

کۆمەڵگەی پیشەسازی دوای قۆناغی سەرمایەداری کلاسیکی توانیویەتی خۆی لەگەڵ ژیاندا بگونجێنێ و بگرە هۆکار و میکانیزمەکانی ناکۆکی و گرژی و نائاسوودەیی تاڕادەیەکی زۆر کۆنترۆڵ و هێور و ئارام بکاتەوە. وەك مارکوزە بۆی چووە ئەم کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەی خۆشگوزەرانی و بەرهەم فرە و مشەو بە بڕشتە، ئەو کۆمەڵگە و سیستمە نییە، کە مایەی هەژاری و بەدبەختی و چەوساندنەوە بێت. تایبەتمەندییەکانیشی دەکرێ بەم جۆرە دیاری بکرێن:

1- توانایەکی پیشەسازی و تەکنیکی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی شمەك و کەلوپەل و ئامێری ... لە ئەندازە بەدەر...

2- ئاستێکی بەرزی ژیان و گوزەران چەندین توێژ و کەرتی دانیشتوانی گرتۆتەوە کە جاران، لێی بێ بەشبوون.

3- پلەیەکی بەرز و بڵندی بایەخدان بەهێزی ئابووری و سیاسی پشت ئەستوور بە پلەیەکی بەرزی ڕێکخستن و دیسپلینی ژیرانە و ...

4- پشکنین و توێژینەوەی زانستی و نیمچە زانستییانە و کۆنترۆڵ کردنی ڕەفتار و کرداری تاکەکەس و کۆی[1] خەڵك لە کاتی بێ ئیشی و پشووداندا لە پێناو مەبەست و ئامانجی بازرگانی و سیاسیدا.

ئەم ڕەوشە کە بە هۆی کۆمەڵگەی نوێی پیشەسازییەوە هاتۆتە کایەوە جۆری ژیان و کار و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گۆڕیوە، تەنانەت بە هۆی داهێنانی ئامێری مۆدێرنەوە ئەو کارەی لەش کە مارکس باسی کردووە خەریکە دەبێتە بابەتێك و کەرەسەیەك هەڕەشەی پێویست نەبوونی لێدەکرێت و ناوەڕۆکی

[1] مارکوز، هربرت، العدوانية في المجتمع الصناعى المتقدم. ضمن الكتاب: فلسفة النفي، ت: مجاهد عبدالمنعم مجاهد، دار الآداب، بيروت، 1971، ص257 فما بعد.

- محمد، الدكتور محمد علي، تأريخ علم الآجتماع الرواد و الآتجاهات المعاصرة، الاسكندرية، مصر، 1986، ص563.



کلاسیکی خەبات و ململانێی چینایەتی بۆتە شتێکی بێ هوودە و بێ جەوهەر، چونکە خەسڵەتی مرۆڤی لە پرۆسە و کاری بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان و بەکاربردن دابڕێنراوە. ئەوەندەی تەکنەلۆژی بەرەو پێش بچێ، ڕۆڵ و کار و دەستپێشخەری مرۆڤ کەمتر دەبنەوە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە زانست لە جیاتی سەرمایەداری پێشوو هەڕەشە لە مرۆڤی سادە بکات.

## ئەنجام

1- تیۆری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی قوتابخانەی فرانکفۆرت بەشێکی گرنگی کولتووری ئەڵمانیایە بەتایبەتی هی و ئەوروپایە بەگشتی. وەك چالاکی بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە:

**یەکەم:** قۆناغی دروست بوون لە ساڵی (1922-1924ز) تاوەکو دەستپێکی جەنگی دووەمی جیهان لە ئەوروپادا (لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا).

**دووەم:** قۆناغی دوای جەنگی دووەمی جیهان کە لە ئەمەریکادا دەست بەکاربووە و دوای جەنگەکە جارێکی تر گەڕاوەتەوە هەواری جارانی لە ئەڵمانیا.

خۆی لە خۆیدا ڕێبازێکی فەلسەفە، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی ئایدیۆلۆژییە، لە لایەن چەندین مامۆستای زانکۆوە، کە هەموویان جوولەکە بوون، دامەزراوە و داکۆکی لێکراوە و بەرەو پێش پەرەی پێدراوە. لە سەرەتادا وەك ڕێبازێکی مارکسیستی ڕۆژئاوایی ئەوروپا ناسراوە، بەڵام دوای ئەو گۆڕانەی بەسەریدا هاتووە و ئەو چالاکی و توێژینەوانەی پێشکەشی کردوون لە چوارچێوە کلاسیکییەکەی مارکسییدا چۆتە دەرەوە. هۆکار و هاندەری پەیدابوون و کارکردنیان جگە لە هۆکاری تاکەکەسی، هۆکاری دەرەکی و ناوەکی هەبووە، هەر لە تاقیکردنەوە شێواوە بە ئاکام نەگەیشتووەکەی رووسیا (یەکێتی سۆڤێتی-شۆڕەوی) جاران تاوەکو هەلومەرجی هەرەسهێنانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئەڵمانیا و گۆڕانی سروشتی پرۆسە و ڕەوت و ئاراستەی چالاکی سیاسی چینی

پرۆلیتار (کرێکار) دوای جەنگی یەکەمی جیهان، گۆڕانی ناوەڕۆك و روخساری کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئەوسا و ئینجا دەستبەکار بوونی نازییەکان لە میونخ و بەرلین و لە دواییدا لە سەرانسەری ئەڵمانیادا، سەرەڕای ئەو کۆششەی کراوە کولتووری ((پەرستنی تاکە رابەر))، تاکە رزگار کار و تاکە سەرکردە، لە رووسیادا (ستالین) و لە ئەڵمانیا (ئەدۆلف هیتلەر) رەوا بکرێت.. زەمینەی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم رێبازەیان خۆش کردووە.

2- هەرچۆنێك پەیدابوونی کۆمەڵگە لێك بدرێتەوە و شرۆڤە بکرێت، ئایا ئەم بوونە بریتی بووە لە مێژووی ململانێ و زۆرانی نێوان هێز و چینە دژ بە یەکتری و ناکۆکەکان، یان لە جۆرە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییەوە کەوتبێتەوە لەو راستییە ناگۆڕێ کە کۆمەڵگە هەیەو کێشەی تایبەتی خۆی هەیە، ئەو کێشە و گرفتانە هەندێکیان مێژوویین و لە سروشت و جەوهەری کۆمەڵگەوە دەکەونەوە و هەندێکیان پابەندی دەوروبەر و هەلومەرجی دیاریکراوی گۆڕانن و پەرەسەندن سنووردداریان دەکا. لە لایەکی ترەوە پێوەندی نێوان ئاستە ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی بنیادی کۆمەڵایەتی لە هەر سۆنگەیەکەوە لێك بدرێنەوە، ئەو بڕیارە رەوا ناکات کە ناکۆکی و ململانێ نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەبێتە مایەی گۆڕانی سەرتاپاگیر Umwälzung کۆمەڵگە، بە پێچەوانەوە، پشت ئەستوور بە تاقیکردنەوە بە پێزەکانی کۆمەڵگەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا کە بەڕاستی کۆمەڵی مۆدێرنی بەرهەمهێنەرن و ئەم هێزانە تێیاندا دەستبەکارن و تەکنەلۆژی پەلوپۆی هاویشتۆتە نێو هەموو کون و کەلەبەرەکانی کۆمەڵگە و ژیانەوە، هێزە بەرهەمهێنەرەکان ئۆتۆماتیك ئاسا لە رادە و پێویست بەدەر بەرهەم پێشکەش دەکەن و ئەمەش سامانێکی ئەوتۆی لێدەکەوێتەوە پتر پشتگیری موڵکدارێتی تایبەتی دەکات و گوزەران خۆشتر دەکات و بگرە بواری ئەم جۆرە ململانێ و ناکۆکییانەی نێوان بەرهەمهێنان نادات.



ئاستی ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی سەرمایەداری بەجۆرێك دیسپلین و رێکوپێك کراوە وای کردووە کە پێوەندنی نێوان مرۆڤ، نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە بەجۆرێك بێت زۆربەی هەرە زۆری بیر لە شتێك نەکەنەوە کە بریتی بێ لە گۆڕانی سەرتاپاگیرانە بە هۆی هێز و توندوتیژییەوە، توندوتیژی ئیتر بە شۆڕش ناو ببردرێت، یان هەر ناوێکی تری لێ بنرێت لە نێوان چین و توێژ و مرۆڤی مۆدێرندا باو و رەوایی خۆی لە دەوروبەردا لە دەست داوە:

**یەکەم:** شۆڕش خۆی لە خۆیدا ئامرازە نەك ئامانج. ئامرازێکە تەنیا یەك رۆڵ دەگێڕی ئەویش هەڵوەشانەوەی رەوشێك کە دەویسترێ بگۆڕدرێ. شۆڕش لە هیچ کات و سەردەمێك نە بنیادی ناوە و نە شتی دامەزراندووە و نە ئامرازی بنیادنان و دامەزراندن بووە. ئەو قۆناغەی بە دوای شۆڕشەکەدا دێت چ وەك رووداو و رەوش چ وەك کەسان کێشەکەی لە هی پێش شۆڕشەکە کەمتر و ئاسانتر نابێ!

**دووەم:** رەوایەتی شۆڕشەکە خۆی پشت بە چ بنەمایەك دەبەستێ؟ چ لایەن و کەسێك مافی ئەوەیان هەیە خۆیان بە بەرپاکار و رابەرایەتی کردنی شۆڕشەکە بزانن؟!

شۆڕش لەخۆیدا گۆڕینێکی سەرتاپاگیرە، لە رەگوڕیشەوە کۆمەڵگا و پێکهاتەکانی دەگۆڕێ. رەوایەتی ئەم گۆڕینە بە تەواوەتی بە هیچ تاقم کەس و رێکخراوێك رەوا نییە. کۆمەڵگە لە خۆیدا وەك رێکخراو و ئۆرگانێك رابردوویەکی هەیە و تەنیا هەر موڵکی ئەم سەردەمە نییە و پاشەڕۆژیشی هەیە. شۆڕشگێڕانی ئەمڕۆ مافی گۆڕینی رەوشێکیان نییە، کە نەوەیەکی پێش خۆیان لە رابردوودا بنیادیان ناوە. پاشەڕۆژیش بە هیچ جۆرێك لە چوارچێوەی تیۆرییەکی ئایدیۆلۆژی جەوهەردا رەنگی ناڕێژدرێ. ئەوی لێرەدا وەك پرسیار بە بیردا دێت ئەوەیە کە ئەو کوێرەوەری و بەدبەختییەی نازییەکان بەسەر ئەڵمانیایان داهێناوە و ئەو کاتەش بە ملیۆن کرێکار هەبووە، کەچی شۆڕش هەڵنەگیرساوە، ناکۆکییە ئابوورییەکانیش نەبوونەتە مایەی رووخانی رێژێمی نازی ئەدۆلف هیتلەر ئەمە بۆ و چۆن لێك دەدرێتەوە؟!

3- ڕێژێمی سەرمایەداری ئەم سەردەمە پێکهاتەیەکی فرەڕەنگ و فرە لایەن و ڕەهەندە لە ئەنجامی زنجیرەیەك پەرەسەندنی ئاسایی پشت ئەستوور بە ژیر و لە دوای شۆڕشی سەرتاپاگیری فەڕەنساوە ئەم ناوەڕۆك و روخسارەی پێ بڕاوە و خەت و خاڵی داوە. هەر لە سێبەری ئەم ڕێژێمەدا ئازادی بەگشتی، ئازادی بیروڕاو ئاخاوتن، ئازادی سیاسی و ئایینی، دیموکراتی و پێکهاتنی کۆڕ و کۆمەڵەو پارتییە سیاسییەکان و دادپەروەری، ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت بەڕێگا و شێوازی ئاشتیانە بە هۆی هەڵبژاردەنەو لە ڕێگای نوێنەرانی گەلەوە (پەرلەمان) دابین و دەستەبەر بوون.

ئەم ڕێژێمە بە هۆی ئەو پێشکەوتنە هەنگاو بە هەنگاو و ئاسوودەیی و ئارامییەی لە کۆمەڵگەدا دەستەبەری بووە، **سەرنجی بیرمەندانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە:**

**یەکەم:** کۆمەڵگەی پیشەسازی مۆدێرنModerne Industrie gesellschaft بووە بەو کۆمەڵگەیەی ئەوەندە گۆڕانی بەسەر پرۆسە و کاری بەرهەمهێناندا هێناوە، ئەوەندە چاکسازی کردووە ڕێژێمی سەرمایەداری کردووە بە ڕێژێمێکی ئاسوودە و ئارام کە بە هۆی میکانیزمی ئابوورییەوە ڕکەبەری هێور کردۆتەوە، ئەزموونی پیشەسازی و دارایی کردووە بە بنەمایەکی پێکەوە کارکردنی سیاسەت و ئابووری و کۆنترۆڵ کردنی هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگە[1] ئیتر لێرەوە دەکرێ بگوترێ:

هیچ کۆمەڵگەیەك بەبێ کێشە و گرفت نابێت، ئەم کێشانەی کۆمەڵگەی سەردەم لە سروشتی پەرەسەندن و بوونی کۆمەڵگەکەوە ئاسایی دەکەونەوە و پەیدا دەبن، بۆیە دەکرێ لە ڕێگای چاکسازییەوە نەك بە ڕێگای توندوتیژی و

[1] Die ‘‘Kritisch Theori” der ‘‘Frankfurter Schule’’. In: Philosophischer Revisionimus., Qullen, … Dietz
Verlag Berlin (ost) 1 977. s. 355.

هەروەها بڕوانە: - د.فؤاد زكريا، هربرت ماركيوزة، الاسكندرية، 2005، ص34.



بەکارهێنای هێزەوە، وردە وردە هەنگاو بە هەنگاو کە لەگەڵ بنەماکانی ژێردا بگونجێ ئەم کێشانە چارەسەر بکرێن. کۆمەڵگەی ئەم سەردەمە، چونکە ئارامە، وردە وردە کێشەکانی بەرەو دوارۆژێکی باشتر بەلایەکدا دەخرێن.

**دووەم:** دەوڵەت هیچی تر ئەو ئامرازەی خەبات و چەوساندنەوەی چینایەتی نەماوە. بگرە ئۆرگانێکە پەرەسەندنی ژیان و کۆمەڵ هێناویەتە کایەوە. تا ژیان و پەرەسەندن و کۆمەڵگە بمێنن ناکرێ مرۆڤ دەستبەرداری ئەم دەزگایە ببێ. دەبێ بەبێ بوونی ئەم دەزگایە چۆن بیر لە ئارامی و ئاسایش و نەزم و پەروەردە و داد و ئازادی و دیموکراتییەت بکرێتەوە؟!

چارەسەرکردنی یەکجارەکی کێشە و گرفتەکانی ژیان و ئەوانەی لە پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤەوە دەکەونەوە لە بنەڕەتدا نەك هەر لە کردن نایەت، بگرە لە ئاواتێکی خەون ئاسا بەولاوە نییە و دوور نییە وەك ئەنجام نەك هەر بێ ئومێدی بگرە کێشەی گەورەتر بە دوای خۆیدا بێنێ. ئەم ئاواتە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ڕاستەقینەکانی ژیاندا نایەتەوە.

4- توێژینەوەکانی تیۆری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی قوتابخانەی فرانکفۆرت، بەتایبەتی ئەوەی دوای ساڵی (1950ز) کە سەرلەنوێ گەڕایەوە فرانکفۆرت بڵاوکراونەتەوە پشت ئەستوور بە ڕەوشی واقیعی کۆمەڵگەکانی ئەورووپا چەند ڕاستییەکیان ساغ کردۆتەوە:

**یەکەم:** گرێدانی مارکسیزم کە لە خۆیدا تیۆرییەکی ئابووری کۆمەڵایەتییە لەگەڵ ناوبراو بە لینینیزم نەك هیچ بنەمایەکی زانستی نییە بگرە لە دروشمێکی سیاسی بەولاوە نییە کە بۆ پاساودانی ڕەوشێکی دیاریکراو هەڵگیراوە. مارکسیزم لەگەڵ لینینیزم دوو شتی لە یەکتری جیاوازن. یەکەمیان لە باوەشی سەرمایەداری ئەورووپادا لە سەدەی نۆزدەیەم سەریهەڵداوە و پێگەیشتووە. دووەمیان بریتییە لە لینینیزم-ستالینیزم بەناوی ئەو چینە پرۆلیتارەوە کە مارکس باسی کردووە و لە ڕووسیای ئەوسادا بوونی نەبووە، هەوڵی دانانی بەردی بناخەی کۆمەڵگەیەك دراوە، کە گوایە جێگری سەرمایەدارییە و ناوی

سۆسیالیزمی لێنراوە. ئەم سۆسیالیزمە لە نامۆبوونی ڕێژێمی پەرەسەندووی سەرمایەداری ئەوروپا بەولاوە نەبووە.

**دووەم:** چینی پرۆلیتار، دوای ئەو گۆڕانە سەرتاپاگیرانەی بەسەر ئەوروپادا هاتوون، ئەو چینە نەماوە کە مارکس باسی کردووە، بۆیە ئەو ڕۆڵەشی لەدەستداوە کە لە سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا پێی سپێردرابوو. دەبێ لە سەردەمی شۆڕشی زانست و تەکنەلۆژی چاوەڕێی چی لە چینی پرۆلیتار بکرێت، ئایا ئەو ڕێژێمە سۆسیالیستەی بە هەوڵ و کۆششی ئەم چینە بێتە دی، دەبێ چی بێت و تا چەند لەگەڵ پەرەسەندن و گۆڕانە سەرتاپاگیرەکانی ئەم سەردەمەی ژیان و کۆمەڵگەدا بێتەوە؟!

**سێیەم:** تاوکو ئێستا مێژووی مرۆڤایەتی نەیتوانیوە ڕێژێمێك دابهێنێ کە وەك ئاڵتەرناتیڤ جێگای سەرمایەداری بگرێتەوە، بۆیە سەرمایەداری بەتاکە سوارە لە مەیداندا ماوە. لە ئاسۆی نزیکیشدا هیچ جۆرە گۆڕانێك بەدی ناکرێت جێگا بەم سەرمایەدارییە لەق بکات، نەك هەر جێگای بگرێتەوە.

**چوارەم:** جووتیاران فیۆدالیزمیان لە ناو نەبردووە، بگرە بۆرجوازی شار فیۆدالیزمی لاوازکردووە و ئینجا جێگای گرتۆتەوە. سپاردنی ئەرکی لە ناوبردنی سەرمایەداری بە چینێکی دیاریکراو لە تیۆرییەکی نێو کتێب بەولاوە شتێکی دیکە نییە.

# بنەماکانی تیۆری

# کارلێککردنی سیمبۆڵی

## 1- بنج و بناوانی تیۆرییەکە:

ئەگەرچی لە روخساردا وا دەردەکەوێت کە ئەم تیۆرییە نەمامێك بێت لە کەشوهەوا و زەمینەی تایبەتی کۆمەڵگای ئەمەریکادا شین بوو‌بێت و هاتبێتەبەر، بەڵام لە ناوەڕۆکدا، لەو بابەتانەدا کە هێناونیەتە سەر خوانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە، فرەڕەنگییەکی سەرچاوە و بنەمایەکان نیشان دەدات.

پشت ئەستوور بەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان، راستە ئەم تیۆرییە بەرهەمێکی رەنگینە و لە پرۆسەی ژیانی بە پێزی ئەکادیمی رابەرەکەیەوە، هربرت مید کەوتووەتەوە، بەڵام بە ئاشکرا مۆرکی پەرەسەندنی پرۆسەی بە پیشەسازی کردنی ئەمەریکا و پێشکەوتنی شارستانییەتی رۆژئاوای تێدا دێنە بەرچاو. هەروەها لەو بابەتانەدا کە تانوپۆی تیۆرییەکە پێکدەهێنن دەردەکەوێ کە مید سوودی لە قوتابخانەی سایکۆلۆژی رەفتار – Behaviorism لەگەڵ تیۆری پەرەسەندنی داروین وەرگرتووە[1]

مید (1863-1931ز) چەند ساڵێك لە ئەڵمانیا خوێندوویەتی دوای گەڕانەوەی بۆ ئەمەریکا، جۆن دیوی ساڵی (1894ز) کراوە بە سەرۆکی زانکۆی چیکاگۆ لەوێدا بەشی کۆمەڵناسی کردووەتەوە و میدی کردووە بە سەرۆك. مید لەو سەردەمەی چالاکییەکانیدا بە نووسین و وتار و سیمینار و لێکۆڵینەوە کە لە دواییدا لەکتێبێکدا بەناوی: (ژیر و خۆ و کۆمەڵگا) بڵاوی کردووەتەوە بەردی بناغەی ئەم تیۆرییەی داناوە. تیۆرییەکە بەناوی تیۆری کارلێککردنی سیمبۆلییە ئەگەرچی لە سەرچاوە ئەڵمانییەکاندا بە تیۆری سایکۆلۆژی کۆمەڵایەتیش ناودەبرێت[2]. ئەم ناوە ئەڵمانییە ئاماژەیە بەو رۆڵەی زانستی دەروونناسی لەو تیۆرییە و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەیگێڕێت.

---

(1) Munch, Richard., Soziologische Theorie. Bd.I.Grundlegung durch die Klassiker. Camus Verlag. Frankfurt – New york. 2002.s.272. ff.

(2) Jonas, Fridrich., Geschichte der Soziloge. Bd. 2. Von der Jahrhundert Wende biszurGegeh Wart. Bd.2. Rowohlt.Hamburg 1976.s.293.



ناوونیشانی ئەو بەرهەمەی مید، هەر لە سەرەتاوە دەریدەخات کە تیۆرییەکە بایەخی بە ژیر و هۆشی خودی تاکەکەسان و بنەماکانی کۆمەڵگا داوە و هەرسێکیانی بەرانبەر بەیەکتری داناوە، ئینجا ئەو پێوەندییەی خستووەتە بەرچاو کە لە نێوان ئەم سێ رەگەزەدا هەیە و لەو کار و کارلێککردنە سیمبۆلییەی کۆڵیوەتەوە کە لە یەکتری دەکەن و سەرنجی بۆ ئەو ئەنجامانە راکێشاوە کە لەم کارلێککردنانەوە دەکەونەوە بۆیە تیۆرییەکەی بە ناوی تیۆری کارلێککردنی سیمبۆلی ناو ناوە Symbolistche Interaktionismus. بەم پێیە لێرەدا پێوەندی نێوان ئۆرگانەکانی ژیانی رۆژانەی مرۆڤی ئاسایی بەرانبەر بە یەکتری دانانی پرۆسەی کار لە یەکتری کردن و رەفتاری تاکەکەسان لێوەیان کۆڵراوەتەوە.

## 2- پێکهاتەی تیۆرییەکە:

أ- بێگومان گۆڕان، پەرەسەندن، بەرەوپێشچوون بە هەردوو لایەنییەوە، پەرەسەندنی بوونەوەری تاکی کۆمەڵایەتی، یان خودی کۆمەڵایەتی، پەرەسەندنی کۆمەڵگا قانوونی بنەڕەتی ژیانن، ژیانیش لە خۆیدا، لە هەر گۆشەیەکەوە سەرنج بدرێت، پشت ئەستوور بەو پەرەسەندنە، لە پرۆسەیەکی داهێنان بەولاوە نییە، چونکە لە ژیاندا شتی ئەو تۆ دادەهێنرێ شایستەی ئەوە بێت لاف لێ بدرێت کە جۆرە رێکوپێکی و دیسپلینێکی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکات، بێگومان خواستی زیندووی مرۆڤایەتیش بەشێکی گرنگی ئەم هێزەی داهێنانە.

هەروەها بێگومان مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بەبێ کۆمەڵگا مرۆڤ ناتوانێت مرۆڤایەتی خۆی و بوونە کۆمەڵایەتییەکەی ساغ و پشتڕاست بکاتەوە، لێرەوە تیۆری کارلێککردنی سیمبۆلی وەك هەموو تیۆرییەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی هەر لە سەرەتاوە رووبەڕووی لێکدانەوەی کێشەی گۆڕان و گۆڕانی کۆمەڵایەتی بووەتەوە. چۆن و بە چ شێوازێك هەڵوێست بەرانبەر بەو دیاردە کۆمەڵایەتییە کە بە – گۆڕان – ناو دەبرێت دیار و دەستنیشان بکرێت؟! ئایا

فاکتەرێکی دیاریکراو هەیە، کە بشێ بە هۆکاری ئەم گۆڕانە دابنرێت و بەهۆیەوە ئەو پرۆسە ئالۆزە بکەوێتە گەڕ؟!

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، ئەوەندە پێوەندی بە تیۆری کارلێککردنی سیمبۆلییەوە هەیە، دەمانبات بەرەو سەرنجدانی سروشتی پێوەندی نێوان تاکەکەسان خۆیان و ئینجا پێوەندی تاکەکەسان بە کۆمەڵگاوە.

ئەگەرچی ناکرێت بوونی پێکهاتەیەك کە ناوی (کۆمەڵگا)ی لێنراوە ساغبکرێتەوە، یان نابوونەکەی پشتڕاست بکرێتەوە، لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان، ساغکردنەوە و ساغ نەکردنەوەی بوون و نابوونی کۆمەڵگا پشت بە چەند فاکتەرێك دەبەستێت کە بوونی ئەوە ساغدەکەنەوە کە مرۆڤ هۆشیاری کۆمەڵایەتی هەیە نەك کۆمەڵگا وەك ئۆرگانێك بوونی هەیە. دووەم، هەبوونی تاکەکەسان وەك سەرەتایەك ئەگەر پشتی پێ ببەسترێت هیچ کاتێك ئەو ئەنجامەی لێناکەوێتەوە کە ئۆرگانێك هەیە بەناوی کۆمەڵگایەوە، چونکە کۆمەڵگا هەمیشە لە تاکەکەسان جیاوازە و بوونی کۆمەڵگاش لەوە مەزنترە لە تاکەکەسان پێك بێت. بە واتایەکی دیکە ئەو ئەنجامەی کە بەدەست دەهێنرێت گوایە کۆمەڵگا هەیە بەهیچ بنەمایەکی لۆژیکی پشت ئەستوور نییە، چونکە ئەنجامەکە پتر بوونی هۆشیاری کۆمەڵایەتی مرۆڤ ساغ دەکاتەوە. هەروەها بوونی تاك هیچ کاتێك بوونی کۆی لێ ناکەوێتەوە و ئەو بڕیارەی دەربارەی پێوەندی ئۆرگانی و دەستیاوی نێوان کۆ و تاك دەدرێت تەنیا بە دووبارەبوونەوە و ڕاهاتن و دابونەریت پشت ئەستووە و هیچ بنەمایەکی لۆژیکی نییە.

بەڵام ئەم بڕیارە هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە پێوەندی کۆمەڵایەتی و دیسپلین و ڕێکوپێکی و نەزم و ئارام شانبەشانی گۆڕان لە ئارادان و ئەگەر بوونی کۆمەڵگا وەك هەڵکەوتێك ساغ نەکرێتەوە ئەوا بوونی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانە کە پێوەندی و دیسپلین و ڕێکوپێکی و نەزم و ئارام بەرجەستە دەکەن، هیچ ئەگەر و گومانێك هەڵناگرێت. کەوابوو لێرەوە دەتوانرێت دەست پێ بکرێت و هەنگاو بهاوێژرێت.



ب- هەروەك لە ناوونیشانی تیۆرییەکەوە دەردەکەوێت بە هیچ جۆرێك قسە لەوە ناکرێت کە کۆمەڵگا لە چین و توێژی جیاواز پێکهاتبێت و کە لە نێوان ئەو چینە جیاوازانەدا بە پێی سوود و قازانج و مەڵبەندی ئابوورییان و ئەو ناوەندەی لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا هەیانە و ئەو ئەرکەی کەوتووەتە ئەستۆیان جۆرە کێبڕکێ و بۆڕبۆڕین و ڕکەبەری و خەبات و ململانێ لە نێوانیاندا هەیە. کەوابوو لێرەدا بەجۆرێکی دیکە سەرنجی گۆڕان و هۆکاری بەرەوپێشچوون و دیسپلین و نەزم و ڕێکوپێکی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدرێت. ئەگەر بابەتی چین و هۆکاری ئابووری و ڕکەبەری و خەبات لە نێوان توێژ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بە هەند وەرنەگیرێن، دەبێت تیشك بخرێتە سەر چەند لایەنێکی دیکە بۆ ئەوەی ئۆباڵی کێشە و بەرەو گۆڕانی کۆمەڵایەتی و نەزم و ئارامییان بخرێتە ئەستۆ. بۆیە شتێکی چاوەڕوان نەکراو نەبووە کە ڕابەرانی ئەم تیۆرییە بایەخی لە ڕادەبەدەر بە تاکەکەسان و ژیر و خود بدەن و ئەمانە بەیەکەوە لەگەڵ کۆمەڵگا بخەنە نێو دووتای یەك تەرازووەوە.

هۆکاری ئابووری، بوونی چین و توێژی ڕکەبەری یەکتری لە کۆمەڵگادا بە هەند دانەنرێن ئاساییە کە ئاوڕ لە هۆکاری تاکەکەسی بدرێتەوە و بەفاکتەری کۆمەڵایەتی دابنرێت، لەم ڕوانگەیەوە لە چاوی تاکەکەسەوە تەماشای کۆمەڵگا دەکرێت و کۆمەڵگا بەکۆی چەند بەهایەك دادەنرێت کە لەگەڵ کۆی تاکەکەسان کە بەیەکەوە کار لە یەکتری دەکەن[1] و پێکەوە دەژین ڕەنگی پڕۆژەی نەزم و سیستەمی کۆمەڵایەتی دادەڕێژرێت.. بنیادی هەمیشە گۆڕاوی کۆمەڵایەتی لەم جیهاندیدەوە بە هەڵوێستی تاکەکەسان و کارلێککردنیان و ئەو پابەندن و ئەو بەهایانەی پێڕەویان دەکەن و پێیانەوە پابەندن و بە ئاستی کولتوور و ڕۆشنبیری و ئەو واتایەی کە ئەوان بە کردار و ڕەفتار و پێوەندی نێوانیان دەبەخشن، لێکدەدەنەوە.

[1] فؤاد حجازي، د. محمد، النظريات الآجتماعية، مكتبة وهبة، القاهرة، الطبع الثانية، 1999، ص163 فما بعد.

## 3- ژیر و خۆ و سیمبۆڵ:

شـاکارەکەی هربـەرت میـد (ژیـر و خـۆ و کۆمـەڵگا) Mind, self and society کە ساڵی (1934ز) لە زانکۆی شیکاگۆ، کـە تیایـدا سـەرۆکی بەشـی کۆمەڵناسی بووە، بڵاوی کردووەتەوە، لە ناونیشانەکەیەوە دەردەکەوێت کە تـا چ رادەیەك شوێنەواری رێبازی فەلسەفەی پراگماتیزمی ئەمـەریکایی تێـدا دیـارە، لەم بەرهەمەدا بایەخ بە مرۆڤی تاك و کار و کردار دراوە و لە بەرانبەر هزر و بیر و لۆژیك و ژیر دارنراون، ئەمەش رەنگدانەوەیەکی پێکهاتەی رێژێمی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی ئەمەریکایە، کە کار و چالاکی و بنیادنان و سوود و قـازانج دەخاتە سەر هەموو شتێکەوە، بۆیە:

**یەکەم:** لەو رۆژەوە کە سۆسیۆلۆژی وەك زانست لە ئەمەریکا خەت و خـاڵی داوە بە پێی جیهاندیدی سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگای ئەمـەریکا بـیری لـە ئازادی کردووەتەوە. ئازادی ئەرکێك بووە لە ئەرکـەکانی کۆمەڵناسـی، بـەڵام ئـازادی بـەو جـۆرەی ئـەوان تێیگەیـشتوون و بـەو مەرجـەی تونـدوتۆڵ بـە راسـتییەوە بەنـد بێـت. راسـتیش بـە پێـی هـەمان جیهاندیـد ئەوەیـە، کـە سوودبەخش بێت. شتێك راستی دەبێت کە خەڵك سوودی لێوەربگرن و قـازانج بەخش بێت و لە زیان دوور بگیرێت.

**دووەم:** پرۆفیسۆر فریدریش یۆناس سۆسیۆلۆژیستی بـەناوبانگی ئـەڵمان کـە پشت ئەستوور بە سەرچـاوەیەك گوتویـەتی، ئـەوی بیـەوێت زوو، دەسـت و بـرد دەوڵەمەند ببێت، دەبێت بچێت بۆ ئەمەریکا، چونکە لەوێ هەموو کەسێك بەبێ ئارەقە و ماندووبوون دەتوانێت ببێت بە خاوەن پارە و سامان[1].

یۆناس بەو قسەیەی دەیەوێت بڵێت کۆمەڵگای ئەمەریکا تایبەتمەندی خـۆی هەیە، گۆڕان، پەرەسەندن کە پشت بە تیۆری داروینزمی کۆمەڵایەتی دەبەسـتێت سروشـتی بەرچـاوی ئـەو کۆمەڵگایەیـە، لـەو کۆمەڵگایـەدا گەشـبینی بـاوە،

(1) Jonas, Fridrich., Ebenda.s.255.



چاککردنی بەردەوامی ژیان و چارەنووسی مرۆڤ توندوتۆڵ بە خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو پەرەسەندنە خێرایەی کۆمەڵگاکەدا بەیەکەوە بەستراوەتەوە. ئـەو تیۆرییـە کۆمەڵایەتییەش کە بایەخ بە مرۆڤی تاکەکەس (خود) دەدات کە پێـڕەوی ژیـر دەکات لە ژیانی رۆژانەیدا بەجۆرە کار لە یەکتری کردنێك کە سروشتێکی هێما و سیمبۆلی هەیە بە کۆمەڵگاکەیەوە بەستراونەتەوە، رەنگدانـەوەی روخـسار و ناوەڕۆکی ئەو کۆمەڵگایە کـە میـدی تێـدا دەسـتبەکار بـووە و رەنگـی ئـەو تیۆرییەی رشتووە.

**سێیەم:** ئایین و دۆگماکانی کڵێسەی مەسیحی پاشەکشەیان کـردووە و بـوون بە بەشێك لە کولتووری ژیانی رۆژانە بەبێ ئەوەی بتوانن تۆزقاڵێك لـە کاروبـاری ژیانی رۆژانە بگۆڕن.

هەروەها بە پێی رەوشی پەرەسەندنی کۆمەڵگای ئەمەریکا نـاتوانن بـن بـە کۆسپ لەسەر رێگەی پـتر بەرەوپێشـچوون. کڵێـسە و دامـەزراو و دۆگماکـانی، رێوشوێنی بەرێوەبردنی بنەماکانی ببوون بە شتێکی ئاسایی ژیانی رۆژانـە و بـە هیچ جۆرێك سنووری ئاسایی نابەزێنن.

دیـسپلین و رێکـوپێکی بنـەماکانی ئاکـار Moralische Ordnung لـە چوارچێوەی کردار و گوزەرانی ژیانی رۆژانەی تاکەکەسـاندا شانبەشـانی ئۆرگانـە هەمەجۆررەکانی کۆمەڵگا کە پێکەوە هەنگاو دەنێن و مید گوتەنی دەستیاویانە کار لە یەکتری دەکەن هیچ پـەکیان لەسـەر فرمـان و رێ و شـوێن و دۆگماکـانی ئایینی مەسیحی نەکەوتووە. راستە کۆمەڵگای ئەمەریکا لە چاو کۆمـەڵگاکانی دیکەی رۆژئاوا و ئەوروپا لە هەموو شتێکدا سنووری بەزاندووە، بەڵام پـێم شـك نایەت هیچ شتێك بەبێ هەوڵدان و کۆشش و مانـدووبوون و بـەبێ ئارەقـە رشـتن بەدەست بێت. بۆیە من قسەکەی یۆناس بەجۆرە پێهەڵگرتنێك دەبینم.

چوارەم: زانین، فەرهەنگ و کولتوور و بۆچوون دەربارەی بنەماکانی ئاکار و بـەهاکان کـە رێوشـێنی بەرەوپێشـچوونی ژیـانی تاکەکەسـان دیـار و دەستنیشان دەکەن و چوارچێوەیەکی کـرداری ئاکارییانـە دادەڕێـژن بـە هـۆی

پێوەندی کردەکیی ئامرازییانەی نێوان کردار و ژینگەی دەوروبەر[1] پەرە دەستێنن و ڕەنگیان دادەڕێژرێت.

ڕاستی (هەقیقەت) بە پێی بۆچوونی پراگماتیزمی ئەمەریکایی بریتییە لە ئەو سوود و قازانجەی بە کردەوە لە کاتی پەنابردنە بەر زانین و بنەماکانی ئاکار دەستگیر دەبێت.

**پێنجەم:** گرنگی و بایەخی بابەتێك لەوەوە دەکەوێتەوە تا چەندە سەرنجی تاکەکەسان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، ئەو سەرنجەش لە بە هەند زانینی سوود و قازانجی کردەکی بەولاوە نییە.

ئەم خاڵانە بەگشتی کارێکی گەورەیان لە جیهاندیدی سۆسیۆلۆژی هربەرت مید George Herbert Mead کردووە، بۆیە وەك ڕابەرێکی قوتابخانەی سۆسیۆلۆژی شیکاگۆ هەر لە سەرەتای ژیانی ئەکادیمییەوە بایەخی بە مرۆڤی تاك، بە تاکەکەسان داوە، خودی مرۆڤ و ئەو پێوەندییەی بە ژینگە و دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەوە هەیەتی، پێکهاتە بچووکەکانی نێو کۆمەڵگا وەك خێزان و دایەرە و جێگەی کارکردن، دراوسێتی Nachbarschaft، کۆڕ و کۆمەڵگا ناوچەییەکان بابەتی سەرەکی توێژینەوەکانی بوون و شی کردوونەتەوە.

## 4- سروشتی سیمبۆل لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا:

بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا باو بووە و بریتی بووە لەوەی بنیاد و پێکهاتە و گۆڕانی کۆمەڵگا بە تیشکدانەوە و ڕەنگدانەوەی بنیادی چینایەتی و ململانێ و خەباتی چینایەتی توێژەکانی کۆمەڵگا دانراون و مید جۆرە بۆچوونێکی دی هەبووە. گۆڕان کاتێك پەسەند دەکرێت کە سوود و قازانجی تێکڕای کۆمەڵگای هەبێت.

تاکەکەسان هەن و کۆمەڵگاش هەیە، ئەو تایبەتمەندییانەی مرۆڤ لە بوونەوەری دیکە جیادەکەنەوە، ئەوەیە، کە لە کۆمەڵگادا دەژیا بۆیە هیچ

[1] Jonas, F., Ebenda.s.269.



کەسێك ناتوانێت بایەخی کۆمەڵگا و ژیانی کۆمەڵایەتی کە بوونی مرۆڤ دیار و دەستنیشان دەکەن پشتگوێ بخات. ئەگەرچی کۆمەڵگا لە تاکەکەسان پێکهاتووە، بەڵام خۆی پێکهاتە و قەوارەیەکی سەربەخۆیە. مرۆڤ کە دێتە دنیاوە چوارچێوەیەکی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەبینێ کە تێیدا دەژی و ئەو دەستی لە دروستکردنیدا نەبووە، کۆمەڵگا هەڵکەوتێکە خواستی تاکەکەسان دایاننەهێناوە، چونکە کەسایەتی مرۆڤ خۆی ئەنجامێکە لە هەبوونی کۆمەڵگاوە کەوتووەتەوە. کۆمەڵگا لە بوونی ریالیستیانەی خۆیدا پەکی بەهیچ کەسێك نەکەوتووە و پشت بە کەس نابەستێت[1].

بەم جۆرە بەرانبەر بەیەکتری دانانی تاکەکەسان و پێکهاتەی کۆمەڵگا دوو خاڵی لێدەکەوێتەوە:

**یەکەم:** ئەو ڕۆڵەی سایکۆلۆژی بەتایبەتی سایکۆلۆژی ڕەفتار ئیدی ماکدوگڵ بێت، یان وات Watt لە چوارچێوەی ئەو تیۆرییەدا دەیگێڕێت.

**دووەم:** سەرنجڕاکێشان بۆ لای کرداری مرۆڤی تاکەکەس وەك کاریگەر و وەك کارلێکراو و پێوەندی ئەم دوو لایەنە بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە. وەك ئاشکرایە کاتی خۆی ئەمیل دۆرکهایم (1858-1917ز) لەو باوەڕە دابوو کە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەردوو زانستی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیدا نییە. ئەم بڕیارەی خۆی بەوە پشتڕاستکردبووەوە کە هەڵکەوتەی کۆمەڵایەتی شتێکی دەرەکییە و تەنیا هەر بە هەڵکەوتەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی وەك خۆی لێکدەدرێتەوە[2]. ئەمەش لەوەوە هاتووە کە ڕاستییەکانی کۆمەڵایەتی چەند ڕاستییەکی دەرەکین وەك چەند شتێك کە بابەتی تایبەتی زانستی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن و لێیان دەکۆڵرێتەوە، بەڵام سایکۆلۆژی سەرگەرمی بابەتێکە کە شتێکی ناوەکییە و لە ناخی مرۆڤدا ڕوودەدات. لەوە دەچێت ئەم هەڵوێستەی

[1] علي محمد، د. محمد، تأريخ علم الآجتماع، الرواد و الآتجاهات المعاصرة، دار المعرفة الجامعية، الآسكندرية، 1986، ص188 فما بعد.

[2] علي محمد، د. محمد، المصدر نفسه، ص346.

دۆرکهایم بە پێچەوانەوە کاری لە مید و رابەرانی دیکەی ئەم تیۆرییە کردبێت بۆیە بایەخیان بە کردار و رەفتاری تاکەکەسان داوە. بەلای سایکۆلۆژی رەفتارەوە، کرداری مرۆڤ بە دوو رەنگی پاڵنەر و — کاردانەوە لێکدەدرێتەوە.

لەلای ئەم سۆسیۆلۆژیستە بە هۆی ئەم تیۆرییەوە بایەخ بەو لایەنەی کرداری مرۆڤ دراوە کە واتایەکی هەیە و بە سیمبۆلێك کە زمانە دەردەبڕێت، کرداری مرۆڤ لە چوارچێوەی کۆمەڵێکی دیاریکراوەوە دەکرێت و پیادە دەبێت بەبێ بوونی ئەم کۆمەڵە و بەبێ بوونی پێوەندی دیار و دەستنیشانکراو لەگەڵ کەسانی دیکەدا و بەبێ بوونی رێکوپێکی و نەزم، ئەم کردارە نە لە کردن دێت و نە دەکرێت بە بیروبۆچووندا بێت. لە لایەکی دیکەشەوە ئەم کردارە هی تاکەکەسێکی دیار و ئاشکرا و ناسراوە[1] و ناکرێت لە رەوشە دەروونییەکەی جیابکرێتەوە کە بریتییە لە چەند بەهاو هەست و سۆز و ئارەزوو و مەبەست و ئامانجێك. ئەم هەڵوێستە دەبێتە مایەی پتر تێگەیشتن لە کردار و رەفتاری مرۆڤ و ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرانەی لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا لەگەڵ کەسانی دیکە هەیەتی و کە لە ژیانی رۆژانەیدا بە کردار دەینوێنێت و بە چەند سیمبۆل و رەمزێکی زمان دەریان دەبڕێت.

لێرەوە دەکرێت ئەم هەڵوێستەی تیۆری کارلێککردنی سیمبۆلی بەم جۆرە توێ توێ بکرێت:

خودی مرۆڤ Self لە خۆیدا خۆیەکی کۆمەڵایەتییە، کەسایەتییەکەدا، لە نێو کۆڕ و کۆمەڵگا و جەوهەرەکەی لە کۆمەڵگا و تاقمە کۆمەڵایەتی و لە چوارچێوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەکەوێت و بەرجەستە دەبێت. بۆیە دەکرێت بڕیار بدرێت کە ئەم خۆیە ئەنجامی ئاوێتە بوونی دوو هۆکاری بنەڕەتییە:

[1] الحسن، الاستاذ الدكتور احسان محمد، النظريات الاجتماعية المتقدمة، دار الوائل للنشر، عمان، الاردن، طبعة الاولى، 2005، ص82 فما بعد و في اماكن اخرى ايضا.



**یەکەم:** هۆکاری دەروونی (سایکۆلۆژی) ناوەکی، کە پێوەندی بەناخی دەروونی مرۆڤەوە هەیە و کە تایبەتمەندی هەر تاکەکەسێك بە جیا دەردەبڕێت و لە کەسانی دیکەی جیا دەکاتەوە.

**دووەم:** هۆکاری کۆمەڵایەتی کە ئەو کارە دەردەخات کە بنیادی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و ژینگە و دەوروبەر کە مرۆڤ لە چوارچێوەیاندا دەژیا و کار دەکات و چالاکە، کاری لێدەکەن.

تێکەڵاوبوون و یەکگرتنی ئەم دوو هۆکارە پێکەوە دەبنە مایەی پەیدابوونی ئەوەی لە چوارچێوەی ئەم تیۆرییەدا کە بە خۆی کۆمەڵایەتی تاکەکەس دادەنرێت. ئەو خۆی کۆمەڵایەتییە کە مەڵبەند و رۆڵی کۆمەڵایەتی مرۆڤی تاکەکەس لە کۆمەڵگا و لە نێو پرۆسەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەردەخات وەك خۆیەکی چالاك[2] **لە چەند لایەکەوە ئەم چالاکی و کردارە کۆمەڵایەتییەی بەرجەستە دەبێت:**

**یەکەم:** مرۆڤ کە ئەندامی خێزان و کۆمەڵگایەکی دیاریکراوە لە کات و شوێنی دەستنیشانکراو کار لە کەسانی دیکە دەکات.

**دووەم:** کەسانی دیکە کە وەك ئەو بەهەمان شێوە لە خێزان و کۆمەڵگای دیکەدا بوونی کردەکی و چالاکییان هەیە کاری لێدەکەن و بەم پێیە جۆرە چالاکییەکی دوو لایەنی، دوو رەنگی دەستیاوی بەرجەستە دەبێت، کار لە کەسانی دیکە دەکەن و لە لایەن کەسانی دیکەوە کاریان تێدەکرێت. بەم پێیە مرۆڤ لەم پرۆسەیەدا بەجۆرێك دێتە بەرچاوی کەسانی دیکە و بەم پێیە لە بارەیەوە بڕیار و حوکم دەدرێت و ئەویش خۆی بە پێی ئەم بڕیارە جۆرە هەڵوێست و کاردانەوەیەك لەلای دروست دەبێت.

**سێیەم:** زمان لەم پرۆسە گرنگەدا ئەو ئامرازەیە کە ئەم جۆرە پێوەندییە بە شێوەی سیمبۆل و رەمز لە نێوان تاکەکەساندا بەرجەستە دەکات و کە تێیدا تاکەکەسان کار لە یەکتری دەکەن و کاریان تێدەکرێت.

[2] تيماشيف، نيقولا، نظرية علم الآجتماع، المصدر السابق نفسه، ص218 وفي اماكن اخرى.

ئەم جۆرە هەڵوێستەی مید و رابـەرانی تیـۆری کـارلێککردنی سـیمبۆلی وا سەرنجی کرداری داوە کە وەك سـیمبۆل و ئـامراز پێوەنـدی مـرۆڤ بـە مرۆڤـەوە، پێوەندی مرۆڤ بە کۆمەڵگا و سروشتەوە دەستنیشان و سـاغ دەکاتـەوە. مرۆڤـی چالاك، مرۆڤی کۆمەڵپەروەر کار لە دەوروبەر و ژینگەی خۆی دەکات و ژینگەش بە هـەر دوو لایـەنی کۆمەڵایـەتی و سروشـتییەوە کـار لـە هەسـت و نەسـت و کردارەکانی دەکەن، کەوابوو مرۆڤ بەند و کۆیلەی کۆمـەڵگا نییـە و بـە بـوون و کۆشش و کردار کۆمەڵگا دادەمەزرێنێ و بنیادی دەنێت، هـەروەها کۆمـەڵگاش لە پێگەیاندنی تاکەکەسان بەشداری دەکات.[1]

کەسایەتی مرۆڤ بە بـاوەڕی میـد پرۆسـەیەکی بـەردەوام لـە پەرەسـەندن و گەشـەکردن و بەرەوپێشـچووندایە بەرانبـەر بـەو کەسـایەتییەی تاکەکەسـانیش رێکخراوە هەمەچەشنەکانی کۆمەڵگا بە پێکهاتە و ئۆرگانە جۆربەجۆرەکانیانەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت و جۆرە زیندوویەتییەك نیشان دەدەن ئـەرکی کۆمـەڵناس لەو رەوش و دۆخەدا لێکدانەوەو شرۆڤەکردن و هەڵسەنگاندن و پێناسـەکردنیان و رەنگ رشتنی نەخشەیە. لەبەر ئـەوەی مـرۆڤ دەتـوانن رەنگـی هێمـا و رەمـز و سیمبۆل و چەندین دەلالەتی جیاواز و گۆڕاو بڕێژن ئەوە بـەم پێیـە دەکرێـت کـە کردار و رەفتـاری بگـۆڕن و چـاکتری بکـەن ئـیدی کـرداری مـرۆڤ هـەنگاونان و چالاکییەکی هەڕەمەکی بێ پابەند و ئازاد نییە، بەڵکو چالاکییەك لەلایـەن ئـەو کەسانەی دەیکەن دیار و دەستنیشان دەکرێت و هەر ئەوانیش دەربـارەی خۆیـان چەندین هێما و سیمبۆل و رەمز دادەهێنن[2].

بەم جۆرە لە رەوتی ژیانی کۆمەڵایەتیدا کە خـۆی لـە رێگـە و پرۆسـەیەکی ئاوێتە بوون و کار لە یەکتری کردن بـەولاوە نییـە، کەسـایەتی مـرۆڤ و کـردار و هێما و سیمبۆل و کۆمەڵگا و کاروبارەکانی رێکدەخرێن. کار لە یـەکتری کردنـی سیمبۆلییانە و کەسایەتی مرۆڤ و ئەو گۆڕانانەی لە رەوتی نەسرەوتی کۆمەڵگا و

[1] زایتلن، إرفنج، النظرية المعاصرة في علم الآجتماع، المصدر السابق نفسه، ص363 فما بعد.

[2] تيرنر، جوناثان، بناء نظرية علم الآجتماع، المصدر السابق نفسه، ص240، فما بعد.



کۆمەڵدا پەیدا دەبن و دەکەونەوە لە چەند پێوەندییـەکی دەسـتیاوی کـارکردن و کارتێکردن بەولاوە شتێکی تر نین.

**فاکتەرە بنەڕەتییەکانی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی:**

ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە کە مرۆڤ بە هۆی کار و کردارییەوە دەناسرێت و دەکرێت هەڵبسەنگێنرێت جا ئەو کردارانە دیار و بەرچاو بن، یان ناوەکی بن، ئەم کردارانـەش بنـەمای ئاوێتـە بـوون و کـارلێککردنی کۆمەڵایـەتین، بـەڵام ئـەم کردارانە مەبەسـت و ئامـانجی دیاریکراویـان هەیـە و هـزر و بـیر ئـەو دەفـرە و چوارچێوەیە ئەم مەبەست و ئامانجەی تێدا دادەڕێژرێن و زمانیش ئەو ئامرازەیە، کە ناوەڕۆکی ئەم هزر و بیرە بە وشە و هێما و سیمبۆل و رەمز دەردەبڕێت.

هەروەها بابەتێکی گومان هەڵنـەگرە کـە گـۆڕان بنـەمای ژیـان و پرۆسـەی پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگایە. کەوابوو هۆکار و بنەڕەتی گۆڕان چییە و پێوەندی ئەم گۆڕانە بە پرۆسەی کار لە یەکتری کردنەوە چۆن لێکدەدرێتەوە.

پشت ئەستوور بە بنەماکانی ئەم تیۆرییە کار لە یەکتری کردنی سیمبۆلی لە کۆمەڵگادا بە هۆی سێ پرۆسەی لە یەکتری جیاواز و لـە هەمانکاتـدا تونـدوتۆڵ بەیەکەوە بەستراوەوە روودەدات[1]:

**یەکەم:** لاساییکردنەوە و دووبارەبوونەوە.

**دووەم:** دژایەتی کردن، رکەبەری کردن.

**سێیەم:** گونجان و لەگەڵیدا راهاتن.

بێگومـان لاسـاییکردنەوە جـۆرە دووبارەکردنەوەیـەکی تێدایـە، بـەڵام دەبێـت بابەتێك خۆی هەبێت ئینجا لاسایی دەکرێتەوە. کوڕ لە خێزاندا، لە ماڵـەوە چـاوی لە باوکییەتی لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا، بۆ نمونە ((پێشوازی کردنـی میـوان)) چی دەکات کە ئەویش گەورە بوو وەك باوکی پێشوازی میوان دەکات کە هـات بـۆ

[1] النوری، د. قيس و الحسنی، الدکتور عبدالمنعم، النظريات الاجتماعية، جامعة بغداد، 1985، ص222 وفي اماکن اخرى.

مالّی، باشه دەبێ لێرەدا رۆڵی گۆڕان و هەلومەرجی نوێ و کات و شوێن چی بێت؟ تاکەکەسان، خەڵك پێکەوە دەژین، لە رەوتی ئەو ژیانە و پێوەندی رۆژانەی کۆمەڵایەتییاندا سیمبۆل و هێما و چەند ئیشارەتێك بۆ ئاراستەکردنی کرداری خۆیان و رەفتاری کەسانی دیکە کە پێوەندییان پێوە دەکەن بەکاردەهێنن. ئەم لێکدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتییە بەوەی کە کارلێککردنی سیمبۆلییە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوانەی کار دەکەن پێوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەبەستن و بەبێ پسانەوە و بەردەوام پێوەندییەکان دووبارە دەکەنەوە[1]. بێگومان لەم پرۆسەیەدا پێوەندییەکانییان دەسکاری دەکەن ئیدی بەچاککردن بێت، یان بەدەست هەڵگرتن بێت لێیان ئەمەش، بە پێی رەوش و کات و هەڵوێست دەگۆڕێت.

دەبێت لاساییکردنەوە و دووبارەبوونەوە لە خۆیدا شتێکی دی لە پێشەوە هاتبێ و لاسایی بکرێتەوە، بەڵام ئەو شتەی لاسایی کراوەتەوە و دووبارەبووەتەوە لە خۆیدا جۆرە داهێنانێکی تێدایە، چونکە بۆ یەکەم جار دەبینرێت و لاسایی دەکرێتەوە. ئەم لاسایکردنەوەیە ناکرێت پرۆسە و کردارێکی میکانیکی بێ گیان بێت هەروەك ئەوەی شتێك کۆپی بکرێتەوە. ئەم جۆرە داهێنان و لاساییکردنەوە وەك بابەتێکی نوێ، ئەگەرچی شتی نوێ سەرنجڕاکێشە و جۆرە چێژ و خۆشی بەخشێکە، ئەوە وەك خۆی بە ناوەڕۆك و روخسارەوە بە کوڵك و پێستەوە وەرناگیرێت، چونکە نوێ تارادەیەك بە پێچەوانەی ئەوەوەیە کە باوە و تاکەکەسان و خەڵکی لەگەڵیدا راهاتوون بۆیە لە سەرەتادا دووچاری دژایەتی کردن و رکەبەریی دەبێت. کۆمەڵگاش لە خۆیدا پێکهاتەو ئۆرگانێکی زیندوو کاریگەرە هەموو شتێك وەك خۆی وەرناگرێت، ئەگەر لەگەڵ خۆیدا نەگونجێت. بۆیە ئەگەر جۆرە گۆڕانێك بەسەر شتدا بێت شتێکی ئاساییە. بابەتی لاساییکردنەوە جۆرە کێشەیەك بەرپا دەکات هەویرەکەی ئاوێکی زۆر دەکێشێ. ئەم کێشەیە وا بە ئاسانی بەلایەکدا ناخرێت. خۆ ئەگەر مرۆڤ وای دابنێت کە لاساییکردنەوە لە پێشەوەی پرۆسەی کار و کار لەیەکتری کردندابێت، دامەزراو و دیسپلین و نەزمە

[1] د.قیس نوری، د. عبدالمنعم السني، المصدر نفسه، ص244.



کۆمەڵایەتییەکان، دابونەریت و خوو و رەوشت و قانوون و رێوشوێنەکانی رەفتار و ئاکار دەخرێنە چ خانەیەکەوە و لەم بوارەدا چ رۆڵێك دەگێڕن.

هەر چۆنێك بێت ئەو رۆڵەی لاساییکردنەوە دووبارەبوونەوە لەم کایەیەدا دەیگێڕن، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، دابو نەریت، رێوشوێنە کۆمەڵایەتی و یاساکانی ژیان لە کۆمەڵگادا بڕیار دەدەن[1] کام شت و کام کردارە لاسایی بکرێتەوە نەك بە پێچەوانەوە. راستە لاساییکردنەوە بنەمایەکی گرنگی ژیان و کۆمەڵگا و سۆسیۆلۆژییە، بەڵام دەبێت لە پێش ئەم پرەنسیپە و پەیڕەوکردنیدا مرۆڤ بزانێت، یان فێر ببێت چۆن و چی لاسایی بکاتەوە و ئامرازی لاساییکردنەوەکە وەك بزووتنەوە، زمان، سیمبۆل، ئیشارەت هەڵبژێرێت و لەگەڵ ئەو شت و کردارانەی لە کەسانی دیکەوە دەکەونەوە ئاشنا ببێت. بەم پێیە بەردەوام بوونی ئەم پرۆسەی دووبارەبوونەوە، ئەگەرچی لە قۆناغێکدا رووبەڕووی دژایەتی کردن و سڵ و پارێز و گومان ببێت ئەوە وردە وردە تاکەکەسان لەگەڵیدا رادێن و خۆیانی لەگەڵدا دەگونجێنن.

### تاکەکەسان و کۆمەڵگا

ئەوی لەم تیۆرییەدا سەرنجڕادەکێشێت و دەبێتە مایەی رامان هەڵوێستی رابەرەکانییەتی دەربارەی پێوەندی نێوان تاکەکەسان و کۆمەڵگا و ئەو رۆڵەی دابونەریت و هەڵوێستی تاکەکەسی لە رشتنی رەنگی چوارچێوە و ناوەڕۆکی کرداردا دەیگێڕێت. ئەگەر وا دابنرێت کە تاکەکەسان چەند یەکەیەکی سەرەتایی و جیهانێکی بچووك پێکدێنن، ئەوە بە هەموو شێوەیەك کۆمەڵگا لەو تاکە کەسانە پێکهاتووە، ئایا لێرەوە تاکەکەسان دەکرێن بە بابەت بۆ توێژینەوەی پێکهاتە هەمە رەنگەکانی کۆمەڵگا، یان بە پێچەوانەوە کۆمەڵگا دەکرێت بە بابەتی لێکۆڵینەوە بۆ تیشك خستنە سەر کردار و رەفتاری تاکەکەسان کە مایەی سەرەکی کارلێککردنی سیمبۆلن؟!

[1] Jonas, Fridrich. Geschichte der Soziologie. Bd. 2. Rowohlt.Hamburg 1976.s.293.

بەلای رابەرانی ئـەم تیۆرییـەوە پێوەندییـەكی تونـدوتۆڵی دەسـتیاوی لـە نێـوان تاكەكەسان و كۆمەڵگا هەیە و هەردوو لایان یەكەیەكی تۆكمە پێكدەهێنن، كۆمـەڵگا كەسایەتی تاكەكەسان دروسـت دەكـات و لەلایەكـەی دیكەیـشەوە كـردار و رەفتـاری فرەڕەنگەو بە پێزی تاكەكەسانیش كۆمەڵگا دادەهێنێ. ئەم جـۆرە دەستنیـشانكردنەی پێوەندی نێوان تاكەكەسـان و كۆمـەڵگا جـۆرە خـاوی و نـەرم و نیانییـەك لەبەرانبـەر بیرۆكەی ناچاری و ناچارەكیی نیشان دەدات و هیچ جۆرە بایەخێك بە ململانێ و كێشە و خەباتی چینایەتی و توێژە جۆربەجۆرەكان نادات.

مرۆڤ وەك تاكێكی چالاك خۆی لە چوارچێوەی هەڵوێستدا دەبینێتـەوە، جـا ئەم هەڵوێستە هی خۆی بێت، یان هی كەسانی دیكە كە لە كۆمەڵگادا لەگەڵیدا دەژین و كار لە یەكتری دەكەن، ئەم هەڵوێست و كردارانە واتایـەكی سـیمبۆلیان هەیە و لەلایەن ئەو كەسەوە كراون ئاراستە و دیار و دەستنیشان دەكرێن، لێـرەدا جارێكی دیكە رۆڵی زمان و پێوەندی دەردەكەوێتەوە. هەر بۆیە مید لەو باوەڕەدا بـووە، كـە دەسـت و زمـان و ئـەو دوو ئـامرازەن كـە مرۆڤایـەتی مـرۆڤ سـاغ دەكەنەوە[1]. بۆیە سەیر نییە كە ئەم تیۆرییە لە جیاتی باسی خەبات و ململانـێ بكات بایەخ بە دابونەریت و خوو پێوەگرتن بدات و بیرۆكـە و دیـاردەی كێـشە و بەرەو چەوساندنەوە لە بیربباتەوە. ئەمەیە مەبەستی مید كە گوتوویەتی:

هەلوێستی ژیانی رۆژانـە سروشـتی ژیـانی كۆمەڵایـەتی تاكەكەسـان دیـاری دەكات و لە چوارچـێوەكەیدا مرۆڤـی تاكەكـەس چـالاكی خـۆی دەنوێنێـت و كـار دەكات. تانوپۆ و سروشتی ئەو هەڵوێستەش كە لە لایەن تاكەكەسانەوە دەنوێنرێـت راستەوخۆ تاكەكەسان، مرۆڤ ئاراستە دەكات چ شتێك هەڵبژێرێ و چۆن بجوڵێتەوە و رەفتار بكات. ئەو واتایەی لەشت و دەوروبەرەوە دەستگیری مرۆڤ دەبێت كارێك لـە هەڵوێستەكە دەكات و بگرە هەر ئەم واتاو جەوهەرەی شـتی دەوروبـەرە كـە دێنـە بەرچاو. لەلایەكی دیكەوە ئەنجامی ئەوكار لە یەكتری كردنە كۆمەڵایەتییەن، كە لە كۆمەڵگای مرۆڤدا پەیدا دەبن و دەردەكەون و پیادە دەكرێن.

---

[1] Kasler, Dirk., Klassiker des Soziologischen Denkens . Munchen 1987.s.24 .ff.

فینۆمینۆلۆژی

ئیدمۆند هۆسەرل

## سەرەتا

### 1

تایبەتمەندییەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهان، وەك لە بەرهەمی بڵاوکراوەی سیاسەتمەدار و پسپۆڕ و مامۆستاکانی زانکۆ یەکانی ئەو سەردەمەی ئەڵمانیا بەتایبەتی و ئەوروپا بەگشتی بەرچاو دەکەوێ و سەرنجڕادەکێشێ ئەو قەیران و تەنگژەیەKrisis کە رووبەڕووی زانستەکان بەگشتی بۆتەوە، دەردەکەوێ.

فەیلەسووف و زانای بیرکاری گەورەی ئەڵمان گۆتلۆب فرێگە (1848-1925ز) لە چەندین بەرهەمدا رووبەڕووی ئەو قەیران و تەنگژەیەی بیرکاری Mathematik بۆتەوە. فرێگە هەوڵی داوە و کۆششی کردووە کێشە و تەنگژە و قەیرانی بیرکاری و ناکۆکییە ناوەکییەکانی بەوە چارەسەر بکات، ساغ ببێتەوە بیرکاری لە مەنتیقێکی پەرەسەندوو بەولاوە نییە، ئەم کۆششەی فریگە لەلای بێرتراند رەسل و ئەلفرێد نۆرت وایتهید هاتەبەر، هەردووکیان لە بەرهەمێکی هاوبەشدا بە ناوی بنەماکانی بیرکاری Principia Mathematica کە ساڵی (1910-1913ز) بڵاوکراوەتەوە بۆ دانانی بنەمای مەنتیقێکی بیرکاری کۆششێکی زانستییانەیان کردووە. رەسل بە نیازو مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییە ناوەکییەکانی بیرکاری و مەنتیق، تیۆری تیپە مەنتیقییەکانی داهێناوە. بەم پێیە زمانی ئاسایی و مەنتیقی بابەتی لە مێتازمان و مێتامەنتیق جیاکراونەتەوە.

### 2

لەبەرانبەر ئەم چالاکییە بیرکارییە مەنتیقییەدا، لە سەرەتادا سەرنج بۆ قەیران و تەنگژەی زانستەکان راکێشراوە و هەوڵ دراوە سروشت و هۆکارەکانی ئەم قەیرانە دیارو دەستنیشان بکرێت. بە باوەڕی من گرێدانی ئەم قەیرانەی



زانست. قەیران و تەنگژەی ئەوسای چینی بۆرژوازی دەسەڵاتدار لە دروشمێکی سیاسی بەولاوە نییە و بە هیچ جۆرێك نەپاساو دەدرێ و نە پشتڕاست دەکرێتەوە. راستە زانستەکانی ئەوروپا پشکێکی گەورەی کولتوور و شارستانییەتی ئەوروپایان پێك هێناوە، هەر لە زانستە جۆربەجۆرەکانەوە تاوەکو فەلسەفە و ئابووری و زانستەکانی ئایین و قانوون و مێژوو و زانستی سیاسەت و زانستە کۆمەڵایەتییەکان (سۆسیۆلۆژی)، ئەم زانستانەش هەریەکە بە پێی کایە و پاوان و بابەتەکانیان کەم تا زۆر پێوەندییان بە کۆمەڵگەوە هەیە و هەبووە، ئەگەرچی ئەو پێوەندییەش بە پێی هەلومەرجەکانی پەرەسەندن و بەرەوپێشچوون گۆڕانێکی بە شێوازی دوورکەوتنەوە و نزیك کەوتنەوەی بەخۆیەوە دیوە، بەڵام بە هیچ جۆرێك ملکەچ و نە پابەندی زەبوون و داماوی قەیران و تەنگژەی چین و دەسەڵاتێکی سیاسی دیاریکراو نەبوون و نابن. مەسەلەکە لە پەرەسەندن و گونجاندن لەگەڵ گۆڕانەکانی ژیان و کۆمەڵگە و شارستانییەت بەو لاوە شتێکە تر نەبووە. ئەمەش هەندێك جار خۆی لە چوارچێوە و روخساری ململانێ و کێشە و بەرەی دەستە و یەخە بوون و زۆرانبازی نێوان کۆن و نوێدا بینیوەتەوە، کە بە هۆیەوە چەندین دیاردەی فرەڕەنگ و هەمەچەشنەی کولتوور و شارستانییەتی لێ دەکەوێتەوە. تاقمی کۆڕی ڤیەننا (مانیفێستە زانستییە فەلسەفییەکەیان لە ژمارە (128)ی گۆڤاری رامان – کانوونی دووەمی ساڵی 2008-دا بڵاوکرایەوە) بەلایانەوە روون بووە کە رژێمی سیاسی دەستبەکار توانیویەتی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەدا بگونجێنێ و سوود لە تاقیکردنەوەکانی ژیان بە هەموو هەمە رەنگییەکییەوە وەربگرێت و تاڕادەیەکی بەرچاو داخوازییەکانی ژیانی مرۆڤ لەبەرچاو بگرێت و بەرەو پیریان بچێ. تەنگژەو قەیرانی زانستەکەش لەلایەکەوە بەوە لێکدراوەتەوە کە ((گوایە هزری میتافیزیکی و هوتی .. لە ژیندا و بگرە لە زانستدا لەبرەو و پتربووندایە ل99)). وەك رووبەڕووبوونەوی ئەم دیاردە گشتییە کە بە شێوە و روخساری گۆڕانێکی سنووردار لە نێو هەندێ کۆڕ و کۆمەڵەدا بەرچاو کەوتووە، بایەخێکی لە ئەندازە بەدەر بە پەیڕەوی (میتۆدەی) زانستی

ریالیزمی دراوە و هەوڵ دراوە زمانی فیزیك كە چەندین تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ بنیادنانی كۆشكی یەكگرتنی زانستە جۆربەجۆرەكان بە بنەمایەك دابنرێ و سوودی لێوەربگیرێ.

## 3

شارستانییەت، كە ئەم جۆرە زانستانەی لێكەوتۆتەوە، لە سروشت و روخسار و ناوەڕۆكدا یەكەیەكی یەكڕەنگە، بەشێكە لە فەلسەفەی مێژوو و گیانی سەردەمی خۆی بە جوانترین شێوە دەردەبڕێت.

سەبارەت بەو قەیرانەی زانستەكان هۆسەرل (1859-1938ز) كاتێ خۆی كردوویەتی بە بابەتێكی توێژینەوە. بەلای هۆسەرلەوە توێژینەوەی هەست و هۆشیاری ئەوروپایی هەر لە سەرەتایەكەیەوە، بە پەرەسەندنییەوە تاوەكوكۆتاییەكەی لەبەردەم چوونە نێو ئەم جیهانە ئاڵۆزەدا دەروازە دەكاتەوە، ئەمەش بەڵگەیەكە كە كولتووری رۆژئاوا بە كەلەپوورە فرەڕەنگییەكەیەوە، كە نموونەی پەرەسەندنی شكۆی مرۆڤایەتییە، كۆیەكی بەیەكەوە تەبایە و لە چوارچێوە و سنوور و جوغزی بۆچوون و وێناكردنی تەنگەبەری نەتەوەیی زانست دەچێتە دەرەوە و ئاستەنگی زانستییانەی لەبەردەم تێڕوانینی نەتەوەیی كولتوور و شارستانییەت دادەنێ.

لە كاتێكدا باسی قەیران و تەنگژەی كولتوور و شارستانییەتی رۆژئاوا دەكرێ، سەرمایەداری لە هەموو بوارەكانی ژیاندا هەنگاوی گەورە و مەزنی بەرەو پێش هاویشتووە، تاڕادەیەك كە لە توانادابێ لەگەڵ ژیان و كۆمەڵگەدا دێتەوە، دەسكەوتی وای داهێناوە و پێشكەشی بە مرۆڤایەتی كردووە، هەر لە سێ دروشمەكەی: ئازادی، برایەتی، یەكسانییەوە تاوەكو تەكنەلۆژی سەردەم هەموو كەلەبەرێكی گرتۆتەوە، بە پێی قۆناغی سەردەم لە توانای ژیری مرۆڤ و توانای زانستدا نییە لەم سنوورە تێبپەڕێ و ئەم سنوورە ببەزێنێ. هەروەها راستە رۆژبەرۆژ زانستەكان لە یەكتری جیا دەبنەوە و هەر یەكە كایە و پاوانی تایبەتی خۆی گر دەدات و وا دێتە پێش چاو وردە وردە لە ژیانی ئاسایی مرۆڤ دوور



دەكەونەوە و لە كایەیەكی تەنگەبەردا گۆشەگیر دەبن. ئەم وا هاتنە بەرچاوە دەكرێ بەدیوی نارێ و ناڵەباری پەرەسەندن و گەشەكردن دابنرێ. ئەم لەیەكتری جیابوونەوە و سەربەخۆیی زانستەكان دیوەكەی تری بابەتەكە نیشان دەدات، كە ئەویش دیوی زیندوویی و پەرەسەندن و گەشەكردنە. جیابوونەوەی زانستەكان لە یەكتری و سەربەخۆبوونیان لەبەرانبەر ئەو كێشە و تەنگژانەی رێژیمی دەستبەكاری سەرمایەداری رووبەڕوویان دەبێتەوە و بۆتەوە، بەڵگەیەكی دیار و ئاشكرایە نیشانی دەدات، كە سەرمایەداری ئەوپەڕی لووتكەی بڵندی پەرەسەندنی چالاكی ژیر و ژیانی مرۆڤ و كۆمەڵگەیە. ئەو كێشە و قەیرانانەش لە بزاڤی نەپساوە و بەرەوپێشچوونی بەردەوامی ژیان خۆیەوە دەكەونەوە و لەگەڵ رەوتی نەسرەوتی ژیاندا دێنەوە. سەرمایەداری كە واتابەخشی دیموكراتی و داد و ئازادییە تاوەكو ئێستا توانیویەتی شایستەیی و رەوایی خۆی پشتڕاست بكاتەوە. مرۆڤایەتیش بە هەموو توانایەوە نەیتوانیووە ئاڵتەرناتیڤێك دابهێنێ كە جێگای سەرمایەداری بگرێتەوە، ئەمەش رەوشێكی ئاساییە، چونكە وەلانانی سەرمایەداریی وەلانانی ژیر و ژینە.

## 4

لەم كەشوهەوا و هەلومەرجەی سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئیدمۆند هۆسەرل دەستبەكار بووە. هۆسەرل لە سەرەتادا خوێندنی بیركاریی (ماتماتیكی) تەواو كردووە و تێزی دكتۆرییەكەی لە بارەی ئەم زانستەوە بووە. بە پێچەوانەی فریگەوە، لە سەرەتاوە و بە هۆی ئەو كارەی فرەنتس برێنتانۆ تێیكردووە هەوڵی داوە مەنتیق بباتەوە سەر سایكۆلۆژی (دەروونناسی)، بەڵام بە هۆی ئەو رەخنانەوە كە لەلایەن فریگەوە لێی گیراون، دەستبەرداری ئەو رایەی بووە و مەنتیق و سایكۆلۆژی بە دوو بابەتی لە یەكتری جیاواز داناوە. هۆسەرل كۆششی كردووە میتۆدێكی ژیرەكی، پشت ئەستوور بە بیركاری، دابهێنێ و ئەو میتۆدەیە بەسەر هەست و هۆشدا Bewusstsein جێبەجێ بكات. لە سەرەتادا، وەك هەندێ فەیلەسووفی تر كە لە بنەڕەتدا لەكایە و بابەتێكی تردا پسپۆڕ بوون،

سەرگەرمی ئەوە بووە فەلسەفە ببێ بە زانستێکی وردی رێکوپێك[1]. لەگەڵ جێگیربوون و بڵاوبوونەوەی فینۆمینۆلۆژی چ وەك فەلسەفە و چ وەك میتۆدە لەلایەن بابەتە زانستییەکانی ترەوە سوودی لێ وەرگیراوە و هەوڵی جێبەجێ کردنی دراوە. بۆ نموونە ماکس شیلەر و ئەلفرید شوتس[2] هوڵیان داوە میتۆدەی فینۆمینۆلۆژی لە کایە و پاوانی زانستی کۆمەڵایەتییدا (سۆسیۆلۆژی) جێبەجێ بکەن.

## پەیڕەوی ئامانجەکی

ئامانجەکی لێرەدا واتای مەبەست و نیاز دەگەیەنێ، بەرانبەر بە وشەی لاتینی Intention بەکار هاتووە. ئەم هەڵوێستە کە پتر بایەخ بە تاقیکردنەوە و ئەزموونە هۆشییەکان دەدات، ئەم ئەزموونانە بە چەند هاوردە و دادێکی راستەقینە (واقیعی) دادەنێ کە سروشتێکی تایبەتی مێشك نیشان دەدەن، ئەمەش ناوی رێبازەکە ساغ دەکاتەوە کە بەتایبەتی بایەخ بە دیاردەPhanomenon دەدات. لەم پرۆسەیەدا، کە رێبازە فەلسەفییەکە خۆی لە پەیڕەویك بەولاوە نییە، هەموو گریمانە پێشینەییەکانی بوون، کە لە هەڵوێستی سروشتی ژیانی رۆژانەدا هۆشی مرۆڤ بە روونو ئاشکرایان دادەنێ لە کایەی توێژینەوەدا دووردەخرێنەوە و ئەوەی لە هۆشدا وەك ناوەڕۆکی بێ گەردی حازر بەدەست و لەبەردەستدابوو، هەیە، بە وردی باس دەکرێن.[3]

وشەی ئامانجەکی لە خۆیدا لە بابەتی دەروونناسی (سایکۆلۆژی)یەوە خوازراوەتەوە. بە پێی سەرچاوەکان هۆسەرل ئەم پەیڕەوی ئامانجەکییە لە

(1) Husserl, Edmund., Philosohie als strenge Wissenssschaft in: Aufsatze und Vortrage. 1911-1912.

(2) Schutz, Alfred., Der Sinnhafte Aufbau der Sozialen Welt. 1932. Suhrkamp. Nr.92-1974.

(3) Coreth, Emerich. Enlen, Peter. Haeffner, Gerd. Ricken, Friedo., Philosophie des 20. Jharhunderts. Kohlhammer. Stuttgart 1986. s. 16.ff.



پرۆفیسۆر فرەنتس فۆن برێنتانۆ (1838-1917ز) فێر بووە، کە ئەو کاتە لە زانکۆی ڤیەننا مامۆستا بووە، برێنتانۆ لەو باوەڕە دابووە کە دیاردەکانی هەست و هۆش کە ئەو بەئەزموونی ئامانجەکی ناوی بردوون دەکرێن بە سێ جۆر و توێژی ئەزموونەوە Erlebnis:

**یەکەم:** بۆچوون Vorstellung .

**دووەم:** حوکمدان Urteil .

**سێیەم:** دیاردەکانی سۆز (خۆشویستن و رق لێبوونەوە).

ئەم سێ جۆرە سێ رەوشی ئامانج نیشان دەدەن[1]. واتە پێوەندییان بە بابەتێکی نیازکراوەوە هەیە. هەموو ئەزموونێك کە لە هزرەوە کەوتبێتەوە و تونودوتۆڵ پێوەی بەسترابێ، دوو لایەنی لە یەکتری جیاواز و بەیەکترییەوە گرێدراوی هەیە:

**یەکەم:** بابەت، ناوەڕۆك کە مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە و تێیدا دەردەکەوێ.

**دووەم:** لایەنی دەروونی ئەمەش کاری بۆچوون و بڕیاردانەکە و خۆشویستن و رق لێبوونەوەیە.

ئەم سێ جۆر و توێژەی کردار لە بەرانبەریاندا سێ جۆر و توێژی فۆرمی تایبەت هەیە کە یەکێکیان وێناکردنێکی سادە و ساکاری شتێکە، دووەمیان کارێکی هەڵوێست نواندن و دیاریکردنە دەربارەی شتێك و ئەمەیان پتر تیۆری و هزرییە و سێیەمیان کردەکی و پراکتیکییە کە لە ناخی دەروونەوە دێتە دەرێ و لە چوارچێوەی پەسەندکردن، یان حەزکردن و حەزنەکردندا خۆی دەنوێنێ.

وشە و بابەتی ئامانجەکی لە خۆیدا وەك برێنتانۆ بۆی چووە جیاوازی نێوان فاکت و راستییەکانی فیزیك و دەروونناسی دیار و دەستنیشان دەکات هەموو

(1) Stegmuller, Wolfgang., Haupt stromungen der Gegenwarts Philosophie. Bd. I. Sechste Auflage, Stuttgart 1978. s.4.ff.

هەروەها بڕوانە؛ کتێبە بە نرخەکەی مامۆستا:

- یوسف کرم، تأریخ الفلسفة الحدیثة، القاهرة، 1986، ص459.

چالاکییەکی دەروونی کە پێوەندنی بە دەروونناسییەوە هەیە هەر لە کردارەوە تاوەکو دەگاتە هەست و هۆش و سۆز و ئێش و ئازار پێوەندی بە بابەتێکەوە هەیە، کە ناوەڕۆکەکەی لێ پێك دێت. مرۆڤ دەبینێ، ئەم دیتنە دیتنی بابەتێکە، خۆشویستن ناوەڕۆکێکی هەیە، کە خۆشویستنەکە ئاراستەی کراوە، مرۆڤ شتێك هەڵ دەسەنگێنێ، تاد ... ئەم پێوەندیی بوونە بە بابەتەوە یەکەم کەرەسەی دەروونییە و دووەم ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە. هەموو کارێك، خواستێك، ئەزموونێك، هەست و هۆش و نەست و سۆزێك سنووری خۆی دەبەزێنێ و پێوەندییەك بە ناوەڕۆك و کەرەسەیەکەوە(Sich Beziehen) دیار و دەستنیشان دەکات، کە ئامانجەکەی لێ پێك دێت. ئەمەیە پەیڕەوی ئامانجەکی کە لەلای زانا و فەیلەسووفی مەنتیقی نەمسایی، پرۆفیسۆر ئەلێکێس فۆن ماینۆنگ بنەمای تیۆری بابەتیان Gegenstandstheorie پێك هێناوە.

## قەیرانی زانستەکان

لە بەرهەمێکدا کە یەکەم جار لە شاری هالە ساڵی (1929ز) بڵاوکراوەتەوە هۆسەرل بەوپەڕی نائومێدییەوە باسی زانست و رەوشی زانستی سەردەمی خۆی دەکات و نیشانی دەدات، کە قەیران و تەنگژەیەکی زانستی لە ئارادایە و زانستەکان گۆشەگیرانە لە ژیانی رۆژانەی مرۆڤ و کۆمەڵگە دوورکەوتوونەتەوە و کەسیش بڕوای جارانی پێیان نەماوە. هۆسەرل لەوێدا گوتوویەتی:

**((رەوشی سەردەمی ئێستای زانستە ئەوروپاییەکان بیرکردنەوە و تێڕامانێکی رادیکاڵی – ریشەیی- پێویست دەکات. ئەوان لە بنەڕەتدا بڕوای قایم و پتەو بەخۆبوون و بە گرنگی بایەخە رەهاکەیان لە دەست داوە. مرۆڤی مۆدێرن ئەمڕۆ وەك مرۆڤی قۆناغی رۆشنگەرایی نەماوە، زانست و ئەو کولتوورەی بە هۆیەوە خەت و خاڵی داوە، بەخۆ بەبابەتکردن و بەجێ هێنانی ژیری مرۆڤیان دانانێ .. ئەو باوەڕە، زانست بەرەو گەیشتنە راستی دەچێ، بە هەموو شێوەیەك ... هێز و تایبی خۆی لە دەست داوە)).**[1]

[1] Husserl, Edmund., Formale und tranzendentale Logik. 2. Auflage. Tubingen. 1981. s s. 4-5.



1- ئەو گۆڕانە کە دەکرێ، بە پێی قسەی هۆسەرل، بە تەنگژە و قەیران دابنرێ کە زانستەکەیان دووچاری بوون کامەیە؟ دەبێ ئەو بڕوایەی جاران مرۆڤ بە زانستەکانی هەبووبێ چی بووبێ و چاوەڕێی چی لێ کرد بن و چ مەبەست و نیازێکی پێیان هەبووبێ؟ ئایا ئەم بڕیارەی هۆسەرل دەچێتە چ خانەیەکەوە؟

ئەگەر مرۆڤ بە هێمنی لەو قسەیەی پرۆفیسۆر هۆسەرل وردبێتەوە دوو خاڵ – لەلای- پشتڕاست دەکرێنەوە:

**یەکەم:** لە سەرەتادا مرۆڤ هیوایەکی لە سنوور بەدەری بە زانست و ئەنجامەکانی هەبووە. وای داناوە، کە ئەفسانە ئاسا ئەم بابەتە کێشە سەرەکییەکانی ژیان و کۆمەڵگە چارەسەر دەکات، دوا رۆژێکی چاوەڕوانکراو دابین دەکات، بەڵام؟

**دووەم:** بە پێچەوانەوە نەك ئامانجە سەرەکییەکان بە تەواوەتی نەهێنراونە دی، بگرە زانست خۆی، یان زانستەکان خۆیان لەلای خۆیانەوە بوون بە کێشە و مایەی ترس و لەرز و دڵەڕاوکێی. ئەگەر زانست کێشەیەك، یان چەند کێشەیەکی چارەسەر کردبێ ئەوە چەکی ئەتۆم و ناوەکی داهێناوە و هەڕەشەی کاولکردنی یەکجارەکی لە مرۆڤ و ژینگە و کۆمەڵگە دەکات!.

2- دوای مردنی هیگڵ لە ساڵی (1831ز) رێبازی مەتریالیستی (ماددی) ئەوپەڕی گەشەی کردووە و بەهێز بووە، لە بەرانبەر فەلسەفەی ئایدیالیزمی بەتایبەتیو فەلسەفەی سروشتی پشت ئەستوور بە ئایدیالیزم هەرەسی هێناوە و هیچی تر نەیتوانیوە لە بەردەم هێرشی زانست و مەتریالیستەکان خۆی بگرێ[1]. لە لایەکی دیکەوە زانست پەرەیسەندووە و بە هەنگاوی گەورە بەرەوپێشچووە. زانا و توێژەرەوە زانستییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم لە ئەڵمانیادا کە بۆچوون و ئاراستەی مەتریالیستییان هەبووە بەتایبەتی: کارل فۆگت (1827- 1895ز) Vogt. پرۆفیسۆر یا کوب لودفیش بووشنەر (1824- 1899ز)

[1] Schnadelbach, Herbert., Philosophie in Deutschland, Stw. Frankfurt am Main 1983. s. 15 ff.

Buchner کۆششیان کردووە، کە میتۆدەی ئەزموونی پشت ئەستوور بە بنەمای ماددی جێگیر و جێبەجێ بکەن و هەوڵیان داوە ساغی بکەنەوە کە:

**یەکەم:** زانینی زانستییانە دەبێ خۆی لە هەموو تێڕوانینێکی پەتی رووت لابدات و لەسەر بنەما و بنچینەی ئەزموونیی دابمەزرێت.

**دووەم:** فەلسەفەی سروشتی رووت و پەتی و تیۆرییانە نەك هەر بە هۆی بەرەوپێشچوونی زانستە جیاجیاکان دووچاری قەیران و تەنگژە بووە، بگرە بە هۆی زانستەکانەوە پووچەڵ کراوەتەوە.[1]

وەك پەرەسەندنی دواتری زانست و فەلسەفە دەری خست ئەم بڕیارەی ئەم زانا مەتریالیستانە بڕێکی تاك رەهەندی بووە. فەلسەفە بەشێکی هۆشیاری کۆمەڵایەتییە سوود لە زانستەکان وەردەگرێ و سوودیان پێدەگەیەنێ، بەڵام هەرگیز نە دەبێ بە زانست و نە دەکرێ دەستبەرداری کایە و پاوان و کارەکتەری خۆی ببێ، چونکە بابەتو میتۆدەی خۆی هەیە، کە لە هی زانستەکان جیاوازترە و ئەمەش تایبەتمەندی فەلسەفە دەپارێزێ. زانستەکانی ئەو سەردەمە، وەك لە بڵاوکراوەکانیان و سەرچاوەکانەوە دەردەکەوێ میتۆدەی ئەزموونیان بەکارهێناوە و جێبەجێ کردووە، ماتماتیك ئەو نموونەیە بوو، کە پشتی پێ بەستراوە و پەیڕەو کراوە، بەڵام کێشەکانی فەلسەفە و کیشە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئەم میتۆد و چارەسەرانەدا نایەنەوە. ئەگەر میتۆدەی ئەزموونیی زانست و میتۆدەی روخسارییی بیرکاری کێشەی ماددە و سروشتو فیزیکیان پێ بەلایەکدا بخرێت، میتۆدەی بیرکاری (ماتماتیك) قسە لە بابەتەکانی ژمارە و بنەما و قانوونەکانی هزر و مێشك بکات و لەگەڵ مەنتیقی بیرکاری نوێدا سەرگەرمی نوێژینەوەی بنەما و قانوونە سروشتییەکانی پرۆسەی بیرکردنەوە بێت، ئەوە فەلسەفە لە خۆیدا شتێکی ترە، جۆرێکە لە جۆرەکانی جیهاندیدی Weltanschauung کە بە میتۆدەی تایبەتی خۆی نەبێ بە هیچ میتۆدەیەکی تر نە قسەی لێدەکرێت و نە بەلایەکدا دەخرێت.

[1] Lange, Friedrich Albert., Geschichte des Materialismus und Kritik Seiner Bedeutung in der Gegenwart. Bd. 2. Funfte Auflage, Leipzig 1896. s. 87 ff.



3- راستە لە سەردەمی رێنێسانسەوە تاوەکو کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم زانست و میتۆدەی زانستی سەرکەوتنی مەزنیان بەدەستهێناوە، بە هەنگاوی گەورەی ئەوتۆی چاوەڕواننەکراو بەرەوپێشچوون، بە هۆی ئەو پەرەسەندنە شۆڕش ئاسایەوە دیدی خۆیەتی و میتافیزیکی و ئەفسانەیی و تەنانەت لاهووتیش لاواز بوون. پەیڕەو و میتۆدی زانستییە سروشتییەکان بوون بە مەرجێ دەستەبەربوونی دڵنیایی و رەواندنەوەی ئەگەر و گومان و جێگیرکردنی هەڵوێست و دیدی بابەتییانە. بۆیە لە نێو کۆڕ و کۆمەڵەکاندا ئەو باوەڕە پەرگیرە بە زانست جێگیر بوو، گوایە زانست تاکە فۆڕمێکە لە نێو فۆڕمەکانی زانیندا کە دەبێ مرۆڤ دانی پێدابنێ و بڕوای پێی هەبێ، راستی لە هەموو کایە و بوارەکانیدا، جا دەربارەی ناخی دەروونی مرۆڤ بێ، یان لە بارەی جیهانی دەوروبەر و دەرەوە بێت، بە تەنیا هۆی میتۆدە و پەیڕەوی ئەزموونی زانستەوە پێی دەگەیشترێ و بەدەست دەهێنرێت[1]. هەروەها ئەو وێنەیەی لە مێشکو ناخدا نەخشاوە گوایە زانینی ورد و بنەڕەتی زانستییانە دەربارەی فاکتەر و هۆکارەکانی دیاردەکان دەبێتە ئەوەی مرۆڤایەتی بە کەماڵ و تەواوێتی و بەختەوەری بگات. لەلایەکی ترەوە ئەو داوایە رەواکراوە کە هونەر و ئەدەب و فەلسەفە و سۆسیۆلۆژی و تاد .. لەسەر بنەمایەکی پەیڕەوی ئەزموونی دابمەزرێن و ئەنجامەکانیشیان پابەندی تێبینی و ساغکردنەوە و پشتڕاستکردنەوەی ئەزموونی Empirie بن.

4- لە سەرەتای سەدەی بیستەم تەنگژە و قەیرانی زانستەکان و پەیڕەو و میتۆدە ئەزموونییەکە دەستی پێکردووە. زانستە مرۆڤایەتییەکان بەلق و بابەتە جۆربەجۆر و جیاوازییەکانەوە لە بەڵێن و پەیمانەکانی زانست و میتۆدەی ئەزموونییانەوە وردە وردە دڵیان کرمێ بووە.

لەلایەکی ترەوە، فەیلەسووف و سۆسیۆلۆژیستەکان (زانایانی زانستی کۆمەڵایەتی) و دەروونناسان (سایکۆلۆژیستان) وردە وردە لەلایان ساغ و روون

[1] حسنین، الدكتور حسن حنفي، قضايا المعاصرة .. في الفكر الغربي معاصرة، دار الفكر العربي، القاهرة، بلاّ تأريخ، ص296 فما بعد.

بۆتەوە، کە دیاردە مرۆڤی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان لە جۆرێکی ترن و ناوەڕۆك و روخساری تایبەتی خۆیانیان هەیە و بە تەواوەتی لەو دیاردە سروشتییە — فیزیکیانە جیاوازن کە بابەتی چالاکی توێژینەوەی زانستە ئەزموونییەکانن. بۆ نموونە ئەگەر زانایەك لە قانوون و بنەماکانی دیاردە سروشتییەکان شارەزا و ئاگادار بێت، بەتایبەتی کە لە سروشتدا دووبارەبوونەوە هەیە، دەتوانێ پرۆسە و قەومانیان پێشبینی بکات و بگرە کۆنترۆڵیشیان بکات. بە پێچەوانەوە ئەو دیاردە و بابەتانەی فەلسەفە لێیان دەکۆڵێتەوە، دیاردە دەروونییەکان، دیاردە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەچاو دیاردە سروشتییەکان شتێکی ترن، ناکرێ و بگرە کاری پێشبینی کردنیان لە توانادا نییە. ئەمە یەکەم دیاردە و نیشانی تەنگژە و قەیرانی زانستەکان بووە.

دیاردە مرۆڤییەکان چەندین دیاردەی زیندووی ژیان و گیان و کۆمەڵایەتیین هەریەکەیان لەوی تریان جیاوازن و تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە و بە هیچ جۆرێك دووبارەبوونەوە و لە یەکتری چوونیان تێدا نییە، بۆیە ناکرێ بە شیکردنەوەی بێ گیانی فۆڕمییە بیرکارییەکان و چەمکە وشك و برینگەکانی مەنتیق بەلایەکدا بخرێن. ناکرێ ئەم دیاردانە لەگەڵ دیاردەکانی سروشت و و بابەتەکانی ماتماتیك و مەنتیق بخرێنە نێو دوو تای بەرانبەر یەك تەرازووەوە. شرۆڤەکردن و توێژینەوەی دیاردەکانی ژیان و ژیان خۆی بەمیتۆدەی زانستە فیزیکییەکان و لێکدانەوەیان بە بنەما و چوارچێوە و فۆڕمە وشکە بێ ناوەڕۆکەکانی ماتماتیك و مەنتیق دەبێتە مایەی بێ پێزکردن و هەژاری و بەزڕ کردنی جیهانی بە پێز و فرەڕەنگ و هەمە چەشنەی ژین لە نێو زانستە مرۆڤییەکاندا.

لەم کەشوهەوایەدا نەمامی ڕێبازی فینۆمینۆلۆژی ئیدمۆند هۆسەرل شین بووە و هاتۆتە بەر و ئینجا فەیلەسووفە ئیگزیستێنتیالیستەکانیش بەتایبەت مارتن هایدگەر و ژان پۆل سارتەر و مۆریس میرلۆپۆنتی لەمەیدانەکەیدا ئەسپی خامەیان تاوداوە.



## هاتنەوە سەر شت خۆی

1- لێرەدا مەبەست لە جۆرە گەڕانەوەیەکە، بەڵام بۆ سەر شت خۆی هۆسەرل بە ئەڵمانی بەم جۆرە نووسیویەتی: ZÜruck Zu den Sachen Selbst ئەگەر مرۆڤ لە تێکڕای بەرهەمەکانی هۆسەرل وردبێتەوە، کە لە هۆڵەندە لە ژێر ناونیشانی ((هۆسەرلییانە))دا بڵاوکراونەتەوە بۆی دەردەکەوێ کە رابەری فینۆمینۆلۆژی بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیووە و هەر قۆناغەش لە بەرهەمێك، یان لە چەند بەرهەمێدا رەنگیداوەتەوە. ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە فەلسەفە ئاوێنەیەکی پاك و روون و بێ گەردە بە جوانترین شێوە گیانی سەردەم دەردەبڕێت. هۆسەرل لە سەرەتای ژیانی ئەکادیمییدا کە دەستبەرداری بیرکاری (ماتماتیك) بووە و رووی لە جیهانی فەلسەفە کردووە لە دەرگای مەنتیقەوە هاتۆتە ئەو دنیایەوە. لە شاکاری ((چەند توێژینەوەیەکی مەنتیقی))دا کۆششی کردووە لە نێوان دەروونناسی ئەزموونی و مەنتیقدا رێگایەکی تر بدۆزێتەوە کە پێیدا بڕوا و سەرەو دەربکات، بۆیە لە دوو لاوە هەوڵی داوە:

**یەکەم:** دەروونناسی کە زانستێکی سەربەخۆیە لە ناوەڕۆکی مادییانە پاك بکرێتەوە و بە هۆی مەنتیقیشەوە گۆڕان بەسەر روخسارەکەیدا بهێنرێ. بەم پێیە دەکرێ هەست و هۆش کەرەسەی دەروونناسی بن و بابەتی مەنتیقیش روخسار و فۆڕمەکەی بێت.[1]

**دووەم:** مەنتیق لە دەروونناسیدادەبڕدرێ و بکرێ بە مەنتیقێکی فینۆمینۆلۆژییانە کە بایەخ بە جیهانی هەست و هۆش بدات و وەك تاقیکردنەوەیەکی زیندوو لە کایەی تیۆری زانستدا سوودی لێوەربگیرێت و لە بابەتی زانین نزیك ببێتەوە. بەم هەنگاوە هۆسەرل کۆششی کردوە ماددە و روخسار لە بابەتی مەنتیقدا لە یەکتری جیا بکاتەوە.

[1] حسنين، الدكتور حسن حنفي، المصدر السابق نفسه، ص302 وفي اماكن متعددة.

بابەتی هەست و هۆش لە فەلسەفەی هۆسەرلدا رۆڵێکی سەرەکی و ناوەندێکی گرنگییان هەیە. بەلای داهێنەری ئەم رێبازەی فەلسەفەوە، هۆشی بێ گەرد reine Bewusstein توندوتۆڵ بە جیهانبینی فەلسەفەوە بەندە بۆیە:

((هەموو ئەوەی ئێمە بە هۆی هۆشەوە وێنای دەکەین و بۆی دەچین، جا ئەمە بە دیتن، بە بۆچوون، بە هزر و بیرکردنەوەوە، بە بەها پێدان بێت هۆسەرل بە دیاردە فینۆمین — ناوی دەنێ، بۆیە زانستی هۆشیش بە فینۆمینۆلۆژی ناو دەبات)).[1]

2- بە پێی سەرچاوەکان وشەی فینۆمین و گەردان کردنەکانی تری کە بە دوای دادێن، یەکەم جار لە لایەن هۆسەرلەو بەکار نەهاتووە، بەڵکو بە رێکوپێکی یەکەم جار سەدەی هەژدەیەم لە لایەن لامبێرت Lambert ئینجا لە سەدەی نۆزدەیەم لە لایەن هیگڵەوە بەکار هاتووە.

لامبێرت فینۆمینۆلۆژی بەو رێبازە و تیۆرییە داناوە، کە پێوەندی نێوان دیاردە و راستەقینە شرۆڤە دەکات. بابەتەکەش پێوەندی بەم کێشەیەوە هەیە، چۆن لە دیاردەوە دەکرێ بەرەو بوونی راستەقینە بەرەو پێش هەنگاو بهاوێژرێ. هیگڵ کە شاکارێکی خۆی ((فینۆمینۆلۆژی گیان)) ناوناوە جیا لە هۆسەرل مەبەستی خۆی دەربڕیوە. بەلای هیگڵەوە، کە باسی دەرکەوت و پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی دیالێکتیکییانەی پرۆسەی گیانی کردووە ئەم چەمکە ئەزموون و شارەزایی ئەنجامەکانی وێنە و روخسارەکانی هۆش و هۆشیاری لە سروشتە ناچارییەکەیدا دەردەبڕێ[2]. فینۆمینۆلۆژی گیان دەربڕینی رێکوپێک و سیستمییانەی فۆرمەکانی هۆشە، گەشتێکە کە هۆش بەرەو گەیشتنە زانینی رەها دەیکات. ئەوی لێرەدا سەرنج رادەکێشێ هۆسەرل و لایەنگیرانی راستە ئەم

(1) Storig,Hans Joachim., Kleine Weltgeschichte der philosophie. Kohlhammer Stuttgart. 1961.

(2) Röd. Wolfgang., Die Phänomenologie Edmund Husserls. In: Die Philosophie des ausgehendenl 19. und des 20 Jharhunderts 2. (Geschichle der Philosophie). Bd. 12 München 2004.s.133 ff.



چەمکەیان بەکارهێناوە و کردوویانە بە ناوونیشانی فەلسەفەکەیان، بەڵام هیچ جارێك و لە هیچ بەرهەم و نووسینێکیاندا پێناسەیان نەکردووە.

3- فینۆمینۆلۆژی توێژینەوەی رێکوپێك و سیستمییانەی هۆش وەك ئەرکی فەلسەفەیی گرتۆتە ئەستۆ، چونکە هۆش تاکە دیاردە و فینۆمینە کە مرۆڤ لێی دڵنیایە و ئەگەر و گومان هەڵناگرێت، شارەزایی و ئەزموون دەربارەی جیهان و دەوروبەر، هەرچی هەیە و نییە، هەر لە پەیبردن بە بابەت و کەرەسەکانەوە تاوەکو زانینی زانستییانە لە هۆش بەو پێك دێت و دەستنیشان دەکرێت. دیاردەکانی هۆشی بێگەرد ئەو دیاردانەن کە فینۆمینۆلۆژی سەرگەرمی توێژینەوەیانە. هۆش و هۆشیاری لە ئەزموونی ژیانی رۆژانە Erlebnisse پێك دێت، چونکە ئەوەی دەردەکەوێت و مرۆڤ پەی پێ بەرێت لەو ئەزموونەدا دەردەکەوێت، بۆیە هۆسەرل پێکهاتە و بنەمای هۆش-ئەزموونی کردووە بە بابەت و کەرەسەی شرۆڤەکردن و توێژینەوە لە چوارچێوەی رێبازی فینۆمینۆلۆژیدا. ئەمە ئەو خاڵە تایبەتەیە کە هۆسەرل لە رابەرانی فەلسەفەی کۆڕی ڤیەننا جیا دەکاتەوە. لە کاتێکدا فەیلەسووفەکانی ئەم کۆڕە ئەزموونییە-مەنتیقییەی ڤیەننا بە رابەرایەتی موریتس شلیك و رودۆلف کارناب شیکردنەوەی دەستەواژەو رستەکانی زمان و مەنتیقیان کردووە بە کەرەسەی لێکۆڵینەوە، هۆسەرل شانی داوەتە بەر توێژینەوەی ئەزموونی هۆش و پێکهاتە و بنەماکانی.[1] بنەماکانی دەستواژەکانی زمان و دەبڕین ناکرێ بەتەواوەتی مرۆڤ لە نهێنییەکانی ناوەڕۆك و بابەت مەبەستیان بگات، ئەگەر بێتو ئەرکی شیکردنەوەی پێکهاتە و بنیادی ئەزموونەکە کە واتا(مانا) دەلالەت بە دەستەواژەیەك دەبەخشێ، نەگرێتە ئەستۆ. ئەگەر ئەم دەستەواژە و رستانەش، گریان، هێما و نیشان بن، یان بنیادێکی هێما و ئاماژە و نیشان بن بە سایەی چالاکییەکی لێ تێگەیشتن زیندوویی و گەرموگوڕی و دەستبەکاربوونیان پێ دەبەخشرێ. بەبێ ئەم چالاکییەش هیچ هێمایەك Zeichen واتا و دەلالەتی نییە و نابێت.

(1) Pivcevic, Edo., Von Hurssel Zu Sartre. List Verlag München. Bd . 1972.s.13 ff.

هەر لەم سۆنگەیەوە بە هۆی شیکردنەوەی بنەما و بنیادی Struktur ئەزموونی هۆشی ئامانجەکی خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی جیهان کە مرۆڤ تێیدا دەژی، روون دەکرێنەوە. ئەم ئەرکە لە لای هۆسەرل کە بە گەڕاندنەوەی فینۆمینۆلۆژیانە ناودەبرێ Phänomenologische Reduktion بریتییە لە دوو لایەن، یان بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێ و جێبەجێ دەکرێ و هەر قۆناغەش تایبەتمەندی خۆی هەیە. هۆسەرل بۆ ئەم لایەنانە چەند ناوێکی یۆنانی-لاتینی بەکارهێناوە کەوابوو بە ئاسانی بەرانبەرەکەیان لە زمانی کوردیدا نادۆزرێتەوە: ئەم چالاکییە بەو مەبەستەیە کە پێوەندی پێکهاتە و رەگەز و جەوهەرییەکانی زانینی مرۆڤ Kognitive لەگەڵ جیهانی دەوروبەردا روون بکاتەوە و دەربخات، ئەو دوا هەلومەرجە گرنگانە روون بکاتەوە کە دەستەبەری زانینی شیاو و راستەقینە دەبن. لێرەوە مرۆڤی فینۆمینۆلۆژیست بە وردی تەنیا سەرگەرمی توێژینەوەی ئەو تەوژمەی ئەزموونە تایبەتییەی دەبێ، کە لە ناخدا هەیە و ئەو ئەزموونە ئەو رووداوە ئیمپریییانە مەبەست نین کە لە جیهانی سروشتیدا پەیدا دەبن و دەقەومێن، بەڵکو ئەو بنیادە ئامانجەکییانەن، کە لە ئەزموونی هۆشدا هەن و بە هۆی بیرکردنەوەی فینۆمینۆلۆژییەوە شرۆڤە دەکرێن. هۆش لە خۆیدا لە تەوژمی شارەزایی و ئەزموون بەولاوە نییە. لەم کایەیەدا دیاردەیەکی فینۆمینۆلۆژی چەند بنیادێکی نۆئیتی-نۆئیمین، واتە چەند ئەزموونێکی ئامانجەکین[1]. ئەم دوو وشە یۆنانییە ئاماژەن بۆ چالاکی و پرۆسەی هزر و ناوەڕۆکەکەی.

4- قۆناغی یەکەم، ئەوەیە کە هەرچی بیروبۆچوون و بڕیار و حوکمی پێشوو پێشینانە هەیە بخرێنە ناو دوو کەوانەوە و لە کایەی بیرکردنەوە و توێژینەوە و شرۆڤەکردن دووردەخرێنەوە. ئەوەی راستەوخۆ پێوەندی بە ((خۆوە)) هەیە بخرێتە لاوە بۆ ئەوەی بە رەوانی و بێگەردی روو لە بابەت و لە شت بکرێت و هۆش و هزر تەنیا سەرگەرمی جەوهەری شت خۆی بن. ئینجا چ گریمانە و تیۆری و بەڵگەنەویست کە لە ئارادان و پێشتر وتراون و بەکارهاتوون بخرێنە ناو دوو

(1) ) Pivcevic, Edo., Ebenda.s.91.



کەوانەوە و پشتگوێ بخرێن، چونکە ئەم تیۆرییانە پێش تاقیکردنەوە و ئەزموونەکە کەوتوون رێگری ئەو دەرفەت و هەلومەرجە دەبن هاوردە دراوە رووداوەکە Gegebene راستەوخۆ پەی پێ ببردرێ. ئەگەر ئەم چالاکییە جێبەجێکرا ئەوە راستەوخۆ مرۆڤ خۆی لە بەرانبەر شتەکە خۆیدا چۆنە، دەبینێتەوە. بەم پێیە لەم قۆناغەدا بایەخ بەو شت و دیاردانە دەدرێ کە راستەوخۆ لە مێشك و هۆشدا پەیدا دەبن دوای ئەوەی تەپوتۆزی دەوروبەرو بڕیار و بۆچوونیان لێدەتەکێنرێ. ئەم دیاردانە بە جەوهەر و ماهییەتی راستەقینە دادەنرێن وەك چەند هزر و بیرۆکە و چەمکی پێشینانە سەرنج نادرێن. بابەتە هاوردەدراوەکانی جیهانی دەوروبەر و دەرەوەی مرۆڤ چەند هاوردە و راستەقینەیەکن کە هۆش خۆی دەیانداتە دەست. بۆ روونکردنەوەی ئەم لایەنە نموونەیەك دەخەینەڕوو. مرۆڤ درەختێك بەدی دەکات، یان پەی بە درەختێك دەبات. خودی مرۆڤ و درەختەکە دوو بابەتن شانبەشانی لە ژماردن نەهاتووی بابەتی تر لە جیهانی دەوروبەردا کە هەن بوونیان هەیە. ئەوی لە بارەی خودی مرۆڤ و درەختەکەوە وتراوە، دەخرێنە نێو دوو کەوانەوە و وەلا دەنرێن. هەروەها ئەوە بە هەند دانانرێت ئایا دەوروبەری مرۆڤ لە جیهانی دەوروبەردا شت بوونی هەیە، یان نا. لە جیهانی هەمووئەمانەدا مرۆڤ ورد دەبێتەوە و هزر بیری خۆی Konzentrieren Sich بە ئەزموون و شارەزایی خۆی دەربارەی درەختەکە لە هۆشیدا رەنگ رێژدراوە [1]، خەریك دەکات. بە پێچەوانەی رێبازەکانی ترەوە درەختەکە، بوونی لە جیهانی دەرەوەی خودی مرۆڤدا، ئەوەی تا ئێستا لەبارەیەوە گوتراوە و نووسراوە و بە هزر و بیر و ئەندێشە داهاتووە گرنگ نین و دەخرێنە لاوە. ئەوی گرنگە چۆن ئەم دارە وەك جەوهەرێك وەك چییەتییەك (ماهییەتێك)

(1) Lübcke, Poul., Edmund Husserl: Die Pholosophie als strenge Wissenschaft. In: Anton Hugli, (Hrsg). Philosophie im 20. Jahrhundert.Bd.I Rowohlt enzykelopäde. s. 76-77.

- هەروەها بڕوانە:

شرفي، عبدالكريم، من فلسفات التأويل الى النظريات القراءة، دار العربية للعلوم، منشورات الإختلاف، بيروت، 2007، ص94 فما بعد.

له هۆشی مرۆڤدا نەخشاوە، شرۆڤە و باس بكرێت. جا ئەو جەوهەرە چییەتییەكی گشتی، یان ماددە بێت ئەو بوونەوەر نییە، بەڵكو چەند پێكهاتەیەكی دەلالەت و واتان كە راستی ژیرەكی پێداو هاوردەی هەست و هۆشیان لێ پێك دێت. ئەمەیە مەبەستی هۆسەرل كە باسی دیتنی جەوهەر[1] و چییەتییەكانی كردووە. Wesensschau.

5- قۆناغی دووەم بریتییە لەو چالاكییەی هۆسەرل وشەی یۆنانی ئیپۆخێی بۆ داناوە (Epoche) كە واتا و مانای دەستبەرداربوون لە بڕیاردان، یان خودداری لە حوكمدان دەگەیەنێ.

گەڕانەوە بۆ سەر شت خۆی واتا و دەلالەتی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ مەبەستێكی دیاریكراو بەكاردەهێنرێ و جێبەجێ دەكرێ.

ئەم هاتنە سەر شت، كە مەبەست گەڕانەوەیە بۆ سەر جەوهەری شت خۆی نەك چۆن لە دەوروبەردا دەردەكەوێ، بریتییە لە شرۆڤەكردن. وشەی نۆئیما Noema كە لەم كایەیەدا بەكارهێنراوە ناوەڕۆكێكی دیاریكراوی هەیە و بەهۆیەوە دەرفەتی چوونە سەر كەرەسە و بابەتەكە دەڕەخسێ، نۆئیما ئاماژەیە بۆ ئەو شتەی لە هۆش و هەستدا پەی پێ براوە، جا ئەم پەی پێ بردنە بریتی بێ لە وا زانین، بڕوا پێ بوون، گومان و ئەگەر، یان وەبیرهاتنەوە، خۆی لە خۆیدا یەكەیەكی كەرەسەیی و بابەت و شمەكییە. بۆ نموونە كە مرۆڤ دارەكە دەبینێ ئەزموونەكە تەنیا هەر شارەزاییەك نییە. بەڵكو دەربارەی درەختەكە هۆشیارە و بە ئاگایە و ئەم هۆش و ئاگایەیە كە شارەزایی و ئەزموونەكە دیار و دەستنیشان دەكات، بۆیە دەبێ جەوهەری شتەكە مەبەست بێ و هیچ بڕیارێكی سەرپێی و پێشییانە نەدرێ. ئەوەی پێشتر وتراوە بخرێنە لاوەو بۆ بڕیاردان نەك هەر پشتیان پێ نەبەسترێ، بەڵكو مرۆڤ لە بڕیاردانەكەش خۆی بپارێزێ. ئەم خۆ لە بڕیار و حەكمدان بواردنە، ئەو شتانە دەگرێتەوە كە بوونیان لە كات و شوێنی دیاریكراودا دەكەونە بە هەست و دید و سەرنج و ئاگای ئێمەوە.

[1] Stegmüller, Wolfgang, Ebenda. S. 70 ff.



خۆ بواردن لە بڕیار و حكومدان كە بەرانبەر بە دانانی بوونی جیهانە لە نێو دووكەوانەدا لەو جیاوازییەوە هەنگاو دەنێ كە لە نێوان كاری هزر و بیركردنەوەدا دەكرێ ئەو كارو چالاكییەی كە واتاو دەلالەت بە كەرەسەی ناوەڕۆكی هەست و هۆش دەبەخشێ ((نۆئیسیس)) لەگەڵ بابەتی ئامانجەكی كە (نۆئیمایە). ئەم جیاكردنەوەیە لە تەرازوویەك دەچێ كە دووتای بەرانبەر بە یەكتری هەیە لە تایەكیاندا ناوەڕۆكی نۆئیتی تێبینی كردن، بڕیار و حوكمدان و وەبیرهاتنەوە هەیە لە تایەكەی تری بەرانبەریدا پێوەندی دەستیاوی KorreLate نۆئیمییانەی ئەوەی پەی پێ براوە، ئەوەی تێبینی كراوە، ئەوەی بڕیار و حوكمی بەسەریدا و لە بارەیەوە دراوە و ئەوەی كە بە بیردا هاتۆتەوە[1] هەیە.

6- ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم پەیڕەوە بدرێت كە لایەنی سەرەكی ڕێبازی فەلسەفەی هۆسەرل پێك دەهێنێ دوو لایەنی سەرەكی تێیدا سەرنجڕاكێشن، لایەنێكی تیۆری جەوهەرە و لایەنەكەی تری خودی مرۆڤ خۆیەتی ئەو خۆیەی كە واتا و مانا و دەلالەت بە ناوەڕۆكی دیاردەی هۆش دەبەخشێ. لە یەك ڕەنگی ئەم دوولایەنە كە لەلایەكەوە كێشەی دووڕەنگی خۆی و بابەتی چارەسەركردووە، لەلایەكی تریەو سێ ئەركی جیاواز و پشت بەیەكتری بەستوو یەكتری تەواوكەر دەگرێتە خۆ:

**یەكەم:** ئەركی توێژینەوەی جەوهەر ئەو شتانەی بە شێوەیەكی بابەتییانە لەبەردەستدان و توێژینەوەی ڕەوش و چالاكی شتەكان (نۆئیما).

**دووەم:** ئەركی توێژینەوە جەوهەرەكانی شێوازە جۆربەجۆرەكانی شارەزایی و جۆرەكانی كاری خۆ كە ڕەوش و دۆخی شتەكانیان پێدراوە(نۆئیسیس).

**سێیەم:** توێژینەوەی پێوەندی جەوهەرییانەی نێوان جۆرەكانی كار و چالاكی و بابەتەكان[2].

[1] Rod. Wolfgang., Ebenda.s.150.

[2] Held, Klaus., Edmund Husserl. Transzendentale Phänomenologie: Evidenz und Verantwortung. In Philosophen des 20. Jahrhunderts. (Hrsg) von Margot Fleischer. Primus Verlag. 4. Auflage. Darmstadt 1995. s. 101.

ئەم چالاكییە سێ ڕەنگییەی ڕوت و پرۆسەی چالاكی و میتۆدەی فینۆمینۆلۆژی دووخاڵ نیشان دەدات:

أ- لایەنێکی نالەبار و نێگەتیڤ.:

ئەم لایەنە بریتییە لە دەستبەرداربوون لە هەموو بیروڕا و حوکمێکی پێشیانە ئەگەر هاتوو پشتڕاست و ساغ نەکرابوونەوە. هۆسەرل لەم لایەنەدا گومان لە هەبوونی ڕاستەقینەی جیهانی دەوروبەر ناکات، بەڵکو داوا لە ژێر دەکات بوونی ڕاستەقینە و واقیعی شمەکەکانی بخاتە ((نێوان دوو کەوانەوە)) بۆ ئەوەی خۆ تەنیا خەریکی شرۆڤەکردنی خەسڵەتە جەوهەرییەکانی ببێ چۆن لە هەست و هۆشدا پەیدا دەبن.

دووەم: لایەنێکی لە بار و پۆزەتیڤ:

ئەم لایەنە بریتییە لە ((گەڕانەوە بۆ سەر شتەکان خۆیان))[1] شتەکان چۆن بە ڕوون و ڕەوانی لە هۆشدا بەدەردەکەون. ئەمانەش بریتین لە چەند جەوهەر و چییەتییەکی نەگۆڕ کە بە سۆسە (بۆهاتن — حدس)ێکی تایبەتی پەیان پێ دەبردرێ و دەزانرێن، وەك ڕەنگ و دەنگ و بڕیار و حوکمدان .. تاد. لێرەوە خۆ بواردن لە حوکمدان و بۆ هاتن (حدس) دوو بنەمای سەرەکی پەیڕەو و میتۆدەی فینۆمینۆلۆژین.

## فینۆمینۆلۆژی و کۆمەڵگە

تایبەتمەندییەکی دیار و بەرچاوی ڕێبازی فینۆمینۆلۆژی ئەوەیە، کە لە کایە و مەیدان و پاوانی زانستەکانی تردا تا ڕادەیەك پەیڕەو کراوە و سوودی لێوەرگیراوە، سەرەڕای ئەو گۆڕانە فرەڕەنگە و پەرەسەندنە بە پێزەی دوای هۆسەرل بەسەریدا هێنراوە. ئەو کۆششەی لەم کایەیەدا جێگای بایەخ پێدانە جێبەجێکردنی میتۆدە و چەمك و شێوازی توێژینەوەی فینۆمینۆلۆژییە لە بابەتەکانی سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی)دا.

[1] کرم، یوسف، تأریخ الفلسفة الحدیثة، ص460 فما بعد.



ئەم بابەتە لە خۆیدا کێشەیەکە هەویرەکەی ئاوێکی زۆر و زەبەندە دەکێشێ، چونکە کێشەکە لە دوو خاڵدا خەست و خۆڵ دەبێتەوە کە دەکرێ بە سێ پرسیاریش دابنرێت:

**یەکەم:** بایەخ و گرنگی فینۆمینۆلۆژی بۆ سۆسیۆلۆژی دەبێ چی و چۆن بێ؟

**دووەم:** پێوەندی نێوان فەلسەفە و سۆسیۆلۆژی چۆنە؟!

**سێیەم:** ئایا سوودوەرگرتن لە فەلسەفە، چ بابەت و چ پەیڕەو و میتۆدە بێ، سوودبەخشە، یان زیان لە کەسایەتی سەربەخۆی زانستییانەی سۆسیۆلۆژی دەدات؟!

1- هیچ گومان لە وەدا نییە کە فەلسەفە و دوو سۆسیۆلۆژی بابەتی ناوەڕۆك و میتۆدە و پەیڕەو لە یەکتری جیاوازن. لە کاتێکدا فەلسەفە لە سەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژی و بەرەوپێشچوونی شۆڕش ئاسای زانستەکان دووچاری کێشە بووە ئایا وەك هۆسەرل داوای کرووە ببێ بە ((زانستێکی ورد و ڕێکوپێك)) یان هەر بە فەلسەفەیی بمێنێتەوە؟ هەوڵدان بۆ دەسکاری کردنی ڕەوشی فەلسەفە بەوەی بە پاشکۆی ئایینی (سەدەکانی ناوەڕاست) بکرێت، یان دەستبەرداری شرۆڤەکردنی جیهان ببێ و بە تیۆرییەکی (شۆڕشگێری سەدەی نۆزدەیەم) یان ببێ بە زانست لەوە بەولاوە نییە کە فەلسەفە دەستبەرداری ئەو کولتوورە دوو هەزار و شەش سەد ساڵییەی ببێ و هیچی تر فەلسەفە نەمێنێ و ببێ بە بابەتێکی تر ئەگەر نەڵێین هیچی تر سەربەخۆ نەمێنێو ببێ بە پاشکۆ و چاوی لە دەست و گوێ و لە فرمانی بابەتەکانی تر بێت! هەوڵدان بۆ گۆڕینی فەلسەفە لە خۆیدا دوو خاڵ دەردەخات:

**یەکەم:** فەلسەفە بە ناوەڕۆك و ڕوخساری ئێستای هیچی تر لەگەڵ گیانی سەردەم ناگونجێ و لەگەڵ شۆڕشی زانست و گۆڕان و بەرەوپێشچوونی ژیان کۆمەڵگە نایەتەوە.

**دووەم:** یان دەبێ هیچی تر فەلسەفە نەمێنێ و ببێ بە بابەتێکی تر، ئەم بوون بە بابەتەی تر لەوە بەولاوە نییە، کە دەستبەرداری کەسایەتی سەربەخۆی خۆی ببێ!

لەم سەردەمەماندا، راستە مەنتیق، شا لقی فەلسەفە ئەوپەڕی پەرەی سەندووە و لە ناوەڕۆك و روخسار و میتۆدەدا لە ماتماتیك نزیك بۆتەوە و خەریكە هەوای سەربەخۆ بوون وەك بابەتێكی خاوەن ناوەڕۆك و روخسار بكەوێتەوە كەللەیەوە.

ئاكاریش كە لقێكی تری فەلسەفەیە لە سەردەمی خەتوخاڵدانی سۆسیۆلۆژییەوە هەوڵی ئەوە دەدات ماڵی خۆی بكات و سەربەخۆ بێت.

میتافیزیك كە لقێكی سەرەكی فەلسەفەیە لە دوا قۆناغی یۆنانەوە بووە بە نیشانەی تیرو توانجی فەیلەسووفانیش خۆیان، بەڵام فەلسەفە هەر بە فەلسەفەیی ماوەتەوە و ئەم لقانەش ئەگەر گۆڕانی سەرتاپاگیریان بەسەردا هاتووە و لە شیری دایكی فەلسەفە كراونەتەوە، بەڵام بە هیچ جۆرێك بۆیان نەكراوە و لەمەولاش ناكرێ دەستبەرداری باوەشی گەرموگوڕی فەلسەفە بن.

2- بە پێچەوانەوە، سۆسیۆلۆژی ئەگەرچی زانستێكی نوێیە و تا هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسا (1798ز) بەشێك بووە لەو بابەتەی بە فەلسەفەی كۆمەڵایەتی ناوبراوە، رۆژ بە رۆژ پتر هەنگاوی بە زانست بوون دەهاوێژێ، ئیتر چ لە میتۆدەی پەیڕەوكردنی چالاكییەكانیدا و چ لە پشت بەستن بە رێبازی ئەزموونی.

رێبازی سەرژمێریی كە پشت بە زانست دەبەستێ، بووە بە پشكێكی گرنگی چالاكی ئەم زانستە، بۆیە ئەم زانستە پتر لە فەلسەفە لە توانایدا هەیە بەرەو زانستێكی سەربەخۆ بەرەوپێش بچێ و تارادەیەك دەستبەرداری میتۆدە و كەرەسە كلاسیكییەكانی ببێ. سۆسیۆلۆژی لەم سەردەمەماندا شانبەشانی زانستە ئەزموونییەكانی تر لە بوارە جیاجیاكانی كۆمەڵایەتی و كۆمەڵگەدا بە هەنگاوی رێكوپێكی نەزم ئاسا بەرەوپێش دەچێ و لە توانایدا هەیە سوود لە ئەنجام و تاقیكردنەوە و میتۆدە سەركەوتووەكانی زانستە ئەزموونییەكان وەربگرێ.

ئەوەی لێرەدا بە بیردا دێ و دەكرێ لە چوارچێوەی پرسیاردا رەنگرێژ بكرێت ئایا دەكرێ سۆسیۆلۆژی سوود لە رێبازێكی فەلسەفە، بەتایبەتی لە فینۆمینۆلۆژی ئیدمۆند هۆسەرل وەربگرێ؟



فینۆمینۆلۆژی هۆسەرل راستە داوا دەكات فەلسەفە ببێ بە زانست، بەڵام ئەم داوایە لە چوارچێوەی ئاوات و كۆششی سنووردار نەچۆتە دەرەوە. فینۆمینۆلۆژی خۆی لە خۆیدا رێبازێكی ئایدیالیستی ترانسندنتالییە و لە جیهانی تەنگەبەر و گۆشەگیری ((زانستی خود))ەوە Egologie هەنگاو دەنێ و ئەو پەیڕەە سەرەكییەش كە بە سەرنجدانی جەوهەرەكان ناودەبرێ Wesensschau لە وردبوونەوەیەكی رووتی تیۆرییانە كە جۆرە شێوازێكی نێو خودی هەیە لەوە بەو لاوە نییە و ناكرێ بە هیچ پێودانگ و پێوانەیەكی زانستییانە ساغ و پشتڕاست بكرێتەوە(1)، بەڵام سۆسیۆلۆژی خۆی لە خۆیدا و لە پەیڕەو و میتۆدە و بابەتی كار و چالاكی و توێژینەوەیدا ناكرێ پابەندی وردبوونەوە و خودی توێژەر ببێ و دەستبەرداری زانستە ئەزموونی و پەیڕەو و میتۆدە و رێبازەكانیان ببێ. كەوابوو لە چ سۆنگەیەكەوە دەكرێ ئەم كارە و سوودوەرگرتنە فینۆمینۆلۆژی لە كایە و گۆڕەپانی سۆسیۆلۆژیدا سەرنج بدرێت؟!

3- هەروەك روون و ئاشكرایە هۆسەرلیش سەرگەرمی ئەوە بووە فەلسەفە ئەگەر نەشبێ بە زانست، سوود لە زانست و میتۆدەكەی وەربگرێت و لێی نزیك ببێتەوە، باشە ئەگەر فەلسەفە خۆی پێویستی بەوە هەبێ ببێ بە زانست چۆن سۆسیۆلۆژی كە خۆی لە خۆیدا جۆرێكە لە زانست سوود لە بنەما تیۆرییەكانی فەلسەفە وەردەگرێ؟ ئایا پتر بە زانست بوون، یان خۆ رزگاركردن لە نا زانستی بەو نابێ كە سۆسیۆلۆژی و زانستە لاوەكانی تر لە فەلسەفە دوور بكەونەوە؟! دەكرێ باسی میتافیزیكی كۆمەڵگە بكرێت؟! دەكرێ ئەو گریمانەیە پەسەند بكرێت كە زانست بە هەموو جۆر و رەنگەكانییەوە لە توانایدا نییە دەستبەرداری فەلسەفە و هەلومەرجەكانی میتافیزیك ببێت؟!

لە وەڵامی ئەم پرسیارە سەرسوڕهێنەرانەدا دەكرێ بوترێ، لە چوارچێوەی زانستی كۆمەڵایەتیدا چەندین لق و بەش هەن هەتا ئێستا نەیاتوانیوە لە لایەنی

(1) Brauner, Hilmer., Die Phänomenologie Edmund Husserl und Ihr Bedeutung für Soziologische Theorien. Meisenheim Glan: hain 1978. s.89. ff.

تیۆری و لە پێوەندی دەستیاوی لەگەڵ فەلسەفەدا دەستبەردار بن، وەك هزری کۆمەڵایەتی و سۆسیۆلۆژی زانین و تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم سێ لقە گرنگەی ئەم زانستە ئەو زەمینە بە پێزە و رەنگینە پێك دەهێنن کە نەمامی پێوەندی و کار و کار لە یەکتری کردنی هەردوو بابەتی فەلسەفە و سۆسیۆلۆژی تێیدا شین دەبن و دێتەبەر. بۆیە ئەو پرسیارانەی پێشتر هێنرانە سەر خوانی باسکردن، دەکرێت بەم جۆرە پوخت بکرێنەوە: لە چ کایە و گۆڕەپان و بابەتێکدا دەکرێ ئەم سێ لقەی سۆسیۆلۆژی سوود لە فەلسەفە وەربگرن؟!

هەر سێك بابەتی هزر و زانین و تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێ سوود لە جیهاندیدی فراوان و فرەڕەنگی فەلسەفە وەربگرن. گومان لەوەدا نییە کە پێوەندی خۆ و بابەت بابەتێکی گرنگی تیۆری زانینی فەلسەفەن خۆیەکە کەسایەتی توێژەر و هزر و بابەتیش دەوروبەری مرۆڤ کە جیهانی ناخۆ، نا من، پێك دەهێنێ دەردەبڕن، دەکرێ ئەم چوارچێوەیەش بۆچوونی هەندێ بابەتی سۆسیۆلۆژی تێیدا دابڕێژرێن. بۆ نموونە پێوەندی هزر و هەڵکەوت دەکرێ ببێ بە هەڵوێستی توێژەری کۆمەڵایەتی بەرانبەر بە دیاردە و رووداوە کۆمەڵایەتییەکان کە لە سەردەم و شوێن و کۆمەڵگەیەکی دیار و دەستنیشانکراودا دەقەومێن و سەر ئاو دەکەون.

دوور نییە لێرەدا دیسان گازندە و رەخنەیەك لە چوارچێوەی پرسیارێکدا خۆی دەربخات کە بەم جۆرە بێت:

دیاردە و رووداو و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە بابەتی توێژینەوەی سۆسیۆلۆژین، بریتی نین لە چەند پێدراو و هاوردەیەکی هەستەکان و نە بنیاد و پێکهاتەیەکی ژیرەکی پێك دەهێنن و ژێر دای نەهێناون و بگرە لە هەڵکەوتیشدا بەو جۆرەی فەیلەسووفان دەڵێن نەزم و رێکخستن و سیستمێکی ژیرەکی پێوەندییەکان لە ئارادا نییە کە دیاردەکان بەجۆرێك بەیەکەوە دەبەستێتەوە دەکرێ بابەتێکی رێکوپێکی توێژینەوەی کۆمەڵایەتیان لێ پێك بێت. ئینجا سۆسیۆلۆژی خەریکە لە پەیڕەو و میتۆدەی شرۆڤە (وەسف) کردنی دیاردەکان دوور دەکەوێتەوە و لە زانستە ئەزموونییەکان نزیك دەبێتەوە و پەنا دەباتە بەر ئەزموون و تاقیکردنەوە.



لەبەرانبەر ئەم رەخنەیەدا دەکرێ بوترێ دیاردەی کۆمەڵایەتی چ تاك و چ کۆ لە کۆمەڵێك و کۆیەکی بۆچوونی کۆ و دەستەجەمع بەولاوە نین ئەم کۆی بۆچوونە بریتییە لە شێوازی هزر و بیرکردنەوە و هەست و هۆش و کردار کە لە رەفتاری تاکەکاندا دەردەکەون.

کۆی ئەم بۆچوونانە لە هەست و هۆشی تاکەکەساندا خەتوخاڵ دەدات و کۆنترۆڵی هەڵسوکەوت و کرداریان دەکات. هۆشیش وەك لەمەوبەر ئاماژەی پێ کرا، ئەو بابەتەیە کە فینۆمینۆلۆژی ئیدمۆند هۆسەرل کردوویەتی بە کەرەسەی سەرەکی توێژینەوە، بۆیە دەکرێ بوترێ، سۆسیۆلۆژی لە دەرگای کۆشکی فەلسەفەوە چوە دەرێو جارێکی تر بە سایەی هۆشی دەستەجەمعییەوە لە پەنجەرەوە هاتەو نێو جیهانی فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی.

4- بە پێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان ئیدمۆند هۆسەرل راستەوخۆ شتێکی وای نەنووسیوە وەك بەڵگە پشتی پێ ببەسترێ کە لە چوارچێوەی رێبازە فەلسەفەییەکەیدا نیازی هەبووبێ جێگا بۆ بابەتی زانستی کۆمەڵایەتی بکاتەوە، بەڵام ئەوانەی دواتر هاتوون و خۆیان بەلایەنگرێکی فینۆمینۆلۆژی داناوە کۆشاون میتۆدەو پەیڕەوی ئەم رێبازە لە بابەتەکانی سۆسیۆلۆژیدا جێبەجێ بکەن، ماکس شیلەر، بەتایبەتی لە کایەی فەلسەفەی بەهاکاندا، ئەلفرێد فیرکاندت (1867-1953ز) لە کتێبی (Naturvölker und kulturvölker) خۆی بە لایەنگری هۆسەرل و شیلەر نیشان داوە و کۆشاوە پەیڕەوەکەیان بگرێتە ئەستۆ، ئەلفرێد شوتس (1899-1959ز) پشت ئەستوور بە فەلسەفەی رێبازی فینۆمینۆلۆژی هۆسەرل هەوڵی داوە، لەژێر ناوونیشانی ((سۆسیۆلۆژی تێگەیشتن))دا لە رەگوڕیشە و بنەماکانی بکۆڵێتەوە تاوەکو دەگاتە راستییە بنەڕەتییەکانی پرۆسەی هۆش و هۆشیاریی[1]. هیلمۆت پلیسنەر ئەم کارەی لە کایە و گۆڕەپانی ئەنترۆپۆلۆژیدا کردووە.

[1] Brauner, Hilmer., Ebenda.s. 72.

لە تێکست و دەقەکانی فینۆمینۆلۆژیدا چەندین وشە و چەمك و دەستەواژە بەدی دەکرێن، دەکرێ وەك دەستپێك و بنەما سوودیان لێ وەربگیرێ، بۆ نموونە هۆسەرل لە جیاتی بابەتی سۆسیال (کۆمەڵایەتی) چەمکی[1]: نێو خودەکان، بیانییەکە، ئەوانی دیکە، ئەوی تر، بەکۆمەڵ، کۆ، نێومۆنادەکان، مرۆڤی برا Mitmensch، پێکەوە بوون، منێکی تر Alterego، هەرەوەزی، کۆڕ و کۆمەڵەی هاوبەش ..تاد. چەمکێکی ناوەندی کە هەمیشە وەك چەمکێکی سەرەکی لە بەرهەمەکانی داهێنەری ئەم ڕێبازەدا بەکارهاتووە و جۆرە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە چەمکی ئامانجەکییە Intentionalität. ئەم چەمکە بایەخەکەی لە کایەی شرۆڤەکردنی پرۆسەی ((گەڕانەوە بۆ سەر شت)) دەردەکەوێ. ئامانجەکی کاتیگۆرییەکە نیشانی دەدات، کە هۆش هەمیشە بەبێ ناوەڕۆك و بەبێ ئامانجی دیاریکراو نەبووە و نابێت. هۆسەرل خواستوویەتی بە هۆی شرۆڤەکردنی ئامانجەکییانەی کاروچالاکی هۆشەوە بنیادی پێکهاتەی ئامانجەکی هۆش تاووتوێ بکات و لێرەو هەنگاوێکی تر بەرەو پێش بهاوێژێ، هەنگاوی پشتڕاستکردنەوەی بابەتیەتی ڕاستی بە هۆی خۆیەتی چالاکی و ئەرکی زانینەوە. بنەمایەکی جەوهەری هۆش لەوەدا ساغ دەبێتەوە کە پەیوەستی ئاراستە بوونێکە، هەموو هۆشێك بریتییە لە هۆش بوون لە شتێك. هەموو چالاکی و کارێکی هۆشیاری و هۆش بابەتێکی دیاریکراویان هەیە. خۆشویستن بەبێ ئەو بابەتەی خۆش دەویسترێ نابێ. ئەم بابەتە پردی نێوان فینۆمینۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی (زانستی کۆمەڵایەتی) هەڵبەستووە. لە لایەکی ترەوە بابەتی (نێوخودی جیهانی ڕۆژانە) کە لە چوارچێوەی ڕێبازی فینۆمینۆلۆژیدا بایەخی پێدراوە، بووە بە دەروازەی چوونە نێو جیهانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی بوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، جیهانی ژیانی ڕۆژانە Alltagswelt کە بە شێوازی نێوخودی

[1] Brauner, Hilmer., Ebenda.s. 28.



بنیادنراوە و دامەزرێنراوە بنەمایەکی هەموو چینەکانی تری هەڵکەوتە کۆمەڵایەتییەکانە. لە پرۆسەی بنیادنانی جیهانی کۆمەڵایەتیدا پشت ئەستوور بە پەیڕەوی فینۆمینۆلۆژی کۆشش دەکرێ، لە چوارچێوەی سۆسیۆلۆژی تێگەیشتندا، وا لە واتای خودێتی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بکرێت بە شێوازی بابەتییانە Objektiv تێی بگەیشترێ. لە لایەکی ترەوە گرێبەستی نێوان هزر و زانست کاتێك کلۆم و پتەو دەبێ ئەگەر بێتو ژیان خۆی لە جیهانی کۆمەڵایەتیدا ببێ بە کەرەسە و بابەتی ناوەندی توێژینەوەی زانستەکە. ڕاستە و هیچ ئەگەرێك هەڵناگرێ کە دروستی بابەتییەتی زانستیانە داهێنانێکی چالاکی خودی مرۆڤە و بنەما و بنەڕەتەکەشی لە نێو پێوەندی توندوتۆڵی سروشتیانەی ژیانی خودی مرۆڤ خۆیدا هەیەو لە وێشدا دامەزراوە. ئەرکی سەرشانی ئەم جۆرە زانستە لەم کایە و گۆڕەپانەدا پێش هەموو شتێك شرۆڤەکردنی واتای ئەو ڕووداوانەن، کە دەلالەت بەخشن و لە نێوان ئەوانەی لە جیهانی کۆمەڵایەتیدا دەژین و دەقەومێن و دەردەکەون[1]. هەڵکەوت (واقیع) خەسڵەتێکە بەو دیاردانەوە بەندە کە دەیانزانین و خۆیشی پەکی لەسەر خواستی تایبەتی ئێمە نەکەوتووە، چونکە سەربەخۆیە. دیاردەکانیش لە خۆیاندا هەڵکەوت و ڕاستەقینە و خەسڵەتی دیار و دەستنیشانیان هەیە. شیکردنەوەی فینۆمینۆلۆژیانەی هەڵکەوتی ژیانی ڕۆژانەش بابەتێکی توێژینەوەی ئەو زانستە کۆمەڵایەتییە پێك دەهێنن. گومانکردن لە ڕاستی بوون هەڵکەوتی (واقع) ماددی و کۆمەڵایەتی بنەمایەکی پتەوی دڵنیایی لێکراوی نییە، هەروەها ئەو ڕاستییە گومانو ئەگەر هەڵناگرێ کە ئەو هەڵکەوتە بەو جۆرەیە کە بۆ ئێمە دەردەکەوێ و دێتە بەرهەستمان بۆیە سۆسیۆلۆژی ئەگەر پەیڕەوی ڕێبازی فینۆمینۆلۆژی بکات دەبێ لە زانستێك کە شرۆڤەکار بێت deskriptiv بەولاوە نەبێت، بەگیانێکی بێ لایەنانە کە لە توانادا بێت دیاردەی پێدراو و هاوردەکان شرۆڤە بکات.

[1] Brauner, Hilmer., Ebenda.s. 105.

## ئەنجام

فینۆمینۆلۆژی ڕێبازیکی گرنگی فەلسەفەیە لە لایەن هۆسەرلەوە داهێنراوە، هۆسەرل خۆی لە سەرەتای ژیانی ئەکادیمییدا پسپۆڕێکی ماتماتیك و بیرکاری بووە بە هۆی ئەو رەخنە و رەخنەگرییەی کەوتۆتە نێوان ئەو و فرێگەوە دەستبەرداری هەندێك لایەنی دەروونناسی لە مەنتیق و بیرکاریدا بووە. لە کاتێکدا فرێگە سەرگەرمی ئەوە بووە لە هەلومەرجە مەنتیقییەکانی زانینی بیرکاری بکۆڵێتەوە و تاووتوێیان بکات و بیرکاری بباتەوە سەر بنەمایەکی مەنتیقییانە و ساغی بکاتەوە کە بیرکاری (ماتماتیك) لە مەنتیقێکی پەرەسەندوو بەو لاوە نییە .. هۆسەرل بە پێچەوانەوە بە پلەی یەکەم بایەخی بە هەلومەرجە هزرییە ژیرییەکانی noetisch بیرکاری و مەنتیق داوە.[1]

1- بەلای هۆسەرلەو راستی و جەوهەر لە یەکتری جیاوازن. راستی توانای گۆڕانی هەیە و لە روخسارەکانی بەدەرکەوتنیان لە ئەزموونی ژیان و هۆشدا جیاوازن. ئەم راستییانە بە هۆی ئەو جەوهەرەی تێیاندایە دیار و دەستنیشان دەکرێن و هەر جەوهەرەکەشە کە واتا و بنەما و پێکهاتەی مەنتیقییانەی ئەوانەی لە راستییەکاندا بەدەردەکەون پێك دەهێنێ و دیاری دەکات. لێرەوە ئەو میتۆدە دێت کە هۆسەرل بەدیدی جەوهەر ناوی بردووە Wesensschau ئەم میتۆدە بەوە ناسراوە:

دید و سەرنجدانی جەوهەر میتۆدەکی ئیپستمۆلۆژی (زانینە) داوا دەکات واقیعییەتی بە هەست پەی پێ براوی بابەتێك دەبێ بخرێتە نێو دوو کەوانەوە بۆ ئەوەی بوونەکەی، جەوهەرەکەی وەك جەوهەر چەمك و هزرییانە دەرفەتی بەدەرکەوتن و هاتنە بەر دیدی هەبێ. بە پێی ئەم پەیڕەوە، وێنەی پوختەی کەرەسەی بەرهەست، نەك کەرەسەکە لە خۆیدا، کە ناوەڕۆکی هۆشی لێ پێك دێت دەکرێت بە بابەتی چالاکی فینۆمینۆلۆژی.

[1] Brauner, Hilmer., Ebenda.s. 30 ff.



فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی هۆسەرل بە پێی بەرهەمە بڵاوکراوەکان گۆڕانی بەرچاوی بەسەرداهاتووە، دەکرێ پرۆسەی ئەم گۆڕانە بە چوار قۆناغ دیار و دەستنیشان بکرێت:

- قۆناغی فینۆمینۆلۆژی شرۆڤەکردن دیارترین هەنگاو تێیدا کە هاوێژراوە بریتی بووە لە بانگەوازی ((گەڕانەوە بۆ سەر شتەکان خۆیان)) بووە. هاوردەی راستەوخۆ gegebene دەربارەی کەرەسەکانی دەوروبەر دوای ئەوەی پوختە و جەوهەرەکەی لە هۆشدا دەنەخشێ، شرۆڤە دەکرێت.
- قۆناغی فینۆمینۆلۆژی ئایدێتی eidetische، خودێتی ترانسندێنتالی رەنگ دەڕێژێ و لە چوارچێوەی گێڕانەوەی بەئایدیاکردنی ناوەڕۆکی جەوهەر و دەلالەتەکانی بە هۆی شیکردنەوەی دیاردەکان بەدەردەخرێن و کاریان لەسەر دەکرێن.
- قۆناغی فینۆمینۆلۆژی ترنسندێنتالییانە، بە یارمەتی گێڕانەوەی ترانسندێنتالی بنیاد و پێکهاتەی جەوهەری خودێتی ترانسندێنتالی ساغ و پشتڕاست دەکرێتەوە.
- دوا قۆناغ فینۆمینۆلۆژی رەهایە. لەم قۆناغەدا جۆرە ئایدیالیزمییەکی میتافیزیکی ترانسندێنتالی دادەمەزرێت و دەکەوێتەوە کە لە تیۆری فۆرمی ئەفلاتوونەوە نزیکە. بە هۆی شیکردنەوەی فینۆمینۆلۆژی ئەزموونەکانی ژیانەوە Erlebnissen کە بە مەبەستی رەنگڕشتنی جیهاندیدێك لە بارەی جیهانەوە بووە، ڕێبازی خودێتی بۆ ئاستی هۆکارێکی رەهای واتابەخش بەرز دەکرێتەوە. ئەو جەوهەرانەی لەم قۆناغەی بیرکردنەوە فەلسەفییەکەدا بە دەست دێن نە تایبەتمەندی لەش و نە هی گیانیان هەیە، بەڵکو جۆرە بوونێکی نموونەییان هەیە[1]، ئەمەش لە خۆیدا کەوتنە ناو دەریای بێ بنی میتافیزیك و گەڕانەوەیە بۆ سەر بناوانی بوونەوەرە هزری و وێنە مێشکییەکانی بابەتی بیرکاری و ماتماتیك.

2- جێبەجێکردنی میتۆدە و پەیڕەوەکانی فینۆمینۆلۆژی لە جیهانی پان و بەرینی سۆسیۆلۆژیدا رەنگ و کاردانەوەی جۆراوجۆر و جیاوازی لێکەوتۆتەوە.

[1] Brauner, Hilmer., Ebenda.s. 28-29.

ئایا ئامانج و مەبەستی ڕێبازێکی فەلسەفە کە لـە سەرچـاوەیەکی وشـك و بـێ گیانی بیرکاری و ماتماتیکـەوە هـەڵی هێنجـاوە لەگـەڵ زانـستی کۆمەڵایەتیـدا دێتەوە؟! دەبێتە جۆری ئەم هاتنەوەیە و سوودوەرگرتنە چی و چۆن دەبێت؟!

فەلسەفە و سۆسیۆلۆژی دوو بابەتی سـەربەخۆن و لـە میتـۆدە و کەرەسـەی کارکردن و توێژینەوەدا لە یەکتری جیاوازن، دەکـرێ فەلـسەفە بـە ((زانـستێکی گشتی هەمەکی)) دابنرێت کـە سیـستمێکی شـیکردن و تـاووتوکردنی مەرجـە شیاوەکییەکانی بوون و هزرو بیرکردنەوە[1] و چـەمکی هەڵکـەوت (ڕێئالیـستی) داهێنـاوە. سۆسـیۆلۆژی ئەگەرچـی لەباوەشـی فەلـسەفەی کۆمەڵایەتیـدا پێگەیشتووە، بەڵام ئـەمرۆ بـووە بـە زانـستێکی سـەربەخۆ و بـە پێـی کایـەی توێژینەوەی زانستی تایبەت بەخۆی سەرگەرمی لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتی و پێوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگەیە. دەبێ ئەوە لـەو ڕەوشـەدا لەبەرچـاو بێت کە سوود وەرگرتن لە یەکتری و هاوکاری کردنی یەکتری و کـار لـە یـەکتری کردن و پاشکۆیەتی، چەند شتێکی لە یەکتری جیاوازن. خۆ ئەگـەر سۆسـیۆلۆژی سوودی لە فەلسەفە و میتۆدە و ڕێبازەکانی وەرگرتبێ و وەربگـرێ، ئـەوە دەبـێ ئەم سوودوەرگرتنە لایەنە تیۆرییەکانی گرتبێتەوە.

---

[1] Brauner, Hilmer. Ebenda.s. 2.